# میدالیای بارزانی
# بەرزترین خەڵاتی ڕێزلێنان

کۆکردنەوە و نوسینی: حامید گەوهەری

بەرگی یەکەم

کوردستان : هەولێر

# میدالیای بارزانی
# بەرزترین خەڵاتی ڕێزلێنان

کۆکردنەوە و نوسینی: حامید گەوهەری

بەرگی یەکەم

هەولێر ٢٠١٥

**بیرۆکەی نوسینی ئەم کتێبە لەلایەن عەزیز شێخ ڕەزا سەرۆکی دەزگای خێرخوازیی بارزانی پێشکەش بە جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی کراوە و بە ڕەزامەندیی بەڕێزیان ئامادە و بڵاوکرایەوە**

ناوی کتێب : میدالیای بارزانی بەرزترین خەڵاتی ڕێزلێنان
کۆکردنەوە و نوسینی : حامید گەوهەری
تایپ: حامید گەوهەری
هەڵەگر: کەمال گروێسی
مۆنتاژ : هەژار گەوهەری
وێنەی سەربەرگ: میدالیای بارزانی
چاپی یەکەم : ١٠٠٠ بەرگ
بڵاوکراوەی: دەزگای خێرخوازیی بارزانی
ژمارەی سپاردن : ١٤٥

# پێڕست


پێڕست 5
پێشەکی 11
پێشەکی نوسەر 13
فەلسەفەی سەرهەڵدانی میدالیا 15
بیرۆکە و مەرجی بەخشینیی میدالیای بارزانی بە خەباتکارانی نەتەوەی کورد 17

گروپی یەکەمی خەڵاتکراوانی میدالیای بارزانی 19
*عەلی عەبدوڵا ئەمین* 20
*عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی* 22

دووەم گروپی خەڵاتکراوانی میدالیای بارزانی 30
*موحسین ئەمین حاجی بایز* 31
*حەمید موراد محەمەد* 33
*نادر عەلی موراد* 38
*عومەرئاغا محەمەد عومەرئاغا شوان* 43
*حەسۆ میرخان خەردەنی دۆڵەمەری* 47
*حالی محەمەد قادر خەلانی دۆڵەمەری* 50
*غەزالی میرخان غەزالی* 54
*محەمەد عیسا محەمەد* 58
*ڕەسوڵ فەقێ خۆشناو* 61

سێیەم گروپی خەڵاتکراوانی میدالیای بارزانی 64
*دوکتۆر سەعید ئەحمەد نادر* 65
*حاچک محەمەد حاچک* 68
*محەمەدئەمین حەسەن خدر* 70
*محەمەد نەجیب محەمەد سەلیم* 72
*پیرموس عومەر خەلیل* 74
*محەمەدئەمین تاهیر مەحمود* 76
*مەلا ئیبراهیم بابەکر* 78
*حەسەن خاڵ هەمزە مەلا* 80
*سەعید وەلی بەگ* 82
*تەیمز ئاراب قەتران* 88
*ئەحمەد میرۆ عەنتەر* 90

حەلیمە عەبدوڵا ئەحمەد 92
ئامینە محەمەد سەعید 94
محەمەد مەلا قادر 96
دوکتۆر محەمەد ساڵح جومعە 102
حەمید حوسێن مەلا 105
نەجمەدین سەعید عەلی یوسفی 109
مستەفا ساڵح عەبدوڵا 112
سەردار محەمەد عەبدولڕەحمان 114
کەکۆ مەلا عەلی 118
حاجی ڕەسوڵ حوسێن 120
محەمەد سەلیم ئەحمەد عەبدولڕەحمان 122
تەمەر ئەحمەد شاباز 125
عەبدولڕەحمان محەمەد عەبدولڕەحمان 127
ئەبابەکر عوسمان محەمەد 129
سەلیم ئەحمەد سەلیم ڕەشۆ 131
موحسین ساڵح عەبدولعەزیز 133
محەمەد خالید ئەحمەد بۆسەلی 135
ڕەشید عارف عەبدولڕەحمان عوسمان 137
سەلیم دەرباس حەمەد 142
مستەفا حوسێن محەمەد باپیر 145
ڕەشید محەمەد فەقۆ 147
حەمید خوستی ئیسماعیل 149
خالید محەمەد ئیبراهیم حوسێن 152
دەروێش یوسف ڕەشید نعمەت سندی 154
سەعید ئیسماعیل ئەحمەد 156
خالید حەمیدئاغا بیری 158
میتۆ ئەحمەد زەینەڵ ستونی 160
ئەحمەد حاجی شێخ ئومەر 162
عەبدولڕەحمان عەلی حوسێن عەمەر 165
عەبدوڵا دەروێش عەلی 167
بەهائەدین محەمەد ئەمین 170
عەلی خەلیل خۆشەوی 173

چوارەم گروپی خەڵاتکراوانی میدالیای بارزانی 175
عزیز قـازی حەمەد ســورچی 176
خدر عیسا خدر 179
حەسۆ محەمەد حوسێن کەکشار 181

فەلەکەدین سابیر حەمود 183
ئەحمەد سەعید عەزیز 186
محەمەد میرزا میرزا سندی 188
حەبیب کەلەش عەلی خالید 191
عەلی ئیبراهیم مستەفا سپینداری 193
خالید ڕەشید ئیسماعیل 196
ئیبراهیم عەلی سەیفەدین 198
نوری خدر عومەر 200
مەعروف یونس قادر 202
ئیسماعیل سەعید مستەفا ئیسماعیل 204
شێخۆ شێرۆ ئێدلبی 207
عەزیز مەحمود کەریم 210
ڕەمەزان عیسا شەریف 212
مەلحەم مژدین دری 214
حەمید حەسەن مستەفا 216
ساڵح عەلی محەمەد 218
شوان پەروەر 221

پێنجەم گروپی خەڵاتکراوانی میدالیای بارزانی 224
دەروێشی سەعدۆ 225
حەسۆ مەحمود بابەکر کانی لنج 228
هاشم عەبدولباقی نەسروڵا 230
نایف ئیبراهیم نعمان 233
سەید ئیسماعیل سەید عومەر 234
عەلی تێلی کەمی 238
عوسمان قاسم مەستو 241
بارزان خالید عەزیز 244
شێخەڵا ئیبراهیم شێخەڵا 247
تاهیر مەلا عەلی محەمەد ڕەباتی 251
فایق عەلی ئەحمەد 254
محەمەد فەقۆ محەمەد 258
عیسمەت سەبری ڕەشید 261
دوکتۆر بیرۆت ئەحمەد ئیبراهیم 264
عەزیز ڕەزا محەمەد 268
سیامەند عەبدولسەمەد محەمەد 272
جەوهەر ئەسعەد فەتاح هەرکی 278

| | |
|---|---|
| لەیلا زانا | 280 |
| غەریب یوسف حەسەن | 285 |
| خالید ساڵح فەتاح | 290 |
| سەلیم ئەسعەد خۆشەوی | 292 |
| میرخان محەمەدئەمین میرخان سلێمان | 295 |
| عومەر میرخان غەزالی | 298 |
| حەمید حەیدەر ئەرگوشی | 300 |
| خالید مەحمود شێخۆ سلێمان | 302 |
| سلێمان ئەحمەد ئیسماعیل عومەر | 304 |
| مستەفا عەبدولرەحمان سۆفی | 306 |
| عێزەت خان شێخۆ گولی | 308 |
| عەشقی ئاراب بادین | 311 |
| حەمەد میرحەمەد فەتاح | 314 |
| دەروێش ئیسماعیل محەمەد | 316 |
| خالید تەها عەلی | 318 |
| سادق ئەحمەد سادق سلێمان | 320 |
| شوان میرخان بادین دۆری | 322 |
| ئەحمەد مەلا سوار عومەر | 325 |
| عاسیمە ڕەسوڵ حەمەد | 327 |
| دوکتۆر شەوکەت یەعقوب بازید | 330 |
| حاجی میرخان ئەحمەد | 334 |
| حاجی خدر عومەر عەزیز | 338 |
| عەبدولڕەحمان ڕەسوڵ حاجی خەلیل | 340 |
| فەوزی حوسێن ئەسعەد | 343 |
| جەعفەر سلێمان عەلی چێیی | 347 |
| ئیبراهیم محەمەد عەزیز | 348 |
| خەلیل ئەمین جەلیل حەجی | 350 |
| ئیسماعیل سادق بێتکاری | 352 |
| محەمەد موسا مستەفا | 354 |
| حەسەن شێخ مستەفا بۆسەلی | 357 |
| محەمەد سەلیم فەرحان سادق | 360 |
| محەمەد زەکی حەسەن | 362 |
| عومەر عەلی هالۆ | 364 |
| عادل عومەر عەبدوڵا | 366 |
| کەرەم ڕەسوڵ مەم | 368 |
| حەیدەر حوسێن حەیدەر | 370 |
| سلێمان ئیسماعیل جەهانگیر | 372 |

| | |
|---|---|
| عەبدولغەفور عەبدولمەجید عەبدولغەفور | 373 |
| جەعفەر مستەفا مەعروف | 375 |
| هەمزە عومەر هەمزە | 378 |
| ئیبراهیم محەمەدئەمین ئەمین | 380 |
| عەبدولکەریم فەرحان عەبدوڵا | 382 |
| زکری حەبیب تەمەر سەعدوڵا | 385 |
| دەشی زیا یوحنا | 388 |
| سەبریە ئەسعەد ڕسقۆ ئیسماعیل | 390 |
| عەزیز عەزیز میرزا | 392 |
| سەعید قادر ئەحمەد | 396 |
| سلێمان عەبدوڵا شەریف کورکی | 398 |
| سلۆ خدر حەجی | 400 |
| فەقێ محەمەد مستەفا باپیر کادانی | 403 |
| محەمەد سەلیم ئەحمەد | 405 |
| یاسین تەها مەولود | 407 |
| ئەحمەد سادق بەکر بادلی | 410 |
| ڕەشید حەسەن ئیسماعیل | 413 |
| عەزیز تاهیر ئیبراهیم گولی | 415 |
| سەعید مەحمود ساڵح | 417 |
| شوکری ساڵح کەمەر | 419 |
| حوسێن عەبوو ئاڤدەل | 422 |
| ئەمین حوسێن ئەحمەد | 424 |
| خانەمیر مستەفا عومەر | 427 |
| حەسەن عیسا عەلی | 430 |
| ئەحمەد حەدۆ قورتاس | 432 |
| ئەسعەد ڕەشۆ مەلا هەمزە | 434 |
| بابەکر شێخ حوسێن لاچین | 436 |
| بەدرۆ لەشکری حوسێن | 438 |
| دوکتۆر تەیمور جەعفەر موسا | 440 |
| حەسەن عەلی حەسەن | 444 |
| خانۆ جوج خان | 447 |
| سەلیم عوزێر سەلیم | 449 |
| سلێمان حەدۆ شینۆ | 451 |
| شەریف قورتاس مەلا عوزیەر زراری | 453 |
| ساڵح محەمەد قورتاس | 455 |
| سدیق خەلیل یەحیا | 457 |

عەبدوڵا حوسێن جەرگیس 459
عەزیز حوسێن میرخان عەزیز 462
عومەر فەقێ عومەر 465
کازم مستەفا ئومەر 467
لاوکۆ مامەند مەسیح 472
مەلۆ حەسەن مەلۆ 474
ناوخۆش حەدۆ قورتاس 476
ئەحمەد عەلی مەحمود 478
یونس محەمەد سەلیم ڕۆژبەیانی 480
عەبدولموهەیمن سلێمان شێخ عەبدولسەلام بارزانی 482
دوکتۆر ناسح غەفور ڕەمەزان 488
عومەر عوسمان عومەر 491

شەشەمین گروپی خەڵاتکراوانی میدالیای بارزانی 495
عیزەت سلێمان بەگ دەرگەڵەیی 496
دوکتۆر بێرنارد کۆشنێر 499
ئیسماعیل بێشکچی 503
محەمەدئەمین محەمەد خدر 506
عەلی عەبدوڵا برایم شێخە 509
نەبی محەمەد موراد 512
ئەحمەد ئیبراهیم مستەفا 514
مستەفا عەبدوڵا حەمەد ئەحمەد 516
ڕەسوڵ کاک ئەحمەد نەبی 518
ئەحمەد ڕەسوڵ عەلی حوسین 520
فارس محەمەدئەمین حوسێن قادر 522
ڕەسوڵ حاجی ڕەسوڵ حوسێن 524
فرانسوا خافێر لۆڤات 526

وێنە 530
بەرهەمە چاپکراوەکانی نوسەر 539

# پێشەکی

نەتەوەی کورد گەورەترین نەتەوەی بێدەوڵەتە لە جیهاندا. وڵاتانی داگیرکەر کوردستانیان داگیرکردووە و بەشێوازی جۆراوجۆر، وەکو ئەنفال و کیمیابارانکردن هەوڵی لەناوبردنی کوردیان داوە. هاوکات هەولێانداوە زمان و کەلتووری کوردیی لەناوبەرن، بەو کارەشیان داگیرکەران لە خەیاڵی سڕینەوەی کورد و کوردستان دا بوون.

بۆ ڕێگەگرتن لە پلانی داگیرکەرانی کوردستان، خەباتگێڕی قارەمان و بزوتنەوەی پڕلە سەروەری لە باشووری کوردستاندا پەیدابوون، مستەفا بارزانی دیارترین کەسایەتی کاریزمایی نێو بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستانە کە زیاتر لە نیوسەدە بێوچان لە خەباتدابوو دژی داگیرکەران، لەو پێناوەشدا زیندان، ئاوارەیی و نەهامەتی زۆری چەشت، بەڵام خەسڵەتی نیشتمانپەروەریی بەرزی مستەفا بارزانی وایکردووە لەگەڵ بوونی ئەو ناخۆشیانەدا، مکوڕتر بێت لەسەر مافی ڕەوای کورد و دەرئەنجام دەستکەوتی گەورەی بۆ کورد بەدەستهێنا.

دەزگای خێرخوازیی بارزانی کە لە ساڵی ٢٠٠٥ دامەزراوە لەتەک پێشکەشکردنی هاوکاری مرۆیی بۆ کەسانی هەژار و کەمدەرامەت، ئامانجێتی پەرە بە کەلەپوور و کولتووری بارزانیی نەمر بدات، وەرگرانی میدالیای بارزانی ئەو خەباتگێڕ و کەسایەتیانەن کە لە سەرۆک بارزانیی نەمر نزیک بوون یان ئازادیخواز و دڵسۆزی چارەسەرکردنی کێشەی ڕەوای کوردن. ئەم کتێبەش کە لەبەردەستاندایە تەرخانکراوە بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی لەسەر ئەو کەسایەتیانە.

کتێبی میدالیای بارزانی بەرزترین خەڵاتی ڕێزلێنان، ژیاننامەی ٣٦٠ خەڵاتکراوی میدالیای بارزانی تێدایە و لە دوو بەرگدا کۆکراوەتەوە. بەرگی یەکەم شەش گروپ لە خەڵاتکراوانی میدالیای بارزانی لەخۆ دەگرێت و بەرگی دووەم چوار گروپی تێدا کۆکراوەتەوە.

گەڕان بە دوای خەڵاتکراوانی میدالیای بارزانی گرفتی بەرچاوی هەبوو بۆ کۆکردنەوە و نوسینەوەی ئەم کتێبە، چونکە میدالیای بارزانی لە قۆناخی جیاوازدا بەخشراوە بە کەسایەتی و خەباتکاران، هەمدیس هەندێک لەو

خەڵاتکراوانە کۆچی دواییان کردووە، یان بەساڵداچوون و هزر و بیریان زۆر یارمەتیدەر نەبوو بۆ گێڕانەوە ڕۆژگاری خەباتیان.

لە کۆتایدا پێویستە ئەوە ڕوون بکەینەوە کە بیرۆکەی کۆکردنەوە و نوسینی ئەم کتێبە هی عەزیز شێخ ڕەزا سەرۆکی دەزگای خێرخوازیی بارزانییە و خوا یاربێت لە ئایندەدا دەزگای خێرخوازیی بارزانی زیاتر پەرە بە کۆکردنەوەی کەلەپووری بارزانیی نەمر دەدات.

دەزگای خێرخوازیی بارزانی
٢٠١٤/١١/٢٥

## پێشەکی نوسەر

نەتەوەی کورد مەزنترین نەتەوەی بێدەوڵەتی جیهانە کە خۆی و وڵاتەکەی لەلایەن دەوڵەتە داگیرکەرەکانی ئێران، تورکیا، سوریا و عێراق داگیرکراوە. زیاتر لە دوو سەدەیە شێلگیرانە بۆ مافی ڕەوا و زەوتکراوی خۆی هەوڵدەدات. هەمـوو جـارێ کە لە بەدەستخستنی مافەکانی خۆی دواوە، داگیرکەرانی کوردستان تاوانیان بۆ هەڵبەستوە و بە گوللە وەڵامی داواکانیان داوەتەوە و بە تۆمەتی جۆراوجۆر ڕۆڵەکانیان گرتووە و لە بەندیخانەکاندا ئەشکەنجەیان داون و بە کۆمەڵ گوللەباران و تەنانەت ئەنفالیان کردون و شار و گوندەکانیان بە دانیشتوانەوە قەلاچۆ و کیمیاباران کردون.

بەو بۆنەیەوە سەدان هەزار کورد لە بەشە جیاوازەکانی کوردستاندا بە بێدەنگی سەریان ناوەتەوە، بە جۆرێک کە ئاسەواریان بڕاوە و تەنانەت ژیان و بەسەرهاتەکانیشیان کە بەشێکی تاڵ و خەمهێنەرە لە مێژووی نەتەوەی کورد و کوردستاندا، لەسەر لاپەڕە کاغەزێک تۆمار نەکراوە و ئازایەتی ئەو ڕۆڵە قارەمانانە لە مەیدانەکانی سیاست، دیپلۆماسی، بەڕێوەبەرایەتی و شەڕە بەزۆرداسەپاوەکاندا تەمی بەسەردا کێشراوە.

لەو ساڵانەی دواییدا، بۆ ئەوەی کە بە لایەنیکەمەوە، بەشێک لە خەبات و تێکۆشانی ڕۆڵە کۆڵنەدەرکان و خزمەتکارانی کورد و کوردستان ئەرشیڤ بکرێت و نەوەکانمان بە خەباتو چالاکیی باوکەکانیانو دۆستو دڵسۆزانی نەتەوەی کورد بزانن، پارتی دیموکراتی کوردستان لە پلەی ڕێکخراوێکی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی، نیشتمانی و دیموکراتدا کە لەلایەن ڕێزدار مەسعود بارزانییەوە سەرۆکایەتی دەکرێت و مێژوو شاهیدی خەباتی لێبڕاوانە، درێژخایەن و ڕزگارییخوازانەیەتی، لە هەنگاوێکی نوێدا، بڕیاریداوە ژمارەیەک خەباتکار، تێکۆشەر و دۆستانی کورد کە بە شێوازی جۆراوجۆر بۆ ئاسایشی ژیان و ڕزگاریی نەتەوەی کورد و کوردستان هەوڵیانداوە، بە بەرزترین خەڵاتی ڕێزلێنانی خۆی کە میدالیای سەرۆک مستەفا بارزانییە، خەڵاتیان بکات.

میدالیای بارزانی وەک بەرزترین خەڵاتی ڕێزلێنانی پارتی دیموکراتی کوردستان، بۆ یەکەم جار ڕۆژی ١٩٨٩/١٢/٢ لە کۆنگرەی دەیەمی پارتی

دیموکراتـدا بە دوو خـەباتکـاری پـارتی بەخشـراوە و دواتـر لـە بـۆنە و کـۆنگرە جیاوازەکـانی پارتیـدا، ژمـارەیەکی زیـاتر لـە خـەباتکـاران شـەرەفی وەرگرتنـی میـدالیای بارزانییـان پێبەخشـراوە، تـا لـەلایەک مێـژووی ژیـان و تێکۆشـانی ئەو تێکۆشـــەرانە لـە بەڵگەنامەکـــانی کوردســـتان و جیهانـــدا ئەرشـــیڤ بکرێـــت و لەلایەکی تردا ژیاننامەی ئەو کەسایەتییانە وەک بەشێکی بچووک لە مێژووی خەباتی پێشڕەوانی هەڵگری ڕێبـازی بـارزانی و پـارتی دیموکراتی کوردستان و نەتەوەی کـوردن لە هەمـوو بەشـەکانی کوردسـتان و جیهانـدا بە زینـدوویی بمێنێتەوە.

حامید گەوهەری
٢٠١٤

# فەلسەفەی سەرهەڵدانی میدالیا

وشەی میدالیا لە زمانی فەرەنسی وەرگیراوە کە پێی دەڵێن میدالی Medalj و ئەویش لە وشەی لاتینی مێتالیوم Metallum واتا ئاسن وەریگرتووە. میدالیا لە برۆنز، زیو یان زێڕ دروست دەکرێت و لە نوسراوە کۆنەکاندا واتای سکەی یادەوەریی و بیرخستنەوەیان داوە.

ئانتۆنیۆ پیسانۆ Antonio Pisano ناسراو بە ئانتۆنیۆ دی پیوکی پیسانۆ Antonio di Pucci Pisano یەکەم کەس بووە لە جیهاندا کە ساڵی ١٤٤٩ لە شاری نێاپێل Neapel ی ئیتالیا میدالیای دروستکردوە. ناوبراو ئەو میدالیایەی بۆ دەسەڵاتدارێکی ناوچەیی بەناوی ئالفۆنسۆ Alfonso ی پێنجەم، بەڕێوەبەری ناوچەکانی ئاراگۆنیێن و ئارگۆنیێن Aragonien و Argonien و چەند دوورگەی تری ئیتالیا دروست کردوە و لەودا شێوەی هونەریی تێدا بەکار هێناوە.

لە نوسراوە کۆنەکاندا بە سکەی بیرهێنانەوەی ئاسن گوتراوە Minnes penning واتە سکەی یادەوەریی و بیرخستنەوە، یان Skåde penning گوتراوە و شکڵ و قەوارەی سکەی پارەی هەبووە، بەڵام بایەخی خەرجکردنی نەبووە. زۆربەی میدالیاکان خڕ و پانن و هەردوولایان نوسراوە، یان وێنەیان لەسەرە. دروستکردنی میدالیا لە کۆتایی ساڵانی ١٤٠٠ و سەرەتای ١٥٠٠دا ڕەگاژۆیی کردۆتە وڵاتانی ئەڵمان و فەرەنسا و دواتر وڵاتانی تری ئەوروپا. میدالیا ساڵی ١٥٦٠- ١٥٦٨، لە سەردەمی ئێریکی چواردەیەمدا هاتووە بۆ سوید. گوستاوی Gustavیەکەم لە ناشتنی باوکیدا میدالیای بڵاوکردۆتەوە، تا ناوی باوکی و ناوی خۆی بزر نەبێت و بەو میدالیایە یادیان بکرێتەوە.

پێشتر لە ساڵانی ٣٣٠ی پێش زایین میدالیا هەبووە. لە سەرەتادا وەک دوگمەی زێڕ دروستیان کردوە. ئەلێکساندێری Alexander ماکەدۆنی میدالیای لەناو فەرماندەکانیدا بڵاوکردۆتەوە. لە ڕۆمی قەیسەری پادشاکان میدالیای زێڕ، زیو و برۆنزیان بڵاوکردۆتەوە. لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، گەورە پیاوان و پیاوانی ئایینی واتا "پاپا"کان کە دەسەڵاتی جیهانیان پەیدا کردبوو،

میـدالیایان بڵاوکـردۆتەوە. نـاپلیۆن لە سـەرەتایەکانی ١٨٠٠دا میـدالیایەکی زۆری بڵاوکردەوە.

بەگشتی بە نوسینی "یان ویسێن" و "ئۆڵف سکێنکمانیس" Ian wisehn و Ulf Schenkmanis لە کتێبی Sedlar och medaljer دروستکردن و بەخشینی میـدالیا لە دەورانـی ڕێنیسـانس Renaissance واتە لە سـاڵانی نێـوان بەجێهێشتنی سەدەکانی ناوەندیی بۆ دەورانی نوێ و گەشەسەندن لە ئیتالیاوە دەستی پێکردوە و بە ڕوانینێکی نوێ میراتی ئەسڵی ڕۆم و یۆنانە.

هەروەکوو گوتم شکڵ و قەوارەی میدالیا لە پارەی ئاسن و سکە دەچێت، بەڵام هەندێک گەورەترەو خەرجیش ناکرێت. لە سەرەتادا وەک بەرهەمێکی هونەری بە دەست دروستیان کردوە و دواتر بە ئامێری تایبەت و بە وێنەی پاشا و ناودارانیان لەسەر نەخشاندوە بۆ بیرخستنەوەی کەسایەتییەکان و ڕووداوە زۆر گرنگەکان. سەرئەنجام بەخشینی میدالیا هەموو وڵاتانی جیهانی گرتۆتەوە و ڕەگـاژۆیی کـردۆتە نـاو بەشـە جیاوازەکـانی ژیـانی ڕۆژانەی مـرۆڤ و لە چالاکییەکانی حکومی، سەربازیی، مەدەنی، وەرزشی و ... تد کەڵکی لێوەر دەگیرێت.

# بیرۆكه و مەرجی بەخشینیی میدالیای بارزانی بە خەباتكارانی نەتەوەی كورد

پێشتر ئاماژەم بۆ فەلسەفەی مێژووی سەرهەڵدانی میدالیا لە وڵاتە جیاوازەكانی جیهاندا و هۆیەكانی خەڵاتكردنی كرد. لێرەدا بەرلە ئاماژە كردنم بۆ ناو و چالاكیی ئەو تێكۆشەرانەی كە میدالیای بارزانییان وەك بەرزترین خەڵاتی ڕێزلێنان وەرگرتووە، پێویستە بزانین بیرۆكە سەرهەڵدانی میدالیا لە كوردستاندا بۆ كەنگێ دەگەڕێتەوە و مەرجی خەڵاتكردنی میدالیای بارزانی بەو خەباتكارانە لە پارتی دیموكراتدا، چۆن و لە كوێوە سەریهەڵداوە.

لەم بارەیەوە دوكتۆر ناسح غەفور ڕەمەزان یەكێك لە وەرگرانی میدالیای بارزانی دەڵێت: (ساڵی ١٩٨٢ كاك ئیدریس و كاك مەسعود لە مەكتەبی سیاسیدا بیرۆكەی خەڵاتكردنی ئەندامانی دێرینی حیزبیان هێنایە بەرباس، بەڵام دواتر ئەو بیرۆكەیە سەرەڕای خزمەتكردنی خەباتكارانی حیزبی، پانتاییەكی بەرینتری بەخۆیەوە گرت و خزمەتكارانی كورد و كوردستانیشی گرتەوە. بۆ ئەو مەبەستەش داوایان لە ئازاد بەرواری كرد لە سوریا میدالیای بارزانی ئامادە بكات.)

لەم بارەیەوە یونس محەمەد ڕۆژبەیانی ناسراو بە مولازم یونس ئەندامی سەركردایەتی پارتی دیموكراتی كوردستان دەڵێت: (ساڵی ١٩٨٣ بە هاودەنگی كردن لەگەڵ سەركردایەتی پارتی و حیزبی شیوعی عێراق، بۆ چارەسەركردنی نەخۆشی، لە سوریاوە چووم بۆ مۆسكۆ و لەوێ وەك ئەندامێكی سەركردایەتی پارتی دیموكرات پێشوازییان كردم و لە نەخۆشخانەی كۆمیتەی ناوەندی حیزبی كۆمونیست لە مۆسكۆ چارەسەری نەخۆشییەكەیان بۆ كردم. بۆ ماوەی دوو مانگ لەو نەخۆشخانەیە بووم، لەوێ لەگەڵ ژمارەیەك كەسایەتی سەردەمی جەنگی دووەم ئاشنا بووم كە بەشێكیان لە شەڕدا كەمئەندام ببوون. بۆیان گێڕامەوە كە بە دوای جەنگدا میدالیای لێنینیان پێبەخشیون و بەو میدالیایە كۆمەڵێك پاداشت وەردەگرن و لە كاتی پێویستدا، لەلایەن دامودەزگاكانی سۆڤیەتەوە ئاسانكاریان بۆ دەكرێت. دوای دەرچوون لەو نەخۆشخانەیە، بۆ ماوەی مانگێك منیان ناردە شوێنی حەسانەوە لە شاری "سۆچی" كە لەسەر بەحری ڕەش هەڵكەوتووە كە لەوێ دەرمانی سروشتی بكرێم. لەوێش چاوم بە ژمارەیەكی تر كەوت كە بەهەمان شێوە میدالیای لێنینیان هەبوو و دەرمانی سروشتی دەكران.

دوای گەڕانەوەم بۆ کوردستان باسی ئەم مەسەلەیەم بۆ کاک ئیدریس، کاک مەسعود و عەلی عەبدوڵا کرد و گوتم زۆرباش دەبێت کە ئەگەر بیرۆکەیەکی بەم چەشنە بۆ هەڤاڵانی بارزانی کە لە کۆماری کوردستان و یەکێتی سۆڤیەتدا بوون و گەڕاونەتەوە بۆ کوردستان بەڕێوە بچێت. هەرسێیان بیرۆکەکەیان لا پەسند بوو. کاک ئیدریس داوای لە شەهید شەوکەت شێخ یەزدین بەرپرسی دارایی پارتی کرد کە لیستەیەک لە هەڤاڵانی بارزانی کە بە دوای کۆماری کوردستاندا چوونەتە سۆڤیەت ئامادە بکات و بە گوێرەی دەرەتان و ئابووریی حیزب، یارمەتییان بۆ ببڕێتەوە. من ئەو بیرۆکەیەم دواتر کە کوردستان ئازاد بوو بەبیر سەرۆک مەسعود بارزانی هێنایەوە کە ئەگەر بکرێت بیرۆکەکە بەشدارانی شۆڕشی ئەیلولیش بگرێتەوە. ئەوە بوو کە بە شانازییەوە بیرۆکەی دانی میدالیای بارزانی بەڕێوە چوو.)

هەروەها مەلا محەمەد مەلا قادر ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان دەڵێت: (ساڵی ١٩٨٩، ئێمە کۆمەڵێک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی و کۆمیتەی ناوەندیی لە دانیشتنێکماندا کە لەگەڵ کاک مەسعود کردمان، بەڕێزیان باسی پرۆژەیەکی بۆ کردین کە میدالیا بەو خەباتکارانەی پارتی بدریت کە زیاتر لە ٣٠ ساڵ لە پارتیدا بەردەوام بوون و لێی جیانەبوونەتەوە. دواتر کە پرۆژەکە هاتە مەکتەبی سیاسی، لەلایەن ئەندامانی مەکتەبی سیاسییەوە بە یەکدەنگ پەسەند کرا.)

مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان لەلای خۆیەوە بیرۆکەی بەخشینی میدالیای بارزانی وەک بەرزترین خەڵاتی ڕێزلێنان بۆ خەباتکارانی نەتەوەیی و نیشتمانی کورد، خستۆتە بواری کردارەوە و لە بۆنە جیاوازەکانی پارتی دیموکراتدا، بەم نوسراوەی خوارەوە میدالیای بە خەباتکارانی کورد لە باشور، باکور، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای کوردستان و وڵاتانی ئەوروپی و ئەمریکا بەخشیوە و ژمارەیەکی زۆر لە خەباتکارانیش هەن، چاوەڕوانی ئەوە دەکەن کە میدالیای بارزانی وەرگرن.

بنیشانە بە خەبات و تێکۆشانی بێوچانتان لە پێناوی کورد و کوردستان و سەرخستنی خەباتی ئازادیخوازی کوردایەتی و ڕێبازی بارزانی نەمر، بەڕێز و پێزانینەوە "میدالیای بارزانی"تان پێشکەش دەکەم.

مەسعود بارزانی

## گروپی یەکەمی خەڵاتکراوانی میدالیای بارزانی

یەکەم گروپی خەڵاتکراوانی میدالیای بارزانی ئەم دوو خەباتکارە سیاسی و ئەدەبی و خزمەتکارەی کورد و کوردستان و ڕێبازی مەلا مستەفا بارزانی بوون کە ڕۆژی ١٩٨٩/١٢/٢ لە کۆنگرەی دەیەمی پارتی دیموکراتی کوردستاندا میدالیای بارزانییان وەرگرتووە.

## عەلی عەبدوڵا ئەمین



عەلی عەبدوڵا ئەمین ساڵی ١٩٢٢ لە شاری کۆیە لەدایک بووە. خوێندنی ناوەندیی لە کۆیە و دواناوەندیی لە کەرکوک خوێندوە و بەشی ئەندازیاری ساختمانی لە بەغدا تەواو کردوە. ساڵی ١٩٤٣ چووەتە ڕیزی کۆمەڵەی میللەت کە کۆمەڵەیەکی مارکسی بووە و دواتر سەنگەری خەباتی بۆ حیزبی ڕزگاری گواستۆتەوە کە بەرەیەکی تێکەڵاو بووە لە کەسانی سەربەخۆ و لایەنگرانی حیزبی شیوعی عێراق.

عەلی عەبدوڵا لەگەڵ عەبدولسەمەد مەحەمەد بەننا نافع یونس، ساڵح حەیدەری و ژمارەیەکی تر حیزبی شۆڕشی دامەزراندوە. ساڵی ١٩٤٦ کە مەلا مستەفا بارزانی لە مانگی فیبرواریدا، هەمزە عەبدوڵای لە شنۆوە گەڕاندەوە بۆ باشوری کوردستان کە بە گوێرەی هەلومەرج دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد ڕابگەیەنێ، ناوبراو ڕاسپاردەی بارزانی بە ئەندامانی حیزبی ڕزگاری و شۆڕش ڕاگەیاند کە ڕێکخراوەکانیان هەڵوەشێنن و بەیەکەوە، پارتی دیموکرات ڕابگەیەنن. بەم ڕاسپاردەیەی بارزانی هەردوو حیزبی شۆڕش و ڕزگاری لە سەرەتای مانگی هەشتەمی ساڵی ١٩٤٦دا کۆنگرەیان بەست و خۆیان هەڵوەشاندە و ڕۆژی ١٩٤٦/٨/١٦ لە بەغدا بە ئامادەبوونی ٧٠ ئەندام یەکەم کونگرەی پارتی دیموکراتیان پێکهێنا کە کۆنگرەی دامەزرێنەری پارتی دیموکرات بوو. لەو کۆنگرەیەدا عەلی عەبدوڵا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و دواتریش بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کورد هەڵبژێردرا.

عەلی عەبدوڵا لە کۆنگرەی یەکەمەوە تا کۆنگرەی پێنجەم، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی بووە. لە کۆنگرەی شەشەمی پارتیدا کە لە سەرەتای مانگی حەوتەمی ساڵی ١٩٦٤ لە قەلادزێ پێکهات، ناوبراو لەگەڵ باڵی ئیبراهیم ئەحمەد لە پارتی دەرکرا، بەڵام چوونکە ئامادەنەبوو لەگەڵ لایەنگرانی ئیبراهیم ئەحمەد کوردستان بەجێبهێڵێت و بچێت بۆ ئێران و گەڕایەوە لای شۆڕش، سەرکردایەتی پارتی وەریگرتەوە. ناوبراو یەکێک بوو لە ئەندامانی دەستەی ئامادەکاری کۆنگرەی حەوتەمی و لەو کۆنگرەیەدا

سـەرلەنوێ بە ئەنـدامی کـۆمیتەی ناوەنـدیی و مەکتەبـی سیاسـی پـارتی دیموکرات هەڵبژێردرایەوە.

دوای واژۆکردنـی ڕێککەوتنـی ١١ی ئـازاری ١٩٧٠، عەلـی عەبـدوڵا کـرا بە پارێزگاری سلێمانی و ساڵی ١٩٧٤ کە شەڕی حکومەتی عێراق بە دژی گەلی کورد دەستی پێکردەوە، ناوبراو گەڕایەوە بۆ مەکتەبی سیاسیی پارتی لە حاجی ئۆمەران و بەرپرسی "ئەمانە گشتیی ئابووریی" شۆڕش بوو. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، چوو بۆ ورمێ و لەوێوە گواسترایەوە بۆ عەزیمیەی کەرەج. ساڵی ١٩٧٨ ئێرانی بەجێهێشت و چوو بۆ بریتانیا. لە کـۆنگرەی دەیەمـی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتاندا کە ڕۆژی ١٩٨٩/١٢/٢ پێکهـات، لە پـلەی یەکەم کەسـایەتی و خەباتکـاری کـورددا لەگەڵ عەبـدولڕەحمان شـەرەفکەندی "هەژار موکرایـانی"، میـدالیای بـارزانی وەرگرتـوە. ساڵی ١٩٩١، گەڕایەوە بۆ کوردستان لە کۆنگرەکانی ١١ و ١٢ی پارتیدا بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی و جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵبژێردرا.

عەلـی عەبـدوڵا یەکێک بووە لەو سـەرکردانەی پـارتی دیمـوکرات کە بە درێژایـی خەبـات و هەڵسوڕانی لە پارتی دیموکراتدا، دەستی هەبـووە لە داڕشتنی ستراتیژی، سیاسەت، تاکتیک و بەڕێوەبەریی پارتی دیموکراتی کوردسـتاندا. نـاوبراو لە کـۆنگرەی ١٣ی پـارتی دیموکراتـدا کە ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١١ لە هەولێـر پێکهـات، بەهـۆی پیریـی و نەخۆشـی نەیتـوانی بەشداری کۆنگرەی ١٣ بکات و بە نامەیەک کە کوڕەکەی بەناوی هەڵمەت لە کۆنگرەدا خوێندییەوە کۆنگرەی سێزدەیەمی حیزبەکەی پیرۆز بکات. ئێستا بە دوای ٧٠ ساڵی خەباتی نەبڕاوەیدا پیری تاقەتی لێ بڕیوە و توانای ژیانی ئاسایی نەماوە و لە ماڵی خۆی لە مەسیف سەلاحەدین لە جێدا کەوتووە.

## عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی

عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی "هەژار موکریانی" ساڵی ١٩٢١ لە بنەماڵەیەکی ڕۆشنبیر و کورد پەروەر لە شاری مهاباد لەدایکبووە. لە سەرەتای منداڵییەوە بە کەڵکوەرگرتن لە کتێبەکانی مەلا محەمەد شەرەفکەندی باوکی کە لەوسەردەمەدا بە قاچاخ لە سلێمانییەوە دەگەیشتنە مهاباد، تێکەڵاوی نوسینی شیعر و ئەدەبیاتی کوردی بووە. ساڵی ١٩٤٢ چووەتە ڕیزی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستانەوە و یەکێک بوو لە هەڤالانی نزیکی مامۆستا هێمن موکریانی شاعیری نەتەوەیی و لە کۆماری کوردستاندا ڕێزێکی زۆری هەبووە لەلای پێشەوا قازی محەمەد و سەرۆک مستەفا بارزانی.

ساڵی ١٩٤٤، بە نوێنەرایەتی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان بەشداریی کردوە لە کۆبوونەوەی سێ سنور لە داڵامپەڕ و لەم بارەیەوە لە لاپەڕەی ٦٤ی کتێبی چێشتی مجێوردا دەڵێت: (مانگی جۆزەردان بو، دروێنەی جۆ لە دەوری بۆکان دەستی پێ کردبو، حیزب ناردی چومە سابڵاغ. دەگەڵ میرزا قاسمی قازی و زەبیحی کە دەبوینە سێ کەس، گوتیان دەبێ بچنە "دزەی مەرگەوەڕ" دەگەڵ نوێنەرانی حیزبی هیوای کوردستانی عێراق گفتوگۆ بکەن و هەر قەرارێک ئێوە بیدەن پێی ڕازین. بە سواری ترومبیل بەرەو ورمێ کەوتینە ڕێ کە لەوێوە فایتون هەیە و دەمان باتە مەرگەوەڕ. گەیشتینە گوندی "باڵانیش"، شەڕ و هەرایەک بو سەگ ساحیبی خۆی نەدەناسی. زێڕۆ ئاغای هەرکی و دەوڵەت شەڕیان بو. پۆستی ئەمنیە سوتابو، هەشت کەلاک درێژ کرابون. هەروا کورد بون لە ورمێوە هەڵاتبون و دەهاتن. بەپەلە ترومبیلمان بەجێ هێشت و بەرەو چیا ڕەوین. چوینە گوندی "کوکێ" کە ماڵی زێڕۆی لێ بو، ویستمان میوانی بین. کابرایەکی گەرمیانی کە کۆنە ئاشنای زەبیحی بو لە دەرگا گێڕاینەوە، گوتی: زێڕۆ دوژمنی شێخ عەبدوڵڵای دزەیە، لەوانەیە ڕوتتان بکا چونکە دەچنە ماڵی ئەو. لەوێش بێدەنگ خۆمان ڕزگار کرد و چوینە گوندی "قاسملو" لە دۆڵی قاسملو لەبن چیای دمدم کە ئێستاش شوێنەواری خانی لەپ زێڕینی لێ دیارە. شەو لە ماڵی مستەفاغا ناوێک میوان بوین. کابرا دەیویست ڕوتمان کا، بەڵام کە زانی دەمانچەمان پێ یە وازی هێنا. بەیانی وڵاغمان لە سۆفی شێرە ناوێک بەکرێ گرت و چوینە دۆڵی

دزه. بۆ نیوەڕۆ لای عەبدولقادری كوڕی شێخ عەبدوڵڵا لە "گردوان" بوین و ئێوارە چوینە ڕەشماڵی ماڵی شێخ لە دزە.

نوێنەرانی هیوا: "شێخ عوبەیدوڵڵا زینویٚ"، "سەید عەزیزی شەمزینی" كە ئەفسەرێكی عراق بوو، "سەعیدی كانی مارانی" ناوێكیش كە تازەلاوێک و خوارزای شێخ عەبەیدوڵڵا بو دەگەڵیان هاتبو. چەندین كۆبونەوەمان پێكەوە كرد و لەسەر دوازدە نوختە پێک هاتین كە هەردوک حیزب پێكەوە هاوكاری بكەین و مەعلومات پێک بگوڕنەوە. جا چونكە لەو شوێنەی كە پێک هاتین بناری "دالانپەڕ" و لایەكی شەمزینان و ئەم لایەی ئێرانە بو، ناومان نا: "پەیمانی سێ سنور". بڕیاردرا هەردوكمان بێ خۆگرتن هەركەسە لای خۆی بەیانەكە بڵاوكاتەوە. دوای حەوت شەو لە دزە بە ڕێگەی شنۆدا گەڕاینەوە. لە شنۆوە بە پێ هاتینەوە نەغەدە و لە نەغەدەوە بە سواری ترومبیلێكی سینمایی ئینگلیسیان كە دەهاتە سابلاغ هاتینەوە. ئێمە دەست بەجێ نوسخە بەیانی خۆمان لە نیشتماندا چاپ كرد. هێشتا بڵاومان نەكردبۆوە خەبەریان داینێ كە حیزبی هیوا بەو پێک هاتنە ڕازی نەبوە و چاپی مەكەن. ڕوپەڕە چاپ كرواكەی پێک هاتنەكەمان لە گۆڤارەكە دڕی.)

دوای هەرەسهێنانی كۆماری كوردستان، هەژار موكریانی خۆی گەیاندۆتە باشوری كوردستان و بۆ ماوەیەک لە گوندی سیتەک لە ماڵی شێخ لەتیفی شێخ مەحمود بە قاچاخ ژیاوە و دواتر چووەتە بەغدا و لەوێوە لەگەڵ عەبدولڕەحمان زەبیحی خۆی گەیاندۆتە گوندی "ترپە سپی" لە ناوچەی قامیشلو لە ڕۆژئاوای كوردستان و لە ماڵی شێخ حوسێن حاجۆ گیرساوەتەوە. لەوێوە زۆرجار بەنهێنی سەردانی شامی كردوە و لەگەڵ ژمارەیەكی زۆر لە ئەدیبان، شاعیران، ڕۆشنبیران و سیاسیكارانی كورد ئاشنا بووە كە دەكرێت وەک نمونە ئاماژە بۆ: جەلال تاڵەبانی، عوسمان سەبری، نوردەدین زازا، ڕەوشەن بەدرخان و بەگشتی بنەماڵەی بەدرخانییەكان بكەین. تا كودەتای ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ و گەڕانەوەی سەرۆک مستەفا بارزانی لە سوریا بووە و بە دوای



گەڕانەوەی بارزانی بۆ عێراق، هەژاریش گەڕاوەتەوە بەغدا و پێوەندیی بە بارزانییەوە کردوە.
لە یەکەم دیداریدا لەگەڵ بارزانی خۆی بۆ ڕانەگیراوە و بەهۆی هەستی بەرزییەوە لە بەرامبەر بارزانیدا گریاوە و بە وتەی خانی هەژاری کوڕی کە لە باوکی بیستووە، بارزانی پێی گوتووە: **(ئەوە کۆتایی خەم و خەفەتە و ئیتر خەمت نەبێ.)** هەژار لە وەڵامی بارزانیدا دەڵێت: **(شانازی بە بەختی خۆم دەکەم کە جارێکی تریش بە خزمەتتان گەیشتم.)** بارزانی لە سۆڤیەت هەژار موکریانی و عەبدولڕەحمان زەبیحی وەک دوو خەباتکاری سەردەمی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان و کوماری کوردستانی لەبیر نەکردبوو و لە گەڕانەوەیدا بۆ هەرکام لەوان، کاتژمێرێکی بە دیاریی هێنابوو و پێیان دەڵێت: **(تەنیا دیاریم بۆ ئێوە بەرماوەکانی کۆماری کوردستان هێناوە.)** هەژار و زەبیحی کاتژمێرەکانیان وەردەگرن و هەژار تا لە ژیاندا بوو، ئەو کاتژمێرەی لەخۆی دوور نەکردەوە و بۆی لە هەموو ماڵ و سامانی دنیا بە نرختر بوو. مامۆستا هەژار بەشداریی شۆڕشی ئەیلولی کرد و لە یەکێک لە شەڕەکاندا کە لە ناوچەی بارزان، لە دەروبەری "بلێ" لە گوندی سەفتێ کرا لەگەڵ سەرۆک بارزانی بووە، بەم بۆنەیەوە لە لاپەڕەکانی ٤٠٠- ٤٠١ی کتێبەکەیدا، چێشتی مجێور کە بە دوای کۆچی دواییدا لەلایەن خانی شەرەفکەندی کوڕییەوە، ئامادە و ساڵی ١٩٩٧ لە پاریس بڵاوکراوەتەوە دەڵێت:

- (زۆر جار گوتومە، بڕوای تەواوم وابو: هەر کەسێکی زۆر بە غیرەتیش، هەر دڕندەیەکی وەک شێر و پڵنگیش، هەرگا هەست بە خەتەری مەرگ دەکا، جۆرێک ترس، جا با زۆر کەمیش بێ، دایدەگرێ. کێیە لە بەرانبەر مردندا هیچ نەبێ کەمێک تێک نەچێ؟ خوا لە هەمو ئافەریدەیەک دا کەم یا زۆر ترسێکی داناوە، بەڵام مەلایکەی ترس بە دەست مەلا مستەفا لەبیر چوە. ترس بەلای ئەودا نەهاتبو. لە وەتاغی دیوەخانی بەغدا، لە ناو دۆست و ئاشنایان دا چەند ڕوگەش و خاترجەم بو، لە جەنگەی گوللە و ئاگربارانداا هەر ئەو پیاوە بوو، نە ڕەنگی دەگۆڕا، نە قسەی تێکەڵ دەبون، نە وەیدەزانی مێشێکیشی لە دەورەیە. بەڵێ بەهۆی بەخێوکرانی لە کۆمەڵگای شێخانی بارزاندا لە خودا دەترسا، لە ئابرو نەمان و ناوزڕان دەترسا، بەڵام ترس لە مەرگ و دوژمن؟ هەرگیز. هەر ئەوم دیت گاڵتەی بە مردن بێت. ئازایەکی خەیاڵی لێهاتبو. کە

ئەو مابەینە لە نزیکەوە دەگەڵی بوم، بڕوام هێنا کە هێشتا کەس نەیتوانیوە و کەسیش ناتوانێ ئازایەتی و نەترسانی مستەفا بارزانی وەک هەیە، دە یەکیشی پەی پێ بەرێ و بزانێ باسی بکا... ڕۆژێک لە جەنگەی ئەو شەڕانەی "بنی دەلاش" ئاگر بەربووە هەرچوار تەڕەفمان. تەقە و گرمەش گوێی عاسمانی کەڕ دەکرد. ئاگری پوش و داران هەردەهات و نزیک دەبو. مەلا مستەفا پاڵی بە بەردێکەوە دابو، سیغاری دەکێشا. ڕوی کردە من و حیکایەتی ڕاوە بەرازێکی دەگێڕاوە کە ساڵێک دەگەڵ شێخ ئەحمەدی برای دا توشی ڕەوە بەراز هاتون، زۆر بە وردی و هێمنی باسی هەمو وردەکاریەکی ئەو ڕاوەی دەکرد، چەند کەسێکیش لە حەرەسەکانی لە دەوری ڕاوەستابون. "زورار" ناوێک بە هەناسەبڕکە و شێواوی هات و گوتی: ئەزبەنی جاش گەیشتنە گوندی "سەفتێ" و ئاگریان تێ بەردا.

فەرموی: "هەژار، سواراغا لەو ڕاوەدا لە هەموان چێتر بوو..."

ڕیزە گوللەیەک هەروا دوبست بڵندتر لە سەری مەلا مستەفا وەبەردێک کەوت و گوللەکان داوەرینە ناومان.

- جا سواراغا ....

گوتم: قوربان سواراغای چی و ڕاوە بەرازی چی؟ بۆ من لە ترسان گوێم لەو قسانە دەبێ؟ ئێستا ئاگرمان دەگاتێ.

فەرموی: "سواراغا گوتی ڕاوە بەراز زانینی دەوێ".

حاچکی حەرەس بە دەنگێکی لەرزۆکەوە کە دیاربوو زۆر لەوە دەترسا مەلا مستەفا لە ڕێژنەیەکدا بکوژرێ گوتی: ئەزبەنی خەبەری هەژارە، لێرە لاکەوی باشە.

فەرموی: "سواراغا لە دواوە بەرازێکی کوشت. بەو کارەی...".

حوسێنی حەمەدئاغای مێرگەسوری بە هەڵەداوان و پشو سواری هات و گوتی: ئەز غولام سەفتێ سوتا، جاش دێنە ئێرە (سەفتێ هەزار میترمان لێ دور نەبوو.)

فەرموی: "هەڕنێ" (یانی بۆی بچن) "بەڵێ، هەژار گوێت لێ یە؟"

- نەخێر نەوەڵڵا!

- سواراغا یەکە یەکەی لە دواوە دەکوشت، پێشەوە نەیاندەزانی کە بە توندی بڕەون... باوەڕکە ئاگر لە هەر چوارلاوە لام وایە بیست میتری نەماوە بمان گاتێ. تینی دەهاتە سەر و چاومان. ئەو پیاوە دەتگوت لە دیوەخان پاڵی

بە دەستە نوێنەوە داوە و چاوەنۆڕە قاوەچی و قەنەنەدار، قاوە و قەنەنەی تێکرا وی بۆ بێنن. لە چیرۆکی ڕاوەکە وازی نەهێنا و لە جێگەی خۆی نرکەی نەکرد. خوا و ڕاستان ئێستا با، دەمانگوت هیمدادی غەیبی یە، ئاگر دامرد و نەمان گەیشتێ. خەبەر هات گوتیان جاشمان لە سەفتێ هەڵقەندن و کەلاکیان بە کۆمەڵ لەو دەشتە کەوتوە.)

یەکێک لە خاڵەکانی ڕێککەوتنی ١١ی ئاداری ١٩٧٠، دامەزراندنی "کۆڕی زانیاری کورد" بوو لە عێراق. بۆ ئەو مەبەستە هەژار، مەسعود محەمەد، شوکر مستەفا ڕەسوڵ، محەمەدی مەلا کەریمی، کەمال مەزهەر و ژمارەیەکی تر وەک دەستەی دامەزرێنەری کۆڕی زانیاری کورد هەڵبژێردران. هەرلەو ساڵەدا یەکێتی نوسەرانی کورد کۆنگرەی خۆی پێکهێنا و لە کۆنگرەکەیدا مامۆستا هەژاری بە سەرۆکی یەکێتی نوسەران هەڵبژارد. مامۆستا شوکر مستەفا کە کوردی نوسێکی ڕەوان بوو لە یەکێک لە سەفەرەکانیدا بۆ سوید، ڕاشکاوانەی بەمنی گوت: (من ئەم کوردی نوسینە لە مامۆستا هەژار و مامۆستا هێمن فێر بووم.)

ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، هەژار موکریانی هەرچەند لەلایەن ڕژێمی ئێرانەوە حوکمی ئیعدامی لەسەر بوو، گەڕایەوە بۆ مهاباد و لەسەر داوای بارزانی حوکمەکەیان بۆ ڕاگرت و دوای ساڵێک چوو بۆ کەرەج. ساڵی ١٩٧٦ کە شۆڕشی گوڵان هەڵگیرسا، ناوبراو یەکێک بوو لەو خەباتکارانەی کە هانی پەنابەرەکانی باشوری کوردستانیدەدا کە پاڵ بە شۆڕشەوە بدەن. شەوی پێنجشەممە ١٩٧٩/٣/١ کە هەواڵی کۆچی دوایی سەرۆک بارزانی لە نەخۆشخانەی "جۆرج تاون" لە ئەمریکا بڵاوکرایەوە و ڕۆژی ١٩٧٩/٣/٥ تەرمەکەیان لە شنۆ بەخاک سپارد، مامۆستا هەژار موکریانی لە ڕێوڕەسمی بەخاک سپاردنی تەرمی بارزانیدا ئەم شیعرەی خوارەوەی خوێندەوە:

بارزانی نامرێ

| | |
|---|---|
| بارزانی پاڵەوانی کورد | هیوای پیر و جەوانی کورد |
| خەبەریان پێ دام تۆ مردوی | بە دیمەن لەبەر چاو ون بوی |
| من دەزانم تۆ نامری | تۆ لە مردن بەهێزتری |
| ڕۆژێک لەناو شاخ و چڕێک | دێتە سەر ئەم زەویە کوڕێک |

نۆ مانگە ، لەبەر مەمكانە
بێشكەی كوڕ: زیندانی ڕەشە
زڕەی زنجیری دولایی
جێ گاگۆڵكە و دارە دارە
تەمەن چاردە ساڵە جوانێ
هەرچی دەی بینی ئەسیرە
كوردگەل مەڕی بێ خودانە
لە حێرسان خوێنی دەجۆشی
لێ بڕاوە: تۆڵە بستێنێ
كاڵەی مووین هەڵ دەبەستێ
كوردخۆران قەڵت و بڕ دەكا ؟
تورك و عەرەب دەبەزێنێ
دوژمن لە زەبری دەتاسێ
بەر لە شۆڕشی بارزانی
ئەو كوردی بە دنیا ناساند
لە هەر چوار قوڕنەی دنیادا
بە كێ بڵێی كوردستانیم
جاشە دوژمنە كوردەكەش
ئەو نانی دەیخۆن هی ئەوە
بارزانی شست ساڵی ڕەبەق
بە شاخ و شكێڕانەوە
لە غوربەت و دەربەدەری
بۆ گەلی كورد: چەوسایەوە
بەرەو ئازایەتی هانی داین
دوژمنی بۆ بێ هێز كردین
مانگی عاسمانی كوردانە
ئەوانەی بە مانگ دەوەڕن
بارزانی بابی هەژاران
شیوەن شایەنی تۆ نیە
من بۆ دەربڕینی هەستم

دایكی یەخسیری توركانە
لە ڕۆشنایی بێ بەشە
بووەتە دەنگی لای لایی
گۆشەی زیندانی شەدارە
بە دەوری خۆی دا دەڕوانێ
وەك دایكی مل بە زنجیرە
چەقەڵ بێری ، گورگ شوانە
ژین بە ئازادی دەفرۆشێ
بەندی خەنجەر دەترازێنێ
كێ هەیە ئەو پێی نەوەستێ
كوردستان گران شڕ دەكا
جەرگی شاهان دەتەزێنێ؛
كێ بێ بارزانی نەناسێ؟
كەس بە كوردی نەدەزانیی
هاواری بە دنیا گەیاند
لەسەر بەژ، لەناو دەریادا
پێت دەڵێ: بڵێ بارزانیم
بەهۆی ئەو بونە خاوەن بەش
لەوڕا گرچویان پتەوە
جێ خەوی تاشەبەردی ڕەق
بە بەندەن و لێڕانەوە
غەمخۆر و لە خۆشی بەری
قەت تاوێك نەحەسایەوە
ڕێگەی پیاوەتی نیشان داین
تاریكی لەسەر لابردین
بێ ئاوابوون و نەمانە
لە ڕاست لۆمەی ویجدان كەڕن
هەتوانی دڵ بریندارا ن
ئەسرین ڕژتن چی بۆ نیە
پەیمانت دەگەڵ دەبەستم

تا دەمرم پێت وەفادار بم چۆن بووم؟ هەرهەمان هەژار بم
بارزانی پاڵەوانی کورد هیوای پیر و جەوانی کورد
خەبەریان پێ دام تۆ مردوی بە دیمەن لەبەرچاو ون بوی
من دەزانم تۆ نامری تۆ لە مردن بەهێزتری

مامۆستا هەژار لە پلەی یەکەم خەباتکاری کورددا لەگەڵ مامۆستا عەلی عەبدوڵا سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕۆژی ١٩٨٩/١٢/٢ لە کۆنگرەی دەیەمی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی لە دەست مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکرات وەرگرت. ناوبراو بەرلەوەی کە باشوری کوردستان لە مانگی سێی ساڵی ١٩٩١ ئازاد بکرێت، ڕۆژی ١٩٩١/٢/٢١ بە مەودای کەمتر لە بیست ڕۆژ بەرلە ئازادبوونی باشوری کوردستان، دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوت و ماڵئاوایی لە کوردستان و هاوسەر و منداڵ و هەڤاڵانی کرد و هەرلەو ڕۆژەدا بە بەشداریی مەسعود بارزانی و ژمارەیەکی زۆر لە دۆست و هەڤاڵانی و کۆمەلانی خەڵکی مهاباد، تەرمەکەی لە گۆڕستانی گومبەزان لە تەنیشت مامۆستایان هێمن و حەقیقی و ژمارەیەک لە هەڤاڵانی سەردەمی کۆماری کوردستان بەخاکی پیرۆزی کوردستان سپێردرا. بەرلە کۆچی دوایی کردنی، ئەم پارچە شیعرەی بۆ دوای مردنی خۆی داناوە:

نامرادێک

لاوەکان، گەورەکچان، نازاران دڵبەران، دڵتەرەکان، دڵداران
دەمەڕۆن تاوێ بمێنن لێرە فاتحایێکی بخوێنن، خێرە
لەنێو ئەم گۆڕە هەژار نێژراوە زۆر لەڕیی ئێوە جەفای کێشاوە
ژینی خۆی کردە فیدای خۆشی کورد لەڕێی ئازادی بەناکامی مرد
توخوا کاتێ کە ئازادیو سەند ڕەگەزی خوێنمژەکانو هەڵقەند
کیژ و کوڕ هەرچی بەلاما لادا پێم بڵێ و پایێ بە قەبرم دادا
ئەی هەژار بەسیەتی مردن هەستە موژدەبێ مەوتەنەکەت سەربەستە

بەغدا: ١٩٤٨/١٠/١٥

هەروەها ئەم وەسیەتنامەیەشی بە نوسراوە لەدوای خۆی بەجێهێشتوە
بەناوی خودا
بە حەدیسی پێغەمبەرە، سلاوی خودای لێ بێ: "لەو دنیادا هەرکەس دەگەڵ ئەوانە حەشری دەکرێ کە لەسەر دنیا خۆشی ویستون". خواش ئاگادارە کە منی هەژار لە هەمو تەمەنی ژیانمدا هیچ کەسێکم بەقەدەر مەلا مستەفا بارزانی خۆش نەویستوە، کە بەرانبەر بەو حەدیسە دەبێ حەشرم دەگەڵ ئەو بێ و هەروەک لە دنیا لێیەوە نزیک بوم، لە قیامەتیش بە یەکێک لە نزیکانی خۆیم قبوڵ بکا. وەسیەت دەکەم بۆ ئەو کەسانەی دۆست و نزیکمن: ئەگەر ئەوەندەی بۆیان مومکین دەبێ، کاتێ مردم لاشەکەم لەبەر پێی مەرقەدی مەلا مستەفا بارزانی بنێژن، یان لانیکەم لەو گۆڕستانە بمنێژن کە ئەوی تێدا نێژراوە. لەوانەش کە دۆست و نزیکی بارزانین و لە پاشی بەجێماون دەپاڕێمەوە ئیجازە بدەن کە قەبرم لە قەبری مستەفا بارزانیەوە تا دەکرێ دور نەبێ، تا وەک لە دنیا هەمو دڵخۆشی و شانازیم بە دیتن و نزیکبون لەو بو، لاشەکەشم نزیک بە جەنازەی پیرۆزی ئەو بێ و ئەگەر خوای کرد و لە سایەی ئازادبونی کوردەوە جەنازەکەیان بردەوە بارزان، شتێک لە ئێسکی منیش بەرن و لەبەر پێی ئەودا ژێر خاکی کەن. ئەگەر بۆیان مومکین نەبێ وەسیەتەکەم جێبەجێ بکەن. خۆ ئەگەر بۆیان مومکین بێ و زەحمەت و دەردیسەری لەدو نەبێ و بە وەسیەتەکەم عەمەل نەکەن، لە قیامەت لای بارزانی گلەییان لێدەکەم. لێشم رونە چۆن هەر وەک لەسەر دنیا لاگیری لێدەکردم، ئەوساش لاگیریم لێدەکا.
ئیمزا: عەبدولرەحمان شەرەفکەندی، هەژاری شاعیر

ئەم وەسیەتە رۆژی ١٧ ی شەعبانیساڵی ١٤٠٤ هجری قەمەری،٢٩ اردیبهشت ١٣٦٣ هجری شەمسی، ١٩ مانگی مای ١٩٨٤ لە گوندی سلیڤان نوسراوە. هەژار

## دووەم گروپی خەڵاتکراوانی میدالیای بارزانی

دووەم گروپ لە خەڵاتکراوانی میدالیای بارزانی نۆ کەسایەتی، خزمەتکاری کورد و کوردستان و ڕێبازی مەلا مستەفا بارزانی بوون کە ڕۆژی ١٩٩٣/٨/١٦ لە کۆنگرەی یازدەیەمی پارتی دیموکراتی کوردستاندا میدالیای بارزانیییان بەشێوەی خوارەوە وەرگرتووە:

# موحسین ئەمین حاجی بایز



موحسین محەمەدئەمین حاجی بایز ناسراو بە موحسین دزەیی ساڵی ١٩٣٢ لە گوندی "دووگردەکان" لە ٢٥ کیلۆمەتری هەولێر لەدایک بووە. تەمەنی زۆر بچووک بووە کە باوکی کۆچی دوایی کردوە. ڕۆژی ١٩٣٨/١٠/٣، لە قوتابخانەی یەکەمی هەولیر دەستی بەخوێندن کردوە و خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی لە هەولێر بووە و دواتر چووەتە بەغدا و لە کۆلیجی یاسا خوێندویەتی. ساڵی ١٩٥٥ بە دوای تەواو کردنی خوێندن، بۆ ماوەی هەشت ساڵ کاری پارێزەری و بازرگانی و هەندێک جاریش کشتوکاڵی کردوە. ساڵی ١٩٦٣ پێوەندی بە شۆڕشی ئەیلولەوە کردوە و لە ١٩٦٨/٧/١٨ کە بەعسییەکان حوکمی عێراقیان بەدەست گرت، بە ڕاسپاردەی بارزانی پۆستی وەزیری کاروباری باکوریان پێسپاردوە و کاتێک بەعسییەکان بۆ جاری دووەم لە ١٩٦٨/٧/٣٠دا کودەتایان کرد، سەرلەنوێ موحسین دزەییان بۆ وەزارەت هەڵبژادەوە، بەڵام دواتر بەهۆی ناکۆکی لەنێوان شۆڕش و بەعسیەکاندا دەستی لە کار کێشایەوە و تا ساڵی ١٩٧٠ لە شاخ بووە. دوای ڕێککەوتنی ١١ی ئازاری ١٩٧٠، کراوە بە باڵیۆزی عێراق لە چێکوسلۆڤاکیا و بۆ ماوەی دوو ساڵ و نیو لەو پۆستەدا ماوەتەوە و بۆ ماوەی شەش مانگیش باڵیۆزی عێراق بووە لە کەنەداو دواتر گەڕاوەتەوە بۆ عێراقو کراوە بە وەزیری نیشتەجێکردن.

ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، بۆ ماوەی ساڵێک لە ئێران بووە و ڕۆژی ١٩٧٦/٦/١٩ کە بارزانی بۆ جاری دووەم بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکەی ڕەوانەی ئەمریکا کرا، موحسین دزەیی لەگەڵ مەسعود بارزانی، جیهاد بارزانی و هەروەها بە پێشنیازی ناوبراو، دوکتۆر نەجمەدین کەریم چوو بۆ ئەمریکا. سەرۆک بارزانی ڕۆژی ١٩٧٩/٣/١ لە ئەمریکا کۆچی دوایی کرد و ئیدریس بارزانی و موحسین دزەیی، محەمەد سەعید دۆسکی،

فەرهاد لوقمان بارزانی، ڕۆژی ١٩٧٩/٣/٣ تەرمەکەیان گەڕاندەوە بۆ ئێران و ڕۆژی ١٩٧٩/٣/٥ بەشێوەی کاتی لە گۆڕستانی بارزانییەکان لە شنۆ بە خاکیان سپارد، تا ئەگەر ڕۆژێک باشوری کوردستان ئازاد بوو، بیگوازنەوە بۆ زێدی باب و باپیرانی.



موحسین دزەیی دوای سێ مانگ لە ئێران ویستویەتی بچێت بۆلای بنەماڵەکەی کە لە بریتانیا بوون، بەڵام دەوڵەتی ئینگلیز ڤیزای پێنەداوە و بۆ ماوەی ساڵێک لە ئەڵمانیا بووە و لە مانگی ئاپریلی ١٩٨٠ لە ئەڵمانیاوە چووەتە بریتانیا.

ساڵی ١٩٨٧ کە ئیدریس بارزانی کۆچی دوایی کرد، موحسین دزەیی گەڕاوەتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بۆ ماوەی دوو ساڵ لە مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتدا وەک ڕاوێژکاری سەرۆکی پارتی درێژەی بە خەبات داوە و دواتر گەڕاوەتەوە بۆ بریتانیا و تا ساڵی ١٩٩١ بە نوێنەرایەتی مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکرات لە ئەوروپا ئەرکی پارتی بەڕێوەبردوە. ساڵی ١٩٩١ گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان، بەڵام تا ساڵی ١٩٩٢ لەنێوان کوردستان و دەرەوەی وڵاتدا لە هاتوچۆدا بووە و دواتر لە هەولێر نیشتەجێ بووە. ناوبراو بەشداری کۆنگرەی ٨ و ١٢و ١٣ی پارتی دیموکراتی کردوە. لە کۆنگرەی هەشتەمدا چاودێری کۆنگرە بووە و ئێستا خانەنشینە و سێ بەرگ لە بیرەوەرییەکانی خۆی لەژێر ناوی "وێستگەکانی ژیانم" بڵاوکردۆتەوە. بەهۆی خزمەتەکانییەوە ڕۆژی ١٩٩٣/٨/١٦ لە کۆنگرەی ١١ی پارتی دیموکراتی کوردستاندا میدالیای بارزانی پێدراوە و چونکە خۆی لە دەرەوەی وڵات بووە، سەفین دزەیی کوڕی بە وەکالەت میدالیاکەی لە سەرۆک مەسعود بارزانی وەرگرتووە. سەبارەت بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی دەڵێت: **(زۆر خوشحاڵ بووم. میدالیای بارزانی لای من شتێکی گەورەیە و ئەوانەی میدالیای بارزانی وەردەگرن، سەلماندویانە کە خزمەتی کورد و کوردستان و ڕێبازی سەرۆک مستەفا بارزانییان کردوە.)**

## حەمید موراد محەمەد



حەمید موراد محەمەد بەرواری ناسراو بە حەمید بەرواری و عەریف حەمید ساڵی ١٩٣٥ لە گوندی "کانی سارک"ێ لە ناوچەی بەرواری باڵا سەربە قەزای ئامێدی لەدایک بووە. ساڵی ١٩٥٢ عەریف بووە لە سوپای عێراقدا کە پێوەندی بە ڕێکخراوی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە لە بەغدا گرتووە و ساڵی ١٩٥٥ بە ئەندامی پارتی وەرگیراوە. ساڵی ١٩٥٦ بە بڕیاری حیزب ٥٠٠ وێنەی سەرۆک مستەفا بارزانی کە هی سەردەمی کۆماری کوردستان بووە، بە بەرگی ژەنەراڵی بڵاوکردوەتەوە کە ئیستخبارات پێی زانیوە و تەنانەت یەکێک وێنەکانی لە کتێبێکی ناوبراودا دۆزیوەتەوە و بە تاوانەوە گرتوویەتی. ناوبراو تا کودەتای ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ کە عەبدولکەریم قاسم دەسەڵاتی بەدەست گرت، لە بەندیخانەدا بووە. دوای ئازاد بوونی لە زیندان، حەمید بەرواری لە کەرکوک بووە و ساڵی ١٩٦١ کە بارزانی شۆڕشی ئەیلولی ڕاگەیاند، سوپای بەجێهێشتوە و چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی پارتی لە گەرمیان و لە گوندی خاڵۆ بازیان بووە. ناوبراو یەکێک بووە لە سەرپەلە قارەمان و بە ئەمەگەکانی پارتی دیموکرات و بارزانی و بەشداریی دەیان شەڕی قورسو چارەنوسسازی کردوە. ڕۆژی ١٩٦٢/٧/١٧ لەگەڵ پێشمەرگەکانی هاوڕێی بازگەی پۆلیسی ناحیەی ڕێداری چەککردوە. ساڵی ١٩٦٣ کراوە بە سەرلقی یەکی گەرمیان. دوای کۆنگرەی ماوەت لە ساڵی ١٩٦٤ و جیابوونەوەی باڵی ئیبراهیم ئەحمەد لە پارتی دیموکرات، کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی شەشەمی پارتی لە قەڵادزێ، ڕێکخراوەکانی بەرپرس کرد لە پاککردنەوەی لایەنگرانی ئیبراهیم ئەحمەد و ئەرکی پاککردنەوەی ناوچەکانیشی بەم فەرمانداندنە سپارد: عەقید نوری مەلا مەعروف، نوری مەلا حەکیم، عەبدولوەهاب ئەتروشی، ڕەشید سندی، تاریق ئەحمەد، حەمە شەمێرانی، حاجی شێخ قادر، حەمید بەرواریی و چەند کەسی تر. ئەو ژمارەیە ڕۆژی ١٩٦٤/٧/١٢ بەرەو مەئموریەتی خۆیان چوون و ئەرکەکەیان بە دروستی

بەجێگەیاند و باڵی ئیبراهیم ئەحمەد ناوچەی ماوەتیان بەجێهێشت و خۆیان گەیاندە ئالانی سەردەشت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ڕۆژی ١٩٦٥/٦/٤ سوپای عێراق بە لیواکانی ٣ و ٥ و ٢٠ و ٢٥ و بە هاوکاریی ژمارەیەکی زۆر جاش و بە پشتیوانیی یەکەیەکی فڕۆکەوانی لە بنکەی ئاسمانیی کەرکوک و دوو یەکەی تۆپخانە و یەکەیەکی تانک هێرشی کردە سەر ناوچەی قەرەداغ. لە پێنج ڕۆژی یەکەمی شەڕدا دوژمن توانی بەشێک لە ناوچەکە داگیربکات و پاشەکشە بە پێشمەرگەکان بکات. لەو شەڕەدا حەمید بەرواری سەرلقی بەتالیۆنی پێنجەمی هێزی قەرەداغ بوو کە قارەمانەتی گەورەی نواند. ناوبراو بەپێچەوانەی فەرمانی موقەدەم ڕوکن عەزیز ئاکرەیی کە فەرمانی کشانەوەی بە پێشمەرگەکاندابوو، لە ناوچەکە پاشەکشەی نەکرد و لە ئاکامدا بەو نەکشانەوەی دوژمنی شکاند. دواتر مینێکی لەسەر ڕێگای هاتوچۆی ئوتۆمبێلەکانی دوژمن چاند کە لەژێر ئوتۆمبیلی موقەدەم ڕوکن مەحمود عەزیز و سێ لە فەرماندەکانی دوژمن تەقییەوە. بە کوژرانی ئەو چوار ئەفسەرانە، دوژمن ناچاربوو پاشەکشە بکات. دەنگۆی ئەو قارەمانەتییەی حەمید بەرواری لەنێو پێشمەرگەکاندا بڵاوبۆوە و پێشمەرگەکان گەڕانەوە ناوچەی قەرەداغ و دوژمنیان لە ناوچەکەیان دەرکرد. موقەدەم ڕوکن عەزیز ئاکرەیی بەبێ لەبەر چاوگرتنی ئەو سەرکەوتنە، لە نامەیەکدا بۆ بارزانی داوای لێپێچینەوەی لە حەمید بەرواری کرد بە تاوانی لەژێر پێنانی فەرمانی کشانەوەی لە ناوچەکە کە بارزانی وەڵامی دایەوە: **"حەمید بەرواری شایانی خەڵاتکردنە نەک لێپرسینەوە و پلەی فەرماندەی بەتالیۆنی پێنجەمی پێبەخشی."**

ساڵی ١٩٦٨، حەمید بەرواری لە لقی سێی کەرکوکەوە ڕەوانەی ناوپردان دەکرێ کە بەشداریی بکات لە خولی کادیرانی پارتی دیموکرات. ناوبراو بەدوای تەواوکردنی ئەو خولە دەگەڕێتەوە ناوچەی بەرپرسایەتی خۆی. ساڵی ١٩٦٩ سوپای عێراق بە هاوکاریی باڵی ئیبراهیم ئەحمەد زنجیرە چیای پیرەمەگرونی داگیرکرد، سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول هێزی قەرەداغ، بەشێک لە هێزی هەڵگورد و بەتالیۆنی شوانی، بە فەرماندەیی حەمید بەرواری، حەمەسوور حوسێن، عەبدولڕەحیم



جەسیم بارزانی، حاجی شێخ قادر و سەید عاسی دانا کە بە فەرماندەیی ڕەشید سندی و سەرپەرشتیی محەمەد مەحمود عەبدولڕەحمان "سامی عەبدلڕەحمان"، پیرەمەگرون ئازادبکەن. ڕۆژی ١٩٦٩/١١/١٨، پێشمەرگەکان بە بەرنامەیەکی تۆکمە، هێرشیان کردە سەر زنجیرە چیای پیرەمەگرون و بەرزاییەکانی هەلاج و لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا، سوپا و جاشەکانی ٦٦یان لەو ناوچەیە پاککردەوە. لەم بارەیەوە ڕەشید سندی لە وتووێژێکی تایبەتدا دەڵێت: (عەسکەر و قواتی مام جەلال هێرشیان کردە سەر ناوچەی هێزی ڕزگاریی و مەقەڕی هێزیان گرت. عەبدولڕەحمان قازی فەرماندەی هێز بەرەو گوندی گەورەدێ و چیای ژیروان و دۆڵی جافایەتی کشابۆوە. مەلا مستەفا فەرمووی من بچم فەرماندەیی شەڕەکە بکەم و سامی عەبدولڕەحمانیش لەلایەن مەکتەبی سیاسییەوە سەرپەرشتی کرد. جاش و عەسکەر، شاخی قەیوانیان تا دەگاتە سەرگەڵو گرتبوو، مێرگەپان، شەدەڵە، سووررداش و ...تد، هەمویان لەدەست جاشەکاندا بوو. ئێمە بووین بە سێ بەش، هێزێکمان بە گاپێڵۆن و سەرگەڵودا، هێزێکمان بە لای قەیواندا بۆ زنجیرە چیای دابان و قوەتی سێیەمیش لە باڵخەوە بۆ مێرگە. لەبەر ئەوە بە یەک بەرەدا نەچووین کە ڕێگەی دەستکردنەوەیان لێ بگرین و کوشتار زۆر نەبێ. پێش ساڵێک من فەرماندەی هێزی ئەو ناوچەیە بووم و ناوچەکەم دەناسی. سەرە بەیانی زوو لە هەموو لایەکەوە هێرشمان کرد، نزیکەی نیو کاتژمێر شەڕیان کرد و نزیکەی ١١٠ تەرمی جاش و عەسکەریان بەجێهێشت، سورداش و سەرمۆرت و هەموو ناوچەکەمان گرتەوە و تا نزیک دووکان ڕاومان نان و کاتێک چوون لە سەربازگەی دووکان و سۆسەوە لێیان گەڕاین. حەمید بەرواری فەرماندەی بەتالیۆنی پێنجی جەباریی قەرەداغ بوو.)

دوای ڕێککەوتنی ١١ی ئازاری ١٩٧٠، پارتی دیموکرات ڕۆژی ١٩٧٠/٧/١ بە بەشداری ٤٨٨ ئەندامی نوێنەر، کۆنگرەی هەشتەمی خۆی لە گەلاڵە پێکهێنا، لەو کۆنگرەیەدا حەمید بەرواری بە ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا. دوای کۆنگرەی هەشتەم ناوبراو دەکرێ بە فەرماندەی فەوجی پاسەوانی سنوری پێنجوێن. ڕۆژی ١٩٧٠/١٢/١، ئیدریس بارزانی بۆ جێبەجێکردنی هەندێک ئەرکی شۆڕش کە پێوەندیان بەڕێککەوتنی ئادارەوە هەبوو، لەگەڵ محەمەدعەزیز قادر دەچێت بۆ بەغدا. لەوێ بەشێک لە ئەرکەکان جێبەجێ دەکات و سەردانی چەند کاربەدەستی حکومەت و

شۆڕشـيش دەكـات كە لە سـەرەوە، واتە بارەگـای بـارزانييەوە ئاگـاداری دەكەنەوە، بگەڕێتەوە بۆ كوردستان. كاك ئيدريس، محەمەدعەزيز قادر لەگەڵ پێشـمەرگەيەک لە بەغـدا بەجێـدەهێڵێ كە يەک دوو ڕۆژیتـريش لەوێ بمێنێتەوە و باقی كارەكان جێبەجێ بكات و پێی دەڵێ: **(ئەگەر تا دوو ڕۆژی تر كارەكانت بۆ جێبەجێ نەبوون، بگەڕێوە.)** لەوكاتەدا حەميد بەرواری دێتە لای كاك ئيدريس و دەڵێ: ليستەی پێشمەرگەكانی فەوجی پاسەوانی سنورم هێناوە و داوا لە كاك ئيدريس دەكات بۆ ڕاپەڕاندنی كارەكەی يارمەتی بدات. كـاک ئيـدريس ئەو ئەركەش بە كـاک محەمەدعەزيـز دەسـپێرێ كە بەهـۆی وەزيرەكـانی سەربەشـۆڕش كـارەكەی بـۆ ئەنجـام بـدات و ئوتـۆمبيلە مارسيدسەكەی خۆی بۆ محەمەد عەزيز بەجێدەهێڵێ و خۆی ئێوارەی ڕۆژی ١٩٧٠/١٢/٦ بە سواری تاكسی دەگەڕێتەوە بۆ هەولێر. كاتژمێر ١٩:٠٠ "حەوتی ئێوارە" محەمەد عەزيز و حەميد بەرواری لەگەڵ حوسێن كاوانی شۆفيری ئوتۆمبيلەكە و دوو پێشمەرگەی هاوڕێيان دەچن بۆ بارەگای لقی پێنجی پارتی ديمـوكرات "مەقەڕی خەبـات"، بەڵام نـافيز جەلال و وەزيرەكـانی تـری سەربەشۆڕش لەوێ نابن. لەبەر ئەوە دەچن بۆلای كاک سەرداری حەمە ئاغای خاڵی نێچيرڤان بارزانی لە هۆتێل سەندباد. لەوێوە محەمەد عەزيز تەلەفۆن دەكات بۆ مەقەڕی خەبات كە نافيز جەلال وەڵامی دەداتەوە. محەمەد عەزيز لە زاری كـاک ئيـدريس بـارزانييەوە داخـوازەكەی حەميـد بەرواريـی پێڕادەگەيەنـێ و ئەويـش دەڵێـت: **(زوو بيـانهێنن.)** حەميـد بەرواری لەگەڵ حوسێن كـاوانی و پێشـمەرگەيەكی هـاوڕێی دەچـن، ليستەكان دەگەيەنـن و دەگەڕێـنەوە هۆتێـل سـەندباد و لەلای كـاک سـەردار شـيو دەخـۆن. شـەو دەوروبەری كـاتژمێر ١٢، هەموويـان سـواری ئوتۆمبيـل دەبـن كە بگەڕێـنەوە هۆتێـل ئـۆپەرا. دەگەنە گۆڕەپـانی "سـاحەت عەقەبە بـن نـافع" و دەوری گۆڕەپـانەكە لێدەدەن و دەگەنە گۆڕەپـانێكی بچووكتر كە لەنێـوان "سـاحەت عەقەبە بـن نـافع" و هۆتێـل ئـۆپەرا هەڵكەوتبـوو. لەوێ دوو چەكـدار لە ناوەڕاستی ئەو گۆڕەپـانە و چەكدارێكيش لەوبەری كـۆڵانی هـۆتێلەكە وەبەر دەسترێژيان دەدەن. لەوكاتەدا حوسێن كاوانی بە لێزانيی خۆی ئوتۆمبيلەكەی لە تەقەكە دوور دەكـاتەوە دەچێـتە شـەقامی ٥٢. لە ئاكـامی ئەوكـارە تيرۆريستييەدا حەميد بەرواری بە توندی بريندار دەبێ. بە وتەی مشير قادر سـادق هەركـی و مـحەمەد ئەسـعەد فەتـاح هەركـی كە هەردووكيـان لەو

سەردەمەدا چەکی ڕژێمیان پێبوو و دەنگیان لای من پارێزراوە: **(ئەرشەد و لەتیف ئەحمەد زێباری دەستیان هەبوو لەو تەقە کردنەدا.)**

بەدوای ئەو برینداربوونەیدا، ئیتر حەمید بەرواری لە ڕۆیشتن دەکەوێ و ناتوانی وەک هەڤاڵە پێشمەرگەکانی دەشت و چیا و دۆلەکانی کوردستان ببڕی، لەبەر ئەوە مەکتەبی سیاسی پارتی لە نزیک بارەگای خۆی لە ناوپردان بنکەیەکی پێشمەرگەی بۆ دەکاتەوە و ئەرکی پاراستنی ناوچەکەی پێدەسپێرێ. ساڵی ١٩٧٣، عزیز ئاکرەیی و هاشم ئاکرەیی و ئیسماعیل مەلا عزیز کە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوون، حیزبیان بەجێهێشت و جوون بۆ بەغدا و حەمید بەرواری جێگری کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی هەشتەم کرا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، حەمید بەرواری بە پیرانشاردا دەچێ بۆ ورمێ و لەوێوە لەگەڵ سامی عەبدولڕەحمان، ڕەشید عارف و عەلی شنگاری کە هەموویان لە بینایەکدا بوون، دەگواسترێنەوە بۆ کەرەج. هاوکات لەگەڵ بوژانەوەی ئۆرگانەکانی پارتی دیموکرات، حەمید بەرواری پەیوەست بوونی خۆی بە شۆڕشی گوڵان ڕادەگەیەنی و بەشداریی کۆنگرەی نۆیەمی پارتی لە ساڵی ١٩٧٩دا دەکات و بە دوای ئەو کۆنگرەیەدا ئەرکی بەرپرسایەتی لقی هەشتی پارتی لە ئێران پێدەسپێرن کە تا ساڵی ١٩٨٤ لەو ئەرکەیدا بەردوام دەبێت و لەو ساڵەدا بەهۆی ئازار و نەخۆشی بە ئیزنی سەرکردایەتی پارتی، ئێرانی بەجێهێشتوە و لە سوید بووەتە پەنابەری سیاسی و لە شاری لینشۆپینگ نیشتەجێ کراوە و توانیویەتی بەشداریی بکات لە بۆنە سیاسییەکان و هاوکاری ڕێکخراوی پارتی لە شارەکەی و لیژنەی پارتی دیموکرات لە سوید بکات. ڕۆژی ١٩٩٣/٨/١٦، حەمید بەرواری لە کۆنگرەی ١١ی پارتی دیموکراتی کوردستاندا میدالیای بارزانی پێدراوەو ڕۆژی ٢٠١١/٤/١٤ لە نەخۆشخانەی ئازادی دهۆک کۆچی دوایی کردوە.

## نادر عەلی موراد



نادر عەلی موراد ناسراو بە نادر هەورامی ساڵی ١٩٣٣ لە گوندی نارنجڵە لە ناوچەی هەورامان لە قەزای هەڵەبجە لەدایک بووە. ساڵی ١٩٦٢ لە ناوچەی بادینان سەربازی سوپای عێراقدا بووە و چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی لقی یەکی بادینان. ساڵی ١٩٦٣ لەگەڵ چەند پێشمەرگەی تر گواستراوەتەوە بۆ هێزی خەبات لە ناوچەی باڵەکایەتی و ساڵی ١٩٦٥ لەو هێزەدا کراوە بە سەرلق. ساڵی ١٩٦٦ لە شەڕی جاشە ٦٦ەکاندا بە بریندارى کەوتووە دەست جاشەکان و ئەوان ڕادەستی حکومەتی عێراقیان کردوە. هەرلەو ساڵەدا دوای ڕاگەیاندنی ڕێککەوتنی ٢٩ی حوزەیران لە زیندان ئازاد کراوە و گەڕاوەتەوە ڕیزی پێشمەرگەکان و بۆ ماوەیەک لەگەڵ پێشمەرگەکانی دەشتی هەولێر بووە و دواتر گواستراوەتەوە بۆ ناوچەی هەورامان و تا ساڵی ١٩٧٥ و ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول، ئەرکی جیاوازی وەک فەرماندەی لق و بەتالیۆن لە هێزی هەورامانندا هەبووە و بەشداریی زۆربەی شەڕەکانی ناوچەی هەورامان و هەڵەبجەی کردوە. ساڵی ١٩٧٥ بەدوای ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلولدا چووەتە تەوێڵە و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ کۆمەڵگای سەریاس لە پاوە و لەوێشەوە گواستراوەتەوە بۆ شاری موغان لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات. دوای ڕاگەیاندنی شۆڕشی گوڵان لە ١٩٧٦/٥/٢٦، ناوبراو بە ڕاسپاردەی ئیدریس بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەی هەورامان بە نوسینی محەمەدی مەلا قادر لە کتێبی "سەربوردەی نەمران"دا بۆ ماوەیەک لەگەڵ حیزبی سۆسیالیست بووە و دواتر هێزێکی لە پێشمەرگەکانی پارتی لە ناوچەی هەورامان پێکهێناوە و لەگەڵ شۆڕشی گوڵان کەوتووە.

دوای پەیوەستبوونی بە شۆڕشی گوڵان، نادر عەلی موراد لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٧دا لەگەڵ حەمید حوسێن مەلا "حەمید ئەفەندی"، عەریف یاسین، مستەفا

نێروەیی، مولازم یونس ڕۆژبەیانی و مەلا ئەمین بارزانی بە خزمەت ئیدریس بارزانی گەیشتوە و دوای وەرگرتنی ئامۆژگاریی، هەرکامەیان لەگەڵ ٥- ٦ پێشمەرگە زۆر بەنهێنی گەڕاونەتەوە بۆ باشوری کوردستان. حەمید ئەفەندی بۆ ناوچەی برادۆست، لە بارزانەوە تا باڵەک. مولازم یونس و مەلا ئەمین بۆ ناوچەی بارزان تا دەگاتە سنوری نێوان باشور و باکوری کوردستان. مستەفا نێروەیی بۆ ناوچەی نێروە. عەریف یاسین بۆ ناوچەی دۆسکی تا دەگاتە سنوری نێوان باشور و باکوری کوردستان و نادر عەلی هەورامی بۆ ناوچەی سلێمانی و هەورامان. ئەوانە لە مەفرەزەی گەڕۆک و دەستوەشێندا پێشمەرگە و ڕێکخراوەکانی پارتی دیموکراتیان ڕێکخستوەتەوە. نادر عەلی موراد کە لە ناوچەکەیاندا بە پێشمەرگەیەکی ئازا ناوبانگی دەرکردبوو، زۆر زوو توانی لە هەڵەبجە، سەید سادق، بیارە و گوندی ئاوێر لە پشت هاوار، بڵخە، سورێن و بەمۆ و شاخ و گوندەکانی تری هەورامان ژمارەیەکی زۆر پێشمەرگەی کۆن و نوێ وەک: فەیروز بیارەیی، حەمەی ڕەمەزان، مەلا فایق بازیانی، سەید بەهائەدین ئیمامی، ئەکرەم دێکۆنی، ئەنوەری حاجی عوسمانی و...تد لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە و بە دەرەتانێکی کەمی ئابووریی و سەربازیی، چەندان مەفرەزەی گەڕۆکیان لێ پێک بێنێت. ساڵی ١٩٧٨، نادر هەورامی هاوکات کراوە بە بەرپرسی لقی ٣ ی کورکوک و ٤ی سلێمانی. ساڵی ١٩٧٩، لەگەڵ ١٣ کادیر و پێشمەرگەی ناوچەی هەورامان گەڕاوەتەوە بۆ ڕاژان و ڕۆژی ١٩٧٩/١١/٤ بەشداریی کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکراتی کردوە و لەو کۆنگرەیەدا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی دیموکرات هەڵبژێردراوە و دوای کۆنگرەی نۆیەم گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەی هەورامان.



لە پاییزی ساڵی ١٩٨١دا پێشمەرگەکانی هێزی هەورامان بە سەرۆکایەتی نادر عەلی هەورامی لەگەڵ پێشمەرگەکانی حیزبی سۆسیالیستی کوردستان بە سەرۆکایەتی حەمەی حاجی مەحمود لە بەرەی جوددا، لە ناوچەی ناڵپارێز لە چەوتان بەرەو شاربازێر ڕووبەڕوی پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانی بوونەتەوە لە تێکهەڵچوونێکدا بە وتەی ئەکرەم دێکۆنی کە بەرپرسی

مەفرەزەیەکی پێشمەرگە بووە، ٢٤ پێشمەرگەیان شەهید بووە. ناوی سێ لەو پێشمەرگانە بریتی بووە لە: نامیق حەمە گوڵپی، فازل قەتە گوڵپی و عومەر سابیر خەڵکی گوندی ڕۆستەم بەگ سەربە ناحیەی خورماڵ. هەرلەو ساڵەدا، عەریف دەروێش سندی، سنعان سلۆری، سەفەت شیوی، باقی جبرئیل مێزوری و حەمید حەیدەر ئەرگوشی لەگەڵ نزیکەی ٢٦٠ پێشمەرگە کە ڕەئیس عەبدوڵا فەرماندەیان بووە، لەگەڵ مولازم یونس ڕۆژبەیانی و ئازاد قەرەداغی چوونەتە ناوچەی زەهاو و دواتر لەگەڵ هێزەکانی نادر عەلی هەورامی یەکیان گرتووەتەوە کە ناوچەی هەورامان پتر ببوژێننەوە. هەرلەو ساڵەدا نادر هەورامی بەشداریی شەڕی بەرگریکەرانەی گوندی تەپە سەرەقوڵەی شارەزووری کردوە. فەیروز محەیەدین حوسێن ناسراو بە فەیروز بیارەیی دەربارەی چۆنیەتی ئەو شەڕە و ژمارەی شەهید و بریندارەکانی دەڵێت: **(لە گوندی تەپە سەرەقوڵەی شارەزوور، لەگەڵ نادر هەورامی، ئازاد قەرەداغی و قادر قادر بووین کە ڕژێم بە تانک و جاش و سەرباز و هێلیکۆپتەر هێرشی بۆمان کرد. لە بەیانییەوە تا ئێوارە شەڕ بەردەوام بوو، دوژمن زیانێکی زۆری لێکەوت و ئێمەش پێشمەرگەیەکمان بەناوی حەمە قوتە شەهید و ١٦ پێشمەرگەشمان بریندار بوو کە من خۆم یەکێک بووم لە بریندارەکان.)**

ساڵی ١٩٨٨ نادر عەلی هەورامی کراوە بە بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکرات. ناوبراو لەگەڵ کۆسرەت ڕەسوڵ بە نوێنەرایەتی بەرەی کوردستانی لەگەڵ پێشمەرگەکانی پارتی دیموکرات و مەڵبەندی یەکێتی نیشتمانی لە گوندی تۆتمە لە ناوچەی بالیسان کۆبووەتەوە. ڕۆژی ١٩٨٨/٨/٢٦ هەردوو لایەن بڕیاریان داوە لە بەرامبەر ئەنفالەکاندا شاری کۆیە بگرن، بەڵام دواتر بڕیارەکەیان گۆڕیوە و جەختیان لە پاراستنی دۆڵی بالیسان، مەلەکان، گەروی گەرەوان، دوڵی ئاکۆیان کردوەتەوە. لەو بارەیەوە مستەفا کەریم وەیسی ناسراو بە زریان شێخ وەسانی دەڵێت: **(یەکێتی کەپکی حەمەئاغای، ئالانە، سەری جوانەگا و دوڵی ئاکۆیانی تا هەندرێن لە ئەستۆ گرت و پارتی چیوەوچیوە، چیای هەورێ، چیای موسەک، چیای مل مازی، مۆتە، پانەسەر، کێلی شەربە، دەری زێوەی لە چیای ماکۆک بەرکەوت. ئێمە چووین ناوچەکانی خۆمان گرت و لەوێ ماینەوە، بەڵام کۆسرەت ڕەسوڵ بەبێ ئاگادار کردنەوەی ئێمە، شەوی دوایی ناوچەی پێسپێردراویان چۆل کردبوو و چووبوون بۆ دۆڵی باڵەیان و قەندیل. کاتژمێر ٦ی بەیانی ڕۆژی ١٩٨٨/٨/٢٨ ڕژێمی عێراق هێرشی بۆ کردین،**

تا ٤ی ئێواره شەڕمان کرد و دوژمنمان شکاند و پاشەکشەی کرد. هەرچەنده ئێمه زیانی زۆرمان بە دوژمن گەیاند، بەڵام ئەگەر پێشمەرگەکانی یەکێتی لە شوێنەکانی خۆیان مابانەوه، ژمارەیەکی کەم لە هێزەکانی دوژمن دەردەچوون. ئەوکاتە نادر هەورامی کە پێشتر لاقی شکابوو و بە گۆچان دەڕۆیشت، لە ئەشکەوتی شنه لە نزیک چیای ماکۆک بوو، بە بێتەلی دەستی ئاگاداری کردم کە بچمەلای. من بە ٦٠ پێشمەرگەوه چووم. گوتی: "دوژمن خەریکە لە ماکۆکەوه هێرش دەکات و بچۆ سەری ئەو یاڵەم بۆ بگره." هەڵگورد بەرپرسی ناچەی شەقڵاوه لەگەڵ ١٠- ١٥ پێشمەرگه و یاسین تەها بەرپرسی ناوچەی ڕەواندز بە ١٠- ١٥ پێشمەرگه لەوێ بوون. من چوومه لایان و ژمارەمان نزکەی ٩٠ پێشمەرگه بوو. دوژمن هات و ئێمه لە گوندی زێوه، بەڕۆژه و سەری دەری زێوه و ماکۆک لێماندان. بۆ ماوەی دە کاتژمێر شەڕ بەردەوام بوو و سەرئەنجام دوژمن پاشەکشەی کرد.) بە دوای ئەو شەڕەدا، نادر هەورامی بروسکەیەکی مەسعود بارزانی سەرۆکی بەرەی کوردستانی پێدەگات کە پێشمەرگەکان بە یەکگرتوویی بەرەو قەندیل بکشێنەوه و لەوێ لەمپەرێک دروست بکەن بۆ بەرپەرچ دانەوەی دوژمن.

نادر عەلی هەورامی یەکێک لە فەرماندەکانی بەشدار لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ی باشوری کوردستان بووه. لەو بارەیەوه محەمەد مەلا قادر دەڵێت: (لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا من بەرپرسی ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی پارێزگای هەولێر بووم و عەبدولموهەیمن بارزانی، خورشید شێره، عومەر عوسمان هاوکارم بوون. نێچیرڤان بارزانی بەرپرسی ناوچەکانی سەربە پارێزگاکانی سلێمانی و کەرکوک بوو، قادر قادرو نادر هەورامی هاوکارییان دەکرد.) هەرلەو بارەیەوه ڕەشید عارف دەڵێت: (ڕۆژی ١٩٩١/٣/١٠، لەگەڵ دەروێش عەبدولڕەحمان، نادر عەلی هەورامی، قادر قادر بەرپرسی لقی ٤ی سلێمانی، فایق تۆفیق و هەموو کارگێڕانی لقەکانی ٣ و ٤ کە ئەندامی سەرکردایەتی پارتی بوون بە سەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانی کەرتی سلێمانی و کەرکوک پێکهات و پێکەوه بەشداریی ڕاپەڕینمان کرد.)

ڕۆژی ١٩٩٣/٨/١٦، لە کۆنگرەی ١١ی پارتی دیموکراتی کوردستاندا نادر عەلی هەورامی بەهۆی خزمەتەکانی بە کورد و کوردستان و ڕێبازی بارزانی میدالیای بارزانی وەرگرتووه. ساڵی ١٩٩٤ کە شەڕی ناوخۆ سەریهەڵدا، ناوبراو بەرپرسی لقی چوار و فەرەیدون جوانڕۆیی ئەندامی لق لە شەمیران و هەڵەبجە بوون.

فایق تۆفیق "فایقە ڕەش" وەک خۆی دەڵێت سلێمانی بەجێهێشتوە و چووەتە هەڵەبجە و ئەحمەد ئاوا کە نادر هەورامی، فەرەیدون جوانرۆیی، نوری حەمەعەلی و محێەدین ڕەحیم بە هێزەکانیانەوە لەوێ بوون. ساڵی ١٩٩٦ لە شەڕی دووەمی ناوخۆدا، نادر هەورامی چووەتە هەولێر. لەو ساڵانەی دواییدا ناوبراو توشی نەخۆشی بووە و دوای ململانێیەکی زۆر لەگەڵ نەخۆشییەکەی، رۆژی ٢٠١٣/٦/٢٦ لە وڵاتی نەمسا کۆچی دوایی کرد. بەم بۆنەیەوە مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕۆژی ٢٠١٣/٦/٢٧ پەیامێکی ئاراستەی بنەماڵە و هەڤاڵانی نادر هەورامی کرد کە لە ژێرەوە دەیبینن:

بەناوی خوای مەزن و دلۆڤان کۆچکردنی برا و دۆستی دێرینم کاک نادر هەورامی زۆر خەمباری کردم و زەحمەتە بە چەند دێڕێک بتوانم پێناسەی ئەو مرۆڤە جوامێر و ئازایە بکەم. کاك نادر هەورامی ئەو پێشمەرگە و تێکۆشەرە بوو کە هەرچی خەسڵەتی چاکە لەودا کۆببوونەوە، ئەو مرۆڤێکی نیشتیمانپەروەر، دڵسۆز، دیندار، وەفادار، کۆڵنەدەر، مەرد و نەترس بوو و لە هەر پلە و پایەیەکدا بووبێت جێدەستی دیار بوو و لە دەستدانیشی بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان خەسارەتێکی گەورەیە. بەم بۆنە خەمناکەوە سەرەتا سەرەخۆشی لە خۆم دەکەم و هاوخەمیی خۆم بۆ خانەوادە بەڕێزەکەی و سەرجەم هەڤاڵانی ئەم تێکۆشەرە گەورەیە دەردەبڕم و لە خوای گەورە داواکارم سەبووریی و دڵنەوایی بە هەموو لایەکمان ببەخشێت و گیانی خوالێخۆشبوویش بە بەهەشتی بەرین شاد بکات.

انا لله و انا الیه راجعون

مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان

٢٠١٣/٦/٢٧

## عومەرئاغا محەمەد عومەرئاغا شوان



عومەرئاغا محەمەد عومەرئاغا شوان ناسراو بە عومەرئاغای دۆڵەمەری ساڵی ١٩٢٧ لە گوندی "لێلوک" لە قەزای مێرگەسور لەدایک بووە. لە تەمەنی منداڵیدا ماوەیەک بەرخەوان و ماوەیەکیش شوان بووە. ساڵی ١٩٤٥ چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی سەربە هێزی بارزان. ڕۆژی ١٩٤٥/٩/٥ بەشداری شەڕی قورس و جەرگبڕی "مەیدان مۆریک"ی کردوە و ڕۆژی ١٩٤٥/٩/١١ لەگەڵ بارزانییەکان پەڕیوەتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە گوندی باڵخچی نیشتەجێ کراوە. ڕۆژی ١٩٤٦/٣/٢ لەگەڵ هێزی تایبەت بارزانی لە مهاباد بووە. دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان بەشداریی شەڕەکانی دەشتی شنۆ و هەلەجی کردوە. یەکێک بووە لە هەڤاڵانی بارزانی لە سۆڤیەت و لە ڕێگای پەرینەوەیاندا لە ئاراس، بەشداریی شەڕەکانی قتور و پردی ماکۆی کردوە. لە ئازەربایجانی سۆڤیەت بۆ ماوەی نزیک بە ساڵێک مەشقی سەربازی پێکراوە و دواتر لەگەڵ بارزانییەکان لە ئازەربایجانەوە دوورخراوەتەوە بۆ پارێزگای ئۆزبەکستان و بۆ ماوەی نزیک بە چوار ساڵ لە گێڵگەی پەمۆدا کاری کردوە. دوای مردنی ستالین و لە سێدارەدانی باقرۆڤ، کە خرۆشۆڤ لەسەر داوای بارزانی ڕایگەیاند: **(بارزانییەکان مافیان هەیە بخوێنن و کار بکەن)**، عومەرئاغا بڕوانامەی بەشی کشتوکاڵی لە زانکۆی تاشکەند وەرگرت. ساڵی ١٩٥٩ لەگەڵ هەڤاڵانی گەڕایەوە بۆ عێراق و لە ئیدارەی کشتوکاڵی هەولێر دامەزرا. بەرلە ڕاگەیاندنی شۆڕشی ئەیلول لەلایەن بارزانییەوە، بە تێکچوونی پێوەندیی نێوان بەغدا و پارتی دیموکرات، عومەرئاغا گەڕایەوە بۆ بارزان و لە خزمەت بارزانیدا بووە. ساڵی ١٩٦١ لە بارزانەوە لەگەڵ بارزانی بووە تا پاککردنەوەی هێزەکانی جاش و سوپای عێراق لە ناوچەی بادینان و لە شەڕەکانی گەلی زاویتە و سەری ئاکرێ و پیرسدا بەشداری کردوە. یەکێک بووە لەو سەرقۆڵانەی کە لەگەڵ بارزانی پەڕیوەتەوە بۆ ناوچەی سۆران و لە

سەنگەسەر، ڕانیە و دیلمان لەگەڵ بارزانی بووە. ساڵی ١٩٦٣ کە سوپای عێراق بە هێزێکی گەورەوە لە سێ قۆڵی سپیلک، پیرس و سەری ئاکرێوە ویستی بارزان داگیر بکات، عومەر ئاغا لەگەڵ بارزانی گەڕایەوە بۆ ناوچەی بارزان.



شەوی ١٨- ١٩٦٣/٦/١٩ بارزانی هێزەکانی پێشمەرگەی لە نزیکی بلە "بلێ" لە زاب پەڕاندەوە. ئەو هێزە لە سەرووی گوندی "سەفتی" کە دەکەوێتە داوێنی باکوری چیای پیرس، لەلایەن چوار فڕۆکەوە بۆمباران کرا، بەڵام زیان بە پێشمەرگەکان نەگەیشت. بارزانی لەوێ هێزێکی پێشمەرگەی بە فەرماندەیی عومەرئاغای دۆڵەمەری نارد بۆ ناوچەی "شووش" و "شەرمن" لە ڕۆژئاوای چیای ئاکرێ کە لە دواوە لە دوژمن بدات و هێزێکیشی بە فەرماندەیی، "حادی حسکۆ" ڕەوانەی سەری "سادە" لە ژوور گەلی زەنتە کرد بۆ لێدانی دوژمن لە ڕۆژئاواوە کە گوشار بخەنە سەر هێزەکانی سوپا لە چیای پیرس. هەروەها عەقید عەبدولکافی نەبەوی بە هێزەکەیەوە لە بەرەی سپیلک گوشار بخاتە سەر لیوای سێی عێراق لە ناوچەی خەلیفان کە لە گەمارۆی پێشمەرگەکاندا بوو. ئەو هێزانە سەرئەنجام ڕۆژی ١٩٦٣/٦/٢٦ دوژمنیان شکاند و پاشەکشەیان پێکرد. بە دوای ئەو شکانەیدا، دوژمن دوو ناوچەی "نزار" لە داوێنی پیرس لە باکور و "بەرۆژ" لە داوێنی چیای شیرین لە باشوری بەتوندی بۆمباران کرد و بەجۆرێک کە دەستی لە ئاژەڵ، کێڵگە، دێبەر و خەڵکی ئاسایی نەپاراست. ئەو هێزەی پێشمەرگە کە بە فەرماندەیی عومەرئاغای دۆڵەمەریی لە ناوچەی "شووش" و "شەرمن" بوو، هێرشی بۆ کرا، بەڵام هێرشکەران شکان و بە پەشۆکاوی پاشەکشەیان کرد. تەنانەت زۆری نەمابوو کە پێشمەرگەکان عەقیدی ڕوکن سەعب حەردان فەرماندەی سوپای هێرشکەران بەدیل بگرن، بەڵام بەهۆی بریندار بوونی عومەر ئاغا، سەعب حەردان ڕزگاری بوو.

بە گواستنەوەی عومەرئاغا بۆ پشت بەرەی شەڕ، هورمز مەلەک چەکۆ جێی عومەرئاغای گرتەوە و ڕۆژی ١٩٦٣/٦/٢٧ توانی هێرشی دووەمی دوژمن

تێکبشکێنێ. لەو شکانەیدا دوژمن ١٢ کەلاکی لە مەیدانی شەڕدا بەجێهێشت، بەڵام بە گوێرەی بروسکەی ژمارە ١٠٤٥ی ڕۆژی ١٩٦٣/٦/٢٨ی دوژمن کە کەوتە دەست پێشمەرگەکان و مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ١٣١ی کتێبی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا ئاماژەی بۆ کردوە، دوژمن ٢٧ چەکداری لێ کوژراوە و ٥١ چەکداریشی بریندار بووە و لە جاشەکانیش کەلاکی ١٠ جاش لە جێیەک و ١٥ جاشیش لە باسکی چەپی لوتکەی چیای پیرس دۆزرایەوە. دوای ڕاوەستانی شەڕ و دەستپێکردنی وتوویژ لەنێوان بارزانی و حکومەتی ناوەندیدا، عومەرئاغا بۆ جاری دووەم لەگەڵ بارزانی پەڕییەوە بۆ ناوچەی سۆران و بۆ ماوەی نزیک بە ساڵێک لە گوندی دێرێ لە دۆڵەڕەقە و دواتریش لەگەڵ بارزانی لە دیلمان بوو، واتە بە درێژایی ساڵانی ١٩٦٤- ١٩٧٤ لەگەڵ بارزانی بووە و لە ساڵی ١٩٧٤دا بەشداریی شەڕی پێنجوێنی کردوەو دوای گەڕانەوەی، لە یەکەی تۆپخانەی هێزی باڵک بووە. لەو بارەیەوە عەبدوڵا ئەحمەد ڕەسوڵ پشدەری ناسراو بە "عەولاغای پشدەری" فەرماندەی هێزی باڵەک دەڵێت:

**- (مولازم خدر، عومەر ئاغای دۆڵەمەری و خدر دەباغ، نەوزاد خۆشناو و خالید شەمسەدین لە هێزی تۆپخانەی شۆڕش، بەرپرسی تەقەکردن بە خۆمپارەکان بوون.)**

ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، عومەر ئاغا کە پاسەوانی بارزانی بوو، لەگەڵ بارزانی چوو بۆ نەغەدە و کەرەج و لەگەڵ هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی گولان لە ساڵی ١٩٧٩دا لەگەڵ مەسعود بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ ڕاژان. ساڵی ١٩٩١ لەگەڵ مەسعود بارزانی بەشداریی ڕاپەڕینەکانی کردوە و یەکێک بووە لە بەشدارانی شەڕی چارەنووسسازی کۆڕێ و لەگەڵ مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی و بەرەی کوردستانیی بووە و هەرلەو ساڵەدا منداڵەکانی لە کەرەج بەجێهێشتوە و خۆی بە یەکجاری گەڕاوەتەوە بۆ باشوری کوردستان. ناوبراو سێ جار لە شەڕەکانی شۆڕشی ئەیلول و گولاندا بریندار بووە و جارێکیش لە ساڵی ١٩٦٠دا، بەرلە ڕاگەیاندنی شۆڕشی ئەیلول لە شەڕی جاشەکانی زێبارییدا بریندار بووە و بە بریندار کەوتووەتە دەست حکومەت، بەڵام لە زیندانی موسڵ ڕایکردوە. جاری دووەم لە شەڕی شووش و شەرمن لە ١٩٦٣ و جاری سێیەم ساڵی ١٩٩٤ لە کەسنەزان بریندار بووە. زیاتر لە ٣٠ ئەندامی بنەماڵەی هاوسەرەکەی لە ئەنفالی بارزانییەکان لە ساڵی ١٩٨٣دا، لە کۆمەڵگای

قوشتەپە ئەنفال کراون. ڕۆژی ١٩٩٣/٨/١٦ بەهۆی خزمەتەکانییەوە، میدالیای بارزانی وەرگرتووە و ڕۆژی ١٩٩٥/٧/١٠ لە شەڕی ناوخۆدا لە گوندی زیارەت لە دەربەندی گۆمە ئەسپان شەهید کراوە. هەڤاڵانی دەڵێن پیاوێکی شۆخ و قسەخۆش بووە.

# حەسۆ میرخان خەردەنی دۆڵەمەری



حەسۆ میرخان خەردەنی دۆڵەمەری ناسراو بە حەسۆ میرخان دۆڵەمەری ساڵی ١٩٢٥ لە گوندی خەردەن لە ناوچەی بارزان سەربە قەزای مێرگەسور لەدایک بووە. یەکێک بووە لەو پێشمەرگانەی کە ساڵی ١٩٤٣ بە دوای گەڕانەوەی بارزانی لە سلێمانی، لەگەڵ بارزانی کەوتووە. بەشدار بووە لە چەککردنی بنکەی پۆلیسی شانەدەر، شێروانی مەزن و شەڕی "خێرۆزۆک" لە ١٩٤٣/١٠/١٢دا. هەروەها دوای شکانی وتووێژەکانی نێوان شێخ ئەحمەدی بارزان و حکومەتی عێراق و دەستپێکردنەوەی شەڕ لە ساڵی ١٩٤٥دا، ناوبراو بەشداری شەڕی قورسی "مەیدان مۆریک"ی لە ڕۆژی ١٩٤٥/٩/٥دا کردوە. دواتر بەهۆی هێرشی قورسی سوپا و جاشەکانی عێراق بۆسەر ناوچەی بارزان بە پشتیوانی فڕۆکە بۆمبهاوێژەکانی ئینگلیز، ڕۆژی ١٩٤٥/٩/١١ لەگەڵ بارزانییەکان پەڕیوەتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لە ١٩٤٦/٣/٢دا بۆ بەرگری کردن لە کۆماری کوردستان، لەگەڵ هێزی تایبەت و ئامادەی سەربە سەرۆک مستەفا بارزانی بووە. دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان، ڕۆژی ١٩٤٧/٣/١٤ لە بەرەی شەڕی گۆجار برینددار بووە. دوای سارێژ بوونی برینەکەی لەگەڵ بارزانی و هەڤاڵانی بارزانی بەرەو سۆڤیەت چووە کە لە ڕێگای پەڕینەوەیاندا لە ئاراس، توشی شەڕەکانی گەلی قتور و پردی ماکۆی بوون. لە ئازەربایجانی سۆڤیەت بۆ ماوەی نزیک بە ساڵێک مەشقی سەربازی پێکراوە و دواتر لەگەڵ بارزانییەکان لە ئازەربایجانەوە دوورخراوەتەوە بۆ پارێزگای ئۆزبەکستان لەوێ بۆ ماوەی نزیک بە چوار ساڵ لە گێڵگەکانی پەمۆی تاشکەند کاری کردوە. دوای مردنی ستالین و لە سێدارەدانی باقرۆف کە خرۆشۆف لەسەر داوای بارزانی، ئیزنی خوێندن و کارکردنی بە بارزانییەکان دا، حەسۆ میرخان دۆڵەمەری بەشی کشتوکاڵی لە زانکۆی تاشکەند خوێند. ڕۆژی ١٩٥٩/٤/١٦

لەگەڵ هەڤالانی بارزانی گەڕایەوە بۆ عێراق و لە پلەی ئەندازیاری زەوی و زار لە ئیدارەی کشتوکاڵی کەرکوک دامەزرا و لەوێوە بۆ ڕوپێوکردنی کشتوکاڵ ڕەوانەی دۆڵی بالیسان، خەلیفان، سرێشمە و هەنارە کراوە. ساڵی ١٩٦١ کە بارزانی لە بەغداوە گەڕایەوە بۆ بارزان حەسۆ میرخان دۆڵەمەریش کارەکەی بەجێهێشت و گەڕایەوە بۆ بارزان و سەرلەنوێ بە سەرۆکایەتی ژمارەیەک پێشمەرگە، بەشداری شۆڕشی ئەیلولی کرد و لەگەڵ بارزانی چووەتە ناوچەی بادینان. لەوێ بەشداری شەڕەکانی پردی بلبل، گەورەی لۆمانا، دەشتی سلیڤانی لە ١٩٦١/١١/٢٣ و گەلی زاویتە لە ١٩٦١/١٢/١٢و شەڕی سەرسەنگ-ی کردوە. دوای پاکبوونەوەی ناوچەی بادینان لە هێزەکانی دوژمن، بەم ڕێکخستنە نوێیەی بارزانی کە ئەسعەد خۆشەوی کرد بە فەرماندەی گشتی ناوچەی بادینان، حەسۆ میرخان دۆڵەمەری کرد بە فەرماندەی ناوچەی شێخان و ئاکرێ، عەلی خەلیل فەرماندەی ناوچەی دهۆک و عیسا سوار فەرماندەی ناوچەی زاخۆ، لە بادینان ماوەتەوە و تا ساڵی ١٩٧٠ لەو ئەرکەیدا بەردەوام بووە و ناوچەکەی لە دەستدرێژی دوژمن پاراستوە.




ساڵی ١٩٧٠ بە دوای ڕێککەوتنی ١١ی ئازاردا، حەسۆ میرخان دۆڵەمەری کراوە بە فەرماندەی فەوجی نۆیەمی پاسەوانی سنوری ناوچەی شێخان و ئاکرێ. ساڵی ١٩٧٢، بەرلەوەی کە شەڕ هەڵگیرسێتەوە، پیاوانی ڕژێم بە نارنجۆک پەلاماری بارەگای ناوبراویان دا و ساڵی ١٩٧٤ کە شەڕی حکومەت بە دژی شۆڕشی ئەیلول هەڵگیرسایەوە، حەسۆ میرخان دۆڵەمەری گەڕایەوە سەر بەرپرسایەتی پێشووی خۆی لە شێخان. دوای ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی ١٩٧٥دا، حەسۆ میرخان چووە بۆ کۆمەڵگای زێوە و دوای کۆکردنەوەی ئەو کۆمەڵگایە لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە، گواستراوەتەوە بۆ مەشهەد، بەڵام بەرلە چوونی بۆ مەشهەد، کاک ئیدریس سەبارەت بە ڕێکخستنی نوێی پارتی و هەڵگیرسانی شۆڕشی گوڵان قسەی بۆ دەکات کە ناوبراو لە مەشهەد هەوڵی ڕێکخستنەوەی کوردە ئاوارەکان بدات کە زیاتر لە هەزار پەنابەر لە ناوچەی خۆراسان بوون. لەوێ، حەسۆ میرخان بەنهێنی درێژە بە کاری ڕێکخستنی پێشمەرگە ئاوارەکان دەدات کە ساواک بە خەباتی نهێنی ئەوان دەزانێ و زۆر

بەتوندی هەڕەشەی لێدەکات و چەند جار دەیبەن بۆ ساواک و هەڕەشەی لێ دەکەن کە دەست لە خەباتی سیاسی هەڵگرێ و خۆی تێکەڵاوی کاری سیاسی نەکات، بەڵام ئەو پێیاندەڵێت: **(من خزمەتی نەتەوەکەم دەکەم و لە کاری سیاسی بۆ نەتەوەکەم پاشگەز نابمەوە.)**

لە درێژەی خەباتی سیاسیدا ساڵی ١٩٧٦، حەسۆ میرخان بە ئەمری سەرۆک مستەفا بارزانی لە کەرەج نیشتەجێ دەبێت. ساڵی ١٩٧٩ دەگەڕێتەوە بۆ زێوە و بەشداری کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دەکات. لەو ساڵەدا سەرکردایەتی پارتی سێ کەرت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێکدێنێت و حەسۆ میرخان دەکات بە فەرماندەی کەرتی یەکەم لە سنوری مەرگەوەڕ و تەرگەوەڕ کە بارەگاکەی لە ڕاژان بووە و بەرپرسایەتی پاراستنی مەکتەبی سیاسیشی پێسپاردراوە. ساڵی ١٩٨٨، بەشداریی شەڕی گەورەی خواکورکی کردوە و دوای کیمیابارانی ناوچەی بادینان لەگەڵ هێزەکەی گەڕاوەتەوە بۆ زێوە. ساڵی ١٩٩١ لەگەڵ مولازم بابەکر زێباری بەرپرسایەتی هاوکاریی کردنی ڕاپەڕینی ناوچەی بادینانی دراوەتێ و دوای سەرکەوتنی ڕاپەڕین و وتووێژەکانی نێوان بەغدا و بەرەی کوردستانی، بۆ ماوەیەکی کورت لە گوندی "سارداو" لە ناوچەی دۆڵەمەڕ ماوەتەوە و ساڵی ١٩٩٣ بەرپرسایەتی لێژنەی کۆمەڵایەتی ناوچەی بارزانی وەرگرتووە.

حەسۆ میرخان دۆڵەمەری جگەلە شەڕی گۆجار دوو جاری تریش لە شەڕەکانی مەیدان مۆریک لە ١٩٤٥ و دوڵی شەهیدان ١٩٨٣دا برینداربووە و برایەکی بەناوی سلێمان و دوو مام و ئامۆزایەکی لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا بە نەخۆشی تایفۆئید کۆچی دواییان کردوە. یەکێک لە ئامۆزاکانی بەناوی عەبدوڵا حەسەن ساڵی ١٩٨٣ وەبەر ئەنفالی بارزانییەکان کەوتووە لە قوشتەپە. حەسۆ میرخان بەشداری کۆنگرەکانی ٩، ١٠ و ١١ی پارتی دیموکراتی کردوە و لە کۆنگرەی ١١ی پارتیدا لە ١٩٩٣/٨/١٨ میدالیای بارزانی وەرگرتووە. بە وتەی سیروان حەسۆ میرخانی کوڕی، بە وەرگرتنی میدالیی بارزانی زۆر خۆشحاڵ بووە و گوتویەتی: **(من شەرمەزاری هەڤاڵانم کە بە دوای ئەواندا زیندوو ماوم و نەمتوانیوە وەک پێویست خزمەتی گەل و نیشتمانەکەم و ڕێبازی پیرۆزی بارزانی بکەم)** حەسۆ میرخان خەردەنی دۆڵەمەری ڕۆژی ١٩٩٦/١١/٢٣ لە تەمەنی ٧٥ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

## حالی محەمەد قادر خەلانی دۆڵەمەری



حالی محەمەد قادر خەلانی دۆڵەمەری ساڵی ١٩٢٧ لە گوندی خەلان لە قەزای مێرگەسور لەدایک بووە. محەمەد قادری باوکی و مستەفا حەیدەری ئامۆزای یەکێک بوون لە پێشمەرگەکانی شۆڕشی یەکەمی بارزان و ساڵی ١٩٣٢ شەهید بوون. ناوبراو لەسەردەمی منداڵیدا بەهۆی نەداریی و دەستکورتی شوانیەتی کردوە. ساڵی ١٩٤٥ بەرلە هەڵگرتنی چەک و چوونی لەڕیزی جەنگاوەرانی شۆڕشی دووەمی بارزان، لە بناری چیای برادۆست لەسەر جادەی خەلان توشی دوو سەربازی عێراق بووە و دەبینی بۆ ڕزگار کردنی گیانیان لە شەڕی کەنداڵی سمەکەرە خۆیان لەژێر پردێکی سەر جادەکە حەشارداوە. ناوبراو بە بینینی ئەو دوو سەربازە چووەتە ژێر گاشە بەردێک و لە کاتێکدا داسێکی پێبووە، دەنگی سەربازەکانی داوە و کە خۆیان بەدەستەوە بدەن، ئەگەرنا هەردوویان دەکوژێت. سەربازە ڕاکردوەکان بۆ پاراستنی گیانیان، چەکەکانیان فڕیدەدەن و خۆیان دەدەنە دەست ناوبرا. دوای ئەو ڕووداوەدا، حالی محەمەد خەلانەیی دۆڵەمەری بە چەکی ئەو سەربازانە دەچێتە ڕیزی جەنگاوەرانی حەمەدەمین میرخان دۆڵەمەریدا.

ناوبراو بەشداریی شەڕی مەیدان مۆریکی کردوە و ڕۆژی ١٩٤٥/١٠/١١ لەگەڵ حەمەدەمین میرخان و بارزانییەکان پەڕیوەتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە گوندی گرتکشانە لە ناوچەی شنۆ نیشتەجێ کراوە. ڕۆژی ١٩٤٦/٣/٢ بەشداریی پاراستنی کۆماری کوردستان کردوە و یەکێک بووە لە پێشمەرگەکانی بەرەی سەرا و بەشەریی شەڕی قاراوای کردوە. دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان لە شەڕی گۆجاردا بریندار بووە. دوای سارێژ بوونی برینەکەی لەگەڵ بارزانی و هەڤاڵانی بەشداریی ڕەوی بارزانییەکانی بۆ یەکێتی سۆڤیەت کردوە و لە ڕێگای پەرینەوەیاندا لە ئاراس، بەشدار بووە لە شەڕەکانی گەلی قتور و پردی

ماکۆدا. بۆ ماوەی نزیک بە ساڵێک لە باکۆ مەشقی سەربازی پێکراوە. دوای دوورخستنەوەی بارزانی لە هەڤالانی و بڵاوکردنەوەی بارزانییەکان بەسەر گوند و کێڵگە و سەلخۆزەکانی تاشکەندا، حالی دۆڵەمەری بۆ ماوەی نزیک بە چوار ساڵ لە کێڵگەکانی پەمۆ و سێو کۆکردنەوەی تاشکەند کاری کردوە. دوای مردنی ستالین و لە سێدارەدانی باقرۆف کە خرۆشۆف لەسەر داوای بارزانی، ئیزنی خوێندن و کارکردنی بە بارزانییەکان دا، ناوبراو بەشی کشتوکاڵی لە زانکۆی تاشکەند خوێندوە. ساڵی ١٩٥٩ لەگەڵ بارزانییەکان گەڕاوەتەوە بۆ عێراق و لەگەڵ ژمارەیەک لە هەڤالانی لە ئیدارەی کشتوکاڵی سلێمانی لە بەکرەجۆ دامەزراوە.



ساڵی ١٩٦١، بەرلەوەی کە بارزانی شۆڕشی ئەیلول ڕابگەیەنێت. حالی کارەکەی بەجێهێشتوە و لەگەڵ نەبی حەسەن عەبدوڵ "نەبی سەرئاسن" چووەتە بەغدا و ئەرکی پارێزگاریی لە بارزانی لە ئەستۆ گرتووە و بووەتە پاسەوانی بارزانی. لەگەڵ بارزانی لە بەغداوە گەڕاوەتەوە بۆ بارزان و ڕۆژی ١٩٦١/٩/١١ کە بارزانی شۆڕشی ئەیلولی ڕاگەیاند، حالی محەمەد قادر لە خزمەت بارزانیدا بووە. ناوبراو ڕۆژی ١٩٦١/١١/٢٣ بەشداریی شەڕی گوندی "جووم جهان" و ڕۆژی ٧- ١٩٦١/١٢/١٢ بەشداریی شەڕی گەلی زاویتەی کردوە.

ساڵی ١٩٦٢ کە ناوچەی بادینان لە سوپا و جاش پاک کرایەوە و بارزانی بە پێکهێنانی ڕێکخستنی کارگێڕیی و سەربازی ناوچەکەی لە لەشکرێک و سێ هێزدا کۆکردەوە و سەرۆکایەتی لەشکرەکەی بە ئەسعەد خۆشەوی سپارد و هەریەک لە عیسا سوار، عەلی خەلیل و حەسۆ میرخان دۆڵەمەری کرد بە فەرماندەی ناوچەکانی زاخۆ، دهۆک و شێخان و خۆی لەگەڵ پێشمەرگەکانی هێزی تایبەت کە نەبی سەرئاسن و حالی محەمەد قادر خەلانەیی یەکێک بوون لەو پێشمەرگانەی، پەڕینەوە بۆ ناوچەی سۆران. دوای پەڕینەوەیان نەبی سەرئاسن و حالی محەمەد قادر لەگەڵ ژمارەیەک پێشمەرگە دەچن لەگەڵ پێشمەرگەکانی هاوڕێی هەباسی مامەند ئاغا یەک بگرنەوە کە هەردوو لایەن

لەسەر پردی حافز بە هەڵە تەقەیان لە یەکتر کردوە و لە ئاکامدا نەبی سەرئاسن شەهید بووە و حالی محەمەد قادر خەلانەیی جێی ناوبراوی گرتووەتەوە.

ساڵی ١٩٦٣ کە ڕژێمی عێراق بە کۆکردنەوەی هێزێکی زۆر هێرشی کردە سەر ناوچەی بارزان و دەیویست گوندی بارزان بگرێ، حالی محەمەد فەرماندەی بەرەی شەڕی سەری پیرس بووە و دوای پاشەکشەی پێشمەرگەکان لە سەری پیرس و ئاکرێ، ناوبراو لە بەرەکانی شوش و شەرمن و دەربەندی گۆمەئەسپاندا شەڕی کردوە. ساڵی ١٩٧٠ کە ڕێککەوتنی ١١ی ئازار واژۆ کرا، ناوبرا هێزەکەی لە گەروی بێشی و حاجی ئۆمەران جێگیر کردوە و ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ کۆمەڵێک سەرکردەی وەک عومەرئاغا دۆڵەمەری، مولازم خدر، ڕئیس بەکر، مستەفا ڕەشۆ، عەلی مستەفا و ....تد لە بەرەی شەڕی ناوچەکانی ڕەواندز و چۆماندا بووە و لە شەڕی چیای کۆڕەز لە ناوچەی خەلیفان بریندار بووە.

ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، حالی محەمەد پەڕیوەتەوە بۆ نەغەدە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەوێوە لەگەڵ بارزانی چووەتە کەرەج و لە خزمەت ئیدریس و مەسعود بارزانیدا بووە. ڕۆژی ١٩٧٩/١١/٤ بەشداریی کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکراتی کردوە و ساڵی ١٩٨٠ لەگەڵ ئیدریس بارزانی و محەمەد خالید بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ باشووری کوردستان و سەردانی ڕێکخراوی برادۆستی کردوە و ساڵی ١٩٨٢ لەگەڵ مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکرات چووەتە بیرکم. ساڵی ١٩٨٧ لە کەمینێکدا لە کەندالی سمەکەر، ١٢٠ سەربازیان بەدیل گرتووە لەگەڵ ١٨ زیل و ٢١ ئوتۆمبیلی سوپای عێراق. ساڵی ١٩٨٨ یەکێک بووە لە فەرماندەکانی شەڕی خواکورک و بەرپرسی سەربازیی ڕێکخراوی برادۆست سەربە سەرکردایەتی پارتی دیموکرات بووە.

ساڵی ١٩٩١، حالی محەمەد قادر خەلانەیی بەرپرسی سەربازیی ڕێکخراوی برادۆست سەربە سەرکردایەتی پارتی دیموکرات بووە، بە حاجی ئۆمەراندا گەڕاوەتەوە بۆ باشووری کوردستان و ڕۆژی ١٩٩١/٣/١٢ لە سۆران و دواتر لە مەسیف سەلاحەدین و هەولێر بەشداریی ڕاپەڕینی کردوە. لە دژە هێرشەکەی سوپای عێراقدا کە کۆڕەوە گەورەکەی لێ ساز بوو، لەگەڵ ١٥ پێشمەرگە بەم ناوانەی خوارەوە بەشداریی شەڕی کۆڕێی کردوە: بەدر ئەحمەد ساڵح، سیامەند حالی، فەرعو محەمەد مستە، سەلیم سادق، جغسی سادق، حەمید ئەحمەد

حەسـەن، حەمەد عەلـی سـاڵح، عیـزەت عەلـی سـاڵح، حەمەد مسـتەفا ڕەشـۆ، حەتەم میرخان محەمەد، شـەهاب میرخـان مـحـەمـەد، مستەفا ساڵح قـادر، قـادر ئەحمەد شێخۆ، ساڵح حەمەدەمین مەلا عالی و زکری محەمەد مستەفا. ناوبراو تـا سـاڵی ١٩٩٣ لە ئەرکـی خۆیـدا بەردەوام بـووە و لەو سـاڵەدا کـراوە بە بەرپرسی لیژنەی کۆمەڵایەتی ناوچەی دۆڵەمەر.

جگەلە باوک و مامی، برایەکی حالی محەمەد خەلانەیی دۆڵەمەری ساڵی ١٩٨١ شـەهید بـووە. بـرایەک و ئـامۆزا و دوو بـرازای و لەگەڵ ١٤ کەس لە گوندەکەیان ساڵی ١٩٨٣ ئەنفال کراون. ناوبراو ڕۆژی ١٩٩٣/٨/١٦ لە کۆنگرەی ١١ی پارتی دیموکراتـدا میـدالیای بـارزانی وەرگرتـووە و ڕۆژی ١٩٩٥/٧/١٨ لە شەڕی ناوخۆدا لە ڕەواندز شەهید بووە.

## غەزالی میرخان غەزالی



غەزالی میرخان غەزالی ناسراو بە غەزالی میرخان ژاژۆکی ساڵی ١٩٢٣ لە گوندی ژاژۆک لە قەزای مێرگەسور لەدایک بووە. ساڵی ١٩٤٣ کە بارزانی لە سلێمانییەوە گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەی بارزان، ناوبراو چەکی هەڵگرتووە و وەک جەنگاوەرێک پاڵی بە بارزانییەوە داوە و لە چەککردنی پۆلیسخانەی شانەدەر، دۆڵی باژێ، مەزنێ و شێروانی مەزن بەشدار بووە. ساڵی ١٩٤٥ بەشداریی شەڕی مەیدان مۆریکی کردوە و ڕۆژی ١٩٤٥/١٠/١١ لەگەڵ بارزانی چووەتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ڕۆژی ١٩٤٦/٣/٢ بەشداریی کردوە لە پاراستنی کۆماری کوردستاندا و یەکێک بووە لە پێشمەرگەکانی بەرەی شەڕی سەرا و بەشداریی شەڕی قاراوای کردوە.

دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان، یەکێک بووە لە پێشمەرگەکانی جێگیر لە ناوچەی قەڵاتان و بەشداریی شەڕی قەڵاتانی کردوە و لەو شەڕەدا بریندار بووە. بەرلەوەی کە برینەکەی بەتەواوی سارێژ بێت لەگەڵ بارزانی و هەڤاڵانی بەرەوە یەکێتی سۆڤیەت چووە و لە ڕێگەدا، بەشداریی شەڕەکانی گەلی قتور و پردی ماکۆی کردوە. دوای جێگیربوونی لە باکۆ، بۆ ماوەی نزیک بە ساڵێک لەگەڵ هەڤاڵانی مەشقی سەربازی پێکراوە.

دوای دوورخستنەوەی بارزانی لە هەڤاڵانی و بڵاوکردنەوەی بارزانییەکان بەسەر گوند و کێڵگە و سەلخۆزەکانی تاشکەندا، بۆ ماوەی نزیک بە چوار ساڵ لە کێڵگەی کشتوکاڵی سەلخۆزەکاندا لە تاشکەند کاری کردوە. دوای مردنی ستالین و لە سێدارەدانی باقرۆف کە خرۆشۆف لەسەر داوای بارزانی، ئیزنی خوێندن و کارکردنی بە بارزانییەکان دا، غەزالی میرخان ژاژۆکی لە زانکۆی تاشکەند بەشی کشتوکاڵی خوێندوە. ساڵی ١٩٥٩ لەگەڵ هەڤاڵانی بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ عێراق و لە ئیدارەی کشتوکاڵی موسڵ دامەزراوە،

بەڵام کاری نەکردوە و بە ڕاسپاردەی بارزانی بۆ وەرگرتنی ئەرکی تایبەت گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەی بارزان.
ساڵی ١٩٦١ کە بارزانی لە بەغداوە گەڕایەوە بۆ بارزان، ناوبراو لە خزمەت بارزانیدا بووە و یەکێک بووە لە پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلول و بەشداریی شەڕەکانی مرێبا، گەلی زاویتە و سەرسەنگی کردوە. دوای پاکبوونەوەی ناوچەی بادینان لە هێزەکانی دوژمن، بەم ڕێکخستنە نوێیەی بارزانی کە ئەسعەد خۆشەوی کرد بە فەرماندەی گشتی ناوچەی بادینان، حەسۆ میرخان دۆڵەمەری کرد بە فەرماندەی ناوچەی شێخان و ئاکرێ، عەلی خەلیل فەرماندەی ناوچەی دهۆک و عیسا سواری کرد بە فەرماندەی ناوچەی زاخۆ، غەزالی میرخان ژاژۆکی بە هێزێکەوە بە فەرماندەیی مەلا شینی قورتاس بێدارونی کرد بە بەرپرسی پاراستنی سەری ئاکرێ.



ساڵی ١٩٦٣ کە ڕژێمی عێراق بە هێزێکی کۆکراوەوە پەلاماری سەری ئاکرێ و پیرسی دا، غەزالی میرخان ژاژۆکی لە شەڕی سەری ئاکرێدا بریندار بووە و گواستراوەتەوە بۆ بێدارون، بەڵام سوپای عێراق هێرشی کردوەتە ئەو جێیە و ناوبراو لە سەری بێدارون و پیرەفات، توشی شەڕێکی قورس بووە. دوای شکان و پاشەکشەی سوپای عێراق لە ملی بلێ و پاشەکشەکردنی بۆ پردی ڕێزان و دەستپێکردنی وتوویژ لەنێوان بارزانی و حکومەتی عێراقدا، غەزالی لەگەڵ بارزانی پەڕیوەتەوە بۆ ناوچەی باڵەکایەتی و هەروەکو عەبدوڵا ئاغای پشدەری دەڵێت ناوبرا هاوکاریی کردوە لە ڕێکخستنەوەی هێزی باڵکدا و بۆ ماوەیەکی کورتیش جێگری هێزی باڵەک بووە و دواتر گواستراوەتەوە بۆ حاجی ئۆمەران و لە ساڵی ١٩٦٥دا کراوە بە بەرپرسی پێوەندییەکانی شۆڕش لەگەڵ نوێنەرانی ئێران لە حاجی ئۆمەران.
ساڵی ١٩٦٩ کراوە بە بەرپرسی بارەگای مەکتەبی سەرۆک و ساڵی ١٩٧٠ کە ڕێککەوتنی ١١ی ئازار مۆر کرا، ئەرکی فەرماندەیی هێزی کاوەی پێسپێردراوە

و تـا سـاڵی ١٩٧٤ لـەو ئـەرکـەیـدا بـەردەوام بـووە. لـە کۆتـایـی ئـەو سـاڵـەدا کـە ڕژێمـی عێـراق بـە دژی گـەلـی کـورد شـەڕی ھەڵایسـاندەوە، غـەزالـی بـە ھێـزەکـەیـەوە بـەشـداریی شـەڕەکـانـی سـەری سـەفین و شـەکرۆک و قـەڵادزێـی کردوە، ساڵی ١٩٧٥، بـەدوای ڕاوەستانی شۆڕشی ئـەیلول، چووە بۆ کۆمەڵگای ڕەبەت و لـەوێوە گواستراوەتـەوە بۆ کرمان. ساڵی ١٩٧٩ گەڕاوەتـەوە ڕۆژھەڵاتی کوردستان و بـەشداریی شۆڕشی گـوڵانی کـردوە و یـەکێک بـووە لـە بـەشدارانی کـۆنگرەی نـۆیـەمی پـارتی دیمـوکرات کـە ڕۆژی ٤- ١٩٧٩/١٢/٢٦ لـە گونـدی دەربەند لـە ناوچەی مەرگەوەڕ لـە پارێزگای ورمێ پێکھات. بەدوای کۆنگرەی نۆیەمدا کراوە بە فـەرمانـدەی ھێزی سـەرکردایـەتی پارتی دیموکرات و ساڵی ١٩٨٧ کـراوە بـە فـەرمانـدەی ھێـزی حـەمـرین لـە نـاوچەی خـرێنـە و لـۆلان کـە ناوچەی "پەیمان"ی پێگوتراوە.

ڕۆژی ١٩٨٨/٧/٢٠ کە ئایەتوڵا خومەینی ڕازی بوو شەڕی ھەشت ساڵە لەگەڵ عێـراق ڕابگرێت و بڕیـاری ژمـارە ٥٩٨ی نـەتـەوەیـەکگرتووەکـانـی قبـووڵ کـرد، ڕژێمی عێراق پەلاماری ناوچەکانی لۆلان و خرێنەی دا و ھێزی حەمرین بە فەرماندەیی غەزالی میرخان ژاژۆکی ئەو ھێرشەی تێکشکاند و پێشمەرگەکان ٢٨ ئەفسەر و سەربازیان بەدیل گرت. بە دوای ئەو شەڕەدا ناوبراو بە بڕیاری مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان ھێزەکەی کشاندوەتەوە بۆ نـاوچەی خواکـورک و لـە نـازدار داغـی جێگیـری کـردوە. غـەزالـی میرخـان ژاژۆکی بە ھێزەکەیەوە بەشداریی شەڕی ٥٢ ڕۆژەی خواکورکی کردوە و دوای کۆتـایی ئەو شـەڕە بە بڕیـاری سـەرکردایـەتی پـارتی دیمـوکرات بـۆ ڕێکخستنـەوەی ھێزەکەی گەڕاوەتەوە بۆ ڕۆژھەڵاتی کوردستان و لە شنۆ جێگیر بوو.

غەزالی میرخان ژاژۆکی یەکێک بووە لە بەشدارانی کۆنگرەی دەیەمی پارتی دیمـوکرات لـە ڕۆژی ١٩٨٩/١٢/٢دا. سـاڵی ١٩٩١ لـەگەڵ ڕێـزدار نێچیرڤـان بـارزانی بـەشداربووە لـە ڕاپەڕینـی ناوچەکـانی سلێمانی و کەرکوک و لـە دژە ھێرشی سوپای عێراقدا کە کۆڕەوەکەی بەدواوە بوو، غەزالی بە ھێزەکەیەوە لـە نـاوچەی پێنجوێن جێگیرکـراوە. لـەگەڵ دەستپێکردنی وتووێژەکـانی نێوان بـەرەی کوردسـتانی و حکـومـەتی عێـراق، بـە ھێـزەکـەیـەوە گواسـتراوەتـەوە بـۆ نـاوچەی مێرگەسـور. سـاڵی ١٩٩٢ بـە دوای ھەڵبژاردنـی ١٩٩٢/٥/١٩دا کـە پەرلـەمان و حکومـەتی ھـەرێمی کوردستان پێکھات، نـاوبراو گواستراوەتـەوە بـۆ

لیــژنـەی کـۆمـەڵایـەتـی نــاوچـەی بــارزان و ڕۆژی ١٩٩٣/٨/١٦ لـە کـۆنگرەی ١١ی پــارتی دیمــوکراتی کوردســتاندا بەهــۆی ئەمەکناســی بە ڕێبــازی بــارزانی و خزمەتکردنـــی بە بزوتنەوەکـــانی کـــورد و کوردســـتان، میـــدالیای بـــارزانی وەرگرتـووە. بە وتـەی عەبـاس غـەزالـی کـوڕی بە وەرگرتنـی میـدالیای بـارزانی زۆر خۆشـحاڵ بـووە و گوتـوویەتی: **(خـەڵکانێـک لـە پـێش ئـێمەدا هەبـوون کە شایانی وەرگرتنی میدالیای بارزانی بوون، بەڵام لەنێو ئێمەدا نەمان.)**

غەزالـــی میرخـــان غـەزالـــی چەنـــدان ئـەنـــدامی بنەمـــاڵەکەی لـە شـــەڕەکانی کوردسـتاندا شـەهیدبوون وەک: حەسـۆ میرخـان غـەزالـی ژاژۆکـی بـرای لـەگەڵ میرخان حاجی، شاخەر، ساڵح حـاجی بـرازای و عەلـی تەهـای ئـامۆزای ڕۆژی ١٩٨٣/٩/١ لـەلایەن یـەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە لـە قەندیل شـەهید کـران. یوسف میرخــان ژاژۆکـی سـاڵی ١٩٨٠ برینـدار بـووە و چارەســەری بـرینـەکەی نـەکراوە و شـەهید بووە، خەلیل غـەزالی کـوڕی ساڵی ١٩٩٥ لە ڕەوانـدز شـەهید بـووە و ئـامۆزایـەکی و دوو خـوارزای سـاڵی ١٩٨٣ ئەنفـال کـراون. نـاوبراو ڕۆژی ١٩٩٧/١١/٦ چـووەتە نێـو یەکێـک لـەو سـەنگەرانـەی گـەرووی میرئـاوا کە خـۆی سـاڵی ١٩٧٤ تێیدا شـەڕی کردبـوو، تـا سـەردانی هەڤـاڵانی پێشمەرگەی بکـات، بەڵام بە دوای دیدارەکەیدا لە هەمان سەنگەردا بە جەڵـتەی دڵ ماڵئـاوایی لـە هەڤاڵانی کرد.

## محەمەد عیسا محەمەد



محەمەد عیسا محەمەد مێرگەسوری ساڵی ١٩٢٤ لە مێرگەسور لەدایک بووە. عیسا محەمەدی باوکی ساڵی ١٩٣٨ چووەتە زیندانی موسڵ سەردانی شێخ ئەحمەدی بارزان بکات کە لە گەڕانەوەدا لە دۆڵی بیاو شەهیدیان کردوە. ساڵی ١٩٤٢ حکومەتی عێراق ویستویەتی محەمەد عیسا بە سەرباز بگرێ کە ئەو لە چوون بۆ سەربازی خۆی پاراستوە و لەگەڵ مامەند مەسیح ڕایکردۆتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە گوندی "کویچ" لەلای مامەند ئاغا سەرۆکی دەستەی قادری لە هۆزی مامەش ماوەتەوە.

کاتێک بارزانی لە مانگی مای "ئەیار"ی ١٩٤٣ بە یارمەتی ئەندامانی کۆمەڵەی هیوا و کوردانی نیشتمانپەروەری سلێمانی توانی سلێمانی بەجێبهێڵێت و لەگەڵ دوو کەس بە ناوەکانی "مستەفا عەبدوڵا ئاکرەیی" و "سلێمان سور" خۆی بگەیەنێتە سنوری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە گوندی کویچ توشی مامەند مەسیح و محەمەد عیسا و چەند بارزانی تر دەبێت و لەگەڵ ئەوان دەگەڕێتەوە بۆ ناوچەی بارزان و ئیتر بارزانییەکان شاییان لە دەڵدا دەگرێت و لە دەوری بارزانی کۆدەبنەوە. بارزانی دوای پڕچەک کردنی چەند کەسێک لە هەڤاڵانی، بە پرۆگرامێکی ورد و لەناکاو، ڕۆژی ١٩٤٣/١٠/٢ بنکەی پۆلیسی "شانەدەر" و دواتریش بنکەی پۆلیسی "ڕێزان"ی چەک کردوە و لەوێوە شۆڕشی دووەمی بارزانی سەریهەڵداوە.

محەمەد عیسا یەکێک لەو پێشمەرگانەیە کە لەژێردەستی بارزانیدا پەروەردە بووە. لەگەڵ بارزانی بەشداریی شەڕەکانی شێروانی مەزن و "خێرۆزۆک" لە ١٩٤٣/١٠/١٢ و شەڕی شێروانی مەزن و مەیدان مۆرکی لە ١٩٤٥ کردوە. یەکێک بووە لە هەڤاڵانی بارزانی لە کۆماری کوردستان و لەوێ پاسەوانی تایبەتی بارزانی بووە. یەکێک بووە لەو پێشمەرگانەی کە کاتی ماڵئاوایی کردنی بارزانی لە پێشەوا قازی محەمەد بەرلە هەرەسهێنانی

کۆماری کوردستان، لە لایان بووە و چەندان جار لە شاشە تەلەفزیۆنەکانی کوردستاندا ئاماژەی بۆ ڕوداوی ئەو ڕۆژە و سپاردنی ئاڵای کوردستان لەلایەن پێشەوا قازییەوە بە بارزانی کردوە. دوای هەرەسهێنانی کۆمار، ڕۆژی ۱۹٤۷/٤/۳ بە شداری شەڕی نێرگـێ (بەری زەر)ی لە بەرەی مەرگەوەڕ کردوە کە لەوشەڕەدا بارزانی بەسوکی بریندار بووە. ناوبراو یەکێک بووە لە هەڤاڵانی بارزانی لە یەکێتی سۆڤیەت و لە باکۆ پایتەختی ئازەربایجان بۆ ماوەی نزیک بە ساڵێک مەشقی سەربازی پێکراوە. دوای جیاکردنەوەی بارزانی لە هەڤاڵانی لە ساڵی ۱۹٤۸ و بڵاوەپێکردنی هەڤاڵانی لە ناوچەی تاشکەند، محەمەد عیسا بۆ ماوەی نزیک بە چوار ساڵ لە کێڵگەی پەمۆدا کاری کردوە و بە دوای مردنی ستالین و لە سێدارەدانی باقرۆڤ و گەڕانەوەی بارزانی بۆلای هەڤاڵانی بە فەرمانی خرۆشۆڤ و ڕێگەپێدانیان بۆ کار و خوێندن، ناوبراو لە زانکۆی تاشکەند بەشی کشتوکاڵ خوێندوە. هاوکات لەگەڵ خوێندنەکەی، ژنی هێناوە و دوو کچیشی هەبووە، بەڵام کاتی گەڕانەوەی بۆ عێراق لە ساڵی ۱۹٥۹دا، هاوسەر و منداڵەکانی لەگەڵی نەگەڕاونەتەوە.

دوای گەڕانەوەی لە ڕوسیا، محەمەد عیسا لە ئیدارەی کشتوکاڵی هەولێر دامەزراوە و ساڵی ۱۹٦۱ بە دوای گەڕانەوەی بارزانی لە بەغداوە بۆ بارزان، ئەویش کارەکەی بەجێهێشتوە و گەڕاوەتەوە بۆ بارزان و ڕۆژی ۱۹٦۱/۹/۱۱ سەرلەنوێ چەکی هەڵگرتۆتەوە و لەگەڵ بارزانی کەوتووە و بەشداری شەڕەکانی ناوچەی بادینان و گەلی زاویتەی لە ڕۆژی ۱۹٦۱/۱۲/۱۲ کردوە. ساڵی ۱۹٦۲ کە بارزانی پەڕییەوە بۆ ناوچەی سۆران، ناوبراو لە ڕێکخستنی نوێی ناوچەکەدا کە لەلایەن بارزانییەوە پێکهات، وەک بەرپرسێکی کاروباری پێشمەرگە لەلای ئەسعەد خۆشەوی ماوەتەوە. بۆ جاری دووەم لەوێ ژنی هێناوە و ساڵی ۱۹٦۳ گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەی بارزان و کراوە بە بەرپرسی ئیداری بەرەی هاودیان و لەگەڵ لوقمان بارزانی بووە لە لەشکری کوردستاندا. دوای ڕاوەستانی شەڕی ناوچەی بارزان لە ساڵی ۱۹٦۳دا، محەمەد عیسا گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەی سۆران و کراوە بە بەرپرسی پاسەوانە تایبەتییەکانی بارزانی و لە هەمانکاتدا بە نوێنەرایەتی بارزانی چەندان مەئموریەتی ئەنجام داوە و کەسی باوەڕپێکراوی بارزانی بووە. ڕۆژی ۱۹٦۹/۱۲/۸ کە "یڤگینی پریماکۆڤ" بە نامەیەکی سەرۆکی سۆڤیەتی لە بەغداوە دێت بۆلای بارزانی، محەمەد عیسا لەلایەن بارزانییەوە دەچێت بۆ

بەرزێوە و پێشوازی لێ دەکات. ڕادیۆ مۆسکۆ لە بەشی عەرەبی خۆیدا ئاماژەی بۆ ئەو پێشوازیی کردنە کرد.



ساڵی ١٩٧٥ بەرلە ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول، محەمەد عیسا بەرپرسی پاسەوانەکانی ئیدریس بارزانی بووە. لەگەڵ کاک ئیدریس چووەتە نەغەدە و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ قەزوین و لەوێشەوە چووەتە کەرەج و لەلای کاک ئیدریس و کاک مەسعود بووە. ساڵی ١٩٧٩ ماڵەکەی بردۆتە شنۆ و لەوێ کراوە بە بەرپرسی دامەزراندنی ئەو کوردانەی کە لە جێگە جیاوازەکانی ئێرانەوە گەڕاونەتەوە و پاڵیان بە شۆڕشی گوڵانەوە داوە. دواتر گەڕاوەتەوە سەر ئەرکی پێشووی خۆی کە بەرپرسی پاسەوانەکانی کاک ئیدریس بووە و وەک خەباتکارێکی دێرین لەگەڵ کاک ئیدریس و کاک مەسعود بووە. بەدوای کۆچی دوایی کاک ئیدریسدا لە ڕۆژی ١٩٨٧/١/٣١، بووەتە بەرپرسی پاسەوانەکانی نێچیرڤان بارزانی و لە هەندێک لە کارەکانی کاک نێچیرڤاندا وەک ڕاوێژکار کەڵکی لێوەرگیراوە.

محەمەد عیسا لەگەڵ ئەو خەبات و چالاکییانەی، بریندار و دوکتۆری عەشایریی بووە و پێشمەرگە برینداەکانی لە پشت بەرەکانی شەڕدا دەرمان کردوە. دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ بە ماڵەوە گەڕاوەتەوە بۆ مەسیف سەلاحەدین. بەشداریی کۆنگرەکانی ١١ و ١٢ی پارتی دیموکراتی کردوە. خاڵند عیسای برای و چوار لە کوڕەکانی و دوو ئامۆزای بە سێ کوڕەوە، لەگەڵ ٣٢ کەس لە خزمانی، ساڵی ١٩٨٣ لەگەڵ بارزانییەکانی کۆمەڵگای قوشتەپە ئەنفال کراون. ڕۆژی ١٩٩٣/٨/١٦ لە کۆنگرەی ١١ی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتوە و بە دوای ئەو کۆنگرەیەدا کراوە بە بەرپرسی کاروباری هەڤالانی بارزانی و ڕۆژی ٢٠٠١/١١/٢ بەهۆی وەستانی دڵی کۆچی دوایی کردوە. بە وتەی کاوەی کوڕی بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی زۆر خۆشحاڵ بووەو پێی گەورەترین شانازی ژیانی بووە.

# ڕەسوڵ فەقێ خۆشناو




ڕەسوڵ فەقێ خۆشناو ساڵی ١٩٣٢ لە گوندی "گەڕۆتە" لە ناوچەی شەقڵاوە لەدایک بووە. ساڵی ١٩٥٨ تێکەڵاوی کاری سیاسیی بووە و لەو ساڵەدا کە سەرۆک مستەفا بارزانی لە یەکێتی سۆڤیەت گەڕاوەتەوە، لەگەڵ ژمارەیەک لە خەڵکی ناوچەکەیان چووەتە بەغدا و پێشوازی لە بارزانی کردوە. ساڵی ١٩٥٩دا چووەتە ڕیزی پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەندامی لیژنەی ناوچەی شەقڵاوە بووە. جگەلە کۆنگرەی یەکەمی پارتی دیموکرات، بەشداریی هەموو کۆنگرەکانی پارتی کردوە. لە ڕێگەی خوێندنی قوڕئان و حوجرەی فەقێیانەوە، فێری خوێندن و نوسین بووە. ساڵی ١٩٦٢ کە بارزانی لە بادینانەوە هاتە ناوچەی سۆران لە نزیکەوە لەگەڵ مەلا مستەفا بووە. لەم بارەیەوە دەڵێت: (بارزانی بە دوای پاککردنەوەی ناوچەی بادینان هاتە ناوچەی ئێمە و هەموو خەڵکەکە بەدوای کەوت. هێزێکی زۆری حکومەت لە چیای سۆرکی شەقڵاوە و میرئاوا و چیاکانی دەوروبەر بوون کە بارزانی ئەوێشی پاککردەوە، تا گەیشتە ناوچەی هەباس ئاغا لە ڕانیە و هێزەکانی لە بێتواتە کۆبوونەوە. لەوێ هێزێکی بۆ ناوچەی تەگەرە لە سلێمانی، هێزێک بۆ هەورامان و هێزێکیشی بۆ ئەم ناوچەی خۆشناوەتی لە "دەربەند" دانا. بە دوای ئەوەدا ناوچەی گەڵاڵەیان لە دوژمن پاککردەوە و قشڵەی ڕایاتیان گەمارۆدا و چەکیان کرد و دیلەکانیان ئازاد کرد، بگەڕێنەوە ماڵی خۆیان. کاتێک بارزانی گەیشتە ناوچەی سۆران، من دوای ماوەیەک زیندانی و ئازدبوونم لە زیندان، لە هەولێر بە قاچاخ دەژیام. بارزانی دوو کەسی بەناوەکانی ئەحمەد خالید ڕێزانی و مستەفا سەوتی ناردەلام کە بچم بە خزمەتی بگەم و من چووم. هێشتا قشڵەی ڕایات نەگیرابوو کە من بە خزمەتی گەیشتم. من لای بارزانی مامەوە و ئەو هەندێک ئەرکی تایبەتی خۆی سەبارەت بە پێوەندییەکانی لەگەڵ خەڵکێک لە بەغدا و شوێنی تری پێسپاردم و تا ساڵی ١٩٦٧ من ئەو ئەرکەم بەڕێوەبرد.)

ساڵی ١٩٦٧، ڕەسوڵ فەقێ دەكرێت بە فەرماندەی بەتالیۆنی سێی هێزی سەفین كە مقەدەم عەزیز ئاكرەیی فرماندەی بووە و تا ساڵی ١٩٧٠ لەو ئەركەیدا ماوەتەوە. لەم بارەیەوە دەڵێت: (دوای ڕێككەوتنی ١١ی ئازاری ١٩٧٠، دوو هێزی سەفین و بێتواتە بوون بە یەك هێز و فەوجی چواریان لێ دروست بوو كە عەلی شەعبان كرا بە فەرماندەی فەوج و منیش بووم بە جێگری. ساڵی ١٩٧٤ كە شەڕ دەستی پێكردەوە، من و عەلی شەعبان گەڕاینەوە سەر بەرپرسایەتی پێشوومان. من كرامەوە بە فەرماندەی بەتالیۆن و دواتر بەرپرسایەتی هێزی سەفینیان پێسپاردم و واحیدی كۆێخا عەزیزیش لە جێی من كرا بە فەرماندەی بەتالیۆن.)

ساڵی ١٩٧٥ كە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، ڕەسوڵ فەقێ چووەتە نەغەدە و دوای ماوەیەك لەگەڵ بارزانی ڕەوانەی كەرەجیان كردوە. لەو بارەیەوە دەڵێت: (هێشتا لە نەغەدە بووین كە كاك مەسعود بەشێوەی نهێنی هەوڵی ڕێكخستنەوەی ڕێكخراوەكانی پارتی دا و لە كەرەجیش لەژێر گوشاری ساواكدا هەر ئەو كارەی دەكرد و ئێمەش ئەوانەی لە دەوروبەری بووین هاوكاریمان دەكرد.)

ساڵی ١٩٧٩، بە ڕووخانی ڕژێمی پەهلەوی لە ئێران هەندێك دەست و باڵی ئەندام و لایەنگرانی سەركردایەتی كاتی پارتی دیموكرات و كوردە پەنابەرەكانی باشور لە ئێران كرایەوەو ڕەسوڵ فەقێ چووەتە ڕاژان و كراوە بە بەرپرسی پێشمەرگە و ٤-٥ مەفرەزەی پێكهێناوە و بە شێوەی گەڕۆك گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەی بادینان و لەوێوە خۆی گەیاندوەتە ناوچەی شەقڵاوە. ساڵی ١٩٨٤ بە ڕاسپاردەی ئیدریس بارزانی كراوە بە فەرماندەی كەرتی چوار و ساڵی ١٩٨٦ قادر جێی ئەوی گرتۆتەوە و نابراو گەڕاوەتەوە بۆ مەكتەبی سیاسی و ساڵی ١٩٧٨ لەگەڵ مەسعود بارزانی سەرۆكی پارتی دیموكرات چووە بۆ ناوچەی بادینان و بۆ ماوەی ساڵێك لەوێ بووە. لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (ئێمە لە سنوری لقی یەكی بادینان بووین. كاك مەسعود هێزی تایبەتی خۆی هەبوو و منیش لەگەڵ هێزەكەم هاوكاریی ئەو هێزەمان دەكرد. ساڵی ١٩٨٨ كە كاك ئیدریس وەفاتی كرد، ئێمە لە ناوچەی نێروەییەكان بووین و بە كۆچی دوایی كاك ئیدریس بارودۆخمان بەتەواوی تێكچوو، بەڵام كاك مەسعود توانی بەسەر وەزعەكەدا زاڵ بێت.)

ساڵی ١٩٨٨، بە دوای ئەنفال و کیمیابارانی بالیسان و شێخ وەسان، ڕەسوڵ فەقێ گەڕاوەتەوە بۆ ڕاژان و تا ساڵی ١٩٩١ لەوێ بووە. ڕۆژی ١٩٩١/٢/٢١ کە مامۆستا هەژار موکریانی کۆچی دوایی کرد، لەگەڵ ڕێزدار مەسعود بارزانی چووەتە مهاباد و لەم بارەیەوە دەڵێت: **(لە مهاباد بووین کە کاک عەلی عەبدوڵا کاک مەسعودی ئاگادار کردەوە کە ڕاپەڕین دەست پێدەکات. کاک مەسعود گەڕایەوە و بە منیشیان گوت بچم بۆ حاجی ئۆمەران و خۆم بگەیەنمە شەقڵاوە. کاتێک ئێمە گەیشتین ڕاپەڕین کرابوو. من مەقەڕێکم لە شەقڵاوە کردەوە و ئاسایشی ناوچەکەم گرتە دەست. ئەوکاتە لە بادینان شەڕ بوو. من لە شەقڵاوەوە چووم بۆ بادینان و دواتر گەڕامەوە جێی خۆم.)**

دوای گەڕانەوەی ڕەسوڵ فەقێ بۆ باشووری کوردستان، هێزی کۆڕەک پێکهاتووە و ناوبراو لە ساڵی ١٩٩٤دا کراوە بە فەرماندەی هێزی کۆڕەک و لە مەسیف سەلاحەدین جێگیر کراوە و بەرپرسایەتی ناوچەی زیارەت و پیرمامیان پێسپاردوە. دوای دامەزراندنی دەزگای ئەیلول لە شەقڵاوە حەمید حوسێن مەلا "حەمید ئەفەندی" کراوە بە بەرپرسی دەزگای ئەیلول و ڕەسوڵ فەقێش کراوە بە جێگری دەزگای ئەیلول لە شەقڵاوە. ڕەسوڵ فەقێ بەشداریی گەلێک شەڕی قورس و دژواری وەک: شەڕی چیای سەفین، چیای ماکۆک، وەرەو، نواوە، چیای شیشان و کۆڕەکی کردوە و بەهۆی خزمەتەکانیەوە ڕۆژی ١٩٩٣/٨/١٦ میدالیای بارزانی پێدراوە. لەم بارەیەوە دەڵێت:

**- (زۆر خۆشحاڵ بووم. ئەم میدالیایە بۆمن شتێکی موقەدەسە کە بە ناوی مەلا مستەفا بارزانی بەمن دراوە و زۆری پێ سەربەرزم.)**

## سێیەم گروپی خەڵاتکراوانی میدالیای بارزانی

سێیەم گروپ لە خەڵاتکراوانی میدالیای بارزانی کە ڕۆژی ١٩٩٦/٨/١٦ لە یوبیلی زێڕینی پارتی دیموکراتی کوردستاندا میدالیای بارزانییان وەرگرتووە ٨٠ کەسایەتین کە لەو ژمارەیە، ژیاننامەی ٤٣ کەسایەتیان لەم کتێبەدا تۆمار کراوە و بە شێوەی خوارەوە دەکەوێتە بەرچاوتان:

# دوکتۆر سەعید ئەحمەد نادر



دوکتۆر سەعید ئەحمەد نادر ساڵی ١٩٣٠ لە گوندی بێدود لە باوەشی چیای پیران لە دایک بووە. ئەحمەد نادری باوکی یەکێک بووە لە پێشمەرگە قارەمانەکانی ناوچەی بارزان و لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٣٥، لە شەڕێکی دەستەویەخە لە چیای گۆڤەند لە سنوری نێوان باکور و باشوری کوردستان لە نزیک گوندی ئەرگوش لەلایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە شەهید کراوە.

ساڵی ١٩٤٥، سەعید ئەحمەد لە شۆڕشی بارزاندا چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی شۆڕشەوە و بەشداری شەڕی مەیدان مۆریکی کردوە. ڕۆژی ١٩٤٥/١٠/١١، بە دوای شکانی شۆڕشی ١٩٤٣- ١٩٤٥، لەگەڵ بارزانییەکان پەڕیوەتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و یەکێک بووە لە پێشمەرگەکانی بەرەی شەڕی مەلقەرەنی و مامەشە. دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان لە شەڕی ناوچەی شنۆ، لە بەرەی گۆجار بووە. لە ڕەوی بارزانییەکان بۆ ڕوسیا بەشداری شەڕی گەلی قتور و پردی ماکۆی کردوە.

دوای پەڕینەوەی بارزانییەکان بۆ یەکێتی سۆڤیەت، بۆ ماوەی نزیک بە ساڵێک سەعید ئەحمەد لەگەڵ هەڤاڵانی لە باکۆ مەشقی سەربازی پێکراوە و دوای بلاوکردنەوەی بارزانییەکان لە گوندو کێڵگەکانی تاشکەند و ئۆزبەکستان، ناوبراو بۆ ماوەی نزیک بە چوار ساڵ لە کێڵگەکانی چاندن و چنینی پەمۆدا کاری کردوە. دوای مردنی ستالین و گەڕانەوەی بارزانی بۆلای هەڤالانی و وەرگرتنی ئیزنی کار و خوێندن بۆیان، سەعید ئەحمەد یەکێک بووە لەو ١٠٠ خوێندکارانەی کە لەگەڵ بارزانی بۆ خوێندن چووەتە مۆسکۆ و لەو قوتابخانەیەدا خوێندویەتی کە بارزانی خۆی لێی خوێندوە.

سەعید ئەحمەد نادر ساڵی ١٩٥٩ لەگەڵ هەڤالانی بارزانی گەڕایەوە بۆ عێراق و وەک وەرگێڕی زمانی ڕوسی لە کۆلیجی سەربازیی بەغدا دامەزراوە و کاتێک بارزانی ڕۆژی ١٩٦٠/١١/٥، بە بانگهێشتی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی

کۆمونیستی یەکێتی سۆڤیەت، بۆ بەشداریی کردنی لە ساڵیادی شۆڕشی ئۆکتۆبەر گەڕایەوە بۆ مۆسکۆ. سەعید ئەحمەد، حەسۆ بابەکەیی و تەیمور جەعفەر موسای لەگەڵ خۆی بردەوە بۆ مۆسکۆ کە لەوێ خوێندنەکەیان تەواو بکەن. ناوبراو لەوێ بڕوانامەی دوکتۆرای لە مێژووی کورددا بەدەست هێنا و ساڵی ١٩٧٠ بە دوای ڕێکەوتنی ١١ی ئازاردا گەڕاوەتەوە بۆ عێراق و بە هەمان شێوە لە بەغدا درێژەی بە کارەکەی داوە.



ساڵی ١٩٧٤ کە ڕژێمی عێراق بە دژی کورد دەستی بە شەڕ کردوە، دوکتۆر سەعید گەڕایەوە ڕیزی پێشمەرگەکان و لەو ساڵەدا ڕۆڵێکی بالای هەبوو لە شەڕەکانی زۆزک و هەندرێن و سەرتیز و گەروی عومەرئاغادا. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، سەرەتا چووەتە نەغەدە و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ کەرەج و لەگەڵ ڕەوانشاد ئیدریس بارزانی ڕۆڵێکی پێشرەوانەی هەبووە لە هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی گوڵاندا. سەعید ئەحمەد نادر بە درێژایی شۆڕشی گوڵان لە ساڵی ١٩٧٧وە بەرپرسی قواتی "هێزی" بارزان بووە و ناوچەکانی مێرگەسور، سۆران، بارزان و سیدەکانی لە ژێر فەرماندا بووە و بەشێوازێکی باش ناوچەکەی لە بەرامبەر دەستدرێژی دوژمندا پاراستووە و دۆست و دوژمن حیسابی تایبەتیان بۆ ڕێبەرایەتی دوکتۆر سەعید هەبووە.

ساڵی ١٩٨٨ بەشداری شەڕی خواکورکی کردوە و ساڵی ١٩٩١ یەکێک بووە لە بەشدارانی چالاکی ڕاپەرینی کوردستان و دوای ڕاپەرین کە حکومەت بە دژە هێرش کەرکوک، هەولێر و سلێمانی گرتەوە. دوکتۆر سەعید، حەمید ئەفەندی و حالی دۆڵەمەری بڕیاردەدەن بەرەی شەڕ بگوازنەوە بۆ کۆڕێ. دوکتۆر سەعید هێزەکەی دەبات بۆ بەرزاییەکانی کۆڕێ و حەمید ئەفەندی و حالی دۆڵەمەری لە گەلییەکەدا بوون کە دوژمن هاتەپێش و پێشمەرگە لە هەموو لایەکەوە لێیاندان و سەریان لە دوژمن شێواند و شکاندیان و دوژمن زیاتر لە ١٠٠ کەلاکی خۆی لە مەیدانی شەڕەکە بەجێهێشت. پێشمەرگەکان چەند تانکیان

لێ شكاندن و تانكێكيان بە ساخی گرت. مەسعود بارزانی سەرۆكی پارتی ديموكراتی كوردستان خۆی لەو شەڕەدا بووە و ڕۆژی دووەمی شەڕەكە پێشمەرگەكانی يەكێتی و حيزبەكانی تری بەرەی كوردستانی گەيشتنە شوێنی شەڕەكە.

دوكتۆر سەعيد ئەحمەد لە كۆنگرەكانی ١٠ و ١١ی پارتی ديموكراتدا بە ئەندامی كۆميتەی ناوەندی پارتی ديموكراتی هەڵبژێردراوە ڕۆژی ١٩٩٦/٨/١٦ لە يوبيلی زێڕينی پارتيدا، بەهۆی خزمەت و چالاكييەكانی ميداليای بارزانی وەرگرتووە و سەرلە بەيانی رۆژی هەينی ١٩٩٩/٢/٥ لە مەسيف سەلاحەدين كۆچی دوايی كردوە.

## حاچک محەمەد حاچک



حاچک محەمەد حاچک ناسراوە بە حاچک چەمی ساڵی ١٩٢٨ لە گوندی چەم سەربە ناوچەی بارزان لە قەزای مێرگەسور لەدایک بووە، محەمەد حاچکی باوکی بەشداریی شۆڕشەکانی ١٩٤٣- ١٩٤٥ی بارزانی کردوەو حاچکی باپیری لە سەرەتای شۆڕشەکانی بارزان، ساڵی ١٩٠٨ لەلایەن عوسمانییەکانەوە لە چیای هەڵبێت لە نزیک گوندی چەم لە ناوچەی بارزان شەهید کراوە. ناوبراو لە تەمەنی دوو ساڵیدا لەگەڵ بنەماڵەکەی ئاوارەی تورکیا بووە، ساڵی ١٩٤٥ کە شۆڕشی دووەمی بارزان شکا، ڕۆژی ١٩٤٥/١٠/١١ لەگەڵ بنەماڵەکەی پەڕیوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە. لە کۆماری کوردستاندا چەکی هەڵگرتووە و یەکێک بووە لە پێشمەرگەکانی بارزانی لە بەرگری کردنی کۆمار کوردستان لە بەرەی شەڕی سەقز لە مەلقەرەنی بووە.

دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان بەشداریی شەڕی دەشتی شنۆی کردوە و دواتر یەکێک بووە لە هاوڕێیانی بارزانی بۆ یەکێتی سۆڤیەت و لە ڕێگادا بەشداریی شەڕەکانی گەلی قتور و پردی ماکۆی کردوە. دوای نزیکە بە ساڵێک مەشقی سەربازی لە باکۆ پایتەختی ئازەربایجان، لەگەڵ هەڤاڵانی بۆ ئۆزبەکستان دوور خراوەتەوە و بۆ ماوەی نزیک بە چوار ساڵ ڕۆژانە لە کێڵگەی پەمۆدا کاری کردوە و شەوانەی وانەی کوردی و ڕوسی خوێندوە.

دوای مردنی ستالین و لە سێدارەدانی باقرۆڤ و گەڕانەوەی بارزانی بۆلای هەڤاڵانی کە ڕێگەی کار و خوێندنی بۆ بارزانییەکان وەرگرت، حاچک محەمەد چوو بۆ زانکۆی تاشکەند و بڕوانامەی لە بەشی میکانیکدا وەرگرت. ساڵی ١٩٥٥ لەگەڵ ئافرەتێکی روس بەناوی والیا ئەلیکساندەر ساندرۆڤ لە خوێندنگەدا ئاشنا بووە و لەگەڵ ئەو خانمە ژیانی هاوسەری پێکهێناوە. ناوبراو یەکێک بووە لەو پێشمەرگانەی کە زۆرجار بە نوێنەرایەتی بارزانی لە ڕوسیا کێشەو گرفتی هەڤاڵانی چارەسەر کردوە.



ساڵی ١٩٥٩، حاچک محەمەد حاچک لەگەڵ هاوسەرەکەی و هەڤاڵانی بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ عێراق و بۆ ماوەی نزیک بە دوو ساڵ لە موسڵ دامەزراوە و دوای ڕاگەیاندنی شۆڕشی ئەیلول لەلایەن بارزانییەوە، گەڕاوەتەوە ڕیزی پێشمەرگەکان و بەشداریی چەند شەڕی ناوچەی بادینانی وەک شەڕی گەلی زاویتەی کردوە. ساڵی ١٩٦٢ بە دوای پاکبوونەوەی ناوچەی بادینان لە جاش و ئەندامانی سوپای عێراق لەگەڵ بارزانی پەڕیوەتەوە بۆ ناوچەی سۆران و لە ناوچەکانی ڕانیە، سەنگەسەر و قەڵادزێ بووە و ساڵی ١٩٦٣ کە ڕژێمی عێراق بە هێزێکی کۆکراوەوە پەلاماری ناوچەی بارزانیدا، بەشداری شەڕی سەری چیای ئاکرێ و پیرسی کرد. ساڵی ١٩٦٤ حاچک کراوە بە فەرماندەی پاسەوانەکانی بارزانی.

ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، حاچک چووەتە نەغەدە و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ کەرەج و یەکێک بووە لە پاسەوانەکانی بارزانی. بە دوای کۆچی دوایی بارزانی لە ١٩٧٩/٣/١دا حاچک محەمەد لەگەڵ ئیدریس و دواتریش لەگەڵ مەسعود بارزانی بووە. دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان و بەهۆی خەبات و چالاکییەکانی ڕۆژی ١٩٩٦/٨/١٦، لە کۆنگرەی ١١ی پارتی دیموکراتی کوردستاندا میدالیای بارزانی پێدراوە و ڕۆژی ١٩٩٩/٥/٣ لە مەسیف سەلاحەدین کۆچی دوایی کردوە. یەکێک لە براکانی حاچک محەمەد بەناوی عەبدوڵا لە شۆڕشی کوردستاندا شەهید کراوە.

## محەمەدئەمین حەسەن خدر



محەمەدئەمین حەسەن خدر ناسراوە بە فەقی حەسەن دەرگەڵەیی ساڵی ١٩٢٦ لە گوندی دەرگەڵە لە ناوچەی ڕەواندز لەدایک بووە. ساڵی ١٩٤٦ سەربازی سوپای عێراق بووە لە ناوچەی ڕەواندز کە لەگەڵ سلێمان بەگ دەرگەڵیی ڕایکردوە و چووە بۆ مهاباد و لەوێ چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی کۆمار و لەلایەن عیزەت عەبدولعەزیز و مستەفا خۆشناو مەشقی سەربازیی پێکراوە و دواتر ڕەوانەی بەرەی شەڕی سەقز کراوە و لە شەڕی قاراوادا بەشدار بووە. دوای هەرەسهێنانی کۆمار لەگەڵ حەسەن سلێمان لە بەرەی شەڕی قەڵاتان بووە و دەڵێت: **(هەرگیز لەبیرم ناچێتەوە کە ئەو پاڵەوانە ڕۆژی ١٩٤٧/٣/١٨ ئەوەندە لە سەنگەردا مایەوە کە تانکی دوژمن وەسەری پەڕی و شەهیدی کرد.)**

محەمەدئەمین حەسەن خدر یەکێک بووە لە هەڤاڵانی بارزانی لە یەکێتی سۆڤیەت و بە دوای بەشداریی کردنی لە مەشقی سەربازی لە ئازەربایجان و بڵاوەپێکردنی بارزانییەکان لە ئۆزبەکستاندا بۆ ماوەی چوار ساڵ لە شاری ڤیرێڤسکی لە کەلخۆزی "دەلویرزین" لە کێڵگەی پەمۆدا کاری کردوە. لەوێ لەگەڵ خانمێکی بە ڕەگەز تورک کە یەکێتی سۆڤیەت لە "قرم تەتەر"ەوە بۆ شاری ڤیرێڤسکی دووری خستبۆوە، هاوسەرگیری کردوە. دوای مردنی ستالین و لە سێدارەدانی باقرۆف، کە بارزانی چاوی بە خرۆشۆف کەوت و ئیزنی خوێندن و کارکردنی بۆ هەڤاڵانی وەرگرت، ناوبراو لە بەشی کشتوکاڵی زانکۆی ڤیرێڤسکی وەرگیرا و بڕوانامەی ئەو بەشەی وەرگرت.




ساڵی ١٩٥٩ لەگەڵ هاوسەر و چوار منداڵی و هەڤاڵانی بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ عێراق و لە ئیدارەی کشتوکاڵی سلێمانی کاری وەرگرتووە. ساڵی ١٩٦١ کە بارزانی شۆڕشی ئەیلولی ڕاگەیاند، لەگەڵ نەبی سەرئاسن، شێخ عومەر و چەند کەسی تر کە ئەوانیش دوای گەڕانەوەیان بۆ عێراق لە سلێمانی کاریان کردوە، گەڕاوەتەوە ڕیزی پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلول و کراوە بە سەرلق لە هێزی باڵەکدا.

ساڵی ١٩٦٦، لە شەڕی هەندرێن کراوە بە جێگری فەرماندەی بەتالیۆن کە عیزەت سلێمان بەگ فەرماندەی بووە. ساڵی ١٩٧٠ بە دوای واژۆ کردنی ڕێککەوتنی ١١ی ئازار، کراوە بە پاسەوانی سنوری ناوچەی ڕەواندز و ساڵی ١٩٧٤ کە شەڕ دەستی پێکردۆتەوە سەرلەنوێ گواستراوەتەوە بۆ هێزی باڵەک و بەشداری شەڕی بناری کۆڕەکی کردوە و لەو شەڕەدا یەکێک لە کورەکانی بەناوی نوری بریندار بووە. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، لە ١٩٧٥/٣/٢٧ چووەتە مهاباد و دوای ماوەیەکی کورت گواستراوەتەوە بۆ یەزد و ڕۆژی ١٩٧٧/١٠/١٥ بە کەڵکوەرگرتن لە بەخشینی گشتی ڕژێمی عێراق گەڕاوەتەوە بۆ ڕەواندز و لە گوندەکەیاندا ماوەتەوە. ساڵی ١٩٩١ یەکێک بووە لەو کەسانەی کە هاندەر بووە لە ڕاپەڕینی خەڵکداو چوار کوڕی بەشداری ڕاپەڕینیان کردوە. دوای هەڵبژاردن و پێکهاتنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢دا، نوری کوڕی کراوە بە فەرماندەی بەتالیۆنی پێنجی هەندرێن و بۆخۆشی لە ساڵی ١٩٩٣دا لەگەڵ بەشێک لە هەڤاڵانی بارزانی خانەنشین کراوە. ڕۆژی ١٩٩٦/٨/١٦، بەهۆی خەبات و خزمەتەکانییەوە، میدالیای بارزانی وەرگرتووە. دەربارەی وەرگرتنی میدالیای بارزانی بە ڕادەیەک خۆشحاڵە کە هەتا ئێستاش کە ناوی بارزانی بە زمان دێنێت، لە خۆشەویستیان فرمێسک بە گۆناکانیدا دێتەخوار و دەڵێت:

**(بارزانی دەیویست کورد ڕزگار بکات و میدالیای ئەو بۆمن جێی شانازییە و زۆر خۆشحاڵم بە وەرگرتنی.)**

## محەمەد نەجیب محەمەد سەلیم



محەمەد نەجیب محەمەد سەلیم ناسراوە بە محەمەد نەجیب بەرواری ساڵی ١٩١٢ لە گونــدی مــایی لە نــاوچەی بەرواری بــاڵا ســـەربە قەزای ئامێــدی لەدایــک بــووە. خوێنــدنی ســـەرەتایی لە گونــدی مــایی و ناوەنـدیی لە موسڵ خوێنـدوە و لە ئیدارەی دارایـــی دامەزراوە، ســـاڵی ١٩٤٠ چـــووەتە ڕیـــزی کـــۆمەڵەی هیـــواوە. ســـاڵی ١٩٤١ گواستراوەتەوە بۆ لقی دارایی بلە و ساڵی ١٩٤٥ پێوەندی بە شۆڕشی بارزانەوە کردوە. لە ساڵی ١٩٤٠- ١٩٤٥دا چەندان جار وەک تەتەری تـایبەت نـامەی حیزبـی هیـوای بە بـارزانی گەیانـدوە و بەپێچەوانەوەش وەڵام و نامەکـانی بـارزانی بـۆ حیزبـی هیوا بردوە کە بەڕێز مەسعود بـارزانی لە کتێبەکەیدا بـارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ئاماژەی بۆ کردوە.

ساڵی ١٩٤٥ بەشداری شـەڕی مەیدان مۆرکی کـردوە و ڕۆژی ١٩٤٥/١٠/١١ بـۆ خۆپاراستن لە بۆمبـارانی فـڕۆکە جەنگییەکـانی ئینگلیـز و پەلامـاری سـوپا و جاشەکانی سەربە حکومەتی عێراق، لەگەڵ بارزانی و خەڵکی ناوچەی بارزان پەنای بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان بردوە. بەشداری کۆماری کوردستانی کردوە و دوای هەرەسهێنانی کۆمـاری کوردسـتان لە شـەڕەکانی دەشـتی شنۆدا بەشدار بووە و دواتریش لەگەڵ بـارزانی و هەڤـاڵانی چووەتە یەکێتـی سۆڤیەت. وەک هەموو هەڤاڵانی بارزانی بۆ ماوەی نزیک بە ساڵێک مەشقی سەربازی پێکراوە و دوای بڵاوکـردنەوەی بارزانییەکـان و دوور کـردنەوەی بـارزانی لە هەڤـاڵانی گواستراوەتەوە بـۆ تاشکەند و بـۆ مـاوەی چـوار سـاڵ لەوێ لە کێڵگەی پەمۆدا کاری کردوە و و شەوانەش زمانەکانەکانی کوردی و ڕوسی خوێندوە.

دوای مردنـــی سـتالین و گەڕانەوەی بـارزانی بـۆلای هەڤـالانی لە ١٩٥٤دا، محەمەد نەجیب لە بەشی کشتوکاڵ وەرگیراوە و لە زانکۆی ڕوسیا بڕوانامەی وەرگرتووە. ساڵی ١٩٥٩ لەگەڵ هەڤالانی بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ عێراق و لە ئیدارەی دارایی قەزای شێخان دامەزراوە و دواتریش بەڕێوەبەری ئیدارەی دارایی هەولێر بووە. ساڵی ١٩٦٣ کە بەعسییەکان کودەتایان کرد، محەمەد نەجیب گەڕاوەتەوە بۆ بارەگای بارزانی و ساڵی ١٩٧٠ بە دوای واژۆ کردنی ڕێککەوتنی ١١ی ئازاردا سەرلەنوێ چووەتەوە سەر کاری پێشووی لە



بەعقوبە و تا ساڵی ١٩٧٩ لەوێ درێژەی بە کارەکەی داوە و لەو ساڵەدا خانەنشین کراوە و گەڕاوەتەوە بۆ دهۆک.

محەمەد نەجیب بەرواری ڕۆژی ١٩٩٦/٨/١٦ بەهۆی خزمەتەکانی بە بزوتنەوەی کورد کوردستان، میدالیای بارزانی وەرگرتووە و ڕۆژی ٢٠٠٣/٢/٦ کۆچی دوایی کردوە.

## پیرموس عومەر خەلیل



پیرموس عومەر خەلیل ناسراو بە مام پیرۆ بەرواری ساڵی ١٩١٦ لە گوندی هروری لە بەرواری باڵا لەدایک بووە. ساڵی ١٩٤٣ کە بارزانی لە سلێمانییەوە گەڕایەوە بۆ ناوچەی بارزان، ناوبراو چەکی هەڵگرتووە و وەک جەنگاوەرێک پاڵی بە بارزانییەوە داوە و لە شەڕەکانی بلە "بلێ"، ڕێزان، بارزان و شەڕی گۆڕەتوو و مەیدان مۆریکدا بەشداربووەو ڕۆژی ١٩٤٥/١٠/١١ بە بنەماڵەوە لەگەڵ بارزانی چووەتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە ڕۆژی ١٩٤٦/٣/٢دا بەشداری کردوە لە پاراستنی کۆماری کوردستاندا و یەکێک بووە لە پێشمەرگەکانی بەرەی شەڕی مەلقەرەنی و بەشداریی شەڕی مەلقەرەنی کردوە.

دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان، یەکێک لە پێشمەرگەکانی جێگیر لە ناوچەی نەڵۆس بووە و ڕۆژی ١٩٤٧/٢/٢ و بەشداریی شەڕی نەڵۆس ڕۆژی ١٩٤٧/٣/١٤ بەشداریی شەڕی گۆجاری کردوە. هەروەها مام پیرۆ لە ڕەوی پەڕینەوەی بارزانییەکاندا بۆ یەکێتی سۆڤیەتدا، بەشداری شەڕەکانی گەلی قتور و پردی ماکۆ کردوە. دوای جێگیر بوونی لە باکۆ، لەگەڵ هەڤاڵانی بۆ ماوەی نزیک بە ساڵێک مەشقی سەربازی پێکراوە.

دوای دوورخستنەوەی بارزانی لە هەڤاڵانی و بڵاوکردنەوەی بارزانییەکان بەسەر گوند و کێڵگەکانی تاشکەنددا، بۆ ماوەی نزیک بە چوار ساڵ لە کێڵگەی پەمۆ لە تاشکەند کاری کردوە. دوای مردنی ستالین و لە سێدارەدانی باقرۆڤ کە خرۆشۆڤ لەسەر داوای بارزانی، ئیزنی خوێندن و کارکردنی بە بارزانییەکان دا، مام پیرۆ بەهۆی تەمەنی زۆری نەیتوانیوە بچێت بۆ زانکۆ و لە کارکردندا بەردەوام بووە. دوو جار لە ڕوسیا هاوسەرگیری کردوە، جاری یەکەم کچێک و جاری دووەم کچ و کوڕێکی هەبووە. ساڵی ١٩٥٩ لەگەڵ

هەڤاڵانی بارزانی و هاوسەری دووەمی بەناوی سدیقە و دوو لە منداڵەکانی گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان و لە گوندی هرور نیشتەجێ بووە.




ساڵی ١٩٦١ کە بارزانی شۆڕشی ئەیلولی ڕاگەیاند مام پیرۆ بەرواری گەڕاوەتەوە ریزی پێشمەرگەکان و لە هێزی عەلی خەلیل دا بووە. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا مام پیرۆ گەڕاوەتەوە بۆ گوندی هرور، بەڵام ڕژێمی عێراق لەوێوە گواستویەتەوە بۆ کانی ماسی و دوای ماوەیەک چووەتە لە گوندەکانی تەشیش- تەلکەبەر نیشتەجێ بووە.

ڕۆژی ١٩٩٦/٨/١٦، پیرموس عومەر خەلیل لە یوبیلی زێڕینی پارتی دیوکراتی کوردستاندا بەهۆی خزمەتەکانی بە کورد و کوردستان و ڕێبازی بارزانی میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لە هەمان ساڵدا جەڵتە لێیداوە و شەلەل بووە و دوای حەوت مانگ لە ڕۆژی ١٩٩٧/٣/٢٣، لە تەمەنی ٨١ ساڵیدا کۆچی دوایی کردوە.

## محەمەدئەمین تاهیر مەحمود



محەمەدئەمین تاهیر مەحمود ساڵی ١٩٣٠ لە گوندی "بییە" لە ناوچەی شێروانی مەزن سەربە قەزای مێرگەسور لەدایک بووە. تەمەنی دوو ساڵ بووە کە لە شۆڕشی یەکەمی بارزان لە ساڵی ١٩٣٢دا لەگەڵ شێخ ئەحمەدی بارزان و تاهیر مەحمودی باوکی و بارزانییەکان ئاوارەی تورکیا بووە. باوکی بەشداریی شۆڕشی دووەمی بارزانیشی کردوە و ساڵی ١٩٤٥ لەگەڵ بنەماڵەکەی چووەتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەوێ چەکی هەڵگرتووە و بۆ بەرگریی کردن لە کۆماری کوردستان و لە بەرەکانی شەڕی سەقز و سەردەشت بووە. دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان، ساڵی ١٩٤٧ بەشدار بووە لە شەڕەکانی دەشتی شنۆ و دواتر لەگەڵ چوار کەس لە پێشمەرگەکانی گوندەکەیان لەگەڵ بارزانی چوون بۆ ڕوسیا. لە ڕێگادا بەشداری شەڕەکانی گەلی قتور و پردی ماکۆی کردوە و لە باکۆ ئازەربایجانی سۆڤیەت بۆ ماوەی نزیک بە ساڵێک مەشقی سەربازی پێکراوە. دوای جیاکردنەوەی مەلا مستەفا لە هەڤاڵانی و دووری خستنەوەی و بڵاوەپێکردنی هەڤاڵانی لە تاشکەند، محەمەد ئەمین تاهیر مەحمود لەگەڵ ٢٥ کەسی تر بۆ ماوەی نزیک بە چوار ساڵ لە کێڵگەیەکی پەمۆ کاری کردوە و ئێوارانیش لەگەڵ بەشێک لەو هەڤاڵانەی وانەی کوردی و ڕوسی خوێندوە. ساڵی ١٩٥٤ کە ستالین مرد و باقرۆڤ لە سێدارە درا و بارزانی ڕێگەی کار و خوێندنی بۆ هەڤاڵانی دەستەبەر کرد، ناوبراو لە زانکۆی "پوگاچۆڤ" لە پارێزگای "سەراتۆڤ" وەرگیرا و لە بەشی جادە کێشاندا بڕوانامەی ئەندازیاریی وەرگرت.

ساڵی ١٩٥٩، محەمەدئەمین تاهیر مەحمود لەگەڵ هەڤاڵانی بارزانی گەڕایەوە بۆ عێراق و لە ئیدارەی کشتوکاڵی هەولێر دامەزرا. ساڵی ١٩٦١ کە بارزانی شۆڕشی ئەیلولی ڕاگەیاند، ناوبراو دەستی لە کارەکەی هەڵگرت و

گەڕاوە بۆ ناوچەی بادینان و چەکی هەڵگرتەوە و لەگەڵ هێزەکانی شەریف عەبدوڵا کلکەمویی کەوت. لە شەڕی مەزنی ناوچەی شێرواندا بەشداری کرد و یەکێک بووە لە پێشمەرگەکانی شەڕی گەلی زاویتە لە ڕۆژی ١٩٦١/١٢/١٢دا.

دوای پاکبوونەوەی ناوچەی بادینان لە جاش و سوپا، لە ڕێکخستنی نوێی سەربازی و سیاسی ئەو ناوچەیەدا، محەمەدئەمین تاهیر ساڵی ١٩٦٢ بۆ پاککردنەوەی ناوچەی سۆران لە چەکدارەکانی دوژمن، لەگەڵ بارزانی پەڕییەوە بۆ ناوچەی باڵەکایەتی و ساڵی ١٩٦٣ کە دوژمن سەرلەنوێ بە هێزێکی زۆر و تەیار کراو ویستی بارزان بگرێت، سەرلەنوێ گەڕایەوە بۆ ناوچەی بارزان و بەشداری شەڕەکانی سەری پیرس و سەری ئاکرێ و شەڕی نێوان بلە و بارزانی کرد. لەو شەڕەدا برینداربووە و وەک خۆی دەڵێت دوکتۆر مەحمود عوسمان لە ئەشکەوتی تاتکی لە شێروانی مەزن نەشتەرگەری بۆ کردوە و دواتر بۆ ماوەی ساڵێک لە ناوچەی مزوری لەژێر چاودێریدا بووە. ساڵی ١٩٦٤ کە وتووێژی نێوان شۆڕش و حکومەتی عێراق بوو، سەرلەنوێ لە سلێمانی نەشتەرگەری بۆ کراوە.

ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، لە زێوە گیرساوەتەوە و ساڵی ١٩٨١ بە مەفرەزە گەڕاوەتەوە بۆ باشوری کوردستان و مەقەڕیان لە لۆلان داناوە و بە مەفرەزە چوونەتە ناوچەی سیدەکان و چیای برادۆست و دەستیان لە یەکەکانی دوژمن و جاشەکانی ئەو ناوچانە وەشاندوە. ساڵی ١٩٨٨ بەشداریی شەڕی گەورەی خواکورکی کردوە و بە دوای کیمیابارانی ناوچەی بادینان گەڕاوەتەوە بۆ زێوە. ساڵی ١٩٩١ بەشداریی ڕاپەڕینی کردوە و هەتا کەرکوک چووە و لە دژە هێرشی سوپای عێراقدا وەک بەشێکی زۆر لە پێشمەرگەکان گەڕاوەتەوە بۆ کۆڕێ.

ساڵی ١٩٩٣ لەگەڵ بەشێک لە هەڤاڵانی بارزانی خانەنشین کراوە و ڕۆژی ١٩٩٦/٨/١٦ بەهۆی خزمەتەکانی بە کورد و کوردستان و ڕێبازی بارزانی نەمر، میدالیای بارزانی وەرگرتووە. لەم بارەیەوە دەڵێت:

- **(بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی زۆر خۆشحاڵ بووم و تێگەیشتم کە سەرکردەکانمان ئێمەیان لەبیرە.)**

## مەلا ئیبراهیم بابەکر




مەلا ئیبراهیم بابەکر ئیسماعیل ناسراو بە مەلا برایم بابەکر ساڵی ١٩٢٧ لە گوندی هەسنەکان لە دەڤەری بارزان لە دایک بووە. بەشداریی شۆڕشی ١٩٤٥و کۆماری کوردستانی کردوە. دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان، دوو جار لە شەڕەکانی نەغەدە و شنۆ بریندار بووە. یەکێک بووە لە هەڤاڵە نزیکەکانی سەرۆک مستەفا بارزانی. دوای چوونی بۆ یەکێتی سۆڤیەت لەگەڵ ٢٥ کەس لە هەڤاڵانی لە تاشکەندی ئۆزبەکستان بووە. دەڵێت: **(حەوت مانگمان مابوو کە زانکۆ تەواو بکەین، کەریم قاسم و هاوڕێیانی کودیتای ١٤ی تەموزیان کرد و بە ئەمری بارزانی گەڕاینەوەی بۆ عێراق.)**

دوای سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلول، لە ساڵی ١٩٦٢وە چەکی پێشمەرگایەتی هەڵگرتۆتەوە و لە ساڵی ١٩٦٦وە بەرپرسی پێشمەرگە پاسەوانەکانی سەرۆک بارزانی بووە. ڕۆژی ١٩٧١/٩/٢٩ ڕژێمی عیراق وەفدێکی بە بەرگی ئایینی و بەناوی وتووێژەوە نارد بۆ حاجی ئۆمەران کە بارزانی تیرۆر بکات. لە کاتی وتووێژەکەدا، یەکێک لە مەلاکان بەناوی ئیبراهیم خوزاعی تەقییەوە و مەلا برایم بریندار بووە. لەم بارەیەوە دەڵێت:

**- (لە ساڵی ١٩٦٦وە بەرپرسی پاسەوانەکانی بارزانی نەمر بووم، ڕۆژی ١٩٧١/٩/٢٩ وەفدێکی ١١ کەسە کە بەجلی مامۆستایانی ئاینی خۆیان داپۆشی بوو، هاتن بۆ حاجی ئۆمەران. بارزانی بە شێوەیەکی شایستە پێشوازی لێکردن لە ژوورێکدا لەگەڵیان کۆبۆوە. ئەوان دەیانویست لە ژوورێکدا بەتەنیا لەگەڵ بارزانی دانیشن کە بارزانی قەبووڵی نەکرد. دوای نزیکەی بیست خولەک یەکێک لە مەلاکان خۆی تەقاندەوە. من لەوێ لە نزیک دەرگای کۆبوونەوەکە بووم. ئاغا قادر هۆستانی کێشکی دەدا. هەرکە من چووم بۆلای، تەقینەوەکە ڕوویدا. لەو کاتەدا بارزانی نەمر لەسەرەخۆ هاتە**

دەڕێ. بینم یەکێك لە خۆکوژەکان ڕا دەکات، بارزانی فەرمووی نەیکوژن، بەڵام پیش ئەوەی بارزانی وتەکەی تەواو بکات، ئاغا قادر هۆستانی تەقەی لێکرد و کوشتی. لەوکاتەدا یەکێک لە شۆفیرەکانی نارنجۆکێکی بەرەو مەلا مستەفا هاویشت کە نارنجۆک نەگەیشتە بارزانیی و لەناو ئێمەدا تەقییەوە و لە ئاکامدا شان و مل و ڕانی منیش بە پریشکی ئەو نارنجۆکە، زۆر بەسەختی بریندار بوو. هەروەها دوو پێشمەرگەش شەهید بوون و ١٣ی تریش بریندار بوون. ناوی شەهیدەکان بریتی بوو لە حەمەشەریفی چایچی و سەلیم زوبێر بارزانی کە لە هەولێرەوە هاتبوو.)

مەلا برایم بەهۆی خزمەتەکانی بە کورد و کوردستان و ڕێبازی بارزانی ڕۆژی ١٩٩٦/٨/١٦ لە یوبیلی زێڕینی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی هەستم بەوە کرد کە خزمەتم بە کورد و کوردستان و ڕێبازی بارزانی بە فیڕۆ نەچووە. وەرگرتنی میدالیای بارزانی بەو واتایە بوو کە من شەهادی شۆڕشی کوردستانم وەرگرتووە. لە خەونێک دەچوو کە وەدیهات و زۆر خۆشحاڵ بووم.)

## حەسەن خاڵ هەمزە مەلا



حەسەن خاڵ هەمزە مەلا ساڵی ١٩٣٠ لە مێرگەسور لە دایک بوو. ساڵی ١٩٤٣ کە بارزانی لە سلێمانییەوە گەڕایەوە بۆ بارزان، لە تەمەنی ١٣ ساڵیدا بوو بە پێشمەرگە و بەشداریی شۆڕشی ١٩٤٣- ١٩٤٥ بارزانی کرد و ١٩٤٣/١٠/١٢ بەشداری شەڕی "خێرۆزۆک"ی کرد. یەکێک بووە لە هەڤالانی بارزانی لە کۆماری کوردستان و لە بەرەی شەڕی سەقز لە سەروچاوە بووە و بەشداریی شەڕی قاراوای کردوە. دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان لە ناوچەی مەرگەوەڕ بەشداریی شەڕی گۆجار و بارانـدوزی کردوە. یەکێک بووە لە هەڤالانی بارزانی لە یەکێتی سۆڤیەت و بە دوای بەشداریی کردنی لە مەشقی سەربازی لە ئازەربایجان، ڕەوانەی ئۆزبەکستان کراوە. لە پەیمانگەی پیشەسازی مۆسکۆ، بەشی پالاوتنی نەوتی خوێندوە و یەکێک بووە لە خوێندکارە هەرە زیرەکەکانی ئەو پەیمانگەیە. ساڵی ١٩٥٩ لەگەڵ هەڤالانی بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ عێراق و لە موسڵ نیشتەجی بووە و بە پلەی ئەندازیار لە کارخانەی شەکری موسڵ کاری کردوە. ساڵی ١٩٦١ کە بارزانی شۆڕشی ئەیلولی ڕاگەیاند، حەسەن خاڵ هەمزە گەڕاوەتەوە ڕیزی پێشمەرگەکان و بەهۆی باری باشی ئابووریی توانیویەتی بۆخۆی و بۆ چەند هەڤالی چەک بکرێت. لە بارزانەوە لەگەڵ بارزانی بەڕێکەوتووە و دوای بەجێهێشتنی گوندی سیدا، چووەتە ناوچەی نێروە و بەرواری بالا و بەشداریی شەڕی جاشەکانی سەربە حکومەتی کردوە. جگەلەوە بەشداریی شەڕەکانی پیرس، نەهلە، سەری خازر، مرێبا و سەری ئاکرێ و سیاکۆی کردوە و بە دوای پاکبوونەوەی ناوچەی بادینان لە سوپا و جاش، ساڵی ١٩٦٢ لەگەڵ بارزانی پەڕیوەتەوە ناوچەی سۆران. دوای پەڕینەوەی، لە ناوچەی باڵەک کراوە بە سەرلقی یەکێک لە لقە سەربەخۆکان، لە دەرەوەی هێزی باڵەک کە عەبدوڵا ئاغای پشدەری فەرماندەی بووە و ئەرکی بەرەی زۆزکیان



پێسپاردوە. عەبدوڵا ئاغا لە لاپەڕەی ٢٠ی بەرگی دووەمی یادداشتەکانیدا ئاماژە بۆ لقی سەربەخۆی حەسەن خاڵ هەمزە لە بەرەی شەڕی زۆزک دەکات. هەروەها ڕۆژنامەی زاری کرمانجی کە ئەویش لە ڕۆژنامەی خەبات وەریگرتووە، لە زمانی محەمەد عیسا یەکێک لە هەڤاڵانی بارزانییەوە، باس لە ئازایەتی حەسەن خاڵ لە بەرەکانی شەڕدا دەکات. حەسەن خاڵ هەمزە لە شەڕی زۆزک دا بریندار بووە و بۆ ماوەی دوو ساڵ لە دەرەوەی وڵات لەژێر چاودێری دوکتۆراندا بووە و دەستی ڕاستەشی بڕاوەتەوە. دوای گەڕانەوەی لە دەرمان، ئەم جارە کراوە بە بەرپرسی دەستەیەک لە پاسەوانەکانی سەرۆک بارزانی و تا ساڵی ١٩٧٥ لەو ئەرکەیدا ماوەتەوە.

ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، سەرەتا حەسەن خاڵ لە نەغەدە بووە و دواتر لەگەڵ بارزانی چووەتە کەرەج. ساڵی ١٩٧٦ کە شۆڕشی گوڵان ڕاگەینرا، ناوبراو گەڕاوەتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە سلیڤانا نیشتەجێ کراوە و لەگەڵ چەند بەرپرسی تر، وەک: حاجک چەمی، مەلا برایم هەسنەک و ئەحمەد حاجی تاتکی لە لیژنەیەکی ڕاوێژکاریدا هاوکاری ڕەوانشاد ئیدریس بارزانی و مەسعود بارزانییان کردوە و ساڵی ١٩٩٤ گەڕاوەتەوە بۆ باشوری کوردستان.

دایکی حەسەن خاڵ هەمزە ساڵی ١٩٤٦ بە نەخۆشی تایفۆئید لە مهاباد کۆچی دوایی کردوە و مامی بە ناوی عەزیز مەلا خال و هاوسەرەکەی و ١٦ لە ئەندامانی بنەماڵەکەی لە ئەنفالی ١٩٨٣ی بارزانییەکاندا لەلایەن ڕژێمی بەعسی عێراقەوە ئەنفال کراون. ناوبراو بەهۆی خزمەتەکانیەوە، ڕۆژی ١٩٩٦/٨/١٦ میدالیای بارزانی پێدراوە و دوای نزیک بە دوو ساڵ لە ١٩٩٨/٧/١١دا کۆچی دوایی کردوە.

## سەعید وەلی بەگ




سەعید وەلی بەگ کوڕی پێشمەرگە و سەرکردەی ناوداری شۆڕشی یەکەم و دووەمی بارزان و یەکێک لە هەڤاڵانی نزیکی بارزانی، واتا وەلی بەگە کە لە شۆڕشی ساڵی ١٩٤٥دا شەهید کراوە. سەعید وەلی بەگ ساڵی ١٩٢٨ لە گوندی ڕێزان لە ناوچەی بارزان لەدایک بووە. ساڵی ١٩٤٥ چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی شۆڕشی بارزان و سەرقۆڵی پێشمەرگەکانی ناوچەی ڕێزان و دۆری بووە. بەشداریی کۆماری کوردستانی کردوە و یەکێک بووە لە فەرماندەکانی پێشمەرگە لە شەڕی مەلقەرەنیدا و لەم بارەیەوە دەڵێت: **(بە دوای شەڕی مەلقەرەنی دا پێشەوا قازی محەمەد و سەرۆک مستەفا بارزانی هاتنەلامان و من لەگەڵیان چووم، شوێنی شەڕەکانم پێشاندان. دەستخۆشییان لە ئێمە کرد و فەرموویان میداڵیای قارەمانەتیتان دەدەێنێ کە بەداخەوە کۆمار هەرەسیهێنا و ئێمە میداڵیای شەڕی مەلقەرەنیمان وەرنەگرت.)**

هەروەکوو چاوەڕوان دەکرا، دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان سوپای ئێران سەرەتا ئەو عەشیرەتانەی پڕچەک کرد کە پەیوەست نەببوون بە کۆماری کوردستان و لایەنگرییان لە کۆمار و پێشەوا و بارزانییەکان نەدەکرد. بۆ ئەو مەبەستە ڕوویان لە قەرەنی ئاغای مامەش کرد و پلانیان بۆ مامەشەکانی سەربە قەرەنی ئاغا دانا کە داوێنی چیای "سپی ڕێز" تا دۆڵی "گادەر" بگرن. لەبەر ئەوە ڕۆژی ١٩٤٧/٢/٢٣ ژەنەڕاڵ بارزانی پانزدە پێشمەرگەی بە فەرماندەیی "سەعید وەلی بەگ" و هاوکاریی "میرزاغا ڕەشۆ، خانۆ شیخ ئومەر و حالی باپیر گەلۆکی" نارده گوندی "سێڵوێ" کە ئەو ئاغایانە بگرن و بیانهێنن بۆ شنۆ تا وەک بارمتە ڕابگیرێن بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو پیلانە. پێشمەرگەکان لە گوندی سێڵوێ لەگەڵ

ئاغاکان کۆدەبنەوە و داوایان لێدەکەن چەک دابنێن و خۆبەدەستەوە بدەن کە یەکێک لە ئاغاکان دەست بۆ دەمانچەی بەرپشتی دەبات. پێشمەرگەکان نازانن کە ئەو ئاغایە دەیەوێ چەک دابنێ، یان دەست بکاتەوە و لە پێشمەرگەکان بدات. هەر لەوکاتەشدا لە دەرەوەی دیوەخانەکە دەنگی تەقە دێت، ئیدی لە هەموو لایەکەوە دەست دەکرێت بە تەقە و لە ئاکامدا ١٢ لە ئاغا و نۆکەرەکانیان دەکوژرێن و دووشیان بریندار دەبن کە دواتر ئەوانیش دەمرن. هەروەها دوو پێشمەرگەش بە ناوەکانی محەمەد میرزا کاکشار و باقی کانی بۆتی شەهید و دووی تریش بریندار بوون. لەم بارەیەوە سەعید وەلی بەگ دەڵێت:



(ئاگاداریان کردین کە مامەشەکانی سەربە قەرەنی ئاغا چەکیان لە حکومەتی ئێران وەرگرتووە و دەیانەوێت چیای سپێرز تا دوڵی گادەر لە ئێمە بگرن. سەرۆک بارزانی فەرمووی بچن لەگەڵیان دانیشن و ئاغاکان بهێننە ئێرە. ئێمە پانزدە کەس چووین. من و میرزاغا ڕەشۆ و خانۆ شیخ ئومەر و حال باپیر گەلۆکی بەرپرسیان بووین. کاتێک گەیشتینە گوندی سێڵوێ، من لەگەڵ چەند پێشمەرگە لە دەرەوەی گوندەکە مامەوە و میزاغا ڕەشۆ و خانۆ شیخ ئومەر و حال باپیر گەلۆکی لەگەڵ پێشمەرگەکانی تر چوون. ئاغاکان دەیانویست پێشمەرگەکان چەک بکەن کە تەقە لە نێوانیاندا پەیدابوو. ئێمە دوو پێشمەرگەمان بەناوەکانی محەمەد میرزا کاکشار و باقی کانی بۆتی شەهید بوون و دوو پێشمەرگەشمان بە ناوەکانی حال باپیر کەلۆکی و دەروێش خانۆ شێخ ئومەر بێدودی بریندار بوون. لە مامەشەکانیش وەک من بزانم دوازدە کەسیان کوژران و دوو کەسیشیان بریندار بوون و ئەوانی تریشمان دەستگیر کرد. گیراوەکانمان بردە شنۆ، بەڵام شێخ ئەحمەد بە قەومانی ئەو ڕووداوە زۆر تورە بوو و دیلەکانی ئازادکرد.)

سەعید وەلی بەگ یەکێک لەو فەرماندانەی پێشمەرگە بوو کە لەگەڵ بارزانی ڕووی لە یەکێتی سۆڤیەت کرد و بەشداریی شەڕەکانی گەلی قتور و پردی ماکۆی کردوە. دەربارەی شەڕی پردی ماکۆ پێویستە بڵێم: ڕۆژی ١٩٤٧/٦/٧ گەیشتینە گوندی "عەمبار"، لەوێ توشی پیاوێکی شارەزا بە ڕێگاکە بووین بەناوی "میرزا عەبدی" کە هەرچەند تەمەنی گەیشتبووە حەفتا ساڵ، بەڵام بە گوڕ و گورج بوو. بارزانی باشترین ڕێگای بۆسەر ڕوباری ئاراس لێپرسی. میرزا عەبدی گوتی ڕێگای ماکۆ- هاسۆن لە هەمووان باشترە، چونکە ڕێگاکە هێجگار دژوارە، بەتایبەتی ئەگەر بچیتەوە تورکیا، دیارە مەترسیش لە ڕێگادا هەیە. بارزانی قسەی ئەو پیاوەی پەسەندکرد و بڕیاریدا بە گوێی بکات. ئەو بەشەی ڕێگاکە زۆر گرنگ بوو، لەبەر ئەوە پێویست بوو بە وردی نەخشەی بۆ داڕێژێت. ڕۆژی ١٩٤٧/٦/٨ گوندی عەمباریان بەجێهێشت و چوونە گوندی قەرە کلیسا "کلیس کەند و ئاخداش" لە نزیک ماکۆ کە گوندی تورکان بوون. گوندەکە چۆل بوو، خەڵکەکەی ڕایانکرد بوو بۆ ماکۆ و ماڵ و کەلوپەلەکانیشیان بەجێهێشتبوو.

هێزێکی زۆری سوپای ئێران بە تانک و تۆپ گەیشتنە ماکۆ و هەموو ڕێگاکانیان گرت. چارەنوسی بارزانییەکان بە دەرچوونیان بەو ڕێگایەدا بەسترابۆوە. بارزانی پاش پشکنینی ناوچەکە شوێنی هێزەکانی ئێرانی بۆ دەرکەوت. پێشمەرگەکانی کردە دوو بەش و بڕیاری هەڵمەتێکی خۆکوژانەی دا. خۆی فەرماندەیی هێزێکی پەلاماری لە قەرە کلیسا کرد و حەمەدەمین میرخان، مامەند مەسیح و مستۆ مێروزی یارمەتیان دەدا. بەشی دووەم لە ئاخداش لەلایەن ئەسعەد خۆشەوییەوە فەرماندەیی دەکرا و ساڵح کانیە لنجی و سەعید وەلی بەگ یارمەتیان دەکرد.

ڕۆژی ١٩٤٧/٦/٩، پێشمەرگەکان لە چیای سوسوز و دەشتی ماکۆوە پەلاماری هێزەکانی ئێرانیان دا و هێرشەکەیان هەتا ڕۆژی ١٩٤٧/٦/١١ بەبێ پسانەوە بەردەوام بوو. هەرچەندە ئەو شەڕە زۆر قورس و دڕندانە بوو، بەڵام لە بەرامبەر ویستی پۆڵایین و بڕوای لەبن نەهاتووی پێشمەرگەکاندا بە سەرکەوتنەوە کۆتاییهات. بارزانییەکان لەو شەڕەدا حەماسەیەکی مێژوویییان بۆخۆیان و بۆ گەلی کورد تۆمار کرد و توانیان شەوی ١١- ١٩٤٧/٦/١٢ لە ڕوباری "زەنگی" بپەڕنەوە و بەرەبەیانی ڕۆژی ١٩٤٧/٦/١٢ خۆ بگەیەننە گوندی هاسون.

ئەو پێشمەرگانەی کە لە ئاراس پەڕینەوە و چوون بۆ ئازەربایجان، باس لە مەشقی سەربازی لە باکۆ دەکەن. سەعید وەلی بەگ یەکێک بووە لە فەرماندەکانی ئەو پێشمەرگانە و دەقی ڕووداوی مەشقەکەیان بەم جۆرە بووە: دوای گەیشتنیان بۆ ناو سنوری ئازەربایجان، ڕۆژی ١٩٤٧/١٢/١٠ هەموو بارزانییەکانیان گواستەوە بۆ باکۆ و لە ئۆردوگایەکی سەربازییان دانان و هەموو جلوبەرگی سەربازییان دەبەر کرد و ئامادەی مەشق پێکردن بوون. ڕۆژی ١٩٤٧/١٢/٢٢ ژەنەراڵ بارزانی لەگەڵ ژەنەراڵ "ئاتاکیشیۆف" کارگێڕی ئیداریی و ئەمنیەتی ئازەربایجان کە پێشتر لە سەردەمی کۆماری کوردستان و ئازەربایجاندا لە مهاباد و تەوریز بوو، چوو سەردانی بارزانییەکانی کردو دوای چەند ڕۆژ گوردانێکی سەربازییان بە فەرماندەیی ئەسعەد خۆشەوی لێ پێکهێنان و هەریەک لە سەعید وەلی بەگ، محەمەدئەمین میرخان، مامەند مەسیح و مستۆ میرۆزی کران بەفەرماندەی گورهان و حکومەتی ئازەربایجانیش سەرهەنگ "کازمۆف"ی بۆ دانان کە سەرپەرشتی ئەو گوردانە بکات لە مەشقی سەربازیی پێکردنیان. کازمۆڤیش وەک ئەسەدۆڤ و ئاتاکیشیۆڤ بەشداربوو لە کۆماری کوردستان و ئازەربایجاندا و لە مهاباد پێیاندەگوت "کاکاغا". وەزارەتی سوپای یەکێتی سۆڤیەت ٢٠ ئەفسەری بۆ پەروەردە کردن و مەشقی سەربازیی بۆ بارزانییەکان تەرخان کرد کە "عەبدوڵا قولیۆڤ، کەریمۆڤ، مەرمانۆڤ، زەینەڵۆڤ، محەمەدۆڤ و شرینۆڤ" بەشێک بوون لەو ئەفسەرانە کە هەموویان تورکی ئازەریی و کورد بوون. لەم بارەیەوە سەعید وەلی بەگ و پێشمەرگە بەشدار بووەکان لەو مەشقە سەربازییانەدا دەڵێن:

- (ڕۆژانە لە بەیانییەوە تا ئێوارە لە ڕۆخی دەریای خەزەر ڕووبەڕووی خاکی ئێران مەشقی سەبازییان بە ئێمە دەکرد. هاوکات لەگەڵ کاری بە کردەوە فێری زمانی ڕوسیشیان دەکردین. بەشێک لە ئێمە تورکیمان دەزانی و باشتر دەمانتوانی پێوەندی لەگەڵ ئەفسەرە تورکەکان دامەزرێنین و بەشێکمان یان باشترە بڵێن جگە لە ١٢ کەسمان، ئەوانی تر خوێندن و نوسینی کوردیشمان نەدەزانی. ئەوە بوو بە دوای مەشقی ڕۆژانەمان، بۆخۆمان لەسەر ڕاسپاردەی مەلا مستەفا دەستمان کرد بە خوێندنی زمانی کوردی و کوردی زانەکانمان تا درەنگایەکی شەو وانەی کوردییان پێدەگوتین و لە ماوەیەکی کەمدا بەتایبەتی گەنجەکان توانیان فێری خوێندن و نوسینی

**زمانی کوردی بن. هەروەها جگەلە مەشقی کلاسیکی سەربازیی، لەگەڵ دیسیپلینی سەربازیی و شەڕی شاخی و کۆماندۆیی ڕاهاتین)**

لە بەشەکانی پێشوودا چەند جارێک باس لە لێکدابڕاندنی بارزانییەکان لەیەکتر کراوە. بۆ زانیاریی خوێنەرانی بەڕێز بارزانییەکان لە تاشکەند خەریکی خوێندن و مەشقی سەربازیی بوون کە ڕۆژی ١٩٤٩/٩/١٣ ژەنەڕاڵێکی ڕوسیی هاتە تاشکەند و بە بارزانی گوت: **(ئامادە بێت بە فڕۆکە دەیبات بۆ مۆسکۆ تا چاوی بە ستالین بکەوێ. داواشی کرد دوو کەس لەگەڵ خۆی هەڵبژێرێ کە لەگەڵیدا بن.)** بارزانی سەعید مەلا عەبدوڵا و زیاب میقداد دریی دیاریی کرد. ئێوارەی ئەو ڕۆژە، بارزانی لەناو خۆشیی و شادی هاوڕێیانیدا ڕوویکردە فڕۆکەخانەی تاشکەند. فڕۆکە بەرز بۆوە، بەڵام لە جیاتی بچێت بۆ مۆسکۆ، چوو لە شارۆچکەی "چەمپای" لە ڕۆخی گۆلی "ئۆڕاڵ" نیشت. ئەوە بەواتای دوورخستنەوەی بارزانی و جیاکردنەوەی بوو لە هەڤاڵانی. ڕۆژی دوایی "شێخ سلێمان، عەلی محەمەدسدیق، سلێمان بەگ دەرگەڵەیی، محەمەد نەجیب و عەبدولڕەحمان موفتییان بە بیانوی بردنیان بۆلای بارزانی، برد بۆ سەمەرقەند و دواتریش ئەسعەد خۆشەوی، حەمەدەمین میرخان، مامەند مەسیح، مستۆ مێروزی، شێخۆ شانەدەری، عەلی خەلیل، محەمەد مەحمود، موراد شێخۆ، سەعید وەلی بەگ، حاجی حەیدەر، سەعید پالانی، عیسا سوار و فەقێ حەسەن ئێدلی"یان برد بۆ دورگەی مۆنیاک لە ناوەڕاستی گۆلی ئۆراڵ.

سەعید وەلی بەگ یەکێک بوو لە خوێندکارانی بەشی کشتوکاڵی زانکۆی شاری ڤۆرانس لە نزیک مۆسکۆ و لەو بەشەدا بڕوانامەی وەرگرت و ساڵی ١٩٥٩ لەگەڵ هەڤاڵانی بارزانی گەڕایەوە بۆ عێراق. ساڵی ١٩٦١ بەرلە ڕاگەیاندنی شۆڕشی ئەیلول لە لایەن بارزانییەوە، ناوبراو گەڕایەوە بۆ بارزان.

لە شۆڕشی ئەیلولدا بۆ ماوەی سێ ساڵ نوێنەرایەتی سەرۆک مستەفا بارزانی کردوە لە سیدەکان. دوای ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول لە کەرەج بووە و دواتریش بەشداریی شۆڕشی گوڵانی کردۆتەوە. سەعید وەلی بەگ ڕۆژی ١٩٩٦/٨/١٦ لە یوبیلی زێڕینی پارتی دیموکراتدا میداڵیای بارزانی وەرگرتووە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی هەستم کرد کە دەبێ خزمەتی زیاتر بە کورد و کوردستان بکەم. میدالیاکە بۆم بوو بە هاندەرێک و زانیم خزمەتەکانم بەفێرۆ نەچوون و هەرچی خزمەتی زیاتر بکەم، دیسانیش کەمە.)

## تەیمز ئاراب قەتران




تەیمز ئاراب قەتران سێلکی ساڵی ١٩٢٤ لە گوندی سێلکێ لەدایک بووە. ساڵی ١٩٤٣ بەرگی پێشمەرگایەتی پۆشیوە و بەشداریی شۆڕشی ١٩٤٣- ١٩٤٥ی باشووری کوردستانی کردوە. لە چەککردنی بنکەی پۆلیسی شانەدەر و شەڕی "خێرۆزۆک" لە ١٩٤٣/١٠/١٢ و شەڕی گەورەی مەیدان مۆریکدا بەشداربووە و ڕۆژی ١٩٤٥/١٠/١١ لەگەڵ بارزانییەکان چووەتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و یەکێک بووە لە پێشمەرگەکانی کۆمار و لە شەڕی میرەدێی ناوچەی سەقز بریندار بووە. دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان، ڕۆژی ١٩٤٧/٢/٢، بەشداریی شەڕی نەڵۆسی لە دەشتی شنۆ کردوە. یەکێک بووە لە هەڤاڵانی بارزانی لە چوون بۆ ڕوسیادا و بەشدار بووە لە تێکهەڵچوونەکانی گەلی قتور و پردی ماکۆ. دوای دامەزرانیان لە ئازەربایجان، بۆ ماوەی نزیک بە ساڵێک لەگەڵ پێشمەرگەکانی تر مەشقی سەربازیی پێکراوە و دواتر لە کێڵگەکانی ناوچەی تاشکەنددا بۆ ماوەی چوار ساڵ کاری چاندن و کۆکردنەوەی پەمۆی کردوە.

تەیمز ئاراب لە باکۆ و تاشکەند زمانی کوردی و ڕوسی خوێندوە و ساڵی ١٩٥٩ لەگەڵ هەڤاڵانی بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ عێراق. ساڵی ١٩٦١، هاوکات لەگەڵ ڕاگەڕاندنی شۆڕشی ئەیلول لە لایەن بارزانییەوە، لەگەڵ بارزانی چووەتە ناوچەی بادینان و بەشداریی شەڕەکانی ئەو ناوچەیەی کردوە و ساڵی ١٩٦٣ بارزانی لەگەڵ خۆی بردویەتە ناوچەی سۆران و لەوێ کراوە بە فەرماندەی بەتالیۆن. ساڵی ١٩٦٧ فەرماندەی بەتالیۆن بووە لە گوندی دێرێ لە نزیک ئامێدی، بەڵام بارەگا سەرەکەییەکەی لە هاودیان بووە. ناوبراو تا ساڵی ١٩٧٥ لە ناوچەی سۆران و باڵەکایەتی، بەشداریی چەندان شەڕی کردوە. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، بە بنەماڵەوە پەڕیوەتەوە بۆ

زێوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ شاری فەریدون شهر لە پارێزگای مازندران و دواتر جهروم، کوە سنگ لە پارێزگای مەشهەد و ساڵی ١٩٧٧ چووە بۆ ساوە.

دوای ڕوخانی ڕژێمی پاشایەتی و خۆشبوونی ڕێگەی خەبات بۆ ئەندامانی پارتی دیموکرات، تەیمز ئاراب لەگەڵ ڕێزدار مەسعود بارزانی چووە بۆ زێوە و لەوێ کراوە بە فەرماندەی هێز و لە گوندی قاهیرە و دەوروبەری زێوە بووە. دوای بۆمبارانی کۆمەڵگای زێوە لە ڕۆژی ١٩٨٥/٦/٩دا کە ١٥١ کەس شەهید و ٣٧٢ کەس تێیدا بریندار بوو، تەیمز ئاراب منداڵەکانی گواستۆتەوە بۆ ورمێ و خۆی تا ساڵی ١٩٨٨ لەسەر ئەرکەکەی ماوەتەوە. ساڵی ١٩٨٨، بەدوای شەڕی خواکورکدا گواستراوەتەوە بۆ هەلەج و کراوە بە فەرماندەی هێزی بەساڵداچووانی پارتی.

تەیمز ئاراب قەتران سێلکی ڕۆژی ١٩٩٣/١٢/١٧ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە گەڕاوەتەوە بۆ گوندی سێلکێ و دوای ماوەیەک لەگەڵ کۆمەڵێک لە هەڤاڵانی بارزانی خانەنشین کراوە. ڕۆژی ١٩٩٦/٨/١٦ لە یوبیلی زێڕینی پارتی دیموکراتدا بەهۆی خزمەتەکانی بە کورد، کوردستان و ڕێبای بارزانی میداڵیای بارزانی وەرگرتووە. لەو بارەیەوە دەڵێت:

- (بە وەرگرتنی ئەو میدالیایە لە دەستی سەرۆک مەسعود بارزانی و بەتایبەتی کە وێنەی سەرۆکی نەمر مەلا مستەفای لەسەر بوو، زۆر خۆشحاڵ بووم و تێگەیشتم کە ژیانم لەگەڵ ژیانی سەرۆک تێکەڵ بووە و بەم بۆنەیەوە هەست بە شەرەفێکی زۆر گەورە دەکەم.)

## ئەحمەد میرۆ عەنتەر




ئەحمەد میرۆ عەنتەر ساڵی ۱۹۱۷ لە گوندی چێ لە ناوچەی نێروە و ڕێکان سەربە قەزای ئامێدی لەدایک بووە. ساڵی ۱۹٤٥ بەشداریی شۆڕشی بارزانی کردوە و بەشداری شەڕی مەیدان مۆریکی کردوە. ڕۆژی ۱۹٤٥/۱۰/۱۱ لەگەڵ بارزانییەکان پەڕیوەتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە ۱۹٤٦/۳/۲دا بۆ پاراستنی کۆماری کوردستان لە هێزی تایبەت و ئامادەی بارزانی لەگەڵ موراد شێخۆ لە بەرەی شەڕی سەردەشت بووە. دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان بەشداریی شەڕەکانی دەشتی شنۆی کردوە و دواتر لەگەڵ هەڤالانی چووەتە ڕوسیا و لە ڕێگادا بەشداریی شەڕەکانی گەلی قتور و پردی ماکۆی کردوە.

ئەحمەد میرۆ عەنتەر بۆ ماوەی نزیک بە ساڵێک لە باکۆ پایتەختی ئازەربایجان مەشقی سەربازی پێکراوە و لە دوورخستنەوەی بارزانی و بڵاوکردنەوەی بارزانییەکان لە یەکێتی سۆڤیەت کە بەپلانی باقرۆف و ستالین ئەنجامی گرت، ناوبراو بۆ ماوەی نزیکە بە چوار ساڵ لە کێڵگەی پەمۆدا کاری کردوە و شەوانەی زمانی ڕوسی و کوردی خوێندوە. دوای مردنی ستالین و گەڕاندنەوەی بارزانی بۆلای هەڤالانی لە ساڵی ۱۹٥٤، لە زانکۆی تاشکەند وەرگیراوە و بەشی میکانیکی کشتوکاڵی خوێندوە. ساڵی ۱۹٥۹ لەگەڵ هەڤالانی بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ عێراق، سەرەتا لە ئیدارەی کشتوکاڵی هەولێر دامەزراوە و دواتر لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ ئیدراەی کشتوکاڵی سەرچنار لە سلێمانی.

ساڵی ۱۹٦۱ کە بارزانی شۆڕشی ئەیلولی ڕاگەیاند، ئەحمەد میرۆ عەنتەر گەڕاوەتەوە ڕیزی پێشمەرگەکان و لەگەڵ عەریف حەمید بەرواری لە ناوچەکانی قەرەداغ، سەنگەسەر و پیرەمەگرون بووە و بەشداریی شەڕەکانی

قەرەداغ، پیرەمەگرون و گڵەزەردی کردوە. ساڵی ۱۹۷۰ لەگەڵ حەمید بەرواری پاسەوانی سنوری ناوچەی پێنجوێن بووە و ساڵی ۱۹۷٤ گواستراوەتەوە بۆ زاویتە. ساڵی ۱۹۷٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، ناوبراو لە ناوچەی خۆی ماوەتەوە. ساڵی ۱۹۸٤ کەمالی کوڕی چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی شۆڕشی گوڵان و بەچوونی ئەو بۆ ڕیزی شۆڕش، حکومەت ئەحمەد میرۆی لە گوندەکەی دەرکردوە.

ساڵی ۱۹۸۸ کە ناوچەی بادینان ئەنفال و کیمیاباران کرا، ئەحمەد میرۆ عەنتەر پەنای بۆ باکوری کوردستان بردوە و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ کەمپی پەنابەرانی موش. ناوبراو یەکێک لەو پەنابەرانە بووە کە بە حەبی ژەهراوی دەرمانخۆر کراوە، بەڵام لە مەرگ ڕزگاری بووە. ساڵی ۱۹۹۲ گەڕاوەتەوە بۆ باشوری کوردستان. بەهۆی تەمەنی زۆر و پیریی لە ماڵێ ماوەتەوە، بەڵام سێ کوڕی بە ناوەکانی کەمال، جەمال و عەبدولجەبار پێشمەرگە بوون لە لەشکری یەکی تایبەتدا کە مەمەد چێی فەرماندەیان بووە.

سێ ئەندامی بنەماڵەکەی بەناوەکانی عەبدولکەریم، داود و زەینەل ساڵی ۱۹۸۳ لە کۆمەڵگای قوشتەپە ئەنفال کراون. ئەحمەد میرۆ عەنتەر ڕۆژی ۱۹۹٦/۸/۱٦ بەهۆی خزمەتەکانی بە کورد، کوردستان و ڕێبازی بارزانی نەمر میدالیای بارزانی وەرگرتووە و ڕۆژی ۲۰۰٤/۸/۱٥ کۆچی دوایی کردوە. بە وتەی کەمال ئەحمەد میرۆی کوڕی، باوکی کاتی وەرگرتنی میدالیای بارزانی بەهۆی شکانی لاقی نەیتوانیوە لە وەرگرتنی میدالیاکەدا ئامادە بێت و سیداد بارزانی بەهۆی لقی یەکی پارتی لە دهۆک میدالیاکەی پێگەیاندوە. ناوبراو بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی بە ڕادەیەک خۆشحاڵ بووە کە بۆ ماوەیەکی زۆر گریاوە.

## حەلیمە عەبدوڵا ئەحمەد



حەلیمە عەبدوڵا ئەحمەد ناسراو بە دایکە حەلیمە ساڵی ۱۹۳۷ لە گوندی پشتاگری لە ناوچەی زاویتە لە پارێزگای دهۆک لەدایک بووە. هاوسەری عەبدولهادی محەمەد سەعدۆ سەرپەلی بەتالیۆنی ٤ی محەمەد حەسەن باجلوری بووە کە ساڵی ۱۹۷۵ بە دوای ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول لە چیای پشت دهۆک شەهید کراوە. حەلیمە بە دوای شەهیدبوونی مێردەکەی ٦ کوڕ و ٤ کچی هەبوو کە لەگەڵ منداڵەکانی لە گوندەکەیان ماوەتەوە.

ساڵی ۱۹۷۹ کە ڕژێمی پاشایەتی لە ئێران ڕووخا و پێشمەرگەیەکی زیاتر ڕووی لە باشوری کوردستان کردوە، ماڵی حەلیمە بوو بە شوێنی حەوانەوەی پێشمەرگە. کوڕە گەورەکەی بەناوی ئەیوب چوو بۆ ڕیزی پێشمەرگەکان و ڕۆژی ۱۹۸۲/۲/۱۰ لە شەڕی گوندی گەوەڕکی شەهید بوو. دایکە حەلیمە نەیهێشت جێی ئەیوبی کوڕی لەناو پێشمەرگەکاندا بە بەتاڵی بمێنێتەوە و ئیسماعیلی کوڕی کردە پێشمەرگە کە ئەویش ڕۆژی ۱۹۸٤/۹/۲۹ لە چیای کەمەکا لە پشت گوندەکانی ئەمینکێ و بابۆخکێ شەهید بوو و تەرمەکەی کەوتە دەست دوژمن. محەمەد کوڕی سێیەمی دایکە حەلیمە بەناوی "حەمۆ" نەیهێشت جێی براکانی بەتاڵ بێت، کەچی ئەویش ڕۆژی ۱۹۸٦/٤/۱۹ لە بەری بەهار لەسە ڕێگەی گشتی دهۆک و ئامێدی شەهیدکرا. بە دوای ئەوانەدا، دایکە حەلیمە کوڕی چوارەمی خۆی بەناوی سەلاح عەبدولهادی محەمەد سەعدۆ خستە باوەشی پێشمەرگەکانەوە کە ئەویش ڕۆژی ۱۹۸٦/۷/۳۰ لە گوندی پشت ئاکرێ شەهید کرا. ناوبراو بە دوای شەهید بوونی هەر کوڕێکی، کوڕێکی تری نارد تا بەرگری لە نەتەوەکەی و کوردستان بکەن. لەگەڵ ئەوەشدا بەبێ ترس لە پیاوانی حکومەت و ئازار و ئەشکەنجەی ڕژێمی بەعس بە بەردەوامی ماڵەکەی وەک مەقەڕی پێشمەرگە بووە. لەبەر ئەوە، دایکە

حەلیمە زۆر جێگەی ڕێز و حورمەتی خەڵکی ناوچەکەیان و قین و نفرەتی جاشەکانی سەربە ڕژێم بووە.

دایکە حەلیمە ساڵی ١٩٨٥ گوندەکەی بەجێهێشتووە و چووەتە ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان و لە گوندەکانی بادێ و بۆتیا لە ناوچەی زاویتە و قازیاوا ماوەتەوە. ساڵی ١٩٨٨ کە ناوچەی بادینان ئەنفال و کیمیاباران کرا، ناوبراو لەگەڵ دوو کوڕ و دوو کچی و کۆمەڵێک پێشمەرگە ویستویەتی پەنا بۆ باکوری کوردستان بەرێت، کەچی دوژمن ڕێی لێگرتوون و نەیتوانیوە دەرباز ببێ و گەڕاوەتەوە بۆ دەوروبەری گوندی دووکەرێ لە ناحیەی باتیفا و تا ١٩٨٨/٦/٢٦ لە دارستانێکدا ماوەتەوە و بەهۆی پەیدانەکردنی دەرەتانی دەرچوون، ناچار بووە دوای ٢٣ ڕۆژ مانەوە لە گەمارۆدا، لەگەڵ کوڕێک و دوو کچی بگەڕێتەوە و خۆی بداتە دەست دوژمن، بەڵام کوڕێکی کە پێشمەرگە بووە، توانیویەتی خۆی بگەیەنێتە باکوری کوردستان. دوای گەڕانەوە، نابراو لەگەڵ کوڕ و کچەکانی بۆ ماوەی ١٤ ڕۆژ زیندانی کراون و ڕژێمی عێراق بەهۆی ڕەخنەی ڕای گشتی لە زیندان ئازادی کردون.




دایکە حەلیمە جگەلە هاوسەر و چوار کوڕی، خاڵی و کوڕە خاڵەکەشی بە ناوەکانی محەمەد ساڵح ساڵی ١٩٦٢ لە سەری ئاکرێ و و ساڵح محەمەد ساڵح ساڵی ١٩٧٥ لە چیای دهۆک شەهید بوون. ناوبراو ساڵی ١٩٩١ لە دهۆک یەکێک بووە لە پێشڕەوانی ڕاپەڕینی خەڵکی دهۆک. ڕۆژی ١٩٩٦/٨/١٦ لە یوبیلی زێڕینی پارتی دیموکراتدا، بەهۆی خزمەت و خۆڕاگریی لە بەرامبەر دوژمندا، میدالیای بارزانی وەرگرتووە و ڕۆژی ١٩٩٧/٤/٢٩ کۆچی دوایی کردوە.

## ئامینە محەمەد سەعید



ئامینە محەمەد سەعید بێرۆخی ساڵی ١٩٣٠ لە گوندی بێرۆخ لە باکوری کوردستان لە نزیک ناوچەی شێروانی مەزن لەدایک بووە. ساڵی ١٩٣٢، بە دوای شۆڕشی یەکەمی بارزان بە بنەماڵە ئاوارەی بەشی باشوری کوردستان بوون و لە گوندی "خالۆنە" لە ناوچەی شێروانی مەزن نیشتەجێ بوون. ساڵی ١٩٦١ ناجی بەگ شێخ عومەری هاوسەری لەگەڵ شۆڕشی ئەیلول و بارزانی کەوتووە و لە هێزی سەربە حاجی بێرۆخی برایدا بووەتە پێشمەرگە.

ئامینە محەمەد هاوشانی مێردەکەی لەگەڵ هاوسەرەکەی خزمەتی پێشمەرگەکانی کردوە و لە شێروان مەزن نان و خواردنی بۆ دروست کردون و گەیاندویەتە لای پێشمەرگەکان و تەنانەت لە شەڕەکانیشدا لە پێشمەرگەکان و خزمەت پێکردنیان دوور نەکەوتۆتەوە. ناجی بەگی هاوسەری ڕۆژی ١٩٦٦/٥/٤ لە شەڕی چیای زۆزک لە ناوچەی دیانا شەهید و دوو برای خۆشی بەناوەکانی خالید و ئەحمەد بریندار بوون.

ئامینە بە دوای شەهیدبوونی هاوسەرەکەی. لەگەڵ بەخێوکردنی چوار کوڕ و کچێکی هاوکاریی حاجی بێرۆخی کردوە و لە خزمەتکردنی پێشمەرگەکاندا بەردەوام بووە. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، سەرەتا لە کۆمەڵگای زێوە بووە و دواتر گواستراوەتەوە بۆ شاری جهرم لە پارێزگای فارس و دواتر لە تەورێز نیشتەجێ کراوە.

دوای ڕوخانی ڕژێمی پەهلەوی لە ئێران و بەدەستەڵات گەیشتنی ئایەتوڵا خومەینی لە ساڵی ١٩٧٩دا، ئامینە گەڕاوەتەوە بۆ کۆمەڵگای زێوە و دوو لە کوڕەکانی بەناوەکانی مامەند و ڕەشید ناردۆتە ڕیزی پێشمەرگەکان کە بەرگری لە گەل و نیشتمان بکەن و لەگەڵ حاجی بێرۆخی گەڕاونەتەوە

باشوری کوردستان و ئامینەش لەگەڵ سێ لە منداڵەکانی و نەوە و بووکەکانی لە کۆمەڵگای زێوە ماوەتەوە.




ڕۆژی ١٩٨٥/٦/٩ کە فڕۆکە بۆمبهاوێژەکانی عێراق کۆمەڵگای زێوەیان بۆمباران کرد، ئامینە خەریکی کرینی کەلوپەلی خواردن بووە بۆ منداڵەکانی کە یەکێک لە بۆمبەکان لە ماڵەکەی کەوتوە و لە ئاکامدا شەش لە نەوەکانی و هاوسەری ڕەشیدی کوڕی شەهیدبوون و هاوسەری مامەندی کوڕی و دوو نەوەشی بریندار بوون. سێ ساڵ بەدوای ئەو کارەساتەدا، مامەندی کوڕی کە هاوسەرەکەی لە بۆمبارانی زێوەدا برینداربوو، ساڵی ١٩٨٨ لە شەڕی خواکورکدا شەهید بووە.

ئامینە وەک شێرە ژنێک لە زێوە سەرپەرشتی هەشت نەوەی کردوە و ساڵی ١٩٩٣ گەڕاوەتەوە بۆ باشوری کوردستان. سەرەتا لە مەسیف سەلاحەدین و دواتر لە ساڵی ٢٠٠٢ لە سۆران نیشتەجێ بووە. ئێستا سێ لە کوڕەکانی و نۆ نەوەی پێشمەرگەن. ناوبراو ڕۆژی ١٩٩٦/٨/١٦ لە یوبیلی زێڕیندا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

**- (زۆر خۆشحاڵ بووم. هەموو بیرەوەرییەکانی ژیانی سەردەمی پێشمەرگایەتی و ئاوارەیی و خۆم و کارەساتی بەسەردا هاتووی خۆم و منداڵەکانم بەبیر هاتەوە.)**

## محەمەد مەلا قادر



محەمەد عەبدولقادر ئەحمەد ناسراو بە محەمەدی مەلا قادر ساڵی ١٩٣٤ لە گوندی "بیرە کەپران"، لە ناحیەی "گوێر"ی قەزای مەخمور سەربە پارێزگای هەولێر لەدایک بووە. لە حوجرەی فەقێیان و لەلای مامۆستا عەبدولقادر ئەحمەدی باوکی، مامۆستا ساڵحی کۆزە پانکە و مامۆستا ئەبوبەکری کۆیە خوێندویەتی و بە پلەی مەلایەتی گەیشتوە. دواتر لە هەولێر بەشداریی تاقیکردنەوەیەکی کردوە کە ببێتە مامۆستای خوێندنگە کە بە پلەیەکی باش قبوڵ بووە. بۆ ماوەی ساڵێک لە کەرکوک خولی مامۆستایەتی بینیوە و بە مامۆستای وانەی عەرەبی و دینی دامەزراوە و بۆ ماوەی چوار ساڵ لە گوندی "دووگردکان" لە خوارووی قوشتەپە مامۆستایەتی کردوە. لە پەنجاکاندا دۆستی حیزبی شیوعی عێراق بووە و ساڵی ١٩٥٦ لە حیزبی شیوعی دوور کەوتووەتەوە و چووەتە ڕیزی یەکێتی قوتابیانی کوردستانەوە و لەو ڕێکخراوەدا لەگەڵ چەند کەسی تر یەکێتی قوتابیانی ئایینی دامەزراندوە. محەمەد ئیسماعیل سکرتێری یەکێتی قوتابیانی کوردستان بۆ درێژەدان بە خوێندن چووەتە قاهیرە و مەلا محەمەد وەک خۆی دەڵێت بەرپرسایەتی "یەکێتیی قوتابیانی ئایینی لە کوردستان"دا لە ئەستۆ گرتووە. ساڵی ١٩٥٨ کە هەمزە عەبدوڵا سکرتێری پارتی دیموکراتی کورد بوو، لە پارتی دیموکراتدا وەرگیراوە. کاتی گەڕانەوەی بارزانی لە سۆڤیەت، لەگەڵ وەفدێکی ١٢ کەسایەتی لە هەولیر، سلێمان، کەرکوک، دهۆک و شارەکانی تر، سەردانی بارزانیی کردوە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

**- (بارزانی پێی گوتین ئەگەر گەنجی وەک ئێوە بێن سیاسەت بکەن، کورد ڕزگار دەبێت.)**

محەمەدی مەلا قادر لە کۆنگرەی شەشەمی پارتی دیموکراتدا ئەندامی دەستەی ئامادەکاری کۆنگرە بووە و لەو کۆنگرەیەدا کە ڕۆژی ١٩٦٤/٧/١ لە قەڵادزێ پێکهات، بە ئەندامی دەستەی چاودێر و پشکنینی پارتی هەڵبژێردراوە. تا کۆتایی ساڵی ١٩٦٥ ئەندامی کارگێڕی لقی دووی پارتی بووە

و لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٦دا گواستراوەتەوە بۆ لقی سێی پارتی و ئەندامی کارگێری ئەو لقە و بەرپرسی ناوچەی کفری بووە. ساڵی ١٩٦٧ سەرلەنوێ گواستراوەتەوە بۆ لقی دووی پارتی کە مەجید ئەتروشی بەرپرسی لق بووە. ناوبراو دەربارەی بڵاوکردنەوەی گۆڤاری سەفین و دانانی خوێندنگە لە سنوری لقی دوودا دەڵێت:

- (گۆڤارێکمان هەبوو بەناوی "سەفین" کە من سەرنوسەری بووم. کاک مەجید ئەتروشی، سمکۆ بارزانی، بارزانی مەلا خالیدی، بیلال عەزیز و عەلی هەژار وتاریان بۆ دەنوسی و منیش ئامادەم دەکرد. سەفین مانگانە بوو و تا رێککەوتنی ١١ی ئازاری ١٩٧٠، ٣٠ ژمارەی لێ بڵاوکرایەوە. جارێک بۆ کاری حیزبی چووم بۆ سنوری لقی عەریف عوسمان کە بنکەکەیان لە "پیرەر" سەربە ناحیەی دێگەڵە بوو. لەوێوە چووم سەردانی ئەوانیشم کرد. بینیم کاک بارزانی مەلا خالیدی ژمارەیەکی منداڵ لەبن کەپرێک کۆکردوەتەوە کە فێری خوێندنیان بکات. من لەگەڵیان کۆبوومەوە و چونکە پێشتر مامۆستا بووم و بۆ ماوەی ساڵێک خولی مامۆستایەتیم بینیبوو، فێرم کردن چۆن دەرسیان پێبڵێن و خوێندکارەکانیش چۆن دەرس بخوێنن و داوام کرد بنێرن لە شارەکان کتێبی خوێندن بێنن. لەوێوە فیکرێکم بۆ درست بوو. دوای گەڕانەوەم بۆ لق، شەوێک لەگەڵ کاک مەجید دانیشتبووین، گوتم کاک مەجید شتێکم لە مێشکدایە گوتی فەرموو. گوتم بۆچی ئێمە ئەو قوتابخانە چکۆلانەی کە حکومەت بەجێی هێشتوون، نەیانکەینەوە؟ گوتی وەڵا فیکرێکی باشە، منیش بە گوندی "سەران"دا هاتووم و کاتێک خوێندنگەکەم بەچۆڵی دی، بیرم لەوە کردەوە. گوندی سەران لە سەروی ڕەواندز، بەرەو گەڵاڵەیە و نزیکە ٢٠٠- ٣٠٠ ماڵ بوو. بڕیارماندا خوێندنگە بکەینەوە و یەکەم قوتابخانە هی کاک بارزان بوو کە بە ڕەسمی کردمان بە مامۆستا و مانگانە دوو دیناریشمان بۆ بڕیوە. لە باوەقوب بینای خوێندنگە هەبوو. لەوێ دەستکرا بە خوێندن و کاک بارزان سەرەڕای دەرس گوتنەوە، کرا بە بەڕێوەبەری خوێندنگەکە و دواتر مانگانەی مامۆستاکان کرا بە پێنج دینار. لە سماقۆڵی لە نێوان کۆیە و هیران قوتابخانەیەکمان کردەوە و لە هێران خوێندنگەیەکی شەش پۆلیمان دانا، چونکە پێشتر خوێندنگەیەکی شەش پۆلی هەبوو. خوێندکارەکان بەیانان سرودی "ئەی ڕەقیب" و "پێشمەرگەی بە هەڵمەتین"نیان دەخوێندەوە. کونە تەیارەشمان بۆ دروست کردبوون تا ئەگەر تەیارە هات ڕابکەنە ناو کونەکان و

زیانیان پێنەگات. ساڵی ٦٧- ٦٨ خوێندنگەیەکیشمان لە "سەران" کردەوە کە زۆر سەرکەوتوو بوو. ڕاپۆرتەکەمان نارد بۆ مەکتەبی سیاسی و مەکتەبی سیاسی نوسراوەکەی ئێمەی بۆ لق و هێزەکان نارد و داوای لێکردن خوێندنگە بکەنەوە و بە ئێمەشیان ڕاگەیاند کە مەسرەفی خوێندنگەکانتان دەدەینەوە. بە دوای ئەوەدا بەشی پەروەردە و زانیاریان دانا کە کاک محەمەد ئیسماعیل کرا بە بەڕێوەبەری گشتی خوێندنگەکانی کوردستان و سەرئەنجام ٦٠٠- ٧٠٠ خوێندنگەمان هەبوو لە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی شۆڕشی ئەیلولدا. خوێندنگەکان تێکەڵاوبوون، بەڵام لە هەندێک جێدا داوایان دەکرد کە کچ و کوڕەکان بە جودا بخوێنن کە خوێندنگەی کچان و کوڕانمان بۆ کردنەوە. لە هەندێک گونددا سێ جۆر قوتابخانە هەبوو و شەوانەش بە گەورە ساڵان وانە دەگوترا. بەگشتی لە ماوەی سێ ساڵاندا شۆڕشێکی ڕۆشنبیریی لە کوردستان بەڕێوەچوو و ژمارەیەکی زۆر فێری خوێندن و نوسینی زمانی کوردی بوون.)

دوای ڕێککەتنی ١١ی ئازاری ١٩٧٠، بارەگای لقی دوو لە هیرانەوە گواستراوەتەوە بۆ هەولێر و مەلا محەمەد هاوکات لەگەڵ بەڕێوەبردنی ئەرکی کارگێڕی لق، وەک خۆی دەڵێت بۆ ماوەی دوو مانگ لە پێوەندیی لەگەڵ دەزگاکانی حکومەتی عێراقدا لە هەولێر، نوێنەرایەتی سەرۆک مستەفا بارزانی کردوە. لە کۆنگرەی هەشتەمی پارتی دیموکراتدا کە ڕۆژی ١٩٧٠/٧/١، بە ئامادەبوونی ٤٨٨ ئەندامی نوێنەر لە ناوپردان پێکهێنا، ناوبراو بە ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوە. ساڵی ١٩٧٢ ئەندامی ئەنجومەنی هاوبەندیی و ئاشتی بووە و لەگەڵ چەند ئەندامی ئەو ئەنجومەنە چووەتە یەکێتی سۆڤیەت و لەو بارەیەوە دەڵێت:

- (ساڵح یوسفی سکرتێر، عەزیز شەریف جێگر و منیش ئەندامی ئەنجومەنی هاوبەندیی و ئاشتی بووم. ئێمە بە بۆنەی ٥٠ ساڵ تێپەڕبوون بەسەر دامەزرانی یەکێتی سۆڤیەدا چووین بۆ مۆسکۆ. لە تاشکەند کۆنگرەیەکی گەورەیان پێکهێنا کە پێنج هەزار کەس تێیدا بەشداربوو. لەو کۆنگرەیەدا من وتارێکم لەسەر بارودۆخ و کێشەی گەلی کورد خوێندەوە.)

ساڵی ١٩٧٣ عەزیز ئاکرەیی، هاشم ئاکرەیی و ئیسماعیل مەلا عەزیز، سێ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی بەناوی دروستکردنی حیزب، خۆیان تەسلیمی حکومەتی عێراق کردەوە. بە دەرچوونی ئەو سێ ئەندامەی کۆمیتەی ناوەندی، مەلا محەمەد جێی یەکێک لەو کەسانەی لە کۆمیتەی ناوەندیی پارتیدا پڕ

کردوە و بووە بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی لقی دووی هەولێر. ساڵی ١٩٧٤ کە ڕژێمی عێراق بە دژی گەلی کورد شەڕی هەڵایساندەوە، بارەگای لقی دوو گواستراوەتەوە بۆ هێران و مەلا محەمەد بەشداریی شەڕەکانی ناوچەی هیران و نازەنین، لە سکتان و کۆلکەڕەشی کردوە. لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٥دا ئەرکی بەرپرسایەتی لقی یەکی پارتی لە ناوچەی بادینان پێسپێردراوە. دوای ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول لەگەڵ نزیکەی ٣٠ کادیر و پێشمەرگە چووەتە گوندی بێمزورتە لە بناری کێلەشین و وەک خۆی دەڵێت کوێخای گوندەکە ئەوانی بە پاسگای نەڵیوان ناساندوە و لەوێ بە هەڵە ئەویان بە جێگەی مەلا عەبدوڵا حەسەنزادە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران گرتووە و دواتر بە ڕاسپاردەی ئیدریس بارزانی ئازادیان کردوە. دوای ئازادبوونی سەرەتا لە شنۆ و دواتر لە مهاباد بووە و ساڵی ١٩٧٦ گواستراوەتەوە بۆ عەزیمیەی کەرەج.

دوای ڕێکخستنەوەی ئۆرگانەکانی پارتی دیموکرات و هەڵگیرسانی شۆڕشی گوڵان لە ساڵی ١٩٧٦دا، مەلا محەمەد هاوکاریی کاک ئیدریس بارزانی کردوە لە ڕەوانە کردنەوەی کادیر و پێشمەرگەکان بۆ باشوری کوردستان. یەکێک بووە لە بەشدارانی کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکرات کە ڕۆژی ٤-١٩٧٩/١٢/٢٦ لە گوندی دەربەند لە ناوچەی مەرگەوەڕ لە پارێزگای ورمێ پێکهات و لەو کۆنگرەیەدا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی هەڵبژێردراوە. دوای کۆنگرەی نۆیەم، ئەرکی بەرپرسایەتی لقی چواری سلێمانی پێسپێردراوە و ساڵی ١٩٨٠ لەگەڵ ڕئیس حەسەن، ئازادبەرواری، یوسف ڕۆژبەیانی، قادر قادر، عەریف دەرویش چووەتە شاری زوهاب و دواتر لە "ئەزگەلە"وە کاروباری لقی چواری بەڕێوەبردوە. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە بە هەڵگیرسانی شەڕ لەنێوان ئێران و عێراقدا، ڕژێمی عێراق بەشێک لە ناوچەکانی باشوری کوردستانی بەجێهێشتبوو و پێشمەرگەکان ناوچەیەکی بەرینتریان بۆ جەولە و شەڕ بە دژی سوپای عێراق بە دەستەوە بوو.

ساڵی ١٩٨١مەلا محەمەد گەڕاوەتەوە بۆ زێوە و وەک خۆی دەڵێت لەوێوە بە هێزێکی ٣٠٠- ٤٠٠ کەسیی، ڕەوانەی ناوچەی خۆشناوەتی و دۆڵی بالیسان کراوە. ساڵی ١٩٨٤ بووەتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی و بەرپرسی ڕێکخستن لە ڕاژان کە عەلی عەبدوڵا سکرتێری بووە. ساڵی ١٩٨٧ هاوکات لەگەڵ ئەندام بوونی لە مەکتەبی سیاسییدا، کراوە بە بەرپرسی لقی دووی

پـارتی و لەگەڵ دوو ئەنـدامی کـۆمیتەی ناوەنـدیی بەناوەکـانی نەجمەدیـن یوسفی و خورشـید شـێرە لـە نـاوچەی بادینـان بـووە. لـە مـانگی دووەمـی ئەو ساڵەدا بـۆ چارەسـەرکردنی نەخۆشـی چـووەتە ئـوتریش "نـەمسا" و دوای سـێ مانگ، لـە مانگی پێنجەمەدا گەڕاوەتەوە بـۆ کوردستان. لەم بـارەیەوە دەڵێت:

**(کاتی بۆمبارانی کیمیایی شێخ وەسان لـە ١٩٨٧/٤/١٦دا، من لـە ڤیەن بـووم و لـەگەڵ کوردەکـــانی ئەو شـــارە چـــووین لـەبەر دەرگـــای ڕێکخـــراوەی نـەتەوەیەکگرتووەکان مانمان گرت.)**

دوای پێکهاتنی بەرەی کوردستانی لەنێوان پارتی، یەکێتی و ڕێکخراوەکـانی تـری کوردسـتاندا لـە ١٩٨٧/٥/٢، مەلا مـحەمەد گەڕاوەتەوە بـۆ کوردسـتان. ناوبراو بەشدار بووە لە کۆنگرەی دەیەمی پارتی دیموکراتی کوردستاندا کە ڕۆژی ١٩٨٩/١٢/٢ لە گونـدی هاشم ئـاوە لـە نـاوچەی مەرگەوەڕ لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتاندا پێکهـات. هەروەهـا یەکێـک بـووە لـە بەرپرسـانی بەشـدار لـە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ی باشوری کوردستاندا و لـەم بارەیەوە دەڵێت:

**- (لـە ڕاپەڕینـی سـاڵی ١٩٩١دا مـن بـەرپرسـی ناوچەکـانی ژێردەسـەڵاتی پارێزگـای هـەولێر بـووم و عـەبدولموهەیمن بـارزانی، خورشید شێرە، عـومەر عوسمان هاوکـارم بـوون. نێچیرڤـان بـارزانی بەرپرسی ناوچەکانی سـەربە پارێزگاکانی سلێمانی و کەرکوک بوو، قادر قادر و نادر هەورامی هاوکاریان دەکرد. هەروەها زەعیم عەلی بەرپرسی ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی پارێزگـای دهۆک بوو.)**

مەلا مـحەمەد بـاس لـە دژە هێرشـی سوپای عێـراق بۆسـەر کوردسـتان و ڕەوە گەورەکەی ساڵی ١٩٩١ دەکات و لەم بارەیەوە دەڵێت: **(سوپای عێراق هێشتا نەگەیشتبووە هەولێر کە خەڵک بەتێکڕا دەرچوون و ئێمەش بە دوایاندا. ڕژێم بـە فڕۆکە و هێلیکۆپتەر بۆمبارانی خـەڵکەکەی دەکرد و بـە دەیـان ئوتـۆمبیلی تێکشاند. دواتر برادەرێک بەناوی محەمەد محیەدین جێگری پارێزگای هەولێر کە لەگەڵ حکومەت بوو، بـۆی گێـڕامەوە زیاتر لـە هەزار تەرمـی کوژراویـان کۆکردوەتەوە.)**

دوای شکانی سوپای عێراق لـە شـەڕی کـۆڕێ و دەستپێکردنی وتـووێژ لـەنێوان بـەرەی کوردستانی و حکومەتی عێراقدا، هێزەکـانی پێشـمەرگە و ئۆرگانـەکـانی حیزبـەکـان گـەڕانەوە بـۆ شـارەکان و مەلا مـحەمەد لـە هەڵبژاردنـی ڕۆژی ١٩٩٢/٥/١٩دا بـە نـوێنـەرایەتی دانیشـتوانی هـەولێـر، لـەسـەر لیسـتی زەرد بـە

ئەندامی پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێردرا و دواتر پۆستی وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی کوردستانی پێدرا و بۆ ماوەی چوار ساڵ لە کابینەی یەکەم و دووەمی پەرلەمانی کوردستاندا وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی کوردستان بوو.

لە کۆنگرەی ١٢ی پارتی دیموکراتدا کە ڕۆژی ٦-١٩٩٩/١٠/١٤ لە هەولێر پێکهات، سەرلەنوێ بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردرا و هاوکات پۆستی بەرپرسایەتی لقی یەکی بادینانیان داوەتێ. لە مانگی سێیەمی ساڵی ٢٠٠٤ بووەتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی دەستەی باڵای چاودێری و پشکنین. ناوبراو دەستی نوسینی هەیە و هەتا ئێستا چەند کتێبی بڵاوکردوەتەوە کە یەکێک لەوان کورتەیەک لە بیرەوەرییەکانیەتی لەژێر ناوی "سەربردە" کە ساڵی ٢٠٠٩ لە دەزگای ئاراس لە هەولێر بڵاویکردوەتەوە. مەلا محەمەد بەهۆی خزمەتەکانی بە کورد و کوردستان و ڕێبازی بارزانی، ڕۆژی ١٩٩٦/٨/١٦ لە یوبیلی زێڕینی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی زۆر خۆشحاڵم بووم. لە ڕاستیدا من بەرلە گەڕانەوەی بارزانی لە یەکێتی سۆڤیەت، ئەوم لە خەودا بینی کە لەگەڵ حەوت پێشمەرگە بە جلوبەرگی پێشمەرگایەتییەوە میوانم بوو. گوتی: "هاتووم سەردانت بکەم". لە بەرامبەریدا خۆشحاڵیی خۆم دەبڕی. بە دوای ئەو خەونەمدا زۆری نەخایاند کە بارزانی گەڕایەوە بۆ عێراق. من عاشقی کوردایەتی بارزانی بووم و وەرگرتنی میدالیای بارزانی بۆمن جێی سەربەرزییە.)

## دوکتۆر محەمەدساڵح جومعە



دوکتۆر محەمەد ساڵح جومعە ساڵی ۱۹۳۷ لە گوندی "کستیک" لە ناوچەی قامیشلو لە ڕۆژئاوای کوردستان لەدایک بووە. ساڵی ۱۹۵۹ خوێندنی دواناوەندی تەواو کردوە و لە هەمان ساڵدا لە بەشی فەلسەفەی زانکۆی شام وەرگیراوە، بەڵام ڕۆژی ۱۹۵۹/۱۲/۱۳ سوریای بەجێهێشتوە و ڕۆژی ۱۹۵۹/۱۲/۲٤ گەیشتۆتە ئەڵمان. ڕۆژی ۱۹٦۰/۱/۲ لە شاری "کۆخا باباریا" لە نزیک مونیخ دەستی بە خوێندنی زمانی ئەڵمانی کردوە و لە مانگی ئاپریل "نیسان"ی هەمان ساڵدا لە بەشی ئابووری زانکۆی مونیخ وەرگیراوە. پاییزی ۱۹٦۳ ئەڵمانی ڕۆژئاوای بەجێهێشتووە و چووەتە بەشی ڕۆژهەڵات و لەوێ درێژەی بە خوێندن داوە و ساڵی ۱۹٦۷ ماجستەری لە بەشی ئابووری وەرگرتووە و لە ۱۹۷۲/۲/۸ دوکتۆرای ئابووری تەواو کردوە و تا ساڵی ۱۹۷٥ لە زانکۆی هۆمبۆلتی برلین مامۆستایەتی کردوە.

وەک خۆی دەڵێت ڕۆژی ۱۹٦۰/۲/۲۲ لە شاری پلانینک لە هەرێمی باباریا لە نزیک شاری مونیخ لەگەڵ کەمال فوئاد، باقر مالک، نەجیب غەفار، ئەرجومەند سدیق و ژمارەیەکی تر ڕێکخراوی پارتی دیموکراتی کوردستانیان دامەزراندوە و ئەو ڕێکخراوە کوردی هەموو بەشەکانی کوردستانی لەخۆیدا کۆ کردۆتەوە و لە وڵاتانی ئەوروپاییدا لقی هەبووە. لەم بارەیەوە دەڵێت:

**(ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا ئەندام بوون لەو ڕێکخراوەیەدا. ئەو ڕێکخراوەیە تا ساڵی ۱۹٦٤ بەشێوەی یەکپارچە درێژەی بە خەبات دا، بەڵام لە هاوینی ساڵی ۱۹٦٤دا کە باڵی ئیبراهیم ئەحمەد لە پارتی جیابۆوە، گروپێک بە لایەنگری لە ئیبراهیم ئەحمەد دەستیان بەسەر ڕێکخراوەکەماندا گرت و ئێمە لایەنگرانی بارزانییان لەو ڕێکخراوە هەڵپەسارد. ئێمە جگەلە ڕیزەکانی پارتی، لە**

کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردیشدا چالاک بووین. لەو ڕێکخراوەیەدا بە دژی ئەوان ڕاوەستاین و ساڵی ١٩٦٦ سەرلەنوێ ڕێکخراوی پارتیمان دامەزراندەوە.) ناوبراو لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت:

(لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٨دا کۆمەڵەی خوێندکاران کۆنگرەی پێکهێنا و ئێمە سەرکردایەتی کۆمەڵەکەمان لە حەوت ئەندام پێکهێنا کە ئەندامەکانی بریتی بوون لە: محەمەد ساڵح جومعە و حوسێن بارزانی لە لایەنی پارتی دیموکرات، کەمال فوئاد و دارا نەجیب لە باڵی ئیبراهیم ئەحمەد، جەوهەر شاوەیس و نەوزاد لە حیزبی شیوعی و نزامەدین کەیا وەک کەسێکی بێلایەن. لە هاوینی ١٩٦٨دا کەمال فوئاد دەستی لەکار کێشایەوە و گروپی ئیبراهیم ئەحمەد وازیان لە کۆمەڵە هێنا، بەڵام ساڵی ١٩٧٠ گەڕانەوە ڕیزی کۆمەڵە و تا ساڵی ١٩٧٥ پێکەوە کارمان کرد. ساڵی ١٩٧٠ کۆمەڵە و پارتی بوون بە دووبەش و من وەک نوێنەری پارتی لە کۆمەڵەدا خەباتم دەکرد، تا ساڵی ١٩٩٠ کە هیچکام لە کۆمەڵەکان نەمان.)



محەمەد ساڵح جومعە ساڵی ١٩٧٩ بۆ بەشداریی کردن لە کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکرات لە ئەڵمانیاوە چووە بۆ ئێران و لەو کۆنگرەیەدا کە ڕۆژی ٤-١٩٧٩/١٢/٢٦ لە گوندی دەربەند لە ناوچەی مەرگەوەڕ لە پارێزگای ورمێ پێکهات، بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و دواتریش ئەندامی مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردرا. هەروەها لە کۆنگرەی دەیەمیشدا کە ڕۆژی ٢-١٩٨٩/١٢/١٢ پێکهاتووە، بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردراوەتەوە و وەک خۆی دەڵێت لە کۆنگرەی یازدەدا خۆی نەپاڵاوتۆتەوە.

محەمەد ساڵح جومعە بەشداری کۆنگرەکانی ٨ تا ١٣ی پارتی دیموکراتی کردوە و لە هەموو کۆنگرەکاندا ئەندامی کۆمیتەی پێکهێنەری کۆنگرە بووە. وەک خۆی دەڵێت لەگەڵ فەلەکەدین کاکەیی ڕاوێژکاری سیاسی سەرۆک مەسعود بارزانی بووە و ئێستاش دوای کۆچی دوای ڕەوانشاد کاکەیی، درێژە

بە ئەرکەکەی دەدات. وەک خۆی دەڵێت ٢٦- ٢٧ کتێبی چاپکراوی هەیە. ڕۆژی ١٩٩٦/٨/١٦ لە یوبیلی زێڕینی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و وەرگرتنی میدالیای بارزانی بە یەکێک لە شانازییەکانی ژیانی خۆی دەزانێت.

دوکتۆر محەمەد ساڵح جومعە یەکێک بووە لە ئەندامانی کۆمیتەی ئاشتی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان پارتی دیموکرات و یەکێتی نیشتمانی کوردستان. ساڵی ١٩٩٧ سێ کۆبوونەوەی ئاشتی لەنێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکرات لە ئەنکارا کرا. دووجار سامی عەبدولڕەحمان و جارێکیش محەمەد ساڵح جومعە لەگەڵ دوکتۆر پیرۆت ئەحمەد ئیبراهیم و سەفین دزەیی بەشدار ئەو کۆبوونەوەیان بوون.

## حەمید حوسێن مەلا



حەمید حوسێن مەلا "حەمید ئەفەندی" ساڵی ١٩٣٤ لە سیدەکان لە دایک بووە، ساڵی ١٩٦١ چووەتە ڕیزی شۆڕشی کوردستان و لە ڕەوتی شۆڕشی ئەیلول و گوڵاندا بە زنجیرە سەرلق، فەرماندەی بەتالیۆن، فەرماندەی هێز، فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەی پارتی دیموکرات بووە. بەشداری کۆنگرەکانی ٩ تا ١٣ی پارتی دیموکراتی کردوە. لە کۆنگرەی نۆیەمەوە بۆ ماوەی ١٥ ساڵ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی دیموکرات بووە و دوا بەرپرسایەتی ناوبراو وەزیری پێشمەرگەی کوردستان بووە. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، حەمید ئەفەندی سەرەتا لە نەغەدە و دواتر لە مهاباد بووە و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ کرمان. ساڵی ١٩٧٧ گەڕاوەتەوە ڕیزی پێشمەرگەکانی شۆڕشی گوڵان. لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (ساڵی ١٩٧٧ کاک ئیدریس بە دوای من و چەند بەرپرسی سەربازیدا نارد کە زۆر بەنهێنی بچینەلای. من لەگەڵ عەریف یاسین، مستەفا نێروەیی، نادر هەورامی، ملازم یونس ڕۆژبەیانی و مەلا ئەمین بارزانی بە خزمەت کاک ئیدریس گەیشتین. هەرکام لە ئێمەی لەگەڵ ٥- ٦ پێشمەرگە بەنهێنی گەڕاندەوە بۆ کوردستان. من بۆ ناوچەی برادۆست، لە بارزانەوە تا باڵەک. ملازم یونس و مەلا ئەمین بۆ ناوچەی بارزان تا دەگاتە سنوری نێوان باشور و باکوری کوردستان. نادر هەورامی بۆ ناوچەی سلێمانی و هەورامان. مستەفا نێروەیی بۆ ناوچەی نێروە. عەریف یاسین بۆ ناوچەی دۆسکی تا دەگاتە سنوری نێوان باشور و باکوری کوردستان. لە ماوەی ٦- ٧ مانگدا ئێمە لە چیاکانی کوردستان توانیمان جێی خۆمان بکەینەوە و بەرە بەرە دەستمان کرد بە شەڕی پارتیزانی و لە سلێمانییەوە تا دۆسکی و نێروە و ڕێکان و ...تد، سەرکەوتنی باشمان بەدەست خست.)

بە ئاڵۆزبوونی ئێران لە ساڵی ١٩٧٨دا، بوارێکی باشتر بۆ پەنابەرانی باشوری کوردستان لە ئێران ڕەخسا. لەم بارەیەوە حەمید ئەفەندی دەڵێت: (کاک ئیدریس و سەرکردایەتی کاتی پارتی توانیان لە کەرەجەوە بێن بۆ ناوچەی ورمێ و لە ڕاژان و سلێڤانا مەقەڕ دانێن. بە نزیکبوونەوەی سەرکردایەتی پارتی لە سنوری عێراق، لە هەموو لایەکەوە پێشمەرگە لێمان کۆبوونەوە ئیتر بزاڤەکەمان بە دژی حکومەتی عێراق، حاڵەتی ئاشکرای بەخۆیەوە گرت.)

حەمید ئەفەندی یەکێک بووە لە بەشدارانی شەڕی بازێ لە ناوچەی بادینان و هەکاری. ناوبراو دەربارەی شەڕی بازێ دەڵێت: (کاک سامی عەبدولرەحمان لە سەر سنوری تورکیا بوو، بە نامە ئاگاداری کردمەوە کە هێزەکانی یەکێتی هاتوون و داخلی تورکیا بوون و دەچن بۆسەر مەقەڕاتی ئێمە لە هەرکی و بێداو. داوای کردبوو من بچم، چوونکە ڕێیەکەم دوور بوو، بە دوو ڕۆژ گەیشتمەجێ، بەڵام ئەوان ڕۆیشتبوون. لە دواڕۆژی شەڕەکەدا گەیشتمە بازێ کە بینیم یەکێتییەکان شکاون. هەندێکیان بە چیاکاندا دەهاتنە خوارێ. بەشێکیشیان خۆیان تەسلیمی پێشمەرگەکانی ئێمە کردبوو و ژمارەیەکیشیان داخڵی عێراق ببوونەوە. من ٢٢١ کەسم لەگەڵ خۆم هێنا بۆ ناوچەی "گۆستا" کە دەکەوێتە ناوچەی گەردییەکان لەنێوان لۆلان و تورکیا، سەر ڕووباری گۆستا کە ڕەوانەی لای یەکێتی نیشتمانییان بکەمەوە. زۆرم شەرم دەکرد کە ئەوان وەک دیل بەرم، لەبەر ئەوە تۆپی "دەرزی" تفەنگەکانم دەرهێنان و هەموو تفەنگەکانم دانەوە کە کاتێک بە گوندەکاندا تێدەپەڕین، خەڵکی گوندەکان بە دیل بوونی ئەوان نەزانن. ئەو ٢٢١ کەسە، سێ ڕۆژ لای من مانەوە. لە گۆستاوەوە شارەزایەکم لەگەڵ خستن و سێ تفەنگیشم دانێ. گوتم هەرکەس دەیەوێ بگەڕێتەوە لای یەکێتی یان دەچێتەوە بۆ عێراق، خۆی سەرپشکە.)

حەمید ئەفەندی یەکێک لەو سەرکردانەی پارتی دیموکرات بووە کە ڕۆژێک بەرلە کۆچی دوایی کاک ئیدریس لە ١٩٨٧/١/٣١دا، بەشداریی کۆبوونەوەیەکی کاک ئیدریسی کردوە لە تاران و پێکەوە گەڕاونەتەوە بۆ ورمێ و لەم بارەیەوە دەڵێت: (من بەرپرسی لقی چواری ناوچەی سلێمانی بووم لە شەمیرانەوە تا دەگاتە قەڵادزێ. لە ناوچەکە هەندێک وردەگلەیی لەنێوان ئێمە و سوپای ئێراندا هەبوو، ئەوان شکاتی ئێمەیان کرد بوو. کاک ئیدریس ئاگاداری کردم

کە بچم بۆ کەرج، من چووم و لەگەڵ کاک ئیدریس و عوسمان قازی و دوکتۆر شەوکەت بامەڕنی چووین بۆ تاران و لە سەربازگەیەک لەگەڵیان دانیشتن. کاک ئیدریس بە هەڵسوکەوتی ئارامی خۆی توانی کێشەکە چارەسەر بکات و ئێمە گەڕاینەوە. لە تاران بووین کە کاک ئیدریس گوتی هەندێک گرفتی دڵم هەیە، بۆ نەچین پشکنینێکی دڵ بکەم. گوتمان با بچین، کەچی پەشیمان بۆوە و گوتی مەگەر ئێمە بەیانی ناچین بۆ ورمێ، دەوەستم لەوێ پشکنینەکە دەکەم کە بەداخەوە لەوێش نەمایەوە و گەڕایەوە بۆ سلیڤانا و بەیانی ڕۆژی دوایی کۆچی دوایی کرد.)

دوای بەخاک سپاردنی ڕەوانشاد ئیدریس بارزانی، حەمید ئەفەندی دەگەڕێتەوە شوێنی مەئموریەتەکەی و دوای گەڕانەوەی لە ساڵی ١٩٧٨دا دەکرێت بە بەرپرسی لقی دووی سۆران و تا ساڵی ١٩٩١ لەوێ دەمێنێتەوە. ساڵی ١٩٩١ کە ڕاپەڕینی خەڵکی باشور سەریهەڵدا، ناوبراو بە هێزێکەوە و شێروان حەویزی لە یەکێتی نیشتمانی بە هێزێکەوە و حیزبەکانی تری بەرەی کوردستانی هەرکام بە هێزێکەوە خۆیان دەگەیەننە ڕانیە و قەڵادزێ. دوای ڕاپەرین بە فەرمانی مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکرات دەچێتە هەولێر. لەم بارەیەوە دەڵێت: (حکومەت جارێکی تر هێرشی کردەوە سەر کوردستان و کەرکوک و هەولێری گرتەوە. ئێمە بڕیارماندا لەمپەرێک لە هێزەکانمان لە زنجیرە چیای مەسیف سەلاحەدین دانێین کە دوژمن نەتوانێ بگاتە ئەو جێیە و داگیری بکاتەوە. کەچی حکومەت بە هێزێکی زۆر هێرشی هێنا و ئەو جێیەشی گرتەوە. ئەوکاتە من لە "هەودیان" سەربە قەزای سۆران لە خزمەت جەنابی سەرۆکدا بووم کە لە هێرشی دوژمن ئاگاداریان کردم. من و حالی دۆڵەمەری گەڕاینەوە بەرەی شەڕ و بینیمان پێشمەرگە لە پاشەکشەدایە و مەسیف سەلاحەدینیان چۆل کردوە. هەرکام لە ئێمە ٥- ٦ پێشمەرگەمان لەگەڵ بوو. من نزیکەی ٤٠- ٥٠ پێشمەرگەم لەو هێزانە گەڕاندەوە کە یەکێک لەوانە هێزی دوکتۆر سەعید ئەحمەد نادر بوو. بڕیارماندا بەرەکە بگوازینەوە کۆڕێ. دوکتۆر سەعید هێزەکەی برد بۆ بەرزاییەکانی کۆڕێ و من و حالی لە گەلییەکەدا بووین کە دوژمن هاتەپێش و ئێمە لە هەموو لایەکەوە لێماندان. ئەوان سەریان لێشێوا و شکان. زیاتر لە ١٠٠ کەلاکیان لە مەیدانی شەڕەکەدا بوو. ١٠ یان ١٢ تانکمان لێ شکاندن و

**یەکدانەمان بە ساخی گرت. ڕۆژی دووەمی شەڕەکە پێشمەرگەکانی یەکێتی و حیزبەکانی تریش هاتن.)**

بە دوای شەڕێ کۆڕێدا، حەمید ئەفەندی دەکرێت بە فەرماندەی گشتی هێزەکانی پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستان و دواتر کە دەزگای ئەیلول لە ساڵی ٢٠٠٠ دامەزرا، بەرپرسایەتی ئەو دەزگایەیانپێسپارد. ساڵی ٢٠٠١ تا ٢٠٠٤ بۆ ماوەی نزیک بە چوار ساڵ وەزیری پێشمەرگەی کوردستان بووە.

حەمید ئەفەندی فەرماندەی بەشێکی زۆر لە شەڕەکانی کوردستان بووە. خۆی بەشداریی شەڕی بازێ، ڕۆستێ، سیدەکان و...تد کردوە و سێ جار بریندار بووە. جارێک بە پریشکی تۆپ لە چیای پیران لە ١٩٦٣ و دوو جاریش لە شەڕی گەروی عومەرئاغا لە ١٩٧٤دا. لەم بارەیەوە دڵێت: **(لە زۆربەی شەڕەکاندا سەرکەوتنم تۆمار کردوە و بەم بۆنەیەوە کاک مەسعود دەستخۆشی لێکردوم و بەناوی پیرە پڵنگ بروسکەی بۆ ناردم.)**

حەمید ئەفەندی هاوکات لەگەڵ وەزیر بوونی، ئەندامی فەرماندەی فەرماندەیی لەشکری پێشمەرگەی کوردستانیش بووە کە وەک خۆی دەڵێت پازدە کەس بوون و سەرۆک مەسعود بارزانی بەرپرسیان بووە. ناوبراو بەهۆی خزمەتەکانییەوە ڕۆژی ١٩٩٦/٨/١٦ لە یوبیلی زێڕیندا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

**- (زۆر خۆشحاڵ بووم بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی و زۆریش خۆشحاڵم کە لە ژیانی پەنجا ساڵەی خەباتمدا شەرمەزاری جەنابی بارزانی گەورە و سەرۆک مەسعود بارزانی نەبووم. لە ڕاستیدا من بۆ میدالیا خەباتم نەکردوە.)**

## نەجمەدین سەعید عەلی یوسفی




نەجمەدین سەعید عەلی یوسفی ساڵی ١٩٤١ لە گوندی "بابیر" سەربە قەزای ئامێدی لەدایک بووە. ساڵی ١٩٥٧، لە پەیمانگای چاندن لە بەغدا وەرگیراوە و ساڵی ١٩٥٩ باوەڕنامەی لەو پەیمانگایە وەرگرتووە و وەک کارمەندی بەڕێوەبەری چاندن لە ئەبوغەریبی بەغدا دامەزراوە. بەرلە گەڕانەوەی مەلا مستەفا بارزانی لە سۆڤیەت، چووەتە ڕیزی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە و بە سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی ١٩٦١دا، پاڵی بە شۆڕشی ئەیلولەوە داوە و بووەتە پێشمەرگە لە بارەگای ئەسعەد خۆشەوی لە گوندی "بانک و ئەرزا". ساڵی ١٩٧٣ کراوە بە کادیری لیژنەی ئامێدی و ساڵی ١٩٦٤ بووە بە ئەندامی لێژنەی پێکهێنەری کۆنگرەی شەشەمی پارتی دیموکرات کە لە قەڵادزێ پێکهات. ساڵی ١٩٦٥ بەرپرسی لیژنەی ئامێدی و قایمقامی قەزای ئامێدی بووە.

ساڵی ١٩٦٨ لەگەڵ فازل میرانی، حەبیب کەلەش، عوسمان خەڵکی ئەتروش، عەبدولقەهار ماسیکی، ئیبراهیم گرگری و ئەحمەد عەبدوڵا بێتاسی و چەند کەسێکی تر ڕەوانەی خولی کادیر لە چۆمان کراوە. تا ساڵی ١٩٧٠ وەک بەرپرسی لیژنەی ئامێدی و قایمقامی قەزای ئامێدی ماوەتەوە و لەو ساڵەدا کراوە بە ئەندامی کارگێڕی لقی یەک کە عەلی شنگاری بەرپرسی بووە و فازل میرانی، شەعبان سەعید و شەهید عەلی عەبدوڵا مائی، حەبیب کەلش و ڕەوانشاد مەلا ساڵح حاجی ئەندامانی تری کارگێڕی لق بوون.

ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، خۆی گەیاندۆتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەوێوە گۆستراوەتەوە بۆ شاری ساوە. وەک بۆخۆی دەڵێت لەگەڵ ٣٠٠ بنەماڵە لەو شارەدا لەژێر گوشار و ئازاری ساواکدا بووە. دوای ڕوخانی ڕژێمی پاشایەتی لە ساڵی ١٩٧٩دا بە ڕێنوێنی سەرکردایەتی کاتی پارتی دیموکرات و شۆڕشی گوڵان، چووەتە عەزیمیەی کەرج و لەوێ نیشتەجێ بووە.

لە کەرج لیژنەیەک لە محەمەدی مەلا قادر، ڕەوانشاد ئازاد قەرەداغی و نەجمەدین یوسفی پێکهاتووە بۆ ڕێکخستنەوەی ئەندامانی پارتی لە شارەکانی ئێران و هاندانیان بۆ گەڕانەوە بۆ کوردستان و بەشداریی کردنیان لە شۆڕشی گوڵان. لە پاییزی ساڵی ١٩٧٩ ئەو لیژنەیە بەرپرسایەتی ئامادە کاریی کۆنگرەی نۆیەمی پارتی پێسپێردراوە و لە کۆنگرەی نۆیەمدا، نەجمەدین سەعید عەلی یوسفی بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوە و بەرپرسایەتی پەنابەرانی کۆمەڵگای زێوە و بەرپرسی پێشمەرگەکانی سەربە مەکتەبی سیاسی دراوەتێ و تا ساڵی ١٩٨٣ لەو ئەرکەیدا ماوەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ساڵی ١٩٨٠ لەگەڵ فازل میرانی، هوشیار زێباری و دوکتۆر جرگیس کراون بە ئەندامی لیژنەی بەدواداچوون و تەفتیش و مانگی هەشتەمی ساڵی ١٩٨٠ ئەو لیژنەیە چووەتە بارەگای لقی یەکی پارتی لە "کۆماتە" لەسەر سنوری زاخۆ و باکوری کوردستان و لیژنەی ناوچە و ئۆرگانەکانی سەربە پێشمەرگەیان لەوێ ڕێکخستۆتەوە و دواتر گەڕاونەتەوە بۆ ڕاژان. ساڵی ١٩٨٢ لەگەڵ مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکرات چووەتە لۆلان و لەوێ بارەگای سەرکردایەتی پارتیان داناوە.

ساڵی ١٩٨٣، بەدوای ئەو سەرلێدانەی، نەجمەدین یوسفی لەگەڵ محەمەدی مەلا قادر و خورشید شێرە گواستراوەتەوە بۆ لقی دووەمی پارتی لە ناوچەی بالیسان و شێخ وەسان و لەم بارەیەشەوە دەڵێت:

- **(ڕژێمی عێراق چەکی کیمیایی لەوێ بەکار هێنا و خەڵکێکی زۆری کوشت و بریندار کرد و بەشێکیشی گرت و بردی بۆ هەولێر و بە زیندوویی ژێر خاکی کردن و هەموو ناوچەکەی چۆل کرد و زیندەواری لێ نەهێشت، تەنانەت درەختەکانیشی بە چەکی کیمیایی لەناو برد.)** کراوە بە بەرپرسی لقی یەکی پارتی لە ناوچەی بادینان و تا کۆتایی ساڵی ١٩٨٤ لەو ئەرکەیدا بەردەوام بووە و ساڵی ١٩٨٥ ئەرکی سەرپەرستی هێزی پێشمەرگەی لە خزێنە و لۆلان و سەری سپینداری دراوەتێ و هەرلەو ساڵەدا بۆ جاری دووەم کراوە بە بەرپرسی لقی یەک و لەگەڵ ڕەشید عارف ڕەوانەی بادینان کراوەتەوە. لەم بارەیەوە دەڵێت: **(لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٦دا سەرۆک بارزانی و کاک هوشیار زێباری و زەعیم عەلی و دوکتۆر جەرجیس هاتن و سەردانی لقی یەکیان کرد. من ١٨ مانگ بوو لەو لقە بووم و جەنابی سەرۆک فەرمانیدا من بۆ سەرلێدانی هاوسەر و منداڵەکانی بگەڕێمەوە بۆ ئێران.)**

بەدوای ئەو سەرلێدانەی، نەجمەدین یوسفی لەگەڵ محەمەدی مەلا قادر و خورشید شێرە گواستراوەتەوە بۆ لقی دووەمی پارتی لە ناوچەی بالیسان و شێخ وەسان و لەم بارەیەشەوە دەڵێت:

- **(ڕژێمی عێراق چەکی کیمیایی لەوێ بەکار هێنا و خەڵکێکی زۆری کوشت و بریندار کرد و بەشێکیشی گرت و بردی بۆ هەولێر و بە زیندوویی ژێر خاکی کردن و هەموو ناوچەکەی چۆل کرد و زیندەواری لێ نەهێشت، تەنانەت درەختەکانیشی بە چەکی کیمیایی لەناو برد.)**

ناوبراو ساڵی ١٩٨٨ کراوە بە بەرپرسی بارەگای هێزی پێشمەرگەی مەکتەبی سیاسی و بەشداریی شەڕی خواکورکی کردوە تا ساڵی ١٩٨٩ لەلای مەکتەبی سیاسی لە ڕاژان ماوەتەوە.

بە دوای ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١ی خەڵکی باشوری کوردستان، نەجمەدین یوسفی کراوە بە ئەندامی لیژنەی سەرپەرشتکاری هێزی پێشمەرگە لە ناوچەی دهۆک و ساڵی ١٩٩٩ بە بڕیاری مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەرکی بەرپرسایەتی کۆمەڵگای نیشتەجێ کردن "گازخانان" بۆ دروستکردنی خانووبەرە بۆ خێزانی شەهیدان، پێشمەرگە کەمئەندامەکان و خەڵکی هەژاری کوردستانی لە سێمێل و زاخۆ پێدراوە و لەم بارەیەوە دەڵێت: **(لە بەردەوامی ئەو پرۆژەیەدا، بە شانازییەوە زیاتر لە ٢٠٠٠ خانوومان بۆ خێزانی شەهیدان و پێشمەرگە کەمئەندامەکان و هەژارانی پارێزگاکانی دهۆک، هەولێر، شەقلاوە، هەریر و دیانا دروست کردوە و هەتا ئێستاش لەو ئەرکەدا بەردەوامم.)**

نەجمەدین سەعید عەلی یوسفی کتێبێکی بە ناوی "ثورة ایلول المجیدە" دەربارەی شۆڕشی ئەیلول بە زمانی عەرەبی بڵاوکردۆتەوە کە پەیوەستە بە ساڵانی ١٩٦١- ١٩٧٥. ناوبراو لە یوبیلی زێڕینی پارتی دیموکراتدا لە ١٩٩٦/٨/١٦ میدالیای بارزانی پێدراوە و لەو بارەیەوە دەڵێت:

- **(بەوپەڕی فەخر و شانازی و سەربەرزییەوە کە گەیشتمە ئەو پلەیەی کە ڕەوای وەرگرتنی میدالیای بارزانی بم کە بەرهەمی خەبات و تێکۆشین و پێشمەرگایەتی و ئاوارەیی دەورانی ژیانم بوو.)**

## مستەفاساڵح عەبدوڵا



مستەفا ساڵح عەبدوڵا ناسراو بە مستەفا نێروەیی ساڵی ١٩٣٧ لە گوندی "دزگە" لە ناوچەی نێروەی سەربە قەزای ئامێدی لە دایک بووە. ساڵی ١٩٦١ کە مەلا مستەفا گوندی بارزانی بەجێهشت و هاتە ناوچەی مزوری و لە گوندی "سیدا"وە بەرەو ناوچەی نێروە چوو، مستەفا نێروەیی لەگەڵ هێزەکانی بارزانی کەوت. لە یەکەم شەڕەکانی ناوچەی بادینان وەک شەڕی گەلی زاویتە لە دهۆک و پاککردنەوەی سوپا و جاشەکان سەربە حکومەت لە ناوچەکەدا بەشداریی کرد و ساڵی ١٩٦٢ لەگەڵ بارزانی پەڕییەوە بۆ ناوچەی سۆران. بەشداریی شەڕی سۆفیەکانی سەربە شێخ ڕەشیدی لۆلان و حکومەتی عێراقی کرد. لەو ساڵەدا کراوە بە سەرقۆڵ و تا ساڵی ١٩٦٦ لە ناوچەکانی باڵەک، سەفین، پشدەر، ماوەت، قەرەداغ، ڕانیە و چوارقورنە بووە و لەگەڵ پێشمەرگەکانی هاوڕێی بەشداریی چەندان شەڕی قورس و گەورەی کردوە. ساڵی ١٩٦٦، لە قەڵادزێ بەشداریی کۆنگرەی شەشەمی پارتی دیموکراتی کردوە و دوای ئەوە بۆ زۆزک و گەلی عومەرئاغا گواستراوەتەوە و کراوەتە فەرماندەی بەتالیۆنی ناوچەی باڵەک و تا ساڵی ١٩٧٥ لەو جێیە بووە.

ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، بۆ ماوەی دوو مانگ لە مهاباد بووە و دواتر گوستراوەتەوە بۆ کۆمەڵگای ڕەبەت و لەوێوە ڕەوانەی جهرم و دواتر تاران کراوە. ساڵی ١٩٧٧ گەڕاوەتەوە ڕیزی پێشمەرگەکانی شۆڕشی گوڵان. لەگەڵ عەریف یاسین، حەمید ئەفەندی، نادر هەورامی، ملازم یونس ڕۆژبەیانی و مەلا ئەمین بارزانی چاوی بە ئیدریس بارزانی کەوتووە و بەرپرسایەتی ناوچەی نێروەی لە سنوری باشور و باکوری کوردستان وەرگرتووە و لەگەڵ کۆمەڵێک پێشمەرگەی هاوڕێی، بە شەڕی گەڕۆک و

دەستوەشێن زەبری لە دوژمن وەشاندوە و یەکێک بووە لە بەشدارانی شەڕی بازێ.

ساڵی ١٩٧٩ بۆ بەشداریی کردن لە کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان گەڕاوەتەوە بۆ گوندی مەرگەوەڕ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دوای کۆتایی کۆنگرە گەڕاوەتەوە شوێنی خۆی و تا ساڵی ١٩٩١ لەو جێیە بووە. لە ڕێکخستنی نوێی پارتیدا بەرپرسی لیژنەی ناوچەی گوڵان بووە لە ناوچەی نێروەدا.

دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١، کە بەشێک لە خاکی باشوری کوردستان ئازاد کرا، مستەفا نێروەیی کراوە بە فەرماندەی هێزی ناوچەی باڵەک و لەوێوە کە پارتی مەکتەبی سیاسی ١ و ٢ و ٣ی پێکهێنا و نێچرڤان بارزانی کرد بە بەرپرسی مەکتەبی سیاسی ژمارە ٢، ناوبراو ناردراوەتە لای نێچیرڤان بارزانی.

ساڵی ٢٠٠٠ مستەفا نێروەیی لەگەڵ حەمید خوستی ئیسماعیل دەزگای ئەیلولی لە دهۆک دامەزراندوە و ئەرکی بەرپرسایەتی ئەو دەزگایەی لە دهۆک لە ئەستۆ گرتووە و ئێستاش لەو ئەرکەیدا بەردەوامە.

مستەفا نێروەیی یەکێک بووە لە فەرماندە قارەمانەکانی پارتی دیموکرات و بە درێژایی ساڵانی پێشمەرگایەتی ئەرکی خۆی بەشێوەی شایستە بەڕێوە بردوە. بەشداریی دەیان شەڕی قورسی کردوە و سێ جار لە شەڕەکانی زاویتە ١٩٦١، "مەرێبا" لە ناوچەی شێخان ساڵی ١٩٦٢ و چەککردنی قشڵەی ڕایات لە ساڵی ١٩٦٢دا برینداربووە. جگەلە کۆنگرەکانی ٦ و ٩ کە ئامادەم بۆ کردن، لە کۆنگرەکانی ٧، ١٠، ١١، ١٢ و ١٣ی پارتی دیموکراتدا بەشداریی کردوە و بەهۆی خزمەتەکانیەوە ڕۆژی ١٩٩٦/٨/١٦ لە یوبیلی زێڕینی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتوە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

**- (میدالیای بارزانی بۆمن پیرۆزە، فەخری پێوە دەکەم. مادام وێنەی بارزانی لەسەرە زۆر جێی شانازی منە، چونکە تەربیەتی ئێمە لە کۆندا فێری کردوین کە خیانەت بە ڕێبازی بارزانی نەکەین و خزمەتکاری خەڵک بین و بۆ کورد و کوردستان تێبکۆشین.)**

## سەردار محەمەد عەبدولڕەحمان



سەردار محەمەد عەبدولڕەحمان ناسراو بە سەرداری حەمەئاغای سلێمانی ساڵی ١٩٣٤ لە شاری سلێمانی لەدایک بووە. ناوبراو دوای تەواوکردنی خوێندنی ناوەندی بۆ درێژەدان بەخوێندن چووەتە لوبنان، بەڵام کودەتای ١٤ی تەموز و بارودۆخی نالەباری ژیان لەو سەردەمدا، لەمپەری خستووەتە بەر خوێندنەکەی و بەناچار گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی. سەردار لە بنەماڵەیەکی خەباتکار و کوردپەروەری شاری سلێمانییە، کاتێک مەلا مستەفا بارزانی لە ساڵانی دوورخراوەییدا لە سلێمانی هەلی بۆ ڕەخسا لەگەڵ سەرکردەکانی کۆمەڵەی هیوا و گەورە پیاوانی سلێمانی پێوەندیی دامەزرێنێت، پێوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ محەمەد ئاغا "حەمە ئاغای سلێمانی" هەبوو. سەردەمێک باپیرە گەورەی محەمەدی عەبدولڕەحمان ئاغای، بە ناوی مەحمود ئاغای مەسرەف وەزیری مالیەی حکومەتی ئیبراهیم پاشای بابان بووە. مستر ڕیچ لە گەشتەکەی ساڵی ١٨٢٠دا بۆ سلێمانی بە درێژی باس لە کەسایەتی مەحمود ئاغای مەسرەف دەکات. حمە ئاغا خۆی ئەندامی حیزبی هیوا بووە و بەشداریی شۆڕشی شێخ مەحمودی حەفیدی کردوە و یەکێک بووە لە وەزیرانی حکومەتی شێخ مەحمود. ساڵی ١٩٤٣ کە مەلا مستەفا گواسترایەوە بۆ سلێمانی، پێوەندییەکی گەرم لەنێوان بارزانی و حەمە ئاغادا دروست بوو. کاتێک بارزانی بەنهێنی سلێمانی بەجێهێشت و گەڕایەوە بۆ ناوچەی بارزان، حکومەتی عێراق حەمە ئاغا و چەند کەسیتری بە تاوانی هاوکاریی کردن بۆ ڕاکردنی مەلا مستەفا دەستگیر کرد.

ساڵی ١٩٦١، ڕژێمی عەبدولکەریم قاسم لە حەمە ئاغای ویست کە لە بەرامبەر بارزانی و شۆڕشی ئەیلولدا پشتی حکومەت بگرێ و تائیدی حکومەت بکات، بەڵام ناوبراو تائیدی حکومەتی نەکرد و حکومەتیش بە تاوانی

لایەنگریی کردن لە مەلا مستەفا و شۆڕشی ئەیلول گرتی و لە سلێمانی زیندانیی کرد. حەمە ئاغا لە زیندان‌دا باری تەندروستی تێکچووە و ڕژێم دوای سێ مانگ لە زیندان ئازادی کردوە. سەردار بۆ دەرمان کردنی، باوکی گەیاندوەتە بریتانیا، بەڵام حەمە ئاغا لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٢دا سەرلەنوێ نەخۆشی تەنگی پێهەڵچنیوە و سەردار ناچار بووە بیگەڕێنێتەوە. دوای گەڕانەوەیان بۆ سلێمانی، ڕژێمی عێراق سەرداری گرتووە و دووری خستووەتەوە بۆ حللە. ناوبراو لە حللە بوو کە ڕۆژی ١٩٦٢/٨/٨ حەمە ئاغای باوکی کۆچی کردوە دوایی کۆچی دوایی باوکی، حکومەت ڕێگای بە سەرداردا کە بگەڕێتەوە بۆ سلێمانی.

ڕۆژی ١٩٦٣/٣/١٨، سەرداری حەمەئاغای بەشداریی کۆنفڕانسی کۆیەی کرد کە لەسەر ئەرکی کاکە زیاد، بە بەشداریی بارزانی و نزیکەی ٢٠٠٠ کەس پێکهات. لەو بارەیەوە دەڵێت: **(ئەو لیژنەیەی کە لە کۆنفڕانسی کۆیە هەڵبژێردرا کە بچێتە بەغدا و وتووێژ لەگەڵ حکومەت بکات، لە وتووێژەکانیدا سەرنەکەوت، مام جەلال سەرۆکی لیژنەکە چوو بۆ میسر و بەشێک لە ئەندامانی وەفدەکە لەلایەن حکومەتەوە گیران و بەشێکیشیان نەکەوتنە دەست حکومەت. بە دوای شکانی وتووێژەکاندا ڕژێمی عێراق هێرشی کردەوە سەر ناوچەی بارزان و دەستی بەسەر سلێمانیشدا گرتەوە. لەوێ مەنعی تەجەوی ڕاگەیاند و زیاتر لە هەزار کەسیان گرت. لەو ژمارەیە بەشێکیان کوشت و بەشێکیان زیندانی کرد. لەو پەلاماردانەدا، سەربازەکان ڕژانە ماڵی ئێمە و لەبەرچاوی خۆم شۆفیرەکەی ئێمەیان بە ناوی محەمەدئەمین لە حەوشەکەماندا کوشت. دوای گەڕانەوەم بۆ ماڵەکەمان، بینیم ماڵی ئێمەیان بەتاڵ کردوە و منیش لە سلێمانی نەمام و بە قەلادزێدا چووم بۆ گەلاڵە.)**

دوای شکانی هێزەکانی ڕژێمی عێراق لە ملی بلە "بلێ" لەنێوان بلە و گوندی بارزاندا و دەستپێکردنی خولێکی نوێی وتووێژەکان، بارزانی خێزان و منداڵەکانی گواستەوە بۆ ناوچەی ڕانیە و لە گوندی دێرێ لە دۆڵەڕەقە نیشتەجێی کردن. لە سەرەتای پاییزی ساڵی ١٩٦٤دا، هەباسی مامەند ئاغای و ئیسماعیلی سواراغای بە ڕاسپاردەی شێخ بابۆ، چوون بۆ ماڵی سەرداری حەمەئاغای و خوازبێنی نازدار خانیان بۆ ئیدریس بارزانی کرد کە بە هاوەدنگیی کاک سەردار ئەو داخوازە بەجێگەیشت و دوای چەند ڕۆژ و

بەجێهێنانی کارە پێویستەکان، بوک لە سلێمانییەوە بۆ ئیدریس بارزانی چوو بۆ ڕانیە و لە گوندی دێرێ دابەزی. بە دەستپێکردنەوەی شەڕ، لەنێوان سوپای عێراق و شۆڕشدا سەرداری حەمەئاغای سلێمانی سەرلەنوێ لە دیلمان، گەلاڵە و حاجی ئۆمەران لە خزمەت مەلا مستەفادا بووە. دەڵێت:

- (بارزانی دوو خانووی لە حاجی ئۆمەران دروست کردبوو، یەکێک لەو خانووبەرانە، تایبەت بوو بە کۆبوونەوە گشتییەکان و ئەویتریان شوێنی کۆبوونەوەی تایبەت بوو. ڕۆژی ١٩٧١/٩/٢٩، کە وەفدە چاوەڕوان نەکراوەکەی حکومەتی بەعس گەیشتە حاجی ئۆمەران. بە زانیاری دەیانویست لە خانووبەرە تایبەتەکەدا لەگەڵ بارزانی دانیشن کە ئەو قبووڵی نەکرد و لەگەڵ دوکتۆر مەحمود عوسمان لە هۆدە گشتییەکەدا لەگەڵ عەبدولجەبار ئەعزەمی و ئیبراهیم خوزاعی هەڵگری بۆمبەکە و ئەوانی تر کۆبووەوە کە پێشمەرگەکان کۆنترۆڵی تەواویان بەسەر ئەو خانووەدا هەبوو. لەبەر ئەوە، دوو شۆفیرەکان کە پیاوی ئیستخبارات بوون، لە دەرەوەی خانووبەرەکە نەیانتوانی زیان بە بارزانی بگەیەنن.)

سەردار حەمە ئاغا، هەروەها دەربارەی پیلانی تیرۆر کردنی ئیدریس بارزانی بە دوای ڕێککەوتنی ١١ی ئازار، لە شەوێ ١٩٧٠/١٢/٦ لە بەغدا دەڵێت: (من بە بەردەوامیی هاتووچۆی بەغدام دەکرد، کە کاک ئیدریس چوو بۆ بەغدا، منیش چووم، ئەو شەوە بەو ئوتۆمبیلەی کە کاک ئیدریس بەکاری دەهێنا، هەموویان هاتن بۆلای من. نزیکەی ٥- ٦ کاتژمێر بەرلە هاتنیان، شێخ بابۆ بە ڕەحمەت بێ، بە شێخ ڕەزای گولانی مودیری شورتەی هەولێری گوتبوو، ئیدریس ئاگادار بکەنەوە کە بگەڕێتەوە، ئیدریس چوو بۆ سەر دیدارەکانی لەگەڵ کاربەدەستانی حکومەت و بەمنی گوت، سەردار تۆ لێرە لە هۆتێل بمێنەوە تا ئەگەر تەلەفۆنیان کرد، تۆ وەڵام بدەیەوە. شێخ ڕەزا کە ئەو تەلەفۆنەی بۆمن کرد، من واتێگەیشتم کە شێخ ڕەزا دەڵێت، هەرئێستا ئیدریس بگەڕێتەوە. کە کاک ئیدریس هاتەوە، گوتم شێخ ڕەزا تەلەفۆنی کردوە و لەسەر ئەمری شێخ بابۆ دەبێ بگەڕێتەوە، گوتی بە چاوان و هەرئەو کاتە بەسواری تاکسی گەڕایەوە. من لەگەڵ حەمەی عەزیز و عەریف حەمید بەرواری لە هوتێلەکەیان مامەوە و منیش گوتم دەگەڕێمەوە بۆ هوتێلەکەی خۆم و داوام لەوانیش کرد کە شەو بۆ نان خواردن بێنەلای من. شەو هاتن و لە گەڕانەوەیاندا بۆیان دانیشتبوون و تەقەیان لێکردبوون.)

پارتی دیموکراتی کوردستان لە تاران نوسینگەیەکی بازرگانی کردبووەوە کە پێداویستییەکانی شۆڕش بکڕێ و ڕەوانەی حاجی ئۆمەرانی بکات. شێخ محەمەد هەرسینی بەرپرسی ئەو نوسینگەیە بووە و سەرداری حەمە ئاغای هاوکاری. بەرلە ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی ١٩٧٥دا، ئەو نوسینگەیە کۆکرایەوە. لەم بارەیەوە سەردار دەڵێت:

**- (هەرکە مەکتەبی توجارەتی پارتی لە تاران کۆکرایەوە، من چووم بۆ حاجی ئۆمەران و بە خزمەت بارزانی گەیشتم و داوام لێکرد، ئەگەر ڕێگەم بدات، دەچم بۆ بریتانیا کە جەنابی بارزانی قبووڵی کرد و من ساڵی ١٩٧٥ ئێرانم بەجێهێشت.)**

سەرداری حەمە ئاغای ماوەی ٣٩ ساڵە لە بریتانیا دەژی. ناوبراو ڕۆژی ١٩٩٦/٨/١٦ لە یوبیلی زێڕینی پارتی دیموکراتی کوردستاندا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

**- (میدالیای بارزانیم زۆر بەلاوە گرنگە. مەلا مستەفا خاوەن ڕێزی تایبەت بووە لای من و تا دەمرم پێی وەفادار دەمێنم. لەبەر ئەوە میدالیای بارزانی بە گرنگترین شانازیی ژیانم دەزانم.)**

## کەکۆ مەلا عەلی



کەکۆ مەلا عەلی مێرگەسوری ساڵی ١٩١٧ لە مێرگەسور لە دایک بووە. ساڵی ١٩٤٣ کە بارزانی لە سلێمانیەوە گەڕایەوە بۆ بارزان، چەکی هەڵگرتووە و لەگەڵ بارزانی کەوتووە و کراوە بە سەرقۆڵ. بەشداری شەڕەکانی گوندی بێستر لە بناری چیای پیران لە ناوچەی مێرگەسور و شەڕی مەیدان مۆریک و شەڕەکانی ناوچەی بلە و بارزان و پیرسی کردوە.

ڕۆژی ١٩٤٥/١٠/١١ بە بنەماڵەوە لەگەڵ بارزانی چووەتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە بەرەی شەڕی قاراوا لە سەروچاوە بووە. دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان، ڕۆژی ١٩٤٧/٢/٢ لە شەڕی نەڵۆس لاقی ڕاستەی بریندار بووە و چاوی چەپەشی لە دەستداوە. بەهۆی سەختی برینەکانی نەیتوانیوە لەگەڵ بارزانی و هەڤاڵانی بچێت بۆ یەکێتی سۆڤیەت و لەگەڵ شێخ ئەحمەد و بنەماڵەکان گەڕاوەتەوە بۆ عێراق. بەهۆی کەمئەندام بوونی لەلایەن حکومەتی عێراقەوە نەگیراوە و دوای چاکبوونەوەی برینەکانی، ڕووی لە زنجیرە چیاکانی برادۆست کردوە و تا ساڵی ١٩٥٨ لەو شاخانە ماوەتەوە و بە قاچاخ ژیاوە. لەو ماوەیەدا خۆی بۆ وەرگرتنی نان و خۆراک ڕووی لە گوندەکان کردوە، یان خەڵکی گوندەکان خواردنیان بۆ بردوە و لەکاتی سەرما و سۆڵەدا لە ئەشکەوتەکاندا ماوەتەوە.

ساڵی ١٩٥٨، کە بارزانی گەڕایەوە بۆ عێراق، لە چیا دابەزیوە و سەرلەنوێ چەکی لە شان کردۆتەوە و لەگەڵ حەمەدەمین میرخان مێرگەسوری کەوتووە. بەشداری شەڕی گەلی زاویتە و دواتریش ڕۆژی ١٩٦٢/٣/٧ بەشداری شەڕی "مرێبا"ی لە ناوچەی شێخان کردوە، لەو شەڕەدا میرخان بریندار بووە و بۆ دەرمان ڕەوانەی نەخۆشخانەی کۆماریی کراوە لە موسڵ کەچی پیاوانی سەربە ڕژێم دەستڕێژیان لێ کردوە و شەهید بووە.


دوای شەهید بوونی حەمەدەمین میرخان، کەکۆ مەلا عەلی بە فەرمانی بارزانی جێی میرخانی گرتۆتەوە و لەگەڵ بارزانی پەڕیوەتەوە بۆ ناوچەی سۆران. ساڵی ١٩٦٢، لە شەڕی سیدەکان بە سوکی بریندار بووە و ساڵی ١٩٦٣ لە شەڕی "کێلی بنی بیا" بە توندی بریندار دەبێت و ئیتر ناتوانێ درێژە بە خەباتی پێشمەرگایەتی بدات و بۆ ماوەی ٣٨ ساڵ لە جێدا کەوتوە و هاوسەر و منداڵەکانی خزمەتیان کردوە.



بەهۆی خزمەتەکانی بە کورد و کوردستان و ڕێبازی بارزانی و کۆڵنەدانی لە بەرامبەر دوژمندا، کەکۆ مەلا عەلی ڕۆژی ١٩٩٦/٨/١٦، لە یوبیلی زێڕیندا میدالیای بارزانی پێدراوە و ڕۆژی ٢٠٠٠/١/١٢ لە مێرگەسور کۆچی دوایی کردوە. سەبارەت بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی، حەسەن کەکۆی کوڕی دەڵێت:

- (هەرچەندە قسەی بۆ نەدەکرا، بەڵام بە هێما و ئیشارە بە ئێمەی ڕادەگەیاند: کە زۆر بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی خۆشحاڵە.)

## حاجی ڕەسوڵ حوسێن



حاجی ڕەسوڵ حوسێن ناسراو بە حاجی ئاغای کۆسرەتان ساڵی ١٩٠١ لە گوندی مێرگە لە ناوچەی چۆمان ناحیەی گەڵاڵە لەدایک بووە. بەشداریی کۆماری کوردستانی کردوە و دوای هەرەسهێنان کۆمار گەڕاوەتەوە بۆ گوندەکەی "زێوکە" لە ناوچەی پیرانشار لە ماڵی خزمانی ماوەتەوە. بەرلە گەڕانەوەی بارزانی لە یەکێتی سۆڤیەتەوە بۆ عێراق، بەشداریی چەند شەڕی عەشیرەتی دژبە ڕژێمی عێراق و هەروەها شەڕی سۆفییەکانی سەربە شێخ ڕەشیدی لۆلانی کردوە. دوای پەڕینەوەی بارزانی لە بادینانەوە بۆ سۆران، حاجی ڕەسوڵ یەکێک لەو پێشمەرگانە بووە کە ڕۆژی ١٩٦٢/٧/١١ قەڵای ڕایاتیان چەککرد. دواتر بەشداریی شەڕەکانی بەنی هەریر، پردی بنکێلان و کۆسپی سپی کردوە. بەرلە ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول، لە ساڵی ١٩٧٥دا پێشمەرگەی سنوری باڵەکایەتی و دواتر پاسەوانی بارەگای مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکرات بووە لە ناوپردان.

ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، چووەتە گوندی کۆسرەتان و لەو گوندە ماوەتەوە. ساڵی ١٩٧٧ ڕژێمی عێراق بە بنەماڵەوە ڕەوانەی کۆمەڵگای بەستۆرەی لە ناوچەی هەولێری کردوە. ساڵی ١٩٧٩ ئیبراهیم حاجی کوڕی لە شاخی "گرتالان"ی کۆسرەتان شەهید بووە. ناوبراو دوای شەهیدبوونی کوڕەکەی لەگەڵ سێ کوڕی تری و خزمانی کۆمەڵگای کۆسرەتانیان بەجێهێشتوە و ڕۆژی ١٩٧٩/٤/١٢ بە شێنێ و قاسمەڕەشدا خۆی گەیاندۆتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پێوەندی بە سەرکردایەتی کاتی پارتی دیموکراتەوە کردوە و لەگەڵ ڕەسوڵ، قادر، سلێمان و حوسێنی کوڕی و ژمارەیەکی تر لە برا و برازاکانی چەکی هەڵگرتۆتەوە و لە سنوری باڵەکایەتی لە مەفرەزەی گەڕۆکدا بەشداریی شۆڕشی گوڵانیان کردوە.




حاجی ڕەسوڵ حوسێن لە ناوچەی خۆشناوەتی بەشداریی ڕاپەڕینی ١٩٩١ی کردوە و تا تەمەنی ٨٥ ساڵ چەکی پێشمەرگایەتی لە شانی نەکردۆتەوە. ساڵی ١٩٩٢ بنەماڵەکەی گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەی کۆسرەتان و ئەو گوندەیان ئاوەدان کردۆتەوە. ڕۆژی ١٩٩٦/٨/٦ لە یوبیلی زێڕینی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەک بەرزترین خەڵاتی کوردستانی پێدراوە و ڕۆژی ٢٠٠٢/٧/١٢ دڵە گەورەکەی لەکار کەوتوە.

## محەمەد سەلیم ئەحمەد عەبدولڕەحمان



محەمەد سەلیم ئەحمەد عەبدولڕەحمان باجلووری ساڵی ١٩٠٢ لە گوندی باجلوور لە ناچەی زاویتە سەربە پارێزگای دهۆک لەدایک بووە. یەکێک بووە لە پێڕەوانی شێخانی بارزانی و بەشداری شۆڕشی ١٩٣١- ١٩٣٢ی بارزانی کردوە و بە دوای هەرەسهێنانی ئەو شۆڕشەدا لەگەڵ جەنگاوەرانی بارزانی چووەتە باکوری کوردستان و دوای ماوەیەک گەڕاوەتەوە بۆ گوندەکەیان. ساڵی ١٩٤٣ کە بارزانی لە سلێمانییەوە گەڕایەوە بۆ بارزان، لەگەڵ عیزەت عەبدولعەزیز بەشداری کردوە لە چەککردنی سەربازگەی ئامێدی و هەروەها بەشداریی شەڕی پێگەی سەربازیی سەورەیان لەسەر ڕووباری شین لە ناوچەی بلە "بلێ" کردوە.

ساڵی١٩٤٥ بەشداری شەڕی مەیدان مۆرکی کردوە و ڕۆژی ١٩٤٥/١٠/١١ بۆ خۆپاراستن لە بۆمبارانی فڕۆکە جەنگییەکانی ئینگلیز و پەلاماری سوپا و جاشەکانی سەربە ڕژێمی عێراق، خەریکبووە لەگەڵ هەشت جەنگاوەری تر پەنا بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرێت کە لە ڕێگادا ونبوون و بە ناچار بە نێروە و ڕێکاندا گەڕاونەتەوە و لە ناوچەی ئامێدی لە "قدش" گیراون و بە تکای سەعید ئاغای دۆسکی لە زیندان ئازادیان کردون. ساڵی ١٩٥٨ کە بارزانی لە یەکێتی سۆڤیەت گەڕایەوە، لەگەڵ ساڵح یوسفی کە بەرپرسی لقی یەک بووە لە بادینان و نزیکەی ٢٠ گەورە پیاوی ناچەکە چوون بۆ بەغدا و چاویان بە بارزانی کەوتووە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (بارزانی پێیگوتین بچن لە ناوچەی خۆتاندا بارەگای خەبات بکەنەوە.)

محەمەد سەلیم لەگەڵ تێلی گەردی یەک ماڵەیی، مەهدی حەسۆ نزارکی، حەسەن سیتی بامەڕنی و مەلا حەمدی پێکەوە لە دهۆک بارەگای خەبات دەکەنەوە. ساڵی ١٩٦١ کە بارزانی شۆڕشی ئەیلولی ڕاگەیاند، تێلی گەردی لە ئالۆکا بەرپرس و محەمەد سلیم جێگری بووە و لەوێ بەشداریی شەڕەکانی ئالۆکا، گەلی زاویتە و گەلی دهۆکی کردوە.



ساڵی ١٩٦٣ کە بارزانی بۆ جاری دووەم پەڕییەوە بۆ ناوچەی سۆران، محەمەد سەلیم ئەحمەد عەبدولڕەحمان باجلووری لەگەڵ بارزانی بۆ ناوچەی خەلیفان و قەڵادزێ. ساڵی ١٩٦٤ بەشداری کۆنگرەی شەشەمی پارتی دیموکراتی لە قەڵادزێ کردوە و بە دوای ئەو کۆنگرەیەدا گەڕاوەتەوە بۆ دهۆک و لەگەڵ عەلی خەلیل لە هێزی دهۆک بووە. ساڵی ١٩٧٠ کە ڕێککەوتنی ١١ی ئادار مۆر کرا، بەهۆی تەمەنی زۆر و پیریی، لە چالاکییەکان دوور کەوتۆتەوە و لە جیاتی ئەو محەمەد حەسەن کراوە بە فەرماندەی بەتالیۆنی چوار لە هێزی دهۆک. ساڵی ١٩٧٤ کە ڕژێمی عێراق شەڕی بە دژی گەلی کورد ڕاگەیاندەوە، محەمەد سەلیم پەنای بۆ بارەگای پێشمەرگەکانی بەتالیۆنی چواری دهۆک بردوە و ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، خۆی گەیاندۆتە زێوە و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ تەورێز، میانە و دواتریش لە مەرەند نیشتەجێ کراوە. سێ کوڕی بەناوەکانی عومەر، عەلی و ڕەشید لە سنوری جولفا لەلایەن ساواکی ئێرانەوە گیراون و بۆ ماوەیەک لە زینداندا ڕاگیراون. ساڵی ١٩٧٩ بە نوێنەرایەتی لقی یەک بەشداری کۆنگرەی نۆیەمی پارتی کردوە و دواتر گەڕاوەتەوە بۆ تەورێز. دوو لە کوڕەکانی بەناوی محەمەد حەسەن محەمەد باجلووری ڕۆژی ١٩٨٣/١١/٢٦ لە شنۆ و عەلی محەمەد "عەلی تۆچی" ڕۆژی ١٩٨٨/٩/٤ لە خواکورک شەهید بوون.

محەمەد سەلیم ئەحمەد عەبدولڕەحمان باجلووری ڕۆژی ١٩٩١/٨/٢٥ بە دوای ڕاپەڕینی دانیشتوانی باشوری کوردستان، گەڕاوەتەوە بۆ دهۆک. ڕۆژی ١٩٩٦/٨/١٦، لە یوبیلی زێڕینی پارتی دیموکراتدا بەهۆی خزمەتەکانی بە کورد و کوردستان و ڕێبازی بارزانی، میدالیای بارزانی وەرگرتووە و ڕۆژی

٢٠٠٣/١/٢٢ لە تەمەنی ١٠١ ساڵیدا کۆچی دوایی کردوە. بە وتەی عومەر محەمەد سەلیمی کوڕی کاتێک باوکی میدالیای بارزانی وەرگرتووە، گوتویەتی من و هەموو کەسێکی تر کە لەسەر ئەم زەوییە دەژین، بە شەهیدەکان قەرزدارن.

# تەمەر ئەحمەد شاباز




تەمەر ئەحمەد شاباز ساڵی ١٩٣١ لە گوندی سرێشمە سەربە ناحیەی خەلیفان لەدایک بووە. ساڵی ١٩٥٢ بە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان وەرگیراوە. کاتی گەڕانەوەی بارزانی لە یەکێتی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٥٨دا تەمەر ئەحمەد لە بەغدا سەرباز بووە و لەوێ بە خزمەت بارزانی گەیشتووە. ئەحمەد شابازی باوکی لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٢دا بەتاوانی شەڕ دژی سۆفیەکانی سەربە شێخ ڕەشید لە "نوگرە سەلمان"ی بەغدا زیندانی کراوە و لە سەرەتای مانگی ١١ی ئەو ساڵەدا لە زیندان ئازاد بووە. هەرئەوکاتە لەگەڵ تەمەری کوڕی کە بۆ ماوەی نزیک بە ١٢ ساڵ سەربازی ڕژێمی عێراق بووە، گەڕاوەتەوە بۆ سرێشمە و بە نامەیەک تەمەری ناردۆتە خزمەت بارزانی کە لە جیاتی خزمەتکردن بە ڕژێم، خزمەتی شۆڕشی کوردستان بکات.


تەمەر بە هاوڕێی عومەرئاغای دۆڵەمەری ڕۆژی ١٩٦٢/١١/٧ لە "بەردی تەشی ڕێس" لە حاجی ئۆمەران بە خزمەت بارزانی گەیشتوە و لەوێ ماوەتەوە. ساڵی ١٩٦٣ ڕژێمی عێراق بەهێزێکی پۆشتە پەلاماری گوندی سرێشمەی دا و سوتاندی و بنەماڵەی تەمەر ناچاربوون ڕابکەن بۆ سنوری نێوان باشور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لە هەمان ساڵدا تەمەر بەشداری شەڕەکانی ناوچەی قەڵادزێ و سەنگەسەری کرد. سوپای عێراق لە ساڵی ١٩٦٣دا بە کۆکردنەوەی ژمارەیەکی زۆر لە یەکەکانی بە هاوکاریی جاشەکان دەیویست لە سێ بەرەی مێرگەسور، سەری ئاکرێ و چیای پیرسەوە بچێت بارزان داگیر بکات، بارزانی بە نامەیەک کە ڕەسوڵ فەقێ دەیگەیەنێ، بە ئەحمەد شاباز ڕادەگەیەنێ دەست لە حکومەت بوەشێنن کە گوشاری سەر بارزان کەم بێتەوە و تەمەر لەگەڵ باوکی و پیاوانی عەشیرەتەکەیان و پێشمەرگەکانی حیزبی شیوعی عێراق لە حەساری ڕۆستێ لە دوژمن دەدەن.

ساڵی ١٩٦٤ کە شەڕ لەنیوان شۆڕش و حکومەتدا ڕاوەستا و وتووێژ هەبوو، ئەمەر لە گوندی دیلمان بە سەرۆکایەتی عومەرئاغای دۆڵەمەری، لەگەڵ محەمەد عیسا و چەند پێشمەرگەی تر دەکرێت بە پاسەوانی بارزانی. ساڵی ١٩٧٤، ئەمەر ڕەمەزان لەگەڵ حاجی بێرۆخی بەشداریی شەڕەکانی سپیلک، پانەسەر و گەلی عەلی بەگی کردوە و ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، سەرەتا چووەتە گوندی پەسوێ لە ناوچەی نێوان نەغەدە و پیرانشار و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ "بەردە سیر"ی کرمان و دواتر لە سیرجان و دواتریش لە کرمان نیشتەجێ کراوە. ساڵی ١٩٨١ گەڕاوەتەوە بۆ شنۆ و بەشداری شۆڕشی گولانی کردوە. بە ڕاسپاردەی فرەنسۆ هەریری بە مەفرەزە گەڕاوەتەوە بۆ خواکورک و بەشداری شەڕەکانی لۆلان و گەلی ڕەشی کردوە.

ساڵی ١٩٨٢ بەهۆی ئاگر گرتنی هۆدەی پێشمەرگەکانی هەردوو دەستی سوتاوە و گواستراوەتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان. دوای چاکبوونەوەی گەڕاوەتەوە لای پێشمەرگەکان و ساڵی ١٩٧٨ لە شەڕی گەلی ڕەش بریندار بووە. ساڵی ١٩٨٨، کە شەڕی نێوان عێراق و ئێران کۆتاییهات، لە شەڕی نازدار داغی کە پەیوەست بووە بە شەڕی گەورەی خواکورک، ئەمەر سەرلەنوێ بریندار بووەتەوە. ساڵی ١٩٩١ لە هێڵی حاجی ئۆمەرانەوە گەڕاوەتەوە بۆ باشوری کوردستان و بەشداری ڕاپەڕین و ئازاد کردنی ئاکرێ کردوە و بەشەڕ سوپا و جاشەکانیان لەو شارە دەرکردوە. دوای ئازاد بوونی کوردستان، ئەمەر ئەحمەد شاباز کراوە بە ئەندامی فەرماندەیی هەڵگورد و ساڵی ١٩٩٤ بە فەرماندەیی ئەحمەد ڕۆژبەیانی لە لیوای تایبەتی سەری بڵند بووە و دواتر کراوە بە فەرماندەی پێشمەرگەکانی گوندی سرێشمە لە ناوچەی خەلیفان کە ژمارەکەیان نزیک بە ١٠٠ پێشمەرگە بووە. ناوبراو جگە لەو شەڕانەی ئاماژەم بۆ کردن لە شەڕەکانی گۆمە ئەسپان، کەپکی حەمە ئاغای و زۆزکیشدا بەشداری کردوە. بەهۆی خەبات و چالاکییەکانی، ڕۆژی ١٩٩٦/٨/١٦ لە یوبیلی زێڕینی پارتی دیموکراتی کوردستاندا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی زۆر خۆشحاڵ بووم و تێگەیشتم خەبات و تێکۆشانی من بە فیڕۆ نەچووە و بەخشینی میدالیای بارزانی بەمن بە هێمای وەفای سەرۆک مەسعود بارزانی و سەرکردایەتی پارتی دیموکرات دەزانم.)

## عەبدولڕەحمان محەمەد عەبدولڕەحمان




عەبدولڕەحمان محەمەد عەبدولڕەحمان ناسراوە بە عەبدولڕەحمان هورەیی ساڵی ۱۹۳۰ لە گوندی هوری لە ناوچەی ڕێکان لە پارێزگای دهۆک لەدایک بووە. تا پۆلی پێنجەمی سەرەتایی خوێندوە و ساڵی ۱۹٦۱ کە بارزانی شۆڕشی ئەیلولی ڕاگەیاند و پەڕییەوە بۆ ناوچەی ڕێکان، ناوبراو چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی بارزانی و بەشداریی شەڕی چەماکی کردوە. ساڵی ۱۹٦۳ بۆ ماوەیەک تەتەری حیزب بووە لە نێوان دهۆک و موسڵدا کە سەرەتا ئەسعەد خۆشەوی و دواتر نەجمەدین یوسفی بەرپرسی بوون. هەرلەو ساڵەدا کراوە بە کادیری لیژنەی ناوچەی ئامێدی بۆ ناوچەکانی ڕێکان، دۆسک و نێروە.

ساڵی ۱۹٦٦، عەبدولڕەحمان محەمەد بەشداری کۆنگرەی حەوتەمی پارتی دیموکراتی کردوە لە گەڵاڵە و بە دوای کۆنگرەدا گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەی بەرپرسایەتی خۆی و تا ساڵی ۱۹۷۰ و دواتریش کە ڕێککەوتنی ۱۱ی ئازار واژۆ کرا، وەک کادیر درێژەی بە خەبات داوە. ساڵی ۱۹۷٤ کە ڕژێمی بەعسی عێراق بە دژی گەلی کورد دەستی بە شەڕ کردەوە، ناوبراو کراوە بە کادیری سیاسی و سەربازی لیژنەی پارتی لە شیلادزێ.

ساڵی ۱۹۷٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، عەبدولڕەحمان محەمەد، لە ناوچەی شیلادزێ ماوەتەوە و بە دوای ماوەیەکی کورتدا و بەرلە ڕاگەیاندنی شۆڕشی گوڵان چووەتە ڕیزی ئەو پێشمەرگانەی کە لە ناوچەکانی سەرسنوری باکور و باشوری کوردستان بوون و لەو ساڵەدا بە شێوەی مەفرەزە لە چالاکیدا بوون.

ساڵی ۱۹۸۸ بە دوای ئەنفالی ناوچەی بادینان بە هێڵی سنوری باکوری کوردستاندا خۆی گەیاندۆتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ساڵی ۱۹۹۱ بەرلە ڕاپەڕینی گەلی کورد گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەی دهۆک و بەشداریی ڕاپەڕینی

کردوە. ناوبراو بەهۆی خزمەتەکانیەوە ڕۆژی ١٩٩٦/٨/١٦ لە یوبیلی زێڕینی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتوە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی، بە ڕادەیەک خۆشحاڵ بووم کە لەوە دەچوو دنیایان پێمداوە.)

## ئەبابەکر عوسمان محەمەد



ئەبابەکر عوسمان محەمەد ناسراو بە فەتاح گولی ساڵی ١٩٤٣ لە گوندی باتیفا سەربە قەزای زاخۆ لەدایک بووە. ساڵی ١٩٥٩ چووەتە ڕیزی یەکێتی قوتابیانی کوردستان. ساڵی ١٩٦١ خوێندنی ناوەندی لە زاخۆ تەواوکردوە. هەرلەو ساڵەدا پێوەندی بە بەتالیۆنی عەلی هالۆوە کردوە لە دهۆک. ساڵی ١٩٦٤ کادیری بەتالیۆن بووە و ساڵی ١٩٦٨ گواستراوەتەوە بۆ هێزی هەڵگورد کە هێزێکی دەستوەشێن بووە بە فەرماندەیی سلێمان حاجی بەدری لە قەسرێ و حاجی ئۆمەران و لەو هێزەدا ئەرکی ئیداریی هێزی پێسپاردراوە.

فەتاح گولی تا ساڵی ١٩٧٥ لە هێزی هەڵگوردا خەباتی کردوە و لەو ساڵەدا کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، چووەتە نەغەدە و لەوەێوە گواستراوەتەوە بۆ کۆمەڵگای ڕەبەت و دواتر بردویانە بۆ کۆمەڵگای سەراو و نیلوفەر لە کرماشان و لەوێشەوە گواستراوەتەوە بۆ کرمان. ساڵی ١٩٧٧ بە ڕاسپاردەی ئیدریس بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ زێوە و تا کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکرات لەوێ ئەرکی پێشمەرگایەتی بەڕێوەبردوە و ساڵی ١٩٨٠ کراوە بە بەرپرسی لیژنەی ناوچەی زاخۆ. لە لقی یەکی بادینان.

ڕۆژی ١٩٨١/١١/٢٨، فەتاح گولی گواستراوەتەوە بۆ ناوچەی دهۆک و ساڵی ١٩٨٥ کراوە بە بەرپرسی لیژنەی ناوچەی ئامێدی. ساڵی ١٩٨٦ ئەرکی بەرپرسایەتی لیژنەی ناوچەی دهۆکیان پێسپاردوە و ساڵی ١٩٨٧ کراوە بە بەرپرسی لیژنەی ناوچەی شێخان.

ساڵی ١٩٨٨، لە ئەنفالی ناوچەی بادینان‌دا چووەتە ناوچەی دۆسکی ژووروو و لەگەڵ نێچیرڤان ئەحمەد، سمکۆ ئامێدی، عومەر ئورەیی، سەعدوڵا ئاڤدل، ئەحمەد کادر، محەمەد حەمدی، جوهەر نەمر، دژوار موسا، باپیر نزدوری، نزار کادر، نزمی، خالید، ناجی، خورشید، حاجی عومەر، محەمەد ڕەشید لەوێ ماوەتەوە و وەک خۆی دەڵێت دواتر عەریف یاسین لەگەڵ چل پێشمەرگە چووەتە لایان.



ساڵی ١٩٩١ گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەی سێمێل و دهۆک و ساڵی ١٩٩٢ کراوە بە بەرپرسی بەرەی کوردستانی لە ناوچەی دهۆک و لەگەڵ ئەوەشدا بەرپرسایەتی لیژنەی ناوچەی دهۆکی لە ئەستۆ بووە. لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٢دا کراوە بە فەرماندەی لەشکری یەکی زاخۆ و ساڵی ١٩٩٣ کارگێڕی لقی یەک و بەرپرسی سەربازیی لق بووە. ساڵی ١٩٩٥ کارگێڕی لق و فەرماندەی زێرەڤانی دهۆک بووە.

ڕۆژی ١٩٩٦/٨/١٦، لە یوبیلی زێڕینی پارتی دیموکراتدا، بەهۆی خزمەتەکانی بە کورد و کوردستان و ڕێبازی بارزانی نەمر میدالیای بارزانی وەرگرتووە. ساڵی ١٩٩٩ کراوە بە کارگێڕی لقی یەک و لە ساڵی ٢٠٠٠دا یەکێک بووە لە ئەندامانی وەفدی پارتی دیموکراتی کوردستان کە بە بانگهێشتی وڵاتی سعودی لەگەڵ نەجمەدین یوسفی، جیهاد بارزانی، مەلا ڕەشید گەردی، مەلا ئەحمەدی خانەقا چوون بۆ سعودیە و بەشداری ڕێوڕەسمی حەجیان کردوە. ساڵی ٢٠٠١، بە دوای دامەزراندنی لقی هەشتی زاخۆ ئەرکی جێگری لقیان پێسپاردوە.

ناوبراو لە ماوەی پێشمەرگایەتیدا بەشداریی زیاتر لە دە شەڕی لە سەردەمی شۆڕشی گوڵاندا کردوە کە دەکرێت ئاماژە بۆ چەند دانەیان بکەین وەک: شەڕی هەسن پیرکا لە ١٩٨٠، شەڕی گەلی دهۆک لە ١٩٨٢، شەڕی گەلی زاویتە لە ١٩٨٢، شەڕی دێرگژنیک لە ١٩٨٤، شەڕی سوتکێ لە ١٩٨٧، شەڕی گەورەی خواکورک لە ١٩٨٨ و...تد. فەتاح گولی ڕۆژی ٢٠٠٧/٦/٢٤ بە دوای نەخۆشییەکی درێژخایەندا کۆچی دوایی کردوە.

## سەلیم ئەحمەد سەلیم ڕەشۆ



سەلیم ئەحمەد سەلیم ڕەشۆ ساڵی ١٩١٤ لە گوندی "چێ" لە ناوچەی نێروە و ڕێکان سەربە قەزای ئامێدی لە دایک بووە. ساڵی ١٩٤٥ بەشداریی شۆڕشی بارزانی کردوە. بەرلە سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلول چەندان ساڵ تێکەڵاوی شەڕی عەشیرەتی بووە و بە سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی ١٩٦١دا گەڕاوەتەوە ڕیزی پێشمەرگە هاوڕێیەکانی بارزانی و بەشداریی شەڕی گەلی زاویتە و شەڕەکانی بادینانی لە ڕەوتی ساڵانی ١٩٦١- ١٩٦٢ کردوە بۆ پاککردنەوەی ناوچەکە لە جاش و چەکدارانی سوپای عێراق. ساڵی ١٩٦٢ لەگەڵ هێزی تایبەت بە سەرۆک مستەفا بارزانی پەڕیوەتەوە ناوچەی سۆران و باڵەک. لە سەرەتادا بەشداریی شەڕی سۆفییەکانی سەربە شێخ ڕەشیدی لۆلان و شەڕی سەفینی کردوە کە زیاتر لە ١٥٠ چەکداری ڕژێمی تێدا کوژرا و ٣٤٨ چەکداریش بریندار بوون، لەگەڵ شەهید بوونی ٢٢ پێشمەرگە و برینداربوونی ٨٦ پێشمەرگە.

سەلیم ئەحمەد سەلیم ڕەشۆ یەکێک بووە لەو پێشمەرگانەی کە ڕۆژی ١٩٦٥/٦/٤ بەشداریی شەڕی قەرەداغی کردوە و هەرلەو ساڵەدا لە شەڕەکانی سەری سپیلک، پیرەمەگرون، کێوەڕەش، شەڕی دێرێ لە ناوچەی ئامێدی و شەڕی گەلی دهۆک و ناوچەی دۆسکی کردوە. پێشمەرگەیەکی شەڕکەر و زۆر ئازا بووە. برایەکی بەناوی سینار لە ساڵی ١٩٦١ و کوڕێکی بەناوی حەجی سەلیم لە ساڵی ١٩٩٧ شەهید بوون

بەشداریی کۆنگرەی شەشەمی پارتی دیموکراتی لە قەڵادزێ کردوە و لە ساڵی ١٩٦٤وە تا ساڵی ١٩٧٥ بەردەوام بووە لە کار و خەباتی حیزبیدا. لەو ساڵەدا کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، سەلیم ئەحمەد لە حاجی ئۆمەرانەوە چووەتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەوێوە لەگەڵ بنەماڵەکەی ڕەوانەی سەبزەوار و دواتریش شارود کراوە. ساڵی ١٩٨٢ بە ڕاسپاردەی ئیدریس بارزانی لەگەڵ دوو کوڕ و برازایەکی بە ناوەکانی عیزەت سەلیم، محەمەد سەلیم و محەمەد ڕەشید و ژمارەیەک پێشمەرگە گەڕاوەتەوە بۆ گەلی ڕەش، چیای



برادۆست، ناوچەی خواکورک و بەشێوەی مەفرەزەی گەڕۆک دەستی لە دوژمن وەشاندوە. هەروەکوو گوتم سەلیم ئەحمەد پێشمەرگەیەکی چالاک بووە و بەشێک لە چالاکییەکانی لە چەندان کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەدا ڕەنگی داوەتەوە کە دەکرێ ئاماژە بۆ ئەمانەی خوارەوە بکەم:

- بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد، نوسینی مەسعود بارزانی،
- کورد و دەوڵەتە سەربەخۆیەکان لە بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان، نوسینی محەمەد ساڵح ئاکرەیی.
- دیرۆکی کوردان، نوسینی نیهاد سەعدوڵا.
- ڕۆژانێ لە مێژووی شۆڕشی ئەیلول، نوسینی مەلا ئیسماعیل حەسەن.
- عەشیرەتی بارزان، نوسینی عەبدولڕەحمان مەلا حەبیب.
- شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١ دژی قاسم، عەبدوڵا ئەحمەد پشدەری.
- پەیام ئەیلول گۆڤاری کۆمەڵەی مامۆستایانی شۆڕشی ئەیلول.

سەلیم ئەحمەد سەلیم ڕەشۆ بەهۆی ئەو خەباتانەیەوە، ڕۆژی ١٩٩٦/٨/١٦ لە یوبیلی زێڕینی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی پێدراوە و ڕۆژی ٢٠٠٥/١١/٢١ کۆچی دوایی کردوە.

# موحسین ساڵح عەبدولعەزیز



موحسین ساڵح عەبدولعەزیز کەتانی ساڵی ١٩٣١ لە شاری ئامێدی لەدایک بووە. لە سەردەمی شێخ عەبدولسەلام بارزانییەوە بە بنەماڵە پێوەندیان بە شۆڕشەکانی کوردستانەوە هەیە. ساڵح عەبدولعەزیزی باوکی بەشداریی شۆڕشی ساڵی ١٩٤٥ و کۆماری کوردستانی کردوە و لە شەڕی سەردەشت کە فەرماندەکەی بەکر عەبدولکەریم حەوێزی بووە، بریندار بووە.

موحسین ساڵح لە سەردەمی کۆماردا لەگەڵ عیزەت سلێمان بەگ دەرگەڵەیی ڕەوانەی خوێندن لە دانیشسەرای تەورێز کراوە، بەڵام بەهۆی هەرەسهێنانی کۆماری ئازەربایجان نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بدات و گەڕاوەتەوە بۆ مهاباد و لەوێش بەهۆی هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان گەڕاوەتەوە بۆ عێراق. لە دیانا شوێنی کۆکردنەوەی بارزانییەکان، لەگەڵ بنەماڵەکەی بۆ ماوەی نزیک بە سێ مانگ لە تێلدرکدا بووە. باوک و مام و ئامۆزاکانی گواستراوەتەوە بۆ زیندانی موسڵ، بەڵام ئەو بەهۆی کەمبوونی تەمەنی، بە داوای عەلی عەبدولعەزیز، برا گچکەی عیزەت عەبدولعەزیز کە لە سوپای عێراقدا بووە، ئازاد کراوە و گەڕاوەتەوە بۆ ئامێدی. چونکە حکومەت ماڵ و سامانەکەیانی داگیرکردون، ناچار بووە کارگەری بکات. ساڵی ١٩٥٢ باوک و ئامۆزاکانی لە زیندان ئازاد بوون. ساڵی ١٩٦٣ پاڵی بە شۆڕشی ئەیلولەوە داوە و لە ناوچەی ئامێدی بووەتە پێشمەرگە و بەشداریی شەڕەکانی هەندرێنی کردوە و دواتر لە ناوچەی ئامێدی کراوە بە فەرماندەی بەتالیۆن. ساڵی ١٩٧٠ پۆستی بەڕێوەبەری بەلەدییەی ئامێدی دراوەتێ و تا ساڵی ١٩٧٥ لەو پۆستەدا بووە.

دوای ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول لە ١٩٧٥دا، کارەکەیان لێ ستاندۆتەوە و گواستویانەتەوە بۆ دهۆک و لە بەلەدیێی ئەو شارەدا کردویانەتە فەرمانبەر. ساڵی ١٩٧٨، موحسین ساڵح خۆی دەستی لە ئیشەکەی هەڵگرتوە. ساڵی ١٩٨٥

لەلایەن حکومەتی عێراقەوە دەستگیر کراوە و بۆ ماوەی سێ مانگ زیندانی بووە، بەڵام بە هەوڵی عیسمەت کەتانی ئامۆزای کە لە وەزارەتی عێراقدا بووە، ئازادیان کردوە. دوای ئازادبوونی لە زیندان، چووەتە دهۆک و دواتر ڕایکردۆتە ناوچەی ئامێدی و چەکی پێشمەرگایەتی لە شان کردۆتەوە.

سالّی ١٩٨٨ کە ناوچەی بادینان ئەنفال و کیمیاباران کرا، موحسین سالّح بە سنوری باکوری کوردستاندا، پەڕیوەتەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تا سالّی ١٩٩١ لە مەرگەوەڕ، ورمێ و شنۆ بووە و لەو ساڵەدا گەڕاوەتەوە بۆ ئامێدی.

لە هەڵبژاردنی سالّی ١٩٩٢دا بە نوێنەرایەتی خەڵکی ئامێدی بۆ خولی یەکەمی، یەکەم پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێردراوە و بۆ ماوەی ١٣ ساڵ ئەندام پەرلەمان بووە و دواتر خانەنشین کراوە.

برایەکی موحسین سالّح بەناوی ئیحسان سالّی ١٩٦٨ شەهید بووە لەگەڵ دوو ئامۆزای بە ناوەکانی عەزیز ئەحمەد عەبدولعەزیز و لەتیف عەبدولعەزیز لە سالّی ١٩٨٣دا. باوکی لە سالّی ١٩٥٧ لەلایەن پیاوانی سەربە ئیستخباراتی عێراق تیرۆر کراوە. هەروەها عیزت عەبدولعەزیز یەکێک لە چوار ئەفسەرەکانی هاوڕێی بارزانی، دوای گەڕانەوەی لە مهاباد لەلایەن ڕژێمی پاشایەتی عێراقەوە ئیعدام کرا. ناوبراو بەهۆی خزمەتەکانییەوە لە یوبیلی زێڕینی پارتی دیموکراتدا ڕۆژی ١٩٩٦/٨/١٦ میدالیای بارزانی وەرگرتووە. لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (جێی فەخر و شانازییە بۆ من کە میدالیای بارزانیم وەرگرتووە و بەوە زۆر زۆر خۆشحالّم.)

# محەمەد خالید ئەحمەد بۆسەلی



محەمەد خالید ئەحمەد بۆسەلی ساڵی ١٩٤٥ لە گوندی بۆسەل سەربە ناحیەی دەرکار لە قەزای زاخۆ لەدایک بووە. ساڵی ١٩٦١ کە بارزانی هاتۆتە ناوچەی بەرواری، چووەتە ریزی پێشمەرگەکان و لەگەڵ هێزی زاخۆ کەوتووە کە عیسا سوار فەرماندەی بووە و تا ساڵی ١٩٧٥ لەو هێزەدا خەباتی کردوە. ساڵی ١٩٦٣ لە شەری ٤٨ رۆژەی مەتینادا بەشداریی کردوە ولەو شەرەدا بریندار بووە.

بەرلە راوەستانی شۆرش ئەیلول لە ساڵی ١٩٧٥دا، چووەتە سوریا و بە هەڵگیرسانی شۆرشی گوڵان گەراوەتەوە و لەگەڵ جەوهەر نامیق سالم و کەریم سنجاری بووە. ساڵی ١٩٧٧ کراوە بە بەرپرسی سەربازی لیژنەی ئامێدی لە ناوچەی نێروە و رێکان. ساڵی ١٩٧٨ بەشداریی شەری بازێی لە ناوچەی نێوان هەکاری و بادینان کردوە و بە دوای ئەو شەرەدا گەراوەتەوە ناوچەی سیدەکان و کراوە بە فەرماندەی مەفرەزەیەکی گەرۆک و دەستوەشێن.

ساڵی ١٩٧٩ بۆ بەشداریی کردن لە کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکرات پەرپیوەتەوە رۆژهەلاتی کوردستان و ساڵی ١٩٨٣ تا ساڵی ١٩٨٦ بەرپرسی سەربازیی لیژنەی زاخۆ بووە و لەو ساڵەدا گواستراوەتەوە بۆ ئامێدی و دواتر تا ساڵی ١٩٨٨ بەرپرسی رێکخراوی شەهید محەمەد ساڵح بووە لە ناوچەی زاخۆ. ساڵی ١٩٨٨ کە ناوچەی بادینان ئەنفال و کیمیاباران کرا، محەمەد خالید پەرپیوەتەوە ناوچەی رێکان و نێروە لە سنوری گەوەر و ساڵی ١٩٩١ کراوە بە بەرپرسی سەربازیی بەرەی کوردستانی لە زاخۆ. ساڵی ١٩٩٢ ئەندامی لیژنەی ناوچەی سێمێل و بەرپرسی سەربازیی ناوچەکە بووە. ساڵی ١٩٩٣ لە ئاکرێ و بەردەرەش فەرماندەی دوو فەوج بوو و ساڵی ١٩٩٤ کراوە بە فەرماندەی فەوجی یەکی سوپای یەکی دهۆک. ساڵی ١٩٩٥ فەرماندەی لیوای

١٦ و جێگـری فەرماندەی فەرماندەی سـپیلک و ئەنـدامی فەرماندەی فەرماندەیی بوو لە لەشکری کوردستان و پلەی لیوای دراوەتێ.
محەمەد خالید ئەحمەد بۆسەلی جگە لە شەڕی چیای مەتینا و بـازێ، بەشـداریی کۆمەڵێک شـەڕی تـری کـردوە و یەکێک بـووە لە پێشمەرگە قارەمانەکانی هەردوو شۆڕشی ئەیلول و گوڵان و جگەلە شەڕی مەتینا، پێنج جاری تریش لە شەڕەکانی گرتنی فەوجی گەلی زاخۆ، شەڕی "عەنزالە" لە ناحیەی زومار لە ناوچەی موسڵ، شەڕی باتوفا، شەڕی گری میتکا و هێرشی دوژمن بۆسەر چیای زاخۆ برینـدار بووە. ناوبراو بەهۆی چالاکییەکانییەوە شـەرەفی وەرگرتنی میدالیای بـارزانی پێبەخشراوە کە بەرترین خەڵاتە لە پارتی دیموکراتی کوردستاندا و لەم بارەیەوە دەڵێت:
- (هەرکاتێک دەمبینی سەرۆکی وڵاتێک میدالیا بە سنگی قارەمانەکانی وڵاتەکەیەوە دەکات، منیش ئارەزووم دەکرد، ڕۆژێک لە ڕۆژان ئێمەش ئازاد بین و سەرۆکی ئێمەش میدالیای خزمەتەکەمان بە کورد و کوردستان و ڕێبازی بـارزانی نەمرمان پێببەخشێت کە بەخۆشییەوە بەو ئـاواتەم گەیشتم و میدالیای سەرۆک مستەفا بارزانیم لە دەست سەرۆک مەسعود بارزانی وەرگرت.)

## ڕەشید عارف عەبدولڕەحمان عوسمان



ڕەشید عارف عەبدولڕەحمان عوسمان ئەتروشی ساڵی ١٩٤٠ لە گوندی ئەتروش ناوەندی ناحیەی مزوری ژێری لەدایک بووە. ساڵی ١٩٥٧ لە خوێندنی دواناوەندی لە شێخان، چووەتە ڕیزی یەکێتی قوتابیانی کوردستان و لە هەمان ساڵدا لەلایەن لیژنەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە موسڵ کە سەنغەتولا ئەمین بەرپرسی بووە، بە ئەندامی پارتی دیموکرات وەرگیراوە. ساڵی ١٩٦٠ لە خوێندنگەی گوندی "گۆچود" لە شنگال مامۆستایەتی کردوە کە بە تاوانی خەباتی سیاسی لە مامۆستایەتی دەرکراوە. دوای دەرکرانی لە ناحیەی ئەتروش دامەزراوە و بۆ ماوەیەکیش بە وەکالەت مودیر ناحیە بووە کە لەوێش کاریان لێ ستاندۆتەوە. بۆ جاری سێیەم لە سایلۆی موسڵ دامەزراوە کە ڕۆژی ١٩٦٣/٧/٢٧ بەتاوانی خەباتی سیاسیی و ئەندام بوون لە پارتی دیموکراتدا دەستبەسەریان کردوە. وەک خۆی دەڵێت بە دوای ئەشکەنجەیەکی زۆردا ئامادە نەبووە ددان بە هاوکاریی کردنی ڕێکخراوەکانی پارتی دابنێت، لەبەر ئەوە دوای چوار مانگ لە زیندان ئازادیان کردوە، بەڵام بۆ شاری دیوانیە دوریان خستوەتەوە. لەم بارەیەوە دەڵێت: **(دوای دە ڕۆژ لە دیوانیە پێوەندیم بە لیژنەی ناوچەی پارتیەوە کرد کە ڕێکخستنی نهێنی پارتی دیموکرات بوو لە دیوانیە و محەمەد سدیق هروری سەرۆکایەتی دەکرد. ڕۆژی ١٩٦٤/٤/٢٠ کە بەعسییەکان کودەتایان کرد و عەبدولسەلام عارف بە دەسەڵات گەیشت، فەرمانی دوورخرانەوەکەم پوچەڵ کرایەوە و گەڕامەوە بۆ موسڵ و کرام بە بەرپرسی ڕێکخستنی فەرمانبەرانی موسڵ کە خەلیل ئەمین بەرپرسی پێوەندییەکانی بوو لەگەڵ لقی دووی پارتی لە هەولێر و ئەرکی ڕێکخستنی ئەو ڕێکخراوەم لە ئەستۆ گرت و ڕۆژی ١٩٦٤/٧/١٥ لە کۆنفرانسی لیژنەی ناوچەی موسڵدا بە بەرپرسی لیژنە هەڵبژێردرام.)**

ڕۆژی ١٩٦٥/١/١، ڕژێمی عێراق بە پشتبەستن بە ئیعترافی ئەندامێکی پارتی بەناوی محەمەد سەعید دەشتانی فەرمانی دەستگیرکردنی ڕەشید عارف دەدات، بەڵام ناوبراو زووتر ڕادەکات و خۆی دەگەیەنێتە قوڵی شەهید هۆرمز مەلیک چەکۆ لە ئەلقوش کە تەیلا شینۆ فەرماندەی بووە و لەوێوە سەرپەرشتی لیژنەی ناوچەی پارتی دیموکراتی لە موسڵ کردوە. لە مانگی هەشتی ساڵی ١٩٦٥ گواستراوەتەوە بۆ لقی یەکی پارتی دیموکرات و ئەرکی کارگێڕی لقیان لە ناوچەی دهۆک پێسپاردوە. ڕۆژی ١٩٦٦/١١/١٥ ڕەشید عارف بەشداریی کۆنگرەی حەوتەمی پارتی دیموکراتی کردوە کە لە گەڵاڵە بە ئامادەبوونی ٣٧٠ ئەندام پێکهات. لەو کۆنگرەیەدا بە ئەندامی لیژنەی پشکنین و چاودیری هەڵبژێردراوە. بە دوای شەهیدبوونی عومەر شەریف ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی لقی سێی کەرکوک، ناوبراو کراوە بە بەرپرسی لقی سێی کەرکوک کە ملکۆ بارزانی جیگر و سیامەند بارزانی فەرماندەی بەتالیۆنی بووە. لەم بارەیەوە دەڵێت: **(شەوکەت ئاکرەیی، ئەحمەد جرجیس ئەتروشی، شەفیق ئەمین، فاتح محەمەد کە هەرچواریان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی و بەرپرسی لقی سێ بوون، یەک بە دوای یەکدا خۆیان تەسلیمی ڕژێم کردەوە. هەرکام لەوانە کە گەڕانەوە لای حکومەت، مۆری لقیان دەدا بەمن و دەیانگوت چەند ڕۆژی تر دەگەڕێمەوە کە نەدەگەڕانەوە من بووم بە بەرپرسی لق.)**

ساڵی ١٩٦٨ عەلی شنگاری ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کراوە بە بەرپرسی لقی سێ و ڕەشید عارف جێگری بووە و دەڵێت: **(بە هاتنی عەلی شنگاری بۆ لقی سێ، بەڕاستی بارودۆخی لق بە تەواوی گۆڕانی بەسەردا هات، ناوبراو جەماوەرێکی زۆری لە دەوری پارتی کۆکردەوە، بەتایبەتی پاش شەڕە بەناوبانگەکانی قەرەحەسەن و جەباری و شاخی سەلواتۆ کە جاشەکانی ٦٦ پێکهێنەری ئەو شەڕانە بوون و لەودا عەلی عەسکەری، مەلا وەیسی، فەیزوڵا، قادر شێخ شوکر تاڵەبانی و زیاتر لە ٣٠٠ جاش بەدیل گیران و ٣٠٠ پارچە چەکی جۆراوجۆر کەوتە دەست پێشمەرگەکان. شایانی باسە عەلی شنگاری سەرپەرستی ئەو شەڕانەی کرد و من وەک بەرپرسی دووەم لە تەنیشت ئەو بووم.)**

ساڵی ١٩٧٠، بە دوای ڕێککەوتنی ١١ی ئازاردا، پارتی دیموکراتی کوردستان لە ١٩٧٠/٧/١ بە ئامادەبوونی ٤٨٨ ئەندامی نوێنەر کۆنگرەی هەشتەمی خۆی

لە ناوپردان پێکهێنا. ڕەشید عارف لەو کۆنگرەیەدا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا و ئەرکی بەرپرسی دووەمی لقی سی و پێوەندییەکانی لقی لەگەڵ دەزگاکانی حکومەت وەرگرت. ساڵی ١٩٧١، عەلی شنگاری گواستراوەتەوە بۆ لقی یەک و عەزیز ئاکرەیی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کراوە بە بەرپرسی لقی سێ. لەم بارەیەوە دەڵێت: **(بەهاتنی عەزیز ئاکرەیی توشی گیروگرفت بووین، عەزیز لە حیزب لایدابوو و لەگەڵ حکومەت بوو، مەلا حکمەت زەندی، کانەبی عومەر، فازل شوانی و عوسمان سەعید، هەموویان لەگەڵ ڕژێمی بەعس کەوتبوون و هاوکاری ڕژێمیان دەکرد و سەرئەنجام هەر چواریان چوونە لای حکومەت. نازانم من لەدەست ئەو هەمووە جاشانەدا چۆن ماوم.)**

ساڵی ١٩٧٣، ڕەشید عارف لە لقی سێی پارتییەوە گواستراوەتەوە بۆ بەشی ڕێکخستنی ناوەندی لە مەکتەبی سیاسی و کراوە بە بەرپرسی ڕێکخستن و لەژێر سەرپەرشتی حەبیب محەمەد کەریم سکرتێری پارتیدا ئەو ئەرکەی بەڕێوەبردوە. لەم بارەیەوە دەڵێت: **(هاوکات لەگەڵ بەڕێوەبردنی کاری ڕێکخستن، پاشنیوەڕۆیان دەچووم بۆ بارەگای بارزانی و لە هەندێک کاری تایبەتدا، هاوکاریی کاک مەسعودم دەکرد. ساڵی ١٩٧٤ سەرکردایەتی پارتی سیستەمی حکومەتی لەناو خۆیدا دامەزراند و بە شێوازی وەزارەت کارەکانی بەڕێوەدەبرد. لەو سیستەمە نوێیەدا، من کرام بە بەرپرسی لقی هەشت لە ناوپردان و هەموو دەزگاکان و لیژنەکانی بالەک، ئاکرێ. قەڵادزێ و ڕانیەم سەرپەرشتی دەکرد.)**

ساڵی ١٩٧٥ بە دوای ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول، ڕەشید عارف چووەتە ورمێ و وەک خۆی دەڵێت لەگەڵ نزیکەی ١٠٠ بنەماڵە کە زۆربەیان بەرپرس بوون لە شۆڕشی ئەیلولدا، لە ورمێوە گواستراوەتەوە بۆ کەرەج و لەوێ بەهۆی بەرپرسایەتیەکەیان لە شۆڕشدا، ساواک هاتووچۆی بۆ شارەکانی لێ یاساخ کردون. لەم بارەیەوە دەڵێت: **(ساواک لەلایەک هاتووچۆی لە ئێمە یاساخ کردبوو و هەڕەشەی لێدەکرین کە بەشوێن سیاسەت نەکەوین و لەلایەکی تردا لەلای پێشمەرگە پەنابەرەکاندا دەنگۆی بڵاودەکردەوە کە بەرپرسانی ئێوە لە کەرەج لە کۆشکدا دەژین و ئێوەش لە چادردا و بەم جۆرە کێشەی بۆ ساز دەکردین. لەگەڵ ئەوەشدا دوو جار منیان بردە ساواک و زۆر بەتوندی**

**هەڕەشەیان لێکردم کە بەشوێن سیاسەت و خەباتی پارتایەتی نەکەوم و لە کەرەج دەرنەکەوم.)**

دوای ڕوخانی ڕژێمی پاشایەتی لە ۱۹۷۹دا، بە ڕادەیەکی زۆر دەست و باڵی بەرپرسان و ئەندامانی پارتی لە ئێران کراوەتەوە. ڕۆژی ۱۹۷۹/۳/۵ ڕەشید عارف وەک بەشێکی زۆر لە پەنابەرەکان بەشداریی ڕێورەسمی بەخاک سپاردنی سەرۆک مستەفا بارزانی لە شنۆ کردوە. ناوبراو کاتی گەڕانەوەی بۆ کەرەج توشی ڕووداوی ئوتۆمبیل بووە و لەو ڕووداوەدا سەروڕووی بەسەختی بریندار بووە. بەم بۆنەیەوە لەلایەن سەرکردایەتی پارتی دیموکراتەوە بۆ چارەسەریی برینەکەی ڕەوانەی نەمسا کراوە بۆ ماوەی دە مانگ لەژێر چاودێری دوکتۆرەکاندا بووە و و لە ڤیەن چەند نەشتەرگەریی بۆ کراوە، بەڵام نەیانتوانیوە بێچمی سەروڕووی بخەنەوە سەر شێوازی پێشووی.

پارتی دیموکرات ڕۆژی ٤- ۱۹۷۹/۱۲/۲٦ کۆنگرەی نۆیەمی خۆی لە گوندی دەربەند لە ناوچەی مەرگەوەڕ لە پارێزگای ورمێ پێکهێنا. لەو کۆنگرەیەشدا ڕەشید عارف بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرایەوە و بەدوای کۆنگرەکەدا کراوە بە بەرپرسی لقی پێنجی پارتی لە بەغدا و لە ناوچەی قەسری شیرین و ئەزگەلە کاروباری لقی پێنجی بەڕێوەبردوە. ساڵی ۱۹۸۱ کراوە بە ئەندامی بەشی ڕێکخستنی ناوەندی پارتی و لە مەکتەبی سیاسی لە ڕاژان بووە و ساڵی ۱۹۸۳ گواستراوەتەوە بۆ لقی هەشتی پارتی لە ئێران و کراوە بە جێگری لق کە حەمید بەرواری بەرپرسی بووە. ساڵی ۱۹۸٤ حەمید بەرواری چووەتە وڵاتی سوید و ناوبراو جێی ئەوی لەو لقەدا گرتوەتەوە و ئەرکی ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی کاروباری کوردە پەنابەرەکانی لە ئێران بەڕێوەبردوە. ڕۆژی ۱۹۸٥/۸/۵ گواستراوەتەوە بۆ لقی یەکی پارتی دیموکرات کە سەرەتا دوکتۆر جرجیس و دواتریش نەجمەدین یوسفی بەرپرسی بووە و لەو لقەدا کراوە بە بەرپرسی ڕێکخستن. ساڵی ۱۹۸٦، سەرلەنوێ گواستراوەتەوە بۆ بەشی ڕێکخستنی ناوەندی لە مەکتەبی سیاسی و دواتر لە لقی هەشتی پارتی لە کەرەج ئەرکی پێسپێردراوە.

لە کۆنگرەی دەیەمی پارتی دیموکراتدا کە ڕۆژی ۲-۱۹۸۹/۱۲/۱۲ پێکهات، ڕەشید عارف بەهۆی ناسەقامگیریی تەندروستی، خۆی بۆ کۆمیتەی ناوەندی نەپاڵاوتوە، بەڵام بە گوێرەی توانا هاوکاریی سەرکردایەتی پارتی کردوە، لەم بارەیەوە دەڵێت: **(ڕۆژی ۱۹۹۱/۳/۱۰، لەگەڵ دەروێش عەبدولڕەحمان، نادر**

عەلی هەورامی، قادر قادر بەرپرسی لقی ٤ی سلێمانی، فایق تۆفیق و هەموو کارگێڕانی لقەکانی ٣ و ٤ کە ئەندامی سەرکردایەتی پارتی بوون بە سەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانی کەرتی سلێمانی و کەرکوک پێکهات. لەو کەرتەدا، نێچیرڤان بارزانی ڕۆڵی زۆر شایستە و لێزانانەی بینی لە ڕزگارکردنی کەرکوکدا و بۆمن کە خاوەنی خزمەتێکی زۆر بووم لە کەرکوک زۆر جێگەی شانازی بووە. بە دوای ئازاد کردنی کەرکوک لە ڕۆژی ١٩٩١/٣/٢١دا، ڕۆژی ١٩٩١/٣/٢٤ من لەلایەن بەرەی کوردستانییەوە کرام بە پارێزگاری کەرکوک.)

ڕۆژی ١٩٩٢/٥/٢٢، بەهۆی ناسەقامیگریی تەندروستی ڕەشید عارف بە ئیزنی سەرکردایەتی پارتی بۆ چارەسەریی برینەکانی کوردستانی بەجێهێشتووە و لە وڵاتی سوید نیشتەجێ بووە، بەڵام دوای چەند نەشتەرگەری لە ستۆکهۆڵم هێشتا جێگەی برینەکانی چارەسەر نەکراوە، لەگەڵ ئەوەشدا وەک ئەندامێکی چالاکی پارتی دیموکرات بەشداریی کۆڕ و کۆبوونەوەکانی لیژنەی ناوچەی پارتی دیموکرات دەکات.

عارف عەبدولڕەحمان عوسمانی باوکی ڕۆژی ١٩٦٣/٨/١٧ لە بۆمبارانی فڕۆکە جەنگییەکانی عێراق بۆسەر ئەتروش شەهید بووە. عەبدولڕەحمان حامد محەمەد برای هاوسەرەکەی و سالم حاجی عەلی ئەحمەدی خاڵی ڕۆژی ١٩٨٣/٨/٢٣ لە مێرگە کاروانی شنۆ لە کێلەشین شەهیدبوون. ناوبراو ڕۆژی ١٩٩٦/٨/١٦، لە یوبیلی زێڕینی پارتی دیموکراتدا، میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (میدالیای بارزانی شانازییەکی زۆر گەورەیە و جێگەی ڕێز و تەقدیرە کە خزمەت و ماندووبوونی ئێمە بەفیڕۆ نەچوو و لەبەر چاوە و ڕاشکاوانە دەڵێم میدالیای بارزانی سەروەت و سامانی منە.)

## سەلیم دەرباس حەمەد



سەلیم دەرباس حەمەد ناسراو بە سەعدۆ کورکی ساڵی ١٩٣٧ لە گوندی کورکا لە ناوچەی گولی سەربە قەزای زاخۆ لەدایک بووە. ساڵی ١٩٥٨ بە دوای گەڕانەوەی بارزانی لە یەکێتی سۆڤیەت لە سنوری باتوفا چووەتە ڕیزی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە و کراوە بە سەرشانە. ساڵی ١٩٦١ چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی هێزی دهۆک و لە دابەشکردنی پێشمەرگەکانی ناوچەی بادینانـدا کە ساڵی ١٩٦٢ بارزانی پێکیهێنا، کراوە بە بەرپرسی ئیداری بارەگای هێز کە عەلی خەلیل فەرماندەی بووە.

لە نێوان ساڵانی ١٩٦٢- ١٩٦٣دا بەشداریی چەند خولی چەکمەنی کردوە و ساڵی ١٩٧٠ کراوە بە سەرلق و پاسەوانی سنوری ناوچەی دهۆک. ساڵی ١٩٧٤ کە ڕژێمی عێراق بە دژی گەلی کورد شەڕی هەڵایساندەوە، سەلیم دەرباس گەڕاوەتەوە بۆ هێزی دهۆک و بەشداریی شەڕەکانی ناوچەی دهۆکی کردوە. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، ناوبراو هاوسەر و منداڵەکانی بەجێهێشتوە و خۆی بە گوندی هەردیش و بە گوندەکانی نێوان سنوری باکور و باشوری کوردستاندا چووەتە گوندی ئەنبێ لە ناوچەی ورمێ و لەوێوە چووەتە ڕاژان و زێوە.

دوای دەربازبوونی لە باشوری کوردستان، حکومەتی عێراق هاوسەر و منداڵەکانی گواستۆتەوە بۆ ناسریە و خۆشی لە زێوەوە گواستراوەتەوە بۆ بەندەر عەباس و دواتریش بەندەر لنگە. لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٦دا بە ڕاسپاردەی ئیدریس بارزانی چووەتە کەرەج و ساڵی ١٩٧٧ بە ورمێدا ڕەوانەی باکوری کوردستان و قەزای چەلێ و ئولیدەڕە و هەردیش کراوە کە ناوەندی پێشمەرگە گەڕۆکەکانی پارتی دیموکرات بووە و لە مەفرەزەی گەڕۆکی دەستوەشێندا خەباتی کردوە.




ڕۆژی ٤- ١٩٧٩/١٢/٢٦، سەعدۆ كوركی وەک نوێنەر بەشداریی كۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموكراتی كردوە و لە كۆنگرەكەدا مەسعود بارزانی سەرۆكی پارتی دیموكراتی كوردستان، كلاشینكۆفێكی بە خەڵات داوەتێ. ناوبراو بە دوای كۆنگرەدا گەڕاوەتەوە بۆ كۆماتە كە بارەگای لقی یەكی لێبووە. ساڵی ١٩٨٠ ئاڵوگۆڕ بەسەر ڕێكخراوەكانی پارتیدا هات و سەعدو كوركی كرا بە بەرپرسی پاسەوانەكانی لیژنەی ناوچەی زاخۆ و ساڵی ١٩٨١ ئەركی جێگری ڕێكخراوی زاخۆیان پێسپارد كە حەمید حەفیزولا بەرپرسی بووە.

ساڵی ١٩٨٣ كراوە بە بەرپرسی ڕێكخراوی شنگال لە زاخۆ و ساڵی ١٩٨٧ ئەندامی لیژنە و بەرپرسی بەشی سەربازیی لیژنەی ناوچەی زاخۆ بووە. ڕژێمی عێراق ڕۆژی ١٩٨٨/٨/٢٥ بە دوای شەڕی خواكوركدا، دەستی كرد بە ئەنفالی ناوچەی بادینان. بەم بۆنەیەوە سەعدو كوركی پەنای بۆ باكوری كوردستان برد و لەوێوە گواسترایەوە بۆ كەمپی پەنابەران لە ئامەد و لەوێ ئەركی كۆمیتەی پەنابەرانی وەرگرتووە. ساڵی ١٩٩١ گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەی زاخۆ كە بەشداریی بكات لە ڕاپەڕیندا و هەرلەو ساڵەدا كراوە بە بەرپرسی ناوچەی دەركار لە زاخۆ. ساڵی ١٩٩٢ جێگری لەشكری سێی دهۆک بووە و ساڵی ١٩٩٤ كراوە بە فەرماندەی بەتالیۆنی شەش لە سوپای یەكی زاخۆ. ساڵی ١٩٩٥ ئەركی فەرماندەیی هێزی ١٧ی سوپای یەكی زاخۆیان پێسپاردوە.

سەعدو كوركی لە ماوەی پێشمەرگایەتیدا بەشداریی دەیان شەڕی قورس و گەورەی كردوە كە دەتوانین ئاماژە بۆ چەند دانەیان بكەین وەک: شەڕی بارەگای جاسان لە گوندی بەدرک لە ناوچەی جەمبور سەربە موسڵ لە ساڵی ١٩٦٢، شەڕی بانی دێریک لە ناوچەی دۆسكی ساڵی ١٩٦٢، شەڕی دهۆک لە ساڵی ١٩٦٢، شەڕی چیای مەتینا لە ساڵی ١٩٦٣، شەڕی گەلی زاویتە لە ساڵی ١٩٦٢، شەڕی چیای بێرزو و بێتاس لە ساڵی ١٩٦٣، شەڕی ناوچەی زەمبیل فرۆش لە ناوچەی باتوفا لە ساڵی ١٩٨٢/١/٣١، شەڕی كانی ماسی لە ساڵی ١٩٨٧، شەڕی ناوچەی زاخۆ لە ساڵی ١٩٨٤، شەڕی شەقلاوە لە ساڵی ١٩٩٤ و ...تد. جارێک لە شەڕی گوندی بابیرێ لە ساڵی ١٩٩٥ برینداربووە.

دوو بـرای بـە نـاوەکـانـی حـەمـەد و پیرمـوس دەربـاس حـەمـەد لـە سـاڵـی ١٩٨٦ و برازایـەکی بـەناوی ئـەحمـەد محـەمـەد لـە ساڵی ١٩٩٥ شـەهید بوون.

سـەلیم دەربـاس حـەمـەد ڕۆژی ١٩٩٦/٨/١٦ لـە یـوبیلی زێڕینـی پـارتی دیمـوکراتی کوردستاندا میـدالیای بـارزانی وەرگرتـوە. ڕۆژی ١٩٩٧/٣/٤ توشـی نـەخۆشـی شـێرپـەنجە بـووە و لـەلایـەن سـەرکردایـەتی پـارتی دیمـوکراتـەوە بـۆ چارەسـەریی ڕەوانـەی تورکیـا، سـوریا، نـەمسـا، ئـەلمانیـا و سـوید کـراوە، بەڵام نـەخۆشـییـەکەی چارەسـەر نـەبـووە و ڕۆژی ٢٠١٢/٥/٢٥ لـە زاخـۆ کـۆچی دوایـی کردوە.

## مستەفا حوسێن محەمەد باپیر



مستەفا حوسێن محەمەد باپیر ناسراو بە مستەفا ئامێدی ساڵی ١٩٣٩ لە ئامێدی لە دایک بووە. لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلول لە ١٩٦١/٩/١١ چەکی هەڵگرتووە و لەگەڵ پێشمەرگە هاوڕێکانی سەرۆک مستەفا بارزانی کەوتووە. بەشداریی شەڕەکانی ڕۆژی ١٩٦١/١٢/١٢ی گەلی زاویتە لە ناوچەی دهۆک و دەشتی دووبان لە ناوچەی زاخۆی کردوە و لەهەمان کاتدا فێری کارکردن بە مۆرس کراوە و بووەتە بەرپرسی لاسلکی. کاتێک بارزانی ناوچەی بادینانی لە سێ هێزدا ڕێکخست و بەرپرسایەتی ناوچەکەی بە ئەسعەد خۆشەوی سپارد و عیسا سوار، عەلی خەلیل و حەسۆ میرخانی کردە فەرماندەی ئەو سێ هێزە و لە ساڵی ١٩٦٢دا ناوچەی بادینانی بەرەو ناوچەی سۆران بەجێهێشت، مستەفا ئامێدی ئەرکی دەزگاکانی لاسلکی لەشکری بادینانی پێسپێردرا و لەگەڵ ئەسعەد خۆشەوی فەرماندەی لەشکری بادینان کەوت و تا ساڵی ١٩٧٥ و ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول ئەرکی خۆی بەجێهێنا.

ساڵی ١٩٧٥ چووەتە کۆمەڵگای زێوە و بەرلە کۆکردنەوەی ئەو کۆمەڵگایە لەلایەن ڕژێمی ئێرانەوە، مستەفا حوسێن محەمەد باپیر گواستراوەتەوە بۆ شاری سمنان. ساڵی ١٩٧٩ کە ڕژێمی پاشایەتی لە ئێران ڕووخا، ناوبراو گەڕاوەتەوە بۆ ورمێ و منداڵەکانی لەوێ نیشتەجی کردوە و خۆی چووەتە زێوە و ئەرکی پێوەندی مەکتەبی سیاسیی لەگەڵ لق و هێزەکانی بە ڕێگەی لاسلکی بەڕێوەبردوە. سێ خولی پەروەردەی بۆ کادیرانی بەشی مخابرەی پێکهیناوە و ژمارەیەکی بۆ کارکردن لەسەر لاسلکی و کارکردن بە مۆرس پەروەردە کردوە. ساڵی ١٩٩١ لەگەڵ مەکتەبی سەرۆک مەسعود بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ مەسیف سەلاحەدین و لەوێ درێژەی بە ئەرکەکەی داوە. هەرلەو ساڵەدا مەکتەبی سیاسی لە ڕێکخستنی نوێیدا لیژنەیەکی بۆ



بەڕێوەبردنی کاری پێوەندییەکانی لاسلکی دامەزراندوە کە مستەفا ئامێدی یەکێک لە ئەندامانی ئەو لیژنەیە بووە.

لە ڕەوتی شۆڕشی ئەیلول و گوڵاندا باوک، برا و مامی مستەفا ئامێدی بە ناوەکانی حوسێن محەمەد عەبدوڵا ئامێدی ١٩٧٩، عەبدولڕەحمان حوسێن ١٩٦٣ و سەعید محەمەد عەبدوڵا ساڵی ١٩٦٤ شەهید بوون. ناوبرا بەهۆی بەردەوامبوونی لە شۆڕشی کوردستان و خزمەتەکانی لە یوبیلی زێڕینی پارتی دیموکراتدا ڕۆژی ١٩٩٦/٨/١٦ میدالیای بارزانی وەرگرتووە، لەم بارەیەوە هەستی خۆی بەم جۆرە ئاشکرا دەکات:

- (وەرگرتنی میدالیای بارزانیم بە خەڵاتی خەباتی ساڵانی خزمەتکردنم بە کورد و کوردستان و ڕێبازی بارزانی و هەروەها خزمەتی بنەماڵەکەم بەو ڕێبازە دەزانم و خۆشحاڵم و تا هەناسەیەکم مابێت درێژە بە خزمەتەکانم دەدەم.)

# ڕەشید محەمەد فەقۆ



ڕەشید محەمەد فەقۆ ناسراو بە ڕەشید ئیسۆمەری ساڵی ١٩٤١ لە گۆندی ئیسۆمەر لە ناوچەی بارزان سەربە قەزای مێرگەسور لەدایک بووە. محەمەد فەقۆی باوکی یەکێک بووە لە پێشمەرگەکانی شۆڕشی ١٩٤٣- ١٩٤٥ی باشوری کوردستان و بەشداریی شەڕی مەزنی "خێرۆزۆک"ی لە ١٩٤٣/١٠/١٢ کردوە و لەوێ بریندار بووە و دوای پەڕینەوەی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ١٩٤٥/١٠/١١، بەهۆی کاری بوونی برینەکەی شەهید بووە. بە دوای شەهید بوونی باوکیدا، ڕەشید محەمەد لەلای زوبەیر فەقۆی برای ماوەتەوە، بەڵام ئەویش لەگەڵ بارزانی چووەتە بۆ ڕوسیا و ڕەشید کە تەمەنی تەنیا شەش ساڵ بووە، لەگەڵ خزمانی هێنراوەتەوە بۆ عێراق.

ساڵی ١٩٦١ کە بارزانی شۆڕشی ئەیلولی ڕاگەیاند، ڕەشید محەمەد فەقۆ چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی زوبەیری برای کە ساڵی ١٩٥٩ لەگەڵ بارزانی گەڕابۆوە بۆ عێراق و کوردستان و سەرقۆڵ بووە لە بارزان. ناوبراو بۆ پاککردنەوەی جاش و سوپا لە ناوچەی بادینان بەشداریی شەڕەکانی گەلی زاویتە، لۆمانا، ماخۆبزن ی کردوە. زوبەیری برای لە شەڕی "مرێبا"دا شەهید و ڕەشید بریندار بووە. دوای سارێژ بوونی برینەکەی جێی زوبەیری برای گرتۆتەوە و کراوە بە سەرقۆڵ. بەشداری شەڕەکانی سەری ئاکرێی لە ١٩٦٢ و پیرس لە ١٩٦٣ کردوە و دوای پاکبوونەوەی دوژمن لە ناوچەی بادینان و ڕێکخستنی نوێ لەو ناوچەیەدا لەلایەن بارزانییەوە، لەگەڵ بارزانی پەڕیوەتەوە بۆ ناوچەی سۆران. لەو ناوچەیەدا کراوە بە پاسەوانی سەرۆک بارزانی و تا ساڵی ١٩٧٥ لەو ئەرکەیدا ماوەتەوە.

ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، ڕەشید چووەتە نەغەدە و دواتر لەگەڵ سەرۆک بارزانی لە کەرەج بووە. بە دوای کۆچی دوایی بارزانی و بە خاک سپاردنی لە شنۆ لە ١٩٧٩/٣/٥، لە شۆڕشی گوڵاندا بەهەمان شێوەی لەگەڵ ئیدریس و مەسعود بارزانی بووە. ساڵی ١٩٩١ گەڕاوەتەوە بۆ باشوری کوردستان و ساڵی ١٩٩٣ کە لیژنەی کۆمەڵایەتی بۆ خزمەتگوزاری ناوچەی بارزان دانرا، ڕەشید فەقۆ کراوە بە بەرپرسی لیژنەی کۆمەڵایەتی گوندەکانی بەشی نزار کە سەربە لیژنەی باڵای کۆمەڵایەتی بووە.




ڕەشید ئیسۆمەری بەهۆی خزمەتەکانیەوە ڕۆژی ١٩٩٦/٨/١٦ لە یوبیلی زێڕیندا، میدالیای بارزانی پێدراوە و دوای نزیک بە حەوت ساڵ لە ڕۆژی ٢٠١٣/٧/٧دا کۆچی دوایی کردوە. وەک چەتۆ ڕەشیدی کوڕێ دەڵێت:

- (باوکم بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی زۆر خۆشحاڵ بوو. هەمێشە دەیگوت نەمردم و ئەو شانازییەم پێبڕا کە میدالیای بارزانیم لە دەست کوڕی سەرۆک وەرگرت و زەحمەتەکانم بەفیڕۆ نەچوون.)

## حەمید خوستی ئیسماعیل



حەمید خوستی ئیسماعیل ساڵی ١٩٣٩ لە گوندی بازنگیر لە ناوچەی سندیان سەربە قەزای زاخۆ لەدایک بووە. دەڵێت: **(ڕۆژی ١٩٦١/٩/١٠ هێزە چەکدارەکانی زاخۆ لەلایەن خەڵکەوە چەککران و بارزانی لە مانگی ١٠ی ئەو ساڵەدا هاتە زاخۆ. بە هاتنی بارزانی بۆ زاخۆ من لە قۆڵی سەلمان سندی ئامۆزامدا ، چەکم هەڵگرت و بووم بە پێشمەرگە.)** تا ساڵی ١٩٦٥ حەمید خوستی لەو قۆڵەدا ماوەتەوە و دواتر کە بەتالیۆن پێکهاتووە، کراوە بە سەرپەل لە بەتالیۆنی عەلی هالۆدا. ساڵی ١٩٦٧ چووەتە بەرواری باڵا و لە هێزی ئەسعەد خۆشەوی کراوە بە جێگری حەمید حەفیزوڵا عومەر کە فەرماندەی هێزێکی دەستوەشێن بووە لە ناوچەکانی دهۆک، شێخان و ئاکرێ.

ساڵی ١٩٧٠ کە ڕێککەوتنی ١١ی ئازار واژۆ کرا، حەمید خوستی ئیسماعیل بۆ ماوەی چوار ساڵ لە فەوجی سێیەمدا پاسەوانی فڕۆکەخانەی بامەڕنی بووە. ساڵی ١٩٧٤ جێگری لقی هێزی دەستوەشێن بووە و بەشداریی شەڕەکانی باڵەک، گورەز و هاودیانی کردوە. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، چووەتە شنۆ و لەوێوە لەگەڵ پێشمەرگە سەڵتەکان گواستراوەتەوە بۆ کۆمەڵگای سراو و نیلوفەری کرماشان. لەم بارەیەوە دەڵێت: **(دوای چەند ڕۆژ گەڕامەوە بۆ نەغەدە و چاوم بە ئەسعەد خۆشەوی کەوت و ڕێنوێنی کردم بە سنوری باکوری کوردستاندا بچمەوە بۆ ناوچەکەمان و هاوسەر و شەش منداڵەکانم بێنم کە بە هاوکاری دۆستانی پارتی لە ناوچەکەدا، توانیم جگەلە هاوسەر و منداڵەکانم، ٦٠ ئەندام لە بنەماڵەی پێشمەرگەکان لەگەڵ خۆم بێنم بۆ زێوە.)**

لە زێوەوە حەمید خوستی و منداڵەکانی دەبەن بۆ کۆمەڵگای ڕەبەت و لەوێوە دەیانگوازنەوە بۆ جهرم و یەزد. لەم بارەیەوە دەڵێت: **(ساڵی ١٩٧٦ من**

لە یەزد بووم کە کاک ئیدریس تەلەفۆنی بۆم کردم و گوتی بە ڕاسپاردە باوکم شۆڕشــی گــوڵان هەڵگیرســا. بە بیســتنی ئەو هەواڵە، منــداڵەکانم لە یەزد بەجێهێشت و چووم بۆ کەرەج و دوای وەرگرتنــی ڕێنوێنی بە سنوری نێوان باکوری کوردستاندا خۆم گەیاندە گوندی هەردیش لە قەزای ئولودەرە. تازە ساڵی نوێ دەستی پێکردبوو کە جەوهەر نامیق، ئازاد بەرواری، دوکتۆر کەمال، وریا سەعادەتی. ئازاد خەفاف، کەریم شنگاری، عەبدولڕەحمان پێداوی گەیشتنێ. ئێمەش نزیکەی ٢٥ کەس هەمووماں خزم بووین کە لەو جێیەوە بە مەفرەزەی گەڕۆک دەستمان کرد بە خەبات. کوردەکانی باکوری کوردستان بەتایبەتی لە هەردیش، بێجۆ، ڕوبۆسک، کرور، هودانە و زەریا زۆریان یارمەتی کردین و بۆخۆشیان لەگەڵمان پێشمەرگە بوون. مەقەڕی سەرەکیمان لە کۆماتە بوو، لەوێوە دەچووین و دوای هەرچەند ڕۆژێک دەگەڕاینەوە بۆ ئەو جێیە.)

حەمید خوستی تا ساڵی ١٩٧٩ لەو ناوچەیەدا ماوەتەوە و لەو ساڵەدا بۆ بەشداریکردن لە کۆنگرەی نۆیەمی پارتی گەڕاوەتەوە بۆ زێوە و بەشداری کۆنگرەی کردوە و سەرلەنوێ گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەکەیان. لەم بارەیەوە دەڵێت: (دوای کۆنگرەی نۆیەم لە ڕێکخستنی نوێدا دوکتۆر جرگیس حەسەن کرا بە بەرپرسی لقی یەک و هەجەر سندی بوو بە جێگری. دواتر لیژنەی ناوچەمان دامەزراند و فەتاح عوسمان گولی کرا بە بەرپرسی لیژنەی ناوچەی زاخۆ و منیش بووم بە بەرپرسی سەربازی لەو لیژنەیەدا.)

لە مانگی هەشتەمی ساڵی ١٩٨٤، حەمید خوستی گواستراوەتەوە بۆ لیژنەی ناوچەی ئامێدی و لە بەرواری باڵا کراوە بە ئەندامی ناوچە و بەرپرسی سەربازی. ساڵی ١٩٨٦ گواستراوەتەوە بۆ لقی یەک و کراوە بە ئەندامی لقی یەک و بەرپرسی سەربازی لق و ساڵی ١٩٨٨ بە دوای ئەنفال و کیمیابارانی ناوچەی بادینان‌دا لە سنوری باشورەوە پەڕیوەتەوە بۆ باکور. لەم بارەیەوە دەڵێت: (دوای گەیشتنی ئێمە عەریف یاسین و ژمارەیەکی تریش هاتن، پێوەندیان بە سەرۆک بارزانیەوە کرد و پرسیان چی بکەین، وەڵام ئەوە بوو کە سەرکەوتنی ئێوە سەرکەوتنی ئێمەشە و خۆتان بە گوێرەی هەلومەرج بڕیار بدەن. ئێمە نزیکەی ١٥٠ کەس بووین و دوکتۆر کەمالیش لەوێ بوو. بڕیارماندا لەوێ بمێنینەوە و تا ڕاپەڕینی ١٩٩١ لەوێ ماینەوە.)

ساڵی ١٩٩١، بە دوای ڕاپەڕیندا، حەمید خوستی کراوە بە ئەندامی لقی یەک لە دهۆک و لەم بارەیەوە دەڵێت: **(کاک بابەکر زێباری لە زاویتە فەرماندەی لەشکری کوردستانی پێکهێنا و منیش بووم بە جێگری کاک بابەکر.)** ساڵی ٢٠٠٠ لەگەڵ مستەفا نێروەیی دەزگای ئەیلولیان لە دهۆک دامەزراندوە و ساڵی ٢٠٠٣ دەزگای ئەیلول لە زاخۆ کراوەتەوە و ناوبراو کراوە بە بەرپرسی دەزگای ئەیلول لە زاخۆ.

حەمید خوستی بەشداریی دەیان شەڕی قورسی لە شۆڕشەکانی یەیلول و گوڵاندا کردوە کە دەکرێ ئاماژە بۆ چەند دانەیان بکەم، وەک: چەککردنی بنکەی پۆلیسی زاخۆ لە ١٩٦١، شەڕی دەشتی ئاکرێ بە دژی جاشان لە ساڵی ١٩٧٢دا کە تێیدا بریندار بووە، شەڕی گەلی دهۆک لە ساڵی ١٩٧٤، شەڕی دەشتی سندیان لە ١٩٧٧/١٢/١٧ لە ناوچەی زاخۆ، شەڕی چیای سەری دێرێ لە ١٩٨٣، چەککردنی چوار پێگەی دوژمن لە ١٩٨٣/٧/٥، شەڕی ئامێدی لە ١٩٨٥/٥/١٣، چەککردنی سوتکی بەرواری باڵا لە ١٩٨٧/٥/٤، چەککردنی بنکەی پۆلیسی فڕۆکەخانە بامەڕنی لە ٢٦ی گوڵانی ١٩٨٧ چەککردنی فەجی بیبادێ لە ١٩٨٧/٩/٩، داستانی کانی ماسی لە ١٣ و ١٩٨٧/٩/١٤ و ...تد.

پێنج کوڕە مامی حەمید خوستی لە شەڕەکانی ناوچەی زاخۆ شەهید بوون. ناوبراو بەهۆی خەبات و چالاکییەکانیەوە، ڕۆژی ١٩٩٦/٨/١٦ لە یوبیلی زێڕینی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و ساڵی ٢٠١٣ بە پلەی فەریق خانەنشین کراوە، بەڵام هەتا ئێستا لە ئەرکی خۆیدا لە دەزگای ئەیلول لە زاخۆ بەردەوامە. سەبارەت بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی دەڵێت:

**- (هیچ شانازییەک لە وەرگرتنی ئەو میدالیایە بۆمن گرنگتر و پیرۆزتر نەبووە.)**

## خالید محەمەد ئیبراهیم حوسێن



خالید محەمەد ئیبراهیم حوسێن ناسراو بە خالید شلی ساڵی ١٩٤٣ لە گوندی شلی سەربە ناوچەی ئامێدی لەدایک بووە. ساڵی ١٩٦٢ سەربازی سوپای عێراق بووە کە ڕایکردۆتە ڕیزی پێشمەرگەکانی پارتی دیموکرات لە بەرواری ژێری کە مەحمود ئاغای چەماکی فەرماندەی پێشمەرگەکان بووە. ساڵی ١٩٦٢ کە ناوچەی بادینان لە هێزەکانی جاش و سوپای عێراق پاککرایەوە، بارزانی ناوچەکەی لە سێ هێزدا ڕێکخست و بەرپرسایەتی ناوچەکەی بە ئەسعەد خۆشەوی سپارد. عیسا سوار، عەلی خەلیل و حەسۆ میرخانی کردە فەرماندەی ئەو سێ هێزە و خۆی لەگەڵ هێزێکی تایبەت بەرەو سۆران چوو. لەو دابەشکردنە نوێەدا خالید محەمەد ئیبراهیم حوسێن لە هێزی ئاکرێ و شێخاندا کە حەسۆ میرخان دۆڵەمەری فەرماندەی بووە کراوە بە سەرقۆڵ.

ساڵی ١٩٧٣ ئەرکی سەرپەلی لە بەتالیۆنی یەکی هێزی شێخاندا دراوەتێ کە ئیسماعیل موسا فەرماندەی بەتالیۆنەکەی بووە. ساڵی ١٩٧٤ کراوە بە فەرماندەی بەتالیۆنی هێزی بەرگری میللی لە ڕۆژهەڵاتی جادەی موسڵ و ساڵی ١٩٧٥ بە دوای ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلولدا سەرەتا لە زێوە بەرپرسی چاودێری ئاوارەکانی کۆمەڵگا بووە و دواتر گوستراوەتەوە بۆ ئەهواز و شوشتەر. ساڵی ١٩٧٩ گەڕاوەتەوە بۆ زێوە و لەو بارەیەوە دەڵێت: **(ئێمە هەموو پەنابەرەکانی شوشتەر بە ڕاسپاردەی ئیدریس بارزانی گەڕاینەوە بۆ زێوە.)**

لە زێوە کراوە بە فەرماندەی مەفرەزەیەکی پازدە کەسیی. دوای کۆنگرەی نۆی پارتی دیموکرات کە ڕۆژی ١٩٧٩/١١/٤ پێکهات، لەگەڵ دوکتۆر جرگیس و ٢٥ پێشمەرگە گەڕاوەتەوە بۆ لقی یەکی پارتی لە کۆماتە لە سنوری باشور و باکوری کوردستان. ساڵی ١٩٨٠ کراوە بە ئەندامی لیژنەمەی ناوچەی شێخان


و بەرپرسی ڕێکخراوەی شەهید فازل شلی لە ناوچەی شێخاندا و لە مەفرەزەی گەڕۆکدا دەستیان لە دوژمن وەشاندوە. ساڵی ١٩٨١ ئیزنی پێدراوە بگەڕێتەوە بۆ زێوە و ساڵی ١٩٨٧ لەگەڵ مەسعود بارزانی و بەشێک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی هاتووەتە لقی یەک لە ناوچەی نێروە و دووتازە و ساڵی ١٩٨٨ گەڕاوەتەوە بۆ زێوە و سەرلەنوێ بۆ بەشداری کردنی لە شەڕی گەورەی خواکورک هاتووەتەوە بۆ ناوچەی خواکورک و لە سەری کۆراوە و قەبری زاهیر بەشداری شەڕەکانی کردوە.

لەو ساڵەدا کە ڕژێمی بەعس ناوچەی بادینانی کیمیاباران و ئەنفال کرد، سەرلەنوێ لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگە گەڕاوەتەوە بۆ زێوە و ساڵی ١٩٩١ لەگەڵ مەسعود بارزانی لە دیانا بووە و دوای ڕاپەڕین ڕەوانەی ناوچەی ڕێکان کراوە و بنکەیەکیان لە گەلی باڵندە داناوە و لەوێوە بە فەرماندەیی هێزێکی پەنجا کەسی چووەتە زاخۆ. ساڵی ١٩٩٢ کراوە بە فەماندەی فەوجی هاوبەشی نێوان پارتی دیموکرات و یەکێتی نیشتمانی لە شێخان کە کەسێک بە ناوی جەمال ناسراو بە جەماله کۆر جێگری بووە. مانگی نۆیەمی ساڵی ١٩٩٢ بەرپرسی سەربازی بووە لە لەشکری پێنجەمی شێخاندا و ساڵی ١٩٩٨ کە پارتی دیموکراتی کوردستان دەزگای ئەیلولی دامەزراند، کراوە بە ئەندامی دەزگای ئەیلول و ساڵی ٢٠١٣ خانەنشین کراوە و ئێستا بەرپرسی دەزگای ئەیلولە لە ئاکرێ.

برایەکی خالید شلی بە ناوی حازم محەمەد و ئامۆزایەکی بەناوی جەوهەر عەلی عومەر ڕۆژی ١٩٨٨/٩/٢ لە شەڕی خواکورکدا شەهید بوون و دایک و باوکیشی لە ئاوارەییدا لە ئێران کۆچی دواییان کردوە. خۆشی دوو جار لە شەڕەکانی ١٩٨١دا لە کۆنە لاجان و بەندی ورمێ بریندار بووە. ڕۆژی ١٩٩٦/٨/١٦ بەهۆی خەبات و چالاکییەکانی بە کورد و کوردستان و ڕێبازی بارزانی نەمر میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەم بارەیەوە دەڵێت: **(بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی بە ڕادەیەک خۆشحاڵ بووم کە گوتم مردن وەرە بەخێر بێی و من بە ئاواتی خۆم گەیشتم.)**

وێنەی نیە

## دەروێش یوسف ڕەشید نعمەت سندی




دەروێش یوسف ڕەشید نعمەت سندی ناسراو بە عەریف دەرویش ساڵی ١٩٣٠ لە گوندی ئاڤگەنی لە ناوچەی زاخۆ لەدایکبووە، بۆ ماوەی ١٠ساڵ لە سوپای عێراقدا بووە. ساڵی ١٩٦١/١٢/١٥ کە بارزانی پەڕییەوە بۆ ناوچەی بادینان، سوپای عێراقی بەجێهێشتووە و لەگەڵ هێزەکانی بارزانی کەوتووە. لە ڕێکخستنی نوێی ناوچەی بادیناندا لەگەڵ هێزی عیسا سوار لە ناوچەی زاخۆ کەوتووە. بەشداریی شەڕەکانی عەنزالا لە ڕۆژی ١٩٦٢/١٠/١١، شەڕی چیای مەتینا لە ساڵی ١٩٦٣ و شەڕی گەلی سپی لە ١٩٦٢/٤/١دا کردوە و دەربارەی شەڕی چیای مەتینا دەڵێت:

**- (ئێمە لەسەر زنجیرە چیای مەتین لە ڕۆژهەڵاتی زاخۆ بووین کە دوژمن لە پێنج بەرەوە هێرشی بۆ کردین. لە ئامێدی، لە ڕاستەی بامەڕنی لە پشت مەتار، لە قەڵای شێخۆ، لە گوندی ئەدنا و بە ڕێی گوندی قەدشێدا هێرشیان بۆ کردین. بەرلە هێرشەکەیان بە تەیارە و خۆمپارەی ١٢٠ ملیم و تۆپی دوورهاوێژ لێیاندابن. من و سەعید عەبوش سلیڤانا، عەلی عەلی سێڤدین و حاجی قادر گراوی فەرماندەی بەتالیۆن بووین. ئێمە بەهۆی قایم بوونی شوێنەکەمان تاقەتمان هێنا و دوای ٤٨ ڕۆژ شەڕ دوژمنمان شکاند. عەلی خەلیل و سەعید خەلیل فەرماندەمان بوون و عیسا سوار فەرماندەی گشتی هەموومان بوو. لەو شەڕەدا هەموو عەشیرەتەکانی سندی، گولی، دۆسکی، سلیڤانا هاتن و دژی دوژمن بەشداریی شەڕەکەیان کرد.)**

ساڵی ١٩٧٠، عەریف دەرویش فەرماندەی فەوجی چوارەمی پاسەوانی سنوری ناوچەی زاخۆ بووە. ساڵی ١٩٧٤ کراوە بە فەرماندەی بەتالیۆنی یەکی زاخۆ و لەگەڵ عیسا سوار بووە. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، چووەتە نەغەدە و لەوێوە لەگەڵ پازدە بنەماڵە گواستراوەتەوە بۆ کرمان. لە کرمان بەرپرسی کاروباری حیزب بووە و ساڵی ١٩٧٩ بە ڕاسپاردەی ئەسعەد

خۆشەوی گەڕاوەتەوە بۆ ورمێ و بە فەرماندەیی ١١١ پێشمەرگە لەگەڵ ڕئیس حەسەن، ئازادبەرواری، یوسف ڕۆژبەیانی، قادر قادر، محەمەد مەلا قادر، چووەتە قەسری شیرین بەشداریی دوو شەڕیان کردوە و تا ساڵی ١٩٨٠ لەو ناوچەیە ماوەتەوە.

ساڵی ١٩٨٠، بە دوای گەڕانەوەیدا کراوە بە فەرماندەی هێزی ٢١ی سەربە مەکتەبی سیاسی و ئەرکی پارێزگاری کردنی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی دراوەتێ. ساڵی ١٩٨٣ گەڕاوەتەوە بۆ چیای قەندیل و بەشداری شەڕی چیای قەندیلی کردوە و لەو شەڕەدا ڕۆژی ١٩٨٣/٨/١٥ کوڕەکەی بەناوی ئیبراهیم دەروێش شەهید بووە. ساڵی ١٩٨٨ بۆ ماوەی ٤٨ ڕۆژ لە شەڕی خواکورکدا بووە و لەم بارەیەوە دەڵێت: **(داستانی خواکورک بە ئامادەبوونی سەرۆک مەسعود بارزانی ئەنجامی گرت.)**

ساڵی ١٩٩١، عەریف دەرویش کراوە بە بەرپرسی کەرتی سێی زاخۆ و ساڵی ٢٠٠٨ ئەرکی فەرماندەی هێزی پێسپێردراوە و دواتر بە پەلەی عەقید خانەنشین کراوە. جگەلە کوڕەکەی کە لە قەندیل شەهید بووە، دوو برازاشی بە ناوەکانی سلێمان و تەحلۆ ساڵی ١٩٩٧ لە چیای شەرانش شەهید بوون. ناوبراو بەهۆی خەبات و چالاکییەکانیەوە، ڕۆژی ١٩٩٦/٨/١٦ لە یوبیلی زێڕینی پارتی دیموکراتی کوردستاندا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەو بارەیەوە دەڵێت:


**- (بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی زۆر خۆشحاڵ بووم و تێگەیشتم کە میللەت و سەرکردەکانم لێم ڕازین.)**

## سەعید ئیسماعیل ئەحمەد



سەعید ئیسماعیل ئەحمەد سپیندارى ساڵى ١٩٢١ لە گوندى سپیندار لە ناوچەى بەروارى ژێرى قەزاى ئامێدى لە دایک بووە. ساڵى ١٩٥٨، کە بارزانى لە یەکێتى یەکێتى سۆڤیەت گەڕایەوە، پێوەندى بە ڕیزەکانى پارتى دیموکراتەوە کردوە و ساڵى ١٩٦١ لە ناوچەى بەروارى ژێرى بووەتە پێشمەرگە و لە هێزى دهۆک کە حەسۆ میرخان فەرماندەى بووە، کراوە بە سەرپەل. ئامۆزاى عەلى ئیبراهیم مستەفا سپینداریيە و لەو ساڵەوە تا کۆتایى پێکەوە بوون. وەک عەلى ئیبراهیم لە شەڕەکانى سەرى گەڤەرکێ، پیروزئاوا، میرسیدا و چیاى پانکێ بەشدار بووە و دواى پاکبوونەوەى ناوچەى بادینان لە هێزەکانى دوژمن، چووەتە ڕیزى پێشمەرگەکانى هێزى دهۆک کە حەسۆمیرخان دۆڵەمەرى فەرماندەى بووە.

ساڵى ١٩٦٣ بەشداریى شەڕەکانى سەرى ئەتروش و گەلى فێرکێى کردوە و لەو ساڵەدا کە ڕژێمى عێراق بە هێزێکى زۆرەوە ویستى ناوچەى بارزان داگیر بکات، بەشداریى شەڕەکانى سەرى ئاکرێ، شووش و شەرمن و برجیلى کردوە. ساڵى ١٩٦٧ لە شەڕەکانى سەرى سپیندارێ، دزوبێدیلا، بوزوخورسا و پردى سیدادا بەشداربووە. ساڵى ١٩٧٠ کە ڕێککەوتنى ١١ى ئازار واژۆ کرا، لەگەڵ عەلى ئیبراهیم کراوە بە پاسەوانى سنورى ناوچەى دهۆک و ساڵى ١٩٧٤ کە حکومەتى عێراق بە دژى گەلى کورد شەڕى هەڵگیرساندەوە، گەڕاوەتەوە ڕیزى پێشمەرگەکان و لە بەرەى شەڕى گەروى عومەرئاغا و سەرتیز بووە. هەروەها بەشداریى شەڕى سەرى حەسەن بەگى کردوە.



سالّی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، چووەتە پیرانشار و لەوێوە بۆ نەغەدە و لەوێشەوە گواستراوەتەوە بۆ ئەراک. سالّی ١٩٧٩ کە ڕژێمی پاشایەتی لە ئێران ڕووخا و خومەینی بەدەسەلاّت گەیشت، بە ڕاسپاردەی ئیدریس بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ نەغەدە و بەشداریی شۆڕشی گولاّنی کردوە. سالّی ١٩٨٠ لەگەڵ کاک ئیدریس بارزانی و شێخ محەمەد خالید گەڕاوەتەوە بۆ گەلی گوستە و کەتینە لە ناوچەی مێرگەسور و دوای حەوت مانگ گەڕاوەتەوە بۆ زێوە. سالّی ١٩٨١ پێوەندی بە هاوسەر و منداڵەکانیەوە کردوە و ئەوانی لە ئەراکەوە گواستوەتەوە نەغەدە. سالّی ١٩٨٢ کراوە بە بەرپرسی بەشێک لە پاسەوانەکانی مەکتەبی سیاسی لە ڕاژان. سالّی ١٩٨٧ لەگەڵ مەفرەزەی عەلی ئیبراهیم مستەفا گواستراوەتەوە بۆ لقی ٣ و ٤ی پارتی دیموکرات لە ناوچەی پێنجوێن کە عیزەدین بەرواری بەرپرسی بووە لە ناوچەکانی گۆتی و شاربازێر و گوندی گۆخلان. سالّی ١٩٨٨ بەشداری شەڕی گەورەی خواکورکی کردوە و کاتی ئەنفال و کیمیابارانی ناوچەی بادینان لە سالّی ١٩٨٨دا، سەرلەنوێ گەڕاوەتەوە بۆ ڕاژان و لە ئەرکی پێشوویدا بەردەوام بووە. سالّی ١٩٩١، بەرلە سەرهەڵدانی ڕاپەڕین لەگەڵ مەفرەزەی عەلی ئیبراهیم هاتوەتە حاجی ئۆمەران و لەوێوە چووەتە بێخمە و دواتر دهۆک و شێخان. لە شێخان ئەندامی لیژنەی ناوچە بووە. لە ڕەوەکەی ١٩٩١دا پەنای بۆ ڕۆژهەلاّتی کوردستان بردوەتەوە و چووەتە لای هاوسەر و منداڵەکانی لە نەغەدە و بە دوای وتووێژەکانی سالّی ١٩٩١دا، سەرلەنوێ گەڕاوەتەوە بۆ باشوری کوردستان و لە دهۆک ئەرکی جێگری فەرماندەی هێزیان پێداوە. سالّی ١٩٩٧ کە دەزگای ئەیلول دامەزرا، لەگەڵ عەلی ئیبراهیم مستەفا سپینداری بووەتە ئەندامی دەزگای ئەیلول و ڕۆژی ١٩٩٦/٨/١٦ لە یوبیلی زێڕینی پارتی دیموکراتدا، بەهۆی خزمەتەکانیەوە میدالیای بارزانی وەرگرتووە. ناوبراو ڕۆژی ٢٠٠١/٥/٣١ کۆچی دوایی کردوە.

## خالید حەمیدئاغا بیری



خالید حەمیدئاغا بیری ساڵی ١٩٤٤ لە گوندی بیری لە ناوچەی دۆسکی سەروو سەربە قەزای ئامێدی لە دایک بووە. وەک دیندار خالیدی کوڕی دەڵێت باوکی ١٩٣٨ لەدیک بووە و لە ناسنامەکەیدا بە هەڵە ١٩٤٤ نوسراوە. ساڵی ١٩٦١ لەلای باوکی واتا حەمید ئاغا بیری کە یەکێک بووە لە پاسەوانەکانی بارزانی بووەتە پێشمەرگە. هەرلەو ساڵەدا لەگەڵ بارزانی پەڕیوەتەوە بۆ ناوچەکانی مزوری و نێروە و بەشداریی شەڕی مرێبای کردوە. هەروەها لە شەڕەکانی لومانا و گەلی زاویتەدا بەشدار بووە. ساڵی ١٩٦٢ لەگەڵ بارزانی پەڕیوەتەوە ناوچەی سۆران و لەگەڵ زکری حەبیب بەشداریی کردوە لە چەککردنی قشڵەی ڕایاتدا. ساڵی ١٩٦٤ لە گوندی دێرێ و ساڵی ١٩٦٥ لە دیلمان پاسەوانی ماڵی بارزانی بووە.

ساڵی ١٩٧٥ لەگەڵ بارزانی چووەتە نەغەدەو دواتر لە کەرەج نیشتەجێ کراوە. ساڵی ١٩٧٩ گەڕاوەتەوە بۆ مەرگەوەڕ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دواتر لەگەڵ مەفرەزەیەکی پێشمەرگە کراوە بە پاسەوانی مەکتەبی سیاسی و لە ڕۆژی ١٩٨١/٧/١ کە تەرمی بارزانییان لە شنۆوە گواستەوە بۆ هەلەج، ناوبراو لەگەڵ کۆمەڵێک پێشمەرگەی تر پاسەوانی مەزاری بارزانی بووە. ساڵی ١٩٨٧ لەگەڵ مەسعود بارزانی و بەشێک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی هاتوەتە لقی یەک لە ناوچەی نێروە و دووتازە و ساڵی ١٩٨٨ گەڕاوەتەوە بۆ زێوە و سەرلەنوێ بۆ بەشداری کردنی لە شەڕی گەورەی خواکورک هاتۆتەوە بۆ ناوچەی خواکورک و بەشداری شەڕی خواکورکی کردوە.

لەو ساڵەدا کە ڕژێمی بەعس ناوچەی بادینانی کیمیاباران و ئەنفال کرد، سەرلەنوێ لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگە گەڕاوەتەوە بۆ زێوە و ساڵی ١٩٩١ بەگوێرەی پلان بەرلە گەیشتنی مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکرات کە لە ڕانیەوە چووەتە دیانا، ناوبراو لە سارداو چاوەڕوانی سەرۆک بارزانییان کردوە و لەگەڵ ئەو چووەتە کۆڕێ و بە دوای وتووێژەکانی نێوان بەرەی کوردستانیو ڕژێمی عێراق، لەگەڵ کۆمەڵێک پێشمەرگە کە هەموویان خزم و برای بوون لەلای سەرۆکی پارتی لە مەسیف سەلاحەدین ماوەتەوە. خالید حەمیدئاغا بیری



لە ماوەی پێشمەرگایەتیدا، سێ جار لە شەڕەکانی ماخوبزن، بارزان و کەوپەڕ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بریندار بووە. مەسعود بارزانی لە کتێبەکەیدا "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد"، خالید حەمید بە یەکێک لە پێشمەرگە نزیکەکانی بارزانی دەناسێنێت و لە لاپەڕی ١٣٠، بەرگی سێیەم، شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١- ١٩٧٥دا وێنەکەی بڵاوکردۆتەوە. ناوبراو ڕۆژی ١٩٩٦/٨/١٦ لە یوبیلی زێڕینی پارتی دیموکراتدا بەهۆی خزمەتەکانیەوە میدالیای بارزانی وەرگرتووە و ڕۆژی ٢٠١٢/٥/٣٠ کۆچی دوایی کردوە. بە وتەی دیندار خالید حەمیدی کوڕی، باوکی بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی زۆر خۆشحاڵ بووە و میدالیاکەی بە گەورەترین شانازی ژیانی خۆی داناوە.

## میتۆ ئەحمەد زەینەڵ ستونی



میتۆ ئەحمەد زەینەڵ ستونی ساڵی ١٩٢٧ لە گوندی ستونی سەربە عەشیرەتی هەرکی بنەجێ لە ناحیەی شێروانی مەزن و قەزای مێرگەسور لە دایک بووە. ساڵی ١٩٦١ لە ناوچەی نێروە لە بادینان چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی حەمید بیری و بەشداریی شەڕەکانی شێروانی مەزن و گەلی زاویتە و ناوچەی نێروەی بە دژی جاش و سوپای عێراق کردوە. ساڵی ١٩٦٢ لەگەڵ بارزانی پەریوەتەوە بۆ ناوچەی سۆران و لە بەرەی ئاکۆیان بووە. ساڵی ١٩٦٣ بەشداریی شەڕی سەری پیرس و سەری ئاکرێی کردوە و دواتر سەرلەنوێ پەڕیوەتەوە بۆ سۆران و لە سپیلک و باتاس بووە. لەوێ بەشداری شەڕی جاشە سورچییەکانی کردوە و لەوێ زاوایەکی بەناوی فارس ڕەمەزان شەهید کراوە.

ساڵی ١٩٦٤ لە ناوچەکانی قەڵادزێ و ڕانیە بووە و بەشداریی شەڕی سەری کورتەک و پشتئاشانی کردوە و دواتر گواستراوەتەوە بۆ هێزی باڵەک. ساڵی ١٩٧٠ کە ڕێککەوتنی ١١ی ئازار واژۆ کرا، لە فەوجی ٤ی هێزی باڵکدا کە عەبدوڵا ئاغای پشدەری فەرماندەی بووە، کراوە بە پاسەوانی سنور. ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕی حکومەتی عێراق بە دژی کورد، گواستراوەتەوە بۆ دەشتی باڵەکایەتی و لە دووجار شەڕی چیای گۆڕەز بە سوکی برینداربووە. هەرلەو ساڵەدا بەشداریی شەڕی گەروی عومەرئاغای لە ناوچەی ڕەواندز کردوە و لە شەڕی سەرتیز لاقی چەپەی لە ئەژنۆوە پەڕیوە و بە برینداری گواستراوەتەوە بۆ نەخۆشخانەی ورمێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

دوای ڕاوەستانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، میتۆ ئەحمەد زەینەڵ لە نەخۆشخانەی ورمێوە گواستراوەتەوە بۆ مەشهەد و تا ساڵی ١٩٧٩ و ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی لەوێ بووە. لەو ساڵەدا سەرلەنوێ گەڕاوەتەوە بۆ ورمێ و تا ساڵی ١٩٩١ لەوێ ماوەتەوەو لەو ساڵەدا، بە دوای ڕاپەڕینی خەڵکی باشوری کوردستان و کشانەوەی دامودەزگای ڕژێمی عێراق لە ١٩٩١/١٠/٢٤ لە

کوردستان، گەڕاوەتەوە بۆ باشوری کوردستان و لە کۆمەڵگای ساڕداو لە ناوچەی مێرگەسور نیشتەجێ بووە.

بە دوای پێکهاتنی حکومەتی کوردستان لە ساڵی ۱۹۹۲، میتۆ ئەحمەد کراوە بە بەرپرسی لیژنەی عەشیرەتی لە ناوچەی هەرکی بنەجێ. ئەحمەد زەینەڵی باوکی ساڵی ۱۹٦۱ لە گوندی ستونی لە ناوچەی هەرکی بنەجێ شەهید بووە، کوڕێکیشی بە ناوی مەجید میتۆ ساڵی ۱۹۹۷ لە گوندی ڕێلا لە ناوچەی شێروانی مەزن و ئامۆزایەکی بە ناوی عەونی عەبدولڕەحمان لە گوندی هەودیان لە ساڵی ۱۹۷٤ شەهید بوون. ڕۆژی ۱۹۹٦/۸/۱٦، لە یوبیلی زێڕینی پارتی دیموکراتدا بەهۆی خزمەت و چالاکییەکانی بە کورد و کوردستان و ڕێبازی بارزانی میدالیای بارزانی دراوەتێ و لە بەهاری ساڵی ۱۹۹۷ برینی لاقی لێ بووەتە شێرپەنجە و دوای چەند جار بڕینەوەی لاقی، کۆچی دوایی کردوە. بە وتەی ڕەشید میتۆی کوڕی، باوکی بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی زۆر خۆشحاڵ بووە و میدالیاکەی بە شەرەفێکی گەورەی ژیانی پێشمەرگایەتی خۆی زانیوە.

## ئەحمەد حاجی شێخ ئومەر



ئەحمەد حاجی شێخ ئومەر تاتکی ساڵی ١٩٣٠ لە گوندی تاتکی لە ناوچەی شێروان مەزن سەربە قەزای مێرگەسور لەدایک بووە. باوکی بەشداریی شۆڕشی ١٩٤٥ی کردوە و لە هەمان ساڵدا بە بنەماڵەوە پەڕیونەتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئەحمەد حاجی لە کۆماری کوردستاندا چەکی هەڵگرتووە و بووەتە پێشمەرگە و لە بەرەی شەڕی سەردەشت بووە. دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان، بەهۆی کۆچی دوایی باوکی بە نەخۆشی تایفۆئید و بەتەنیا مانەوەی دوو خۆشک و برایەکی لە خۆی بچووکتری نەیتوانیوە بچێت بۆ ڕوسیا و گەڕاوەتەوە بۆ عێراق. دوای گەڕانەی بۆ ماوەی دوو ساڵ لە زیندانی موسڵ ڕاگیراوە و دواتر بۆ ماوی شەش ساڵ بۆ قەزای شێخان و هەولێر و مەخمور دوورخراوەتەوە.

دوای گەڕانەوەی بارزانییەکان لە یەکێتی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٥٩ و ڕاگەیاندنی شۆڕشی ئەیلول لەلایەن مەلا مستەفا بارزانییەوە لە ساڵی ١٩٦١دا، ئەحمەد حاجی شێخ ئۆمەر چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکان و لەگەڵ شەریف عەبدولا کەلکەموویی لە ناوچەی بادینان بەشداریی شەڕەکانی گەلی زاویتە و گەرماڤکی لەنێوان زاخۆ و دهۆک کردوە. ساڵی ١٩٦٢ لەگەڵ هێزە تایبەتی سەربە سەرۆک مستەفا بارزانی لە بادینانەوە پەڕیوەتەوە بۆ سۆران و بەشداریی شەڕی سۆفییەکانی کردوە و دوای شەهیدبوونی شەریف عەبدولا، ناوبراو جێی ئەوی پڕکردۆتەوە و بووەتە سەرقۆڵ و بەشداریی کردوە لە چەککردنی قشڵەی ڕایات. ساڵی ١٩٦٣ گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەی بادینان و لەوێ لە شەڕی لۆمانە لە ناحیەی ئەتروشدا بەشدار بووە و لە هەمان ساڵدا گەڕاوەتەوە ناوچەی سۆران و لە "گرژان" لە نێوان کۆیە و سلێمانی بووە و دواتر بنکەکەی بردوەتە سەنگەسەر لە ناوچەی قەڵادزێ و سەرئەنجام لەگەڵ



پێشمەرگەکانی گواستراوەتەوە بۆ گەلاڵە و لە مەکتەبی سەرۆکدا ئەرکی خزمەتگوزاری و پێوەندییەکانی بەڕێوەبردوە. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، ئەحمەد حاجی شێخ ئومەر چووەتە زێوە و دوای کۆکردنەوەی کۆمەڵگای زێوە لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە، لەگەڵ نزیک بە ١٠٠ بنەماڵە، ڕەوانەی شاری ساری کراوە. لەم بارەیەوە دەڵێت:

**- (بەم بۆنەیەوە کە لە شۆڕشدا لە حاجی ئۆمەران کاری پێوەندییەکانم بەڕێوە دەبرد، بەشێوەی جۆراوجۆر لە شاری ساری کەوتمە بەر هەڕەشەی ساواک و خەریکبوون بە دژی کوردە پەنابەرەکان کەڵکم لێوەربگرن کە ملم نەدا و تا سەرئەنجام لە ساڵی ١٩٧٨ خۆپێشاندانەکان لە ئێران دەستی پێکرد و دەستیان لە یەخەم کردەوە.)**

ناوبراو بە دوای کۆچی دوایی سەرۆک مستەفا بارزانیدا لە ساڵی ١٩٧٩، بە ڕاسپاردەی ڕەوانشاد ئیدریس بارزانی گواستراوەتەوە بۆ عەزیمیەی کەرەج و هاوکاریی لقی هەشتی پارتی دیموکراتی کردوە. ساڵی ١٩٨٠ لەگەڵ ئیدریس بارزانی چووەتە سلیڤانا. لەوێ توشی نەخۆشی دڵ بووە و بۆ چارەسەر کردنی دووجار ڕەوانەی نەمسا کراوە. ساڵی ١٩٩١ لەگەڵ مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی و بەرەی کوردستانی گەڕاوەتەوە بۆ باشوری کوردستان و کراوە بە ئەندامی لیژنەی کۆمەڵایەتی شێروانی مەزن کە سەربە لیژنەی بالای خزمەتگوزاریی ناوچەی بارزان بووە و لەلایەن حەسۆ میرخان دۆلەمەری، دوکتۆر سەعید ئەحمەد نادر، سەلیم ئەسعەد خۆشەوی و میرخان محەمەدئەمین مێرگەسورییەوە سەرپەرشتی کراوە و ئێستاش لەو لیژنەیەدا بەردەوامە.

ئەحمەد حاجی شێخ ئومەر بەهۆی خزمەتەکانی بە کورد و کوردستان و ڕێبازی بارزانی، خەلاتی شانازی شەڕی لومانای لەلایەن لقی یەکی پارتی دیموکراتەوە لە دهۆک دراوەتێ و ڕۆژی ١٩٩٦/٨/١٦ لە یوبیلی زێڕینی پارتیدا، میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (هیچ شتێک لەوە خۆشتر نییە کە مرۆڤ میدالیای بارزانی پێببەخشرێت. من بە وەرگرتنی ئەم میدالیایە زۆر خۆشحاڵم و ماندووبوونی ڕابردووم لەبیر کرد.)

# عەبدولڕەحمان عەلی حوسێن عەمەر



عەبدولڕەحمان عەلی حوسێن عەمەر ناسراو بە عەبدولڕەحمان بناقی ساڵی ١٩٢١ لە گوندی بناق لە بەرواری باڵا سەربە قەزای ئامێدی لەدایک بووە. ساڵی ١٩٤٢ چووەتە ڕیزی کۆمەڵەی هیوا و دواتر ئەندام بووە لە حیزبی ڕزگاریدا. لەنێوان ساڵانی ١٩٦٠-١٩٦١ بە تاوانی خەباتی سیاسی لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە فەرمانی دەستگیرکردنی دراوە، بەڵام ناوبراو خۆی بەدەستەوە نەداوە و لەگەڵ ئەحمەد شانە جەمیل سوری بامەڕنی ڕایکردوە. ساڵی ١٩٦١ کە بارزانی شۆڕشی ئەیلولی ڕاگەیاند و پەڕییەوە بۆ ناوچەی بەرواری بەهۆی سەعید مەلا عەبدوڵا بارزانی کە یەکێک بووە لە نزیکانی بنەماڵەی بارزانی، بە مەلا مستەفا ناسێنراوە. بارزانی عەبدولڕەحمان بناقی لای خۆی ڕاگرتووە کە لە خزمەتکردن و دروستکردنی خواردنی ڕۆژانەدا هاوکاریی سەعید مەلا عەبدوڵا بکات.

ساڵی ١٩٦٢ کە بارزانی بەدوای پاکبوونەوەی ناوچەی بادینان لە جاش و سوپا بەرەوە ناوچەی سۆران پەڕییەوە، عەبدولڕەحمان عەلی حوسێن عەمەری لەگەڵ خۆی برد و ئیتر لەو ساڵەوە ناوبراو لە خزمەت بارزانیدا بووە. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، عەبدولڕەحمان سەرەتا لەگەڵ بارزانی لە نەغەدە و دواتر لە کەرەج بووە. کاتێک مەلا مستەفا بۆ جاری دووەم ڕۆژی ١٩٧٦/٦/١٩ بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکەی لە ئێرانەوە ڕەوانەی ئەمریکا کرا، ناوبراو لەلای بنەماڵەی بارزانی ماوەتەوە، بەڵام تاسەی دووری بارزانی ناچاری کردوە، ڕۆژی ١٩٧٧/٥/٢ بە نامەیەک لە تەندروستیی سەرۆکەکەی بپرسێت. نامەی عەبدولڕەحمان عەلی حوسێن بە بارزانی دەگات و ئەویش بە

مێژووی ١٩٧٧/٧/٣ وەڵامی نامەکەی دەداتەوە. بارزانی سەرەڕای ڕاگەیاندنی سڵاو و سوپاسی زۆر، خۆی بە خزمەتکاری عەبدولڕەحمان عەلی و هەڤاڵە پێشمەرگەکانی دەناسێنێت و ژێر نامەکەی بەو دێرە واژۆ دەکات: **"خزمەتکار و برای ئێوە مستەفا بارزانی"**



ساڵی ١٩٧٩ کە بارزانی وەفاتی کرد، عەبدولڕەحمان بناڤی وەک سەرپەرشتکاری چێشتلێنەرەکانی بارەگای بارزانی لەلای مەسعود و ئیدریس بارزانی لە ڕاژان بوو. ساڵی ١٩٩١ کە مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکرات و بەرەی کوردستانی گەڕایەوە بۆ مەسیف سەلاحەدین، بناڤی هەمان بەرپرسایەتی لە بارەگای بارزانیدا هەبووە و یەکێک بووە لە پێشمەرگە هەرە باوەڕپێکراوەکانی سەرۆک مستەفا بارزانی، ئیدریس و مەسعود بارزانی.

عەبدولڕەحمان عەلی حوسێن بەهۆی خزمەتەکانی و باوەڕی قورسی بە ڕزگاریی کورد و کوردستان و ڕێبازی مستەفا بارزانی نەمر ڕۆژی ١٩٩٦/٨/١٦ لە یوبیلی زێڕینی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە. بە وتەی ئەحمەد عەبدولڕەحمانی کوڕی، باوکی بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی زۆر خوشحاڵ بووە و شانازی بە وەفاداریی خۆی بە کورد و کوردستان و ڕێبازی بارزانی کردوە.

یەکێک لە نەوەکانی عەبدولڕەحمان بناڤی ساڵی ١٩٩٧ لە دهۆک شەهید بووە و بۆخۆشی دوای ٣٨ ساڵ خزمەت لە بارەگای بارزانیدا ڕۆژی ١٩٩٩/١٢/٩ لەکاتی بەڕێوەبردنی ئەرکەکەیدا لە بارەگای مەکتەبی سەرۆک بە جەڵتەی مێشک کۆچی دوایی کرد.

# عەبدوڵا دەروێش عەلی



عەبدوڵا دەروێش عەلی ناسراو بە عەبدوڵا دەرویش ئەرەدەنی ساڵی ١٩٤٥ لە گوندی ئەرەدەن لە ناحیەی سەرسەنگ "سەرسنگ" لە قەزای ئامێدی لەدایک بووە. ساڵی ١٩٦٠ پۆلی سێیەمی ناوەندی تەواو کردوە و لە ١٩٦١/١١/١٥دا چووەتە ریزی پێشمەرگەکانی ناوچەی دۆسکی ژێری کە ئەسعەد خۆشەوی فەرماندەیان بووە. دواتر لەگەڵ سەعید خەلیل خۆشەوی کەوتووە و لە مەقەڕی پێشمەرگەکان کاری ئیداری پێسپێردراوە. لە ڕێکخستنی نوێی پێشمەرگەکاندا کە بارزانی ساڵی ١٩٦٢ بۆ ناوچەی دهۆکی پێکهێنا و ساڵی ١٩٦٣ عەلی خەلیل بارەگای هێزی لە دهۆک کردەوە، ناوبراو گەڕاوەتەوە بۆ هێزی دهۆکو کراوە بە بەرپرسی کۆگای چەکو تەقەمەنی هێز.

ساڵی ١٩٦٤ لە بارەگای لەشکری یەک لە ناوچەی بەرواری باڵا لە لای مستەفا حوسێن ئامێدی و مەلا سلێمان مەولود ئەرکی نوسینەکانی بەشی بێتەل و گەیاندنیان پێسپاردوە. ساڵی ١٩٦٦ خولی برینپێچی لە ناوچەی باڵەک لە قەسرێ بینیوە و دوای گەڕانەوەی بۆ لەشکری یەک، لە گوندی قومەیە لە ناوچەی بەرواری باڵا لە نەخۆشخانەی شۆڕش لەژێر دەستی دوکتۆر موشێ کە پزیشکێکی کریستیان بووە، کاری کردوە. لە هەمان ساڵدا، خولێکی شەش مانگەی بێتەلی بە پلەی باش لەلای نوری حەیدەری "هوشیار" لە قەسرێ بینیوە. بۆ ماوەی مانگێک بە شێوەی پراکتیک لە بارەگای بارزانی لە حاجی ئۆمەران کاری کردوە و دواتر گەڕاوەتەوە بۆ بارەگای لەشکری یەک و دوای مانگێک سەرلەنوێ بۆ بینینی خولێکی تری بێتەل بە ئامێری نوێ ڕەوانەی ڕایات کراوە. دوای کۆتایی خولەکەی لە بەشی بێتەلی پارتی لە بارزان ئەرکی دراوەتێ و ساڵی ١٩٧١ گواستراوەتەوە بۆ بارەگای بارزانی لە حاجی ئۆمەران.



ساڵی ١٩٧٤ کە حکومەت بە دژی گەلی کورد دەستی بە شەڕ کردەوە، عەبدوڵا دەروێش عەلی ڕەوانەی ئێران کراوە و لە مەکتەبی پێوەندییەکانی شۆڕش لەگەڵ ئێران کە دوکتۆر شەفیق قەزاز بەرپرسی بووە، کاری کردوە. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، ناوبراو سەرەتا لە نەغەدە نیشتەجێ بووە و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ شاری ئەردەکان لە پارێزگای یەزد. ساڵی ١٩٧٩ بە ڕاسپاردەی مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان گەڕاوەتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە گوندی ڕاژان لە ناوچەی ورمێ لە دەزگای بێتەلی مەکتەبی سیاسی کراوە بە جێگری بەشی مخابرەی مەکتەبی سیاسی.

ساڵی ١٩٨٥ پارتی دیموکراتی کوردستان مەکتەب سیاسییەکەی کردوە بە دوو بەش. بەشی ئەسڵی لە ڕاژان و بەشەکەی تری لە لۆلان داناوە. عەبدوڵا دەروێش لەگەڵ ئەو بەشەی لۆلان کاری کردوە و وەک خۆی دەڵێت سێ وەرزی ساڵ لە لۆلان بووە و بە زستانانیش لە ڕاژان. ساڵی ١٩٨٦ لەگەڵ ڕێزدار مەسعود بارزانی چووەتە گوندی "کانی ساردک" لە ناوچەی نێروە و ئەرکی بێتەلی سەرۆکی پارتی بەڕێوە بردوە و شەش مانگ دوای کۆچی دوایی ڕەوانشاد ئیدریس بارزانی لە ساڵی ١٩٨٧دا گەڕاوەتەوە بۆ ڕاژان.

ساڵی ١٩٩١، بەرلە ڕاپەڕین لەگەڵ مەسعود بارزانی لە قاسمەڕەش بووە و دواتر پێبەپێی بەرەوپێشچوونی ڕاپەڕینەکان لە ڕانیە، هەولێر، کۆیە، پردێ، شەقڵاوەو کۆڕێ لەگەڵ سەرۆکی پارتی دیموکرات بووە. دوای شکانی سوپای عێراق لە شەڕی کۆڕێ و دەستپێکردنی وتووێژەکان، سێ جار لەگەڵ سەرۆک بارزانی چووەتە بەغدا و دواتر لە مەسیف سەلاحەدین جێگیرکراوە.

عەبدوڵا دەرویش ئەرەدەنی دوو جار لە شەڕەکانی گوندی "گەرمک" لە ١٩٦١ و دۆسکی ژێرو لە ڕۆژی ١٩٦٤/٨/١٦ بریندار بووە. وەک خۆێ دەڵێت دوو برای و دوو برازاشی بەم ناوانە شەهید بوون: عەبدولڕەحمان نەجاری مەلا دەروێش لە ١٩٩١، ئەحمەد مەلا دەروێش بە کیمیایی لە گوندی یەک ماڵە لە ناوچەی بەرواری باڵا لە ١٩٨٨، حاجی عەبدولڕەحمان مەلا دەروێش ساڵی ١٩٩٦ لە

کەپکی حەمەد ئاغا و بەدرخان حاجی عەبدولڕەحمان ساڵی ١٩٩٥ لە هۆتێل شیراتۆنی هەولێر بە دیلی لەلایەن پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە شەهیدکراوە.

عەبدوڵا دەرویش ڕۆژی ١٩٩٦/٨/١٦ لە یوبیلی زێڕینی پارتی دیموکراتدا بەهۆی خزمەت و چالاکییەکانیەوە میدالیای بارزانی وەرگرتووە. ناوبراو لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (بە حەقیقەت هەستم بەوە کرد کە گەورەترین پلەی دنیا بەمن دراوە و هیچ فیکرێکی ماندوو بوونم نەما و وەک ئەوە بوو کە تازە دەست بە خەبات دەکەم بۆ کورد و کوردستان و سەرخستنی ڕێبازی پیرۆزی بارزانی نەمر.)

## بەهائەدین محەمەد ئەمین



بەهائەدین محەمەدئەمین ناسراو بە سەید بەهائەدین ئیمامی ساڵی ١٩٤١ لە گوندی لاوران سەربە ناوچەی هەڵەبجە لەدایک بووە. ڕۆژی ١٩٦١/٨/٨ بەرلە ڕاگەیاندنی شۆڕشی ئەیلول لەلایەن بارزانییەوە چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی "حەمە گوڵپی" لە ناوچەی هەڵەبجە. لەم بارەیەوە دەڵێت: (سێ ڕۆژ بە دوای پێشمەرگە بوونمدا، سوپای عێراق پەلاماری هەڵەبجەیدا، من چەکم پێنەبوو، بۆتلێکیان بەنزین دامێ کە بیخەم بەدەبابەوە. لەو عەمەلیاتەدا حەمەدەمین قادربەگ، ئەحمەد محەمەد، وەیسی ساڵی. حەمە گوڵپی، سەید فەرەج ئەحمەد شەهید بوون و حەسەن عەینا بەلخەیی دەستی ڕاستی پەڕی.) ساڵی ١٩٦٢ لە ناوچەی هەڵەبجە پێشمەرگەکان لە پەل و بەتالیۆندا ڕێکخراون، بەهائەدین لەگەڵ دوو لە براکانی بەناوی سەیفەدین و باقی لە بەتالیۆنی شەشی بەمۆدا ڕێکخراون و نابراو تا ساڵی ١٩٦٦ لەو بەتالیۆنەدا بووە. لەم بارەیەوە دەڵێت: (لە مانگی پێنجی ساڵی ١٩٦٦دا هەردوو براکانم بەیەکەوە لەلایەن گروپی ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانییەوە کە بە دژی شۆڕشی ئەیلول چەکی ڕژێمی عێراقیان پێبوو، لە "دەرە دۆین" شەهید کران.)

دوای دوو مانگ بەسەر شەهیدبوونی براکانیدا، بەهائەدین دەکرێت بە سەرپەل و هەرلەو ساڵەدا لە شەڕی "نەونۆڵی" لەلایەن چەکدارانی گروپی ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانیەوە بەدیل گیراوە. لەم بارەیەوە دەڵێت: (بردیانمە ملەی "مزیاد" لە ناوچەی نەونۆڵی کە مام جەلال لەوێ بوو. پرسیاریان لێکردم و منیان بە جاسوسی عەبدولوەهاب ئەتروشی ناساند و داوایان لێکردم و گوتیان ئەگەر ببم بە جەلالی ئازادم دەکەن کە من قبوڵم نەکرد. زەنگوڵەی حەیوانیان لە ملم کرد و لە سەربازگەی هەڵەبجە کە بەدەست ڕژێمەوە بوو، زیندانییان کردم. دواتر گواستیانمەوە بۆ بەکرەجۆ و

**شەش مانگ لەگەڵ باوکی فارس باوە لەوێ زیندانی بووم. فەرمانی کوشتنم بۆ دەرچوو، بەڵام من لە زیندان ڕامکرد. مانگی ١ی ساڵی ١٩٦٧ چووم بۆ ماڵی مستەفا مەلا حەکیم لە قەرەداغ و لەوێوە خۆم گەیاندە مەقەڕی پارتی کە لە بەمۆ بوو و فازل تاڵەبانی و مولازم ساڵح لەوێ بوون.)**

لەوێوە لەسەر داوای عەبدولوەهاب ئەتروشی چووەتە ئەوێڵە و لە بەتالیۆنی حەسەن بەگی مەحمود بەگ کردویانە بە سەرپەل. ساڵی ١٩٧٠، کە ڕێککەوتنی ١١ی ئازار واژۆ کرا، لە ناوچەی پێنجوێن کراوە بە پاسەوانی سنور. ساڵی ١٩٧٤ کە شەڕ دەستی پێکردەوە، گەڕاوەتەوە سەرتیز لە ناوچەی گەڵاڵە و لەگەڵ جەلال لاوەرانی کراوە بە فەرماندەی بەتالیۆن و بە دوای بەشداریکردنی لە شەڕی سەرتیزدا گەڕاوەتەوە ناوچەی بیارە و تەوێڵە لە هەورامان و سەرلەنوێ گواستراوەتەوە بۆ بەمۆ.

ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا بەهائەدین محەمەدئەمین چووەتە کۆمەڵگای دووئاوان لە نێوان نەوسود و پاوە و لەوێوە بردوویانە بۆ کۆمەڵگای سەریاس لە پاوە و دواتر گواستراوەتەوە بۆ تەورێز و میانە. لە میانەوە ساواک بە تاوانی ئەندامەتی بە سەرکردایەتی پارتی دیموکرات دووری خستۆتەوە بۆ "هیجران دووز" لە سنوری ئازەربایجانی سۆڤیەت.

ساڵی ١٩٧٩ پاڵی بە شۆڕشی گوڵانەوە داوە و لەگەڵ قادری حەمە ساڵح گەڕاوەتەوە بۆ بەمۆ کە نادر هەورامی بەرپرسی گشتیی ناوچەکە بووە و تا ساڵی ١٩٨٧ بەشێوەی گەڕۆک لە هەوراماندا پێشمەرگە بووە. لەم بارەیەوە دەڵێت: **(ساڵی ١٩٨٧ چووم بۆ ڕاژان و بە خزمەت کاک مەسعود گەیشتم و بە ئەمری ئەو ٤٠٠ کڵاشینکۆفم وەرگرت و کڵاشینکۆفەکانم لەگەڵ مەسعود ساڵەیی، ئەکبەر حەیدەر، سەید فەتحوڵا و ئەحمەد فەتحوڵا گەیاندە قەرەداغ، بەم بۆنەیەوە کاک مەسعود دەمانچەیەکی خەڵات کردم.)**

لە کیمیابارانی ساڵی ١٩٨٨ی هەڵەبجەدا، بەهائەدین محەمەدئەمین لە خورماڵ بە سوکی برینداربووە و گواستویانەتەوە بۆ مەریوان و دوای سارێژ بوونی برینەکەی گەڕاوەتەوە بۆ جوانرۆ. لەوێ ڕژێمی ئێران لەگەڵ فەریدون جوانرۆیی، عەلی ئەکبەر هیدایەت، ئەحمەد ڕەباتی دەستگیری کردون و دوای ٤٠ ڕۆژ بە کفالەت لە زیندان ئازاد بووە.


ساڵی ١٩٩١ لەگەڵ ئازاد قەرەداغی، فەریدون جوانرۆیی، مەسعود ساڵەیی، نەجات حەسەن، ئەکبەر حەیدەر و ژمارەیەک پێشمەرگەی تر گەڕاوەتەوە بۆ

باوەنوور لە ناوچەی دەربەندیخان و کەلار. ئەو لەگەڵ ژمارەیەک پێشمەرگە لە دەربەندیخان ماوەتەوە و ناوچەکەیان لە حکومەت پاک کردۆتەوە و مەقەڕی پارتییان لە دەربەندیخان داناوە. لە دژە هێرشی سوپای عێراق بۆ کوردستان، لە کفری بووە و کەلەکەی چەپەی بریندار بووە. لەم بارەیەوە دەڵێت: **(جەوهەر نامیق سالم لە ماڵێکی دانام کە هی کەسێک بووە بە ناوی مەحمود عەبدولقادر و لەوێ دەرمانیان کردم.)**

دوای هەڵبژاردنی ١٩٩٢، بەهائەدین محەمەد ئەمین کراوە بە فەرماندەی بەتالیۆنی حەوتی لقی سێی خەبات لە لقی سێی دەربەندیخان کە مەلا عەلی زمناکۆ فەرماندەی هێزەکەی بووە. ساڵی ١٩٩٥، نورەدینی کوڕی لە سەرتەک بریندار بوون و دوو برای تری بە ناوەکانی بایزید و عەتا لەگەڵ خوشکەزایەکی بە ناوی عوسمان کەیکاوسی و ئامۆزایەکی بە ناوی بارزان عەبدولڕەحمان شەهیدبوون. بەهائەدین ساڵی ١٩٩٦ کراوە بە فەرماندەی فەوجی حەوتی پارتی دیموکرات و ساڵی ٢٠٠٩ بە پلەی لیوا خانەنشین کراوە. ناوبراو بەشداریی دەیان شەڕی لە ناوچەکانی هەڵەبجە، پێنجوێن، بەمۆ، پشدەر و ناوچەی خۆشناوەتی کردوە. ڕۆژی ١٩٩٦/٨/١٦، بەهۆی خەبات و چالاکییەکانی لە یوبیلی زێڕینی پارتی دیموکراتدا، میدالیای بارزانی وەرگرتووە. لەم بارەیەوە دەڵێت:

**- (بە وەرگرتنی ئەم میدالیایە کە وێنەی سەرۆکمان مەلا مستەفای لەسەرە زۆر خۆشحاڵم.)**

## عەلی خەلیل خۆشەوی



عەلی خەلیل خۆشەوی ساڵی ١٩٢٥ لە گوندی سێلکێ لە ناوچەی مزوری باڵا سەربە قەزای مێرگەسور لەدایک بووە. خەلیل خۆشەوی باوکی ساڵی ١٩٣٥ لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە شەهید کراوە. ساڵی ١٩٤٣ کە بارزانی لە سلێمانییەوە گەڕایەوە بۆ بارزان، عەلی خەلیل وەک پێشمەرگەیەک پاڵی بە بارزانییەوە دا و بەشداریی شۆڕشی ١٩٤٣-١٩٤٥ی کرد و لە چەککردنی بنکەی پۆلیسی شانەدەر، شێروانی مەزن و شەڕی "خێرۆزۆک" لە ١٩٤٣/١٠/١٢ بەشدار بووە. یەکێک بووە لە پێشمەرگە نزیکەکانی بارزانی لە کۆماری کوردستان و خۆشەوی برای لە شەڕی مەلقەرەنی شەهید بووە. دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان لە شەڕەکانی ناوچەی شنۆ و گۆجاردا بەشداری کردوە و دواتر لەگەڵ بارزانی چووەتە ڕوسیا.

لە ڕوسیا بەشی سیاسەتی لە خوێندنگەی پارتی کۆمونیستی یەکێتی سۆڤیەت "پارتی سکولان" خوێندوە و ساڵی ١٩٥٩ لەگەڵ هەڤاڵانی بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ عێراق. تا هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول لە ١٩٦١/٩/١١دا لە گوندی سێلکێ مامۆستایەتی کردوە و بە هەڵگیرسانی شۆڕش گەڕاوەتەوە ڕیزی پێشمەرگەکان. لە ناوچەی بادینان لەگەڵ هێزەکانی بارزانی بووە و لە شەڕی بە سەختی بریندار بووە. دوای پاککردنەوەی ناوچەی بادینان لە جاش و سوپای عێراق، کە بارزانی ساڵی ١٩٦٢ بڕیاری پەڕینەوەیدا بۆ ناوچەی سۆران، هێزەکانی ناوچەی سۆرانی لە لەشکرێک و سێ هێزدا کۆکردەوە. ئەسعەد خۆشەوی کرد بە فەرماندەی لەشکر و عەلی خەلیلی کرد بە فەرماندەی هێزی دهۆک، عیسا سوار فەرماندەی هێزی زاخۆ و حەسۆ میرخان فەرماندەی هێزی شێخان و ئاکرێ. ناوبراو یەکێک بوو لە فەرماندەکانی شەڕی ٤٨ ڕۆژەی چیای مەتینا لە ناوچەی زاخۆ. عەلی خەلیل تا ساڵی ١٩٧٠ لە ئەرکی فەرماندەی هێزی دهۆک مایەوە. و بە دوای ڕێککەوتنی ١١ی ئازاری




۱۹۷۰دا پۆستی فەرماندەی فەوجی پێسپێردرا. ساڵی ۱۹۷۵ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، عەلی خەلیل سەرەتا لە نەغەدە و دواتر لە کەرەج بووە. ناوبراو یەکێک لە فەرماندەکانی هێزی پێشمەرگە بووە کە لە ڕێکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە و هەڵگیرسانی شۆڕشی گوڵاندا ڕۆڵی هەبووە. لەسەرەتای سپتێمبەر "ئەیلول"ی ۱۹۷۵، واتە چوار مانگ و نیو بە دوای جێگیربوونی بارزانی لە ئێران، بەڕێزیان بە هاوکاریی عەلی خەلیل خۆشەوی و دوکتۆر شەفیق قەزاز گواسترایەوە بۆ ئەیالەتی مینیسۆتای ئەمریکا و لە نەخۆشخانەی مایۆ کلینینکی شاری ڕۆچستەر پشکنینیان بۆ کرد. کاتێک مەسعود بارزانی ڕۆژی ۱۹۷۵/۹/۱۰ دەگاتە نیویۆرک، بارزانی لە شاری لۆس ئەنجلۆس لەژێر چاودێری دوکتۆرەکاندابوو. لەبەر ئەوە بەبێ ماتەڵ بوون بەسواری فڕۆکە خۆی دەگەیەنێتە لۆس ئەنجلێس و دەچێ بۆ ئەو هۆتێلەی کە بارزانی لێ بووە. لە یەکەم چاوپێکەوتنی لەگەڵ عەلی خەلیل و شەفیق قەزاز، هێمای خەمباریی لە سیمایاندا دەبینێ و کاتێک لە هەواڵی باوکی پرسیاریان لێدەکات، دەڵێن خەریکی حەمام کردنە و هەرکە پرسیاری ئاکامی پشکنینەکانیان لێ دەکات، ئەوان خۆیان بۆ ڕاناگیرێ و دەگرین. لەم بارەیەوە مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ۲٤۲ی کتێبەکەیدا "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، شۆڕشی ئەیلول، ۱۹٦۱-۱۹۷۵"دا دەڵێت: **(منیش خۆم پێ نەگیرا و تەزوویەکی وەک ئیفلیج بوون بە سەرتاپێی لەشمدا هات و خوێن لە دەمارەکانمدا وەستا.)**

عەلی خەلیل خۆشەوی بەشداریی شۆڕشی گوڵانی کرد، بەڵام بەهۆی پیری و تووش بوونی بە نەخۆشییەکی کوشندە لە ساڵی ۱۹۹۱وە نەیتوانی وەک پێشمەرگە بمێنێتەوە. ڕۆژی ۱۹۹٦/۸/۱٦، لە یوبیلی زێڕینی پارتی دیموکراتدا، بەهۆی خزمەتەکانیەوە، میدالیای بارزانی پێدرا و ڕۆژی ۲۰۱۱/۱/۲۱ کۆچی دوایی کردوە.

## چوارەم گروپی خەڵاتکراوانی میدالیای بارزانی


چوارەم گروپی خەڵاتکراوانی میدالیای بارزانی ڕۆژی ١٩٩٩/١٠/١٣، لە کۆنگرەی دوازدەیەمی پارتی دیموکراتی کوردستاندا بووە. ژمارەیان ٣٧ کەسایەتی و خەباتکار و خزمەتکاری کورد و کوردستان و ڕێبازی مەلا مستەفا بارزانی نەمرە، لەگەڵ هونەرمەند شوان پەروەر کە لەنێوان کۆنگرەی ١٢ و ١٣ی پارتی دیموکراتدا، ڕۆژی ٢٠٠١/٦/٣ میدالیای پێدراوە. لەو ٣٨ کەسایەتییە. لەم کتێبەدا ژیاننامەی ٢٠ کەسایەتی دەکەوێتە بەرچاوتان. لەگەڵ هەوڵی زۆرم، دەستم بە عەلی شنگاری ڕانەگەیشت:

## عزیز قــازی حەمەد ســـورچی



عەزیز قازی حەمەد سورچی ساڵی ١٩٢٨ لە گونـــدی ئافریـــان ســـەربە ناحیەی دەشتی هەریر چاوی بە ژین کـــردۆتەوە. ســـاڵی ١٩٤٣ لە گونـــدی کـانیەلنج ســـەر بە نـاحیەی شـێروان مەزن لە قەزای میرگەســـوی لەگەڵ عەلی قازی سورچی کە برا گەورەی بووە، چەکی هەڵگرتووە و بەشداریی شۆڕشی ١٩٤٣- ١٩٤٥ بارزانی کردوە و ساکۆ کانیەلنجی سەرقۆڵی بووە. ساڵی ١٩٤٥ بەشداریی شەڕی مەیدان مـــۆریکی کـــردوە و هەرلەو ســـاڵەدا لەگەڵ شـێخ ئەحـمەد و بـــارزانی و یاوەرانی لەژێر بۆمبارانی فڕۆکە بۆمبهاوێژەکانی سوپای بریتانیا، ئاوارەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە و لە ١٩٤٦/٣/٢دا چووەتە ڕیزی پارێزەرانی کۆماری کوردستان بە سەرۆکایەتی پیشەوا قازی محەمەد و بەشداریی شەڕی بەرەی سەقزی لە قاراوا کردوە.

دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان بەشدار بووە لە شەڕی قارنێ و قەڵاتان و دەشتی شنۆ و دوای پاشەکشەکردنی شێخ ئەحمەد و زیاتر لە دو هەزار ژن و پیرە پیاو و منداڵی بارزانییەکان بۆ باشوری کوردستان، عەزیز قازی حەمەد سورچی لەگەڵ بارزانی و هەڤاڵانی بەرەو سوڤیەت چووە و بەشداریی شەڕی گەلی قتور و پردی ماکۆی کردوە. بۆ ماوەی نزیک بە ساڵێک لە باکۆ مەشقی سەربازی پێکراوە و دواتر کە بارزانییان لە هەڤاڵانی جیاکردوە و بارزانییەکانیان لە کۆماری ئۆزبەکستاندا بڵاوکردەوە، بۆ ماوەی نزیک بە چوار ساڵ لە کێڵگەی پەمۆدا کاری کردوە و دوای مردنی ستالین و لە سێدارەدانی باقرۆڤ کە بە فەرمانی خرۆشۆڤ بارزانی گەڕایەوە لای هەڤاڵانی و ئیزنی کار و خوێندنی بۆ وەرگرتن، ناوبراو لە زانکۆی تاشکەند



وەرگیرا و لە بەشی مێژوو، سیاسەت و ڕێکخستن ماجستەری لە خوێندنگەی حیزبی کۆمونیستی یەکێتی سۆڤیەت "پارتی سکولان" لە تاشکەند وەرگرت.
ناوبراو لە یەکێتی سۆڤیەت لەگەڵ خاتوونێک بە ناوی زاهیدە بانیا رئیس محەمەد ژیانی هاوبەشی پێکهێناوە و ساڵی ١٩٥٩ لەگەڵ هەڤاڵانی بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ عێراق و خۆی لە کولیجی زمان "اللغات" لە زانکۆی بەغدا وەک مامۆستا دامەزراوە و هاوسەرەکەشی هەرلەو زانکۆیەدا کراوە بە مامۆستا. لەگەڵ ئەوەشدا لە سنوری لقی پێنجی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا خەباتی کردوە. لەگەڵ ڕاگەیاندنی شۆڕشی ئەیلول لە لایەن بارزانییەوە، ناوبراو گەڕاوەتەوە ریزی پێشمەرگەکان و لە هێزی قەرەداغ و هێزی کاوە دا خەباتی کردوە و ساڵی١٩٦٣ سەرلق بوو لە هیزی قەرەداغ و بەشداریی کردوە لە شەڕی قاتەکانی شاری کفریدا کە ڕۆژی ١٩٦٣/٨/٢٨ بیست و هەشت پیشمەرگە بەو ناوانەی خوارەوە بە خیانەتی سیخورەکانی ڕژیم تێیدا شەهید بوون: عەبدولکەریم قادر سلیمان، نامیق قادر مەحمود، فاتیح حەمەشەریف خوامراد، مەحموود ڕەشید حەسەن، حەمەئەمین قادر حەمە عەلی، حوسێن فەرەج مەعروف، عوسمان ئەحمەد خوامراد، ئەحمەد ساڵح عەبدوڵا، ڕۆستەم محەمەد سەعید، غیدان عەلی ئەحمەد، سابیر فەرەج خوامراد، ئەحمەد سەدرەدین عەلی، مستەفا شێخ ئەحمەد قادر، مستەفا ئەکبەر مەحموود، ڕەحیم کەریم محیەدین، عەبود نامیق برزۆ "عەریف عەبود"، کەریم سەعید محەمەد "کەریم ئەبو شوارب"، مەجید ساڵح قادر، حەمە غەریب عەبدولکریم، ئەحمەد حەمە غەریب قارەمان، مولازم عەبدوڵا شێخ مەحموود "سەر لق"، سدیق ئەحمەد قادر، حەمە سەعید فەرەج، عەلی ئیبراهیم فەتاح، محەمەد ئیبراهیم شاسوار، عومەر عوسمان، کەریم محەمەد کریچنەیی.
ساڵی ١٩٦٤ فەرماندەی بەتالیۆنی ٩ی هێزی قەرەداغ و ساڵی ١٩٦٦ فەرماندەی بەتالیۆنی ٤ی هێزی قەرەداغ بووە. روژی ١٩٦٦/٧/٩ لە شەڕی

دەشتی شارەزور لە نزیک دێی قلیجە چاوی ڕاستەی لەدەست داوە. ساڵی ١٩٦٧ سەرلەنوێ کراوەتەوە فەرماندەی بەتالیۆنی ٩ی هێزی قەرەداغ و ساڵی ١٩٦٨ فەرماندەی بەتالیۆنی ٢ی هیزی کاوە بووە. لە ساڵی ١٩٦٩دا بۆ جاری سێیەم کراوە بە فەرماندەی بەتالیۆنی ٩ی هیزی قەرەداغ .

ساڵی ١٩٧٠ کە ڕێککەوتنی ١١ی ئازار واژۆ کرا، عەزیز قازی حەمەد سورچی کرا بە جێگری فەرماندەی فەوجی ٥ی پاسەوانی سنور، بەڵام لە ساڵی ١٩٧١ سەرلەنوێ کرایەوە بە جێگری فەرماندەی هێزی قەرەداغ. ساڵی ١٩٧٤ کە شەڕی ڕژێمی عێراق بە دژی گەلی کورد دەستی پێکرایەوە، کراوە بە فەرماندەی هێزی کەرکوک. بەم هۆیەوە رژیمی بەعس لەو ساڵەدا هاوسەر و منداڵەکانی دەستبەسەر کرد و ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا ئەوانی بە بەرگی بەریان لە سنوری دەستکرد دەرپەڕاند و عەزیز قازی حەمەد سورچی لە کۆمەڵگای نەڵیوانی شنۆ هاوسەر و منداڵەکانی دیتۆتەوە و لەوێوە دەچن بۆ نەغەدە و دواتریش ڕژێمی ئێران دەیانگوازێتەوە بۆ پاریزگای ڕەشت.

بە وتەی خۆشەوی عەلی خۆشەوی کە من ئەم زانیاریانەم لەو وەرگرتووە، ناوبراو لە ماوەی خەباتی پیشمەرگایەتیدا پێنج جار برینداز بووە. ساڵی ١٩٧٦ لەگەڵ هاوسەر و منداڵەکانی ئێرانی جێهێشتوە و لە ویلایەتی کالیفورنیا- سکرامێنتۆ نیشتەجێ بووە. دوای ڕاپەڕینی جەماوەری کوردستان لە ساڵی ١٩٩١وە چەند جارێک بە سەفەر گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان. ڕۆژی ١٩٩٩/١٠/١٣ لە کۆنگرەی ١٢ی پارتی دیموکراتدا بەهۆی خزمەتەکانی بە کورد و کوردستان و ڕێبازی بارزانی میدالیای بارزانی وەرگرتوە. ڕۆژی ٢٠٠٦/٧/٢٥ لە کاتێکدا لەگەڵ هاوسەر و سێ منداڵی گەڕابۆوە بۆ کوردستان، پاش سەردانی مەزاری نەمران لە بارزان و گۆڕستانی شەهیدانی هەڵەبجەی شەهید و شوێنەکانی دیکە، ڕۆژی ٢٠٠٦/٨/١٣ بە خزمەتی مەسعود بارزانی گەیشتوە و یادداشتە دەست نوسەکەی خۆی کە نزیکی هەزار لاپەڕە بووە داوە بە سەروک بارزانی کە سودی لێوەرگرن. بە دوای ئەو دیدارەیدا هەمان ڕوژ بە جەڵتەی دڵ کۆچی دوایی کرد.

# خدر عیسا خدر



خدر عیسا خدر ناسراو بە خدر عیسا دۆڵەمەری ساڵی ١٩٣٠ لە گوندی گویسکە لە ناوچەی مێرگەسور لەدایک بووە. تەمەنی ١٠ ساڵ بووە کە باوکی کۆچی دوایی کردوە. ساڵی ١٩٤٣ لەگەڵ پێشمەرگەکانی هێزی بارزان کەوتووە و ساڵی ١٩٤٥ لەگەڵ هێزەکانی بارزانی و خەڵکی ناوچەی بارزان پەڕیوەتەوە بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان. لە تەمەنی ١٦ ساڵییدا لە کۆماری کوردستان چەکی هەڵگرتووە و لە شەڕی قاراوای سەقزدا بەشدار بووە. بە دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان، خدر عیسا بەشداریی شەڕەکانی دەشتی شنۆی کردوە و دوای گەڕانەوەی بارزانییەکان بۆ باشوری کوردستان، ناوبراو لەگەڵ بارزانی پەڕیوەتەوە بۆ یەکێتی سۆڤیەت. لە ڕێڕەوی بارزانییەکاندا بەشداریی شەڕی گەلی قتور و پردی ماکۆی کردوە.

لە باکۆ پایتەختی ئازەربایجان بۆ ماوەی ساڵێک لەگەڵ هەڤاڵانی مەشقی سەربازی پێکراوە و بەدوای جیاکردنەوەی بارزانی لە هەڤاڵانی و دوورخستنەوە و بڵاوەپێکردنی بارزانییەکان، خدر عیسا بۆ ماوەی نزیک بە چوار ساڵ لە کێڵگەی پەمۆ کاری کردوە و شەوانەش وانەی کوردی و ڕوسی خوێندوە. ساڵی ١٩٥٤ کە ستالین مرد و باقرۆف لە سێدارە درا و بارزانی گەڕایەوە لای هەڤاڵانی و ڕێگەی خوێندن و کارکردنی بۆ کردنەوە. ناوبراو لە بەشی کشتوکاڵی زانکۆی تاشکەند وەرگیرا و یەکێک بووە لە خوێندکارە هەرە زیرەکەکانی زانکۆ. هاوکات یەکێک بووە لە وەرزیشوانەکانی باڵە. گۆڤاری پێشمەرگە لە ژمارەی ٣٤ی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٠دا ئاماژەی بە ئازایەتی خدر عیسا لە خوێندن و وەرزیشدا دەکات کە سەرۆک بارزانی بەو هۆیەوە خەڵاتی کردوە.

ساڵی ١٩٥٩ لەگەڵ هەڤاڵانی بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ عێراق و لە ئیدارەی کشتوکاڵی هەولێر دامەزراوە. تا ساڵی ١٩٦١ و ڕاگەیاندنی شۆڕشی ئەیلول

لەلایەن بارزانییەوە لەوێ کاری کردوە و دواتر چەکی هەڵگرتووە و گەڕاوەتەوە ڕیزی پێشمەرگەکان. ساڵی ١٩٦٢ کراوە بە سەرلق و ساڵی ١٩٦٣ بەشداریی شەڕەکانی سەری ئاکرێ و پیرس و ناوچەی بارزان و بلەی کردوە. ساڵی ١٩٧٠، بە دوای ڕێککەوتنی ١١ی ئازار، خدر عیسا گەڕاوەتەوە سەر کاری پێشووی لە هەولێر و ساڵی ١٩٧٤ سەرلەنوێ چەکی هەڵگرتوەتەوە و چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی ئاکرێ و شێخان کە فەرماندەکەی حەسۆ میرخان دۆڵەمەری بووە و بەشداریی شەڕی چیای حەسەن بەگی کردوە.

ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، خدر عیسا دۆڵەمەری چووەتە زێوە و دوای کۆکردنەوەی کۆمەڵگای زێوە لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە، گواستراوەتەوە بۆ شاری "بردەبیر"ی سیرجان لە پارێزگای کرمان. ساڵی ١٩٧٩، بە دوای ڕووخانی ڕژێمی پەهلەوی، گەڕاوەتەوە بۆ زێوە و لەوێوە بە مەفرەزە لە ناوچەی لۆلان، خواکورک، دەشتی بەرازگر و ئاکرێ و شێخان بووە. بەشداریی شەڕی خەردن لە مێرگەسور و ساڵی ١٩٨٨ کۆرارای لە خواکورک کردوە. هەرلەو ساڵەدا کە ناوچەی بادینان کیمیاباران کرا، ناوبراو لەگەڵ پێشمەرگەکان گەڕاوەتەوە بۆ زێوە. ساڵی ١٩٨٩ لە زێوە هاوسەرەکەی کۆچی دوایی کردوە و خۆی ناچار بووە ئاگای لە منداڵەکانی بێت. ساڵی ١٩٩١ بەشداریی ڕاپەڕینەکانی باشووری کوردستانی کردوە و یەکێک بووە لە پێشمەرگە بەشدارەکانی شەڕی بەناوبانگی کۆڕێ کە سوپای عێراقی تێدا شکا.

ساڵی ١٩٩٦ ئەندامی لیژنەی ناوچەی دۆڵەمەر بووە و ساڵی ١٩٩٩ لە کۆنگرەی ١٢ی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و ڕۆژی ٢٠٠٥/٥/٧ لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی تاران کۆچی دوایی کردوە. توران خانی کچی دەربارەی وەرگرتنی میدالیای بارزانی باوکی دەڵێت:

**- (من لە خوێندنگەی دیلمان لە ناوچەی سۆران بووم کە هاتمەوە بینیم باوکم میدالیای بارزانی بە سنگەوە. کە منی بینی زەردە خەنەی هاتێ و گوتم ئەوە چییە و ئەویش بە شانازییەوە گوتی ئەوە میدالیای بارزانییە. زۆر بە کەیف بوو و شەو تا خەوی لێکەوت، میدالیاکەی بە سنگەوە بوو.)**

## حەسۆ محەمەد حوسێن کەکشار




حەسۆ محەمەد کەکشار حوسێن ناسراو بە حەسۆ محەمەد شێخ سیدەیی ساڵی ١٩١٧ لە گوندی مێرگەسور لەدایک بووە. کوڕی محەمەد کەکشار یەکێک لە پێشمەرگەکانی ساڵی ١٩٤٣یە کە لەو ساڵەدا لە مێرگەسور شەهید بوو. حەسۆ بۆخۆشی ساڵی ١٩٤٣ کە بارزانی لە سلێمانییەوە گەڕایەوە بۆ ناوچەی بارزان، لەگەڵ باوکی پاڵی بە بارزانییەوە دا و بەشداریی شۆڕشی ١٩٤٣-١٩٤٥ و شەڕەکانی شێروانی مەزن لە ١٩٤٥ و مەیدان مۆرک و زاویتەی هەرلەو ساڵەدا کرد. یەکێک بووە لە هەڤاڵانی بارزانی لە کۆماری کوردستان و لە بەرەی شەڕی سەقزدا بووە. دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان لە شەڕی قەڵاتان لە ناوچەی شنۆ بووە کە یەکێک لە ئامۆزاکانی بەناوی حەسەن سلێمان لە شەڕی قەڵاتاندا ئەوە لە سەنگەردا مایەوە کە ڕۆژی ١٩٤٧/٣/١٨ تانکی دوژمن وەسەری پەڕی و شەهیدی کرد.

حەسۆ محەمەد یەکێک بووە لە هەڤاڵانی بارزانی لە یەکێتی سۆڤیەت و بە دوای بەشداریی کردنی لە مەشقی سەربازی لە ئازەربایجان، بەشی کشتوکاڵی لە زانکۆی ئۆزبەکستان تەواو کردوە. ساڵی ١٩٥٩ لەگەڵ هەڤاڵانی بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ عێراق و ساڵی ١٩٦١ کە بارزانی شۆڕشی ئەیلولی ڕاگەیاند، سەرلەنوێ چەکی هەڵگرتۆتەوە و بەشداریی شەرەکانی ناوچەی بادینانی کردوە بۆ پاککردنەوەی هێزەکانی دوژمن لەو ناوچەیەدا.

ساڵی ١٩٦٢ لەگەڵ هێزەکانی تایبەتی سەربە بارزانی پەڕیوەتەوە بۆ ناوچەکانی سۆران و لەگەڵ هێزی سەربە کەکۆ مەلا عەلی مێرگەسوری بووە و بەشداریی شەڕەکانی ئەو ناوچانەی کردوە و تا ساڵی ١٩٧٥ لەوێ درێژەی بە خەبات داوە. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، سەرەتا لە زێوە بووە و دواتر گواستراوەتەوە بۆ مەشهەد و سەرئەنجام لە قەزوێن نیشتەجێ کراوە. تا ساڵی ١٩٩٣ لەو شارە ماوەتەوە و ساڵی ١٩٩٣ گەڕاوەتەوە بۆ باشوری

کوردستان و بەهۆی پیری خانەنشین کراوە. ناوبراو دوو جار لە شەرەکانی گەلی زاویتە لە ١٩٦١ و میدان مۆریک لە ١٩٦٣دا بریندار بووە. حەسۆ محەمەد کەکشار بەهۆی خزمەتەکانی بە کورد و کوردستان و ڕێبازی بارزانی ڕۆژی ١٩٩٦/٨/١٦ میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (زۆر بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی خۆشحاڵ بووم و بە ئیحرامی بارزانی لەسەر سەرمی دادەنێم.)

## فەلەکەدین سابیر حەمود



فەلەکەدین سابیر حەمود ناسراو بە فەلەکەدین کاکەیی ساڵی ١٩٤٣ لە گوندی "عەلی سەرا" لە نزیک شاری کەرکوک لەدایکبووە. گوندەکەیان لە باکوری شاری کەرکوک و لەسەر بیری نەوت هەڵکەوتووە. وەک خۆی لە کتێبی "ڕوناهی زەردەشت"دا دەڵێت: (**بەسەر دەریای نەوتەوە هاتوومەتە ئەم دنیایە! دەڵێن لە هەفتەی یەکەمی زارۆکیمدا بوومەلەرزەیەکی نەتوند ڕوویداوە، ڕەنگە هەر لەبەر ئەوە بێ کە ژیانم تا ئەمڕۆ هەمیشە ئاڵۆز و شڵەژاو بووە، وەکو بڵێی لەسەر بوومەلەرزەیەکی درێژخایەن دەژیم.**) لە گوندی "تۆبزاوە" خوێندنی سەرەتایی و لە کەرکوک ناوەندی و دواناوەندی تەواکردوە. ساڵی ١٩٦٤ لە کۆلیجی رۆژنامەگەری بەغدا وەرگیراوە، بەڵام بەهۆی نەداری و ڕەوشی کۆمەڵایەتی و سیاسی نەیتوانیوە بخوێنێت و ناچاربووە بە یارمەتی بڕادەرێکەوە وانەکانی پەیمانگایەکی ئەهلی ڕۆژنامەگەریی لە میسر وەرگرێت و درێژە بە خوێندن بدات. لە ساڵی ١٩٥٧وە تێکەڵاوی کاری سیاسیی بووە و چووەتە ڕێزی یەکێتی قوتابیانی کوردستان و لە ساڵی ١٩٥٩دا بووەتە ئەندامی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان و لە ساڵی ١٩٦١ تێکەڵاوی خەباتی پیشەیی و کۆمەڵایەتی بووە.

ساڵی ١٩٦٢، یەکەم چیرۆکی کوردی نوسیوەو لە ڕۆژنامەدا بڵاویکردۆتەوە. ساڵی ١٩٦٣، بەهۆی چالاکیی سیاسی و حیزبی لەلایەن دەزگاکانی ئەمن و ئیستخباراتی عێراقەوە داوا کراوە و ناچار بووە بە نهێنی بژی. ساڵی ١٩٦٤، یەکەم وتاری سیاسیی خۆی بە زمانی عەرەبی نوسیوە و لە دوو بەشدا بە وێنەی خۆی لە ڕۆژنامەیەکی بەغدادا بڵاویکردۆتەوە. ساڵی ١٩٦٥، چووەتە ڕیزی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە و لە چیا بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی شۆڕشی ئەیلول بووە و ساڵی ١٩٦٧ سەرەتا وەک پەیامنێر و دواتر سەرنوسەری ڕۆژنامەی التاخی لە بەغدا خەباتی کردوە.

ساڵی ١٩٧٤، کە ڕادیۆ دەنگی کوردستانی عێراق دانرایەوە، فەلەکەدین کاکەیی وتاری بۆ ڕادیۆ نوسیوە و ساڵی ١٩٧٥ بەداوی ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول، سەرەتا لە نەغەدە و دواتر لە کەرەج نیشتەجێ بووە. بەشداریی ڕێکخستنەوەی ئۆرگانەکانی پارتی دیموکراتی کردوە و ڕۆژی ٤- ١٩٧٩/١٢/٢٦ لە کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکراتدا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوە. لە ساڵی ١٩٨٠وە تا ١٩٩١ بەکردەوە سەرنوسەری ڕۆژنامەی خەبات بووە. ساڵی ١٩٩١ ئەندامی لیژنەی ئامادەکاری پارتی دیموکرات بووە بۆ هەڵبژاردنی یەکەم پەرلەمانی کوردستان و لە خولی یەکەمی پەرلەماندا، ساڵی ١٩٩٢ بە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێردراوە و تا ساڵی ٢٠٠٥ ئەندامی پەرلەمانی کوردستان و ئەندامی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان بووە.



لە ساڵی ١٩٩٦وە تا ساڵی ٢٠٠٠ وەزیری ڕۆشنبیری حکومەتی کوردستان بووە، لەو ساڵەدا لەسەر داوای خۆی پۆستی وەزارەتی بەجێهێشتوە، بەڵام وەک ئەندامی پەرلەمان ماوەتەوە و لە ساڵی ٢٠٠١- ٢٠٠٤ وەزیری هەرێم بووە و لە ساڵی ٢٠٠٦ سەرلەنوێ کراوەتەوە بە وەزیری ڕۆشنبیری و تا ساڵی ٢٠٠٩ لەو پۆستەدا بووە. لە ساڵی ١٩٧٢وە تا ئێستا چەندین پۆست و ئەرکی سیاسی و جەماوەری و پیشەیی و سەندیکایی لە ئەستۆ بووە و دوا ئەرکی، ڕاوێژکاری سەرۆک مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بووە. خاوەنی چەندان کتێب و وتاری سیاسی، فەلسەفی و توێژینەوەیە و یەکێک بووە لە توێژەرانی ئایینی یارسان. بەشداری کۆنگرەکانی ٩ تا ١٣ی پارتی دیموکراتی کردوە و ڕۆژی ١٩٩٩/١٠/١٣ لە کۆنگرەی ١٢ی پارتی دیموکراتی کوردستاندا بەبۆنەی خزمەت و چالاکییەکانیەوە میدالیای بارزانی وەرگرتوە. لەو بارەیەوە لە وتوویژێکی تایبەت کە من ڕۆژی ٢٠١٢/٥/١٥ لەگەڵ ناوبراو ئەنجامم داوە، دەڵێت: **(من خۆشحاڵم بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی، چونکە بارزانی خاوەنی بیرێکی قوڵی نەتەوەیی و نیشتمانیی کورد بووە و دانی میدالیای ئەو بەمن شانازییەکی گەورەی ژیانمە.)**

کاکەیی ڕۆژی ۲۰۱۳/۷/۳۱ بەشێوەیەکی کوتوپڕ دڵی لە لێدان کەوت و کۆچی دوایی کرد. ئەم ۲۱ کتێبانەی خوارەوە بەرهەمی ڕەوانشاد فەلەکەدین کاکەیین کە بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی بڵاویکردنەتەوە:

- ڕۆمانی یا نسیب ساڵی ۱۹٦۷، بەغدا بە زمانی عەرەبی.
- کورتەیەک لە شانۆی کوردی، موقەڕات جەبەلی لە کوردستان لە ساڵی ۱۹۸٤ بە عەرەبی.
- لە بارەی خوێندن لە کوردستان و لە شاخ ۱۹۸۵
- کاروانی کاری بەرەیی ۱۹۸۵
- گەلێک بێ ڕۆژنامەی ڕۆژانە، ۱۹۸۸
- قەزافی و کێشەی کورد، بەشی یەکەم، ۱۹۸۹
- ڕۆمانی "کیف علمونا الحقد" نووسەری سۆڤیەتی چۆلۆخۆف لە فارسی کردووە بە کوردی و لە ۱۹۸۵ بڵاو بووەتەوە.

کورتەیەکی بۆ لاوان نووسیوە، لە شاخ، بە زمانی کوردی و عەرەب

- ئەلزەمیر و ئەلحوڕیە بەشی یەکەم ۲۰۰۷
- ئەلزەمیر و ئەلحوڕیە بەشی دووەم ۲۰۰۸
- ڕۆناهی زەردەشت، بە کوردی
- ڕۆناهی زەردەشت، بە کوردی، هەولێر ۲۰۰۹
- موتن نور
- دفاتر کاف، هەولێر
- ایام ڕاژان، یان razhan بە کوردی
- احتفالا الوجود
- البیت الزجاجی للشرق اوسەت ۲۰۱۰
- لمن تتفتح الزهور
- عەلەوییەکان
- جۆرناڵیزم
- شۆڕشی ڕۆحی
- بێداری
- ڕۆژانی ڕاژان

## ئەحمەد سەعید عەزیز



ئەحمەد سەعید عەزیز ناسراو بە ئەحمەد سپینداری ساڵی ١٩٢٥ لە گوندی سپیندار لە قەزای مێرگەسور لەدایک بووە. ساڵی ١٩٣٢ بە بنەماڵەوە لەگەڵ شێخ ئەحمەد ئاوارەی باکوری کوردستان بووە و دوای دانەوەی شێخ ئەحمەد بە حکومەتی عیراق لەلایەن حکومەتی تورکیاوە، بنەماڵەی ئەحمەد سەعید گەڕاونەتەوە بۆ گوندەکەیان. ساڵی ١٩٤٥ چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی شۆڕشی ١٩٤٣- ١٩٤٥ بارزان و ڕۆژی ١٩٤٥/٩/٥ لە شەڕی مەیدان مۆریکدا بریندار بووە. هەرلەو ساڵەدا لەگەڵ بارزانی و بنەماڵەی بارزانییەکان چووەتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و وەک پێشمەرگەیەک بەشداریی کردوە لە پاراستنی کۆماری کوردستاندا و لە بەرەی قاراوادا لەگەڵ هێزەکانی حەمەدەمین میرخان مێرگەسوری بووە.

دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان سەرلەنوێ لە شەڕی دەشتی شنۆدا بریندار بووە و بەهۆی برینەکەیەوە نەیتوانیوە لەگەڵ بارزانی بچێت بۆ ڕوسیا و لەگەڵ شێخ ئەحمەد و ئەو کۆمەڵە ژن، منداڵ و پیرانە گەڕاوەتەوە بۆ ژێردەستی حکومەتی عێراق و بۆ ماوەیەک لە دیانا لە تێلدرکدا ڕایانگرتووە و دواتر گواستویانەتەوە بۆ بەندیخانەی موسڵ. دوو ساڵ لەوێ ڕایانگرتوە و دوای ئازاد بوونی دووریان خستۆتەوە بۆ گوندی دێگەڵە لە ناوچەی کۆیە. ساڵی ١٩٥٤ گەڕاوەتەوە بۆ بێخمە و تا گەڕانەوەی بارزانی لەوێ بووە.

ساڵی ١٩٦١ کە بارزانی شۆڕشی ئەیلولی ڕاگەیاند، ئەحمەد سەعید عەزیز لەگەڵ پێشمەرگەکانی بارزانی کەوتووە و پەڕیوەتەوە ناوچەی بادینان و بەشداریی شەڕی سوپا و جاشەکانی سەربە ڕژێمی کردوە و ساڵی ١٩٦٢ لەگەڵ هێزە تایبەتیەکانی سەربە بارزانی پەڕیوەتەوە بۆ ناوچەی سۆران و لە بالیسان کراوە بە سەرلق. لە شەڕی زەرکاندا خۆی و سێ لە هەڤاڵەکانی بەناوی خدر مەرعان، مەروان لێرەبیری، مەولود حەریری بریندار بوون. ساڵی

١٩٦٣ بۆ جاری دووەم و سێیەم لە شەڕی سپیلک و مەیدان مۆریکدا بریندار بووەتەوە و دوا جار بۆ دەرمان کردنی لە ناوچەی شەڕ دوور خراوەتەوە بۆ ناوچەی مزوریان. ساڵی ١٩٦٤ گەڕاوەتەوە بۆ قەڵادزێ و لەگەڵ سلێمان حادێ، محەمەد عیسا و خانەمیر باوەیی بووەتە پاسەوانی ئیدریس بارزانی و تا ساڵی ١٩٨٧ لەگەڵ ناوبراو بووە. دوای کۆچی دوایی ڕەوانشاد ئیدریس بارزانی ڕۆژی ١٩٨٧/١/٣١دا، ئەحمەد سەعید چووەتە لای نێچیرڤان بارزانی و پاسەوانی ناوبراو بووە.

ئەحمەد سەعید عەزیز بەهۆی خزمەت و چالاکییەکانیەوە، ڕۆژی ١٩٩٩/١٠/١٣ لە کۆنگرەی ١٢ی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و ڕۆژی ٢٠٠٨/١٢/٥ کۆچی دوایی کردوە. بە وتەی سەربەست سەعیدی کوڕی، هەرچەندە باوکی میدالیای بارزانی زۆر لاگرنگ بوو، بەڵام لەوە گرنگتر، ئاواتەخوازی ئازادی کورد و کوردستان و سەرکەوتنی ڕێبازی بارزانی نەمر بووە.

## محەمەد میرزا میرزا سندی




محەمەد میرزا میرزا سندی ساڵی ١٩٥٣ لە گوندی بانک لە ناحیەی باتوفا لە قەزای زاخۆ لەدایک بووە. باوکی محەمەد " میرزا " ساڵی ١٩٦٢ لە شۆڕشی ئەیلولدا لە شەڕی باتوفا لە زەمبیل فرۆش شەهید بووە. محەمەد خۆی ساڵی ١٩٦٧ لە لەشکری ئەسعەد خۆشەوی لە هێزی ئامێدیدا بووەتە پێشمەرگە. ساڵی ١٩٦٩ بەشداریی لە شەڕەکانی سەرسەنگ لە پشت چیای مەتین و شەڕی چیای گارە کردوە. ساڵی ١٩٧٤ لە هێزی ئامێدیدا پەلێکی سەربەخۆی دەستوەشێنی پێکهێناوە و بەشداریی شەڕەکانی گەلی دهۆک و سپیرێز، کەلی شەدا، چیای دهۆکی کردوە.

ساڵی ١٩٧٥ بە دوای ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول چووەتە ناوچەی سندیان لە زاخۆ و دوای ٣- ٤ مانگ هاوکاریی نەجمەدین یوسفی، عوسمان قازی، مەلاتەها بۆسەلی، سەعید بۆسەلی و کۆمەڵێکی تری کردوە کە بە سنوری باکوردا بچن بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵام خۆی لەگەڵ ژمارەیەک لە خزمانی و پێشمەرگەکانی هاوڕێی لە ناوچەکەدا ماوەتەوە. لەم بارەیەوە دەڵێت: (مانگی نۆیەمی ساڵی ١٩٧٥ بوو کە چەند نامەی سەرۆک مەسعود بارزانیمان لە لایەن سەید حەسەن سەید مستەفا زاخۆیی، عەلی "ئەبو نەداڵ"، عومەر یوسف "عومەر لەعلی" پێگەیشت کە دەست بە ڕێکخستنی نهێنی بکەین. ئەوکاتە من بە هاوکاریی هاشم ڕەمەزان "ئەبو عەنتەر" و عومەر یوسف "عومەر لەعلی" مەفرەزەیەکی حەوت کەسیم بە فەرماندەیی براکەم بەناوی ئەحمەد میرزا دروستکرد کە محەمەد غازی، ئەنوەر مەلا حەیدەر، فەندی مەحمود، سەید عەبدوڵا ئیسماعیل، سەید حەسەن، ئەندامی بوون. ئێمە یەکەم ڕێکخستنی نوێ بووین کە هاوکاریمان کردن لە ئامادە کارییەکانی دەستپێکردنی شۆڕشی گوڵاندا. ئەوانەی سەرەوە لە هەر گوندێکدا

چەند کەسێکیان ڕێکخست و ڕۆژی ١٩٧٦/٧/٢٦ مەفرەزەیان دروستکرد. زۆربەی ئەندامانی ئەو مەفرەزانە، کوردەکانی باکوری کوردستان بوون و لە ماوەی چەند ڕۆژدا، چەند عەمەلیاتێکیان کرد. یەکەم تەقە لە سەیارەیەکی گەڕۆک کرا. بۆسەی دووەم بۆسەر گەلی پس ئاغا بوو کە چەند چەکی تێدا گیرا و لەودا محەمەد عیسا گولی شەهید و لە باکوری کوردستانیش پێشمەرگەیەک بەناوی حەمیدی مەلای بریندار بوو. دواتر کەمینی بازن، تەشان و نیر و دواتریش دەستکرا بە شۆڕش. حکومەت هات و ئێمە چووین بۆ ناو عەشیرەتی قەشیریا لە ناوچەی بەرواری لە باکوری کوردستان. کەریم شنگاری، جەوهەر نامیق لە گوندی بێرمان بوون. عومەر یوسف "عومەر لەعلی" هات و ئێمە دەستمان بە عەمەلیات کرد.)

ڕۆژی ١٩٧٩/١٢/١٢، ئەحمەد میرزای برای لە شەڕی باتیفادا شەهید بووە و محەمەد میرزا جێی ئەوی گرتۆتەوە. تا ساڵی ١٩٨٨، لەو مەفرەزەیەدا درێژەی بە خەبات داوە. دەڵێت: (لە ئەنفالی ١٩٨٨دا، ٧٥ کەس بە شێوەی خوارەوە وەبەر ئەنفال کەوتن. لەو ژمارەیە، ١٥ کەس لە بنەماڵەکەی ئێمە بوون لە دوو گوندی بانکی ژووری و بانکی ژێری، لەگەڵ ٥٠ کەس لە گوندی دەرکار عەجەم کە هەموویان پێشمەرگە بوون و ١٠ کەس لە خەڵکی گوندی کەرپت.)

محەمەد میرزا لە ئەنفالەکاندا چووەتە باکوری کوردستان و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ ئامەد. ساڵی ١٩٩١ گەڕاوەتەوە بۆ زاخۆ و کراوە بە فەرماندەی هێزی سەفین. دواتر پۆستی فەرماندەی لیوای ٤٢ی لەشکری یەکگرتووی کوردستانی دراوەتێ و ساڵی ١٩٩٤ کراوە بە فەرماندەی بەتالیۆنی تایبەت و لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی لە سپیلک بووە. بە دوای ئەوەدا کراوە بە فەرماندەی عەمەلیاتی سوپای ١٤ی زاخۆ و ساڵی ٢٠٠٣ ئەرکی فەرماندەی سوپای ١٠ی سپیلکی پێسپێردراوە. ساڵی ٢٠٠٥ کراوە بە جێگری فەرماندەی فەرماندەیی سپیلک کە محەمەد خالید بۆسلی فەرماندەی بووە. ساڵی ٢٠١٣ بە پلەی لیوا کراوە بە ئەندامی فەرماندەیی لەشکری کوردستان.

محەمەد میرزا چوار جار لە شەڕەکانی گەلی دهۆک لە ساڵی ١٩٧٥، شەڕی بێجو لە ساڵی ١٩٨٠ و شەڕی شێخان لە ساڵی ١٩٨٤دا بریندار بووە. هەروەها ساڵی ١٩٩٥ لە کەپکی ئەحمەد ئاغا لە ناوچەی هەریر کەلەکەی ڕاستەی بە سەختی برینداربووە. ڕۆژی ١٩٩٩/١٠/١٣ لە کۆنگرەی دوازدەی پارتی دیموکراتی کوردستاندا، میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (لە ژیانی خۆمدا بە گەورەترین خەڵاتی ژیانمی دەزانم، بەتایبەتی کە بەناوی بارزانییە و وێنەی بارزانی لەسەرە.)

## حەبیب کەلەش عەلی خالید




حەبیب کەلەش عەلی خالید ساڵی ١٩٤٤ لە گوندی باتوفا سەربە قەزای زاخۆ لەدایک بووە. لە بەهاری ساڵی ١٩٦٢دا پێوەندی بە شۆڕشی ئەیلولەوە کردوە و چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی هێزی زاخۆ کە عیسا سوار فەرماندەی بووە. هەرلەو ساڵەدا کراوە بە کادیری ناوچەی زاخۆ و دواتر کراوە بە بەرپرسی ڕێکخستنی چوار گوندی سەربە ڕێکخراوی زاگرۆس.

ساڵی ١٩٦٤ بۆ بەشداریی کردن لە کۆنگرەی شەشەمی پارتی دیموکرات بانگهێشتی قەڵادزێ کراوە، بەڵام بەهۆی نەخۆشیی هاوسەرەکەی نەیتوانیوە بچێت و هەرلەو ساڵەدا کراوە بە نوێنەری یەکێتی قوتابیانی کوردستان. ساڵی ١٩٦٥ کراوە بە کارمەند لە سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان لە ناحیەی "باتوفا" کە بەڕێوەبەرەکەی مالا ساڵح حاجی سلێڤانە بووە. ساڵی ١٩٦٦ بەشداریی کۆنگرەی حەوتەمی پارتی دیموکراتی کردوە لە گەڵاڵە و ساڵی ١٩٦٧ بەرپرسایەتی ڕێکخراوی ڕزگارییان لە ناوچەی سندیان پێسپاردوە. لە ساڵی ١٩٦٨دا ڕەوانەی خولی کادیر کراوە و دوای تەواو کردنی خولەکە، گەڕاوەتەوە سەر بەرپرسایەتییەکەی و ساڵی ١٩٦٩ گواستراوەتەوە بۆ زاخۆ و لە گوندەکانی ناوچەی ژێرجادەی زاخۆ- باتیفا، کردویانە بە بەرپرسی ڕێکخراوی ئازادی. دوای ڕێککەوتنی ١١ی ئازاری ١٩٧٠، لە ڕۆژی ١٩٧٠/٧/١ بەشداریی کۆنگرەی هەشتەمی پارتی کردوە لە ناوپردان و بە دوای ئەو کۆنگرەیەدا کراوە بە ئەندامی جێگری لیژنەی ناوچەی زاخۆ و دواتر بووەتە ئەندامی کارگێڕی لیژنەی زاخۆ.

ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، ڕۆژی ١٩٧٥/٨/٢٠ چووەتە شاری نەغەدە و دواتر گواستراوەتەوە بۆ شاری خومەین و لەوێوە ناردراوەتە ئەراک و دواتریش بۆ دلیجان. ڕۆژی ٤- ١٩٧٩/١٢/٢٦ بەشداریی کۆنگرەی نۆیەمی

پارتی کردوە و ساڵی ١٩٨٠ کە پارتی دیموکراتی کوردستان لیژنەی خەباتی دامەزراند و مەلا تەها بۆسەڵی کرد بە بەرپرسی، حەبیب کەلەش کرا بە کارگێری لیژنەکە. ساڵی ١٩٨١ کراوە بە ئەندامی کارگێری لقی یەکی بادینان و ساڵی ١٩٨٦ گواستراوەتەوە بۆ بەشی دارایی مەکتەبی سیاسیی پارتی و ڕۆژی ٢-١٩٨٩/١٢/١٢ بەشداریی کۆنگرەی دەیەمی پارتی کردوە لە هاشم ئاوای ڕۆژهەلاتی کوردستان.

ساڵی ١٩٨٩ کە بەرەی کوردستانی پێکهات، حەبیب کەلەش ئەرکی ئەندامەتی لە گومرگی قاسمەڕەشی پیسپێردراوە و لەگەڵ حیزبەکانی تری سەربە بەرەی کوردستانی لە گومرگی قاسمەڕەش بەرپرسی دارایی گومرگ بووە. ساڵی ١٩٩٠، بە دوای شەڕی کوەیت بەرپرسایەتی لیژنەی ناوچەی نێروە و ڕێکانی پێسپێردراوە و بە دوای سەرهەڵدانی ساڵی ١٩٩١دا بەرپرسی دارایی لقی دووەمی پارتی دیموکرات بووە. ساڵی ١٩٩٣ یەکێک بووە لە ئەندامانی لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرەی ١٢ لە ناوچەکانی سەربە لقی یەکی دهۆک. ڕۆژی ٦-١٩٩٩/١٠/١٤ بەشداریی کۆنگرەی دوازدەی پارتی دیموکراتی لە هەولێر کردوە و لەو کۆنگرەیەدا میدالیای بارزانی پێدراوە. ناوبراو ساڵی ٢٠٠٢ کراوە بە بەرپرسی ڕێکخستنی لقی یەک و ساڵی ٢٠٠٥ گواستراوەتەوە بۆ دەزگای شەهیدان و ساڵی ٢٠١٠ بەشداریی کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتی کردوە لە شاری هەولێر و هەتا ئێستا لە بەرپرسایەتییەکەیدا بەردەوامە.

حەبیب کەلەش عەلی خالید دەربارەی وەرگرتنی میدالیای بارزانی دەڵێت:

- (میدالیای بارزانی بۆ من و بۆ هەر کوردێک شەرەفێکی مەزنە. وەرگرتنی میدالیای بارزانی بۆمن وەک هێمایەکە کە پێش لە چەوتی مرۆڤ دەگرێ و پاڵپێوەدەنێ بۆ کاری باشتر و خزمەتی زیاتری خەڵک و کوردستان و ڕێبازی بارزانی نەمر.)

## عەلی ئیبراهیم مستەفا سپینداری



عەلی ئیبراهیم مستەفا سپینداری ساڵی ١٩٢٦ لە گوندی سپیندار لە بەرواری ژێری سەربە قەزای ئامێدی لەدایک بووە. ساڵی ١٩٥٨ چووەتە ڕیزی پارتی دیموکراتی کوردستان. ساڵی ١٩٦١ پێوەندی بە شۆڕشی ئەیلولەوە کردوە و لە گوندی سپیندار لە بەرواری ژێری بەشداریی شەڕەکانی سەری گەڤەرکێ، پیروزئاوا، میرسیدا و چیای پانکێی کردوە و دوای پاکبوونەوەی ناوچەی بادینان لە هێزەکانی دوژمن، ناوبراو چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی هێزی دهۆک کە حەسۆ میرخان دۆڵەمەری فەرماندەی بووە. ساڵی ١٩٦٣ بەشداریی شەڕەکانی سەری ئەتروش و گەلی فێرکێی کردوە و لەو ساڵەدا کە ڕژێمی عێراق بە هێزێکی زۆرەوە ویستی ناوچەی بارزان داگیر بکات، عەلی ئیبراهیم بەشداری شەڕەکانی سەری ئاکرێ، شووش و شەرمن و برجیلی کردوە. ساڵی ١٩٦٧ لە شەڕەکانی سەری سپینداری، دزوبێدیلا، بوزوخورسا و پردی سیدای کردوە.



ساڵی ١٩٧٠ کە ڕێککەوتنی ١١ی ئازار واژۆ کرا، عەلی ئیبراهیم کراوە بە پاسەوانی سنوری ناوچەی دهۆک و ساڵی ١٩٧٤ بە هەڵگیرسانەوەی شەڕی حکومەتی عێراق بە دژی گەلی کورد، گەڕاوەتەوە ڕیزی پێشمەرگەکان و لە بەرەی شەڕی گەروی عومەرئاغا و سەرتیز بووە. هەروەها بەشداریی شەڕی سەری حەسەن بەگی کردوە. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، چووەتە پیرانشار و لەوێوە بۆ نەغەدە و لەوێشەوە گواستراوەتەوە بۆ ئەراک. ساڵی ١٩٧٩ کە ڕژێمی پاشایەتی لە ئێران ڕووخا و خومەینی بەدەسەڵات گەیشت، عەلی ئیبراهیم بە ڕاسپاردەی ئیدریس بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ نەغەدە و بەشداریی شۆڕشی گوڵانی کردوە. ساڵی ١٩٨٠ لەگەڵ کاک ئیدریس و شێخ محەمەد خالید گەڕاوەتەوە بۆ گولی گوستە و کەتینە لە ناوچەی مێرگەسور و دوای حەوت مانگ گەڕاوەتەوە بۆ زێوە. ساڵی ١٩٨١ پێوەندی بە هاوسەر و منداڵەکانیەوە کردوە و ئەوانی لە ئەراکەوە گواستۆتەوە بۆ نەغەدە و ساڵی ١٩٨٢ کراوە بە بەرپرسی بەشێک لە پاسەوانەکانی مەکتەبی سیاسی لە ڕاژان. ساڵی ١٩٨٧ بە فەرماندەیی مەفرەزەیەک ڕەوانەی ناوچەکانی گۆتی، شاربازێر و گوندی گۆخلان لە لقی ٣ و ٤ی پارتی دیموکرات لە ناوچەی پێنجوێن کراوە کە عیزەدین بەرواری بەرپرسی بووە ساڵی ١٩٨٨ گواستراوەتەوە بۆ ناوچەی خواکورک و بەشداریی شەڕی گەورەی خواکورکی کردوە و بەهۆی ئازایەتی دوربینێکی بە خەڵات لە مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکرات وەرگرتووە. لە ئەنفال و کیمیابارانی ناوچەی بادینان لە ساڵی ١٩٨٨دا سەرلەنوێ گەڕاوەتەوە بۆ ڕاژان و لە ئەرکی پێشوویدا بەردەوام بووە.

ساڵی ١٩٩١، بەرلە سەرهەڵدانی ڕاپەڕین چووەتە حاجی ئۆمەران و لەوێوە بۆ بێخمە و دواتر دهۆک و شێخان. لە شێخان کراوە بە بەرپرسی سەربازیی لیژنەی ناوچە. لە ڕەوەکەی ١٩٩١دا پەنای بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان بردۆتەوە

و چـــووەتە لای هاوســـەر و منـــداڵەکانی لە نەغەدە و بە دوای وتووێژەکـــانی ١٩٩١دا ســـەرلەنوێ گەڕاوەتەوە بـــۆ باشـــوری کوردســـتان و لە دهـــۆک ئەرکـــی فەرمانـدەی هێـزی پێـدراوە. سـاڵی ١٩٩٧ کە دەزگـای ئەیلـول دامەزرا، عەلـی ئیبـــراهیم مســـتەفا ســـپینداری کـــراوە بە ئەنـــدامی دەزگـــای ئەیلـــول و ڕۆژی ١٩٩٩/١٠/١٣ لە کۆنگرەی دوازدەی پارتی دیموکراتدا، بەهۆی خزمەتەکانیەوە میـــدالیای بـــارزانی بە خەڵات وەرگرتـــووە و ڕۆژی ٢٠٠٠/٧/١٤ کـــۆچی دوایـــی کـــردوە. بە وتەی جمیـــل عەلـــی کـــوڕی بە وەرگرتنـــی میـــدالیای بـــارزانی بە ڕادەیەک خۆشـحاڵ بـوو کە فرمێسـک لە چاوەکانیـدا پەنگـاوی خـواردۆتەوە و گوتوویەتی کورد سەرکەوتووە و ئازارەکانی بەکۆتا هاتن.

## خالید ڕەشید ئیسماعیل




خالید ڕەشید ئیسماعیل ناسراو بە خالید کۆچەر، کوڕی شەهید ڕەشید سمایل گرفیل، ساڵی ١٩٥٧ لە گوندی "گرفیل" سەربە قەزای سێمێل لەدایک بووە. ساڵی ١٩٧٢ چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی بەتالیۆنی یەکی دهۆک کە نیعمۆ سەمەد بەرپرسی بووە. تا ساڵی ١٩٧٥ لەو بەتالیۆنەدا بووە. دوای ڕاوەستانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥دا، ناوبراو لە سێمێل ماوەتەوە و دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی گوڵان، لە ساڵی ١٩٧٦دا خۆی گەیاندۆتە گوندی "بێرمان" لە سنوری نێوان باشور و باکوری کوردستان و لەگەڵ هاشم ڕەمەزان "ئەبو عەنتەر"، جەوهەر نامیق و کەریم سنجاری کەوتووە. بۆ ماوەی ساڵێک لەگەڵ ئەبو عەنتەر بووە و دواتر لەگەڵ شەهید زۆراب و پێشمەرگەکانی، جەولەی ناوچەی دهۆک، زاخۆ و ئامێدی کردوە و لە شەڕەکانی "کورکا" و بازێ لە ناوچەی هەکاری بەشدار بووە.

ساڵی ١٩٧٩ کە سەرۆک مستەفا بارزانی کۆچی دوایی کرد، لە گوندی "هەدریش"ەوە چووەتە شنۆ و بەشداریی کردوە لە چلەی بارزانیدا و دواتر گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەی دهۆک. دووبارە بۆ بەشداریی کردن لە کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکراتدا کە ڕۆژی ٤- ١٩٧٩/١٢/٢٦ لە گوندی دەربەند لە ناوچەی مەرگەوەڕ لە پارێزگای ورمێ پێکهات، گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەی مەرگەوەڕ و زێوە. لەو ساڵەدا لەگەڵ مەفرەزەی سەبری عەلی حەیدەر بووە و دواتر کراوە بە بەرپرسی ئەو مەفرەزەیە و کاتێک پارتی دیموکرات ڕێکخراوەکانی ڕێکخستەوە، خالید کۆچەر کرا بە جێگری ڕێکخراوی شەهید ئەحمەد حاجی حوسێن و دواتر ئەرکی بەرپرسی ڕێکخراوی شەهید هۆرموز مەلیک چەکۆیان پێسپاردوە و ساڵی ١٩٨٨ بەرپرسی ڕێکخراوی پیران بووە.


ساڵی ١٩٨٨ کە ناوچەی بادینان ئەنفال و کیمیاباران کرا، لەگەڵ پێشمەرگەکان و خەڵکی ناوچەکە چووەتە باکوری کوردستان و ڕژێمی تورکیا

گواستویەتەوە بۆ کەمپی پەنابەران لە ماردین و ساڵی ١٩٩١ بە دوای ڕاپەڕیندا گەڕاوەتەوە بۆ باشوری کوردستان. لەم بارەیەوە دەڵێت: **(سەرۆک مەسعود بارزانی پەیامێکی لە ڕادیۆ دەنگی کوردستان بڵاوکردەوە و من بە ئەمری سەرۆک گەڕامەوە بۆ زاخۆ.)** دوای گەڕانەوەی کراوە بە بەرپرسی سەربازیی بەرەی کوردستانی لە دهۆک. لەم بارەشەوە دەڵێت: **(بەرپرسی سەربازی بەرەی کوردستانی بووم و هاوکات هێزی سێمێل مان پێکهێنا و من کرام بە فەرماندەی هێزی سێمێل و دواتر لەو هێزە لەشکرمان پێکهێنا و من کرام بە جێگری لەشکری ٢ی سێمێل و بە دوای ئەوەدا پارتی و یەکێتی فەوجێکیان دامەزراند و منیان کرد بە فەرماندەی فەوج و یزدین حاول لە یەکێتی نیشتمانی بوو بە جێگرم.)**

ساڵی ١٩٩٥ فەجی ٩ لە سێمێل پێکدەهێنن کە سەر بە نێچیرڤان بارزانی بووە و خالید ڕەشید دەکەن بە فەرماندەی ئەو فەوجە و نەسرەدین جەمیل "ئەبو حەکۆ" دەبێت بە جێگری. سەرئەنجام ساڵی ١٩٩٦ ناوی فەوجی ٩ی سێمێل دەکەن بە لیوای ١٥ و سەرلەنوێ خالید ڕەشید دەکرێت بە فەرماندەی لیوای پازدە و لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٨دا کراوە بە فەرماندەی سپیلک و تا ساڵی ٢٠١٣ لەو ئەرکەیدا ماوەتەوە. چەندان جار بە پریشکی گوللەی دوژمن بریندار بووە و لە شەڕی گەلناسکێ دا دەستی چەپەی بە سەختی بریندار بووە. ناوبراو ڕۆژی ١٩٩٩/١٠/١٣ لە کۆنگرەی ١٢ی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی پێدراوە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

**- (زۆری پێ مەمنونم و بە سەرۆک مەسعود بارزانیشم گوت من شایانی ئەوە نیم کە شەرەفی بەخشینی ئەم میدالیایەم پێببەخشرێت، بەڵام ئەو گوتی: "کاتی ئەوە هاتووە و پیرۆزت بێ." زۆری پێخۆشحاڵم، بەو میدالیایە ماندووبوونی هەموو سەردەمی پێشمەرگایەتیم لەبیر کرد و لە هەموو سەروەت و سامانی دنیا بۆ من بایەخی زیاترە.)**

## ئیبراهیم عەلی سەیفەدین




ئیبراهیم عەلی سەیفەدین ناسراو بە مەلا برایم چێی ساڵی ١٩٣٢ لە گوندی چێ لە ناوچەی دۆسکی سەروو سەربە قەزای ئامێدی لە دایک بووە. لە تەمەنی حەوت ساڵییەوە دەستی بە خوێندنی قورئان کردوە و ساڵی ١٩٤٣ بۆ خوێندنی ئاینی چووەتە ئاکرێ و بۆ ماوەی چوار ساڵ زانستی ئیسلامیی خوێندوە. هەرلەو ساڵەدا کە بارزانی لە سلێمانییەوە گەڕایەوە بۆ ناوچەی بارزان و سەردانی ناوچەی ئاکرێی کرد، ئیبراهیم عەلی بە خزمەت بارزانی گەیشتوە و وەک خۆی دەڵێت: **(خولیای ڕەوشت و هەڵسوکەوتی بارزانی بووم.)** ساڵی ١٩٤٦ لە خوێندنگەی مامۆستا حاجی مەلا عەبدولای خۆشناو لە هەولێر و ساڵی ١٩٤٩ لە سلێمانی لەلای مامۆستا عەبدولکەریم مدرس و ساڵی ١٩٥٤ لەلای مامۆستا مەلا مەعسوم خوێندویەتی و ساڵی ١٩٥٧ ئیزنی مەلایەتی وەرگرتووە و کراوە بە ئیمام و خەتیب و لەگەڵ ئەوەشدا زانستی ئایینی بە وانە گوتۆتەوە. بە ئەمری شێخ ئەحمەد و دواتریش مەلا مستەفا بارزانی لە ساڵی ١٩٥٩وە کراوە بە قازی شەرعی ناوچەکانی نێروە، ڕێکان و دۆسکی و ڕۆژی ١٩٧٠/٩/٢١ بەشداریی کۆنگرەی یەکەمی زانایانی ئیسلامی لە گەڵاڵە کردوە و تا ساڵی ٢٠٠١ لە چوار کۆنگرەی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامدا بەشدار بووە.

ساڵی ١٩٧٧ لە سەردەمی شۆڕشی گوڵاندا ناوچەکەی بەجێهێشتووە و چووەتە باکوری کوردستان و لە هێڵی سنوری باکور و باشوری کوردستان لە گوندی شوکە نیشتەجێ بووە. ڕۆژی ١٩٧٩/١/٣ بەڕێوەبەرایەتی ئیستخباراتی بەغدا بە نامەیەک داوای گەڕانەوەی مەلا برایم چێی کردوە و بۆی نوسیوە: **(ئامادەین هەموو زیانەکانت بۆ قەرەبوو بکەینەوە. لە ئامێدی، دهۆک، سلێمانی و هەولێر یان هەرجێیەک کە خۆت دیاریی بکەی، خانووت بۆ دروست دەکەین. مووچەی مانگانە بۆخۆت و بۆ ئەندامانی بنەماڵەکەت دەبڕینەوە و**

**ئەگەر بخوازی خانەنشینتان دەکەین. لەگەڵ ئەوەشدا بەهەموو جۆرێک یارمەتیتان دەکەین و پۆستی سەرۆکی ڕاگەیاندنی فتوای ئیسلامیتان لە هەولێر، سلێمانی و دهۆک دەدەینێ.)**

مەلا برایم چێی لە وەڵامی ئەو نامەیەدا کە من هەردوو نامەم لە نزیکەوە بینیوە، نوسیویەتی: **(من کاغەزی ڕۆژی ۱۹۷۹/۱/۳ تۆم پێگەیشت. ئێمە قەت بەیەک ناگەین.)** ناوبراو بەم جۆرە لە گەڕانەوە بۆلای حکومەت خۆی پاراستوە و لە بەرامبەردا پێوەندی بە مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتەوە گرتووە و وەک نوێنەری بەڕێزیان لە ناوچەکەدا ماوەتەوە و بەرە بەرە لەگەڵ پێشمەرگەکان گەڕاوەتەوە بۆ قوڵاییی سنورەکانی باشوری کوردستان.

ساڵی ۱۹۸۸ بە دوای شەڕی خواکورکدا کە ڕژێمی عێراق ناوچەی بادینانی ئەنفال و کیمیاباران کرد، مەلا برایم سەرلەنوێ گەڕاوەتەوە بۆ هێڵی سنور و بە ڕاسپاردەی مەسعود بارزانی لە گوندی شێخمەمان نیشتەجێ کراوە و وەک خۆی دەڵێت ماڵەکەی وەک بارەگای پێشمەرگەکانی لێهاتووە و بۆ ساتێک لە ئامۆژگاریی کردنی پێشمەرگەکان و خەڵکی ناوچەکە نەوەستاوە و بەرەو شۆڕش هانی داون. مەلا برایم لە مانگی ۱۱ی ساڵی ۱۹۸۹، لەلایەن حکومەتی تورکیاوە دەستبەسەر کراوە و بۆ ماوەی مانگێک لە زیندانی جۆڵەمێرگ ڕایانگرتووە. دوای ئازادبوونی لە زیندان، چووەتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە هەلەج سەردانی مەزاری نەمران بارزانی و کاک ئیدریس کردوە و چەند ئایەت قورئان لەسەر قەبرەکەیان خوێندوە.

ئیبراهیم عەلی سەیفەدین ڕۆژی ۱۹۹۹/۱۰/۱۳ لە کۆنگرەی ۱۲ی پارتی دیموکراتدا، بەهۆی خزمەتەکانی بە کورد، کوردستان و ڕێبازی بارزانی، میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

**- (بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی کە خۆی ڕێگە پێشاندەری سەرکەوتنی کورد و ڕزگاربوونی کوردستانە، زۆر خۆشحاڵ بووم.)**

## نوری خدر عومەر




نوری خدر عومەر ساڵی ١٩٤٩ لە گوندی بێغەبار لە ناوچەی باتوفا لە قەزاری زاخۆ لەدایک بووە. ساڵی ١٩٦٧ چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی بەتالیۆنی هێزی یەکی عیسا سوار لە زاخۆ کە سەید عەبوش فەرماندەی بووە. تا ساڵی ١٩٧٠ لەو بەتالیۆنەدا بووە و ساڵی ١٩٧٠ کە ڕێککەوتنی ١١ی ئازار واژۆ کرا، کراوە بە پاسەوانی سنوری ناوچەی زاخۆ. ساڵی ١٩٧٤ کە ڕژێمی عیراق بە دژی گەلی کورد شەڕی هەڵایساندەوە، نوری خدر و سەید عەبوش گواستراونەتەوە بۆ بەتالیۆنی حاجی قادۆ.

ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، چووەتە سنوری باکوری کوردستان و لە گوندی هەردیش لە قەزای ئولیدەرە لە سەرسنوری باکور و باشور بووە. ساڵی ١٩٧٦ لەگەڵ ڕاگەیاندنی شۆڕشی گوڵان، کراوە بە جێگری مەفرەزەی محەمەد گەودا. ساڵی ١٩٧٩ بۆ پارێزگاری کردن لە کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکرات، چووەتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بە دوای کۆنگرەکەدا کراوە بە فەرماندەی مەفرەزە لە ڕێکخراوی برایم خەلیکدا و لەگەڵ سدیقی حاجی حوسێن گەڕاوەتەوە بۆ لقی یەک کە دوکتۆر جرگیس بەرپرسی بووە. ساڵی ١٩٨٠، سدیق حاجی حوسێن شەهید بووە و ناوی ڕێکخراوەکەیان کردوە بە ڕێکخراوی شەهید حاجی حوسێن.

تا ساڵی ١٩٨٧، نوری خدر لە لقی یەکی بادینان‌دا خەباتی کردوە و بە شێوەی مەفرەزەی گەڕۆک و دەستوەشێن لە جەولەدا بووە. لەو ساڵەدا سەرۆک مەسعود بارزانی چووەتە ناوچەکەیان و بە بڕیاری سەرکردایەتی پارتی دیموکرات، ناوی شەهیدەکانیان لەسەر ڕێکخراوەکان هەڵگرتووە و ناوی ڕێکخراوەکەیان کراوە بە ڕێکخراوی مهاباد.

ساڵی ١٩٨٨، لە ئەنفال و کیمیابارانی ناوچەی بادینان‌دا، نوری خدر چووەتە باکوری کوردستان و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ کەمپی پەنابەرانی ئامەد. تا ساڵی ١٩٩١ لەو کەمپەدا بووە و لەو ساڵەدا گەڕاوەتەوە بۆ زاخۆ و

کراوە بە جێگری کەرتی چواری زاخۆ کە حەمید خواستی فەرماندەی بووە. بە پێکهاتنی هێزی تێکەڵاوی نێوان پارتی دیموکرات و یەکێتی نیشتمانی لە ساڵی ١٩٩٢دا، ناوبراو کراوە بە جێگری عوسمان قاسم لەو هێزەدا.

دوای هەڵوەشانەوەی هێزەکانی هاوبەشی پارتی دیموکرات و یەکێتی نیشتمانی، نوری خدر عومەر کراوە بە فەرماندەی بەتالیۆنی سێی محەمەد خالید بۆسەلی لە لیوای ١٦ی زاخۆدا. لە ڕێکخستنی نوێی پارتی دیموکراتدا لە ساڵی ١٩٩٤ کە سوپا پێکهات، ناوبراو ئەرکی فەرماندەی بەتالیۆنی نۆیەمی لە سوپای ١٤ پێسپێردرا کە عەبدولخالەق بابیری فەرماندەی بووە.

نوری خدر عومەر دووجار لە شەڕەکانی گەروی عومەرئاغا لە ١٩٧٥ و شەڕی چیای مەتین لە ١٩٧٥دا بریندار بووە. کوڕێکی بەناوی سدیق خدر کە پێشمەرگە بووە، لەگەڵ حاجیساڵحی مامی ساڵی ١٩٧٨ بە تۆپی دوژمن لە گوندی بێغەوار شەهید بوون. ناوبراو بەشداریی کۆنگرەکانی ١١ و ١٢ی پارتی دیموکراتی کردوە و لە کۆنگرەی ١٢ی پارتیدا بەهۆی خەبات و چالاکییەکانی، ڕۆژی ١٩٩٩/١٠/١٣ میدالیای بارزانی وەرگرتووە. ساڵی ٢٠٠٣ بەهۆی جەڵتەی دڵ و نەخۆشیی خانەنشین کراوە. دەربارەی وەرگرتنی میدالیای بارزانی دەڵێت:

- (لە ژانمدا مەزنترین شت بوو کە وەرمگرت.)

## مەعروف یونس قادر



مەعروف یونس قادر ناسراو بە مەعروف بن مێردی ساڵی ١٩٤٦ لە گوندی بن مێرد لە دۆڵی ئاکۆیان سەربە قەزای ڕەواندز لەدایک بووە. ساڵی ١٩٦٢ کە سەرباز بووە لە سوپای عێراقدا پێوەندی بە شۆڕشی ئەیلولەوە گرتووە و چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی بەتالیۆنی عیزەت سلێمان بەگی دەرگەڵە و لە بەرەی هەندرێن و کۆڕەک بووە. ساڵی ١٩٧٠ کە ڕێککەوتنی ١١ی ئازار لەنێوان شۆڕشی کوردستان و حکومەتی عێراق واژۆ کرا، ناوبراو کراوە بە پاسەوانی سنووری ناوپردان و ساڵی ١٩٧٤ کە شەڕی حکومەت بە دژی کورد دەستی پێکردەوە، سەرلەنوێ گەڕاوەتەوە بۆ بەرەی هەندرێن و لەوێ کراوە بە سەرپەل و لە لقی سدیق عەبدوڵادا بووە.

ساڵی ١٩٧٥ بە دوای راوەستانی شۆڕشی ئەیلول، مەعروف یونس قادر چووەتە شنۆ و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ سمنان و تا ساڵی ١٩٨٠ لە سمنان بووە و لەو ساڵەدا، منداڵەکانی لەوێ بەجێهێشتووە و خۆی گەڕاوەتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە ڕاسپاردەی فرەنسۆ هەریری لە نەغەدەوە چووەتە ناوچەی پەیمان لە سیدەکان و کراوە بە فەرماندەی پێشمەرگەکانی لقی دوو لە سەردەمی بەرەی جوددا. بەشێوەی مەفرەزەی دەستوەشێن ناوچەکانی شەقڵاوە و سەفین گەڕاوە و بەشداریی شەڕی گەورەی مێرگەسوری کردوە.

ساڵی ١٩٨٧ لە ناوچەی پەیمانەوە گواستراوەتەوە بۆ دۆڵی ئاکۆیان و لە ناوچەی ڕەواندز کە مەلا محەمەدی مەلا قادر بەرپرسی لقی دوو و خورشید شێرە جێگری بووە، هاوکاریی لقی دووی کردوە. ساڵی ١٩٨٨، بەدوای ڕاوەستانی شەڕ لەنێوان ئێران و عێراقدا بەشداریی شەڕی گەورەی خواکورکی کردوە و دواتر لە کیمیابارانی ناوچەی بادینانـدا لەگەڵ پێشمەرگەکان گەڕاوەتەوە بۆ نەغەدە. ساڵی ١٩٩١ کە ڕاپەڕین کرا، لە ڕەواندز بووە و لەوێ کراوە بە فەرماندەی بەتالیۆنی هێزی زۆزک. ساڵی ١٩٩٤، گواستراوەتەوە بۆ

سوپای ٦ی سۆران کە عەمید یەعقوب فەرماندەی بووە و ساڵی ١٩٩٨ کراوە بە فەرماندەی عەمەلیاتی سوپای شەشەم.

مەعروف یونس قادر چوار جار لە شەڕەکانی هەندرێن ١٩٦٦/٥/١٢، گۆڕە نۆک ١٩٦٦، خواکورک ١٩٩٢/٩/٢٢ و ڕەواندز ١٩٩٤ بریندار بووە. ڕۆژی ١٩٩٩/١٠/١٣ لە کۆنگرەی ١٢ی پارتی دیموکراتی کوردستاندا، بەهۆی خەبات و چالاکییەکانی میدالیای بارزانی وەرگرتوە و ڕۆژی ٢٠٠٠/٨/٣٠، لە شەڕ لەگەڵ چەکدارەکانی جوندی ئیسلام کە لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە بە دژی ئەزموونی باشوری کوردستان ڕەوانە کرابوون، لەگەڵ پێشمەرگەیەکی تر بەناوی محەمەد عەزیز لە ناوچەی حاجی ئۆمەران شەهید بووە.

سەبارەت بە بەخشینی میدالیای بارزانی بە مەعروف یونس قادر، بە وتەی فەیسەڵ مەعروفی کوڕی، باوکی زۆر شانازی بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی کردوە و گوتوویەتی تا دەمرم خزمەت بە ڕێبازی بارزانی دەکەم کە کورد سەرکەوێ و کوردستان ڕزگار بێت.

## ئیسماعیل سەعید مستەفا ئیسماعیل



ئیسماعیل سەعید مستەفا ئیسماعیل ساڵی ١٩٣٩ لە گوندی تروانش لە ناوچەی بەرواری باڵا لەدایک بووە. دەرچووی سێی ناوەندییە. دوای گەڕانەوەی مەلا مستەفا بارزانی لە سوڤیەت لە ڕیزی سوپای عێراقەوە پێوەندی بە ڕێکخستنە نهینیەکانی پارتی دیموکراتەوە کردوە و ساڵی ١٩٥٩ شەرەفی ئەندامەتی پارتی دیموکراتی کوردستانی پێدراوە. جموجولێکی بەرچاوی هەبووە لە ناو سوپای عیراق و بەشداری کردوە لە خۆلێکی ڕۆشنبیری کە بە سەرپەرشتی مامۆستا جەمال خەفاف پێکهاتوە. لە ساڵی ١٩٦١ کراوە بە بەرپرسی شانەیەک لە هێڵی لەشکری سەربە ڕێکخراوی سەفین لە شاری کەرکوك. ساڵی ١٩٦٢ بە تاوانی هاوکاریی لەگەڵ ڕێکخراوە نهێنییەکانی پارتی دیموکرات گیراوە و کاتی گواستنەوەی بۆ دادگا، لەلایەن چەند ئەندامێکی ڕێکخستنە نهێنیەکانی پارتی، بە هەمئاهەنگی لەگەڵ بەرپرسی گوستنەوەکەی ڕەفێنراوە و خۆی گەیاندۆتە بارەگای مەکتەبی سیاسی لە چەمی ڕێزان. بۆ ماوەی ساڵ و نیوێک لە بەشی سەربازیدا ماوەتەوە و دواتر لەسەر داوای خۆی گواستراوەتەوە بۆ ناوچەی بادینان.

لە مانگی ٦ی ساڵی ١٩٦٣ لە بارەگای لەشکری یەک جێگری فەرماندەی بەتالیۆن بووە و لەگەڵ عومەر تروانشی و مەلا ئەحمەد نێروەیی بەشداریی لە چەند شەڕی وەک سەری مەتین، سەری ئەرەدنا و گەلی دهوک کردوە. ساڵی ١٩٦٥ بەشداریی خولی پێگەیاندنی کادیری برینپێچی لە قەسرێ کردوە و ساڵی ١٩٦٦ لەبەر کەمی کادیری بێتەل بەهۆی ئەسعەد خۆشەوی و لقی یەکی پارتی ڕەوانەی خۆلی پێگەیاندنی کادیری بێتەل لە گەڵاڵە کراوە و بۆ ماوەی شەش مانگ بە پلەی ممتاز خولەکەی تەواو کردوە. لە لەشکری یەکی دهۆک کراوە بە بەرپرسی بێتەل و تا ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی ١٩٧٥دا

بەرپرسی مخابرەی لەشکری یەکی شورش بووە. دوای ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول لە کوردستان ماوەتەوە و بە کەڵکوەرگرتن لە بەخشینی حکومەت. گەڕاوەتەوە سەر ئیشی پێشووی خۆی لە سوپادا و دوای ماوەیەکی کورت بەهۆی ڕابردووی خانەنشین کراوە. ناوبراو لەم بارەیەوە دوڵێت:



- (سەرەرای ئەمانی پێوەندیم لەگەل سەرکردایەتی پارتی، توانیومە لە کوتایی ساڵی ١٩٧٥ لەگەڵ شەهید عەلی عوبەیدوڵا مایی و شەهید ئیبراهیم عەسکەری یەکەم ڕێکخراوی نهێنی پارتی لە دەڤەری بەرواری باڵا دابمەزرێنین و لەناو جەرگەی دوژمندا درێژە بە خەباتێکی زۆر سەختی نهێنی و پڕلە مەترسی بدەین و دوای دەسپێکردنی شۆرشی گولان، پارتی خاوەن ڕێکخستنێکی فرەوان و تۆکمە بوو. ساڵی ١٩٨٠ ڕێکخستنەکەمان ئاشکرا بوو، دوو لە هەڤاڵانمان بە ناوی شەهید مەسیحا ئیسماعیل محەمەد سەلیم تروانشی و شەهید جەعفەر عەبدوڵا تروانشی کەوتنە دەست دوژمن و لە سێدارە دران و منیش لەگەڵ ئیبراهیم عەسکەری و عەلی تروانشی و ژمارەیەکی تر لە ئەندامە نهێنیەکانمان توانیمان لە ١٩٨١/٣/١٧ خۆمان بگەیەنینە ڕیزەکانی شۆڕشی گولان.)

دوای ڕاکردنی ئیسماعیل سەعید مستەفا، حکومەت فاتمە تەهای هاوسەری و منداڵەکانی بەناوەکانی نەجیبە، هوشیار، بەهزاد، بەهار و هەروەها دوو لە براکانی دەگرێ و بۆ ماوەی زیاتر لە ساڵێک لە زیندانی فەزیلەی بەغدا لە زیندانیان دەکات. لە هەمانکاتدا ناوبرا لە بارەگای لق ١ لە کۆماتە، گەلی بێشیلێ و زێوەی ئەرکی خۆی لە مخابرەی لقی یەک و کارگێڕی ڕێکخراوی شەهید زۆراب دا بەڕێوەبردوە و تا ساڵی ١٩٨٨ کە ناوچەی بادینان ئەنفال و کیمیاباران کرا، ئیسماعیل سەعید دوو خولی پێگەیاندنی کادیری بێتەلی پێکهێناوە و ژمارەیەک کادیری لەگەڵ کارکردن بە بێتەل ئاشنا کردوە. ڕۆژی ١٩٨٨/٨/٢٥ کە ئەنفالی ناوچەی بادینان دەستی پێکرد لەگەڵ هاوسەر و

منداڵەکانی جگەلە کوڕە گەورەکەی کە لە زیندانی ڕژێمدا بووە لە کەرکوک، لە گوندی "هێسێ"ی ناوچەی بەرواری باڵا کە ناوچەیەکی ڕزگارکراو بووە دەکەونە بەر شاڵاوی ئەنفال و چەکی کیمیاوی و بریندار دەبێت و لەگەڵ پێشمەرگەکان و خەڵکی ناوچەکە خۆی دەگەیەنێتە باکوری کوردستان و لەوێوە دەچێت بۆ کۆمەڵگای زێوە و لە بارزان ئاباد شنو نێشتەجێ دەبێ و دواتر ئەرکی کادیری مخابرەی حیزبی پێدەسپێرن و دەچێ بۆ بارەگای مەکتەبی سیاسی لە ڕاژان.

لە بەهاری ساڵی ١٩٩١دا کە ڕاپەڕینی باشوری کوردستان سەریهەڵدا، ئیسماعیل سەعید گەڕاوەتەوە بۆ باشوری کوردستان، سەرەتا لە شاری دهۆک نیشتەجێ بووە و دواتر لە بەشی مخابرەی گشتی لە بارەگای مەکتەبی سیاسی لە مەسیف سەلاحەدین کاری کردوە و ساڵی ١٩٩٣ گواستراوەتەوە بۆ دهۆک و لە سەرکردایەتی لەشکردا کراوە بە سەرپەلی مخابرە و بەرپرسایەتی مخابرەی سوپای یەکی پێسپێردراوە. لەهەمان کاتیشدا بەرپرسی ڕێکخراوی ئاگرینی بارەگای سوپای یەک بووە و سەرئەنجام کراوە بە دامەزراندنی فەرماندەی لەشکری دهۆک بەرپرسیایەتی مخابرەی فەرماندەی فەرماندەیی دهۆکی پێسپێردراوە.

لە ساڵی ١٩٩٩ ئەرکی بەرپرسی ڕێکخراوی چالاکییەکانی بارەگای فەرماندەیی وەرگرتوە و لە هەمانکاتدا کاری مخابرەشی کردوە و هەتا ئێستا لەو ئەرکەیدا بەردەوامە. ئیسماعیل سەعید بەشداریی کونگرەکانی ١٢ و ١٣ پارتی دیموکراتی کردوە و لە کۆنگرەی ١٢ دا، ڕۆژی ١٩٩٩/١٠/١٣ میدالیای بارزانی دراوەتێ. ناوبراو سەبارەت بە وەرگرتنی ئەو میدالیایە دەڵێت:

**- (ئەم خەڵاتە کە میدالیای بارزانی نەمر و هێمای خەبات و تێکۆشان و باوکی ڕۆحی نەتەوەی کوردە، ئەوەندە خۆشحاڵی کردم کە بە زەحمەت بتوانم پەیڤێك پەیدا بکەم کە دەربڕی هەستی من بێت، هەر ئەوەندە دەڵێم ئەم میدالیایە جێگای فەخر و شانازیە و شەرەفێکی گەورەیە بۆ من و بنەماڵەکەم و زۆر لە ئێشوئازار و ماندوو بوونمی کەم کردوە و هەستم کرد کە خەباتم بە فێرو نەچووە و لە سایەی خەباتی پارتی و بارزانی نەمردا ئەمڕۆ کوردستان ئازادە و ڕۆژ بەدوای ڕۆژیش لە سەرکەوتنی هێجگاری و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان نزیک دەبینەوە.)**

# شێخۆ شێرۆ ئێدلبی




شێخۆ شێرۆ ئێدلبی ساڵی ١٩٣٢ لە گوندی ئێدلبی لە ناوچەی شێروانی مەزن لە قەزای مێرگەسور لەدایک بووە. ساڵی ١٩٦١ چەکی هەڵگرتووە و لەگەڵ ئەسعەد خۆشەوی کەوتووە. لەو ساڵەدا لە گوندی سێلکێ بەهۆی بۆمبارانی فڕۆکەکانی عێراق، لاقی ڕاستەی بریندار بووە و نەیتوانیوە لەگەڵ هێزەکانی بارزانی بچێت بۆ ناوچەی بادینان. ساڵی ١٩٦٣ کە ڕژێمی عێراق بە هێزێکی کۆکراوە گەڕایەوە بۆ ناوچەی بارزان و لە سەری ئاکرێ و پیرسەوە هێرشی هێنا، شێخۆ شێرۆ بەشداری شەرێ سەری ئاکرێ و ملی بلە و بارزانی کرد و دەڵێت لەوی حەوت لە پێشمەرگەکانی هاوڕێی شەهیدبوون، بەڵام دوژمن شکا و بەرەو ڕێزان پاشەکشەی کرد. لەو شەڕەدا، ناوبراو فەرماندەی بەتالیۆنی پێشمەرگەکانی هێزی تۆفان بووە کە لوقمان بارزانی سەرۆکایەتی کردوە و ناوبراو لەگەڵ پێشمەرگەکانی چووەتە گوندی بێرسیاڤ و ئازوقە و خواردنی بۆ پێشمەرگەکانی بەرەی شەڕ کۆکردۆتەوە و دواتر محەمەدی برای ئەو ئەرکەی بۆ پێشمەرگەکانی بەرەی پیرس لەسەر شان بووە. شێخۆ شێرۆ ئێدلبی سێ جار بە دوای یەکتردا بەشداریی شەڕی چیای پیرسی کردوە و لەگەڵ حالی دۆڵەمەری لە شەڕی "چەمی شانیک" و چەمی ڕێزاندا حەوت سەربازیان بەدیل گرتووە.

ساڵی ١٩٦٤ پەریوەتەوە ناوچەی سۆران و بە دوای تێکچوونی وتووێژی نێوان حکومەت و شۆڕشدا، بەشداریی شەڕی خەلان و سپیلکی کردوە. ساڵی ١٩٧٠ کە ڕێککەوتنی ١١ی ئازار واژۆ کرا، شێخۆ شێرۆ ئەرکی پاسەوانی سنوری پێدراوە و ساڵی ١٩٧٤ کە شەڕ دەستی پێکردەوە بەشداریی شەڕەکانی "بادلیا"، سەرتیز، بێشێ و گەرووی عومەرئاغای کردوە. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، ناوبراو چووەتە سنوری نێوان باکور و باشوری کوردستان و لەگەڵ دەستپێکردنی شۆڕشی گوڵان لە ساڵی ١٩٧٦دا لەگەڵ

نـزیکەی ١٥٠ پێشـمەرگەی تـر کە لەو نـاوچەیەدا بـوون، لەگەڵ هێزەکـانی سـەرکردایەتی کـاتیی پـارتی دیمـوکرات کەوتـووە و ڕێکخـراوی "بۆتین"یـان دامەزرانـدوە لە پێوەنـدی لەگەڵ سـامی عەبـدولڕەحمان لە نـاوچەی هەرکـی بنەجێ مەقەڕیان داناوە.

لە ساڵی ١٨٧٧وە تا ساڵی ١٩٨٠ لە ناوچەی هەرکی بووە. ساڵی ١٩٨٠ کە شەڕی نێوان عێراق و ئێران هەڵگیرسا، دەست و باڵی پێشمەرگەکان کرایەوە توانیان پەرە بە هێزی خۆیان بدەن و بنکەکانیان بگوازنەوە بۆ قوڵایی باشوری کوردستان. ساڵی ١٩٨٦، فەیلەقی پێنجی سوپای عێراق هەوڵی داگیرکردنی ناوچەی شێروانیدا کە بارەگاکانی پێشمەرگە لەو ناوچە دوور بکەنەوە و ١٥٠ هەزار دیناری عێراقیان بۆ گرتن یان کوشتنی شێخۆ شێرۆ دیاری کرد، بەڵام شێخۆ و کوڕ و خزم و پێشمەرگە هاوڕێکانی لە بەرامبەر دوژمندا ڕاوەستان و سەرداری کوڕی لە شەڕێکی قورسدا بریندار بوو و بۆ چارەسەری ڕەوانەی ئێرانیان کرد. تا ساڵی ١٩٨٨ کە فەرماندەی مەفرەزە بووە، دوو جار لە قشڵەی شێروان و سێ جاریش لە گردەسوری قەڵاتی شێروانی داوە. دوو جار لە "تاتکێ"وە تا شێروان پاشەکشەیان بە دوژمن کردوە. چوار جار لە قشڵەی "چامە" لە ناوچەی شێروان و سێ جار لە ناوچەی "کۆڵانی سورەک"یان داوە و جاریکێش هێرشی جاشەکانیان لە چیای پیران بۆسەر ناوچەی "کۆلاکان و گرکال" شکاندوە.

ساڵی ١٩٨٨ کە شەڕی نێوان ئێران و عێراق بەکۆتا هات، سوپای عێراق لە هەموو لایەکەوە پەلاماری کوردستانی دا و بە دوای شەڕی قورسی خواکورک، سوپای عێراق بە هاوکاری حەوت فەوجی جاش هێرشی کردوەتە ناوچەی بەرپرسایەتی شێخۆ شێرۆ لە شێروان و ناوچەی مزوری باڵا کە هەردوو جار دوژمنیان ناچار کردوە ئەو شوێنانە بەجێهێڵێت و کاتێک ناوچەی بادینان کیمیاباران کرا شێخۆ شێرۆ لەگەڵ ماڵ و منداڵ و پێشمەرگە هاوڕێکانی بە سنوری تورکیادا چوون بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و خۆیان گەیاندوەتە کۆمەڵگای زێوە.

ساڵی ١٩٩١، سەرلەنوێ لەگەڵ مەفرەزەیەکی پێشمەرگە گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەی دیانا و لە سەری سپیلک مەقەڕی داناوە. ساڵی ١٩٩٣ مەقەڕەکەی گواستۆتەوە بۆ سەری بڵند و پاسەوانی ماڵی سەرۆک بووە و دواتر کراوە بە فەرماندەی بەتالیۆنی یەک لە گوندی ئێدلبی. حەوت جار لە شەڕەکاندا

بریندار بووە. کاتی هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢ ویستویەتی ئاڵای پارتی بەسەر تیری کارەباوە بکات کە کارەبا لە دەستی ڕاستەی داوە و لێی کردۆتەوە. کوڕێکی بەناوی کاوە ١٩٩٥ لە ناوچەی ڕەواندز شەهید بووە. هەروەها جەیتۆ و پوشۆ و سەرداری کوڕی بریندار بوون. سەردار لەگەڵ وجییە بارزانی بووە و لە ئازادکردنی عێراقدا بە فڕۆکە بۆمبهاوێژەکانی ئەمریکا بریندار بووە و دەماری دەستی ڕاستی لەکار کەوتووە.

شێخۆ شێرۆ بەشداری کۆنگرەی ١٠ تا ١٣ی پارتی دیموکراتی کردوە و لە کۆنگرەی ١٢ی پارتیدا ڕۆژی ١٩٩٩/١٠/١٣ میدالیای بارزانی پێدراوە. لەم بارەیەوە دەڵێت:

**(زۆر خۆشحاڵم بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی و بنەماڵەکەشم بە ڕادەی من خۆشحاڵ بوون و شانازی پێوە دەکەین.)**

## عەزیز مەحمود کەریم



عەزیــز مەحمــود کەریــم ناســراو بە مەلا عەزیــز مەخمــوری ســاڵی ١٩٤٢ لە مەخمــور لەدایــک بــووە. ســاڵی ١٩٥٩دا چــووەتە ڕیــزی پارتــی دیموکراتــی کوردستان و هەرلەو ساڵەدا لەلایەن حکــومەتی عێــراقەوە بە ســـەرباز گیــراوە. تــا ســاڵی ١٩٦٣ سـەرباز بــووە و لەو ســاڵەدا کە بەعســییەکان کودەتایــان کــرد، نـــاوبراو ڕایکـــردوە و چـــووەتە ڕیـــزی پێشمەرگەکانی دەشتی هەولێر کە فارس باوە فەرماندەیان بووە.

ســاڵی ١٩٦٦ کــراوە بە بەرپرســی لیــژنەی جوتیارانی دەشتی هەولێر سەربە لقی دوو کە عەلی هەژار بەرپرسی بووە. ساڵی ١٩٦٩ ئەندامی ناوچەی جوتیاران بووە و ســاڵی ١٩٧٠ بە دوای ڕێککەوتنــی ١١ی ئــازاردا کــراوە بە بەرپرســی لیــژنەی نــاوچەی عەنکــاوە و هەرلەو ســاڵەدا گواســتراوەتەوە بــۆ قوشــتەپە و کــراوە بە بەرپرسی ڕێکخراوی قوشتەپە. لە ساڵی ١٩٧١- ١٩٧٢دا بەرپرسی ڕێکخراوی "گوێڕ"ی سەربە ناوچەی مەخمور بووە و لە ساڵی ١٩٧٢دا کارگێڕی ناوچەی مەخمور بووە. ساڵی ١٩٧٤ کە شەڕ دەستی پێکردەوە، عەزیز مەحمود لە ڕیزی پێشمەرگەکانی دەشتی مەخمور، ئەرکی ڕێکخراوی مەخموری بەڕێوە بردوە.

ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، سەرەتا لە نەغەدە بووە و دواتر گواستراوەتەوە بۆ ئیسفەهان. لەوێ چەند جارێک لەلایەن ساواکی ئێرانەوە هەڕەشەی لێکراوە کە بەشوێن خەباتی سیاسی نەکەوێت، بەڵام ناوبراو لە ئەرکــی حیزبــی نەپچــڕاوە و ســاڵی ١٩٧٩ بە ڕاسپاردەی ئیــدریس بــارزانی گەڕاوەتەوە ڕۆژهەڵاتــی کوردستان و لە نەغەدە نیشتەجێ بووە و سەرلەنوێ لە لقــی دووی پارتیــدا درێــژەی بە خەبــاتی نهێنــی داوە و ســاڵی ١٩٨٢ بە مەفرەزە گەڕاوەتەوە بۆ قەندیل و لەوێ لەگەڵ بەرپرسانی لقی دوو ماوەتەوە و دوای ماوەیەک مەقەڕەکەیان گۆاستۆتەوە بۆ دۆڵی بالیسان.

مەلا عەزیز مەخموری لە ئەنفال و کیمیابارانی بالیسان و شێخ وەسان، لە چیاکانی دوور لە بالیسان بووە و سەرپەرشتی بەشی سەربازیی لقی دووی کردوە. لە ڕاپەڕینی ساڵی ۱۹۹۱ی باشوری کوردستان لەگەڵ پێشمەرگەکان بە خڕی ناوزەنگدا خۆیان گەیاندوەتە ڕانیە و دواتر لقی دوو ئەوی ڕەوانەی ناوچەی زرار کردوە و لەوێوە کراوە بە بەرپرسی یەکەمی لیژنەی بەرەی کوردستانی لە قەزای مەخمور. لە هێرشی سوپای بەعسدا کە ڕۆژی ۱۹۹۱/۳/۲۷ ئەنجامی گرت و کەرکوک و هەولێر و سلێمانی و شەقڵاوەی داگیر کرد، ناوبرا چووەتە کۆڕێ و بە دوای شکانی دووبارەی سوپای عێراق لە کۆڕێ، گەڕاوەتەوە بۆ هەولێر و کراوە بە بەرپرسی لیژنەی ناوچەی بڕانەتی سەربە لقی دووی هەولێر.

لە هەڵمەتی هەڵبژاردنی ساڵی ۱۹۹۲دا کادیرێکی چالاک بووە و ساڵی ۱۹۹۵ لە لیژنەی ناوچەی بڕانەتییەوە گەڕاندویانەتەوە بۆ ناوەندی لق و هەتا ئێستا بەرپرسی مەکتەبی کۆمەڵایەتی لقی دووی هەولێرە. چوار برای مەلا عەزیز لە شۆڕشەکانی ئەیلول و گوڵاندا شەهید بوون کە ناوەکانیان بریتییە لە: کەریم ساڵی ۱۹٦۹ لە گوندی قەشفا لە دەشتی هەولێر، خالید ساڵی ۱۹۷٥ لە گوندی پلوسە لە ناوچەی خۆشناوەتی، مەغدی لە ساڵی ۱۹۷٦ لەنێوان نەغەدە و مهاباد بە ڕووداوی ئوتۆمبیل و عەلی ناوسراو بە مام عەلی ساڵی ۱۹۸٦ لە سنوری مەسیف سەلاحەدین.

مەلا عەزیز مەخموری ڕۆژی ۱۹۹۹/۱۰/۱۳، لە کۆنگرەی ۱۲ی پارتی دیموکراتی کوردستاندا میدالیای بارزانی پێدراوە. لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (زۆر خۆشحاڵ بووم، لە هەموو شتێک بایەخی بۆمن پترە، وەڵامدەری خەبات و زەحمەتەکانم و ئاوارە بوونمە. هیوادارم سەرکردایەتی پارتی دیموکرات لە دانی میدالیای بارزانی بە کەسانی لایق و شایستەدا بەردەوام بن.)

## ڕەمەزان عیسا شەریف



ڕەمەزان عیسا شەریف ناسراو بە ڕەمەزان عیسا ساڵی ١٩٣٥ لە گوندی سێلکێ لەدایک بووە. کوڕی عیسا شەریف سێلکییە کە دوژمن ساڵی ١٩٣٦ لەگەڵ خەلیل خۆشەوی سەری بڕیوە. ناوبراو ساڵی ١٩٥٩ لە سوپای عێراقدا پلەی نایب زابتی هەبووە. کاتی سەرهەڵدانی شەواف لە موسڵ لە ١٩٥٩دا، ڕەمەزان عیسا وەک خۆی دەڵێت بەرپرسی پارتی بووە لە هەولێر و خورشید شێرە جێگری بووە. ساڵی ١٩٦١ لەگەڵ ئەحمەد عیسای برای، بەنهێنی کاری حیزبیان بەڕێوەبردوە و لە ڕەوتی خەباتی نهێنیدا، ساڵی ١٩٦٢ ئەحمەد عیسا بۆ دوژمن ئاشکرا بووە و ناوبراو لەگەڵ ئەحمەد سورچی، نعمان عیسا و ڕەمەزان عیسا ڕایانکردوە و چوون بۆلای بارزانی لە قەڵادزێ. ئەحمەد عیسا لە بەشی مخابرەی گشتیدا ئەرکی پێسپێردراوە و ڕەمەزان عیسا لە بەشی ئیداریدا کاری دراوەتێ.

ساڵی ١٩٦٣ لەگەڵ مەحمود کاوانی بووە لە بێتواتە و دوای شەهید بوونی کاوانی، چووەتە ناوچەی بادینان و لە بارەگای هێزی بادیناندا کە ئەسعەد خۆشەوی فەرماندەی بووە، ئەرکی نوسینەکانی هێزی بەڕێوە بردوە. ساڵی ١٩٦٤ کراوە بە جێگری فەرماندەی هێزی زاخۆ کە عیساسوار فەرماندەی بووە. لە ساڵی ١٩٦٥وە گواستراوەتەوە بۆ بەشی پاراستنی پارتی کە مەسعود بارزانی بەڕێوەبەری بووە. ساڵی ١٩٧٠ بەدوای واژۆکردنی ڕێککەوتنی ١١ی ئازاردا کراوە بە پاسەوانی سنوری زاخۆ و ساڵی ١٩٧٤ بەشداریی شەڕەکانی ناوچەی زاخۆی کردوە.




ساڵی ١٩٧٥ بە دوای ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلولدا چووەتە زێوە و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ گنبدکاوس و وەرامین. ساڵی ١٩٧٨ ئێرانی بەجێهێشتوە و چووەتە ئەلمانیا و دوای دە ساڵ مانەوە لە ئەڵمان، ساڵی ١٩٩٨ گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان و لە زاخۆ نیشتەجێ بووە و درێژەی بە خەباتی حیزبی داوە. ڕۆژی ١٩٩٩/١٠/١٣ لە کۆنگرەی ١٢ی پارتی دیموکراتی کوردستاندا، بەهۆی خزمەتەکانیەوە میدالیای بارزانی وەرگرتووە و ڕۆژی ٢٠٠٨/٧/١٠ کۆچی دوایی کردوە.

## مەلحەم مژدین دری



مەلحەم مژدین دری ١٩١٦ لە گوندی دری لە ناوچەی شێروانی مەزن لە قەزای مێرگەسور لە دایک بووە. ساڵی ١٩٦٣ چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی هێزی باڵەک لە ناوچەی باڵەکایەتی. ساڵی ١٩٦٣ کە سوپای عێراق پەلاماری گەورەی ناوچەی بارزانیدا، ناوبراو لەگەڵ هێزی تایبەتی سەربە بارزانی پەڕیوەتەوە بۆ ناوچەی بارزان و بەشداریی شەڕەکانی سەری ئاکرێ و سەری پیرس و ملی بلەی کردوە. بە دوای شکانی سوپای عێراق لەو ناوچەیە و پاشەکشەکردنی، لەگەڵ بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەی سۆران و کراوە بە سەرلقی پێشمەرگەکانی هێزی باڵەک کە عەبدوڵا ئاغای پشدەری فەرماندەی بووە.

ساڵی ١٩٦٨، مەلحەم مژدین گواستراوەتەوە بۆ ناوچەی سیدەکان و لقەکەی سەربە سەعید وەلی بەگ یەکێک لە فەرماندەکانی سەردەمی کۆماری کوردستان و دەشتی شنۆ بووە و لە لاپەڕەکانی پێشوودا ئاماژەم بۆ ژیان و خەباتی ناوبراو کردوە. ساڵی ١٩٧٠، بە دوای ڕێکەوتنی ١١ی ئازار، ئەرکی پاسەوانی سنوری ناوچەی سیدەکانی پێسپێردراوە و ساڵی ١٩٧٤ بەشداریی شەڕەکانی ناوچەی ڕەواندزی کردوە.

ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، لەسەرەتادا چووەتە کۆمەڵگای زێوە و دوای کۆکردنەوەی ئەو کۆمەڵگایە لەلایەن ڕژێمی ئێرانەوە، ڕەوانەی کرمان کراوە و لەوێشەوە گواستراوەتەوە بۆ تەورێز. لەگەڵ ڕاگەیاندنی شۆڕشی گوڵان، مەلحەم مژدین خۆی گەیاندۆتە کەرەج و چاوی بە ئیدریس بارزانی کەوتووە و بە ڕاسپاردەی کاک ئیدریس چووەتە ناوچەی هەرکی بنەجێ و ساڵی ١٩٧٧ لەگەل مستەفا نێروەیی، حەمید ئەفەندی، عەریف یاسین، مولازم یونس و مەلازم محەمەد کەوتووە و بە مەفرەزە لە یەکەکانی سوپا و جاشەکانی داوە.




ســـاڵی ١٩٨٦ لـەگـەڵ هێـــزی خـەبـــات بـە فـەرمانـــدەیی ســـەلیم ئـەســـعـەد خۆشـــەوی لـە ناوچـەکـانـی شـێروانـی مـەزن و نـاوچـەی مـزوری بووە و سـاڵی ١٩٨٨ بـەشـداریی شـەڕی گـەورەی خواکــورکی کــردوە و هـەشــت پێشــمـەرگـەی لـە ڕێکخـراوی چوارچـڵ و موسـەکدا شـەهید بـوون. بـە دوای شـــەڕی خواکـــورک و کیمیابـــارانی ناوچـەی بادینان لـەگـەڵ هێزەکـەی گـەڕاوەتـەوە بــۆ زێــوە و تــا ســاڵی ١٩٩١ و ســەرهـەڵدانی ڕاپـەڕین لـەوێ بووە.

بـەرلـە ڕاپـەڕینـی مـانگی سێی ساڵی ١٩٩١ لـەگـەڵ سـەلیم ئـەسعـەد خۆشـەوی گـەڕاوەتـەوە بـۆ نـاوچـەی سۆرانو سـاڵی ١٩٩٢ کـراوە بـە فـەرمانـدەی بـەتـالیۆنی هێزی بـارزان و تـا سـاڵی ٢٠٠٣ لـەو پۆستـەدا ماوەتـەوە. بـەشداریی بـەشێک لـە شـەڕەکانی ناوچـەی سۆران و بـارزانی کـردوە و کــورێکی بـەنــاوی ســەبـاح ســاڵی ١٩٩٥ لـە شــەڕی قـەســرێ شــەهید بــووە. لـە کــۆنگرەی ١٢ی پــارتی دیموکراتـــدا، ڕۆژی ١٩٩٩/١٠/١٣ میـــدالیای بـــارزانی وەرگرتووە. بـە وتـەی عـەبـدوڵا مـەلـحـەمـی کوڕی، بـاوکی بـە وەرگرتنـی میـدالیای بارزانی زۆر خۆشحاڵ بووە.

## حەمید حەسەن مستەفا



حەمید حەسەن مستەفا ناوسراو بە حەمید سوری ساڵی ١٩٣٨ لە گوندی عەشیرەتی مستەفا "مستە عەشرە" لە شاری عەفرین لە ڕۆژئاوای کوردستان لە دایک بووە. ساڵی ١٩٥٦ خوێندنی ئامادەیی تەواو کردوە و ساڵی ١٩٥٩ لە سوریاوە هاتوەتە باشوری کوردستان و چووەتە ڕیزی ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە و بۆ ماوەی ساڵێک لە موسڵ لەگەڵ عەلی شنگاریی بووە. لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٠دا لەلایەن حکومەتی عێراقەوە گیراوە و دوای دوو ساڵ و چوار مانگ لە زیندانی "حەللە" ئازادیان کردوە و گەڕاوەتە ڕیزی پێشمەرگەکان. ساڵی ١٩٧٠ لە بەشی ڕاگەیاندنی پارتی لە بەغدا هاوکاریی بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی تاخێ و سوتی شەبیبە "دەنگی لاوان" کردوە. ساڵی ١٩٧٣ لە لایان حکومەتی بەغداوە فەرمانی دەستگیر کردنی دەرچووە و ئەو ڕایکردوە بۆ ناوپردان و لەوێ کراوە بە جێگری بەڕێوەبەری پەروەردەی کادیران و ئەندامی کۆمیتەی ڕۆشنبیری پارتی و بەشداریی سێ خولی پەروەردەی کادیرانی کردوە.

ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، چووەتە شنۆ و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ پارێزگای گیلان و لە شارەکانی پەرەسەر و ڕیزوان شار بووە و لەوێ کاروباری پەنابەران و حیزبی بەڕێوەبردوە. ساڵی ١٩٨٠ گەڕاوەتەوە ورمێ و بەشداریی شۆڕشی گوڵانی کردوە و چووەتە ڕاژان و لەگەڵ فەلەکەدین کاکەیی، دوکتۆر ناسح غەفور هاوکاریی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی کردوە لە ڕاژان، لۆلان و خنێرە و بۆ ماوەی نزیک بە دە ساڵ سەرنوسەری ڕۆژنامەی خەبات بووە. دوای سەرهەڵدانی ١٩٩١ لە خەلیفان هاوکاریی بەرەی کوردستانی کردوە و دواتر ئەرکی ڕاگەیاندنی لقی یەکی دهۆکی لە ئەستۆ گرتووە. ڕۆژی ١٩٩٢/٥/٣ کراوە بە بەڕێوەبەری تەلەفزیۆنی خەبات لە دهۆک و

سەرنوسەی گۆڤاری مەتین بووە و ساڵی ١٩٩٤، خولی ڕۆشنبیری لە لقی یەک داناوە. حەمید سوری چوار کتێبی بە زمانی عەربی و سەدان وتاری سیاسی و کۆمەڵایەتی لە دوای خۆی بەجێهێشتوە کە ناوی کتێبەکانی بریتین لە: البنیە الفکریە للحرکە التحرری الکوردیە (بنەمای بیرکردنەوەی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد)، تنظم و انشاط الحزبی (ڕێکخستن و چالاکی حیزبایەتی)، الحیات الا جتماعیە للمغتربین (ژیانی کۆمەڵایەتی پەنابەران) و الا علام (ڕاگەیاندن.)



ساڵی ١٩٩٩ لەلایەن مەکتەبی سیاسیی پارتییەوە بۆ وەرگرتنی میداڵیای بارزانی دەستنیشان کرابوو، بەڵام بەرلە وەرگرتنی میدالیا ڕۆژی ١٩٩٩/٩/٢٥ لە دهۆک کۆچی دوایی کرد. لە ئەنجامدا کچەکەی بەنای ڕێزان حەمید سوری میدالیایەکەی وەرگرتووە. سەرۆک مەسعود بارزانی لە کۆنگرەی ١٢ی پارتیدا ڕۆژی ١٩٩٩/١٠/١٤ کاتی بەخشینی میدالیا، بە ئەندامی نوێنەری کۆنگرەی گوت:

- (لە کۆتاییدا دەمەوی ئیشارەت بە خاڵیکی تر بکەم، دوێنی ئێمە میدالیامان دابەش کرد لەسەر چەند تێکۆشەرێک بە حەقیقەت ناوی تێکۆشەرێکی تر لەناو لیستەکەدا بوو ئەویش کاک حەمید سورییە کە چوو بە ڕەحمەتی خودا کە خەڵکی پارچەیەکی تری کوردستان بوو و لە ٦٠ەکانەوە پێوەندی بە شۆڕشی ئەیلولەوە کرد بوو و تا ئاخر ڕۆژی حەیاتی کادیرێکی پارتی بووە و دەوری هەبووە و ئەمەش تائسیری کوردستانییەتی پارتی کردوە بە حەقیقەت من بەپێویستی دەزانم کە ئەم میدالیای کە بۆ ئەو تەرخان کرابوو پێشکەش بە کچەکەی بکەم و ئەمە وەک نمونەیەکی خەباتی کوردستانیی پارتییە.)

## ساڵح عەلی محەمەد



ساڵح عەلــی محەمەد ناسراو بە ســاکۆ کانیەلنجی ساڵی ١٩١٠ لە گوندی کانیەلنج لە نــــاوچەی شــــێروان مەزن لە قەزای میرگەسور لە دایک بووە. بەشداریی کردەوە لە شۆڕشی ١٩٣١- ١٩٣٢ بارزاندا و بە وتەی خوشــەوی عەلــی کــانیەلنجی کە مــن ئەم زانیارانەم لەو وەرگرتووە، لە هێرشی سوپا و جاشەکانی عێراق بۆ سەر ناوچەی بارزان لە ساڵی ١٩٣٢، سێزدە جەنگاوەر بەم ناوانە شەهید بوون: عەبدوڵا میرخان میرگەسوری. عەزۆ سپینداری، چاوشین کورانی، شەریف کانیەدێری، مەلا سەلیم کورکەیی، ئیبراهیم شاوالی کورکەیی، محەمەد ملکو مامیسکی، بابکر بێخشاشی، حوسێن محەمەد هوستانی، مستەفا حەیدەری دۆڵەمەری، خدر خەرەیی دۆڵەمەری، شێخ عوسمان دۆڵەمەری و حالی حسکو کانیەلنجی. هەروەها ساکۆ کانیەلنجی و پتر لە ٣٤ جەنگاوەیش لە درێژەی ئەوە شەرانەدا لە دۆڵی ڤاژێ، چیای ژول، سەرخنگل و چوار چەڵی هەرکیان و گەردەن حیشتر بریندار‌بوون. بە دوای ئەو شەڕەدا جگە لە بارزانی و نزیکەی ٣٠٠ جەنگاوەری بارزانی، ئەوانی تر بە فەرمانی شێخ ئەحمەد پەنایان بۆ بــاکوری کوردســتان بــردوە. بــارزانی ئەو ژمــارەیەی لە کێــو و دۆل و ئەشکەوتەکانی سنوری نێوان هەردوو حکومەتی عیراق و تورکیا هێشتۆتەوە، تا لە دانی چەک و تەقەمەنییەکانیان بە حکومەتی تورکیا خۆ بپارێزن، بەو ئومێدە لە ڕاپەڕینەکانی دوارۆژدا کەڵکیان لێوەرگرن.

بە دوای ئەوەدا کە ڕژێمی تورکیا ساڵی ١٩٣٣ شێخ ئەحمەدی ڕادەستی ڕژیمی عیراق کردەوە، ساکۆ لەگەل خلیل خۆشەوی، ئەحمەد نادر، عەبدوڵا کرکەمووی و چەند خەباتکاری تر دەبێت کە دوو دەرەبەگی هەڵخەڵەتاو خەیانەتیان پێدەکات و لە ئاکامدا ساکۆ لە شاخەکانی نیزیک ئەشکەوتی خەلەتەڤر و کانیاگورگا لە نیزیک گوندی تاتکی ماوەتەوە و تا بارزانی ساڵی ١٩٤٣ لە سلێمانی گەڕایەوە، ئەو لەو چیایانە بووە. لەو ساڵەدا، لە گوندی

زرارا بە خزمەت بارزانی و یاوەرانی شاد بووەتەوە بە وتەی خودی ساکۆ کە لە زمانی بارزانییەوە گێڕاوێتەوە، مەلا مستەفا بارزانی گوتویەتی:

**- (لەسەر ئەمروی جەنابی شێخ ئەحەمەد سێ نامەم بو ئاغا و مختارەکانی ئەوکاتی دەڤەرەکە نوسیوە کە ئاگایان لە ساکۆ بێت و بیپارێزن)**

سالّح عەلی محەمەد بەشداریی شورشی ١٩٤٣- ١٩٤٥ی بارزان و چەککردنی بنکەی پۆلیسی شانەدەر و شەڕی "خێرۆزۆک" لە ١٩٤٣/١٠/١٢ کردوە. سالّی ١٩٤٥ لە شەڕی گەورەی مەیدان مۆریکدا بەشدار بووە و ڕۆژی ١٩٤٥/١٠/١١ بە بنەماڵەوە لەگەڵ بارزانی چووەتە ڕۆژهەلاتی کوردستان و لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا جێگری فەوجی میرحاج ئەحمەد بووە لە بەرەی شەڕی سەقز لە قاراوادا ڕۆژی ١٩٤٦/٤/١٩ بەشدار شەڕی قاراوای کردوە کە لەودا ١٢٠ چەکداری ڕژێمی ئێرانیان بەدیل گرت کەلاکی ٨٠ چەکداریشیان لە بەرەی شەڕدا بەجێهێشت. دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان، ڕۆژی ١٩٤٧/٢/٢، بەشداریی شەڕی نەلۆسە لە دەشتی شنۆی کردوە. یەکێک بووە لە هەڤالانی بارزانی لە چوون بۆ ڕوسیا و بەشدار بووە لە تێکهەلّچوونەکانی گەلی قتور و پردی ماکۆ. لە ئازەربایجان، بۆ ماوەی نزیک بە سالّێک لەگەڵ پێشمەرگەکانی تر مەشقی سەربازیی پێکراوە و دواتر لە کێلّگەکانی پەمۆ ناوچەی تاشکەند کاری کردوە.

دوای مردنی ستالین و گەڕانەوەی بارزانی بۆلای هەڤالانی، سالّح عەلی محەمەد لە زانکۆ وەرگیراوە، بەلاّم بەهۆی تەمەنی زۆرەوە مەیلی بۆ خوێندن نەبووە و کاری کردوە. روژی ١٩٥٩/٤/١٦ لەگەڵ هەڤالانی بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ عێراق و کوردستان و لە گوندی بارزان لەلای شێخ ئەحمەد ماوەتەوە. سالّی ١٩٦١ کە بارزانی شۆڕشی ئەیلولی ڕاگەیاند، ساکۆ کانیەلنجی بە فەرماندەیی ژمارەیەک پێشمەرگە وەک هێزێکی ئامادە لە بارزان درێژەی بە ئەرکی خۆی داوە. سالّی ١٩٦٣ کە ڕژێمی عێراق بەهێزێکی زۆرەوە پەلاماری ناوچەی بارزانی دا، ناوبراو لە شەڕەکانی سەری پیرس و ملی بلەدا بەشداریی شەڕەکان کردوە.

سالّی ١٩٧٠ کراوە بە پاسەوانی سنوری ناوچەی مێرگەسور و سالّی ١٩٧٤ فەرماندەی چیای گۆڕز بووە و سالّی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا لە گوندەکەی خۆیدا ماوەتەوە. سالّی ١٩٧٦ بەرلە ڕاگەیاندنی شۆڕشی گولاّن چووەتە باکوری کوردستان و لە ناوچەی گەردییەکان بووە و لەوێوە پێوەندی

لەگەڵ بەرپرسانی شۆڕش گرتووە. لە نێوان ساڵانی ١٩٧٧- ١٩٨٨ بە مەفرەزە بەشداریی شەڕەکانی سیدەکان، لۆلان، خرێنەی کردوە و یەکێک بووە لە بەشدارانی شەڕی گەورەی خواکورک لە ساڵی ١٩٨٨دا. هەروەکوو خوشەوی عەلی کانیەلنجی دەڵێت: ناوبراو ٢٧ جار لە شەڕەکاندا بریندار بووە.

ساڵح عەلی محەمەد ڕۆژی ١٩٩٩/١٠/١٣ لە کونگری ١٢ی پارتی دیموکراتی کوردستان بەهۆی خەبات و چالاکییەکانی میدالیایی بارزانی وەرگرتوە و روژی ٢٠٠٢/١٢/٨ لە تەمەنی ٩٢ ساڵیدا کۆچی دوایی کردوە

## شوان پەروەر




شوان پەروەر ساڵی ١٩٥٥ لە گوندی سۆری لە قەزای سویرەک سەربە شاری عورفا لە باکوری کوردستان لەدایک بووە. لە تەمەنی چوار ساڵییەوە گۆرانی گوتووە. لەم بارەیەوە دەڵێت: (کاتێ دەستم بە خوێندن کرد، گۆرانیم بۆ مامۆستاو خوێندکارەکان دەگوت. بەگشتی هەموو کاتێک چ لە کاتی خۆشی و چ لە کاتی ناخۆشی، یان خەم و پەژارە و خۆشەویستیدا من گۆرانیم گوتووە. کاتێک خوێندکارانی پۆلی شەشەمی سەرەتایی تەواو دەبوون، کۆنسێرتیان بۆ دادەنان و من یەکەم جار لەوێ جووم بۆ سەر شانۆ. لە ئورفا و ئەنکارا کە لە سالانی ١٩٧٢- ١٩٧٦ ماتماتیکم دەخوێند گورانیم دەگوت. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، من زۆر بە خەم بووم. ئەو خەمە هانیدام کە بۆ کوردستان، بۆ پێشمەرگە و بەرزکردنەوەی ورەی کورد گۆرانی شۆڕشگێڕی بڵێم. لە ڕاستیدا من هەرگیز نەمدەویست ببم بە هونەرمەند و دەمویست درێژە بە خوێندن بدەم تا بە پلەی پرۆفیسۆری دەگەم، چونکە هونەری کوردی گرفتی هەبوو و هونەرمەند قەدر و شایانی نەبوو. لە جیاتی پێشوازییکردن لێی، جێگەی زیندان و ئەشکەنجە بوو. هونەری تورکیش بەلای منەوە کەلتور و ئەسالەت فرۆشتن بوو، بەڵام کاتێک تێگەیشتم کە میللەتی کورد میللەتێکی عاشقی موزیکە و مرۆڤ دەتوانێ بە ڕێگەی موزیکەوە خزمەتی شایان بە نەتەوەکەی بکات، سێ ئامانجم گرتەبەر کە لە گۆرانی کوردیدا ناوی کوردستان ببێت بە ئەوین، هونەری کوردی جێگەی خۆی بکاتەوە و قەدری لێ بگیرێ و هونەر بکەوێتە خزمەت کورد و کوردستان و ببێت بە دەنگی ئازادی. ئەوە بوو کە بڕیارمدا ببم بە هونەرمەند، بەڵام جێگەم لە وڵاتدا نەما و ئاوارەی هەندەران بووم.)

شـوان پەروەر سـاڵی ١٩٨٤ تورکیـای بەرەو ئەڵمانیـا بەجێهێشـتوە و لەوێـوە چووەتە وڵاتی سوید و ١٢ ساڵ لە سوید بووە. دواتر چوار ساڵ لە بریتانیا و دوو سـاڵ لە فەرەنسـە و سـاڵێکیش لە بلژیـک و سـەرئەنجام سـەرلەنوێ گەڕاوەتەوە بـۆ ئەڵمـان. سـرودەکانی هەڤـاڵی بـارگرانم، پێشـمەرگە، ئەی ڕەقیب، کینەام بە بەرفرەوانـی لەلایەن کۆمەڵانی خەڵکی کوردی هەرچوار پـارچەی کوردسـتان پێشـوازی لێکـراوە و لە کـاتی پێویسـتدا ڕادیـۆ و تەلەفزیۆنەکان بۆ بزواندنی هەستی خەڵک کەڵکیان لێوەردەگرن. بە درێژایی ئەو سـاڵانە، دەوڵەتە داگیرکەرەکـانی کوردسـتان چەنـدان لاوی کوردیـان بە تاوانی هەڵگرتنی کاسێتی شوان پەروەر زیندانی و ئەشکەنجە کردوە.

لە پرۆسـەی بە دیمـوکراتی کردنـی تورکیـادا، گۆڕانییەکـانی شـوان پەروەر ئـازاد کـران و داوایـان لە خۆشـی کـرد کە بگەڕێتەوە بـۆ تورکیـا و سـەردانی کوردسـتان بکـات، بەڵام ئەو وەڵامـی ئەو داخـوازەی حکـومەتی تورکیـای نەدایەوە. لەم بارەیەوە دەڵێت: **(بۆ ماوەی دە ساڵە تورکیا داوای دەکرد کە مـن بگەڕێـمەوە بـۆ تورکیـا، دەیـانگوت سیسـتمێکی نـوێ دادەمەزرێـنن کە دیمـوکراتیە، بەڵام مـن بەو هـۆیەوە کە مـافی نەتەوەی کوردیـان نەداوە، دەمگـوت دەست بە پێـواژۆی ناسـاندنی مـافی نەتەوەیـی کـورد بـکەن، منـیش ئامادەم بگەڕێمەوە و خزمەت بکەم. ئەوان دەستیان بەو پێواژۆیە کرد، بەڵام دیسان چونکە من ئیقناع نەببووم لە گەڕانەوە خۆم پاراست تا بە ئەمری کاک مەسعود سەرۆکی کوردستان کە جێگەی ڕێزە و خزمەتکردن بە کەسایەتی ئەو پێویستە، من ئامادە بووم، بگەڕێمەوە.)**

دوای نزیـک بە ٣٠ سـاڵ، شـوان پەروەر ڕۆژی ٢٠١٣/١٢/١٦ لەگەڵ مەسـعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان گەرایەوە بۆ ئامەد و لەلایەن ئەردۆغان سەرۆک وەزیرانی تورکیا و وەزیرەکانی حکومەتی تورکیا و کۆمەڵانی کوردی ئامەد و دەوروبەر پێشوازی کرا. شوان ساڵی ٢٠٠٤ لە ئەڵمانیا وەقفی موزیک و هـونەری کـوردی دانـاوە. دەیویسـت لە سـویدیش ئەو وەقـفە دانـێ، بەڵام سەرنەکەوت. ڕۆژی ٢٠٠٩/٩/١٥ بە هاوکاری کەنداڵ نەزان و ئەنستیتۆی کورد لە پاریس تەلەفزیۆنی "کورد یەک"ی دانا. ئەو تەلەفزیۆنە بۆ ماوەی سێ ساڵ بەردەوام بوو. شوان لە سەدان فیستیڤاڵی گۆرانی کوردی لە وڵاتانی ئەوروپا، ئەمریکا، کەنادا، نیوزیلاند، ئەفریقا، ئوستڕالیا و کوردستان گۆرانی گوتووە و ئێستا لە ئەڵمانیا و کوردستان دەژی. بەهۆی خزمەتەکانی بە بزووتنەوەکانی

کـورد و فەرهەنـگ و زمـانـی کـوردی لـە بـاکوری کوردسـتان، ڕۆژی ۲۰۰۱/٦/۳ میدالیای بارزانی دراوەتێ. لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (بارزانی بۆمن هیمایەکی مێژوویی کوردستان و گەورەترین کەسایەتی و ڕێبەری نەتەوەی کورد بوو. چونکە جوڵانەوەیەکی ڕێکخست و بەڕێوەی برد کە ناوی کوردستان یان نەمان بوو. سەرۆکێکی زۆر زەحمەتکێش بوو، کاتێ ژیانی ئەو دەخوێنییەوە، مرۆڤ چاوەکانی پڕ دەبن لە ئاو. دوژمنی کورد لە بەرامبەر نەتەوەی ئێمەدا زۆر دڕندە بوون و بارزانی بزووتنەوەیەکی درێژخایەنی لە بەرامبەر ئەو دڕندانەدا سەرۆکایەتی کرد. وەک هونەرمەندێکی کورد خەڵاتی بارزانی نەمر بۆمن شانازییەکی زۆر گەورەیە. شانازی گەورە کە بە دەست جەنابی مەسعود بارزانی بەمن گەیشت و سەربڵند بووم کە دەرکەوت من خزمەتکاری نەتەوەی خۆم بووم.)

## پێنجەم گروپی خەڵاتكراوانی میدالیای بارزانی

پێنجەم گروپی خەڵاتكراوانی میدالیای بارزانی، خەڵاتكراوانی كۆنگرەی سێزدەیەمی پارتی دیموكراتی كوردستان لە ڕۆژانی ٢٠١٠/١٢/١١ تا ٢٠١٠/١٢/١٨ دەگەڕێتەوە كە ژمارەیان ٢١١ كەسایەتی و خەباتكار و خزمەتكاری كورد و كوردستان و ڕێبازی مەلا مستەفا بارزانی نەمرە كە لەم كتێبەدا ژیاننامەی ١٠٢ كەسایەتییان بە شێوەی خوارەوە:

## دەروێشی سەعدۆ



دەروێشی سەعدۆ ساڵی ١٩٣٤ لە پارێزگای سیرت لە باکوری کوردستان لەدایک بووە. یەکێک بووە لە ئەندامانی دامەزرێنەری پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا لە ساڵی ١٩٦٥دا لەم بارەیەوە لە وتوویژێکی ڕاستەوخۆدا بە تەلەفۆن کە دەنگی لای من پارێزراوە. دەڵێت: (ڕۆژی ١٨ی حوزەیرانی ١٩٧١ لەگەڵ شاکری ئوپوزدەمیر و مەلا یونس کایا چووین بۆ سوریا کە سەعید ئاڵچی سەرۆکی پارتی دیموکرات ببینین. لەوێ ئاگادار بووین کە سەعید ئاڵچی چووە بۆ باشوری کوردستان و هەندێک هەواڵی ناخۆشمان سەبارەت بەو بیست. لەبەر ئەوە ڕۆژی ٢٠ حوزەیران لە سوریاوە چووین بۆ گوندی "تاوس" و لەوێوە بۆ تەلعەفەر و خۆمان بە لیژنەی پارتی دیموکراتی کوردستان ناساند. ئەوان ئێمەیان بە سەیارە نارد بۆ موسڵ. لەوێ شاکر و مەلا یونس گوتیان بچین بۆ مەقەڕی دوکتۆر شوان، من قەبووڵم نەکرد و گوتم هەندێک مەعلومات هەنە کە پێویستە بە سەرۆک بارزانی بگەیەنم. ئەوان چوون بۆلای شوان و من چووم بۆ "ناوپردان" کە بارەگای پارتی دیموکراتی لێبوو. لەوێ چاوم بە دوکتۆر مەحمود عوسمان کەوت و گوتم هەڤاڵی ئێمە سەعید ئاڵچی هاتووەتە کوردستانی باشور و ئێمە نازانین چی بەسەر هاتووە. دوکتۆر مەحمود بروسکەیەکی بۆ عوسمان قازی قایمقامی زاخۆ نارد و نوسی: ئەگەر سەعید ئاڵچی هاتووەتە زاخۆ، پێیڕابگەیەنن، بێتە مەکتەبی سیاسی. عوسمان قازی وەڵامی دایەوە کە سەعید ئاڵچی ڕۆژی ٢٣ تا ١٩٧١/٥/٢٥ لێرە بووە و چونکە بەڵگەی هاتوچۆ "عدم تعرض"ی پێنەبوو، لەگەڵ دوکتۆر شوان و حکمەت بلوت تەکین "چەکۆ" چوو بۆ مەقەڕی دوکتۆر شوان.

دوای گەیشتنی ئەو بروسکەیە، دوکتۆر مەحمود بروسکەیەکی بۆ ئەسعەد خۆشەوی ئامر هێزی ناوچەی بادینان نارد، تا هەواڵی ئاڵچی لە شوان بپرسێ. شوان گوتبووی ئاڵچی هاتۆتە لای ئێمە و چونکە نەمانتوانیوە

ڕایەکانمان بکەینە یەک، ئەو گەڕاوەتەوە بۆ کوردستانی باکور. ئەسعەد خۆشەوی ئەو وەڵامەی بە دوکتۆر مەحمود دایەوە. من لە وەڵامیدا گوتم ئەوە ڕاست نییە و ئاڵچی نەگەڕاوەتەوە بۆ کوردستانی باکور.

دوکتۆر مەحمود منی نارد بۆلای کاک ئیدریسی ڕەحمەتی. ڕای خۆم سەبارەت بە سەعید ئاڵچی پێڕاگەیاند. گوتی سەبەینێ وەرە قسە لەگەڵ سەرۆک بارزانی بکە. ڕۆژی ١٠ تەموزی ١٩٧١، کاتژمێر ٨ی ئێوارە بە خزمەت بارزانی گەیشتم و باسی ڕووداوەکەم کرد. گوتم دوکتۆر شوان دەڵێ سەعید ئاڵچی گەڕاوەتەوە بۆ کوردستانی باکور، بەڵام ئەو نەگەڕاوەتەوە و دیار نییە چی بەسەر هاتووە. سەرۆک بارزانی بە کاک ئیدریسی گوت بروسکەیەک بۆ ئەسعەد خۆشەوی بکە و پێیڕابگەیەنە کە ئەگەر سەعید ئاڵچی لە ناوچەکەیە، ڕەوانەی مەکتەبی سیاسی بکەن، ئەگەرنا دوکتۆر شوان بنێرن.

ڕۆژی ١٥ی تەموزی ١٩٧١ لەگەڵ حەبیب محەمەد کەریم سکرتێری پارتی دیموکرات چووم بۆ هەولێر و لە ماڵی عەبدولوەهاب ئەتروشی نانمان خوارد و منیان بە سەیارەیەک نارد بۆ موسڵ. کاک عەلی سنجاری بەرپرسی لقی یەکی پارتی بوو. لەوێ لەگەڵ کاک فازل میرانی چووین بۆ بامەڕنی و چاومان بە ئەسعەد خۆشەوی کەوت. ڕۆژی دوایی هەموو بەرپرسانی پێشمەرگەیان ئاگادار کردەوە، وەڵام ئەوە بوو کە سەعید ئاڵچی هاتووەتە ناوچەکە و چووەتە مەقەڕی دوکتۆر شوان و نەگەڕاوەتەوە. شۆفیری ئەو سەیارەیەیان هێنا کە سەعید ئاڵچی بردبوو بۆلای دوکتۆر شوان. گوتی بەڵی من بردومە. سەرئەنجامی لێکۆڵینەوەکان دەریخست کە ئاڵچی نەگەڕاوەتەوە و دوکتۆر شوان و چەکۆ، سەعید ئاڵچیان کوشتوە.

ئەسعەد خۆشەوی دوو پێشمەرگەی نارد بۆلای دوکتۆر شوان کە پێیڕابگەیەنن کوڕی ئەسعەد نەخۆشە و داوای لێکرد بێت، تەداوی کوڕەکەی بکات. ئێوارە بوو کە دوکتۆر شوان لەگەڵ چەکۆ هاتن بۆ بامەڕنی. لێپرسینەوەیان لەگەڵ کرا و سەرئەنجام دەرکەوت کە شوان و چەکۆ، سەعید ئاڵچیان کوشتوە. هەردوویان دانیان بە تاوانەکە نا. لەبەر ئەوە بردیانن بۆ حاجی ئۆمەران و لەوێ زیندانییان کردن. منیش گەڕامەوە بۆلای سەرۆک بارزانی و باسی کارەساتەکەم بۆ کرد. زۆر ناڕەحەت بوو. گوتی بچۆ هەڤاڵانی خۆتان بێنە و لێرە بڕیاری لەسەر بدەن.

چووم بۆ زاخۆ و لەوێوە شەرەفەدین ئاڵچم ئاگادار کردەوە. ئەو و هەڤاڵێکی تر هاتن و پێکەوە گەڕاینەوە بۆلای سەرۆک بارزانی و داوامان لێکرد دوکتۆر شوان و حکمەت بلوت تەکین "چەکۆ" بە تاوانی خیانەت بکوژن. بارزانی گوتی پێویستە محکەمە بڕیار لەسەر ئەوانە بدات.

دوکتۆر شوان و چەکۆ بۆ ماوەی شەش مانگ لە زینداندا ڕاگیران تا محکەمە بڕیاری کوشتنیدان و ڕۆژی ١٩٧١/١١/٢٦ بە تاوانی کوشتنی سەعید ئاڵچی سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا و محەمەد بەگ و مەلا عەبدوللەتیف کوشتیانن، بەڵام ڕۆژنامەکانی تورکیا بۆ شکاندنی سومعەی پارتی دیموکرات و بارزانی پێچەوانەی ڕووداوەکەیان بڵاوکردەوە و هەندێک ڕۆژنامە و "ئیسماعیل ئەڕار" وەزیری تورکیا لەلایەن حکومەتی تورکیاوە گوتی: مستەفا بارزانی ژمارەیەک پەروەردە دەکات کە لە تورکیا ئاژاوە بنێنەوە.)

## حەسۆ مەحمود بابەکر کانی لنج



حەسۆ مەحمود بابەکر کانی لنج ساڵی ١٩٣٣ لە گوندی کانی لنج سەربە ناحیەی شێروانی مەزن لە قەزای مێرگەسور لەدایک بووە. ساڵی ١٩٦١ چەکی هەڵگرتووە و لەگەڵ پێشمەرگەکانی هاوڕێی بارزانی چووەتە ناوچەی نێروەییەکان و بۆ ماوەی ساڵێک لە ناوچەی بادینان بووە. دواتر لەگەڵ هێزێکی تایبەت کە سەربە سەرۆک مستەفا بارزانی بوو، چووەتە ناوچەی سۆران. یەکێک بووە لە پاسەوانەکانی کۆنگرەی کۆیە کە ڕۆژی ١٩٦٣/٣/١٨ بەشداریی نزیک بە دوو هەزار نوێنەر و کەسایەتی لەسەر ئەرکی کاک حەمە زیاد ئاغا لە کۆیە پێکهات. بەشداریی شەڕەکانی گەرووی عومەرئاغا و چەندان شەڕی تری کردوە و بۆ ماوەیەکیش پاسەوانی بەڕێزان ئیدریس و مەسعود بارزانی بووە. ساڵی ١٩٦٣ لە شەڕی شێروان و ساڵی ١٩٧٤ لە چیای مامەندە بە پڕیشکی بۆمبارانی فڕۆکە جەنگییەکانی عێراق بریندار بووە.

ساڵی ١٩٧٥، بە دوای ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول بۆ ماوەی سێ مانگ لە کۆمەڵگای زێوە بووە و دواتر گواستراوەتەوە بۆ گوندی "جونەغان" لە شاری کورد لە چوار محالی بەختیاری. ساڵی ١٩٨٠ بە ڕاسپاردەی ئیدریس بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ زێوە و بە فەرماندەیی ٨٠ پێشمەرگە، لەگەڵ دوکتۆر سەعید ئەحمەد نادر گەڕاوەتەوە بۆ باشوری کوردستان و لە ناوچەی باسیا سەرقۆڵی هێزی بارزان بووە. دەڵێت:

**- (کاتێک کۆمەڵگای زێوە بۆمباران کرا، من لە چیای برادۆست بووم.)**




مەحمود بابەکری باوکی و ئەحمەد مەحمودی برای لە کۆماری کوردستاندا بە نەخۆشی تیفۆئید کۆچی دواییان کردوە و کوڕێکیشی بەناوی عەبدال ساڵی ١٩٨٧ لە نزیک ڕوباری "کەکلە" لە نزیک شێروان لەگەڵ حاجی حەسەن بەدەری و حەسکۆ محەمەد فەقێ بە پریشکی تۆپی دوژمن شەهید بوون.

حەسۆ مەحمود بابەکر بەرلەوەی کە ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/٥ شەرەفی وەرگرتنی میدالیای بارزانی پێببەخشرێت ساڵی ١٩٩١، بەهۆی ئازایەتی لە شەڕێ کۆڕێ لە ١٩٩١/٧/٤، لەلایەن "ناوەندی لاوانی بارزان" و "ڕێکخراوی ڤەژین بۆ قوربانییەکانی ژنۆسایدی بارزانییەکان" بە نوسراوە ڕێزی لێگیراوە و جارێکیش لەلایەن سەرۆک مستەفا بارزانییەوە دوربینێکی بە خەڵات وەرگرتووە. حەسۆ ساڵی ١٩٩٦ خێزان و منداڵەکانی گەڕاندوەتەوە بۆ باشوری کوردستان و ئێستا لە شاری سۆران دەژین و خۆشی فەرماندەی هێزی یەکی فەرماندەیی بارزانە. ناوبراو سەبارەت بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی دەڵێت:

**- (بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی نەمر هەستم بەوە کرد کە دنیایان داومێ، بە ڕادەیەک خۆشحاڵ بووم کە هەستم کرد ئیتر گوللەی دوژمن من نابڕێت.)**

## هاشم عەبدولباقی نەسروڵا



هاشم عەبدولباقی نەسروڵا ناسراو بە هاشم سیتەیی ساڵی ١٩٦٩ لە گوندی سیتە لە ناوچەی نێروە و ڕێکان سەربە قەزای ئامێدی لەدایک بووە. ساڵی ١٩٨٣ خوێندنی ناوەندی لە شیلادزێ تەواو کردوە و ساڵی ١٩٨٤ لە تەمەنی چواردە ساڵدا چەکی هەڵگرتووە و لە ناوچەی نێروە و ڕێکان لە ڕێکخراوی "کوڕەژال"دا کە عومەرخانی باوانی بەرپرسی بووە، بووەتە پێشمەرگە. ساڵی ١٩٨٥ کراوە بە جێگری ڕێکخراوی کوڕەژال و ساڵی ١٩٨٦، عومەرخان بەرپرسی ڕێکخراوەکەیان شەهیدبووە و ناوبراو کراوە بە بەرپرسی ڕێکخراو.

ساڵی ١٩٨٦ ڕێکخراوی کۆڕەژال خراوەتەوە سەر لیژنەی ناوچەی گوڵان لە لقی یەک و هاشم سیتەیی کراوە بە بەرپرسی ڕێکخراو. ساڵی ١٩٨٧ بەشداری شەڕەکانی دێرەلۆک، کانی ماسی و شیلادزێی کردوە و ساڵی ١٩٨٨ لە شەڕی گەلی باڵندەدا بەشدار بووە و هەرلەو ساڵەدا بە دوای ئەنفال و کیمیابارانی ناوچەی بادینان، بە سنوری نێوان باشور و باکوردا چووەتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە زێوە بووە.




ساڵی ١٩٩١، بەشداریی ڕاپەڕینی شاری دهۆکی کردوە و وەک بەرپرسی ڕێکخراوی کوڕەژال بەشداریی کردوە لە ئازادکردنی ناحیەی دومیز لە سوپای عێراق. هەرلەو ساڵەدا بەدوای ڕەوە گەورەکەی ساڵی ١٩٩١، بەشداریی کردوە لە شەڕەکانی زاویتە و سوارە تووکدا. ساڵی ١٩٩٢ کراوە بە فەرماندەی هێزی پێشمەرگەی ناوچەی شیلادزێ لە لقی یەکدا و ساڵی ١٩٩٤ کە پارتی دیموکراتی کوردستان لە شێوازی سوپادا هێزەکانی پێشمەرگەی خۆی ڕێکخستەوە، هاشم سیتەیی کردوە بە فەماندەی فەوجی ١٩ی ئامێدی لە سوپای یەکدا. ساڵی ١٩٩٥ کراوە بە جێگری لیوای ٣٣ی شیلادزێ لە سوپای یەکەمدا.

ساڵی ١٩٩٧ ئەرکی بەرپرسی کەرتی شیلادزێی پێسپێردراوە و ساڵی ١٩٩٨ بەرپرسی کەرتی مانگێشک. ساڵی ٢٠٠١، فەرماندەی عەمەلیاتی سوپای یەک بووە و ساڵی ٢٠٠٥ ئەرکی جێگری سوپای دووەمی زێرەڤانی سکرینی لە بامەڕنی دراوەتێ و دوای تێپەڕبوونی شەش مانگ گواستراوەتەوە بۆ سوپای پێنجی زاویتەوە کە سەربە فەرماندەیی دهۆک بووە و ساڵی ٢٠١١ فەرماندەی لیوای هەشتەمی یەکگرتوو سەربە وەزارەتی پێشمەرگە بووە و هەتا ئێستا لەو ئەرکەیدا بەردەوامە.

هاشم سیتەیی دوو جار لە شەڕەکانی کوڕەژال لە ساڵی ١٩٩٧ و کەپکی حەمەئاغای لە ساڵی ١٩٩٤دا بریندار بووە. پازدە خزمی نزیکی لە شەڕەکانی شۆڕشی ئەیلول و گوڵاندا شەهیدبوون و ٤٤ کەس لە گوندەکەیان ساڵی ١٩٨٨ وەبەر ئەنفال کەوتووە. بەهۆی خەباتی بێوچانی ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە. لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (ئاواتم شەهید بوون بوو لە ڕێگای سەرخستنی ڕێبازی بارزانی، بۆ ڕزگارکردنی کورد و کوردستان کە بە نسیبم نەبووە و لە جیاتی میدالیای بارزانیم وەرگرت. سێ ئاواتم لە ژیاندا هەبووە وەک: بوونم بە پێشمەرگە،

شەهید بوونم لە ڕێگای ئامانجەکەمدا و خزمەتکردن بە گەلەکەم. هیوادارم ڕێبازی بارزانی سەرکەوێ و کورد بە ئاواتەکانی بگات.)

# نایف ئیبراهیم نعمان



نایف ئیبراهیم نعمان ناسراو بە سەید نایف چەلکی ساڵی ١٩٥٥ لە گوندی چەلکی سەربە ناحیەی کانی ماسی ئامێدی لەدایک بووە. ساڵی ١٩٦٩ چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی پارتی دیموکرات لە هێزی دهۆک و تا ساڵی ١٩٧٠ لە ناوچەی بادینان بووە. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، بۆ ماوەی دوو ساڵ لە گوندەکەی خۆیدا ماوەتە و ساڵی ١٩٧٧ پێوەندی بە شۆڕشی گوڵانەوە کردوە و لە ناوچەی دهۆک بەرپرسی مەفرەزەیەکی تایبەت بووە و دواتر کراوە بە بەرپرسی مەفرەزەیەکی تایبەتی دەست وەشێن لە دهۆک و سەرئەنجام کراوە بە فەرماندەی هێزی ئامێدی. ساڵی ١٩٨٨ کە ناوچەی بادینان کیمیاباران کرا، نایف چەلکی لەگەڵ پێشمەرگەکان و بەشێک لە خەڵکی ناوچەکە پەنای بۆ باکوری کوردستان بردوە و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ کەمپی پەنابەرانی ئامەد و تا ساڵی ١٩٩١ لەو کەمپە بووە. دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١، سەید نایف گەڕاوەتەوە بۆ باشوری کوردستان و کراوە بە فەرماندەی لیوا و دواتر فەرماندەی سوپای یەکی پێشمەرگەی بادینان بووە و دواتر بەرپرسایەتی فەرماندەی فەرماندەیی سپیلکی پێسپێردراوە.

سەید نایف پێشمەرگەیەکی قارەمان بووە و بەشداریی کۆمەڵێک شەڕی کردوە، کە دەکرێ ئاماژە بۆ شەڕە گرنگەکانی وەک: چەککردنی فرۆکەخانەی بامەڕنی لە ١٩٨٧، شەڕی کانی ماسی لە ١٩٨٧، شەڕی سۆتک لە ١٩٨٨ لە ناوچەی کانی ماسی و شەڕی دێرەلۆک لە ١٩٨٨. ناوبراو حەوت جار لە شەڕەکاندا بریندار بووە. ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٥ میدالیای بارزانی پێبەخشراوە و ڕۆژی ٢٠١٣/٣/٤ بە جەڵتەی دڵ کۆچی دوایی کردوە.

## سەید ئیسماعیل سەید عومەر



سەید ئیسماعیل سەید عومەر ناسراو بە "سەید کاکە" ساڵی ١٩٣٢ لە گوندی "موردکەی گەورە" لە دەشتی هەولێر لە دایکبووە. وەک خۆی دەڵێت ساڵی ١٩٤٥، دەغڵودان گران بوو، تراکتۆر پەیدابوون و منداڵ لەبەر خوێندن نران و خەڵک چاوی کرایەوە. ئێمە لە ناوچەی دزەییەکان بووین، وڵاتی ئێمە لەبەردەست ئەواندا بوو، وەک حاکمێکی عادل کەس نەیدەوێرا زوڵم لە کەس بکات، ڕاستە پێنج و یەکیان وەردەگرت، بەڵام بەو حاڵەش عادل بوون. کە میللەت چاوی کرایەوە، ئاغاکان لە شێخانی عەرەبەوە بگرە تا دەگاتە ئاغاکانی کوردستان، هەرچی خراپە بوو دژی جوتیاران دەیانکرد. من ئەوکاتە دژیان ڕاوەستام و لە ساڵی ١٩٥٣ بە ڕێگای حیزبی شیوعی عێراقەوە بەشداریی بزوتنەوەی جوتیارانم کرد. بزوتنەوەکە بەهۆی خۆبەدەستەوەدانی فەرماندەی مەفرەزەکەمان بەناوی شێخ تاهیر، ئاشکرا بوو و پەنجەی تاوان بەرەو من درێژ کرا و منیش خۆم بەدەستەوە نەدا و دژی زوڵم و ستەمی دەرەبەگەکانی ناوچەی هەولێر یاخی بووم و لەگەڵ چەند کەسیی تر بووینە ڕێگر. دەرەبەگەکان خەڵکیان ئازار دەدا و ئێمەش ئەوان. تەقەمان لێدەکرن، تاڵانمان دەکردن وماڵمان لێ دەسوتاندن.

سەید کاکە سەرئەنجام لە سەردەمی نوری سەعیددا بە تاوانی دزی و ڕێگریی بۆ ماوەی دوو ساڵ گیراوە و لە زینداندا فێری خوێندن و نوسین بووە. بەرلە شۆڕشی تەموزی ١٩٥٨ کە عەبدولکەریم قاسم بە دەسەڵات گەیشت، سەید کاکە بەرەو سیاسەت چووە و لایەنگریی لە پارتی دیموکراتی کورد کردوە. دوای گەڕانەوەی بارزانی لە سۆڤیەت پەرەی بە هەوڵەکانی داوە. بەشداریی کۆنگرەکانی ٦ و ٨ و ٩ ی پارتی دیموکراتی کوردستانی کردوە. لە

نێوان ساڵانی ١٩٦١- ١٩٦٤ فەرماندەی بەتالیۆنی هێزی دەشتی هەولێر بووە بە فەرماندەیی فارس باوە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

**- (فەرماندەی بەتالیۆن بووم. فارس باوە بەرپرسمان بوو. ساڵی ١٩٦١ بەرلەوەی کە بارزانی شۆڕشی ئەیلول ڕابگەیەنێ، ئاغاکان و دواتریش جەلالییەکان بە هاندانی ڕژێمی ئێران دژی حکومەتی کەریم قاسم شەڕیان لە ناوچەکەدا هەڵگیرساند، بەڵام شکان و خودا بارزانی بۆ ئەو میللەتە نارد کە توشی دەسیسەی دوژمنان نەبێت.)**

دوای ڕاگەیاندنی شۆڕشی ئەیلول لەلایەن بارزانییەوە و پەڕینەوەی بارزانی بۆ ناوچەی سۆران، سەید کاکە بەشداری گەلێک شەڕی دەشتی هەولێر، چیای هەندرین، زۆزک، چیای ڕەشی کردوە. بەتالیۆنەکەی وەک هێزێکی ئامادە کەڵکی لێوەرگیراوە. لەم بارەیەوە باس لە یەکێک لە شەڕەکانی چیای سەفین دەکات و دڵێت:

**- (حکومەت بڕیاریدا چیای سەفین بگرێ جاشەکانی ڕێکانی و زێباری وەپێش سوپای عێراق کەوتبوون و شکان. دواتر جاشی فیدایی دروست بوون و ویستیان لە بەرامبەر پارەدا سەفین ئازاد بکەن کە بەتالیۆنی من و پەلی کاکل ئەحمەد وسو چووین و لە شەڕێکدا کە دوژمن پێی وابوو ئێمە شکاوین، ١٢٠ ئەفسەر و جاش و سەربازمان لێ کوشتن. لە ئێمەش کاکل ئەحمەد وسو لەگەڵ پێشمەرگەیەک بەناوی ئەحمەد حەسەن شەهید بوون. جاشەکان بە تۆڵەی ئەو شکانەیان هەولێریان تالان کرد. بە دوای ئەو شەڕەدا، لەگەڵ فارس باوە بە خزمەت بارزانی گەیشتم. گوتی: "مەگەر کەسێک داوام لێبکات، ئەگەرنا من بۆ هیچ کەسێک دیاری ناهێنم، بەڵام ماینێکم بۆ تۆ داناوە، لەگەڵ خۆت بیبەوە".)**

ساڵی ١٩٧٠ بە دوای ڕێککەوتنی ١١ی ئازار، بەتالیۆنەکان کران بە فەوج. حکومەت ئامادە نابێ پلە بە سەید کاکە و بەرپرسەکانی پارتی لە دەشتی هەولێر بدات و پێیان دەڵێن بچن ببن بە پاسەوانی سنور کە موچەتان بدەێنێ. سەید کاکە ناچێت و لە جیاتیان کاسپی دەکات. لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (ساڵی ١٩٧٢ بەرەبەرە حکومەت نیازی شەڕکردنی هەبوو، لەبەر ئەوە لە هەڵوێستی خۆی پەشیمان بۆوە و سەرلەنوێ جاشەکانی ناوچەی بادینانی هێنایەوە بۆ هەولێر کە ئێمە لێماندان و دەرمان کردن و خانووەکانمان لێ سوتاندن.)




ساڵی ١٩٧٤ کە شەڕ دەستی پێکردەوە، سەید کاکە فەرماندەی بەتالیۆن بووە. وەک خۆی دەڵێت لە دەشتی هەولێرەوە بە گوێرەی پێویست دەچووم بۆ کفری، کەلار، سلێمانی و تەنانەت ئاکرێ. لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (ئەوکاتە هەرکەسە خزم و کەسی خۆیان دەهێنا و دەیانکرد بە پێشمەرگە کە فارس باوە بیانکات بە فەرماندەی بەتالیۆن. بەڵام ئەوانە شەڕیان نەدەزانی و لە یەکەم شەڕەکاندا بەهۆی کەمئەزموونی دەشکان. من نزیکەی ٢٠٠ پێشمەرگەی شەڕکەر و خاون ئەزموونم لەگەڵ بوو کە وەک جارانی پێشوو شەڕیان دەکرد و لە پشت گۆمەتار لە ناوچەی باوەجی زیاتر لە ٨٠ سەربازمان کوشت.)

بە دوای ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی ١٩٧٥دا، سەید کاکە دەچێت بۆ نەغەدە، مهاباد، پیرانشار و لەوێوە دەگواسترێتەوە بۆ ساری و ماهان لە پارێزگای کرمان. لەم بارەیەوە دەڵێت: (لە ماهان سەرۆکی ساواکی کرمان هات و کۆیان کردینەوە و هەڕەشەی لێکردین کە بەشوێن سیاسەت نەکەوین و دەبێ بە سیاسەتی شاهەنشا ڕازی بین. من قبوولم نەکرد و گەڕامەوە بۆ قەسری شیرین و لەوێوە بەناوی ئیسماعیل عومەر، لەگەڵ ژمارەیەکی تر، بە سواری بارهەڵگری سەربازی بردیانم بۆ ڕۆمادی و لەوێ لە خوێندنگەیەکیان کردین. نزیکەی شەش مانگ لە ڕۆمادی مامەوە و دواتر لەگەڵ عەلی عەسکەری، دوکتۆر خالید، عومەر دەبابە، تاهیر عەلی والی، سەعدی گچکە، یاسین قادر، قادر عەزیز، ڕۆژی ١٩٧٦/٨/١٥ گەڕاینەوە بۆ قەندیل)

سەید کاکە لەوێوە بەمەفرەزەی گەڕۆک دەست دەکات بە زەبر وەشاندن لە هێزەکانی دوژمن. ناوبراو یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی پارتی سۆسیالیستی کوردستان "پاسۆک" و بە ئەندامی سەرکردایەتی پارتی سۆسیالیست

هەڵبژێردراوە. لە ساڵی ١٩٧٨ بەشداریی شەڕی بازێی لە هەکاری کردوە. کاتێک پارتی سۆسیالیست هەڵوەشا و ئەندامانی لەنێوان یەکێتی نیشتمانی و پارتی دیموکراتدا بەشبوون، سەید کاکە لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستان کەوتووە و کراوە بە ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بەڵام کە شەڕی براکوژی هەڵگیرسا، گەڕاوەتەوە ڕیزەکانی پارتی دیموکرات و بۆ ماوەیەکیش ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکرات و خولێکیش ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بووە. سەید کاکە بیرەوەرییەکانی خۆی لەژێر ناوی "بیرەوەری پێشمەرگەیەک" لە ٣٦٨ لاپەڕەدا، ساڵی ١٩٨٩ نوسیوە و جارێک لە ساڵی ١٩٩٧ و بۆ جاری دووەم لە ساڵی ٢٠٠٠، لەلایەن چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین و جاری سێیەم لە چاپخانەی شەهاب لە هەولێر چاپ کراوەتەوە.

سەید کاکە بەهۆی خزمەتەکانی بە کورد و کوردستان ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٥ میدالیای بارزانی وەرگرتوە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (بێگومان بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی خۆشحاڵ بووم، بەڵام من بەرلەوەی کە میدالیای بارزانی وەربگرم، هەروەکو لەسەرەوەدا ئاماژەم بۆ کرد، من ساڵی ١٩٦٥ لە شەڕی جاشە فیداییەکاندا لە سەفین، میدالیام لە دەستی بارزانی وەرگرتووە.)

## عەلی تێلی کەمی



عەلی تێلی کەمی ناسراو بە عەلی تێلی ساڵی ١٩٤٥ لە گوندی بێبوو لە ناحیەی نێروە و ڕێکانی لە دایک بووە. خوێندنی سەرەتایی لە گوندی بێبوو و ناوەندی لە خوێندنگەی ناوەندیی ئامێدی خوێندوە. ساڵی ١٩٦١ چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی پارتی دیموکرات بە فەرماندەیی حاجی بێروخی لە ناوچەی نێروە و ڕێکان و لەو ساڵەدا هاتووە بۆ ناوچەی زاخۆ لەژێر چیای زاخۆ بووە و بەشداری شەڕەکانی ناوچەیَ سێمێل، گەلی زاویتە، سارکێ و سوارەتاکای کردوە.

لە ڕێکخستنی نوێی هێزەکانی ناوچەی بادینان لە ساڵی ١٩٦٢دا لەگەڵ هێزی مستەفا نێروەیی و هێزی تایبەتی بارزانی پەڕیوەتەوە بۆ ناوچەی سۆران و لە ڕانیە، قەڵادزێ و کۆیە بووە. ساڵی ١٩٦٤ وەک نوێنەر بەشداریی کۆنگرەی شەشەمی پارتی دیموکراتی کوردستانی کردوە. ساڵی ١٩٧٠ لەگەڵ مستەفا نێروەیی لە گوندی بێشێ لە ناوچەی باڵەکایەتی بووە و ساڵی ١٩٧٤ بەشداریی شەڕەکانی زۆزک، گەروی عومەرئاغای کردوە. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، لەگەڵ پێنج برای تری کە ئەوانیش پێشمەرگە بوون لە گوندی بێبوک بووە. دوو لە براکانی بەناوی جیهانگیر و کەرەم تێلی چوون بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بۆخۆشی لەگەڵ ڕەسوڵ، عەبدوڵا و ئەحمەد تێلی چوون بۆ سنوری باکوری کوردستان و لەگەڵ ژمارەیەکی تر کە لە ناوچەکانی سەرسنوری باشور و باکوری کوردستان بوون، مەفرەزەیان پێکهێناوە. لەم بارەیەوە دەڵێت:

**- (لە ناوچەی ئێمە بەپێچەوانەی ناوچەکانیتری کوردستان شۆڕشی ئەیلول ڕانەوەستا، بەڵام شێوازی گۆڕا بۆ جێگرتن لە مەفرەزەی بچووکی گەڕۆک و دەستوەشێن.)**



دوای ڕاگەیاندنی شۆڕشی گوڵان و پێکهاتنی لیژنەی ناوچەی ئامێدی، عەلی تێلی لە لیژنەی ناوچەی گوڵاندا جێی گرتووە و دەڵێت:

**- (لە مەفرەزەی دەستوەشێندا تا موسڵ، دهۆک، شێخان و ئاکرێ لە جەولەدا بووین.)**

بەشداری شەڕی بازێی کردوە و لەگەڵ ١٠٠ پێشمەرگەی تر لەگەڵ سامی عەبدولڕەحمان بووە. ساڵی ١٩٧٩ چووەتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەشداری کۆنگرەی نۆیەمی پارتی کردوە و بە دوای کۆنگرەکەدا گەڕاوەتەوە بۆ باشوری کوردستان.

لە ئەنفال و کیمیابارانی ساڵی ١٩٨٨دا لە گوندی مازیا لە ناوچەی ڕێکان بووە و لەوێوە چووەتە ناو سنوری باکوری کوردستان و خۆی گەیاندوەتە ورمێ. ساڵی ١٩٩١ لەگەڵ عومەر عوسمان ئیبراهیم "زەعیم عەلی" هاتوەتە حاجی ئۆمەران و لەوێوە هاتوون بۆ دهۆک و لەگەڵ ٦٢ پێشمەرگە چوون بۆ ناحیەی فایدە لە نزیک قەزای شێخان. لەم بارەیەوە دەڵێت:

**- (کە ڕژێم دژە هێرشی کردە سەر کوردستان ئێمە گەڕاینەوە بۆ دهۆک، بەڵام دهۆک چۆڵ کرابوو، لەبەر ئەوە ئێمە چووین بۆ دێرەلۆک. بە دوای وتووێژی نێوان بەرەی کوردستان و ڕژێمی عێراق، من کرام بە بەرپرسی گوندی سوریە لە ڕۆژهەڵاتی شیلادزێ و ساڵی ١٩٩٢ کە لیژنەی ناوچەی ئاکرێ ڕێکخرایەوە، کردیانم بە بەرپرسی لیژنەی ناوچەی ئاکرێ.)**

عەلی تێلی ساڵی ١٩٩٥ کراوە بە فەرماندەی سوپای نۆیی ئاکرێ و ساڵی ١٩٩٧ گواستراوەتەوە بۆ فەرماندەی فەرماندەیی لەشکری کوردستان "فەلەک" و دواتر گەڕاندراوەتەوە بۆ سوپای نۆیەمی ئاکرێ. ساڵی ٢٠٠٣ کراوە بە جێگری فەرماندەی زێرەڤانی لە هەولێر و هەتا ئێستا لە نوسینگەی دهۆکی فەرماندەیی زێرەڤانیدا بەردەوامە. وەک خوێ دەڵێت بەشداریی کۆنگرەکانی ٦ تا ١٣ی پارتی دیموکراتی کردوە. دوو لە براکانی بەناوەکانی جهانگیر و ئەحمەد شەهید بوون و برازایەک و خوارزایەکیشی بە ناوەکانی ئیسلام ڕەمەزان و حەسەن ڕەسوڵ تێلی شەهیدبوون. ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦ بەهۆی

خـزمەت و چالاکییەکـانییەوە میـدالیای بـارزانی وەرگرتـووە و لـەم بـارەیەوە دەڵێت:

- (خۆشـحاڵ بـووم بەو خەڵاتە کـوردایەتیەی کە مـن وەرمگرتـووە و بە شانازییەکی گەورەی دەزانم و دەرد و ئازاری ساڵانی پێشووی لەبیر بردمەوە.)

## عوسمان قاسم مەستو



عوسمان قاسم مەستو ساڵی ١٩٥١ لە گوندی "زۆرئاو" سەربە ناحیەی مانگێشک" لە قەزای دهۆک لەدایک بووە. ساڵی ١٩٦٧ چووەتە ڕیزی پارتی دیموکراتەوە و ساڵی ١٩٧٣ لە هێزی زاخۆدا کە عیسا سوار فەرماندەی بووە، بووەتە پێشمەرگە. سەرەتا دۆشکەچی و دواتر دۆشکەکانی هێزی پێسپێردراوە و تا ساڵی ١٩٧٤ لەو ئەرکەیدا ماوەتەوە. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، عوسمان قاسم گەڕاوەتەوە بۆ گوندەکەی و بەرلە هەڵگیرسانی شۆڕشی گوڵان، لە مانگی ١١ی ساڵی ١٩٧٥دا هەوڵی بوژاندنەوەی ڕێکخراوەکانی پارتی لە ناوچەی زاخۆ داوە و لە مانگی سێی ساڵی ١٩٧٦دا لەگەڵ محەمەد قاسمی برای چووەتە گوندی هەردیش لە قەزای ئولودەرە لە باکوری کوردستان و لە مانگی پێنجی ئەو ساڵەدا لە گوندی "بێرمان"دا پێوەندی بە جەوهەر نامیق سالم و کەریم سنجاری و هاشم ڕەمەزان "ئەبو عەنتەر"ەوە کردوە. سەرەتا مەفرەزەیەکی گەڕۆکی دەستوەشێنیان پێکهێناوە کە محەمەد قاسمی برای بووەتە بەرپرسی و عوسمان قاسم بەجێگری و تا ساڵی ١٩٧٧ لەو ئەرکەیدا بەردەوام بووە. ساڵی ١٩٨٠ لەگەڵ محەمەد خالید بۆسەلی لە ڕێکخراوی شەهید محەمەد ساڵح دا کراوە بە فەرماندەی مەفرەزە و ساڵی ١٩٨٢ ئەرکی جێگری ڕێکخراوی "عەنزال"ی لە ناوچەی موسڵ وەرگرتووە و ساڵی ١٩٨٣ بووەتە بەرپرسی ڕێکخراوی شەهید محەمەد ساڵح کە محەمەد خالید بۆسەلی بەرپرسی سەربازیی بووە. ساڵی ١٩٨٧ گواستراوەتەوە بۆ لیژنەی ناوچەی دهۆک و کراوە بە بەرپرسی سەربازیی و سیاسیی ئەو لیژنەیە. لەو ساڵەدا مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکرات دەمانچەیەکی بە خەڵات داوەتێ.



سالّی ١٩٨٨ كە ناوچەی بادینان ئەنفال و كیمیاباران كرا، عوسمان قاسم لەگەڵ پێشمەرگەكان و بەشێك لە خەڵكی ناوچەی زاخۆ پەنای بۆ باكوری كوردستان بردوە و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ كەمپی پەنابەران لە ئـــامەد. ڕۆژی ١٩٩١/٤/٢٠، بە دوای ڕاپەڕیندا گەڕاوەتەوە بۆ باشوری كوردستان و كراوە بە بەرپرسی ناوچەی باتیڤ. سالّی ١٩٩٢ بەرپرسی بەشی سەربازی زاخۆ بووە و سالّی ١٩٩٤ ئەركی فەرماندەیی فەوجی ٢٥ و سالّی ١٩٩٦ جێگری لیوای ١٦ی زاخۆ و سالّی ١٩٩٧ فەرماندەی هێزی گەڕۆكی زاخۆیان پێسپاردوە. هەرلەو ساڵەدا كراوە بە فەرماندەی لیوای ١٦ و دواتر ئەندامی سوپای ١٤ و بەرپرسی هێزی گەڕۆك بووە. سالّی ١٩٩٩ كراوە بە جێگری سوپای ١٤ و سالّی ٢٠٠٢ ئەركی جێگری سوپای ١٥ی دهۆكیان داوەتێ. سالّی ٢٠٠٣ كە ڕژێمی بەعس ڕووخا، عوسمان قاسم كراوە بە فەرماندەی هێزی زێرەڤانی لە زاخۆ و سالّی ٢٠٠٥ پلەی لیوای دراوەتێ و كراوە بە ئەندامی فەرماندەی لەشكری شۆڕشگێڕی كوردستان.

عوسمان قاسم بەشداریی كۆمەڵێك شەڕی سەختی لە ناوچەكەیاندا كردوە كە دەتوانین ئاماژە بۆ ژمارەیەكیان بكەین، وەك: شەڕی گەلی پڕاخا لە ناوچەی زاخۆ لە ١٩٧٦، شەڕی گوندی مەرینێ لە نێوان زاخۆ و دهۆك لە ١٩٧٧، شەڕی بارەگای سەركردایەتی "كۆماتا" لە سالّی ١٩٧٩، چەككردنی پێگەی گوندی "گردی كمری ئێرێ و بارەگای بەرسیڤ لە سالّی ١٩٨٠. وەك خۆی دەڵێت:

- (ڕۆژی ١٩٨١/٣/٢١ بۆسەیەكمان لە نێوان باتیڤا و زاخۆ لە زەمبیل فرۆش بۆ سەدام حوسێن داناوە كە لە كاتژمێر ١٤:٣٠ تا ١٩:٠٠ درێژەی هەبووە. لیوایەكی سەربازیی بەبێ سەدام لەو بۆسەیە كەوت و ٢٢٥ چەكدارمان لێ كوشتن و لە بەرامبەردا ئێمە سێ پێشمەرگەمان شەهید بوو كە ناوەكانیان بریتی بوو لە: حەسەن عومەر مەعروف، محەمەد عیسا كەوەرۆكی و ئەحمەد یەحیا.)

هەروەها بەشداریی کردوە لە چەککردنی کۆمەڵگای ماڵتای دهۆک لە ساڵی ١٩٨٧ و دەستگیرکردنی ٧٥ جاش. هەرلەو ساڵەدا پێگەی سپیرێزیان چەککردوە، لەگەڵ چەککردنی نۆ پێگەی دوژمن لە چیای پشت ماسیکێ لە ناوچەی دهۆک کە سمایل محێ بەرپرسی رێکخراوی تێدا شەهید بووە. لە هێرشی دوژمندا بۆسەر گوندی "سەرسیلاڤک" لە ساڵی ١٩٨٧دا، توانیویانە دوژمن بشکێنن، بەڵام پێشمەرگەیەکیان بەناوی موحسین مەحمود عوسمان شەهید و چوار پێشمەرگەشیان بریندار بووە کە عوسمان قاسم مەستو یەکێک لە بریندارەکان بووە. بەگشتی ناوبراو پێنج جار لە شەڕەکانی "برجین" لە ساڵی ١٩٧٧، گوندی ئەرمشت لە ساڵی ١٩٨٤، گوندی سەرسیلاڤک لە ساڵی ١٩٨٧، کێوەڕەشی پشت ڕانیە ساڵی ١٩٨٦ و دەشتی هەولێر لە ساڵی ١٩٩٥دا بریندار بووە. عوسمان قاسم مستۆ بەهۆی خزمەتەکانییەوە ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٥ میدالیای بارزانی وەرگرتووە. ناوبراوە لەو بارەیەو هەستی خۆی بەم جۆرە دەردەبڕێت:

- (بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی زۆر خۆشحاڵ بووم، بە شەرەفێکی گەورەی خۆمی دەزانم کە سەرۆک مەسعود بارزانی میدالیای بارزانی بە سنگی منەوە کرد.)

## بارزان خالید عەزیز



بارزان خالید عەزیز ناسراو بە بارزانی مەلا خالیدی ساڵی ١٩٤٥ لە گوندی مورتکەی گەورە لە ناوچەی قوشتەپە سەربە پارێزگای هەولێر لەدایک بووە. باوکی مەلایەکی نیشتمانپەروەر و نزیک بە مەلا مستەفا بارزانی بووە و ناوبراو بەهۆی خۆشەویستییەک کە بۆ بارزانی هەبووە، ناوی کوڕەکەی خۆی کردۆتە بارزان. بارزان خوێندنی سەرەتایی لە گوندی مورتکە و ناوەندیی لە هەولێر تەواو کردوە و لە کۆتایی خوێندنی دواناوەندیدا بووە، کە لە بەهاری ساڵی ١٩٦٦دا چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی بەتالیۆنی دووی سەر بەهێزی سەفین لە لقی چواری دەشتی هەولێر کە فەرماندەکەی عەریف عوسمان یوسف بووە. ساڵی ١٩٦٧ بۆ ماوەی ساڵێک مامۆستای شۆڕش بووە. لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (عەریف عوسمان یوسف لە مانگی نیسانی ١٩٦٧ کە لەنێوان شۆڕش و حکومەتدا وتووێژ هەبوو، بانگی منی کرد و گوتی: بارزان ئەو هەمووە منداڵە لە کۆڵان دەخولێنەوە، بۆچی نایەی کۆیان بکەیەوە و لێرە لە "پیرەر"، بەلایەنی کەمەوە فێری ئەلف و بێیان بکەی و منیش پێداویستییەکانت بۆ دابین دەکەم. خوێندکارێکی تریش هەبوو بەناوی یاسین قادر کە ساڵی ١٩٧٨ شەهید بوو. ئێمە منداڵەکانمان کۆکردەوە، ژمارەیان ٤٠ کەس بوو، تا کۆتایی ئەو ساڵە، واتە خوێندنی ١٩٦٦- ١٩٦٧ لە سەردەمی وتووێژەکاندا حکومەت خویندنگەیەکی لە "باوەقۆق" دروستکرد، باوەقوق و پیرەر دۆڵێکیان لەنێوان دایە. ئێمە خوێندنگەکەمان بردە باوەقوق و خوێندکارەکانمان تێکەڵکردن و بەیەکەوە وانەمان پێگوتن.)




پاییزی ساڵی ١٩٦٨، بارزانی مەلا خالیدی گواستراوەتەوە بۆ ڕادیۆ دەنگی کوردستانی عێراق کە بنکەکەی لە ئەشکەوتی "سەردێ" لە نزیک قەسرێ لە ناوچەی حاجی ئۆمەران بووە. تا واژۆ کردنی ڕێککەوتنی ١١ی ئازار لە ڕادیۆ کاری بێژەری کردوە و خوێندنەوەی هەواڵ و ڕووداوەکانی ڕادیۆشی لە ئەستۆ بووە. لەم بارەیەوە دەڵێت: **(ڕادیۆکەمان بە دوای ڕێککەوتی ١١ی ئازار داخرا و من لە ساڵی ١٩٧١وە تا ساڵی ١٩٧٤ کرام بەکارمەند لە قایمقامییەتی قەزای ناوەندیی هەولێردا و لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٤دا سەرلەنوێ سەرکردایەتی پارتی بڕیاریدا ڕادیۆ دامەزرێتەوە و من بە ئەمری مەکتەبی سیاسی وەک کادیری ڕادیۆ گەڕامەوە بۆ ڕادیۆ کە ڕادیۆ بەکار بخەمەوە و لەگەڵ یەکەم تەقەی ڕژێمی عێراق بە دژی گەلی کورد، ڕادیۆکەمان دەستی بەکار کردەوە.)**

بارزانی مەلا خالید، ئەم جارە ئەرکی سەرۆکایەتی بەشی کوردی سۆرانی بێژەرانی ڕادیۆی پێسپێردراوە و بۆخۆشی هەواڵەکانی ڕادیۆی خوێندۆتەوە. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، ناوبراو چووەتە مهاباد و لەوێوە ڕژێمی ئێران گواستویەتەوە بۆ لاهیجان لە پارێزگای گیلان. دوای ماوەیەکی کورت لەو جێیە، ڕۆژی ١٩٧٥/١٠/٢٠ ئێرانی بەجێهێشتوە و گەڕاوەتەوە بۆ عێراق و لەوێوە گواستویانەتەوە بۆ پارێزگای ڕۆمادی و لە فەلوجە نیشتەجێیان کردوە.

بەهاری ساڵی ١٩٧٩ لە فەلوجەوە گەڕاوەتەوە بۆ ڕیزەکانی شۆڕش و لە حیزبی سۆسیالیستی کوردستاندا کراوە بە بەرپرسی ڕاگەیاندن. ساڵی ١٩٨٢ سەرلەنوێ سەنگەری خۆی گواستۆتەوە بۆ ڕیزەکانی پارتی دیموکرات و کراوە بە ئەندامی مەکتەبی ڕاگەیاندنی پارتی و بەرپرسی بەشی کوردی "سۆرانی" ڕادیۆ دەنگی کوردستان و سەرەڕای نوسین وتار، پەخشان و شیعر، بەشەکانی دەنگوباس و لێدوانی سیاسی لە ئەستۆ بووە. تا ساڵی ١٩٨٥ لە ڕادیۆ دەنگی کوردستان لە خنێرە و ناوچەی هەلەج و شەقڵاوەی سەربە ناوچەی ورمێ

خەباتی کردوە وساڵی ١٩٨٦ گواستراوەتەوە بۆ لقی دووی پارتی دیموکرات و کراوە بە کارگێڕی لق و لە ناوچەی لۆلان و شێخ وەسانان بەرپرسی بەشی ڕاگەیاندنی لقی دوو بووە و وەک خۆی دەڵێت مانگانە بەتەنیا گۆڤاری سەفینم بڵاودەکردەوە.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٨وە تا ساڵی ١٩٩٠ نوێنەری پارتی دیموکرات بووە لە بەشی ڕاگەیاندنی بەرەی کوردستانیدا و بە هاوکاری لەگەڵ نوێنەری حیزبەکانی بەشدار لە بەرەی کوردستانیدا مانگانە ڕۆژنامەیەکیان بەناوی "بەرەی کوردستانی" بڵاوکردۆتەوە. لە کانونی دووەم ساڵی ١٩٩٠دا بە فەرمانی مەسعود بارزانی سەرلەنوێ گواستراوەتەوە بۆ ڕادیۆ دەنگی کوردستان و تا ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ لەو ڕادیۆیەدا خەباتی کردوە و وەک خۆی دەڵێت دەوری سەرەکی هەبووە لە جۆشدانی جەماوەر و هاندانی پێشمەرگەکان لە ڕاپەڕیندا.

لە مانگی ئابی ١٩٩١دا بارزانی مەلا خالید کراوە بە ئەندامی کارگێڕی لقی دووی پارتی دیموکرات لە شەقلاوە و هەرلەو ساڵەدا ئەندامی یەکێتی نوسەرانی کوردستان و ئەندامی سندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان بووە و سەدان وتاری سیاسی و کۆمەلایەتی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوکردۆتەوە. لە هەڵبژاردنی ١٩٩٢/٥/١٩ی پەرلەمانی کوردستاندا، ناوبراو بە نوێنەری خەڵکی هەولێر بۆ ئەندامەتی پارلمانی کوردستان هەڵبژێردراوە. لە ١٩٩٣/٥/٨ پۆستی بریکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستانی دراوەتێ. بەشداریی کۆنگرەکانی ٨ تا ١٣ی پارتی دیموکراتی کردوە، لە کۆنگرەی ١١دا بە ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوە و لە کۆنگرەی ١٣ی پارتیدا وتەبێژی کۆنگرە بووە.

ساڵی ٢٠٠٦، بارزان مەلا خالید توشی نەخۆشی دڵ بووە و بەناچار نەشتەرگەری دڵی بۆ کراوە و دواتر بۆ پارێزگاریی کردن لە تەندروستی خۆی، خانەنشین کراوە. ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٥ بەهۆی خەبات و چالاکییەکانیەوە میدالیای بارزانی وەرگرتووە. لەم بارەیەوە دەڵێت:

**- (بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی زۆر خۆشحاڵ بووم. هەستم کرد کە بەڕاستی پێشمەرگە و خەباتکار بوومە و پاداشی ڕەنج و خەباتی ماوەی ژیانم لەلایەن سەرۆک مەسعود بارزانی بەمن درا.)**

# شێخەڵا ئیبراهیم شێخەڵا



شێخەڵا ئیبراهیم شێخەڵا ساڵی ١٩٤٩ لە گوندی جاستان لە ناحیەی دیبەگە لە قەزای مەخمور لەدایک بووە. ساڵی ١٩٦٠ چووەتە ڕیزی یەکێتی قوتابیانی کوردستان و ڕۆژی ١٩٦٤/٤/٤ بووەتە پێشمەرگە لە دەشتی هەولێر و کراوە بە کادیری سیاسی لقی دوو. ساڵی ١٩٦٧ ئەرکی سەرلقی پێشمەرگەکانی لە بەتالیۆنی یەکی هێزی دەشتی هەولێری پێسپێردراوە کە فارس باوە فەرماندەی هێز و سەید کاکە فەرماندەی بەتالیۆنی بووە. دوای ڕێککەوتنی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ لە پەروەردەی هەولێر وەرگێراوە و کارمەندی ژمێریاری ئیدارەی پەروەردە بووە و هاوکات لەگەڵ خەبات کردنی لە ڕێکخراوی ڕوناکی پارتی دیموکراتدا درێژەی بە خوێندنیش داوە و لە خوێندنی ساڵی ١٩٧١- ١٩٧٢ پەیمانگای ئیسلامی لە هەولێر تەواوکردوە. ساڵی ١٩٧٤ کە شەڕی حکومەت بە دژی شۆڕشی ئەیلول دەستی پێکردەوە، شێخەڵا ئیبراهیم گەڕاوەتەوە ڕیزی پێشمەرگەکانی دەشتی هەولێر کە بارەگاکەیان لە گوندی زێوە لە ناوچەی خۆشناوەتی بووە.

ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، چووەتە شنۆ و دواتر لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ کۆمەڵگای دزفول لە پارێزگای خوزستان. لە ١٩٧٥/١٠/٥ لەگەڵ ژمارەیەکی تر کۆمەڵگای دزفولی بەجێهێشتوە و گەڕاوەتەوە بۆ عێراق و لەوێوە ڕەوانەی قەزای شەترە لە پارێزگای ناسریە کراوە. دوای ١٨ مانگ ئیزنی هاوسەر و منداڵەکانیان داوە کە بگەڕێنەوە بۆ کوردستان و شێخەڵا ئیبراهیم و ژمارەیەکی تر لە هەڤاڵانیان ڕەوانەی ناسریە کردوە.

ساڵی ١٩٧٧ لە ناسریەوە پێوەندی بە ڕێزدار مەسعود بارزانیەوە کردوە و بە شێوەی نهێنی لە ناسریە دەستی کردۆتەوە بە خەباتی سیاسی. ساڵی ١٩٧٩ ئیزنیان پێداوە بگەڕێتەوە بۆ هەولێر و لەوێش بۆ ماوەی ساڵێک درێژەی

بەکاری نهێنی داوە، تا سەرئەنجام ساڵی ١٩٨٠ یەکێک لە هاوخەباتەکانی بەناوی سەید جەوهەر کە تەتەری نێوان گروپەکەیان لەگەڵ سەرۆک بارزانی بووە، دەستگیر کراوە و شێخەڵا ئیبراهیم و دوو ئەندامی تری شانەکەیان بە ناوەکانی مەغدید ئەحمەد و دیاب عەلی ئەمین ڕایانکردوە و چوونەتە لای لقی دوو لە ناوچەی بادیناوێ لە سنوری پیرانشار، لەژێر قەندیل. ناوبراو دەڵێت:

- (دوای گیرانی سەید جەوهەر لە لایەن ئیستخباراتی کەرکوکەوە، شەهیدیان کرد و تەرمەکەشیان نەدایەوە.)

لە کۆنفرانسی لقی دوودا لە ساڵی ١٩٨١، شێخەڵا ئیبراهیم بە ئەندامی لق هەڵبژێردراوە و ساڵی ١٩٨٢ کراوە بە کارگێڕی لق. ڕۆژی ١٩٨٧/٤/١٦ کە شێخ وەسان کیمیاباران کرا، ناوبراو لەو ناوچەیە بووە و سەبارەت بە کیمیابارانی شێخ وەسان دەڵێت:

- (دوازدە سۆخۆ و میراژ هاتن و ٧٣ یان ٧٤ بۆمبیان لە شێخ وەسان و دەوروبەری دا. بەرلە بۆمبارانەکە ئێمە هێزێکمان ئامادە کردبوو کە لەسەر داوای برادەرانی یەکێتی بچن بۆ خەتێ و توتمێ و یارمەتیان بکەن و ئێمە لە شێخ وەسان بووین. من و ١٢ کەس مابووینەوە، هەموومان تووشی ئازار و چاوئێشە و ڕشانەوە بووین و من جار بە جار دەرشامەوە. من و عەریف یاسین لە ئەوانی تر باشتر بووین و هەڤاڵانمان بردە مەلەکان. هێزەکەی تریشمان کیمیایان لێدرابوو. ئێمە چوون بۆ دۆڵەتوو و لەوێوە بردیانین بۆ نەغەدە و ورمێ و لەوێشەوە بردیانین بۆ کرماشان کە نەخۆشخانەی تایبەت بە کیمیایی لێ بوو. پێنج ڕۆژ لەوێ بووین، دەرمانیان داینێ و گوتیان مەترسی مردنتان نیە و بگەڕێنەوە، بەڵام شوێنەواری کیمیایی تا بیست ساڵ لە لەشتاندا دەمێنێت. چوار مانگ لە ئێران بووین و لە مانگی نۆیەمی ئەو ساڵەدا گەڕاینەوە بۆ شێخ وەسان و لەوێ ئیزنیان داین بچین بۆ ئێران و تا بەهاری ١٩٨٨ لەوێ ماینەوە. و دوای گەڕانەوەمان بە مەفرەزە دەچووین بۆ دەشتی هەولێر و دەشتی کۆیە.)



لە ئەنفالەکانی ساڵی ١٩٨٨دا، شێخەڵا ئیبراهیم سەرلەنوێ دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە بنکەی لق لە بادیناوێ دەمێنێتەوە و تا کۆنگرەی دەیەمی پارتی، بەرپرسی کۆمەڵگای زێوە بووە و بەدوای کۆنگرەدا لە زێوەوە گواستراوەتەوە بۆ لقی دووە و لەگەڵ مەفرەزەی پێشمەرگەکان گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەکانی هەولێر و خۆشناوەتی و دواتر چووەتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بەرلە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ گەڕاوەتەوە بۆ باشوری کوردستان و لەم بارەیەوە دەڵێت: (بەرلە ڕاپەڕین بەرەی کوردستانی و بەتایبەتی پارتی دیموکرات و یەکێتی نیشتمانی، دوو مانگ بەرلە ڕاپەڕین بەرنامەیان دارشت و بڕیاریاندا ئەگەر هاوپەیمانان لە سەدامیان دا، ڕێکخراوەکان بچن بۆ کوێ و جێیان کوێ بێت. ئێمە لە لقی دوودا بە دوو وەجبە هاتین. عومەر عوسمان بەرپرسی لقی دوو بوو لەگەڵ خورشید شێرە. هێزەکانی ناوچەی کۆیە، هەولێر و شەقڵاوە گەڕانەوە. ئێمەش لەگەڵ خوالێخۆشبوو خالید ئاژگەیی و خوالێخۆشبوو نەجمەدین گورونی ڕۆژی دوایی بە قاسمەڕەش دا هاتین. کاک مەسعود بارزانی سەرۆکایەتی ئێمەی دەکرد و نەوشیروان مستەفاشی لەگەڵ بوو. ڕۆژی دوایی واتە ڕۆژی ١٩٩١/٣/٩ لەگەڵ کاک مەسعود چووین بۆ قەڵادزێ، قەڵادزێ وێران کرابوو. لەوێوە چووین بۆ ڕانیە. کاک مەسعود لەوێ بەجێما و ئێمە ڕۆژی ١٩٩١/٣/١٠ هاتین بۆ خەلیفان و ڕۆژی ١١ی مانگ گەیشتینە هەولێر. هێشتا تەقە هەبوو، خورشید شێرە و ئەوانی تر لەوێ لە گرتنی هەولێردا بوون. ڕۆژی ١٩٩١/٣/٢٠، لقی دوو لەگەڵ هێزەکانی بەرەی کوردستانی و کاک نێچیرڤان لە سلێمانییەوە هاتن و کاک مەسعود بۆخۆی لە پردێ بوو و گوتی: "بە هەر نرخێک بێت ڕۆژی نەورۆز دەبێ کەرکوک ئازاد بکرێ" کە کەرکوک ئازاد کرا و ئاگری نەورۆزی لێکرایەوە، بەڵام دوژمن ڕۆژی ١٩٩١/٣/٢٧ هێرشی هێنایەوە سەر کەرکوک و هەولێر، سلێمانی و کۆیەشی گرتەوە. بەڵام ئەم جارەیان سوپای عێراق لە کۆڕێ شکا و

**ئیتر حکومەت لە تاقەت کەوت، دەزگاکانی کۆکردەوە و ڕۆژی ١٩٩١/١٠/٢٤ کوردستانی بەجێهێشت. ئەوکاتە ئێمە مەقەڕمان لە شەقڵاوە بوو.)**

بە دوای هەڵبژاردنی ١٩٩٢/٥/١٩دا، شێخەڵا ئیبراهیم شێخەڵا لە لقی دوودا دەمێنێتەوە و ڕۆژی ١٩٩٤/٨/١٦ دەکرێت بە وەکیلی وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری حکومەتی کوردستان و بۆ ماوەی پێنج ساڵ لەو پۆستەدا بووە و ساڵی ١٩٩٩ بۆ جارێکی تریش گەڕاوەتەوە بۆ لقی دووی هەولێر و کراوە بە جێگری بەرپرسی لق. لە خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستاندا، ساڵی ٢٠٠٥ بووە بە نوێنەری خەڵکی هەولێر و دوای تەواو بوونی ماوەی نوێنەرایەتییەکەی، ساڵی ٢٠٠٩ خانەنشین کروە.

شێخەڵا ئیبراهیم شێخەڵا بەشداری چەند شەڕی لە دەشتی کۆیە، چیای باواجی، سماقۆڵی، دۆڵی بالیسان. مەرگە و پشدەری کردوە و ساڵی ١٩٦٥ لە شەڕی ئاسۆسدا لاقی ڕاستەی بریندار بووە و چەند خاڵ و خوارزای و برازایەکیشی شەهید بوون. ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٥، لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

**- (زۆر خۆشحاڵ بووم بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی و تێگەیشتم کە خەبات و ماندوو بوونەکەم بەفیڕۆ نەچووە و سەرکردایەتی حیزبەکەم لەبەر چاوی بووە.)**

## تاهیر مەلا عەلی محەمەد ڕەباتی




تاهیر مەلا عەلی محەمەد ڕەباتی ساڵی ١٩٥٠ لە هەڵەبجە لە دایک بووە. ساڵی ١٩٦٧ بووەتە پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول و لەگەڵ عەبدولوەهاب ئەتروشی لە هێزی خەبات بووە. ساڵی ١٩٧٠، بە دوای ڕێککەوتنی ١١ی ئازار کراوە بە پاسەوانی سنور و لە فەوجی حەرەس حدودی ناحیەی "ناڵپارێز" لە پێنجوێن و سەیدسادق بووە. ساڵی ١٩٧٣ لەلایەن حکومەتی عێراق گیراوە و بۆ ماوەی بیست ساڵ حوکمدراوە و لەگەڵ ٤٥ کادیر و پێشمەرگەی پارتی دیموکرات لە زیندانی گەورەی سلێمانی زیندانی بووە. وەک خۆی دەڵێت:

**- (شەوی ١٠ لەسەر ١٩٧٤/٣/١١ بە ئەمری مەکتەبی سەربازیی سەربە مەکتەبی سیاسی پارتی کە کاک ئیدریس بارزانی بەرپرسی بووە، بە هاوکاریی حەمەجان باوکی قادر حەمەجان کە ئەوکاتە لە حکومەتدا بەرپرسی زیندان بوو لەگەڵ کەسێکی تر بەناوی فوئاد، دەرگای زیندانیان کردەوە من پێشمەرگەکانی تریان لە زیندان ڕزگار کرد.)**

دوای دەرچوونی لە زیندان، تاهیر مەلاعەلی گەڕاوەتەوە بۆ هێزی خەبات کە فەتاح ئاغا فەرماندەی بووە و تفەنگێکی برنەوی بە خەڵات وەرگرتووە و لەوێوە ڕەوانەی هێزی کەرکوکیان کردوە کە فازل تاڵەبانی فەرماندەی بووە.

ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، تاهیر مەلا عەلی گەڕاوەتەوە ماڵی خۆی و ساڵی ١٩٧٧ سەرلەنوێ پێوەندی بە مەلا عەلی سورێن و نادر عەلی هەورامییەوە کردوە و لەگەڵ چەند خەباتکاری تر ڕێکخراوی خەباتیان دامەزراندوە. لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (بە بڕیاری لقی ٣ و ٤ی ئەوکاتەی پارتی کە نادر عەلی هەورامی بەرپرسیان بوو، لەگەڵ کەریمی عەینە، شێخ تۆفیق، ئەکرەم حەمە عەلی، نەوزادی حەمەی نەجم شێخ سمایل و عەبدوڵا ئاغای برای فەتاح ئاغا، ڕێکخراوێکمان بەناوی ڕێکخراوی خەبات دامەزراند. من جێگری ڕێکخراوەکە و بەرپرسی پێوەندی ئەو ڕێکخراوە لەگەڵ لقی ٣ و ٤ بووم.)



لە ساڵی ١٩٧٧وە تا ساڵی ١٩٨٠ حکومەتی عێراق سێ جار تاهیری مەلا عەلی بە تۆمەتی هاوکاریی کردن لەگەڵ پێشمەرگە دەستبەسەر کردوە، تا سەرئەنجام ساڵی ١٩٨٠ گەڕاوەتەوە ڕیزی پێشمەرگەکانی پارتی و دوای تێپەڕبوونی پێنج مانگ کراوە بە ئەندامی بەشی سەربازیی لیژنەی ناوچەی سورێن. ساڵی ١٩٨٣ کە لقەکانی ٣ و ٤ی پارتی دیموکرات لە یەکتر جیا کرانەوە، تاهیری مەلا عەلیان کردوە بە ئەندامی کارگێڕی لیژنەی ناوچەی قەرەداغ کە خالید ڕەباتی بەرپرس و ئازاد قەرەداغی بەرپرسی لقی ٣ بوو و دواتر لە لقی ٣دا بە ئەندامی بەرپرسی ناوچەی دوزخورماتوو هەڵیانبژاردوە.

کاتێک پارتی دیموکرات و یەکێتی نیشتمانی کوردستان ڕۆژی ١٩٨٦/١١/٤ لە تاران ڕێککەوتن، لە مانگی ١٢ی ئەو ساڵەدا لەگەڵ شەهید ئازاد قەرەداغی، قادر قادر، فەرەیدون جوانڕۆیی، سەید فەتحوڵا کاکەیی و عەدنان کەمال چووەتە ڕاژان و لەوێ چاویان بە ڕێزدار ئیدریس بارزانی و عەلی عەبدوڵا کەوتوە، لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (مەبەست لەو دیدارەمان، جەولەیەک بوو لە ناوچەی گەرمیان بۆ کاری ڕێکخستن بە دوای ڕێککەوتنی پارتی و یەکێتی لە تاران. بۆ ماوەی سێ کاتژمێر و نیو، کاک ئیدریس قسەی بۆمان کرد، ئامۆژگاری و ڕێنوێنی کردین. کاتی پرسیار کردن، من پرسیم: هەڵوێستی ئێمە بەرامبەر ئەو جاش خەفیفانەی کە تازە پێکهێنراون، چی دەبێت؟ کاک ئیدریس گوتی: "مانەوەی ئەو جاش خەفیفانە لە کوردستاندا بەشیوەی ئێستا باشترە با منداڵی کورد نەچێت لە بەرەکانی شەڕی ئێران و عێراقدا تێدا بچێت. من دەڵێم با خەڵکی

کورد لە بەرەکانی شەڕدا زەرەرمەند نەبن و گومان لەوەدا نییە کە لە دواڕۆژدا هەرئەو جاش خەفیفانە و ئەوانەی لە ئۆردوگا زۆرەملییەکاندا کۆیان کردونەتەوە، بە گۆڕانی بارودۆخ، دەبن بە دوو بۆمبی ئەتۆم و بە ڕووی دوژمندا دەتەقێنەوە. قسەی کاک ئیدریس دوای پێنج ساڵ وەدیهات.)

تاهیر مەلا عەلی محەمەد ڕەباتی وەک خۆی دەڵێت پێنج جار لە بەرەکانی شەڕ لەگەڵ دوژمندا، لە داربەڕو نزیک عەربت، شاربازێر، قەرەداغ، باسەرە و دووجاریش لە شەڕەکانی ناوخۆدا برینداربووە. ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٥ شەرەفی وەرگرتنی میدالیای بارزانی پێبەخشراوە. ناوبراو دەربارەی وەرگرتنی ئەو میدالیایە دەڵێت:

- (ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٥ کە میدالیای بارزانیم وەرگرت لە کۆنگرەی ١٣ی پارتیدا، بۆمن گەرەترین شانازی بوو. لەسەرەتادا، فەرمانی بەخشینی میدالیای بارزانی بەمن، بەشێکە کە مێژووی خەباتی پێشمەرگایەتی من بە کورد و کوردستان و ڕێبازی هەمیشە زیندووی بارزانی و من و بنەماڵەکەم بۆ هەمیشە شانازی پێوە دەکەین.)

## فایق عەلی ئەحمەد



فایق عەلی ئەحمەد ناسراو بە مەلا فایق بازیانی ساڵی ١٩٥٣ لە گوندی دارەتووی حاجی حارس سەربە ناحیەی سەرچنار لە سلێمانی لەدایک بووە. ڕۆژی ١٩٦٨/١٠/١٣ چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی لقی داریکەلی لە بەتالیۆن ٤ی هێزی قەرەداغ. تا ساڵی ١٩٧٠ لەو لقەدا پێشمەرگە بووە و لە ڕەوتی خەباتی ئەو چەند ساڵەیدا بەشداری شەڕەکانی گڵەزەرد، قەرەداغ، شاخی بەرانان لە ناوچەکانی سلێمانی و بازیانی کردوە. ساڵی ١٩٧٠ لەگەڵ ساڵحە ڕەش، عومەر حەمەمواراد، فەریق مینەڕەش و ئەحمەد خەلەف چووەتە حاجی ئۆمەران و چاویان بە بارزانی کەوتووە و گوتویانە ئێمە نامانەوێ ببین بە پاسەوانی سنور. وەک خۆی دەڵێت بارزانی پێیڕاگەیاندون وەک پێشمەرگە لە ماڵی خۆیاندا بمێننەوە. ساڵی ١٩٧٣ لەگەڵ ساڵحەڕەش چووەتە هەمەوەند لە ناوچەی چەمچەماڵ و لەوێ لە لقێکی تازە دامەزراودا بەناوی لقی باسەرە ماوەتەوە و دوای چەند مانگ گواستراوەتەوە بۆ بەتالیۆنی قەرەداغ کە عەبدولڕەحمان پێداوی فەرماندە بەتالیۆن و ساڵح پێداوی فەرماندەی هێزی بووە. ساڵی ١٩٧٤ کە شەڕی ڕژێمی عێراق بە دژی گەلی کورد دەستی پێکردەوە، فایق عەلی گواستراوەتەوە بۆ دەربەندیخان و کراوە بە جێگری سەرپەل کە خورشید مەردان سەرپەلی بووە. ڕۆژی ١٩٧٤/٣/١١ لە شەڕی دەربەندیخان سەری بریندار بووە و پێنج پێشمەرگەی هاوڕێشی بە ناوەکانی تاهیر نادر، عەزیز حاجی مەحمود، عومەر میرزا، عەلی بەکر و ڕۆستەم گەلاڵی شەهید بوون. بەشداریی شەڕی چەمی سمۆری کردوە و دوو لە پێشمەرگەکانی هاوڕێشی بە ناوەکانی جەمال حاجی محەمەد

جێ شانەیی و جەمال غەیدان جنۆکەیی شەهید بوون. وەک خۆی دەڵێت پێشمەرگەکانی حیزبی شیوعی لەم دوو شەڕانەدا بەشدار بوون. لە مانگی ٧ی ساڵی ١٩٧٤دا هێزەکەیان بە فەرمانـدەیی عومەر ئاوەکەڵەیی و فەریق مینەڕەش گواستراوەتەوە بۆ زۆزک و تا مانگی یەکەمی ساڵی ١٩٧٥ لەوێ بوون. دوای ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول لە ئازاری ١٩٧٥، ناوبراو چووەتە پاوە و دوای ١٥ ڕۆژ لەگەڵ ساڵحەڕەش و حەسەن سلێمان گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی و دوای ١٩ مانگ سەرلەنوێ بەرەو کاری ڕێکخستن چووەتەوە. ساڵی ١٩٧٨ گەڕاوەتەوە ڕیزی پێشمەرگەکانی لقی ٣ی پارتی دیموکرات لە سورێن کە ئەحمەد ئاوکە فەرماندە و نادر عەلی هەورامی لێپرسراوی ناوچەکە بووە و دواتر مەلا قادر و یونس ڕۆژبەیانی کراون بە بەرپرسی ئەو ناوچەیە. ساڵی ١٩٨٥ لە ناوچەی چەمچەماڵ کراوە بە ئەندامی ڕێکخراوی بازیان کە ئەحمەد فەتحوڵا بەرپرسی ناوچەی چەمچەماڵ بووە. لەم بارەیەوە دەڵێت:

**- (ساڵی ١٩٨٦ ڕێکخراوی بازیان کرا بە ناوچە و من کرام بە ئەندامی ناوچە کە مەلا شێخ محەمەد بەرپرس و ئەحمەدە سور ڕەباتی کارگێڕی ناوچەکە بوون.)**

ساڵی ١٩٨٦، مەلا فایق بازیانی بەشداریی کردوە لە چەککردنی پێگەی فەوجی خەفیفەی باسەرە، سەنگاو و فەوجی مەندیلە لە لە ناوچەی چەمچەماڵ. ساڵی ١٩٨٨ بەشداریی شەڕی ملەی مەحمودیەی لە بازیان کردوە و لەگەڵ کیمیابارانی ناوچەکە، بەرەو قەندیل پاشەکشەیان کردوە. لەوێوە بە بروسکەی مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکرات چوونەتە خواکورک و بەشداریی شەڕی گەورەی خواکورکیان کردوە. لەوێوە گەڕاونەتەوە بۆ گوندی دۆڵەتوو و نۆکان لە سنوری نێوان باشور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لەم بارەیەوە دەڵێت:

**- (لە نۆکان چوار ناحیەی قەرەداغ، دووز، بازیان و چەمچەماڵ کران بە ناوچەی چەمچەماڵ و منیشیان کرد بە کارگێڕی ئەو ناوچەیە.)**



لە مانگی ٧ی ساڵی ١٩٨٩دا لەگەڵ ناوچەی قەڵادزێ- کەرکوک بە مەفرەزە گەڕاوەتەوە بۆ گوندەکانی ڕەزگە و مارەدۆ و لەوێ سێ پێگەی ڕژێمیان لە گردی ڕەمکان چەک کردوە و ١٩ دیل و کۆمەڵێک چەک و تەقەمەنیان لەگەڵ خۆیان هێناوەتەوە. ساڵی ١٩٩٠ بە فەرمانی سەرۆکی پارتی بە مەفرەزە لەگەڵ لقی ٣ی چەمچەماڵ گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەی کەرکوک، چەمچەماڵ و بازیان. لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (هەرکام لە ئەندامانی مەفرەزەکە وەک نەجات حەسەن کارگێڕی لق، نادر عەبدولا بەرپرسی ناوچە و خۆم وەک کارگێڕ لەگەڵ حەمە ڕێگر، دلێر، کاروان، بەختیار، عومەر حەمە سەعید "ئارام" کە پێشمەرگە بوون زیاتر لە ٦٠٠ نامەی سەرۆک بارزانیمان سەبارەت بە شیمای ڕاپەڕین لە کوردستان، گەیاندە دەست پیاو ماقوڵان و کەسایەتییەکانی ناوچەکە.)

مەلا فایق بازیانی بەشداریی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ و گرتنی کەرکوکی کردوە و لە دژە هێرشی سوپای عێراقدا لەگەڵ حەوت پێشمەرگە چووەتە بازیان و لە وتووێژەکانی بەرەی کوردستانی لەگەڵ ڕژێم، بەرپرسی ناوچەی بازیان بووە. ساڵی ١٩٩٢ لە هێزی یەکگرتووی پارتی و یەکێتی لە بەکرەجۆ بووە و ساڵی ١٩٩٤ کراوە بە ئەندامی لقی ٤ی سلێمانی و هەڵەبجە کە عارف تەیفور بەرپرسی بووە. ساڵی ١٩٩٩ بە دوای کۆنگرەی ١٢ی پارتیدا گواستراوەتەوە بۆ لقی ٣ و ئەرکی کارگێڕی لقیان پێسپاردوە و ساڵی ٢٠٠٣ کە ڕژێمی بەعس ڕوخا، بۆ ماوەیەک لە کەرکوک بووە و دواتر گواستراوەتەوە بۆ لقی ١٥ی خانەقین و ئەرکی کارگێڕی لقیان داوەتێ کە سەلاح دەلۆ بەرپرسی لق و ئەکبەر حەیدەر جێگری لق بووە.

ساڵی ٢٠٠٦، مەلا فایق بازیانی گەڕاوەتەوە بۆ لقی ٤ی سلێمانی و بە پلەی کارگێڕ، تا ساڵی ٢٠١٠ لەوێ بووە و ئێستا ئەندامی دەزگای باڵای ئەیلولە لە شەقڵاوە. مەلا فایق بازیانی چوار جار لە شەڕی دەربەندیخان ١٩٧٤/٣/١١،

شـاربـاژێر ١٩٨٤، دیسـان شـاربـاژێر بـە فـڕۆکە لـە ١٩٨٥/٥/٥ و هـەروەهـا شـەڕی چۆمـان لـە مـانگی ١١ی ١٩٨٥دا برینـدار بـووە. دوو خـاڵۆزای بـەناوەکـانی عەبـدولکەریم قـادرزادە و جـەبـار قـادرزادە سـاڵی ١٩٨٧ و ١٩٩٥ لـە هـەڵـەبـجـە شـەهید کـراون. فـایق عـەلـی ئـەحـمـەد بـەهـۆی چالاکییـەکـانیـەوە ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٥، لـە کۆنگرەی ١٣ی پـارتـی دیموکراتدا میدالیای بـارزانـی وەرگرتووە و لـەم بـارەیـەوە دەڵێت:

- (وەرگرتنی میدالیای بارزانی بـە گەورەترین ڕووداوی ژیانم دەزانـم و زۆر بـە وەرگرتنـی خۆشحاڵ بووم.)

## محەمەد فەقۆ محەمەد



محەمەد فەقۆ محەمەد ساڵی ١٩٥٤ لە گوندی "مەڕانە"یی لە قەزای مێرگەسور لەدایک بووە. ساڵی ١٩٦٧ لە دیلمان چووەتە ڕیزی پێشمەرگە پاسەوانەکانی سەرۆک مستەفا بارزانی کە محەمەد عیسا بەرپرسیان بووە و تا ساڵی ١٩٧٥ لەگەڵ خانەمیر، مەحمود موسا، ڕەشۆی خالە هەمزە پاسەوانی سەرۆک بارزانی و ئیدریس و مەسعود بارزانی بووە. ساڵی ١٩٧٥ دوای ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول چووەتە شنۆ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دواتر لە گوندی بێمزورتە لە نزیک میراوێی زێوە نیشتەجێ بووە. لەوێوە لە هاوسەر و منداڵەکانیان جیا کردوەتەوە و وەک خۆی دەڵێت نزیکەی ١٠- ١٢ هەزار پیاویان بەبێ هاوسەر و منداڵەکانیان بردۆتە کۆمەڵگای ڕەوانسەر و دوای ٤٥ ڕۆژی گەڕاندویانەتەوە بۆ زێوە و دواتر لەگەڵ منداڵەکانی گواستویانەتەوە بۆ جهرم. لەوێ ناچار بووە بۆ بژیوی خۆی و منداڵەکانی کاری بەننایی بکات. ڕژێمی ئێران ئەم جارە محەمەد فەقۆی لە جهرمەوە بردوەتە کرمان و دواتریش لە ڕەفسنجان نیشتەجێی کردوەن. ناوبراو دەڵێت: **(١٤ مانگ لە سەرچشمەی کرمان کاری بەننایيم کردوە.)**

ڕۆژی ١٩٧٩/٣/٣١ کە سەرۆک مستەفا بارزانی کۆچی دوایی کرد، محەمەد فەقۆ گەڕاوەتەوە بۆ زێوە و دوای کۆتاییهاتنی ڕێوڕەسمی بەخاک سپاردنی بارزانی بە ڕاسپاردەی ئیدریس بارزانی دوای سەردانێکی کورتی منداڵەکانی لە کرمان، ئەوانی بەجێهێشتووە و گەڕاوەتەوە بۆ زێوە و بە سەرۆکایەتی مام وسو ئاغا کۆرکەیی لەگەڵ عوزێر ئاغا، حەسۆ کانی لەنجی. مەلا عومەر عیسا لە بنکەیەکیان داناوە.



ڕۆژی ٢-١٩٨٩/١٢/١٢ یەکێک بووە لە پاسەوانەکانی کۆنگرەی دەی پارتی دیموکرات کە لە هاشم ئاوای ناوچەی مەرگەوەڕ پێکهات و بە دوای ئەو کۆنگرەیەدا لەگەڵ مەسعود بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ "کۆراوا" لە هێڵی سنوری دەستکردی نێوان باکور و باشوری کوردستان و لەوێوە چوونەتە دەشتی بەرازگر و حەیات. لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (سەرۆک بارزانی سیداد و نیهاد بارزانی و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و نزیکەی ٤٠٠ پێشمەرگەی لەگەڵ بوو. عومەر ئاغای دۆڵەمەری بەرپرسی ئێمە بوو. لەگەڵ سەرۆک بارزانی چووین بۆ گەلی دووتازا لە ناوچەی نێروە. ٩٨ ئێستر ئەرزاق و تەقەمەنیمان پێبوو. من یەکەم ئێسترم پێبوو و لە پێشەوە دەڕۆیشتم و ئەوانی تریش بە دوامدا. هەموو ناوچەکانی مزوری، ڕێکانی و بەرواری گەڕاین و چووین بۆ بارەگای لقی یەک کە لە ناوچەی نێروە بوو. سەفەرەکەمان یازدە مانگ و هەژدە ڕۆژی خایاند و دواتر گەڕاینەوە بۆلای دوکتۆر سەعید ئەحمەد نادر کە لە قواتی بارزان لە حەیات بوو.) محەمەد فەقێ محەمەد سەرلەنوێ بە دوای ڕاوەستانی شەڕ لەنێوان عێراق و ئێراندا، لەگەڵ مەسعود بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ باشوری کوردستان و لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (شەڕی نێوان ئێران و عێراق ڕاوەستا بوو، حکومەتی عێراق پێشڕەوی کردبوو و ئێران ناوچەکەی چۆلکرد بوو. ئێمە هاتین بۆ شنۆ و کاک مەسعود چوو بۆ نازدار داغی. عێراق دەیویست بە هێلیکۆپتەر سەرباز لە بەرزاییەکان دابەزێنێ، بەڵام کاک مەسعود پێشدەستی کرد و زووتر هەموو هێزەکانی بە فەرماندەیی حەسۆ خەردەنی دۆڵەمەری. حالی دۆڵەمەری، ئەحمەد مەلا سوار لە شوێنە ستراتیژییەکان جێگیر کرد و لە ئاکامدا ناوچەکە بوو بە بەرەی شەڕ. هێزی بارزان و بەشێکی زۆر لە هێزەکانی تری ناوچەکە لە سەری کۆراوا، ملە زەرد، برێ مشکا، خەزنێ و ناوچەکانی سەر بە خواکورک، شەڕی تێدابوو. لەوێ کاک مەسعود وتارێکی زۆر گرنگی خوێندەوە و گوتی وەزعی عێراق بەم جۆرە نامێنێت و پەیامەکەی دڵخۆشکەر بوو. لەو شەڕانەدا بەهۆی

**هەوای سارد و تاقەت بڕ و نەبوونی ئازوقە و تەقەمەنی، پێشمەرگەکان شکان و پاشەکشەیان کرد . بە دوای ئێمەدا سوپای عێراقیش لە سەرمادا خۆی بۆ ڕانەگیرا و کشایەوە.)**

دوای گەڕانەوەمان بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سەرلەنوێ پێشمەرگەکانیان بە شێوەی مەفرەزە گەڕاندەوە بۆ باشور و جوڵەکان دەستی پێکرایەوە. ساڵی ١٩٩١، بەرلە ڕاپەڕین محەمەد فەقۆ محەمەد لەگەڵ مەسعود بارزانی چووەتە قاسمەڕەش و لە مەقەڕی بەرەی کوردستانی بوون. لەوێ کاک مەسعود لە پێشمەرگەکان جیابووەتەوە و چووە بۆ قەڵادزێ و ڕانیە و محەمەد فەقۆش لەگەڵ خەلیل دەستکۆ چوون بۆ دیانا و شەو لە ماڵی عیزەت سلێمان بەگ بوون. لەم بارەیەوە دەڵێت:


**-(شەوی دووەم کاک مەسعود گەیشتە ئێمە. ئێمە چووین مەقەڕمان لە سارداو دانا و دوای پێکهاتنی حکومەت و بەرەی کوردستانی ئێمە گەڕاینەوە بۆ مەسیف. من حەوتوویەک دوای دابەزینی سەرۆک بارزانی بە بنەماڵەوە گەیشتمە مەسیف سەلاحەدین. برایم حەسۆ، سەمەد، عیسا سمایلۆک، محەمەد مێمێ لەگەڵ کاک مەسعود هاتن. لە ڕاستیدا ئەگەر کاک مەسعود نەهاتبایە، خەڵکی تر نەدەگەڕانەوە بۆ مەسیف و دابەزینی ئێمەیان لەوێ بە یاری کردن بە ئاگر دەزانی.)**

محەمەد فەقۆ دەیان سەفەری لەگەڵ ڕێزدار مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و پارتی دیموکرات بۆ وڵاتەکانی، ئێران، تورکیا، بەغدا و نەمسا کردوە و یەکێک لە وێنەکانی خۆی لەگەڵ جۆرج بوش سەرکۆماری ئەمریکا لە ماڵەکەی هەڵواسیوە و دەڵێت: **(بوش خزمەتی بە کورد و عێراقییەکان کرد کە سەدام حوسێنی لە حکوم هێنایە خوارەوە.)**

محەمەد فەقۆ براکەی و چوار ئەندامی بنەماڵەی براکەی لە بۆمبارانی زێوە لە ڕۆژی ١٩٨٥/٦/٩ شەهید و سێ لە ئەندامانی برایەکی تری لە ئەنفالی ١٩٨٣ی بارزانییەکاندا لە هەریر ئەنفال کراون. بەهۆی خزمەت و چالاکییەکانی کە وەک خۆی دەڵێت زۆر جار لە کارەساتی گەورە ڕزگاری بووە، ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٥ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتوە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

**- (هەرچەندە من خۆم بە شایانی میدالیای بارزانی نەدەزانی، بەڵام وەک ئەوە بوو کە خودا منی خەنی کردوە و زۆر خۆشحاڵ بووم.)**

## عیسمەت سەبری ڕەشید



عیسمەت سەبری ڕەشید ناسراو بە عیسمەت نێروەیی ساڵی ١٩٥٥ لە گوندی بێزنوور لە ناوچەی ئامێدی لەدایک بووە. ساڵی ١٩٧٧ لە تەمەنی ١٢ساڵیدا، چووەتە لای مامی کە فەرماندەی بەتالیۆن و باوکی جێگری فەرماندەیی بەتالیۆن بووە لە هێزی ئامێدی بە فەماندەیی محەمەد تاهیر نێروەیی و بۆ ماوەی پتر لە دوو ساڵ خزمەتی پێشمەرگەکانی کردوە. تا ساڵی ١٩٧٥ لەو بەتالیۆنەدا بووە و لەو ساڵەدا کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، چووەتە شنۆ و لەوێوە لەگەڵ پێشمەرگە سەڵتەکان گواستراوەتەوە بۆ کۆمەڵگای ڕەوانسەر لە پارێزگای کرماشان. دوای سێ مانگ لەگەڵ باوکی گەڕاوەتەوە بۆ نەغەدە و وەک خۆی دەڵێت، لەوێ بەئیزنی سەرۆک مستەفا بارزانی لەگەڵ ٣٠- ٤٠ پێشمەرگە ڕووی لە گوندی بێزنوور کردوە کە بنەماڵەکەیان لە باشوری کوردستانەوە بێننە لای خۆیان بۆ ڕۆژهەڵات و لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (ئێمە بە ئیزنی مەلا مستەفا گەڕاینەوە بۆ گوندی بێزنوور و بنەماڵەکانمان بە باکوری کوردستاندا برد بۆ گوندی ساتێ و بە گەوەڕدا خۆمان گەیاندەوە ڕۆژهەلاتی کوردستان. سەرەتا لە ناوچەی تەرگەوەڕ و دواتر زێوە بووین و لەوێوە گواسترابنەوە بۆ کۆمەڵگای ڕەبەت و لەوێشەوە بردیانین بۆ مەشهەد و یەزد.)

عیسمەت نێروەیی تا ساڵی ١٩٧٩ لەگەڵ باوکی لە یەزد بوون و لەو ساڵەدا بە ڕاسپاردەی ئیدریس بارزانی گەڕاونەتەوە بۆ زێوە. باوکی کراوە بە فەرماندەی هێزی تایبەتی سەربە مەکتەبی سیاسی و عیسمەتیش کراوە بە جێگری سیاسی ئەو هێزە. دوای شەهیدبوونی باوکی لە ڕۆژی ١٩٨٣/٦/١٤دا لە ناوچەی حاجی ئۆمەران، جێی باوکی گرتۆتەوە و کراوە بە فەرماندەی هێزی تایبەت. لە بۆمبارانی فڕۆکە بۆمبهاوێژەکانی عێراق بۆسەر کۆمەڵگای زێوە کە ڕۆژی ١٩٨٥/٦/٩ بەڕێوەچوو کچ و کوڕێکی مامی شەهید و دە ئەندامی بنەماڵەکەشی بریندار بوون.



ساڵی ١٩٩١ بەرلە ڕاپەڕینی خەڵکی باشوری کوردستان، لەگەڵ مەسعود بارزانی چووەتە قاسمەڕەش و لەوێوە لەگەڵ نیهاد بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ ڕانیە و لەم بارەیەوە دەڵێت: (**ڕۆژی دوایی سەرۆک هات و من کرام بە پاسەوانی مەکتەبی سیاسی و تا کەرکوک و پردێ و دواتریش شەڕی کۆڕێ لەگەڵ سەرۆک بارزانی بووم.**) ساڵی ١٩٩٢ کراوە بە فەرماندەی فەوجی دووی لەشکری تایبەت و ساڵی ١٩٩٣ ئەرکی جێگری لەشکری پیرمامی لە مەسیف سەلاحەدین دراوەتێ. ساڵی ١٩٩٥ گواستراوەتەوە بۆ لیژنەی کۆمەڵایەتی گشتی سەربە مەکتەبی سەرۆک کە نیهاد بارزانی بەرپرسی بووە و وەک خۆی دەڵێت لە ساڵی ١٩٩٧وە هەتا ئێستا نوێنەری کۆمەڵایەتی گشتییە لە دهۆک.

عیسمەت سەبری ڕەشید جارێک لە ساڵی ١٩٧٤ لە شەڕی سپیڕێز بریندار بووە. محەمەد تاهیر ڕەشیدی مامی ساڵی ١٩٧٨ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆچی دوایی کردوە و موحسین عەلی ئامۆزای ڕۆژی ١٩٨٣/٦/١٤ لەگەڵ سەبری ڕەشیدی باوکی لە ناوچەی حاجی ئۆمەران شەهید و ئامۆزایەکی تری بەناوی سەعید چاوشینی لە هەمان ساڵدا شەهید بووە.

عیسمەت سەبری بەشداریی کۆنگرەکانی ١٠ تا ١٣ی پارتی دیموکراتی کوردستانی کردوە و ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٥ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتیدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە. لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (ئەو ڕۆژەی میدالیام وەرگرت، هەموو دەرد و ئازارەکانم لەبیر کرد و وەک ئەوە بوو کە تازە لەدایک بووم.)

## دوکتۆر پیرۆت ئەحمەد ئیبراهیم



دوکتۆر پیرۆت ئەحمەد ئیبراهیم ساڵی ١٩٤٤ لە گوندی قورشاغلو لە ناوچەی قوشتەپە سەربە پارێزگای هەولێر لە دایکبووە. خوێندنی سەرەتایی لە گوندەکەیان تەواو کردوە و لە خانەی مامۆستایانی هەولێر بۆ ماوەی شەش ساڵ خوێندویەتی و بڕوانامەی مامۆستایی وەرگرتووە. ساڵی ١٩٦٢ چووەتە ڕیزی یەکێتی قوتابیانی کوردستان و لە هەمانکاتدا ئەندامی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان بووە. ساڵی ١٩٦٥ بە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان وەرگیراوە. بەڕێوەبەری خوێندنگەی کۆڕێ لە ناوچەی شەقڵاوە بووە. لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ ناحیەی بارزان و بۆ ماوەی دوو ساڵ لە گوندی بارزانی وانەی بە منداڵان گوتووە و تا ساڵی ١٩٧٠ لە بارزان بووە. لەو ساڵەدا ئەندامی سکرتارییەتی یەکێتی مامۆستایانی کورد بووە لە بەغدا و لە هەمان کاتدا وەک کادیرێکی پارتی، ئەرکی پێسپێردراویشی بەڕێوەبردوە.

ساڵی ١٩٧٣، لەگەڵ ٦٦ کادیری پارتی بەشداری فیستیڤاڵی لاوانی جیهانی کردوە لە برلینی ڕۆژهەڵات و دوای هەڵگیرسانی شەڕ لە ساڵی ١٩٧٤دا، پیرۆت ئەحمەد گەڕاوەتەوە بۆ ڕیزی شۆڕش و لە ناوچەی ئازادی لە حاجی ئۆمەران، سەرپەرشتیاری ئۆرگانی پەروەردەیی شۆڕشی ئەیلول بووە لە سەرکردایەتی شۆڕشدا و یەکێک بوو لەو کەسانە کە ڕۆژی چوار شەممە ١٩٧٤/٤/٢٤ لە نزیکەوە شاهیدی بۆمبارانی زانکۆی قەڵادزێ بووە لەلایەن شەش فڕۆکەی جەنگی Sukhoi سۆخۆی ڕوسی بە بۆمبی ناپاڵم کە ١٢٧ هاوڵاتیان شەهید و نزیکەی ٤٠٠ کەسیشیان بریندار کرد کە زۆربەیان خوێندکارانی زانکۆ بوون و لەم بارەیەوە دەڵێت:

**- (ئێمە وەکوو پەروەردە، بەتایبەتی کاک ئیدریس بارزانی دژی بیرۆکەی دامەزراندن و گواستنەوەی خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بووین بۆ قەڵادزێ.**

کاک ئیدریس گوتی: "ئێمە دژی خوێندن و پەروەردە نین، بەڵام ئەوە کارێکی گەورەیە و وەک پێویست بە ئێمە ناکرێت." کەچی مامۆستاکانی زانکۆ پێداگریان کرد. لەبەرئەوە شۆڕش هەموو پێداویستییەکانی زانکۆی بۆ ئامادە کردن و لەگەڵ کلاشینکۆفێک بۆ هەرکام لە مامۆستاکان. من لە ئازادییەوە لەگەڵیان چووم بۆ قەڵادزێ کە دواتر ڕژێمی عێراق ڕۆژی ١٩٧٤/٤/٢٤ بۆمبارانی کرد. من لەگەڵ دوکتۆر کەمال فوئاد لەو شارە بووم و لەگەڵ خەڵکی قەڵادزێ، دەیان دەست و قاچ و جەستەی لەت و کوتکراوی شەهیدەکانمان کۆکردەوە و لە مزگەوتی قەڵادزێمان دانان.)

ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، پیرۆت ئەحمەد دەچێت بۆ نەغەدە. لەوێ بنکەیەکی پەروەردە دەکەنەوە. ناوبراو لەگەڵ سامی عەبدولڕەحمان و فەلەکەدین کاکەیی سەرپەرشتی ئەو بنکەیە دەکەن و ئەرکی مامۆستایانی شۆڕش و ئەو مامۆستایانەی خوازیاری چوون بۆ وڵاتانی ئەوروپی و ئەمریکا بوون، لە ئەستۆ دەگرن. دوای گواستنەوەی بارزانی بۆ کەرەج، پیرۆت ئەحمەد لە نەغەدە دەمێنێتەوە کە کۆگاکانی پەروەردە جێبەجێ بکات. دوای جێبەجێکردنی کۆگاکان دەچێت بۆ تاران و ساڵی ١٩٧٦ لەگەڵ ١٠٠ خوێندکاری زانکۆ، ئێران بەجێدێڵن. سەرەتا دەچن بۆ ئوتریش "نەمسا"، ناوبراو لەگەڵ ژمارەیەک لە ڤیەن نیشتەجێ دەبێ و ئەوانی تر لە وڵاتانی ئەوروپیدا بە پەنابەری سیاسی وەردەگیرین. پیرۆت ئەحمەد لە ڤیەن هاوکات لەگەڵ خوێندنی زمان، ئەرکی پارتی بەڕێوە دەبات.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٨دا ڕێزدار مەسعود بارزانی لە ئەمریکاوە دەچێت بۆ ڤیەن کە ئەندامانی ڕێکخراوی پارتی بەسەر بکاتەوە. ڕۆژی ١٩٧٩/١/٨، پیاوانی سەربە ئیستخباراتی عێراق بە پلانێکی پێشتر ئامادەکراو تەقەی لێدەن و لە ئەنجامدا، لاقی چەپەی پیرۆت ئەحمەد و زگی ئازاد بەرواری بریندار دەکەن. بە دوای ئەو ڕووداوەدا، مەسعود بارزانی بە یارمەتی فەلەستینییەکان دەچێت بۆ شام.

پیرۆت ئەحمەد لە ساڵی ١٩٧٩وە تا ساڵی ١٩٨٩ بۆ ماوەی دە ساڵ ئەندامی سکرتارییەتی یەکێتی خوێندکارانی کورد بووە لە ئەوروپا. ساڵی ١٩٨٥ بە نوێنەرایەتی لاوانی سەربە پارتی دیموکرات، بەشداریی فیستیڤاڵی لاوانی جیهانی کردوە لە مۆسکۆ. لەگەڵ ئەوەشدا هەرچەند ساڵەی جارێک بە نوێنەرایەتی پارتی دیموکرات، بەشداریی کۆبوونەوەی پارتە سۆسیال

دیموکراتەکانی ئەوروپای کردوە و لە یەکێک لەو کۆبوونەوانەدا لەگەڵ مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکرات بووە.
ساڵی ١٩٨٦ دووجار لەگەڵ ئیدریس بارزانی سەردانی لیبیای کردوە و لەم بارەیەوە دەڵێت:
**- (ساڵی ١٩٨٦ دووجار لەگەڵ ڕەوانشاد ئیدریس بارزانی سەردانی لیبیام کرد. جاری یەکەم بەشداریی کۆنگرەی "سەرکردەکانی هێزی شۆڕشگێڕی عەرەبی سەردەم" بوو. لەو کۆنگرەیەدا خوالێخۆشبوو قەزافی سەرکۆماری لیبیا ڕووی لە کاک ئیدریس کردو گوتی: "هەموو ڕۆژێ گوندتان لێ دەسوتێ و خەڵکتان دەکوژرێ، بۆچی لە جیاتی حوکمی زاتی، داوای سەربەخۆیی ناکەن." جۆرج حاوی سکرتێری حیزبی شیوعی لوبنان گوتی: "سەرۆک قەزافی زیاتر لە کوردەکان داوای حەقی کورد دەکات." کاک ئیدریس لە بەرامبەریدا هەستا و گوتی: "هەر عەرەبێکی بەشەرەف دەبێ ڕەئی بەڕێز قەزافی هەبێت." ئەو وتانە بەداخەوە تەنیا لە باسدا مایەوە و عەرەبەکان ڕووی خۆشیان پێ نیشان نەدا.)**
ساڵی ١٩٨٨ کە هەڵەبجە، بالیسان، شێخ وەسان و بادینان ئەنفال و کیمیاباران کران، بەشیک لە بریندارەکانی ئەو کارەساتە دەبەن بۆ ڤیەن تا بۆ چارەسەرکردنی برینەکانیان، بەسەر وڵاتانی تری ئەوروپادا بڵاویان بکەنەوە. لەم بارەیەوە پیرۆت ئەحمەد دەڵێت: **(سەبارەت بە ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە، من لەگەڵ پرۆفیسۆر Freglinger چووین بۆ ناو ئەو فڕۆکەیەی بریندارەکانی هێنا بۆ ڤیەن و لەوێوە بڵاوکرانەوە.)**
لە کۆنگرەی دەیەمی پارتی دیموکرات کە ڕۆژی ٢-١٩٨٩/١٢/١٢ لە مەرگەوەڕ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێکهات، پیرۆت ئەحمەد بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا. ناوبراو لەم بارەیەوە دەڵێت:
**- (کۆنگرەی دەی پارتی بە دوای جیابوونەوەی کاک سامی و ژمارەیەک لە ئەندامانی سەرکردایەتی پارتی پێکهات و یەکێک بوو لە باشترین و زیندووترین کۆنگرەکانی پارتی دیموکرات.)**
ساڵی ١٩٩٢، پیرۆت ئەحمەد خوێندنی پزیشکی تەواو کردوە و ساڵی ١٩٩٩ بە ئەمری سەرکردایەتی پارتی کراوە بە نوێنەری پارتی لە ئێران و بۆ ماوەی پێنج ساڵ لە تاران بووە. ساڵی ٢٠٠٤ گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان و هەرلەو ساڵەدا لەگەل ڕێزدار مەسعود بارزانی بەشداریی کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی

عێراقی کردوە لە لەندەن. لەم بارەیەوە دەڵێت: ( بە ڕاستی کاک مەسعود بەرلە دەستپێکردنی کۆنگرەکە بە توندی بەرهەڵستی بۆچوونی خەلیل زاد نوێنەری ئەمریکا بۆوە و گوتی: "لێرە بەرلە دەستپێکردنی کۆنگرە دەبێ مافی کورد لە عێراق دیاری بکرێت تا ئێمە بەشداریی کۆنگرەکە بکەین و تا خواستی سەرۆک بارزانی جێبەجێ نەکرا، کۆنگرەکە پێکنەهات.)

ساڵی ٢٠٠٥ بە نوێنەرایەتی مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکرات لەگەڵ سەفین دزەیی بەشداریی کۆنگرەی سۆسیال دیموکراتەکانی لە باشوری ئەفریقای کردوە و یەکێک بووە لە بەشدارانی کۆبوونەوەکانی ئاشتی پارتی دیموکرات لەگەڵ یەکێتی نیشتمانیدا. لەم بارەیەوە دەڵێت:

- ( ساڵی ١٩٩٧ سێ کۆبوونەوەی ئاشتی لەنێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکرات لە ئەنکارا کرا. دووجار کاک سامی عەبدولڕەحمان و جارێکیش من لەگەڵ محەمەد ساڵح جومعە و سەفین دزەیی بەشدار بووین. هەرلەو ساڵەدا بۆ ماوەی حەوت ڕۆژ لیژنەکانی پارتی و یەکێتی لە فەرەنسە کۆبوونەوە. لیژنەی ئێمە کاک سامی عەبدولڕەحمان سەرۆکایەتی دەکرد و موحسین دزەیی، دوکتۆر ڕۆژ نوری شاویس، هوشیار زێباری و من ئەندامی بووین و لیژنەی یەکێتی نەوشیروان مستەفا سەرۆکایەتی دەکرد و دوکتۆر فوئاد مەعسوم، دوکتۆر بەرهەم ساڵح، قادری حاجی عەلی و کەسێکی تر کە ناوەکەیم لەبیر کردوە. هەر ڕۆژەی کەسێک لە فەرەنسیەکان سەرپەرشتی کۆبوونەوەکانی ئێمەی دەکرد و کەندال نەزان وەرگێڕی کۆبوونەوەکان بوو.)

ساڵی ٢٠١٠، دوکتۆر پیرۆت کراوە بە سەفیری عێراق لە سویس "سویسرا" و بۆ ماوەی چوار ساڵ لەو ئەرکەیدا بووە. هەرلەو ساڵەدا بەرپرسی لێژنەی ئامادەکاری کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە کە لە مانگی ١٢ی ساڵی ٢٠١٣ لە هەولێر پێکهات. لەو کۆنگرەیەدا، ناوبراو بەهۆی خزمەتەکانی بە کورد و کوردستان و ڕێبازی بارزانی ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٥ میدالیای بارزانی وەرگرت. لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (بە ساڵانە من لەو ڕێباز و قوتابخانەیەدا خزمەت دەکەم. بەڕاستی شانازییەکی زۆر گەورە بوو بۆمن بە دەستی کوڕی بارزانی کە خۆشم بە کوڕی ئەو دادەنێم، ئەو میدالیایەم وەرگرت. هەتا ماوم گرنگی ئەو میدالیایە ڕادەگرم بۆ خزمەت کردن بە کورد و کوردستان و ڕێبازی بارزانی.)

## عەزیز ڕەزا محەمەد



عەزیز ڕەزا محەمەد ناسراو بە شێخ عەزیز شێخ ڕەزا ساڵی ١٩٣٩ لە گوندی باسەرە لە بناری چیای کۆسرەت سەربە قەزای ڕانیە لەدایک بووە. ساڵی ١٩٥٦ لە خوێندنی دواناوەندیدا لە سلێمانی چووەتە ڕیزی یەکێتی قوتابیانی کوردستانەوە. دوای گەڕانەوەی بارزانی لە یەکێتی سۆڤیەت بۆ بەغدا لە ڕۆژی ١٩٥٨/١٠/٦ و بەسەرکردنەوەی شاری سلێمانی لەو ساڵەدا، عەزیز ڕەزا لە هۆتێل نوری سەعیدی سلێمانی چاوی بە بارزانی کەوتوە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

**- (لەو دیدارەیدا بۆ سلێمانی، بارزانی وتارێکی پێشکەشی خەڵکی سلێمانی کرد و لەلایەن خەڵکی سلێمانی و دەوروبەرییەوە زۆر بە گەرمی پێشوازی کرا.)**

بە دوای ئەو دیدارەیدا، عەزیز ڕەزا لەگەڵ شێخ ڕەزای باوکی کە کەسایەتییەکی ناسراوی ناوچەی ڕانیە بووە، چووەتە بەغدا و لەوێ چەند جارێک بە خزمەت بارزانی گەیشتوون. ساڵی ١٩٥٩، عەزیز شێخ ڕەزا لەگەڵ چەند خوێندکاری نمونەی عێراق، بۆ درێژەدان بە خوێندن، لەسەر ئەرکی حکومەتی عەبدولکەریم قاسم ڕەوانەی پراگ پایتەختی چیکۆسلۆڤاکی کراوە و لە زانکۆی پراگ بڕوانامەی ئەندازیاریی کارەبای وەرگرتووە. لەم بارەیەوە دەڵێت:

**- (لەسەر حیسابی دەوڵەتی عێراق لەگەڵ چەند خوێندکاری تر چووم بۆ پراگ. بەرلە چوونم بۆ ماوەی زیاتر لە کاتژمێرێک لە خزمەت بارزانیدا بووم و گەلێک ئامۆژگاریم لێوەرگرت. بارزانی پێشوازی لە خوێندنی ئەو گەنجانە کرد و گوتی: "زۆرباشە کە دەخوێنن، بەڵام نەکەن وڵاتی خۆتان لەبیر بکەن.")**

عەزیز شێخ ڕەزا هاوکات لەگەڵ خوێندنی، هاوکاریی ڕێکخراوی پارتی دیموکراتی لە پراگ کردوە و لەگەڵ چەند کوردێکیتر لقی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە چیکۆسلۆڤاکی دامەزراندوە. لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (ساڵی ١٩٦٤ کە باڵی ئیبراهیم ئەحمەد لە پارتی دیموکرات جیابۆوە، بەشی زۆری کوردەکانی ئەوروپا لەگەڵ ناوبراو کەوتن. لە کوردەکانی باشور، من و تاریق ئاکرەیی، دارەوان نامیق، شاخەوان نامیق، جەمال عەلەمدار، هاوار حەمەزیاد ئاغای کۆیە، دوکتۆر محەمەد ساڵح جومعە و چەند کوردێکی تر لە بەشی سوریا لەگەڵ هێڵی بارزانیماینەوە. دوای چەند ساڵ، ئەوانەی سەربە ئیبراهیم ئەحمەد بوون، گەڕانەوە و دەسەڵاتی کۆمەڵەی خوێندکارانیان خستەدەست خۆیان، بەڵام زۆر بەپەلە لە زۆرینە کەوتن و دەسەڵاتی کۆمەڵە کەوتە دەست ئێمە.)

ساڵی ١٩٦٦، عەزیز شێخ ڕەزا بە دوای وەرگرتنی بڕوانامەی ماجستەر گەڕاوتەوە بۆ عێراق و بە پلەی مولازمی ئەندازیار لە سوپای عێراقدا دامەزراوە، بەڵام بە ڕاسپاردەی سەرکردایەتی پارتی دیموکرات کە بە نامەیەک پێیڕاگەیاندوە، سوپای عێراقی بەجێهێشتوە و گەڕاوەتەوە بۆ ڕیزی شۆڕشی ئەیلول. ساڵی ١٩٦٧ وەک بەرپرسی بەشی تێکنیکیی ئیزگەی دەنگی کوردستانی عێراق کاری کردوە و دەڵێت:

- (عەبدولخالق مەعروف بەرپرسی ئیزگەکە بوو و مامۆستا هەژار موکریانی بەرپرسی گشتی و بەڕێوەبەر و خالید ئاغای حیسامی "مامۆستا هێدی" نوسەر و بارزانی مەلا خالیدی و ئەحمەد دەشتی بێژەری ڕادیۆ دەنگی کوردستان بوون.)

ساڵی ١٩٧٠، عەزیز شێخ ڕەزا بە نوێنەرایەتی سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول و بارزانی چووەتە لوبنان و لە بەیروت ئەرکی پێوەندییەکانی شۆڕشی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی و سەفارەتخانەی وڵاتانی تر بەڕێوەبردوە و بۆ ئەو مەبەستەش جەلال تاڵەبانی و دوکتۆر فوئاد مەعسوم هاوکارییان کردوە. ساڵی ١٩٧٥، کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، ناوبراو وەک خۆی دەڵێت لە نەغەدە بووە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (نوێنەری شۆڕشی ئەیلول بووم لە لوبنان و وڵاتانی عەرەبی دا. کە شۆڕش ڕاوەستا لە ساڵی ١٩٧٥، من لە نەغەدە بووم. دوکتۆر نەجمەدین کەریم، دوکتۆری ماڵی بارزانی بوو. من لە ماڵی ئەو دەمامەوە و ماڵەکەی عایدی ماڵی بارزانی بوو. بەگشتی ڕۆژانە پێوەندیم لەگەڵ کاک ئیدریس و کاک مەسعود هەبوو. ڕۆژێک کاک ئیدریس گوتی: "با بچین پیاسەیەک پێکەوە بکەین." بەرەو زەوییە چاندراوەکانی گەنم چووین و پاسەوانەکانی کاک

ئیدریسیشمان لەگەڵ بوون. لە قەراخ گەنمەکە دەڕۆیشتین، کاک ئیدریس بە پاسەوانەکانی گوت: "ئێوە لێرە بن، ئێمە دەگەڕێینەوە." لە نزیک پاسەوانەکان لە تەنیشت گەنمەکە دانیشتین.

پرسی: "عەزیز تۆ ئەو وەزعە چۆن دەبینی؟" من بە زانیاریی لەسەر وەزعی زۆر نالەباری خەڵکەکە و دەرکەوتنی ڕووی ڕاستی دڵسۆزان و ئەو بەرپرسانەی کە پۆل پۆل دەگەڕانەوە بۆ عێراق و برسییەتی و نەخۆشی منداڵ و گەورەکان، گوتم: وەزعەکە باش نییە و داهاتوویەکی تاریک بۆ گەلەکەمان و بۆ شۆڕش دەبینم. کاک ئیدریس لێم ڕاما و گوتی: "عەزیز! هەتا ئێستا بنەماڵەی بارزانی زۆرجار توشی نەهامەتی بوون، بەڵام هەموو جارێ بەهێزی زیاتر گەڕاونەتەوە مەیدان." ئەم وتەیەی کاک ئیدریس هەمیشە لە گوێمدا دەزرینگایەوە، تا سەرئەنجام بۆم دەرکەوت، بۆچوونەکەی چەندە بە ڕاست دەرچوو، چونکە کاک ئیدریس سەرکردەیەکی زۆر وردبین و زۆریش بە ورە و بەغیرەت بوو.)


عەزیز شێخ ڕەزا لەو ساڵەدا ئێران بەجێدەهێڵێت و دەچێت بۆ وڵاتی سوید، بەڵام بەرلە چوونی، وەک خۆی دەڵێت بە ئەمری بارزانی زەماوەندی کردوە و پێکەوە لەگەڵ هاوسەرەکەی چوون بۆ سوید. ئەندامی کۆمەڵەی کەلتوریی کوردی مالمۆ و فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان بووە لە سوید و ساڵی ١٩٩٩ بەشداریی کۆنگرەی ١٨ی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکانی کردوە. لە هەمانکاتدا بۆ هەندێک دیاردەی تایبەت، پێوەندیی بەردەوامی لەگەڵ مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکرات هەبووە. ساڵی ١٩٧٨ چووەتە ئەمریکا و لە واشنتۆن بە خزمەت سەرۆک مستەفا بارزانی گەیشتووە و گەڕاوەتەوە بۆ سوید.

ساڵی ١٩٩٨ بە ڕاسپاردەی مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان و ساڵی ٢٠٠٥ دەزگای خێرخوازی بارزانی لە هەولێر دامەزراندوە و بە بڕیاری سەرۆک بارزانی کراوە بە سەرۆکی دەزگای خێرخوازیی بارزانی و هەتا ئێستا لەو ئەرکەیدا بەردەوامە. زوبیدە خانی دایکی و ئامۆزایەکی بە ناوی قادر و شەش کەس لە خزمانی ساڵی ١٩٦٣ لە بۆمبارانی فڕۆکە جەنگییەکانی عێراق لە گوندی باسەرە شەهید بوون.

عەزیز شێخ ڕەزا ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٥، لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا، بەهۆی بەردەوامبوونی لەسەر ڕێبازی بارزانی میدالیای بارزانی وەرگرتووە. نابراو بۆ ڕێزلێنانی زیاتر لەو کەسایەتییانەی کە میدالیای بارزانییان وەرگرتووە، بیرۆکەی نوسینی کتێبێکی ئەم چەشنەی بۆ کۆکردنەوەی ژیاننای وەرگرانی میدالیای بارزانی ئاراستەی سەرۆک مەسعود بارزانی کردوە. دوای پەسەند کردنی بیرۆکەکەی لەلایەن ڕێزدار مەسعود بارزانی و سەرکردایەتی پارتی دیموکراتەوە، ئەم کتێبەی بەردەستتان بە پڕۆژەیەک لەلایەن نوسەری کتێبەوە، ئامادە کرا. شێخ عەزیز شێخ ڕەزا دەربارەی وەرگرتنی میدالیای بارزانی دەڵێت:

**- (میدالیای بارزانی بۆمن وەک تاجێکە و شانازیی پێوە دەکەم و هاندەرمە کە لە سەرخستنی ڕێبازی بارزانیدا بەردەوام بم.)**

## سیامەند عەبدولسەمەد محەمەد



سیامەند عەبدولسەمەد محەمەد ناسراو بە سیامەند بەننا ساڵی ١٩٤٥ لە شاری کۆیە لەدایک بووە. کوڕی عەبدولسەمەد محەمەد بەننا یەکێک لە ئەندامانی دامەزرێنەری حیزبی شیوعی عێراقە. لەگەڵ عەلی عەبدوڵا، نافع یونس، ساڵح حەیدەری و ژمارەیەکی تر حیزبی شۆڕشی دامەزراندوە. حیزبی شۆڕش و حیزبی ڕزگاری لە سەرەتای ساڵی ١٩٤٦دا کۆنگرەیان پێکهێنا و حیزبەکانیان هەڵوەشاند و لەسەر ڕاسپاردەی مەلا مستەفا بارزانی کە لە شنۆوە هەمزە عەبدوڵای ڕەوانە کردبوو کە پارتی دیموکراتی کورد دامەزرێنێت، ڕۆژی ١٩٤٦/٨/١٦ لەگەڵ ژمارەیەک کەسایەتی سەربەخۆ کە بەگشتی ژمارەیان ٧٠ کەس بوو، کۆنگرەی یەکەم "کۆنگرەی دامەزرێنەر"ی پارتی دیموکراتیان لە بەغدا پێکهێنا و پارتی دیموکراتی کوردیان بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفا بارزانی دامەزراند. عەبدولسەمەد محەمەد کەسی سێزدەیەم بوو لەنێوان ئەو ٧٠ کەسەدا.

سیامەند بەننا لە دواساڵی خوێندنی دواناوەندیدا بووە کە ساڵی ١٩٥٩ چووەتە ڕیزی یەکێتی قوتابیانی کوردستانەوە و ساڵی ١٩٦١ بۆ ئەندامەتی لە پارتی دیموکراتدا پاڵێوراوە. ساڵی ١٩٦٢ لەگەڵ ٤٩ خوێندکاری تر کە خوێندکاری نمونەی عێراق بوون، لەسەر ئەرکی حکومەتی عێراق بۆ درێژەدان بە خوێندن، ڕەوانەی بریتانیا کراوە و لە زانکۆی کاردیف لە شاری ڤێلس بەشی کانزای خوێندوە. ساڵی ١٩٦٥ بە ئەندامی پارتی وەرگیراوە. لە ساڵانی ١٩٦٩- ١٩٧٣دا بەرپرسی کۆمیتەی پارتی دیموکرات بووە لە بریتانیا. ساڵی ١٩٧٤ بە ڕاسپاردەی ئیدریس و مەسعود بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان و لە گوندی دەربەند لە نزیک حاجی ئۆمەران کراوە بە ئەندامی لیژنەی پێشوازیی کردن لە کەسایەتییە بەیانیەکان و هەواڵنێران و ڕۆژنامەنوسانی بیانی. لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژانی هەینی بۆ ماوەی نیو کاتژمێر پرۆگرامی بە زمانی ئینگلیزی لە ڕادیۆ دەنگی کوردستانی عێراقدا بڵاوکردۆتەوە. هەروەها

کاتی پێویست وەرگێڕی زمانی ئینگلیزیی مەلا مستەفا، ئیدریس و مەسعود بارزانی بووە لەگەڵ میوانە بیانی و ڕێکخراوە مەدەنییەکانی ئەوروپی.

ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، چووەتە تاران و لە نوسینگەی پێوەندییەکانی پارتی دیموکرات هاوکاریی دوکتۆر شەفیق قەزازی کردوە لە پێوەندییەکانی پارتی لەگەڵ کۆنسوڵ و سەفارەتەکانی دەرەوەی ئێراندا. لە هەمان ساڵدا وەک یەکەم گروپ کە یازدە کەس بوون، لەگەڵ دوکتۆر جەمیل شەریف و فوئاد حوسێن و ژمارەیەکی تر ئێرانی بەرەو هوڵەند بەجێهێشتوە و لەوێ کراوە بە بەرپرسی پارتی دیموکرات.

سیامەند بەننا یەکێک بووە لە بەشدارانی کۆنفرانسی ١٩٧٦/٨/١١ی پارتی دیموکرات برلین کە بە بەشداری ٨٠ خوێندکار و سەرپەرشتی نوری شاوەیس و سامی عەبدولڕەحمان بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی شۆڕشی ئەیلول و ڕێکخستنەوەی پارتی دیموکرات پێکهات. ڕاسپاردەکانی کۆنفرانسی برلین ڕۆژی لە ١٩٧٩/١١/٤ لە کونگرەی نۆیەمی پارتیدا بۆ درێژەدان بە شۆڕش پەسەندکرا. لەم بارەیەوە ناوبراو دەڵێت: **(لەو کۆنفرانسەدا بڕیاردرا پارتی بەشێوازێکی نوێ و پێشکەوتوخواز بە پشتبەستن بە ڕێبازی بارزانی ڕێکبخرێتەوە و سەرکردایەتی پارتی بە بەشداریی حەوت ئەندامی بەشدار لە کۆنفرانسەکەدا بەهێز بکرێت کە من و تاریق ئاکرەیی و عەبدولسەلام بەرواری سێ ئەندامی هەڵبژێردراوی ئەو کۆنفرانسە بووین.)**

کوردە پەنابەرەکانی باشوری کوردستان گروپ گروپ ڕەوانەی ئەڵمانیا کراون و سیامەند بەننا و تاریق ئاکرەیی بە ڕاسپاردەی ئیدریس و مەسعود بارزانی بە هاوکاری ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و سەفارەتخانەکان، ئەوانیان لە شاری "بودینگەن"ی ئاڵمانیاوە ناردوەتە وڵاتانی تری ئەوروپا و ئەمریکا. ساڵی ١٩٧٧، سیامەند بەننا بە تورکیادا هاتوەتە ئامەد و لەوێوە بە قاچاخ خوێ گەیاندوەتە ناوچەکانی هەرک و بێداو لەسەر سنوری باکورد و باشوری کوردستان و وەک خۆی دەڵێت لەوێ ئیزگەیەکی ڕادیۆیی بەناوی ئیزگەی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی عێراق داناوە. لەم بارەیەوە دەڵێت:

**- (ڕۆژی ١٩٧٨/٣/١٧ ئیزگەی دەنگی کوردستان لەناو جەرگی کوردستاندا بەگەڕ کەوت و من خۆم بۆ ماوەی دوو مانگ ئەندازیار، نوسەر و بێژەری بووم و بە زەمانەکانی کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی و هولەندیی ڕۆژانە نیوکاتژمێر پرۆگرامم بڵاودەکردوە. دوای دوو مانگ سەلام عەبدوڵا هات و هاوکاری کردم.**

١٨ پێشمەرگە لەگەڵ ئیزگەکە بوون و هەرکاتێک دوژمن هێرشی دەهێنا، پەنامان بۆ باکور دەبرد و خەڵکی ئەوێ بەتەواوی هاوکاریان دەکردین.)

لە مانگی پێنجەمی ساڵی ١٩٧٨دا پردی باسیای دروست کردوە. ئەو پردە کە من لە نزیکەوە چاوم پێیکەوتووە بە سپیدار و گەڵای دار بەڕو دروست کراوە و توانای هەڵگرتنی بارێکی زۆری هەیە. لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (بۆ یەکەم جار بارزانی لە ساڵی ١٩٤٧دا فەرمانی دروستکردنی ئەو پردەی بە پێشمەرگەیەک بەناوی ئەحمەد عەلییە داوە و ئەو بەهاوکاریی حەوت پێشمەرگەی و خەڵکی ناوچەکە، ئەو پردەی دروست کردوە. ماوەیەک دوای دروستکردنی ئەو پردە، ئەحمەد عەلییە تێدەگات کە خەڵک کەمتر لە پردەکە کەڵکوەردەگرن و لە ڕووبارەکە دەدەن. لەبەر ئەوە دەچێتە لای بارزانی و پێی ڕادەگەیەنی کە پردەکە بێکەڵک ماوەتەوە. بارزانی سەرلەنوێ عەلییە دەنێرێتەوە جێی خۆی و پێی دەڵێ لەوێ بمێنەوە. کاتێک بارزانی ساڵی ١٩٤٧ بە دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان لەگەڵ ڕژێمی عێراق پێکنەهات و شەڕ دەست پێدەکاتەوە، لەشکری بارزانی ناچار بوون بەو پردەدا پاشەکشە بکەن بۆ باکوری کورد ستان و ئەم جارە ئەحمەد عەلییە لە تیژ بیری بارزانی دەگات. پێویستە بڵێم ئەوەی پردەکەی بۆ جاری دووەم دروست کردەوە، مەلحەم دری بوو.)

ساڵی ١٩٧٩، سیامەند بەننا بۆ مەئموریەتێکی تایبەت ڕەوانەی ئەوروپا کراوەتەوە و ناوبراو بە سنوری باکوردا چووەتە سوریا و لەوێوە خۆی گەیاندوەتە هولەند. تا ساڵی ١٩٨٢ لە هولەند بووە و لەو ساڵەدا چووەتە بریتانیا و ساڵی ١٩٨٦ لەگەڵ ژمارەیەک لە کوردەکانی دانیشتووی بریتانیا، مەڵبەندی ڕۆشنبیری کوردی لە لەندەن دامەزراندوە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (لەگەڵ موحسین دزەیی، عومەر دەبابە، ئیبراهیم ئەحمەد، کەمال میراودەلی، دارا عەتار و ژمارەیەکی تر، مەڵبەندی ڕۆشنبیری کوردمان لە لەندەن دامەزراند و من ساڵی ١٩٨٧ بە سکرتێری مەڵبەند هەڵبژێردرام. هەروەها سەرنوسەری گۆڤاری Kurdish Observer واتا چاودێری کورد بووم.)

سیامەند بەننا تا ساڵی ١٩٩١ لە لەندەن بووە و لەگەڵ بەڕێوە بردنی ئەرکی مەڵبەندی ڕۆشنبیری کورد، سێ جار بە سەردان گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان و هەواڵنێری ئینگلیزیی لەگەڵ خۆی بردوە و ساڵی ١٩٨٨ لە بریتانیا فیلمێک لەسەر کیمیابارانی هەڵەبجە دروستکراوە بە ناوی

"ڕەشەبای مردن". لەو فیلمەدا باس لە چالاکییەکانی ناوبراو کراوە لە هوشیار کردنەوەی ڕای گشتی سەبارەت بە کیمیابارانی هەڵەبجە. ساڵی ١٩٩١ لەگەڵ مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکرات و بەرەی کوردستانی بەشداریی ڕاپەڕینی کردوە و لە مانگی نۆیەمی ئەو ساڵەدا لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی چاوی بە تورگت ئۆزاڵ سەرکۆماری تورکیا کەوتووە و بە دوای ئەو چاوپێکەوتنەدا کراوە بە نوێنەری پارتی دیموکرات لە تورکیا و نوسینگەی خۆی لە ئانکارا داناوە. لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (سێ مانگ لەوێ بووم لەو سێ مانگەدا فڕۆکەکانی تورکیا سێ جار ناوچەی سیدەکان، ڕێکان و پشت ئامێدیان بۆمباران کرد. جاری سێیەم لە گوندی بارزانیاندا و نۆ کەسیان کوشت. منیش کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیم پێکهێنا و گوتم سوپای تورکیا، لەشکرێکی ترسەنۆکە و ڕاست ناکات کە تیرۆریستی کوشتبێت و سەدان کوردی بێتاوانی لە گوندەکانی کوردستاندا کوشتوە. وێنەی ئەو ژن و منداڵانەم پێشاندان کە بە بۆمبارانی فڕۆکەکانی تورکیا و بەناوی تیرۆریست کوژرابوون و سێ مەرجم بۆ دانان کە قەرەبووی زیان لێکەوتووان بکەنەوە، بەڵێن بدەن چیتر شار و گوندەکانی کوردستان بۆمباران ناکەن و داوای لێبوردن لە گەلی کورد بکەن، ئەگەرنا ئێمە پێوەندییەکانمان لەگەڵ تورکیا دەپچڕین. وتەکانی من هەڵڵای لێ پەیدا بوو، بەشێک لە ڕۆژنامەکان لەگەڵ وتەکانی من بوون و بەشێکی تریان دژ کە سەفارەتی ئەمریکا هاتە نێو ڕووداوەکەوە. سکرتێری شەخسی ئۆزاڵ لەگەڵ فەرماندەی سەربازی ناوچەی ئامەد و پارێزەرێک لە وەزارەتی دەرەوەی تورکیا بە هێلیکۆپتەر چوون بۆلای کاک مەسعود و لەوێ بڕیاریاندا قەرەبووی خەڵکەکە دەکەنەوە و بەڵێنیشیاندا چیتر بۆمبارانی کوردستان نەکەن، بەڵام گوتیان ئێمە داوای لێبوردن لە کەس ناکەین.)

بە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١دا، سێ ڕۆژنامەنوسی ئینگلیز لە سنوری نێوان باشور و باکوری کوردستان کوژراون، حکومەتی ئینگلیز داوای لە مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکرات کرد کە لە دۆزینەوەی قاتڵەکاندا یارمەتیان بکات. مەسعود بارزانی و نێچیرڤان بارزانی، سیامەند بەننا دەنێرن کە لەو ڕووداوە بکۆڵێتەوە. ناوبراو لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (من چووم بۆ باسیا، سورانی سەروو و سەری سوور و بە دوای لێکۆڵینەوەدا بۆم دەرکەوت کە کوردێکی باکور سێ ڕۆژنامەنوسەکەی بە قاچاخ

**پەڕاندۆتەوە و کاتێک بینیویەتی پارەیەکی زۆریان پێیە، لە گوندێکی چۆڵدا لەگەڵ کوڕە مامێکی هەرسێ کەسی کوشتوە. ئێمە قاتڵەکانمان دۆزیەوە و بەهۆی بارزانی شێخ لوقمان قاتڵەکانمان لە ئێرانەوە گەڕاندەوە.)**

سیامەند بەننا ساڵی ١٩٩١ تورکیای بەجێهێشتووە و گەڕاوەتەوە بۆ لەندەن. ساڵی ١٩٩٦ کراوە بە نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بریتانیا. ساڵی ٢٠٠٣ شەریکەی فڕۆکەوانی KDC وەک یەکەم فڕۆکەی مەدەنی بە ئالاّی کوردستانەوە هێناوەتە هەولێر و ڕۆژی ٢٠٠٣/١٢/٧، ٢٦ شەریکەی ئەڵمانی، ئینگلیزی، ئەمریکی، کەنەدی و ئوسترالیایی بۆ بەشدارییکردن لە کۆنگرەی ئابووری کوردستان بۆ بوژاندنەوەی کوردستان و دانانی بەردی بناخەی ئابووری کوردستان بە سەرپەرەشتی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بردووە بۆ هەولێر.

لە مانگی ٥ی ساڵی ٢٠٠٤دا سیامەند بەننا کراوە بە سەفیری عێراق لە هولەند. ساڵی ٢٠٠٩، تەلەفزیۆنی دووی هولەند فیلمێکی لەسەر ناوبراو دروست کردوە. لەو فیلمەدا ئاماژە بۆ وان ئانراێت Van Anraet دەکات کە کاتی خۆی هاوکاری سەدام حوسێنی کردبوو لە بەدەستخستنی چەکی کیمیایی. هەروەها جۆن ئانراندل Jina-lhan Randrl هەواڵنێر واشنتۆن پۆست لە پاریس لە کتێبی خۆیدا بەناوی "دوای ئەو خەیانەتە چیتر ڕوودەدات" ئاماژە بە هاوکارییەکانی سیامەند بەننا سەبارەت بە ڕووداوەکانی کوردستان دەکات.

ساڵی ٢٠١٠ سیامەند بەننا گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان و هەرلەو ساڵەدا خانەنشین کراوە. ناوبراو بەشداریی کۆنگرەکانی ٨، ١٠، ١١، ١٢ و ١٣ی پارتی دیموکراتی کوردستانی کردوە و لە کۆنگرەی دەیەمدا کە لە گوندی هاشم ئاوا لەناوچەی مەرگەوەڕ پێکهات، ئەندامی لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرە بووە. دوو جار لە شەڕەکانی کێوەڕەش لە مانگی ٩ی ساڵی ١٩٧٤ و شەڕی مەیدان نۆک لە مانگی ٥ی ١٩٧٨ بریندار بووە. ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٥ بەهۆی خزمەتەکانی بە کورد و کوردستان و ڕێبازی بارزانی میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

**- (دوو سێ ڕووداو لە مێشکی مرۆڤدا دەمێنێ و لەبیر ناچێ. نەتەوەی ئێمە زۆر پێشوازی لە خزمەتکارانی خۆی ناکات و بە ڕای من ئەو ڕێزلێنانەم کە میدالیای بارزانیم پێدراوە، هەموو زەحمەتەکانی پێشووی لەبیر بردمەوە و**

منــی قەرزدار کـرد، چـونکە گەورەتـرین شــانازی مـن ئەوە بـووە کە چەکـی بارزانیم هەڵگرت. میدالیای بارزانی گەورەترین بڕوانامەی ژیانمە.)

## جەوهەر ئەسعەد فەتاح هەرکی



جەوهەر ئەسعەد فەتاح هەرکی ناسراوە بە جەوهەر ئەسعەد ئاغا هەرکی ساڵی ١٩٥٢ لە گوندی میرانخوڕ لە ناوچەی مەسیف سەلاحەدین لەدایک بووە. ساڵی ١٩٧٢ کە بەشێوەی کۆچەر لەگەڵ ڕەوەند لە دەشتەبێڵ ناوچەی مەرگەوەڕ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە، لەگەڵ ئەسعەد ئاغای باوکی بووەتە پێشمەرگە. ساڵی ١٩٧٤ کە ڕژێمی عێراق شەڕی بە دژی گەلی کورد هەڵگیرساندەوە، جەوهەر ئەسعەد لە میرانخورەوە بەشداریی شەڕەکانی کردوە و پێبەپێی شەڕەکان بەرەو سیدەکان کشاوەتەوە. لەو ساڵەدا ماڵی باوکی چووەتە قەسری و لە نزیک بارەگای ئیدریس بارزانی بووە. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، ناوبراو چووەتە گوندی کانی سپی لە ناوچەی دەشتەبێڵ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تا مانگی دەی ئەو ساڵە لەوێ بووە و دواتر گەڕاوەتەوە بۆ عێراق و بردوویانە بۆ قەزای شەترە لە پارێزگای ناسریە و لەوێ باوکی کۆچی دوایی کردوە.

جەوهەر ئەسعەد فەتاح هەرکی ١٨ مانگ لە دوورخراوەییدا ڕاگیراو و دواتر ئیزنیان داوە بگەڕێتەوە بۆ گوندەکەی. دوای گەڕانەوەی، سەرلەنوێ ساڵی ١٩٧٨ چەکی هەڵگرتۆتەوە و پەنای بۆ ناوچەی زرار لە شەقڵاوە بردوە. ڕۆژی ١٩٧٩/٤/١ چووەتە شنۆ بە شێوەی ڕەسمی بەشداریی کردوە لە شۆڕشی گوڵاندا و کراوە بە بەرپرسی نزیک بە ٣٠ پێشمەرگەی هەرکی و بەشێوەی مەفرەزە دوو جار گەڕاوەتەوە ناوچەکانی مەسیف سەلاحەدین و گوندەکانی دەوروبەری و جاری دووەم لە ساڵی ١٩٨٢دا لەگەڵ مەلا محەمەدی مەلا قادر کە بەرپرسی لقی دووی هەولێر بووە، گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەی خەتێ و توتمێ لە ناوچەی "پانکان" کە هەریر تا مەسیف سەلاحەدین دەگرێتەوە.




بەهاری ساڵی ١٩٨٣ وەک خۆی دەڵێت بەشداری شەڕی ناوخۆی نەکردوە و گەڕاوەتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بۆ ماوەی چوار ساڵ لە ڕاژان، گاڕانە، گێسیان، میراوای مەرگەوەڕ و بەرازان لە ناوچەی مەرگەوەڕ بووە. ساڵی ١٩٩١، بەرلە ڕاپەڕین گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەی حاجی ئۆمەران و لەوێوە لە دیانا بەشداریی ڕاپەڕینی کردوە. لە کاتی وتوویژی نێوان حکومەت و بەرەی کوردستانی بە دوای شکانی سوپای عێراق لە شەڕی کۆڕێ، وەک خۆی دەڵێت بە ئەمری سەرۆک بارزانی لە بەغداوە هێزێک لە کۆمەڵگای شاخۆلا لە ناوچەی برانەتی لە قەزای کەڵەک سەر بە هەولێر دادەنێ و دواتر دەکرێت بە فەرماندەی هێزی گولان کە سەربە مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکرات بووە.

ساڵی ١٩٩٨، جەوهەر ئەسعەد ئاغا هەرکی گواستراوەتەوە بۆ وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان "فەلەک" و ئێستا بە پلەی لیوا، لە وەزارەتی پێشمەرگەدا تێدەکۆشێت. دوو لە ئامۆزاکانی ناوبراو بە ناوەکانی محیەدین و عەزیز لە شەڕی بەحرکە لە ساڵی ١٩٩٥ و یەکێکی تریان بە ناوی محەمەد ئەنوەر ئەحمەد خان کە فەرماندەی لیوای ٩ بووە، ساڵی ١٩٩٦ لە پشت قەڵادزێ شەهید بوون. ناوبراو بەهۆی خزمەت و چالاکییەکانی ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٥ میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

**- (فەخر بە میدالیای بارزانی دەکەم و بۆمن شتێکی زۆر گەورەیە.**

## لەیلا زانا



لەیلا داغلی ناسراو بە لەیلا زانا ساڵی ١٩٦١ لە گوندی باخچە لە ناوچەی سیلڤان "سیلوان"ی پارێزگای ئامەد لە باکوری کوردستان لە دایک بووە. ساڵی ١٩٧٥ لە تەمەنی ١٤ ساڵیدا لەگەڵ ئامۆزایەکی خۆی بەناوی مەهدی زانا کە سیاسەتمەدارێکی ٣٥ ساڵە و قایمقامی ئامەد بوو، ژیانی هاوسەری پێکهێنا و خاوەنی کوڕێک و کچێکن. مەهدی زانا یەکێک لەو خەباتکارانەیە کە بە تاوانی هەوڵدانی بۆ مافی کورد و چارەسەر کردنی کێشەکانی لە تورکیا، بۆ ماوەی ١٦ ساڵ ژیانی خۆی لە زیندانەکانی تورکیادا تێپەڕ کردوە و بۆ ماوەیەک لە وڵاتی سوید پەنابەر بوو.

ساڵی ١٩٨٠ کە کودەتای سەربازیی لە تورکیا کرا، لەیلا زانا لەگەڵ ژمارەیەک سیاسەتمەداری کورد دەستبەسەر کرا. ساڵی ١٩٩١، لە پلەی یەکێک لە پاڵێوراوانی پارتی کۆمەڵگای دیموکراتی تورکیا، یەکەم ژنی کورد بوو کە بە نوێنەرایەتی خەڵکی ئامەد بۆ پەرلەمانی تورکیا هەڵبژێردرا. ناوبرا بەبێ گوێدان بە دەستوری تورکیا کە قسەکردنی بە زمانی کوردی لە شوێنە گشتییەکاندا یاساخ دەکرد، کاتی سوێندخواردنی لە پەرلەمانی تورکیا، دێڕی کۆتایی سوێندەکەی بە زمانی کوردی خوارد و گوتی:

**- (من بۆ پاراستنی تەواویەتیی سنوری تورکیا و پاراستنی سەربەخۆیی وڵات و یەکگرتوویی خەڵک و سەروەری تەواوی خەڵک سوێند دەخۆم کە وەفادار بم بە یاسای بنەڕەتی و برایەتی و یەکسانی نەتەوەی تورک و کورد.)**

سوێندی ناوبراو تەنیا ئەم بەشەی کۆتایی بە زمانی کوردی بوو کە گوتی: **(برایەتی و یەکسانی نەتەوەی تورک و کورد.)** لەیلا زانا بۆ بەرگریی کردن لەخۆی، لە مافی پەرلەمانتاریی کەڵکیوەرگرت، بەڵام حیزبەکەی نایاسایی ڕاگەیندرا و ئاسایشی خۆشی کەوتە مەترسییەوە.

ساڵی ١٩٩٤، بە دوای کۆتاییهاتنی ماوەی پەرلەمانتارییەتی، لەیلا لەگەڵ سێ نوێنەری تری حیزبەکەی کە بریتی بوون لە خەتیپ دیجلە، سەلیم ساداک و ئۆرهان دۆغان بە تۆمەتی خەیانەت بە نیشتمان و ئەندام بوونی لە پارتی کرێکارانی کوردستاندا دەستبەسەر کران. هەرچەندە زانا ئەم تۆمەتانە و پێوەندی خۆی بە پارتی کرێکارانی کوردستانەوە لە دادگا ڕەتکردەوە، بەڵام داواکاری دادگا بە پشتبەستن بە وتەی شایەتێک کە لەژێر ئەشکەنجەدا شایەتی دابوو، لەیلا زانا و هەڤالانی بە ١٠ ساڵ زیندان حوکم دران. لەیلا زانا لە بەرامبەر ئەو حوکمەی دادگادا گوتی:

**- (ئەمە پیلانە. ڕوون و ئاشکرایە کە من چیم. من هیچکام لەم تاوانانە قبووڵ ناکەم. ئەگەر ئەمانە ڕاست بوایەن من بەرپرسیاریی هەموویانم لەئەستۆ دەگرت، تەنانەت ئەگەر بە نرخی ژیانم تەواو بووایە. من بەرگریم لە دیموکراسی، مافی مرۆڤ و برایەتی لەنێوان خەڵک کردوە و لەمەوبەدواش تا ئەوکاتەی کە زیندووم بە بەردەوامی هەوڵی بۆ دەدەم.)**

هەوڵی دیموکراسی خوازانەی لەیلا زانا و هەڵوێستی دیکتاتۆڕانەی ڕژێمی تورکیا لە بەرامبەر ئەودا لە وڵاتانی جیهاندا دەنگی دایەوە. ئەمنستی ئینتەرناشناڵ "ڕێکخراوی لێبووردنی جیهانیی" لەیلا زانای بە زیندانیی ویژدان ناساند. ژمارەیەک لە وڵاتانی ئەورووپی، یەکێتی ئەورووپا و ڕێکخراوە مەدەنییەکانی جیهان بە هاواری لەیلا زاناوە چوون و بە شێوەی جۆراوجۆر لە ڕژێمی تورکیایان ویست ڕێز لە دیموکراسی و مافی مرۆڤ بگرێت. دەزگای ڕافتۆی نۆرویژی بۆ ئاشتی ساڵی ١٩٩٤، خەڵاتی ڕافتۆی Madeleine Raftö بە لەیلا زانا بەخشی و یەکێتی ئەورووپا ساڵی ١٩٩٥ خەڵاتی ساخارۆفی دایە کە زانا بە هۆی زیندانی بوونی تا ساڵی ٢٠٠٤ نەیتوانی ئەو خەڵاتە وەربگرێت. ناوبراو ساڵی ١٩٩٦ خەڵاتی ڤاڵدۆستی ئیتالیای بۆ مافی مرۆڤ وەرگرت. لە هەمان ساڵدا خەڵاتی ئاخنی ئەڵمانی بۆ ئازادی ڕادەربڕین پێدرا و لەنێوان ساڵانی ١٩٩٥ تا ١٩٩٨ بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتی نوبێل کاندیدکرا. شارەوانی شاری ڕۆما لە ئیتالیا ڕەگەزنامەی فەخری وڵاتەکەی دایە. ناوبراو کاتی وەرگرتنی ڕەگەزنامەی فەخری ئیتالیا گوتی:

**- (ئێمە دەبێت شتە باش و هاوبەشەکان ببینین و هەرگیز بێ هیوا نەبین. ئێمەی کورد ناخۆشی و شەڕمان لەگەڵ گەلانی تورک و عەرب و فارس نەبووە، بەڵکو سیستەم و دەوڵەتەکان ویستویانە ناسنامەی نەتەوەییمان بسڕنەوە.)**

جگەلەو خەڵاتانەی سەرەوە، ئیسپانیا ساڵی ٢٠٠٨ خەڵاتی "خوان ماریا باندریس"یدا بە لەیلا زانا.

ساڵی ٢٠٠١، دادگای مافی مرۆڤی ئەوروپا بڕیارێکی بەدژی حکومەتی تورکیا ڕاگەیاند، بەڵام تورکیا ئەو بڕیارەی بە فەرمی نەناسی. ساڵی ٢٠٠٢، خاویەر کۆرکۆیرا، دەرهێنەری ئیسپانیایی فیلمێکی لەژێر ناوی گەڕانەوە بۆ جیهان سازکرد و لەودا کێشەی لەیلا زانای خستە بەرباس و لێکۆڵینەوە. ساڵی ٢٠٠٣، حکومەتی تورکیا بە پێی یاسای نوێ، دەبوایە پێداچوونەوە بە سەر بڕیاری دادگای تورکیا سەبارەت بە لەیلا زانا بکات. ئاپریلی ساڵی ٢٠٠٤، لە دادگایی کردنێکدا کە تاوانبارانی تێدا بەشدار نەبوون، تۆمەتەکان و حوکمەکان دووپات بوونەوە. ژوئێنی ٢٠٠٤دا، داواکاری گشتی لە پێداچوونەوەی بڕیاری دادگادا، حوکمی ئازادکردنی لەیلا زانا و هەڤاڵە گیراوەکانی دا. لە ژانوییەی ٢٠٠٥دا، دادگای مافی مرۆڤی ئەوروپا بڕی ٩٠٠٠ یۆرۆی دا بە لەیلا و هاوڕێکانی. ئەو بڕە پارەیە دەبووایە حکومەتی تورکیا بە تاوانی پێشێلکردنی مافی ئازادی دەربڕین بیدات.

دوای ئازاد بوونی لە زیندان، لەیلا زانا و هەڤاڵانی کۆڵیان نەدا و ڕێکخراوێکی تریان لەژێر ناوی بزووتنەوەی دیموکراتیکی کۆمەڵگە دروستکرد. ساڵی ٢٠٠٧، لەیلا زانا وەک چالاکوانێکی مافی مرۆڤ لە تورکیا، پێشنیازی کرد تورکیا لە دابەشکردنی پارێزگاکاندا لە شێوازی فیدراڵی کەڵکوەربگرێ و یەکێک لە پارێزگاکانی ناوی کوردستان هەبێ کە پێشنیازەکەی باسێکی هاڵۆزی لێ ساز بوو. حکومەتی تورکیا لە ئاپریلی ٢٠٠٨دا، لەیلا زانای بە تۆمەتی بڵاوکردنەوەی بیری تێرۆریزم بە دوو ساڵ زیندانی مەحکوم کرد. زانا گوتبووی: **(کوردەکان سێ سەرۆکیان هەیە، مەسعود بارزانی، جەلال تاڵەبانی و عەبدوڵا ئوجەلان. مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە لە عێراق، جەلال تاڵەبانی کوردە و سەرکۆماری عێراقە و عەبدوڵا ئوجەلان سەرۆکی یەکەکە لە تورکیا زیندانییە.)**

لە دیسێمبەری ٢٠٠٨دا دادگای تورکیا حوکمی ١٠ ساڵ زیندان بۆ لەیلا زانا بڕییەوە. دادگا ڕایگەیاند: **(لەیلا زانا یاساکانی تورکیای پێشێلکردوە و هەیئەتی پێڕاگەیشتن بە تاوانەکان بە چاوخشاندن بە نۆ وتاری ناوبراو ئەم بڕیارەی دواوە.)** کۆمیسیۆنی یەکگرتوویی تورکیا - ئەوروپا و کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بۆ دەستەبەر کردنی چالاکییە سیاسییەکان، لە بەرامبەر

بڕینەوەی ئەو حوکمە بۆ لەیلا زانا، بەتوندی دژایەتی خۆیان دەربڕی. لەیلا زانا لە وەڵامی دادگادا ئەم وتارەی لە EUTCC پێشکەشکرد و گوتی:

**- (ئەو دۆسیەیەی کە بۆمن دروستکراوە، دژایەتی لەگەڵ ئازادی بیر و ڕا هەیە و بەو واتایە پێناسە دەکرێت کە هەر کوردێک لە تورکیا دا هەڕەشەی لەسەرە. بڕیاری دادگا شێوەیەکی ترە لە سەرکوتکردن- دەمبەستن و سزادانی کوردەکان. فیکری زاڵ بەسەر وڵاتی تورکیادا هەیە کە بە ڕێگەی نادیموکراتی و سەرکوتکردندا، بڕیاری ناعادڵانە بە واتای ڕێگاچارە بۆ ئاشتی سیاسی و کۆمەڵایەتی کەڵکوەردەگرێت، بەڵام سەرەڕای ئەوەش، خەڵک تا وەدەستخستنی مافەکانیان بەردەوام دەبن و لە خەبات دەستهەڵناگرن.)**

ڕۆژی ٢٠٠٩/١/٢٨، دادگای باڵای تاوانەکانی ئامەد، لەیلا زانای بە تۆمەتی پێشکەشکردنی ئەو وتارەی سەرەوە لە زانکۆی لەندەن، بە ١٥ مانگ زیندانی مەحکوم کردو لە دیسێمبەری ئەو ساڵەدا، پارتی "دەتەپە"ی بە تۆمەتی هەبوونی پێوەندی لەگەڵ پەکەکە نایاسایی ڕاگەیاند و لەیلا زانا، ئەحمەد تورک، ئایسەل توغلوک، نورەدین دەمیرتاش، سەلیم ساداک و ٣٠ سیاسەتمەداری تری کوردی ئەندامی دەتەپەی بۆ ماوەی پێنج ساڵ لە بەشدارییکردنی خەباتی سیاسی مەحکوم کرد. هەروەها دادگای تورکیا، ڕۆژی ٢٠١٠/٤/٧ لەیلا زانای بە تۆمەتی بڵاوکردنەوەی بیری تێرۆریستی بۆ ماوەی ٣ ساڵ بە زیندان مەحکوم کرد، بەڵام بە هۆی پشتیوانی شێلگیرانەی گەلی کورد لە لەیلا زانا و دژایەتی کردنی ڕای گشتی جیهان لەگەڵ ئەو حوکمە، دادگای تورکیا حوکمەکەی خۆی پوچەڵکردەوە. جگەلەوانە، لقی پێنجی دادگای سزای باڵای ئامەد، ڕۆژی ٢٠١٢/٥/٢٤، لەیلا زانای بە تۆمەتی پاڵپشتی کردن لە پ.ک.ک بە ١٠ ساڵ زیندان حوکمدا.

لەیلا زانا ئێستا لە پلەی پەرلەمانتارێکی سەربەخۆ و نوێنەری خەڵکی ئامەد، پشتگیری لە پارتی کۆمەڵگای دیموکراتی DTP دەکات و بۆ چارەسەرکردنی ئاشتیانەی پرسی کورد لە تورکیا، بە بەردەوامی هەوڵدەدا. پێوەندی نزیکی بە ڕێزدار مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە هەیە.

لەیلا زانا بەهۆی هەوڵدانی بێوچانی بۆ چارەسەرکردنی ئاشتیانەی کێشەی کورد لە باکوردی کوردستان و تورکیا، بۆ هەوڵدانی بۆ دیموکراسی و مافی مرۆڤ و هەروەها کۆڵنەدانی لە بەرامبەر زیندان و زۆر بێژییەکانی

داگیرکەرانـــــی کوردســـــتان، ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٥ لـە کـــۆنگرەی ١٣ی پـــــارتـی دیموکراتی کوردستاندا میدالیای بارزانی پێدرا.

## غەریب یوسف حەسەن



غەریب یوسف حەسەن مزوری ناسراو بە غەریب ئاکرەیی، ساڵی ١٩٤٦ لە ئاکرێ لەدایک بووە. ساڵی ١٩٦٤ چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلول و لە مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتدا کراوە بە پێشمەرگە. بەرلە کۆنگرەی شەشەمی پارتی لە ساڵی ١٩٦٤ دا، بە هاوکاری حوسێن یوسفی برای و ناسیاوی لەگەڵ هاشم ئاکرەیی، کراوە بە تەتەر و لە نێوان مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکرات لە ڕانیە و بارەگای بارزانی لە گوندی دێرێ لە دۆڵەرەقە لە هاتۆچۆدا بووە و تا ساڵی ١٩٧٠ درێژەی بەو ئەرکەی داوە. ساڵی ١٩٧٠ گواستراوەتەوە بۆ لەشکری یەکی بادینان کە ئەسعەد خۆشەوی فەرماندەی بووە و ١٩٧٥ بە دوای ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول چووەتە نەغەدە و وەک خۆی دەڵێت ئاگاداری بڕیاری بوژاندنەوەی شۆڕشی کوردستان بووە لەو ساڵەدا و لەم بارەیەوە دەڵێت:

-(من لەگەڵ ئەسعەد خۆشەوی بووم لە نەغەدە کە ڕۆژی ١٩٧٥/٤/١ بارزانی، کاک مەسعود، کاک ئیدریس، شێخ بابۆ و ئەسعەد خۆشەوی لەژێر چادرێکدا کۆبوونەوە و بارزانی پێی گوتن شۆڕشی ئێمە نوێ دەبێتەوە و بەهێزتر لە جاران دەبێت.)

غەریب ئاکرەیی لە ساڵی ١٩٧٦وە بووەتە شۆفیری ئەسعەد خۆشەوی. لەم بارەیەوە دەڵێت:




- (نامەکانی خەڵکم لە لای ئەسعەد خۆشەوییەوە دەبرد بۆ کەرەج. ڕۆژی ١٩٧٧/٦/١، ئەسعەد خۆشەوی کۆچی دوایی کرد. من دەمویست بچم بۆ ئەمریکا، بەڵام کاک مەسعود نەیهێشت و گوتی ئیشم بە تۆیە. بە دوای ئەوەدا من چووم بۆ ماڵیان و لە خزمەت کاک ئیدریسدا مامەوە و دەستمان کرد بە ناردنی بەرپرس و پێشمەرگە بۆ سنورە دەستکردەکانی ئێران، تورکیا و عێراق. کاک ئیدریس ئوتۆمبیلێکی لانکرۆزێڕی کڕیبوو بۆ بەڕێوەبردنی کاری حیزب. ئەو ئوتۆمبیلەی دا بەمن. یەکەم کەس حەمید ئەفەندیم پێگەیاندە کوردستان و دواتر تا ساڵی ١٩٧٩ هەندێک جار بە بیانووی سەرلە حەیوان دان و هەندێک جاریش بە قاچاخ، هاتوچۆی کوردستانم دەکرد. لەوێوە ئیتر من لەگەڵ کاک ئیدریس مامەوە. لە کەرەجەوە لەگەڵی دەچووم بۆ تاران و ئێوارانەش دەگەڕاینەوە. ئەو سەردانی سەفارەتخانەکانی دەکرد و دۆخی نالەباری کوردی پێڕادەگەیاندن و سەردانی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئێرانیشی دەکرد و جارجارش لە ساواکەوە دیانویست و سەبارەت بە لیژنەکانی پەنابەران قسەیان لەگەڵ دەکرد. هەندێک جار دوکتۆر شەوکەت بامەڕنی لەگەڵی دەچوو.)

غەریب ئاکرەیی یەکێک بووە لەو کەسانەی کە لە نزیکەوە زانیاری لەسەر چۆنیەتی فەوتی کاک ئیدریس هەیە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (ڕۆژی ١٩٨٧/١/٢٩، لەگەڵ کاک ئیدریس، حەمید ئەفەندی، عوسمان قازی، دوکتۆر شەوکەت بامەرنی بە ئوتۆمبیلی فیاتی ئیتالی عوسمان قازی، لە کەرەجەوە چووین بۆ تاران. سەربازگەیەک لە "پارچین" لە نزیک "آب علی" لە جادەی مازندران هەبوو. لەوێ چەکیان دروست دەکرد و دیپۆش بوو. کاک ئیدریس لە بەرە بەیانییەوە تا پێنجی ئێوارە لەوێ کۆبوونەوەی هەبوو. کاتژمێر پێنج خەریک بووین دەگەڕاینەوە، کاک ئیدریس گوتی: "کاتێک دەستم بە ئاوی سارد دەشۆم، شین هەڵدەگەڕێ." دوکتۆر شەوکەت گوتی: "ئەوە هی

لەبەرکردنی جلوبەرگی نایلۆنە." عوسمان قازی لێی کرد بە گاڵتە و گوتی: "گوێ بە قسەکەی مەدە، ئەوە دوکتۆری کەرانە." بەو وتەیەی قازی هەمووولایەک پێکەنین. لەوێ دوکتۆرێکمان دەناسی کە ناوی دوکتۆر میر مەجلسی بوو، گوتمان بچین تۆ ببینێ و دوایە دەڕۆین، کاک ئیدریس قبوڵی نەکرد و گوتی: "کۆبوونەوەیەکم هەیە لە کوردستان کە پێویستە بگەمە ئەو کۆبوونەوەیە." ڕووی لەمن کرد و گوتی: "من و تۆ دەچینە کوردستان و دوای تەواو بوونی کارەکان، پێکەوە دەچینە دەرەوەی ولات." من نانم نەخواردبوو، گوتم برسیمە. کاک ئیدریس گوتی: "نابێ بڕۆین، بچۆ نان بخۆ و دوایە دەڕۆین." چووم ساندویچێکم کڕی و بەڕیکەوتین. کەوتینە دوو سایتی تاران-کەرەج. لەوێوە بە گاڵتە و گەپ و قسەی خۆش گەیشتینەوە کەرەج. کاک ئیدریس چوو خۆی ئامادە کرد و کاتژمێر ۰۳:۳۰ بەڕێکەوتین. نێچیرڤان، مەسرور، سەرباز هەورامی و پێشمەرگەیەکمان بەناوی سۆفی لەگەڵ بوو. دوو ئوتۆمبیلمان پێبوو. لاندوڤێرێک و شیفرۆلێت بلێزێک. من لاندڤێرەکەم لێدەخوڕی و جەبار شیفرۆلێتەکە. هەوا تا نزیکەی ۲۰- ۲۵ پلە سارد بوو. سۆفی لە قەزوێن دابەزی. لە سێ ڕێیانی تاکستان دەسوڕاینەوە، کاک ئیدریس پرسی: "کاتی نوێژ هاتووە؟" کاتژمێر پێنجی بەیانی بوو. جەمەدانەکەی لەسەر سەهۆڵ ڕاخست و نوێژی لەسەر کرد. بەرەو زەنگان و میانە دەچووینە پێش. کە گەیشتینە تەورێز گوتی: "بەڵکوو چەند سەنگەکان بکڕی." زۆر گەڕاین، سەنگەکمان نەدۆزیەوە. بۆ خواردنی نیوەڕۆ گەیشتینە سوفیان.

هەموو جارێ لەوێ نانمان دەخوارد. لە ماڵەوە خواردنیان بۆ دەپێچاینەوە و لە ڕەستورانێک دەمانخوارد و بۆ ئەو نیو کاتژمێرەی لەوێ دەمانخوار، پارەمان دەدا. ئەوەندە چووبووین کە دواتر کابرای خاوەن ڕەستوران پارەی لێوەرنەدەگرتین. دوای خواردن بە شارەکانی خۆی و شاپووردا، بەرەو ورمێ دەهاتین کە بینیمان خەڵکی ورمێ ڕادەکەن. پرسیم: چی بووە، ئوتۆمبیلەکە ڕاگرم؟ کاک ئیدریس گوتی: "تەیارەی عێراق لە ورمێی داوە." ئەوکاتە شەڕی نێوان ئێران و عێراق گەیشتبووە بۆمباران کردنی شار و خەڵکی سویل. گەیشتینە ورمێ و چووین بۆ بارەگای پێوەندییەکانی پارتی کە کاک شەوکەت شێخ یەزدین بەرپرسی بوو. لەوێ کاک ئیدریس چەند تەلەفۆنی کرد. لەپڕ ئاژیر لێیدا و تەیارە هات. ئێوارەی ۱۹۸۷/۱/۳۰، بەرەو گۆندی سلێڤانا بەڕیکەوتین. عەبدولموهەیمن بارزانی هاتبوو بۆ سێ ڕێیانی ڕاژان کە

پێشوازیی لە کاک ئیدریس بکات. کاک ئیدریس و هاوڕێیانی چوون بۆ سلێمانا و من چووم بۆ ڕاژان کە ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی لە هاتنی کاک ئیدریس ئاگادار بکەمەوە. فەرەیدون عەبدولقادر بە نوێنەرایەتی یەکێتی نیشتمانیی و ڕەسوڵ مامەند بە نوێنەرایەتی پارتی سۆسیالیت، لەگەڵ ژمارەیەکی تر لەوێ بوون. دوای ئاگادار کردنەوەیان، چووم بۆ سلێمانا و هاتنی میوانەکانم بە کاک ئیدریس ڕاگەیاند. هێشتا کاتژمێرێک تێنەپەڕیبوو، خەریکبووین خۆمان کۆدەکردەوە کە کاک مەسرور هات و گوتی: "هەستن ماڵمان خراپ بوو." بەدوای کەوتین بۆ ژووری کاک ئیدریس، بینیمان کەوتووە و نەفەس ناکێشێ. قۆڵی لیباسەکانی هەڵماڵیبوو کە دەست نوێژ بشوا کە جەڵتە لێیدابوو. کاتی گەیشتنەوەمان خواردن ئامادە بوو. کاک ئیدریس بەرلە خواردن دەچێ نوێژ بکات و بگەڕێتەوە بۆ خواردن، زۆری پێدەچێ. کاک نێچیرڤان دەچێ دەبینێ شیوی نەخواردوە و خواردنەکەی سارد بۆەتەوە. بانگی دەکات، بەڵام وەڵامی لێ نابیسێ. بەشوێنی دەکەوێ، دەبینێ دەرگای حەمام قفڵە. بانگی باوکی دەکات، بەڵام ئەو وەڵام ناداتەوە و ئەویش دەرگاکە دەشکێنێ و دەبینێ باوکی لەوێ کەوتووە. سواری ئوتۆمبیلمان کرد و بردمان بۆ نەخۆشخانەی "شیروخورشید"ی ورمێ کە ناویان نابوو نەخۆشخانەی موتەهەری، دوکتۆرەکان پشکنینیان بۆ کرد و بینیان تەواو بووە. تا بەیانی ڕۆژی ١٩٨٧/١/٣١ لەوێ ماینەوە و دواتر بردمان بۆ گوندی هەلەج و لەکن ئارامگەی مەلا مستەفا بە خاکمان سپارد. سێ ڕۆژان لە ڕاژان بۆی دانیشتین، خەڵکێکی زۆر لە ڕاژان و گوند و شارەکانی کوردستانەوە هاتن. ژمارەیەکی زۆر بەپێ هاتبوون.)

غەریب ئاکرەیی ساڵی ١٩٩١ لەگەڵ نێچرڤان بارزانی بەشداریی سەرهەڵدانی باشوری کوردستانی لە سلێمانی کردوە و لەوێوە چووەتە کەرکوک و بە دوای دژە هێرشەکەی سوپای عێراق لەگەڵ کاک نێچیرڤان چووەتە قەرە هەنجیر لەنێوان کەرکوک و چەمچەماڵ و لەوێوە چوونەتە سلێمانی و بەهۆی کۆچی دوایی سالاری حەمەئاغای خاڵی کاک نێچیرڤان بە هەڵەبجە، تەوێڵە و بیارەدا چوونەتە کرماشان. لەوێوە سەرلەنوێ بە مەریوان و باشماخدا گەڕاوەتەوە بۆ پێنجوێن و لە بارەگای لقی چوار لە گوندی گۆڵی ناوچەی شلێر بووە. دوای شکانی سوپای عێراق لە کۆڕێ و سەرهەڵدانی وتووێژ لەنێوان سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی و ڕژێمی بەعس، چوون بۆ گوندی

کەلەکین و لەوێ چاویان بە مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکرات و سەرۆکی بەرەی کوردستانی کەوتووە. لەو بارەیەوە ناوبراو دەڵێت:

- **(دوای کۆبوونەوەیەک لە کەلەکین، جەلال تاڵەبانی، نێچیرڤان بارزانی، ئازاد بەرواری، فازل میرانی و چەند سەرکردەی تر بۆ وتووێژ بەرەو بەغدا بەڕێکەوتن. سەرۆک بارزانی لەوێ مایەوە و من لەلای ئەو بووم. ڕۆژی ١٩٩١/٥/٧، لەگەڵ سەرۆک بارزانی چووم بۆ بەغدا و ٤٧ ڕۆژ لەوێ بووین. سەرۆک گەڕایەوە و من تا مانگی ٩ی ئەو ساڵە بە نوێنەرایەتی لەوێ مامەوە.)**

غەریب ئاکرەیی وەک خۆی دەڵێت دواتر بە پلەی ڕاوێژکار لە مەکتەبی ڕێزدار مەسعود و بارزانی و نێچیرڤان بارزانی بووە، هەرچەندە ئێستا خانەنشین کراوە، بەڵام دیسانیش درێژە بە خزمەتەکەی دەدات. ناوبراو ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٥ بەهۆی خزمەتەکانییەوە میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

- **(کە میدالیای بارزانیم وەرگرت، بە ڕادەیەک خۆشحاڵ بووم کە پێموابوو گەورەترین مرۆڤی جیهانم.)**

## خالید ساڵح فەتاح



خالید ساڵح فەتاح ئامێدی ساڵی ١٩٥٠ لە ئامێدی لە دایک بووە. خوێندنی دواناوەندی ساڵی ١٩٦٤-١٩٦٥ تەواو کردوە و ساڵی ١٩٦٦ لە بەتالیۆنی حاجی میرخان دۆڵەمەری لە ناوچەی ئامێدی بووەتە پێشمەرگە و دەڵێت:

**- (دوای ماوەیەک سەعید عەبدولوەهاب ئەتروشی کرا بە فەرماندەی بەتالیۆنی ئێمە.)**

ساڵی ١٩٧٠ کراوە بە پاسەوانی سنوری ئامێدی و ساڵی ١٩٧٤ کە دوژمن شەڕی بە دژی کورد هەڵایساندەوە، لە بەرەی شەڕی چیای دهۆک بووە. ساڵی ١٩٧٥ بەدوای ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول، ڕۆژی ١٩٧٥/٣/٦ چووەتە زێوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ سمنان. ساڵی ١٩٧٩ بە ڕاسپاردەی ئیدریس بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ زێوە و لەوێوە و لە ئاوکورتێ و کەوپەڕ لە پەلی عەبدولا ئامێدیدا خەباتی کردوە. ساڵی ١٩٨٢ لەگەڵ مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکرات و بەشێک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی چووەتە بێرکم و لۆلان و لە زستانی ئەو ساڵەدا گواستراوەتەوە بۆ ڕێکخراوی شەهید عەبدولڕەحمان حەمدی لە ناوچەی ئامێدی و لە مەفرەزەی گەڕۆکدا، بەرپرسی شانەی سەرەکی شەهید عەگید ئامێدی بووە و لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٤ کراوە بە بەرپرسی ڕێکخراوی شەهید عەگید ئامێدی. ساڵی ١٩٨٦ ناوێ شەهیدەکانیان لەسەر ڕێکخراوەکان لابردوە و ناوبراو کراوە بە بەرپرسی ڕێکخراوی تیاری سەربە ناوچەی ئامێدی لە لقی یەکدا.




ساڵی ١٩٨٨ کە ناوچەی بادینان ئەنفال و کیمیاباران کرا، خالید ساڵح فەتاح ئامێدی بۆ ماوەی ٤٥ ڕۆژ لە چیا ماوەتەوە و دواتر خۆی گەیاندوەتە باکوری کوردستان و لەوێوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان سنورداش کراوە. ساڵی ١٩٨٩ لەگەڵ شوکری نێروەیی، مولازم عەلی، محەمەد موحسین ئامێدی، محەمەد خالید بۆسەلی و ژمارەیەک پێشمەرگەی تر بە مەفرەزە گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەی ساتێ و چەتی. ساڵی ١٩٩١ لەگەڵ ئەو ژمارەیەی سەرەوە و سەید ساڵح گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەی ئامێدی و ساڵی ١٩٩٤ کراوە بە فەرماندەی لیوای ١٢ و ساڵی ١٩٩٦ فەرماندەی هێزی گەڕۆکی دەستوەشێن بووە و سەرئەنجام ساڵی ١٩٩٧ ئەرکی بەرپرسی چالاکییەکانی سوپای یەکەمی لە ناوچەی دهۆک دراوەتێ. ساڵی ٢٠٠٠، خالید ساڵح فەتاح ئامێدی جێگری فەرماندەی سوپای یەکەمی دهۆک بووە و ساڵی ٢٠٠٢ جێگری سوپای ١٢ی شێخان و ساڵی ٢٠٠٣ جێگری لەشکری یەک لە زاخۆ و ساڵی ٢٠٠٤ فەرماندەی سوپای سێی زێرەڤانی بووە لە شێخان و هەتا ئێستا لەو ئەرکەیدا بەردەوامە. ناوبراو لە ماوەی پێشمەرگایەتیدا بەشداریی گەلێک شەڕی قورسی وەک: شەڕی کانی ماسی، دێرەلۆک، چەککردنی فڕۆکەخانەی بامەڕنی و گوندی بەلاوە لە ناوچەی ئامێدیدا کردوە و دوو جار لە شەڕەکانی سپنە لە ناوچەی ئامێدی لە ساڵی ١٩٨٥ و شەڕی نێوان ناوچەی قەدش و ئامێدی لە ساڵی ١٩٩٦دا بریندار بووە. ئامۆزایەکی بەناوی ئیسماعیل "سمکۆ" ڕۆژی ١٩٨٩/٤/١٠ شەهید بووە. ناوبراو بەهۆی خەبات و چالاکییەکانیەوە ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٥، لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتی کوردستاندا، میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەم بارەیەوە دەڵێت: **(هەستم کرد بارێکی زۆر گران هاتوەتە سەرشانم کە ئایا دەتوانم بە سەداقەتەوە کە لەگەڵ ڕێبازی بارزانی بگونجێ هەڵیبگرم و لە خزمەتەکەمدا بەردوام بم؟)**

## سەلیم ئەسعەد خۆشەوی



سەلیم ئەسعەد خۆشەوی ئاڤدیش ساڵی ١٩٤٣ لە گوندی سێلکێ لە ناوچەی مزوری باڵا سەربە قەزای مێرگەسور لەدایک بووە. کوڕی ڕەوانشاد ئەسعەد خۆشەوی یەکێک لە سەرکردەکانی هێزی بارزان لە کۆماری کوردستاندا بووە. ئەسعەد خۆشەوی لە ڕوسیا لەگەڵ بارزانی بووە و لە شۆڕشی ئەیلولدا فەرماندەی لەشکری یەکی بادینان بووە. سەلیم ئەسعەد ساڵی ١٩٦١ چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی پارتی و لە هێزی تایبەتی سەربە سەرۆک مستەفا بارزانی و بۆ ماوەیەکیش پاسەوانی سەرۆک بارزانی بووە. لە شەڕی زاویتە لە ١٩٦١دا بریندار بووە. ساڵی ١٩٦٢ لەگەڵ بارزانی پەڕیوەتەوە بۆ ناوچەی سۆران و لە دۆڵەڕەقە، چیای سەفین و ناوچەی سلێمانی بووە. ساڵی ١٩٦٤ بە فەرمانی بارزانی کراوە بە فەرماندەی هێزی ئامێدی و ١٩٧٠/٣/١١ کە ڕێککەوتنی ئازار واژۆ کرا، سەلیم ئەسعەد کرا بە فەرماندەی فەوجی سنوور.

ساڵی ١٩٧٤ کە ڕژێمی عێراق شەڕی بە دژی شۆڕشی ئەیلول هەڵایساندەوە و هێزەکانی خۆی بردە سەر ناوچەی باڵەک و دهۆک، بارزانی داوای کرد عەلی خەلیل فەرماندەی بەتالیۆنەکانی هێزی زاخۆ کە سەید عەبوش لە زاخۆ، ئەحمەد حاجی محێ لە دهۆک و تایمەز عەرەب لە هێزی ئامێدی بوون بچن بۆ بەرەی باڵەک. ئەو بەشەی کە لە هێزی دووی دهۆک مابۆوە و عەبدولڕەزاق گەرماویی سەرپەرشتی دەکرد لەگەڵ هێزی ئامێدی، بە هاوکاریی هێزی زاخۆ کە عیسا سوار فەرماندەی بوو لەگەڵ هێزی شێخان بە فەرماندەیی حەسۆ میرخان پێشیان بە پەلاماری سوپا و جاشەکان گرت. ئەوان سەرەتا چیای ئەشکەوتی سمتی یان لە ناوچەی قەشە فەڕێ گرت. لەم بارەیەوە سەلیم ئەسعەد دەڵێت:



- (بەڵام ئێمە بە ڕێکخستنی نوێ کە ئەسعەد خۆشەی فەرماندەیی دەکرد، لە ماوەی ٤٨ سەعاتدا دوژمنمان شکاند و تا جادەی زاخۆ بۆ دهۆک و سەربازی دهۆک پاشەکشەمان پێکردن و کۆمەڵێک چەک و تەقەمەنی و هەشت دیلمان لێ گرتن.)

ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، سەلیم ئەسعەد چووەتە نەغەدە و لەوێوە لەگەڵ بارزانی گواستراوەتەوە بۆ عەزیمیەی کەرەج. ساڵی ١٩٧٦ کە شۆڕشی گوڵان ڕاگەینرا، سەلیم ئەسعەد گەڕایەوە ڕیزی پێشمەرگەکان و لە یەکەم مەفرەزەکانی خەباتی گەڕۆکدا لە ناوچەی مێرگەسور و مزوریی دا لە ڕێکخراوی شەهید خۆشەویدا بوو. ساڵی ١٩٧٩ بۆ بەشداریی کردن لە کۆنگرەی نۆیەمی پارتیدا گەڕاوەتەوە مەرگەوەڕ و دوای کۆنگرەی نۆیەم کە هێزی خەبات لە ناوچەی مێرگەسوردا پێکهات، سەلیم ئەسعەد کرا بە فەرماندەی ئەو هێزە و تا ساڵی ١٩٩٣ فەماندەی ئەو هێزە بوو.

ساڵی ١٩٩١ لە دیاناوە تا هەولێر بەشداریی ڕاپەڕینی کردوە و کاتێک لە ساڵی ١٩٩٣دا هێزەکانی پێشمەرگە بەشێوەی سەربازیی ڕێکخران، هێزی خەبات هەڵوەشێنرا و کرا بە لیوا. لەو ساڵەدا سەلیم ئەسعەد لەگەڵ ڕەوانشاد حەسۆ میرخان دۆڵەمەری و میرخان محەمەد ئەمین مێرگەسوری لە لیژنەیەکدا جێیان گرت کە ناوی "لیژنەی باڵای ناوچەی بارزان" بوو بۆ خزمەتگوزاری. ئەو لیژنەیە دە لقی هەیە کە کاروباری خزمەتگوزاریی و پێڕاگەیشتن بە کاروباری ناوچەی بارزانیان لە ئەستۆیە و بە دوای کۆچی دوایی میرخان محەمەد ئەمین مێرگەسوریدا، ئێستا لەلایەن سەلیم ئەسعەد و میرخان محەمەد ئەمین مێرگەسورییەوە سەرۆکایەتی دەکرێت.

سەلیم ئەسعەد جگەلە شەڕی زاویتە، بەشداریی گەلێک شەڕی تریشی کردوە وەک: جوم جیهان لەنێوان زاخۆ و دهۆک، شەڕی سیدەکان و شەڕی باڵەکایەتی. جگەلە کۆنگرەی ٩ی پارتی دیموکرات، بەشداریی کۆنگرەکانی ١٠

و ۱۱ و ۱۲ی پارتی دیموکراتیشی کردوە و لە کۆنگرەی سێزدەیەمی پارتیدا بەهۆی خزمەتەکانی بە کورد و کوردستان و ڕێبازی بارزانی، ڕۆژی ۲۰۱۰/۱۲/۱۵ میدالیای بارزانی وەک بەرزترین خەڵاتی ڕێزلێنان وەرگرتووە. ناوبراو لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (شوکرم لە خودا کرد کە بە پاکی خزمەتی کورد و کوردستان و ڕێبازی پیرۆزی بارزانیم کردوە. زۆر بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی سەربەز و خۆشحاڵم و سوپاسی سەرکردایەتی پارتی دیموکرات و سەرۆک مەسعود بارزانی دەکەم کە خزمەتکارانی نەتەوەی کوردیان لەبیر نەکرد. هیوادارم لە بەخشینی میدالیا بە کەسانی شایستە بەردەوام بن.)

## میرخان محەمەدئەمین میرخان سلێمان



میرخان محەمەدئەمین میرخان سلێمان ساڵی ١٩٤١ لە گوندی مێرگەسور لەدایک بووە. کوڕی شەهید محەمەدئەمین میرخان یەکێک لە فەرماندەکانی شۆڕشی ١٩٤٣- ١٩٤٥ و کۆماری کوردستان و هەڤاڵی بارزانی بووە لە ڕوسیا کە ڕۆژی ١٩٦٢/٣/٧ لە شەڕی "مرێبا" لە ناوچەی شێخان بریندار بووە و بۆ دەرمان ڕەوانەی نەخۆشخانەی کۆماریی موسڵ کراوە و لەوێ پیاوانی سەربە ڕژێم بە دەسترێژی گوللە شەهیدیان کرد.

میرخان لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلولدا بووەتە پێشمەرگە و ڕۆژی ١٩٦١/١٠/١٦ لە مێرگەسور کەوتۆتە بۆسەی دوژمن و گرتوویانە و تا ساڵی ١٩٦٤ لە بەندیخانەکانی موسڵ، هەولێر و بەغدا زیندانی بووە. ڕۆژی ١٩٦٤/٤/١٦ کە لەنێوان حکومەتی عێراق و سەرکردایەتی پارتی دیموکراتدا شەڕ ڕاوەستا و وتووێژیان دەکرد، بە داوای سەرۆک مستەفا بارزانی، ناوبراویان لە زیندان ئازاد کرد و گەڕایەوە بۆ ڕیزەکانی شۆڕشی ئەیلول. لە گەڕانەوەیدا بە خزمەت بارزانی گەیشتوە و دواتر چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی باڵەک. تا ساڵی ١٩٧٤ لە هێزی باڵەکدا سەرلق بووە. لەو ساڵەدا پارتی دیموکرات هێزی "سەرچیا"ی دامەزراندوە و ناوبراو تا ساڵی ١٩٧٥ و ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول لەو هێزەدا بووە.




ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، سەرەتا چووەتە نەغەدە و دواتر گواستراوەتەوە بۆ ئیسفەهان. ساڵی ١٩٧٦ پێوەندی بە ئیدریس بارزانی و شۆڕشی گوڵانەوە کردوە و بەهۆی ئەو پێوەندییەوە ساواک لە ئیسفەهانەوە بەتەنیا بۆ ماوەی شەش مانگ بۆ شاری "سمیرم" لە پارێزگای ئیسفەهان و شاری دلیجانی قوم دووری خستۆتەوە. بە ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی لە ئێران و سەرکەوتنی شۆڕشی ١٩٧٩، هەندێک ئازادی بۆ پەنابەرانی باشوری کوردستان پێکهات و ناوبراو لەو ساڵەدا گەڕاوەتەوە ڕیزی پێشمەرگەکان. سەرەتا لەگەڵ کاک ئیدریس و شێخ محەمەد خالید گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەی بارزان و لە هەمان ساڵدا بەشداریی کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکراتی لە ناوچەی مەرگەوەڕ کردوە.

دوای ڕێکخستنەوەی هێزەکانی پارتی بە دوای کۆنگرەکەدا، میرخان کراوە بە فەرماندەی هێزی ٤٠ و بەشێوەی مەفرەزە گەڕاوەتەوە بۆ باشوری کوردستان. ساڵی ١٩٩١ ناوی هێزی چل کراوە بە هێزی بارەگای بارزانی و ناوبراو لەگەڵ ئەو هێزە گەڕاوەتەوە ناوچەی خەلیفان و دۆڵی "بیاو" کە تا شانەدەری لەژێر دەستدا بووە.

ساڵی ١٩٩٣، پارتی دیموکرات، هێزەکانی پێشمەرگەی بە شێوازی سەربازی ڕێکخستۆتەوە و میرخان محەمەدئەمین وەک خۆی دەڵێت لەگەڵ حەسۆ میرخان دۆلەمەری، دوکتۆر سەعید ئەحمەد نادر و سەلیم ئەسعەد خۆشەوی کراون بە ئەندامی لیژنەی ناوچەی بارزان بۆ خزمەتگوزاری. ئەو لیژنەیە خاوەن دە لقی فەرعییە و ئەرکی پێڕاگەیشتنە بە کاروباری کۆمەڵایەتی ناوچەی بارزان و هەتا ئێستا لەگەڵ سەلیم ئەسعەد خۆشەوی لە بەڕێوەبردنی ئەم لیژنەیەدا بەردەوامە.

میرخان محەمەدئەمین بەشداریی دەیان شەڕی کردوە. دەکرێ ئاماژە بۆ شەڕەکانی زۆزک لە ساڵی ١٩٦٥، شەڕی گەروی عەمەرئاغا لە ١٩٧٤، سەرچیا لە ١٩٧٤، داستانی خواکورک لە ١٩٨٨ بکەین. ناوبراو دووجار لە شەڕی زۆزک و شەڕی ناحیەی مێرگەسور لە ١٩٨٧ بریندار بووە و ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٥ بەهۆی خزمەتەکانیەوە میدالیای بارزانی وەرگرتووە. لەم بارەیەوە دەڵێت:

**- (زۆر زۆر بە فەخر و شانازی دەزانم کە خەباتی لەمێژینەی چوار بەرە بابی ئێمە لەبیر نەکرا و وەسیەتم بۆ کوڕ و نەوەکانم کرد کە تا لە ژیاندان، خزمەتی کورد و کوردستان و ڕێبازی بارزانی نەمر بکەن.)**

## عومەر میرخان غەزالی



عومەر میرخان غەزالی ژاژۆکی ساڵی ١٩٣٩ لە گوندی ژاژۆک لە ناوچەی بارزان لە قەزای مێرگەسور لەدایک بووە. ساڵی ١٩٦١ کە بارزانی لە بەغداوە گەڕایەوە بۆ بارزان و دواتر شۆڕشی ئەیلولی ڕاگەیاند، دوو لە براکانی عومەر میرخان بە ناوەکانی حەسۆ میرخان غەزالی و میرخان غەزالی لەگەڵ بارزانی کەوتن و عومەر میرخان لەگەڵ ژمارەیەکی تر بۆ پارێزگاری کردن لە بارزان، لەوێ ماوەتەوە. ساڵی ١٩٦٣ کە بارزانی بۆ جاری دووەم بە دوای شکاندنی سوپا و جاشە هێرشکەرەکانی عێراق لە زنجیر چیای پیرس، سەری ئاکرێ، گەرووی بێدارون و بلە و بەگشتی ناوچەی بارزان، گەڕایەوە بۆ ناوچەی سۆران، عومەر میرخان لەگەڵ حەسۆ میرخانی غەزالیی برای چوو بۆ ناوچەی قەڵادزێ و لەوێ بەشداریی شەڕەکانی کێوەڕەش، ئاسۆس، گەڵەزەر و سەنگەسەری کرد و تا ساڵی ١٩٧٠ لە هێزی کاوەدا لەگەڵ میرخانی برای بوو.

ساڵی ١٩٧٤ بە پلەی مولازم گەیشت و لە هێزی پاسەوانی سنووری قەڵادزێ بوو کە عەریف دەروێش خەڵکی بەری مێرگە لە قەزای دوکان فەرماندەی بوو. ساڵی ١٩٧٥، دوای ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول، سەرەتا لە زێوە بووە و دواتر گواستراوەتەوە بۆ قەزوێن و جهرم و ڕەفسنجان. دوای ڕوخانی ڕژێمی پاشایەتی لە ئێران، لە ساڵی ١٩٧٩ گەڕاوەتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ساڵی ١٩٨٠ لە کۆمەڵگای کۆسەکەرێز لە ناوچەی مهاباد نیشتەجێ بووە. هەرلەو ساڵەدا لەگەڵ مەفرەزەیەک سەرەتا چووەتە قاسمەڕەش لە ناوچەی سەردەشت و لەوێوە بۆ لۆلان و لە دەراوی لۆلان و خواکورک مەقەڕی داناوە و

تا ساڵی ١٩٨٨ بەشێوەی گەڕۆک سەردانی ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی دوژمنی کردوە و دەستی لە هێزەکانی دوژمن وەشاندوە.



لە ئەنفال و کیمیابارانی ناوچەی بادینانـدا، ساڵی ١٩٨٨ گەڕاوەتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ساڵی ١٩٩١ بە دوای ڕاپەڕیندا لە باشوری کوردستان کراوە بە فەرماندەی بەتالیۆن و ئەرکی پاسەوانەکانی مەکتەبی سەرۆکی پێسپاردراوە. ئێستا پلەی لیوای هەیە و فەرماندەی بەتالیۆنی مەکتەبی سەرۆکە لە مەسیف سەلاحەدین.

عومەر میرخان غەزالی ژاژۆکی بەشداریی گەلێک شەڕی گەورەی وەک: دوو شەڕی پیرس لە ١٩٦١ و ١٩٦٣، شەڕی چیای پیرفارت ١٩٦٣، شەڕی کوران لە ناوچەی بارزان ١٩٦٣، شەڕی کێوەڕەش ١٩٦٤، شەڕی گەورەی خواکورک لە ١٩٨٨، شەڕی مەزنێ، شەڕی دەربی، شەڕی خڕەبەردان و ...تدی کردوە. پێنج جار بە سوکی بریندار بووە. حەسۆ میرخانی برای لەگەڵ میرخان حاجی میرخانی برازای و کەکشار خدری خوارزای ساڵی ١٩٨٣ لە قەندیل شەهید بوون و دوو برازا و ئامۆزایەکیشی بەناوەکانی خەلیل غەزالی ١٩٩٦، عەلی حەسۆ ١٩٩٤ و عەلی تەها لە ١٩٦٣ شەهید بوون.

عومەر میرخان بەشداریی کۆنگرەکانی ١٢ و ١٣ی پارتی دیموکراتی کردوە و لە کۆنگرەی ١٣ی پارتیدا لە ٢٠١٠/١٢/١٥ میدالیای بارزانی پێبەخشراوە. لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (بە وەرگرتنی ئەم میدالیایە زۆر خۆشحاڵ بووم و زامی شەهیدەکانم لەبیر چۆوە و ئێستاش ئامادەم بۆ بەڕیوەبردنی فەرمانی سەرۆک بارزانی کە بچم بۆ چیای حەمرین.)

## حەمید حەیدەر ئەرگوشی



حەمید حەیدەر ئەرگوشی ساڵی ١٩٤٥ لە گوندی ئەرگوش لەدایک بووە. ساڵی ١٩٥٩ چووەتە ڕێزی پارتی دیموکراتی کوردستان و بە هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول لە ١٩٦١/٩/١١دا، چەکی هەڵگرتووە و لەگەڵ کۆمەڵێک پێشمەرگە، بنکەکانی پۆلیسی ئەرگوش، زێتێ و شێروانیان چەککردوە. لەگەڵ سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی چووەتە ناوچەی بادینان و بۆ ماوەی سێ ساڵ لەگەڵ عیسا سوار و ئەسعەد خۆشەوی بووە. دواتر چووەتە لای عەلی خەلیل، بەڵام سەرلەنوێ گەڕاوەتەوە بۆلای ئەسعەد خۆشەوی کە ئەرکی فەرماندەیی هەموو ناوچەی بادینانی لە ئەستۆ بووە. بەرلە ڕاوەستانی شۆڕش لە ١٩٧٥دا لەگەڵ ٤٥ پێشمەرگەی تر کە نۆ پێشمەرگەیان هی ناوچەی بادینان بوون، بەشداریی خولی "ئەفسەریی فەرماندەیی شۆڕشیان" کردوە.

دوای ڕاوەستانی شۆڕش سەرەتا لە کۆمەڵگای زێوە بووە و دواتر بە بنەماڵەوە گواستراوەتەوە بۆ شاری سیرجان لە پارێزگای کرمان. دوای ڕوخانی ڕژێمی پەهلەوی و سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران لە ١٩٧٩، بە ڕاسپاردەی ئیدریس بارزانی کراوە بە بەرپرسی پێڕاگەیشتن بە کاروباری پەنابەران لە پارێزگای کرمان و بە وتەی خۆی، ١٧٠٠ ماڵی پەنابەرانی باشوری کوردستان لەو پارێزگایە بووە، بەڵام سێ مانگ دوای شۆڕشی ئێران گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان و لە گوندی "نۆوە" لە نزیک هەلەج لە ناوچەی ورمێ چاوی بە مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکرات کەوتووە و کراوە بە فەرماندەی پەنجا پێشمەرگە.




ساڵی ١٩٨١ لەگەڵ عەریف دەروێش سندی، سنعان سلۆری و سەفەت شیوی و باقی جبرئیل مێزوری و نزیکەی ٢٦٠ پێشمەرگە کە سەرسەرقۆڵیان و ڕەئیس عەبدوڵا فەرماندەی گشتیان بووە، لەگەڵ مولازم یونس ڕۆژبەیانی و ئازاد قەرەداغی چووەتە ناوچەی پردی زەهاو و دواتر لەگەڵ هێزەکانی نادر عەلی هەورامی یەکیان گرتۆتەوە. لەم بارەیەوە حەمید حەیدەر ئەرگوشی دەڵێت: **(بە چوونی ئێمە ورەی خەڵکی ناوچەکە چووە سەر و باوەڕیان هێنا کە شۆڕش زیندوو بووەتەوە.)**

حەمید حەیدەر ئەرگوشی بەردەوام بووە لە شۆڕشی گوڵاندا و ئێستا بەرپرسی بەشی دارایی "فەرماندەیی بارزانە" ناوبراو لە ماوەی پێشمەرگایەتیدا شەش جار بریندار بووە. جگە لە وەرگرتنی میدالیای بارزانی لە ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٥، میدالیایەکیشی بە بۆنەی داستانی شەڕی "زاویتە-لۆمانا" وەرگرتووە. حەمید حەیدەر دەربارەی وەرگرتنی میدالیای بارزانی دەڵێت:

**- (هەستم بەوە کرد کە ئەگەر مرۆڤ ژیانی خۆی بۆ خزمەتکردن بە گەل و نیشتمان تەرخان بکات، بەفیڕۆ ناچێت. هەموو سەروەت و سامانی ژیانم بە ڕادەی ئەم میداڵیایە نییە کە بەمن دراوە، لەبەر ئەوە خۆشحاڵم کە خزمەتەکەم بەفیڕۆ نەچوو. ئومێدەوارم نەوەی دوای ئێمەش بەردەوام بن لەسەر ئەو ڕێبازە و زۆرجار لە خودا پاڕاومەتەوە کە وەک شەهیدەکانی تر شەرەفی شەهادەتم پێببەخشێت کە بە نسیبم نەبوو.)**

## خالید مەحمود شێخۆ سلێمان



خالید مەحمود شێخۆ سلێمان ناسراو بە خالیدە سور ساڵی ١٩٦٣ لە گوندی شێخان لە قەزای مێرگەسور لەدایک بووە. ساڵی ١٩٧٨، لە سەردەمی سەرکردایەتی کاتی پارتی دیموکراتی کوردستان "قیادەی موەقەت" و شۆڕشی گوڵاندا چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی حەمید حوسێن مەلا "حەمید ئەفەندی" و لەگەڵ مەفرەزەی حەمید خەلانی گەڕاوەتەوە ناوچەکانی خەلان و لە پێگەکانی خەلان، لێلۆک، مێرگەسور و دوو جار لە سیدەکان و گوندی "مزی سەر" لە ناوچەی سیدەکانیان داوە و وەک بۆخۆی دەڵێت لە گەڕانەوەیاندا لە شەڕی گوندی مزی سەردا سوپای عێراق بە هێزێکی زۆر لە گەلی گۆستە لەسەر سنوری نێوان باشور و باکوری کوردستان پەلاماری داون.

ساڵی ١٩٨٠ کە شەڕ لەنێوان عێراق و ئێراندا هەڵگیرسا، لەگەڵ دوکتۆر سەعید ئەحمەد و حەسۆ کانی لەنجی چووەتە ناوچەی هێزی بارزان لە حەیات و گەلی بەرازگر و دواتر لەگەڵ ئیدریس بارزانی و شێخ محەمەد خالید چووەتە کەتینە. لەم بارەیەوە دەڵێت:

**- (کاک ئیدریس نامەیەکی بۆ باوکم نوسی و پێیڕاگەیاند کە هێزەکانی بەرێتە پێشەوە. باوکم فەرماندەی مەفرەزەی ٦٣ پێشمەرگە بوو. لەوێوە لەگەڵ باوکم چووین و بەشداری شەڕی مێرگەسور و دواتریش شەڕی خواکورکمان کرد کە نزیکەی ٥٠ ڕۆژی خایاند.)**



خالید مەحمود شێخۆ سلێمان بە دوای ئەو شەڕەدا کە ڕژێمی عێراق ناوچەی بادینانی کیمیاباران کرد، چووەتە گوندی زێوە و لەوێوە بۆ کارکردن چووەتە گوندی ئەشکەوتان لەسەر سنوری ڕۆژهەلات و باکوری کوردستان، بەلام سالی ١٩٨٩ بە ڕاسپاردەی مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکرات، لەگەل مەحمود شێخۆی باوکی، سەباح شێخانەیی، موسا عیسا خدر، سلێمان حوسێن، داود محەمەد، عومەر مستەفا، بەدرۆ خدر و کەریم مستەفا گەڕاوەتەوە بۆ گەلی ڕەش لە ناوچەی برادۆست نزیکەی شەش مانگ لەوێ هاوکاریی ڕێکخستنەکانی پارتی و کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر هێزەکانی دوژمن و جاشەکانی کردوە و زستانی ئەو سالە سەرلەنوێ گەڕاوەتەوە بۆ زێوە و وەک خۆی دەلێت سەرۆک بارزانی دەمانچەیەکی خەلات کردوە.

سالی ١٩٩١ بەرلە ڕاپەڕین گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەی سۆران و دوای شەڕی کۆڕێ، سەرلەنوێ لەگەل حەمید ئەفەندی بووە و دواتر گەڕاوەتەوە بۆ سەریتەری باولیان لە دیانا و کراوە بە بەرپرسی هەوالگری فەرماندەی فەرماندەیی بارزان و پلەی عەقیدیان داوەتێ.

سالی ١٩٤٥، مەرعان سلێمانی مامی لە گردەکەو لە ناوچەی دیانا، سالی ١٩٨٨ برایەکی لەنێوان کۆلەک و گرکان لە ناوچەی بارزان و میکائیل ئەحمەدی ئامۆزای لە سالی ١٩٩٥دا لە هەریر شەهید بوون. ناوبراو دووجار لە شەڕەکانی کانی ڕەش لە ١٩٧٩ و کەسنەزان لە سالی ١٩٩٦ بریندار بووە.

ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٥، لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا بەهۆی خزمەت و چالاکییەکانی میدالیای بارزانی وەرگرتووە. دەربارەی وەرگرتنی میدالیای بارزانی دەلێت:

**- (لە ڕاستیدا ئێمە کە کوردایەتی دەکەین، چاوەڕوانی وەرگرتنی میدالیا نەبووین، بەلام بەو حالەش زۆر خۆشحالم بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی.)**

## سلێمان ئەحمەد ئیسماعیل عومەر



سلێمان ئەحمەد ئیسماعیل عومەر دۆڵەمەری ساڵی ١٩٥٣ لە گوندی "خەرا" لە ناوچەی بارزان لەدایک بووە. ساڵی ١٩٦٧ لە تەمەنی چواردە ساڵیدا چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی عوزێر دۆڵەمەری لە دیلمان و بۆ ماوەی سێ ساڵان خزمەتی پێشمەرگەکانی کردوە. بە دوای واژۆ کردنی ڕێککەوتنی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ لە دیلمانەوە گواستراوەتەوە بۆ قەسرێ و لەوێ خولی کارکردن بە دۆشکەی بینیوە. ساڵی ١٩٧٤ کە شەڕی ڕژێمی عێراق بەدژی کورد هەڵگیرسایەوە، بە سەرۆکایەتی عومەر ئاغای دۆڵەمەری لە یەکەی دۆشکەی شۆڕشدا بووە و لەسەر دۆشکەی شۆڕش کاری کردوە.

ساڵی ١٩٧٥ بە دوای ڕاوەستانی شۆڕش چووەتە نەغەدە و دواتر لە زێوە نیشتەجێ بووە. دوای کۆکردنەوەی کۆمەڵگای زێوە لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە سەرەتا گواستراوەتەوە بۆ جهرم و دوای دوو ساڵ ڕەوانەی لاهیجان کراوە و دواتر لەسەر داوای خۆی چووەتە قەزوێن کە ڕەشید ئەحمەدی برای لەوێ بووە. ساڵی ١٩٧٩ کە ڕژێمی پاشایەتی لە ئێران ڕووخا، سلێمان ئەحمەد ئیسماعیل عومەر و ڕەشیدی برای پێکەوە گەڕاونەتەوە ڕیزی شۆڕش و بە شێوەی مەفرەزە لە باشور بوون و براکەی لە تێکهەڵچوونێکدا لەگەڵ سوپای عێراق لە کەندی دیانا شەهید بووە.

ساڵی ١٩٨٠ لەگەڵ ئیدریس بارزانی و شێخ محەمەد خالید لە زێوەوە چووەتە دەشتی بەرازگر و بە دوای گەشتێکدا و بەسەر کردنەوەی پێشمەرگەکانی هێزی بارزان گەڕاونەتەوە بۆ زێوە. لە هەمان ساڵدا لە ڕاژان خولێکی کارکردن بە تفەنگی ٥٧ی بینیوە و دوای تەواوبوونی خولەکە لەگەڵ عوزێر دۆڵەمەری گەڕاوەتەوە بۆ باشوری کوردستان و لە پێگەکانی گۆڕی گومێ "گوندی ئازادی"، گەلی سۆرێ لە پردی لیلۆک و گەروی سارکێ لە هێزەکانی

دوژمنیان داوە. هەروەها بە فەرماندەیی ئەحمەد سەعید سپینداری بەشداریی کردوە لە شەڕی گەورەی مێرگەسوری. ساڵی ١٩٨٨ بەشداریی شەڕی قەبری زاهیری لە سێ سوچی سنوری دەستکرد لە نێوان سێ سنوری دەستکردی ڕۆژهەڵات، باکور و باشوری کوردستانی کردوە و بەشدار بووە لە شەڕی گەورەی خواکورکدا.

بە دوای ئەنفال و کیمیابارانی ناوچەی بادینان لەلایەن حکومەتی عێراق لە ساڵی ١٩٨٨، لەگەڵ پێشمەرگەکان گەڕاوەتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ی خەڵکی باشور سەرلەنوێ گەڕاوەتەوە بۆ گوندی شێخان لە ناوچەی دۆڵەمەرییان. ساڵی ١٩٩٤ کراوە بە جێگری هێزی ١٠٠ی سوپای بارزان.

سلێمان ئەحمەدئیسماعیل عومەر دۆڵەمەری چوار جار لە شەڕەکانی گەلی سۆر لە ناوچەی دۆڵەمەر لە ساڵی ١٩٨٠، شەڕی سەری سپیلک لە ١٩٩٥، شەڕی گۆمەئەسپان لە ١٩٩٦ و شەڕی شەکرۆک لە ساڵی ١٩٩٧دا برینداربووە. بەهۆی خزمەت و چالاکییەکانی، ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٥ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی پێدراوە و دواتر لە ساڵی ٢٠١١ خانەنشین کراوە. دەربارەی وەرگرتنی میدالیای بارزانی دەڵێت:

- (جێگەی شانازییە بۆمن و هەرچەندە من وەک بارزانییەک میدالیام وەرگرتووە، بەڵام میدالیاکەم زۆر بۆ گرنگ نییە و خزمەتکردنم گرنگە بە کورد و کوردستان و ڕێبازی بارزانی و سەری مەسعود ساخ بێت.)

## مستەفا عەبدولرەحمان سۆفی



مستەفا عەبدولڕەحمان سۆفی ساڵی ١٩٤٨ لە گوندی دێڕانە سەربە قەزای مێرگەسور لە دایک بووە. ساڵی ١٩٦٥ چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی پارتی دیموکرات و لە هێزی باڵک لەگەڵ حاجی بێرۆخی بووە. سەرەتا بەهۆی کەمی تەمەنی خزمەتی پێشمەرگەکانی کردوە و بەرەبەرە وەک پێشمەرگە ئەرکی پێسپێردراوە و دواتر بۆ بەشداریی کردن لە خولی کارکردن بە خۆمپارەهاوێژی ٦٠، ٨١ و ١٢٠ دەستنیشان کراوە. دوای بینینی ئەو خولە لە لقی ئەسنادی هێزی باڵکدا کە حالی دۆڵەمەری فەرماندەی بووە، کراوە بە خۆمپارەهاوێژی هێزی باڵک کە عەبدولا ئاغای پشدەری فەرماندەی بووە. لەنێوان ساڵانی ١٩٧٠- ١٩٧٤دا پاسەوانی سنور بووە و ساڵی ١٩٧٤- ١٩٧٥، بەشداریی شەڕەکانی ناوچەی سۆران و حەوزی ڕەواندزی کردوە.

دوای ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی ١٩٧٥، مستەفا عەبدولڕەحمان سۆفی چووەتە زێوە و لەوێوە گواستویانەتەوە بۆ جهرم. ساڵی ١٩٨٠ گەڕاوەتەوە ناوچەی شنۆ لە هێزی ئاوارەدا بەشداریی شۆڕشی گوڵانی کردوە و لە خواکورک و خرێنە بووە. دوای ڕاپەرینی خەڵکی باشوری کوردستان، ناوبراو لە ساڵی ١٩٩٥دا گواستراوەتەوە بۆ هێزی ١٠٠ی بارزان سەربە فەرماندەیی زێرەوانی و ئێستا فەرماندەی هێزی سێی فەرماندەیی بارزانە.

مستەفا عەبدولڕەحمان سۆفی جگەلە بەڕێوەبردنی ئەرکی پێشمەرگایەتی، لە بواری نوسین و شیعر گوتنیشدا دەستی هەیە و هەتا ئێستا نزیک بە هەزار لاپەڕە شیعری هۆندۆتەوەو کتێبێکی مێژوویی هەیە، بەڵام چاپی نەکردوە. ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٥، لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و دەبارەی وەرگرتنی میدالیای بارزانی دەڵێت:




- (هەر مرۆڤێک خاوەنی هیوایەکە، منیش بەو هیوایەوە بووم کە ڕۆژێک ببم بە خاوەنی ئەو شەرەفە کە میدالیای سەرۆک بارزانی وەربگرم. ئەم هیوایەم بەدیهات و زۆری پێ خۆشحاڵم کە خزمەتی کورد و کوردستان دەکەم و خزمەتەکانم لەبیر نەکرا.)

## عێزەت خان شێخۆ گولی



عێزەت خان شێخۆ گولی ساڵی ١٩٤٠ لە گوندی دری لە ناوچەی شێروانی مەزن سەربە قەزای مێرگەسور لە دایک بووە. ساڵی ١٩٦٣ لە کاتی شەڕی سەری پیرس چەکی پێشمەرگایەتی هەڵگرتووە و لەگەڵ هێزەکانی سەربە خەلیل ئیبراهیم ئەرگوشی بەشداریی شەڕی پیرسی کردوە. دوای شکان و پاشەکشەی پێشمەرگەکان لەو شەڕەدا، پێشمەرگەکان سەرلەنوێ لە مەیدان مۆریک پێشیان بە دوژمن گرتووە، بەڵام دیسانیش شکاون و تا چیای ژاژۆک و دواتریش شێروانی مەزن کشاونەتەوە. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە دوژمن لە بلەوە دەیویست گوندی بارزان بگرێ، بەڵام لەوێ شکا و بەرەو گوندی ڕێزان پاشەکشەی کرد. دوای شکانی سوپای ڕژێم و دەستپێکردنی وتووێژ لەنێوان سەرکردایەتی شۆڕش و حکومەتدا لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٤، عێزەت خان شێخۆ مەقەڕی پێشمەرگەکان دەگەڕێننەوە بۆ ناوچەی بارزان و لەوێوە دەچن بۆ قەسرێ و تا ساڵی ١٩٧٤ دەبن بە پاسەوانی کۆمەڵگای چەک و تەقەمەنی شۆڕش. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، ناوبراو دەگەڕێتەوە بۆ گوندەکەیان، بەڵام حکومەت ڕۆژی ١٩٧٥/١١/٢٥ گوندەکەیان لێ وێران دەکات و خەڵکەکەی دەگوازێتەوە بۆ باشوری عێراق. لەوکاتەدا عیزەت خان خۆی بەدەستەوە نادات و پەنا بۆ چیاکانی سنوری باکوری کوردستان دەبات و لە گوندی "دێ" لە ناوچەی چوارچڵی هەرکی بنەجێ دەمێنێتەوە. لە مانگی سێیەمی ساڵی ١٩٧٦، ژاندارمەی تورک لەو گوندە دەریان دەکات و ناوبراو لەگەڵ هاوسەر و منداڵ و خزمەکانی دەچێت بۆ گوندی ناوچەل و لە ئەشکەوتی سورێ دەمێنێتەوە. بەرلە ڕاگەیاندنی شۆڕشی گوڵان لەگەڵ خزمەکانی بە مەفرەزە دەگەڕێتەوە بۆ گوندی دری و دەست لە یەکەکانی حکومەت دەوەشێنێت. لەم بارەیەوە دەڵێت: **(لە ئەشکەوتی سورێوە هاتین بۆ گوندەکانی دری و بێداو. هاوسەر و منداڵەکانم لە گوندی خڕواتە لە**

دۆسکی ژووروو دانا و لەگەڵ شەوکەت عەزیز، سیسۆ مشۆ، فەتاح پیرۆ، عەبدولعەزیز حاجۆ، کەمال پیرۆ و ڕەشید شابوو و نزیک بە ١٠٠ پێشمەرگەی تر یەکمان گرت. هەر حەوت هەشت کەسمان لە مەفرەزەیەکدا کۆبووینەوە. سیسۆ مشۆمان کرد بە فەرماندەی خۆمانو منیش کرام بە جێگری سیسۆ و گروپ گروپ بە مەفرەزە گەڕاینەوە بۆ ناوچەکانی سەرسنور و شەڕی یەکەکانی حکومەتمان کرد. دواتر جەوهەر نامیق و کەریم سنجاری هاتن بۆ ناوچەی چەلێ لە ناوچەی هەکاری و بە هاتنی ئەوان کادیر هاتن بۆ ناوچەکەمان و عەبدولڕەحمان پێداوی "سەربەست" بوو بە کادیری ئێمە. بە دوای ئەوانەدا ئازاد بەرواری، سامی عەبدولڕەحمان، زەعیم عەلی، مولازم محەمەد هاتن و بارەگایان لە باسیا و ناوچەی هەرکی دانا. ساڵی ١٩٧٩ مەفرەزەکانمان زیادی کرد و بە بەردەوامی زەبرمان لە حکومەت دەدا.)



وەک عێزەت خان شێخۆ دەڵێت ساڵی ١٩٧٧ عەریف یاسین، مستەفا نێروەیی، مولازم یونس، مەلحەم دری و حەمید ئەفەندی دەچن بۆ ناوچەکەیان و فەرماندەیی ناوچەکەیان بە مەلحەم دری دەسپێرن. ساڵی ١٩٧٩ کە حکومەتی پاشایەتی لە ئێران ڕووخا، ناوبراو لەگەڵ مەفرەزەیەک دەچێتە زێوە و وەک خۆی دەڵێت دوای سێ ڕۆژ مانەوەیان لە زێوە، بارزانی کۆچی دوایی کردوە. بەم بۆنەیەوە بازگەیەک بۆ ئاسایشی بەشدارانی ڕێوڕەسمی بەخاک سپاردنی بارزانی لە شنۆ دادەنێن. بە دوای بەخاک سپاردنی بارزانی، دەیکەن بە پاسەوانی مەزاری بارزانی و دوای چل ڕۆژ دەیگوازنەوە بۆ پیرانشارو مولازم محەمەد دەکەن بە بەرپرسیان.

ساڵی ١٩٧٩، عێزەت خان شێخۆ گولی بە مەفرەزەکەیەوە دەگوازنەوە بۆ هێزی خەبات کە عەلی خەلیل فەرماندەی بووە. ساڵی ١٩٨٠ کە لەنێوان عێراق و ئێراندا شەڕ هەڵایسا، لەگەڵ هێزی خەبات دەگەڕێتەوە بۆ لۆلان لە خنێرە مەقەڕ دادەنێن و لەوێوە دەچن بۆ ناوچەی مزوری و تێدەگەن ناوچەیەکی زۆر بەهۆی شەڕی نێوان عێراق و ئێران ئازاد بووە. ساڵی ١٩٨٦

عێزەت خان شێخۆ دەکرێت بە بەرپرسی لیژنەی ناوچەی مزوری لە هێزی خەباتدا و ساڵی ١٩٨٨ بەشداری شەڕی "دری پەلێ" و "خەلەتەورە" لە دەشتی شێروان دەکات. ئەنفال و کیمیابارانی بادینان لەو ساڵەدا ناوچەی عێزەت خان ناگرێتەوە، بەڵام دوای ڕاوەستانی شەڕ لەنێوان ئێران و عێراقدا، سوپای عێراق بە پانتاییەکی زۆر هێرش دەکاتە سەر ناوچەکەیان و ناچاریان دەکات بەرەو باسیا پاشەکشە بکەن و پەنا بۆ گوندی سوران لە باکوری کوردستان بەرن.

عێزەت خان شێخۆ کە پیاوێکی دوو ژنە بووە، تا ساڵی ١٩٨٩ لە گوندی سوران دەمێنێتەوە و لەو ساڵەدا حکومەتی تورکیا یەکێک لە هاوسەرەکان و منداڵەکانی دەگرێ و دەیانگوازێتەوە بۆ جۆڵەمێرگ و ئەو لەگەڵ هاوسەرەکەی تری دەچێت بۆ سلیڤانا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دواتر حکومەتی تورکیا هاوسەر منداڵەکانی ئازاد دەکات. ساڵی ١٩٩١ گەڕاوەتەوە بۆ باشوری کوردستان و لە سپیلک مەقەڕی داناوە و لە مانگی ١١ی ئەو ساڵەدا هاوسەرەکانی و منداڵەکانی هێناوەتەوە بۆ باشوری کوردستانو لە سۆران نیشتەجێی کردون. ساڵی ١٩٩٢ کراوە بە فەماندەیی فەوج و لە بازگەی مەسیف سەلاحەدین بووە و دواتر بە فەوجەکەیەوە گواستراوەتەوە بۆ گوندی شیوێ لە ناوچەی مزوری لە قەزای مێرگەسور و حەمید حەیدەر ئەرگوشی کراوە بە فەرماندەی هێز و عیزەت خان بووەتە جێگری. ساڵی ١٩٩٥ فەوجەکەیان گواستۆتەوە بۆ قەسرێ و خراوەتە سەر لەشکری بارزان کە لەوێش حەمید حەیدەر ئەرگوشی فەرماندەیان بووە.

عێزەت خان شێخۆ سێ جار لە شەڕەکانی قەسرێ لە ١٩٧٤، کەلی مێروز لە ناوچەی مزوری لە ١٩٧٥ و لە نەڵۆس لە ١٩٨٢ بریندار بووە. ساڵی ١٩٩٨ پلەی لیوای پێدراوە. سێ لە کوڕەکانی پێشمەرگەی لەشکری تایبەتن لە فەرماندەی فەرماندەیی بارزاندا و بۆخۆشی هەتا ئێستا لە ئەرکەکەیدا بەردەوامە. ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٥ لە کۆنگرەی سێزدەی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی پێدراوە و لەم بارەیەوە دەڵێت: **(زۆر خۆشحاڵ بووم بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی و سوپاسی سەرۆک مەسعود بارزانی دەکەم.)**

## عەشقی ئاراب بادین



عەشقی ئاراب بادین ساڵی ١٩٣٦ لە گوندی ڕێزان لە ناوچەی بارزان سەر بە قەزای مێرگەسور لەدایک بووە. بەرلە شۆڕشی ئەیلول چەندان ساڵ لەگەڵ عەشیرەتەکانی برادۆست، زێباری و ڕیکانی تێکەڵاوی شەڕی عەشیرەتی بووە. لەگەڵ ڕاگەیاندنی شۆڕشی ئەیلول لەلایەن بارزانییەوە لە ١٩٦١/٩/١١، لەگەڵ هێزی حارس بێدارونی لەگەڵ بارزانی کەوتووە و لە چیای پیرس بووە. ساڵی ١٩٦٢ کە بارزانی پەڕییەوە بۆ ناوچەی سۆران و باڵەک، عەشقی لەگەڵ هێزەکەی خۆی بە فەرماندەیی حارس بێدارونی چووەتە ناوچەی باڵەک و پشدەر. کاتی چەککردنی قشڵەی ڕایات لەلایەن پێشمەرگەکانەوە، ناوبراو هێزی پشتیوان بووە لە چیای هەڵگورد کە ڕێگە لە هاتنی هێزی یاریدەدەری سوپا و جاش بگرێت و نەهێڵن پۆلیسەکانی نێو قشڵەی ڕایات لە گەمارۆی پێشمەرگەکان ڕزگار بکەن. لە هەمان ساڵدا گەڕاوەتەوە بۆ سرێشمە و لەوێوە بۆ چیای برادۆست و بارزان و لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕ لە سەری ئاکرێ لە ساڵی ١٩٦٣دا کە دوژمن چیاکەی داگیر کرد و خۆی گەیاندە سەری پیرس و بلە، عەشقی بۆ ماوەی مانگ و نیوێک بەشداریی ئەو شەڕانەی کردوە کە سەرئەنجام دوژمن لە ملی بلە لەنێوان بلە و بارزاندا شکا و پاشەکشەی کرد و وتوویژی نێوان بارزانی و حکومەت دەستی پێکرد.

عەشقی ئاراب بادین، سەرلەنوێ لەگەڵ هێزی حارس بێدارونیو بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەی سۆران و تا ساڵی ١٩٦٥ لە سەنگەسەر بووە. لەو ساڵەدا هێزەکەیان لەگەڵ هێزی باڵەک بە فەرماندەیی عەبدوڵا ئاغای پشدەری کە فرەنسۆ هەریری جێگری بووە، یەکی گرتوەتەوە. دوای تێکەڵ

بوونی ئەو هێزانە، عەشقی ئاراب گواستراوەتەوە بۆ مەکتەبی سیاسی و ئەرکی پاسەوانی بەشی پاراستنی شۆڕشی پێسپێردراوە کە مەسعود بارزانی بەرپرسی بووە و تا ساڵی ١٩٧٤ لەوێ دەبێت و دواتر کراوە بە فەرماندەی بەتالیۆنی یەک.



ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا. سەرەتا لە کۆمەڵگای ڕەبەت لە ناوچەی سەردەشت بووە و دواتر چووەتە نەغەدە و بووەتە پاسەوانی ماڵی بارزانی و دوای چوونی بارزانی بۆ کەرەج، ئەویشیان گواستۆتەوە بۆ ساوە. ساڵی ١٩٧٩ پێوەندی بە شۆڕشی گوڵانەوە کردوە و گەڕاوەتەوە بۆ زێوە و لەگەڵ دوکتۆر سەعید ئەحمەد نادر چووەتە هەرک، بێداو و کەتینە و لەوێ مەقەڕی هێزی بارزانیان داناوە و لە مەفرەزەی چەند کەسیدا بەشێوەی گەڕۆک زەبریان لە پێگەکانی ڕژێم وەشاندوە. دواتر بنکەکەیان گواستۆتەوە بۆ گوندی حەیات و گەلی بەردەڕەش و تا ساڵی ١٩٨٨ لەو ناوچانە بووە.

لەگەڵ ئەنفال و کیمیابارانی ناوچەی بادینان، عەشقی و پێشمەرگەکان گەڕاونەتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ساڵی ١٩٩١ لەگەڵ ڕاپەڕینی باشوری کوردستان لەگەڵ حەسۆ کانی لەنجی بە حاجی ئۆمەراندا هاتووە بۆ دیانا و لەوێوە چوونەتە کۆڕی. ساڵی ١٩٩٢ گەڕاوەتەوە ناوچەی مێرگەسور و ئێستا لە فەرماندەی فەرماندەیی لەشکری کوردستاندا لە بارزان بە پلەی عەقید درێژە بە خەبات دەدات.

عەشقی ئاراب بادین بەشداریی دەیان شەڕی کردوە و چوار جار لە شەڕەکانی چیای بەرزێوە لە ناوچەی باڵەک ١٩٦٤، چیای پیران ١٩٨٤، چیای وەرتێ و دەربی ١٩٩٥ و ڕەواندز ١٩٩٥ بریندار بووە. باوک و برایەکی بەناوی خانۆ، ساڵی ١٩٣٧ لە شەڕی چیای بێداون شەهید بوون، برایەکی تریشی کە بەناوی خانۆ کرابوو، ساڵی ١٩٨٨ لە پشت گوندی کەکلە لە ناوچەی مێرگەسور

شەهید بووە و کوڕێکێشی بەناوی عومەر کاتی ئاوارەیی لە ساوە بە ڕووداوی ئوتۆمبیل گیانی لەدەست داوە.

عەشقی ئاراب بادین بەهۆی خزمەتەکانیەوە لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا لە ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٥ میدالیای بارزانی وەرگرتوە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (زۆر خۆشحاڵ بووم و هیوادارم دەسەلاتی بارزانی بەردەوام بێت و حکومەتی کوردی دامەزرێنێ کە میللەتی ئێمە لە چەوسانەوە ڕزگاری بێت.)

## حەمەد میرحەمەد فەتاح



حەمەد میرحەمەد فەتاح ناسراو بە "خەمەد" گۆڕەتوو ساڵی ١٩٤٩ لە گۆڕەتوو سەر بە قەزای مێرگەسور لەدایک بووە. ساڵی ١٩٧٢ چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلول. سەرەتا بەشیوەی هێزی بەرگری میللی لەگەڵ حەسۆ میرخان ژاژۆکی بووە و ساڵی ١٩٧٤ چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی هێزی کاوە کە حەسۆ فەرماندەیان بووە. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، ناوبراوە لە گوندی گۆڕەتوو ماوەتەوە و ساڵی ١٩٧٧ لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە گیراوە و بۆ ماوەی دوو ساڵ و چوار مانگ لە بەندیخانەکانی هەولێر، کەرکوک و ئەبوغەریب ڕاگیراوە و دواتر بە بەخشینی گشتی لە زیندان ئازاد کراوە.

دوای ئازادبوونی لە زیندان لە ساڵی ١٩٧٩دا گەڕاوەتەوە بۆ ڕیزی پێشمەرگەکانی شۆڕشی گوڵان و لە گەلی ڕەش لە ناوچەی حەیات لە هێزی بارزاندا بووە کە دوکتۆر سەعید ئەحمەد بەرپرسی بووە. حەمەد میرحەمەد فەتاح لە ماوەی پێشمەرگایەتیدا بەشداریی گەلێک شەڕی وەک شەڕی مێرگەسور ١٩٨٧/٦/١٧ بە شیوەی گەڕۆک، شەڕی خواکورک لە ١٩٨٨/٨/١٩ و شەڕی کۆڕێی لە ١٩٩١/٤/٧ کردوە و پێنج جار لە شەڕەکانی مێروز، شنۆ، مێرگەسور، کۆڕێ و خواکورک بریندار بووە.



مامی بەناوی حەدۆ فەتاح حەدۆ یەکێک بووە لە هەڤاڵانی بارزانی لە کۆماری کوردستان و یەکێتی سۆڤیەت و دوای گەڕانەوە لە سۆڤیەت ساڵی ١٩٦١ لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلولدا لە گوندی برەسەنان شەهید بووە. برایەکی بەناوی قۆرتاس میرحەمەد و ئامۆزایەکی بە ناوی عەبدولعەزیز فەتاح پێکەوە لە مانگی ٩ی ساڵی ١٩٧٧ ئیعدام کراون. ناوبراو هەتا ئێستا لە هێزی بارزاندا کە ناوی کراوە بە فەرماندەی فەرماندەیی لەشکری بارزان، بە پلەی لیوا درێژە بە ئەرکەکانی دەدات. ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٥ بەهۆی خزمەتەکانیەوە میدالیای بارزانی وەرگرتووە. لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (بە وەرگرتنی ئەو میدالیایە زۆر خۆشحاڵ بووم و هیوای زیاترم بۆ سەرکەوتنی کورد و ڕێبازی بارزانی نەمر هەیە.)

## دەروێش ئیسماعیل محەمەد



دەروێش ئیسماعیل محەمەد ناسراو بە دەروێش سەفتی دانیشتووی قەزای خەبات سەربە پارێزگای هەولێر،ساڵی ١٩٤٢ لە ئاکرێ لەدایک بووە و ساڵی ١٩٦١ چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی قوڵی سەفتیان لە بەرواری باڵا کە خالید مستەفا سەفتی بەرپرسی بووە. ساڵی ١٩٦٩ محەمەد ئیسماعیلی برای لە ناحیەی "مەرێبا"ی سەربە شێخان شەهید بووە و دەرویش جێی ئەوی گرتەوە و کرا بە فەرماندەی قوڵی ئاکرێ و شێخان کە حەسۆ میرخان فەرماندەی هێزی بوو.

دوای ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی ١٩٧٥دا، دەروێش ئیسماعیل بۆ ماوەی نزیک بە سێ مانگ لە کۆمەڵگای زێوە بووە و دواتر کە ڕژێمی شای ئێران ئەو کۆمەڵگایەی کۆکردەوە، ناوبراو گواستراوەتەوە بۆ تەورێز. بەشداریی شۆڕشی گوڵانی کردوە و یەکێک بووە لە بەشدارانی کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکرات لە ساڵی ١٩٧٩ و لە ساڵی ١٩٨٢دا فەرماندەی بەتالیۆن بووە و لەگەڵ ئیدریس بارزانی و ٢٥ پێشمەرگە گەڕاوەتەوە بۆ باشوری کوردستان و لە "کەتینە" نزیک بە قەزای مێرگەسور و بۆ ماوەی هەشت مانگ لەو ناوچەیەدا جەولەی کردوە و دواتر گەڕاوەتەوە بۆ ڕاژان و وەک خۆی دەڵێت لە ساڵی ١٩٨٢وە تا ساڵی ١٩٩١ بەرپرسی پاسەوانەکانی سەربە مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکرات بووە لە ڕاژان. ساڵی ١٩٩١ لەگەڵ مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی لە "قاسمەڕەش"ەوە چووەتە ڕانیە و دیانا و لەوێوە لەگەڵ حەسۆ میرخان چووەتە ئاکرێ و لەلای مولازم بابەکر بەدرخان زێباری ماوەتەوە و لە ناوچەی بەردەڕەش، بەشداریی شەڕی دووبەردانی کردوە و لەوێ ئامۆزایەکی بەناوی

جبرئیل سفتی شەهید بووە. دوای ئازاد بوونی کوردستان لە ساڵی ١٩٩١دا، بۆ ماوەیەک هاوکاریی بەرەی کوردستانی کردوە و بە دوای ئەودا کراوە بە فەرماندەی فەوجی پاسەوانەکانی سەرۆکی پارتی و ئێستا ئەندامی دەزگای باڵای ئەیلولە لە شەقڵاوە.



دەرویش ئیسماعیل محەمەد لە ڕەوتی خەباتی پێشمەرگایەتیدا، بەشداریی شەڕەکانی شووش و شەرمن لە قەزای ئاکرێ، شەڕی پێگەی سەری ئاکرێ، سەری ئەلقوش، شەری ئەتروش و شەڕی خۆرتودەکانی لە قەزای شێخان و چەندان شەڕی تری کردوە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

**- (ڕۆژی ١٩٦٩/٨/١٨ سوپای عێراق بە هاوکاریی جاشەکان پەلاماری گوندی خۆرتودەکانی دا و من بریندار بووم. لەو شەڕەدا ٧٤ ژن و منداڵی خەڵکی گوندەکەیان لە ئەشکەوتی ....دا سوتاند کە هاوسەر و چوار لە منداڵەکانی من و هاوسەری محەمەد ئیسماعیلی برام کە پێشتر خۆی شەهید ببوو، یەکێک لە شەهیدەکانی ئەو شەڕە بوون.)**

دەرویش ئیسماعیل محەمەد ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٥ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا، بەهۆی خزمەتکردنی بە کورد و کوردستان و ڕێبازی بارزانی، میدالیای بارزانی پێدراوە، سەبارەت بە وەرگرتنی ئەو میداڵە دەڵێت:

**- (وەرگرتنی میدالیای بارزانی نەمر بۆمن جێگەی فەخر و شانازییە. ئەو ڕۆژەی کە شەرەفی وەرگرتنی میدالیای بارزانیم وەرگرت، وەک ئەوە بوو کە تازە لە دایک بووم و هەموو زەحمەتەکانی ساڵانی پێشمەرگایەتیم لەبیر کرد.)**

## خالید تەها عەلی



خالید تەها عەلی ساڵی ١٩٤٥ لە دهۆک لە دایک بووە. ڕۆژی ١٩٦٢/٤/٤ لە ئامێدی چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی قوڵی یەکی لەشکری یەک کە ئەسعەد خۆشەوی فەرماندەی بووە و ڕەشید سەعید ئاغای دۆسکی لە بەرواری باڵا سەرقوڵی بووە. لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٣دا لەگەڵ قوڵەکەی هاتووە بۆ ناوچەی دهۆک و لەو ساڵەدا چوون بۆ سەری ئاکرێ و دواتر گەڕاونەتەوە بۆ پشت گەلی دهۆک و لە گوندی خورنیف بەشداری شەڕی گەلی دهۆکیان کردوە. ساڵی ١٩٧٠ کە ڕێککەوتنی ١١ی ئازار واژۆ کرا، کراوەتە بەرپرسی سەندیکای شۆفیران و ساڵی ١٩٧١ بووەتە سکرتێری سندیکای کریکارانی دهۆک. ساڵی ١٩٧٢ لەگەڵ شێخ لەتیف لە سلێمانی و سێ کەسی تر کە عێراقی بوون، بۆ بینینی خولێکی ٤٠ ڕۆژەی کرێکاریی ڕەوانەی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات کراوە.

ساڵی ١٩٧٤ کە ڕژێمی عیراق بە دژی گەلی کورد دەستی بەشەڕ کردەوە، خالید تەها عەلی بە نوێنەرایەتی لەشکری یەکی بادینان لە کۆگای بارەگای پارتی لە حاجی ئۆمەران بەرپرسی ڕەوانە کردنی چەک و تەقەمەنی و ئەرزاق بووە بۆ لقی یەک لە ئامێدی، دهۆک و زاخۆ. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، نابراو چووەتە نەغەدە و لەوێوە لەگەڵ ئەسعەد خۆشەوی چووەتە کەرەج. لەم بارەتەوە دەڵێت:

- (بە دوای کۆچی دوایی ئەسعەد خۆشەویدا لە ١٩٧٧/٦/١، من بووم بە شۆفیری بارهەڵگر و لەژێر فەرمانی ئیدریس بارزانیدا پێشمەرگەکانم بە سنوری باکوری کوردستاندا ڕەوانەی لای دوکتۆر کەمال کەرکوکی، وریا سەعادەتی، ئازاد خەفاف، مولازم یونس، عەبدولڕەحمان عەلی دەکرد. ساڵی ١٩٧٨ لەگەڵ سەرۆک بارزانی گەڕامەوە بۆ ناوچەی نێروە و لە گوندی نێروەی خواروو بووین و دوای کۆچی دوایی کاک ئیدریس گەڕاینەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی

کوردستان. ساڵی ١٩٨٠ کە بێڕێزییان بە جەنازەی سەرۆک مستەفا بارزانی کرد، جەنازەکەمان لە شنۆوە هێنایە هەلەج و دواتر لەگەڵ مەسعود بارزانی و عەلی خەلیل خۆشەوی چووم بۆ پیرانشار و لە ڕاژان و کەوپەڕ، بەرپرسی ئیداری مەکتەبی سەرۆک بارزانی بووم.)




خالید تەها عەلی ساڵی ١٩٨٩ چووەتە نەمسا و لەوێ بووەتە پەنابەر و تا ساڵی ١٩٩٨ لەوێ بەشداریی چالاکییەکانی ڕێکخراوی پارتی دیموکراتی بە سەرۆکایەتی دوکتۆر پیرۆت ئەحمەد ئیبراهیم کردوە. ساڵی ١٩٩٩ گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان و کراوە بە بەرپرسی لەشکری بەرخۆدان لە سپیلک و تا ساڵی ٢٠٠٥ لەو ئەرکەیدا بەردەوام بووە و لەو ساڵەدا خانەنشین کراوە. خالید تەها بەشداریی گەلیک شەڕی قورسی وەک شەڕی مەتینا ناوچەی لە زاخۆ و گەلی دهۆکی کردوە. ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٥ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا، بەهۆی خزمەتەکانیەوە میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (وەرگرتنی میدالیای بارزانی ئەوپەڕی خۆشی بوو بۆ من و من بە شەرەفێکی گەورەی بۆخۆم دەزانم.)


## سادق ئەحمەد سادق سلێمان



سادق ئەحمەد سادق سلێمان ناسراو بە سادق گەلناسکی، ساڵی ١٩٤١ لە گوندی گەلناسک لە ناحیەی مانگێشک سەربە پارێزگای دهۆک لەدایک بووە. ساڵی ١٩٦١ لە گوندەکەیان چەکی هەڵگرتووە و چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی هێزی دووی دهۆک کە عەلی خەلیل بەرپرسی بووە. ساڵی ١٩٦٣- ١٩٧٠ سەرقۆڵی هێزی دووەم بووە و دواتر کراوە بە فەرماندەی سێری. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، سادق ئەحمەد چووەتە گوندی "هەدریش" لە ناوچەی جۆڵەمێرگ لە باکوری کوردستان و تا ساڵی ١٩٧٦ و هەڵگیرسانی شۆڕشی گوڵان لەوێ ماوەتەوە و لەو ساڵەدا گەڕاوەتەوە ڕیزی پێشمەرگەکان و بە مەفرەزە سەردانی ناوچەی گولی و بەرواری باڵای کردوە. بەشداریی یەکەم شەڕی شۆڕشی گوڵانی لە گوندی "کورکا" لە ناوچەی گولییان کردوە و لەو شەڕەدا لاقی ڕاستەی بریندار بووە و ڕەوانەی سوریا کراوە. لەم بارەیەوە دەڵێت: **(لە یەکەم شەڕی شۆڕشی گوڵان لە ناوچەی گولیدا لە کورکا لاقی ڕاستەم بریندار بوو و جەوهەر نامیق منی نارد بۆ قامیشلو. غازی زێباری بەرپرسی پێوەندییەکانی پارتی بوو لە قامیشلو، نابراو منی گەیاندە شام و لەوێ دەرمانیان کردم.)**

سادق گەلناسکی تا ساڵی ١٩٧٧ لەژێر چاودێری پزیشکاندا بووە و دواتر گەڕاوەتەوە لای پێشمەرگەکان. ساڵی ١٩٧٩ بەشداریی کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکراتی کردوە. بەدوای کۆنگرەی نۆیەمدا گەڕاوەتەوە دەشتی بەرازگر و ویستویەتی بپەڕێتەوە ناوچەی گەوەڕ کە توشی هاوسەر و منداڵەکانی دەبێت، بەڵام خۆی لەلایەن ژاندارمەکانی تورکەوە دەگیرێ و بۆ

ماوەی ١٤ مانگ لە زیندانی جۆڵەمێرگ و ئامەددا ڕایەگرن. دوای ئازاد بوونی لە زیندان گەڕاوەتەوە لای هاوسەر و منداڵەکانی و ساڵی ١٩٨٢ بە بنەماڵەوە چووەتە ناوچەی "گەوەڕۆک" لە باشوری کوردستان و کراوە بە ئەندامی لیژنەی دهۆک.



ساڵی ١٩٨٨ کە ناوچەی بادینان ئەنفال و کیمیاباران کرا، سادق ئەحمەد لەگەڵ پێشمەرگەکان و بەشێک لە خەڵکی ناوچەکە، خۆیان گەیاندۆتەوە باکوری کوردستان و چووەتە کەمپی پەنابەران لە شاری ماردین. ساڵی ١٩٩١، بەدوای ڕاپەڕینی خەڵکی باشوری کوردستان گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەی دهۆک و کراوە بە فەرماندەی هێزی ١٣ی ناوچەی دهۆک و دواتر لە هێزی ١٣دا، پلەی لیوای دراوەتێ و کراوە بە فەرماندەی لیوا و تا ساڵی ٢٠٠٤ لەوێ ماوەتەوە. ناوبرا جگەلە شەڕی "کورکا"، دوو جاری تریش لە شەڕی گوندی "شاوریک" لە ناوچەی دۆسکی و شەڕی زۆزک بریندار بووە و ڕۆژی ٢٠١٣/١٢/١٦ بەهۆی خەبات و تێکۆشانی پێشمەرگایەتی میدالیای بارزانی پێبەخشراوە. لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (بە ڕادەیەکی زۆر خۆشحاڵ بووم کە میدالیای سەرۆک مستەفا بارزانیم لە دەستی سەرۆک مەسعود بارزانی وەرگرت. هەستم کرد وەڵامی خزمەتەکانی من درایەوە و بە خۆشییەوە خزمەتەکانم بە کورد و کوردستان و ڕێبازی سەرۆک مستەفا بارزانی بەفیرۆ نەچوو.)

## شوان میرخان بادین دۆری



شوان میرخان بادین دۆری ساڵی ١٩٤٥ لە گوندی دۆری لە ناوچەی بارزان سەربە قەزای مێرگەسور لەدایک بووە. کوڕی میرخان دۆری یەکێک لە پێشمەرگەکانی شۆڕشی ١٩٣٢یە کە لەو ساڵەدا لە شەڕی "واژێ" سەربە قەزای مێرگەسور بریندار بووە و دواتر بەشداریی شۆڕشی ١٩٤٣- ١٩٤٥ و شەڕەکانی شانەدەر، شێروانی مەزن و "خێرۆزۆک" لە ١٩٤٣/١٠/١٢ کردوە. یەکێک بووە لە هەڤاڵانی بارزانی لە کۆماری کوردستان و لە بەرەی شەڕی سەقز، لە قاراوا بووە. دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان لە شەڕەکانی ناوچەی شنۆ بووە و ڕۆژی ١٩٤٧/٣/٢٥ لە بەرەی شەڕی مەرگەوەڕ شەهید بووە. هەروەها یەکێک لە براکانی بەناوی مەلا میرخان لەگەڵ بارزانی چووەتە ڕوسیا.

شوان میرخان ساڵی ١٩٦٢ چەکی هەڵگرتووە و لەگەڵ پێشمەرگەکانی حەسۆ میرخان دۆڵەمەری کەوتووە و دواتر چووەتە لای غەزالی ژاژۆکی و لەوێ بەشداریی شەڕەکانی "شووش و شەرمن" لە ١٩٦٢، سەری ئاکرێ لە ساڵی ١٩٦٣ی کردوە. لەو ساڵەدا لەگەڵ بارزانی پەڕیوەتەوە بۆ ناوچەی سۆران و تا ساڵی ١٩٦٤ لەگەڵ تاهیری عوزێر ئاغای زراری بووە. لەو ساڵەدا کە وتووێژی نێوان حکومەتی عێراق و شۆڕش شکانی بەسەردا هات و شەڕ دەستیپێکردوە، وەک شوان میرخان دەڵێت بە فەرمانی بارزانی بۆ ئەوەی کە زیان بەخەڵک نەگات، لە ڕانیەدا شەڕ نەکراوە و لەوێ پاشەکشەیان کردوە و چوونەتە بالیسان و لەگەڵ بەتالیۆنی عەلی شەعبان کەوتوون.




شوان میرخان بەشداری شەڕی سەری سەفینی کردوە کە بۆ ماوەی نزیک بە شەش مانگ بەردەوام بووە. هەروەها لە شەڕەکانی سیساوێ، سپیلک، خەلیفان، دۆڵی هیران و نازەنیندا بەشدری کردوە و دوژمنیان لەو ناوچانەدا شکاندوە و وەک خۆی دەڵێت تا ساڵی ١٩٦٨ لەو ناوچە پڕلە شەڕ و ئالۆزەدا بووە و لەو ساڵەدا گواستراوەتەوە بۆ بارەگای بارزانی لە قەسرێ و دیلمان.

ساڵی ١٩٦٩ سوپای عێراق ناچەی پشدەر داگیر دەکات و بە فەرمانی بارزانی حەفتا پێشمەرگەی فیدایی دەچن پێگەی "ماخوبزن" لە ناوچەی سەنگەسەر بگرن کە شوان میرخان یەکێک بووە لەو پێشمەرگە فیداییانە و لەم بارەیەوە دەڵێت: **(چووین و دەستمان بەسەر پێگەکەدا گرت، ژمارەیەکی زۆر لە دوژمن کوژران و ژمارەیەکیان ڕایانکرد و زیاتر لە ١٨٠ کەلاکی دوژمن لەوێ بەجێما و ناوچەکەمان لە دوژمن پاککردەوە. ئەوانەی مابوون، ڕایانکردە سەنگەسەر. لەو شەڕەدا، عومەر ئاغای دۆڵەمەری، ڕەشید ئیسۆمەری و میرخان قۆرتاس بێدارونی فەرماندەی ئێمە بوون و ئێمە دوو پێشمەرگەمان بریندار بوون.)**

دوای ڕاوەستانی شەڕ و واژۆ کردنی ڕێککەوتنی ١١ی ئازاری ١٩٧٠، شوان میرخان کراوە بە فەرماندەی بەتالیۆن و بەرپرسایەتی کۆگاکانی چەک و تەقەمەنی شۆڕشی لە حاجی ئۆمەران پێسپێردراوە. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، چووەتە زێوە و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ کەرەج و لە شارۆچکەی شهریار لە نێوان تاران و کەرەج بووە. ساڵی ١٩٧٩ پێوەندی بە شۆڕشی گوڵانەوە کردوە و چووەتە زێوە و ساڵی ١٩٨٠ بەشێوەی مەفرەزەی گەڕۆک خەباتی کردوە و لەگەڵ نزیک بە ١٠٠ پێشمەرگە لەگەڵ ئیدریس بارزانی و شێخ محەمەد خالید چووەتە کەتینە و بۆ ماوەی شەش مانگ لەوێ بووە.

ساڵی ١٩٨١ لە لۆلان مەقەڕیان داناوە و لە مەفرەزەی چەند کەسیدا لە ناوچەکانی بارزان، مێرگەسور و گۆڕەتوودا دەستیان لە دوژمن وەشاندوە. ساڵی ١٩٨٨، شوان میرخان بادین بەشداریی شەڕی خواکورکی کردوە کە لە مێژوودا بە داستانی خواکورک دەناسرێت. لەو شەڕەدا سەرەتا پێشمەرگەکان شکاون، بەڵام دواتر بەسەر دوژمندا زاڵ بوون و لە ئەنجامدا، دوژمن ناوچەی بادینانی ئەنفال و کیمیاباران کرد. لەگەڵ ئەو کیمیابارانەدا شوان میرخان لەگەڵ پێشمەرگەکان و بەشێک لە خەڵکی ناوچەکە ڕوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەنەوە. ساڵی ١٩٩١ بە دوای ڕاپەڕینی خەڵکی باشوردا، شوان گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەی بارزان، ساڵی ١٩٩٤ کە سوپای بارزان دامەزرا، ناوبرا گواستراوەتەوە بۆ ئەو سوپایە و ئێستا بە پلەی عەقید لە فەرماندەی فەرماندەیی لەشکری بارزاندا درێژە بە خەبات دەدات.

شوان میرخان سێ جار لە شەڕەکانی دۆڵی ئالانە لە ناحیەی خەلیفان ساڵی ١٩٦٥، ناوچەی پشدەر لە قەڵادزێ ساڵی ١٩٦٩ و ناوچەی بارزان لە ساڵی ١٩٨٢دا بریندار بووە و دوو خوارزاشی بە ناوی سلێمان کەریم حەدۆ لە ساڵی ١٩٨١ و مستەفا شەکر مستەفا لە ساڵی ١٩٩٥ شەهید بوون. ناوبراو بەهۆی خزمەتەکانی بە کورد و کوردستان و ڕێبازی بارزانی ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٥، لە کۆنگرەی ١٣ی پارتیدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

**- (بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی لە دەست مەسعود بارزانی زۆر خۆشحاڵ بووم و ئاواتمە کورد یەک بگرێ و بە مافەکانی بگات و لەو هەموو شەڕ و چەوسانەوەیە ڕزگاری بێت.)**

## ئەحمەد مەلا سوار عومەر



ئەحمەد مەلا سوار عومەر ساڵی ١٩٤١ لە گوندی ماڵەسوار لە قەزای مێرگەسور لەدایک بووە. ساڵی ١٩٦٢ چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی هێزی عومەر ئاغای دۆڵەمەری لە سەری ئاکرێ. کوڕی مەلا سوار عومەرە و باوکی ڕۆژی ١٩٤٥/٩/٢٥، لە شۆڕشی ١٩٤٣- ١٩٤٥دا، لە شەڕی مەیدان مۆریک شەهید بووە. ئەحمەد مەلا ساڵی ١٩٦٣ بەشداریی شەڕی مەزنی سەری ئاکرێ و بەری نزار و ملی بلە و بارزانی کردوە کە بارزانییەکان لەو شەڕەدا سەدان شەهید و نزیکەی ٣٥٠ بریندارییان هەبووە. دوای شکانی سوپای عێراق لەو شەڕەدا و پاشەکشەکردنی بۆ گوندی ڕێزان و وتووێژی نێوان حکومەت و بارزانی، ئەحمەد مەلا سوار عومەر لەگەڵ هێزی تایبەتی سەربە بارزانی پەڕیوەتەوە بۆ ناوچەی سۆران و بەشداریی شەڕەکانی ناوچەی باڵەکایەتی کردوە. بەدوای واژۆ کردنی ڕێککەوتنی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ مەقەڕیان لە هاودیان لەنێوان مێرگەسور و سۆران داناوە. ساڵی ١٩٧٤ کە شەڕی حکومەت بە دژی کورد دەستی پێکردەوە، لە بەرەی شەڕی سپیلکدا سەرپەل بووە. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، لە گوندی ماڵەسوار ماوەتەوە و ساڵی ١٩٨٠ گەڕاوەتەوە ڕیزی پێشمەرگەکانی شۆڕشی گوڵان و لە گوندی حەیات لە دەشتی بەرازگر، فەرماندەی مەفرەزەی گەڕۆک بووە. لە بۆسەیەکدا کە ڕۆژی ١٩٨١/٥/٣١ بۆ سوپای عێراقیان داناوە، بەتوندی بریندار بووە و گواستراوەتەوە بۆ ئێران و لەوێ نەشتەرگەرییان کردوە.

دوای ساڕێژ بوونی برینەکەی، ئەحمەد مەلا سوار عومەر گەڕاوەتەوە بۆ هێزی بارزان و لەوێ کراوە بە جێگری دوکتۆر سەعید ئەحمەد نادر و ساڵی ١٩٨٧ بە گوێرەی ڕێکخستنی نوێی پارتی دیموکرات، کراوە بە بەرپرسی ڕێکخراوی کاروخ و ساڵی ١٩٨٨ لە شەڕی کاروخدا بەشدار بووە. لە ئەنفال و

کیمیابارانی ناوچەی بادینانددا، لەگەڵ پێشمەرگەکان و بەشێک لە خەڵکی ناوچەکە، پەنای بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان بردوە و ساڵی ١٩٨٩ کراوە بە بەرپرسی پاسەوانەکانی مەکتەبی سیاسی پارتی لە ڕاژان. ساڵی ١٩٩١، بە گوێرەی پرۆگرامی داڕێژراوی پارتی دیموکرات و بەرەی کوردستانی سەبارەت بە ڕاپەڕین لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی بەشداری ڕاپەڕینی خەڵکی سلێمانی کردوە. لە دژە هێرشی عێراقدا بۆ سەر ناوچە ڕزگارکراوەکان کە لە ١٩٩١/٣/٢٨دا ئەنجامی گرت، ناوبراو کراوە بە فەرماندەی پێشمەرگەکانی دەربەندی بازیان لەنێوان سلێمانی و چەمچەماڵدا. ساڵی ١٩٩٢ گەڕاوەتەوە بۆ هێزی بارزان و کراوە بە فەرماندەی هێز و ساڵێ ١٩٩٣ ئەرکی فەرماندەی فەوجی سێیەمی لەشکری تایبەتی پێسپێردراوە و ساڵی ١٩٩٤ لەگەڵ فەوجەکەی کراوە بە پاسەوانی مەکتەبی سەرۆک. ساڵی ١٩٩٥ لە دەشتی هەولێر




برینددار بووە و دواتر لە ساڵی ٢٠٠٩دا توشی نەخۆشی شێرپەنجە بوو. ناوبراو لە درێژەی خەبات و چالاکییەکانیدا، جگەلە شەڕی سەری ئاکرێ، ساڵی ١٩٦٣ بەشداریی شەڕەکانی پیرخات، ساڵی ١٩٧٤ شەڕی سپیلک، ساڵی ١٩٨١ شەڕەکانی مێرگەسور و گۆڕەتوو و شەڕی باوەی کردوە. ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٥، لە کۆنگرەی سێزدەیەمی پارتی دیموکراتدا، بەهۆی خەبات و چالاکییەکانی، میدالیای بارزانی پێدراوە و ڕۆژی ٢٠١٢/٤/٤ بە نەخۆشی شێرپەنجە کۆچی دوایی کردوە. لەم بارەیەوە بە وتەی یوسف ئەحمەد مەلا سواری کوڕی، باوکی بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی زۆر خۆشحاڵ بووە و میدالیاکەی بە بیرهێنەرەوەی ژیانی خۆی دەزانی و شانازیی پێوە کردوە.

# عاسیمە ڕەسوڵ حەمەد



عاسیمە ڕەسوڵ حەمەد ساڵی ١٩٤٣ لە ناحیەی میرزا ڕۆستەم لە بناری کۆسرەت لە ناوچەی دوکان لەدایک بووە. ساڵی ١٩٦١ لە خوێندنی ناوەندیدا لە ڕانیە چووەتە ڕیزی یەکێتی قوتابیانی کوردستان. ڕۆژی ١٩٦٥/١/١ لەگەڵ وسو حەمەد وسو دزەیی هاوسەرگیری کردوە و وەک پێشمەرگەیەک لە مەیدانەکانی شەڕدا هاوکاریی پێشمەرگەکانی کردوە. وسو دەزەیی هاوسەری یەکێک بوو لە سەرکردە سەربازییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بە یەکێک لە پاڵەوانەکانی شەڕەکانی کێوەڕەش لە "ماخووبزنان"، دۆڵی شەهیدان، بناری مامەندە، هەڵشۆ، هەندرێن، زۆزک، گەرووی عومەرئاغا، ناوچەی پشدەر، ناوچەی مەرگە و هەکاری دەناسرێت. ئیدریس بارزانی لە نامەیەکیدا بۆ مەسعود بارزانی کە ئەویش لە لاپەڕەی ٢١٨ کتێبی "بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا بڵاوی کردۆتەوە، سەبارەت بە مام وسو دزەیی دەڵێت:

- (بەهۆی ئەو زیانە گەورەوە کەوا لە پێشمەرگە کەوتبوو، ناچار بوون زۆزک چۆڵ بکەن، ئا لەوکاتەدا کە ئەوان زۆزکیان چۆڵ دەکرد، هێزەکانی مام وسو گەیشتنەجێ و چوونە پاڵ ئەوانەی داکۆکیان لە چیاکە دەکرد و هێرشێکی بەرامبەریان برد و توانیان بەو هێرشە چیاکە لە دوژمن بستێننەوە. ئەگەر مام وسو پاش ئەم کارە مەزنە مەردانەیەی بەجێی هێنا، گرانبەهاترین شتمی لێ داوا بکردمایە کە گیانمە، دەستم بەڕوویەوە نەدەنا و دەمدایە.)



بە دوای ڕێککەوتنی ساڵی ١٩٧٠، وسو دزەیی کراوە بە پاسەوانی سنوری قەڵادزێ، بەڵام ساڵی ١٩٧٤ کە شەڕی حکومەت بە دژی کورد دەستی پێکرایەوە، پێنج منداڵی لە گوندی مەرگە و کانی توو بۆ عاسیمە بەجێهێشتووە و خۆی بەشداریی شەڕەکانی ناوچەی ڕەواندزی کردوە. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، عاسیمە و مام وسو دەچن بۆ بێورانی سەروو لە ناوچەی سەردەشت و لەوێوە دەیانبەن بۆ کۆمەڵگای ڕەبەت و لەوێشەوە دەگوازرێنەوە بۆ جهرم و هەمەدان.

ساڵی ١٩٧٦، مام وسو لە پێوەندی لەگەڵ ئیدریس بارزانیدا هەوڵی ڕێکخستنەوەی پێشمەرگەکانی پارتی دەدات. لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٧دا ساواک دەیگرێ بۆ ماوەی دوو مانگ لە هەمەدان زیندانی دەکات و عاسیمە لەگەڵ منداڵەکانی دەمێنێتەوە و ئەم جارەیان گوشار دەخاتە سەر عاسیمە کە کوردە پەنابەرەکانی باشور هاتووچۆی ماڵەکەیان نەکەن. ساڵی ١٩٧٩، بە دوای ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی لە ئێران، مام وسو لە هەمەدانەوە دەچێت بۆ ڕاژان کە بەشداریی کۆنگرەی نۆیەمی پارتی بکات، دوای کۆنگرە، عاسیمە و منداڵەکانی لە هەمەدانەوە دەگەیەنێتە نەغەدە و بۆ خۆی لەگەڵ پێشمەرگەکان بە مەفرەزە دەگەڕێتەوە بۆ باشوری کوردستان و سەرلەنوێ عاسیمە و منداڵەکانی بەتەنیا دەمێننەوە و کاتێک دەبینێ ئەرسەلان، خانزاد، پشتیوان و ئەردەڵان واتە منداڵەکانی لە خوێندنگەی نەغەدە فێری زمانی فارسی دەکەن، خۆی لە ماڵەوە بۆیان دەبێتە مامۆستا و هاوکات لەگەڵ خوێندنی زمانی فارسی، لە ماڵەوە منداڵەکانی فێری خوێندنی زمانی کوردی دەکات.

ساڵی ١٩٨٥ مام وسو بەهۆی زەختی ژیانی پێشمەرگایەتی و ئاوارەیی عاسیمە و منداڵەکانی توشی جەڵتەی مێشک دەبێت، بەڵام دوای ماوەیەک دەرمان، تا ڕادەیەک تەندروستی بۆ دەگەڕێتەوە. لەو ماوەیەدا عاسیمە سەرەڕای بەخێو کردنی منداڵەکانی، خزمەتی هاوسەرەکەشی دەکات. ساڵی ١٩٨٦ سەرلەنوێ مام وسو توشی جەڵتە دەبێتەوە و ئیتر لە پێ دەکەوێ و

عاسیمە خزمەتی دەکات. شەوێ ٢١- ١٩٨٩/٢/٢٢ مام وسو بە سێیەم جەڵتە کە ئەم جارەیان جەڵتەی دڵ دەبێت، دڵی لە لێدان دەکەوێ. عاسیمە بەدوای کۆچی دوایی هاوسەرەکەیدا، خاوەنی دە منداڵ بووە کە هەموویان بە شێوەیەکی شایستە گەورە دەکات و ئەرسەلان بۆ یارمەتیکردن بە دایکی کرێکاریی دەکات.

عاسیمە تا ڕۆژی ١٩٩١/٦/١١ لەگەڵ منداڵەکانی لە نەغەدە دەمێنێتەوە و چونکە سێ لە کوڕەکانی لە ڕیزی پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتدا دەبن، ئەویش خۆی بۆ ڕاناگیری و دەگەڕێتەوە بۆ باشوری کوردستان و لە چوارقوڕنە نیشتەجێ دەبێت و لە پلەی ئەندامێکی پارتیدا بەشداریی کۆبوونەوەکانی ڕێکخراوی پارتی لە ڕانیە و چوارقوڕنە دەکات. دوو کوڕی ساوای عاسیمە بە ناوەکانی محەمەد و ئاریان لە ساڵی ١٩٦٦ و ١٩٧٤دا بە دەنگی فڕۆکە بۆمبهاوێژەکانی عێراق لە ناوچەکانی ماخووبزنان و بەری مەرگە گیانیان لەدەست داوە. برایەکی بەناوی عومەر ڕەسوڵ خانزاد بەهۆی کارگەرییەکانی کیمیاباران لە ساڵی ١٩٨٧دا لە چوار قوڕنە کۆچی دوایی کردوە. ناوبراو بە بۆنەی خزمەتەکانی بە کورد و کوردستان و ڕێبازی بارزانی نەمر، ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٥ لە کۆنگرەی سێزدەیەمی پارتیدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە. لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (زۆر خۆشحاڵ بووم بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی و دانی میدالیا بە من وەک پێشمەرگەیەک ڕێزدانانی سەرۆک بارزانی و سەرکردایەتی پارتی دەگەیەنێ بە خزمەتکارانی کورد و هیوادارم هەموو پێشمەرگە کۆنەکان میدالیا وەربگرن.)


## دوکتۆر شەوکەت یەعقوب بازید



دوکتۆر شەوکەت یەعقوب بازید ناسراو بە شەوکەت بامەرنی ساڵی ١٩٤٧ لە ناوچەی مزوری لە قەزای دهۆک لە دایک بووە. ساڵی ١٩٦٢ تێکەڵاوی کاری سیاسی بووە و ساڵی ١٩٦٣ تا ساڵی ١٩٦٥ بەتاوانی خەباتی سیاسی گیراوە و لە بەندیخانەی موسڵ زیندانی بووە. ساڵی ١٩٧٢ لە زانکۆی ئەبوغەریب بڕوانامەی پزیشکی ئاژەڵی وەرگرتووە. دوای کۆتایی زانکۆ بە سەرباز گیراوە و بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لە سوپای عێراقدا سەرباز بووە کە ڕۆژی ١٩٧٢/٧/٧ ڕایکردوە و چووەتە ڕیزی پارتی دیموکراتی کوردستان و شۆڕشی ئەیلوولەوە. ناوبراو بە ڕاسپاردەی سەرۆک مستەفا بارزانی بنکەیەکی تەندروستی بەیتاڵی لە چۆمان کردۆتەوە و لەم بارەیەوە دەڵێت: (ڕۆژی ١٩٧٢/٧/٧ چوومە ڕیزی شۆڕشی ئەیلولەوە. لە چۆمان بە خزمەت سەرۆک بارزانی گەیشتم، گوتم دوکتۆر بەیتاڵم ، زۆری پێخۆشبوو، گوتی: "دایرەیەکی بەیتاڵی لە چۆمان بکەوە و دوکتۆرەکانی‌تریش لەلای خۆت کۆبکەوە و پێداویستییەکانتان وەک دەرمان و شتی تر بۆ دابین دەکەم." ئەوە بوو لەسەر ئەمری سەرۆک مستەفا بارزانی لەگەڵ دۆکتۆر خەسرەو شاڵی، دوکتۆر جەلال محەمەد کەریم، دوکتۆر خەسرەو گوڵ محەمەد، دوکتۆر ئیبراهیم مستەفا بەرزەنجی، دوکتۆر مەلوان نامق، دوکتۆر موحسین محەمەدئەمین، دوکتۆر عەبدولڕەحمان محەمەد حەسەن، دوکتۆر عەباس عەبدعەلی، دوکتۆر جەلال عەبدولڕەحمان، دوکتۆر لەتیف بەرزەنجی، دوکتۆر ئیسماعیل محەمەدئەمین، دوکتۆر ئەنیس شاکر و دوکتۆر وەهاب، لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی سامانی ئاژەڵ لە چۆمان، بنکەیەکی تەندروستیمان بۆ ئاژەڵان کردەوە. دواتر بە دانانی خولی پەروەردەیی ٢٦ پسپۆڕمان لە بواری خزمەتکردن بە تەندروستیی ئاژەڵ پەروەردە کرد و لە ناوچەکانی

**هەولێر، سلێمانی، دهۆک، سماقوولی، سەنگاو، قەڵادزێ، مانگیش، باتیس و ڕایات، بنکەی بەیتاڵیمان دانا و خزمەتی دانیشتوانی ناوچەکەمان کرد.)**

دوکتۆر شەوکەت بامەرنی تا ساڵی ۱۹۷۵ و ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول درێژەی بەو ئەرکەی خۆی داوە. دوای ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی ۱۹۷۵، چووەتە کۆمەڵگای "ڕەبەت" لە ناوچەی سەردەشت و لەوێ کراوە بە بەرپرسی کاروباری پەنابەرانی ئەو کۆمەڵگایە و بە هاوکاریی ڕێکخراوی خاچی سوری نێودەوڵەتی "شێروخورشید" و دەزگا پێوەندییدارەکانی ڕژێمی ئێران، کاروبار و گیروگرفتی پەنابەرەکانی چارەسەر کردوە. لە ڕەبەتەوە چووەتە نەغەدە و لە بنکەی دامپزیشکی نەغەدە کاری کردوە و وەک بۆخۆی دەڵێت بە گۆڕانی سیاسەتی ڕژێمی شا سەبارەت بە پەنابەرانی کوردی باشور، بۆ قەزوین دوریان خستۆتەوە. دوای ماوەیەک لە بنکەی کشت و سەنعەتی برایانی جاف "سالار و سەردار" کاری کردوە. دوای ڕوخانی ڕژێمی پاشایەتی لە ئێران لە ساڵی ۱۹۷۹دا، بە ڕاسپاردەی ئیدریس بارزانی چووەتە کەرەج و کراوە بە ئەندامی بەرپرسی لقی ۸ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئێران و ئەرکی بەشی کوردە پەنابەرەکانی باشوری لە ئەستۆ گرتووە. ناوبراو دەربارەی کارکردنی لەگەڵ ئیدریس بارزانی و هەڵسوکەوتەکانی لە بەڕێوەبردنی ئەرکی پەنابەران و پێوەندییەکانی لەگەڵ کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئێران، دەڵێت:



**- (من لەسەر ئەمری ئیدریس بارزانی، لە ساڵی ۱۹۷۹وە بەرپرس بووم لە چارەسەر کردنی کێشە و گرفتی کوردە ئاوارەکانی باشوری کوردستان کە هاتبوونە ئێران. بەم بۆنەیەوە بۆ ماوەیەکی درێژ لەگەڵ کاک ئیدریس بارزانی ئیشم کردوە. دەبێ بڵێم کاک ئیدریس سەرکردەیەکی زۆر بە ئەزمون، نەرم و ئیشکەر بوو. ئەوکاتانەی کە خەڵکێکی زۆر دەهاتنەلای و هەرکامەیان کێشە و گرفتێکیان هەبوو، پێمدەگوت ئیزن بدە من لەگەڵ بەشێکیان قسە**

بکەم، دەیگوت: "تا دوکتۆر وازیان لێبێنە، چونکە ئەگەر من لەگەڵیان دانیشم و تەنانەت گرفتەکەشیان چارەسەر نەکەم، بە دیتنی من مورتاح دەبن، ئەوانە هەموویان بۆ کورد ئاوارە بوون و زەحمەتی زۆریان کێشاوە." وەڵاهی ڕۆژی وا هەبوو لە کەرەج ٣٠ تا ٤٠ کەسی دەبینی و لەگەڵیان دادەنیشت و گوێی بۆ ڕادەگرتن و تەنانەت خۆی بە بەردەوامی لەگەڵیان دەچوو بۆ ئیدارەکانی ئێران و کارەکانی بۆ جێبەجێ دەکردن. کەسێکی زۆر بە سەبر و تەحەمول بوو، قەت تووڕە نەدەبوو، من ١٦ ساڵ ئیشم لەگەڵ کرد، زۆر کار هەبوو کە من دەمتوانی بۆ پەنابەرانی ئەنجام بدەم، بەڵام ئەو دەیگوت: "پێمخۆشە خۆم کارەکانیان بۆ بکەم." لەگەڵ خەڵک نەرم و لەسەرەخۆ بوو، سۆزێکی زۆری بۆ ئیشی خەڵک هەبوو، لە بواری کوردایەتییەوە، مێژووی ڕوون بوو، زۆری زەحمەت دەکێشا و زۆر بە ئیمان و ئیشکەر و کراوە بوو. ئەم وانەیەی لە مەلا مستەفا وەرگرتبوو کە خزمەتکاری خەڵک و نەتەوەکەی بێت و بەبێ پشودان و سڵکردن کاریان بۆ بکات. هەندێک جار دوو سێ قەڵەمی لە گیرفاندا بوو، ڕۆژێک پرسیم، بۆچی ئەو هەموو قەڵەمە لە گیرفان دەخەی؟ گوتی: "بۆ ئەوەی کە ئەگەر یەکێک لەوانە ئیشی نەکرد، بە ئەوی تریان ئیش بکەم و لە کاتی نوسیندا بەشوێن قەڵەم پەیدا کردن نەکەوم." لە ماوەیەدا بیرەوەری زۆرم لە کاک ئیدریس بارزانی هەیە، هەرلە دیدارەکانی لەگەڵ بەرپرسانی ئێرانی تا دەگاتە پێوەندیی لەگەڵ ئاوارەکان. بۆ یەک جاریش نەمبینی تەنازول بۆ بەرپرسێکی ئێرانی بکات، زۆر قایم و بە بڕیار لەگەڵیان دادەنیشت و بینیومە کاتی تووڕە بوونی لە بەرپرسانی ئێرانی، ئامادە نەدەبوو، تەنانەت نانیان لەگەڵ بخوات. زۆرجار بەمنی دەگوت کاتی قسەکردن وشیار بە، کە قسەیەکت لای ئەوانە کرد، لە قسەکەت پەشیمان نەبییەوە، زۆر خاوەن ڕەیی بوو، بەڵام ئەگەر ڕووبەڕووی موشکلەیەکی گرنگ دەبۆوە، پێوەندی بە قیادەی حیزبەوە دەگرت و بۆ چارەسەرکردنی بڕیاری بۆ وەردەگرت و لەسەر ڕەیی خۆی پێیدانەدەگرت.)

دوکتۆر شەوکەت بامەڕنی یەکێک بووە لە بەشدارانی کۆنفرانسی پشتیوانانی گەلی عێراق کە لە ڕۆژانی ١٩٨٦/١٢/٢٤-١٩٨٦/١٢/٢٨ لە هۆتێل لالەی تاران پێکهات و لەودا ئیدریس بارزانی بە نوێنەرایەتی لەلایەن ڕێکخراوەکانی باشوری کوردستان وتارێک پێشکەش دەکات. دوکتۆر شەوکەت دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ گەڕاوەتەوە بۆ باشوری کوردستان و بۆ ماوەیەک

بەرپرسی مەکتەبی ڕاگەیاندنی پێوەندییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە لە دهۆک. ناوبراو ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٥ لە کۆنگرەی سێزدەیەمی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە. لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (بە ڕاستی بۆمن وەک خەونێک بوو کە ئەو میدالیایە وەربگرم. هەرچەندە، هەرچی لە توانامدا هەبووە لە سەردەمی مێرمنداڵییەوە بۆ خزمەت کردن بە کورد و کوردستان و سەرخستنی ڕێبازی پیرۆزی بارزانی کردومە. بەم بۆنەیەوە زۆر خۆشحاڵ و سەربلندم و پێمخۆشە هەمیشە میدالیاکە بە سنگەمەوە لەبەرچاو بێت.)

## حاجی میرخان ئەحمەد



حاجی میرخان ئەحمەد ساڵی ١٩٤٠ لە گوندی خەردن لە ناوچەی دۆڵەمەری سەر بە قەزای مێرگەسور لە دایک بووە. ساڵی ١٩٤٥ لەگەڵ حەسۆ میرخان دۆڵەمەری برای و ئەندامانی بنەماڵەکەی و هێزەکانی بارزانی ڕوویان لە ڕۆژهەلاتی کوردستان کردوە. حەسۆ میرخان یەکێک بووە لە فەرماندەکانی هێزی بارزان لە کۆماری کوردستاندا و لە بەرەی سەقز بووە و بەشداریی شەڕی قاراوای کردوە. ساڵی ١٩٤٧ بە دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان، حەسۆ میرخان بەشداریی شەڕەکانی دەشتی شنۆی کردوە و دواتر لەگەڵ بارزانی و هەڤالانی چووەتە یەکێتی سۆڤیەت. لە گەڕانەوەی شێخ ئەحمەد و ژن و منداڵ، پیر و بەساڵداچووە بارزانییەکاندا، حاجی میرخانیش کە تەمەنی حەوت ساڵ بووە، لەگەڵ دایک و باوکی کە پیر و بەساڵداچوو بوون، گەڕاوەتەوە بۆ باشوری کوردستان. بۆ ماوەیەک لەگەڵ شێخ ئەحمەد و بارزانییەکانی تر لە دیانا لە شوێنێک ڕاگیران کە بە تێلدڕک دەوریان گرتبوو. دواتر باوکی بەهۆی پیری ئازاد کراوە و گەڕاونەتەوە گوندەکەیان.

دوای کودەتای ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ و گەڕانەوەی بارزانی بۆ عێراق، حەسۆ میرخانیش ساڵی ١٩٥٩ لەگەڵ هەڤالانی گەڕاوەتەوە بۆ عێراق و حاجی میرخان و بنەماڵەکەی لە هەولێر پێشوازییان لێ کردوە. لەوکاتەدا حاجی میرخان بەهۆی هەڕەشەی عەشیرەتەکانی دەوروبەری بارزان چەکی پێبووە و لەم بارەیەوە حاجی میرخان دەڵێت: **(دوای گەڕانەوەی حەسۆ میرخان، من بەهۆی هەڕەشەی عەشیرەتەکانی دەوروبەری بارزان، ڕۆژی ١٩٥٩/٥/١ بۆ بەرگری کردن لە بارزان چەکم هەڵگرت و لەگەڵ میرە عەبدولڕەحمان شیرۆکی کەوتم.)**

ڕۆژی ١٩٦١/٩/١١ کە بارزانی شۆڕشی ئەیلولی ڕاگەیاند، حاجی میرخان یەکێک بووە لەو پێشمەرگانەی کە بە سەرۆکایەتی حەسۆ میرخان و سلێمانی برای لەگەڵ بارزانی کەوتووە و چووەتە بادینان و لەوێ بەشداریی شەڕەکانی پردی بلبل، لۆمانا، دەشتی سلیڤان لە ١٩٦١/١١/٢٣ و گەلی زاویتە لە ١٩٦١/١٢/١٢ و شەڕی سەرسەنگی کردوە. دوای پاکبوونەوەی ناوچەی بادینان لە هێزەکانی دوژمن کە حەسۆ میرخان دۆڵەمەری لە ڕێکخستنی نوێی بارزانیدا کراوە بە فەرماندەی ناوچەی ئاکرێ و شێخان، حاجی لەوێ لەلای حەسۆی برای ماوەتەوە و لەم بارەیەوە دەڵێت:



**- (دوای پاککردنەوەی سەرسەنگ و زاویتە، زستانمان بەسەردا هات و ناچار بووین بکشێینەوە بۆ سنوری باکوری کوردستان و سەرلەنوێ لە کۆتایی مانگی دووەمدا گەڕاینەوە بۆ ناوچەی بادینان لە ڕێکخستنی نوێدا کە بارزانی پێکیهێنا، ڕۆژی ١٩٦٢/٣/٢١، بارزانی لەگەڵ هێزێکی تایبەت پەڕییەوە ناوچەی سۆران و من لەگەڵ حەسۆ میرخان لە ناوچەی ئاکرێ و شێخان مامەوە.)**

ڕۆژی ١٩٦٢/٧/٧ سلێمان میرخانی برای حاجی لە پشت "بەعەدر" شەهید بووە، حاجی میرخان جێی ئەوی گرتۆتەوە و کراوە بە سەرقۆڵی ناوچەی سەرسەنگ. ساڵی ١٩٦٣ سوپای عێراق بە هێزێکی زۆرەوە بۆ گرتنی بارزانی بە سەری چیای ئاکرێ و پیرس و سپیلکدا هێرشی هێنا، حاجی لە شەڕی شەرمن و سەری ئاکرێ بوو. دوای شکانی دوژمن لە ملی بلە "بلێ" و پاشەکشە کردنی بۆ گوندی ڕێزان و دەستپێکردنی وتووێژ لەنێوان بارزانی و حکومەتی عێراقدا، ناوبراو لە ڕێکخستنی نوێی پارتیدا لە ئەرکی سەرقۆڵدا دەگەڕێتەوە بۆ هێزی ئاکرێ و شێخان. لەم بارەیەوە دەڵێت: **- (ساڵی ١٩٦٨ خالید ئاغای حیسامی بە نوێنەرایەتی بارزانی سەردانی هێزی ئاکرێ و شێخانی کرد و چوار بەتالیۆنی لە ساڵح نەرمۆ لە ناوچەی شێخان، تەیمور عەبدال لە مرێبا، یوسف عەلی لە سپینداری و حاجی میرخان لە ناوچەی نەهلە لە قەزای**

ئاکرێ پێکهێنا و من فەرماندەی بەتالیۆنی سێیەم بووم و تا ساڵی ١٩٧٠ لەو بەتالیۆنەدا مامەوە.)

لە سەرەتای ساڵی ١٩٧١ فەوجی نۆیەمی پاسەوانی سنوری شێخان پێکدێت. حەسۆ میرخان دەکرێت بە فەرماندەی ئەو فەوجە و حاجی میرخان دەبێت بە جێگری. ساڵی ١٩٧٤ کە شەڕی حکومەت بە دژی شۆڕشی ئەیلول هەڵگیرسایەوە، سەرلەنوێ بەتالیۆنی سێیەم پێکدێتەوە و ناوبراو دەگەڕێتەوە سەر بەرپرسایەتی پێشووی لە شێخان. لەم بارەیەوە دەڵێت: (لەو ساڵەدا بە بەردەوامیی لەو ناوچەیەدا شەڕ هەبوو.)

دوای ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی ١٩٧٥، حاجی میرخان دەچێ بۆ کۆمەڵگای زێوە، بەڵام دوای کۆکردنەوەی ئەو کۆمەڵگایە لەلایەن حکومەتی ئێران، گواستراوەتەوە بۆ مەشهەد. لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (بەرلە چوونم بۆ مەشهەد، ئیدریس بارزانی هاتە لای کاک حەسۆ لە زێوە و پێکەوە باسیان لە سەرهەڵدانەوەی شۆڕش و گەڕاندنەوەی پێشمەرگە کرد بۆ باشوری کوردستان.)

بەم بۆنەیەوە وەک خۆی دەڵێت لە مەشهەد دەستی کردوە بە خەباتی نهێنی حیزب، بۆ ڕێکخستنەوەی پێشمەرگەکان و لەم بارەوە دەڵێت: (زیاتر لە هەزار پەنابەر لە ناوچەی خۆراسان بوون. من بە نهێنی کاری حیزبیم دەکرد. ساواک بە خەبا تی نهێنی ئێمەی زانی و زۆر بەتوندی هەڕەشەی لێکردین و چەند جار ئێمەیان بردە ساواک و هەڕەشەیان لە کاک حەسۆ کرد و نەیاندەویست ئێمە تێکەڵاوی کاری سیاسی ببینەوە، بەڵام کاک حەسۆ پێی گوتن: "من خزمەتی نەتەوەکەم دەکەم و لە کاری سیاسی بۆ نەتەوەکەم پاشگەز نابمەوە." ساڵی ١٩٧٥ هێشتا شێخ بابۆ کۆچی دوایی نەکردبوو کە کاک حەسۆ منی بە قاچاخ ناردە کەرەج تا بە خزمەت بارزانی بگەم و ڕاپۆرتی کارەکانی ناوچەی مەشهەدی پێڕابگەیەنم. من لەوێ بە خزمەت بارزانی و کاک ئیدریس گەیشتم و دۆخی ئاوارەکانی ناوچەی مەشهەدم پێڕاگەیاندن و دواتر گەڕامەوە بۆ مەشهەد. دوای گەڕانەوەم ساواک دەستگیری کردم و نزیکەی مانگێک لە زینداندا ڕایانگرتم و دواتر بە ڕاسپاردەی بارزانی لە زیندان ئازاد کرام.)

ساڵی ١٩٧٦، حەسۆ میرخان بە فەرمانی بارزانی لە کەرەج نیشتەجێ دەبێت و حاجی میرخانیش لە ١٩٧٨/٢/١٣ کە باری ئەمنی ئێران بە

خۆپێشـاندانەکان تێکـدەچێ، دەچێـت بـۆ تەورێـز و سـاڵی ١٩٨٠ لەسـەر ڕاسـپاردەی ئیـدریس بـارزانی چـووەتە ورمـێ و لەوێ نیشـتەجێ بـووە. منداڵەکانی لە ورمێ داناوە و خۆی لەگەڵ دوکتۆر سەعید ئەحمەد نادر بە هێـزێکەوە گەڕاوەتەوە بـۆ نـاوچەی برادۆسـت و مێرگەسـور و بـارزان. دوای ماوەیەک سەرلەنوێ دەچێتەوە بۆ زێوە و هاوکاری قاتعی حەسۆ میرخان دەکات و لەوێ کراوە بە بەرپرسی ڕێکخراوی سورداش کە سەربە مەکتەبی سیاسی بووە. ساڵی ١٩٨٨، حاجی میرخان ئەحمەد بەشداریی شەڕی گەورەی خواکـورکی کـردوە و بە دوای ئەو شـەڕەدا کە نـاوچەی بادینـان ئەنفـال و کیمیاباران کرا، ناوبراو گەڕاوەتەوە بۆ زێوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕۆژی ١٩٩١/٣/١٣ لەگەڵ ڕێکخراوی سورداش گەڕاوەتەوە بۆ بێخمە و ساڵی ١٩٩٢ کراوە بە ئەندامی فەرماندەی هێزی بارزان. ساڵی ٢٠٠٠ کە دەزگای ئەیلول دامەزرا ئەرکی ئەندامی باڵای دەزگای ئەیلول و بەرپرسی دەزگای ئەیلولی لە سۆران و مێرگەسور پێسپێردراوە. ئێستا بە بە پلەی عەقید خانەنشینە، بەڵام لە ئەرکەکەیدا بەردەوامە. برایەکی بەناوی سلێمان و دوو مـام و ئـامۆزایەکی لە سـەردەمی کۆمـاری کوردسـتاندا بە نەخۆشـی تایفۆئید کۆچی دواییـان کـردوە و یەکێک لە ئامۆزاکـانی بەنـاوی عەبدوڵا حەسـەن سـاڵی ١٩٨٣ لە قوشتەپە وەبەر ئەنفـالی بارزانییەکـان کەوتـووە. حـاجی میرخـان ئەحـمەد بەشـداریی کۆنگرەکـانی ١١، ١٢ و ١٣ی پـارتی دیموکراتی کردوە و ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٥ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە. لەم بارەیەوە دەڵێت:

- **(میدالیای بارزانی لەکن من زۆر گەورەیە. ئەو زەحمەتانەی بینیومانە لەگەڵ ئەو هەمووە شەهید و ئاوارەییەی کە بەسەرمان هاتووە، لە هەمووان بەرزترە و جێی شانازییە.)**

## حاجی خدر عومەر عەزیز



حاجی خدر عومەر عەزیز ناسراو بە حاجی خدر ساڵی ١٩٥٦ لە گوندی بێغەبار لە ناوچەی باتیفا سەربە قەزای زاخۆ لەدایک بووە. ساڵی ١٩٧٤ چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی بەتالیۆنی چواری شەهید حەجی قادر "قەدۆ" لە زاخۆ کە عیسا سوار فەرماندەی بووە. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، ناوبراو لە ناوچەکەی خۆیدا مایەوە و بە سەرهەڵدانی شۆڕشی گوڵان لەگەڵ مەفرەزەی مەحۆ گەودا کەوتووە و تا ساڵی ١٩٨٣ بەشداریی کردوە لە گەلێک شەڕدا. ساڵی ١٩٧٨ بەشداریی شەڕەکانی ئالوک و سەرتەنگی کردوە و ڕۆژی ١٩٨٧/١/١٤دا لەو شەڕەدا بریندار بووە.

ساڵی ١٩٨٣ کراوە بە بەرپرسی ڕێکخراوی خەبات لە ناوچەی زاخۆ و ساڵی ١٩٨٣ لە چیای قەندیل لە شەڕی کەتینەدا بەشدار بووە و ڕۆژی ١٩٨٣/٩/٢٢ بۆ جاری دووەم بریندار بووە. ساڵی ١٩٨٤ سوپای عێراق هێرشی کردوەتە سەر لیژنەی زاخۆ و ناوبراو شان بە شانی پێشمەرگەکان لیژنە بەرگری کردوە و ڕۆژی ١٩٨٤/٩/١ بۆ جاری سێیەم بە سەختی بریندار بووەتەوە. دوای ساڕێژ بوونی برینەکەی سەرلەنوێ گەڕاوەتەوە ڕیزی پێشمەرگەکان کەچی ڕۆژی ١٩٨٧/١٢/٢٦ بۆ جاری چوارەم لە شەڕی پێگەی گوندی "ئاڤگەنیێ" بریندار بووە.

ساڵی ١٩٨٨ بە دوای ئەنفال و کیمیابارانی ناوچەی بادینانـدا چووەتە باکوری کوردستان و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ کەمپی پەنابەرانی ئامەد.



ساڵی ١٩٩١ بە دوای سەرهەڵدانی خەڵکی باشوری کوردستان، گەڕاوەتەوە بۆ ڕیزی پێشمەرگەکان و کراوە بە بەرپرسی کەرتی بێرسیڤ و ساڵی ١٩٩٢ کە هێزەکانی پارتی دیموکرات لە ناوچەی زاخۆ ڕێکخرانەوە، کراوە بە فەرماندەی لەشکری یەکی زاخۆ. لە مانگی دەی ئەو ساڵەدا کە پ.ک.ک بڕیاری شەڕکردنی بە دژی حکومەت و پەرلەمانی کوردستان ڕاگەیاند، ناوبراو دووجاری تریش لە ١٩٩٢/١٠/١٢ و ١٩٩٢/١١/٢٨ لە ناوچەی زاخۆ و سەرێ دێرێ بریندار بووەتەوە. بەگشتی شەش جار بریندار بووە کە چوار جارەکەی تر بەم جۆرە بووە: شەڕی قەندیل ١٩٨٣/٩/١٠، شەڕی هارینا لە ١٩٨٤/٩/١، شەڕی گوندی ئاڤگەنی ١٩٨٧/١٢/٢٦، شەڕی هەولێر لە ساڵی ١٩٩٦دا.

ساڵی ١٩٩٤ کراوە بە فەرماندەی فەوج و ساڵی ١٩٩٦ لە شەڕی ناوخۆدا لە پشت کۆمەڵگای شاوەیس بریندار بووە. وەک ناوبراو بۆخۆی دەڵێت لە ماوەی پێشمەرگایەتیدا بەشداریی ١٤٠ کەمین، هێرش، بەرگریی کردنی لە شەڕەکانی کوردستاندا کردوە کە هەندێکیان درێژخایەن بوون. ئێستا بە پلەی عەمید فەرماندەی هێزە لە سوپای یەکی شنگاردا. حاجی خدر عومەر عەزیز ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٥ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە. لەم بارەیەوە دەڵێت: (**سەربڵندم بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی و بە گەورەترین شانازیی ژیانی خۆمی دەزانم و خۆشترین ڕۆژی من لە ژیانمدا ئەوکاتە بوو کە سەرۆک بارزانی میدالیای بارزانی بە سنگی منەوە کرد.**)

## عەبدولڕەحمان ڕەسوڵ حاجی خەلیل



عەبدولڕەحمان ڕەسوڵ حاجی خەلیل ناسراو بە " ئەبو شڤان" ساڵی ١٩٥٤ لە زاخۆ لەدایک بووە. لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٠دا چووەتە ڕیزی پارتی دیموکرات و ساڵی ١٩٧٢ کە هێزی شنگار پێکهاتووە، چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی ئەو هێزە کە مەلا حوسێن مارەنی فەرماندەی بووە. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، عەبدولڕەحمان ڕەسوڵ چووەتە گوندی "بانکێ" و لەگەڵ کۆمەڵێک پێشمەرگە بە ناوەکانی: عەلی قادۆ، حاجی حاجۆ، محەمەدئەمین حاجۆ، حەجی سمایلی باسێ کۆبوونەتەوە و بڕیاریانداوە هەرکەس دەچێت بۆ ئێران یان دەگەڕێتەوە بۆ عێراق خۆی سەرپشک بێت، بەڵام ئەو لەوێ ماوەتەوە. لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (کاتێک حکومەت هات، من تفەنگ و ڕەخت و فیشەکەکانم لەلای قادر قەدۆ دانا و من گەڕامەوە بۆ زاخۆ. ساڵی ١٩٧٦ کە سەرکردایەتی کاتی پێکهات، شەهید عومەر یوسف "عەمەر لەعلێ" و هاشم ڕەمەزان "ئەبو عەنتەر کۆمەڵێکیان بەیان و فەرمانی حیزبی بۆ ئێمە نارد و ئێمە لە زاخۆ و موسڵ بڵاومان کردەوە. دەمانچەیەکی ڕەقەم حەوتم بەدەست خست و لە نزیک مزگەوتی حاجی برایم تەقەم لە پاسەوانەکان کرد. ساڵی ١٩٨١ یەکێک لە هەڤاڵانی ئێمە بەناوی سمایل عوسمان ئاشکرابوو. حکومەت لەو ساڵەدا کەسێکی بە ناوی سمایل کە نانەواخانەی هەبوو لە جیاتی سمایل عوسمان "سمایل پشو" گرت و ئێمە ڕامانکرد و چووین بۆ "کۆماتە" کە لیژنەی ناوچەی زاخۆی لێبوو.)




ساڵی ١٩٨٢ لیژنەی دهۆک ڕێکخراوی سەربازیی ڕەنجبەرانی پێکهێناوە. عەبدولڕەحمان ڕەسوڵ حاجی خەلیل گواستراوەتەوە بۆ ئەو ڕێکخراوە کە عەلی قادۆ جێگری بوو. ناوبراو لەو ڕێکخراوەیەدا کراوە بە فەرماندەی مەفرەزەی شەهید دلۆڤان کە مەفرەزەیەکی گەڕۆکی دەستوەشێن بووە و زیانی قورسیان بە دوژمن گەیاندوە. لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (ئەوکاتە چەکمان کەم بوو و من دە چەکم لەسەر ئەرکی خۆم بۆ مەفرەزەی شەهید دلۆڤان کڕی و لە ساڵێکدا نزیکەی ٣٥ عەمەلیاتمان کرد و لە بەرامبەردا تەنیا پێشمەرگەیەکمان بریندار بووە.)

ڕۆژی ١٩٨٣/١١/٣٠، عەبدولڕەحمان ڕەسوڵ لەگەڵ ١٣ پێشمەرگە بۆ عەمەلیاتی سەربازیی دەچێت بۆ دەهۆک کە لەو عەمەلیاتەدا لەگەڵ هونەرمەند حەسەن عەلی خەنجەر، ڕێبەر تەها مەحمود بەرواری دەگیرێ و دوای شەش مانگ مانەوەیان لە زیندان، دادگایی دەکرێن و حوکمی زیندانی هەمیشەییان بەسەردا دەسەپێنن و ڕەوانەی زیندانی ئەبوغەریب دەکرێن، بەڵام دوای مانەوەی نزیک بە پێنج ساڵ لە زینداندا و ئەنفال و کیمیابارانی کوردستان، ڕۆژی ١٩٨٨/٩/١٤ ئازادیان دەکەن. دوای ئازادبوونی لە زیندان لەگەڵ محەمەد عەلی ئەغمیر، ستار خالید و یوسف محەمەد ئەغمیر بۆ ماوەی حەوت مانگ پێشمەرگە دەبن کە ڕاپەڕینی ١٩٩١ دەستی پێکرد و لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (ساڵی ١٩٩١ کە سەرهەڵدان لە ئاکرێ دەستی پێکرد، ئێمە پێشمەرگەکان لە هەرچوار سوچی ئاکرێوە چووین و قەڵای ئاکرێ و لێوای ئاکرێمان چەککرد، دوژمن ڕایکرد و هەموو چەکەکانی بەجێهێشت. لەو عەمەلیاتەدا من فەرماندەی بەشی باشوری ئاکرێ بووم. لەوێوە لەگەڵ ئەو سێ کەسەی کە پێشتر ئاماژەم بۆ ناوەکانیان کرد بەرەو زاخۆ هاتین کە لە دۆمیز تەقەیان لێمان کرد و یوسف محەمەد ئەغمیر بریندار بوو. کە گەیشتینە زاخۆ، خوێندنگەی بەدرخانمان کرد بە بارەگای پارتی و زاخۆمان خستە ژێر

کۆنترۆڵی پارتی و من بووم بە بەرپرسی لیژنەی ئەمنی زاخۆ و ئەندامی بەرەی کوردستانی.)

ساڵی ١٩٩٢ لە ڕێکخستنی نوێی پارتیدا لە زاخۆ عەبدولڕەحمان ڕەسوڵ دەکرێ بە فەرماندەی هێزی بەرخۆدان و دواتر ئەرکی جێگری لیژنەی سەربازیی دەدرێتێ. ساڵی ١٩٩٧ دەکرێ بە فەرماندەی شەڕی پارتیزانی زاخۆ و سێمێل. ناوبراو شەش جار لە شەڕەکاندا بریندار بوو و ئێستا کەمئەندامە و لاقی ڕاستەی لەسەروی چۆکییەوە بڕاوەتەوە. پلەی لیوای هەیە و ئەندامی دەستەی باڵای زیندانییە سیاسییەکانی کوردستانە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (لە کۆنگرەی یەکەمی ئەو دەستەیەدا کە ڕۆژی ٢٠٠٢/١١/١٧ پێکهات لە نێوان ٣٠٠ ئەندامی بەشدار لە کۆنگرەکەدا، دەنگی یەکەمم هێناوەتەوە.)

عەبدولڕەحمان ڕەسوڵ حاجی خەلیل ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٥، لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (پیرۆزترین شت بووە لای من کە بارزانی بگاتە قەناعەتێک کە من قوتابی بارزانی و خزمەتکاری کورد و کوردستانم. زۆر خۆشحاڵم بە وەرگرتنی ئەو میدالیایە و هیوای من ئەوەیە، هەموو قوتابیانی ڕێبازی بارزانی دڵسۆزی ڕێگەکەیان بن.)

# فەوزی حوسێن ئەسعەد



فەوزی حوسێن ئەسعەد ناسراو بە فەوزی ئازاد ساڵی ١٩٤٣ لە گوندی جرنا لە ناوچەی قامشلوو لە ڕۆژئاوای کوردستان لەدایک بووە، ساڵی ١٩٦٦ خوێندنی دواناوەندیی لە قامیشلوو تەواو کردووە و وەک خۆی دەڵێت ماوەیەک بەرلە تەواوکردنی خوێندن، ڕژێمی سوریا یاسای دابەشکردنی زەوی لە هەرێمی باکوری کوردستان، بە تایبەتی بۆ ناوچەی قامیشلوو پەسەند کرد و بەو یاسایە زیاتر لە ١٠٠ هەزار کوردی ڕۆژئاوای لە هاووڵاتی بوونی سوریا بێبەش کرد. ئەو زوڵمەی ڕژێمی سوریا، هاندەر بووە کە فەوزی بیرلە بەجێهێشتنی ڕۆژئاوای کوردستان بکاتەوە، لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (پەسەند کردنی ئەو یاسایە لەلایەن ڕژێمی سوریاوە، هانیدام کە دوای تەواوکردنی خوێندنی دواناوەندیی سوریا بەجێهێڵم. بەم بڕیارە، ساڵی ١٩٦٦ ڕووم لە باکوری کوردستان کرد. لەوی بە یارمەتی موسا عەنتەر "نوسەر و شاعیری باکوری کوردستان- نوسەر" کە یەکێک بوو لە ئەندامانی بنەماڵەکەم، لە ئەستەمبووڵەوە بە قاچاخ چووم بۆ فەڕەنسا. لەوێ بەهۆی کامەران بەدرخانەوە لەگەڵ هەڤاڵانی پارتی دیموکرات نزیکایەتیم پەیدا کرد و ساڵی ١٩٦٧ لە پاریس چووم لە ڕیزی پارتی دیموکراتەوە. پاش نۆ مانگ ژیان لە پاریس، بە داخوازی لقی ٦ی پارتی، چووم بۆ برلینی ڕۆژهەڵات و دواتر بە پشتگیریی لقی ٦ی پارتی دیموکرات، بۆ درێژەدان بە خوێندن، چووم بۆ بولغارستان. هاوکات لەگەڵ خوێندن لە سوفیا، هاوکاریی دوکتۆر جەمال ڕەشید و کەریم ئەتروشی و چەند هەڤاڵی تری پارتیم کرد و ڕێکخستنەکانی پارتیمان لە بولغارستان نۆژەن کردەوە.)



ساڵی ١٩٧٤، فەوزی حوسێن ئەسعەد لەو بەشی زمان و ئەدەبیاتی فەڕەنسی ماجستەری وەرگرتووە و هەرلە ساڵەدا، بۆ بەشداریی کردن لە کۆنفرانسی لقی ٦ی پارتی دیموکرات چووەتە برلینی ڕۆژهەڵات و دواتر گەڕاوەتەوە بۆ بولغارستان. دوای ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی ١٩٧٥دا، لەسەر داوای تارق ئاکرەیی کە بەرپرسی لقی ٦ی پارتی دیموکرات بووە لە ئەوروپا، سەرلەنوێ گەڕاوەتەوە بۆ برلینی ڕۆژهەڵات و بە نوێنەرایەتی پارتی دیموکرات بەشداریی کردوە لە کۆنگرەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا KSSE دا. لەو کۆنگرەیەدا، دوکتۆر ڕۆژ نوری شاوەیس بە سکرتێر، فەوزی حوسێن بە جێگری سکرتێر و محەمەد ساڵح جومعە بە ئەندامی کارگێر و بەرپرسی ئابووریی کۆمەڵە هەڵبژێردراون.

ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول و جیابوونەوەی باڵی جەلال تاڵەبانی لە پارتی دیموکرات، کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردی لە ئەوروپا هەڵوەشاند، بە جۆرێک لایەنگرانی هەریەک لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان، حیزبی شیوعی عێراق و پارتی سۆسیالیستی کوردستان کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد KSSE یان بەجێهێشت و خۆیان کۆمەڵەیەکیان بەناوی خۆیان دامەزراند، بەڵام KSSE لە دەست لایەنگرانی پارتیدا مایەوە. لەم بارەیەوە فەوزی حوسێن دەڵێت:

**- (دوای ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول، مام جەلال هات بۆ برلین و ئەندامانی لایەنگریی خۆی لە KSSE جیاکردوە و کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان AKSA یان پێکهێنا.)**

فەوزی حوسێن ئەسعەد یەکێک بووە لە بەشدارانی کۆنفرانسی ١١-١٩٧٦/٨/١٦ی لقی ٦ پارتی دیموکرات لە برلین کە بە بەشداری ٨٠ خوێندکار و سەرپەرشتی نوری شاوەیس و سامی عەبدولڕەحمان بەمەبەستی

هەڵسەنگاندنی شۆڕشی ئەیلول و ڕێکخستنەوەی پارتی دیموکرات پێکهات. لەو کۆنفرانسەدا بڕیاردراوە پارتی دیموکرات بەشێوازێکی نوێ و پێشکەوتوخواز و بە پشتبەستن بە ڕێبازی سەرۆک مستەفا بارزانی ڕێکبخرێتەوە و سەرکردایەتی پارتی بە بەشداریی کردنی حەوت ئەندامی بەشدار لە کۆنفرانسەکەدا بەهێز بکرێت کە ڕاسپاردەکانی کۆنفرانسی برلین، لە کونگرەی نۆیەمی پارتیدا کە ڕۆژی ٤- ١٩٧٩/١٢/٢٦ لە گوندی دەربەند لە ناوچەی مەرگەوەڕ لە پارێزگای ورمێ پێکهات، بۆ درێژەدان بە شۆڕش پەسەندکران. لەم بارەیەوە فەوزی حوسێن دەڵێت: **(کۆنفرانسی برلین بە کۆتا هات، مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکرات بەرلە پێکهێنانی کۆنگرە، بە کۆمەڵەی ڕاگەیاند کە دوکتۆر ڕۆژ نوری شاوەیس، محەمەد ساڵح جومعە و من فەوزی حوسێن بچین بۆ ئێران و بەشداریی بکەین لە کۆنگرەی نۆیەمدا. بەو بڕیارە، لە ئەڵمانیاوە چووم بۆ ئێران و چەند ڕۆژ لە کەرەج و ورمێ مامەوە، بەڵام چوونکە ڤیزای یەک مانگەی ئەڵمانیام هەبوو، بەرلە پێکهاتنی کۆنگرە ڤیزاکەم تەواو بوو و من نەمتوانی بەشداریی کۆنگرەی نۆیەمی پارتی بکەم و گەڕامەوە بۆ ئەڵمانیا.)**

لە کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکراتدا، دوکتۆر ڕۆژ نوری شاوەیس و محەمەد ساڵح جومعە دوو ئەندامی بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵەی خوێندکاران، بە ئەندامەتی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی دیموکرات هەڵبژێردراون و فەوزی حوسێن ئەسعەد بۆ ماوەیەک بەتەنیا لە بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵەدا ماوەتەوە و کۆمەڵەی خوێندکارانی بەڕێوەبردوە. هەروەک خۆی ئاماژەی بۆ دەکات، سەرئەنجام محەمەد ئەمین دەنەوی کە ئێستا بەرپرسی لقی پێنجی پارتییە لە بەغدا، قادر وەهاب و پیرۆت ئەحمەد ئیبراهیم لە ئۆرگانی بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵەدا جێیان گرتووە.

پێکهاتنی بەرەکانی جود، جوقد و بەرەی کوردستانی لە ساڵی ١٩٨٩دا کاری کردوەتە سەر نزیکبوونەوەی کوردەکانی دانیشتوی ئەوروپا و لە ئەنجامدا سەرەتا KSSE لە برلین کۆنگرەی یەکگرتنەوەی پێکهێنا و دواتر هەموو کۆمەڵەکانی خوێندکاران ساڵی ١٩٩١ بە بەشداریی دوکتۆر مەحمود عوسمان کۆنگرەیەکی هاوبەشیان بۆ یەکگرتنەوە لە شاری گراتس لە نەمسا پێکهێنا و یەکیان گرتەوە. لەم بارەیەوە فەوزی حوسێن ئەسعەد دەڵێت: **(هەموومان لە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد KSSE دا کۆبووینەوە. هەر شەش مانگەی**

نوێنەری حیزبێک سەرۆکایەتی کۆمەڵەی لە ئەستۆ گرت. شەش مانگەی یەکەم من سکرتێری کۆمەڵە بووم و شەش مانگەی دووەم کەسێک بە نازناوی شێخ عەلی لە حیزبی شیوعی و شەش مانگەی سێیەم عەبدولموهەیمن دەشتی لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان سکرتێری کۆمەڵە بوو.)

کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد تا ساڵی ١٩٩١ بەو شێوەیە کارەکانی بەڕێوەدەبات و فەوزی ئازادیش هاوکات لەگەڵ بەڕێوەبردنی ئەرکی حیزبی، لە بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵەدا بووە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (لەو ساڵەوە دۆخی یەکێتی سۆڤیەت و وڵاتە سۆسیالیستەکان گۆڕانی بەسەردا هات و هاوکات کاروباری کۆمەڵەی خوێندکارانیش بەرەو لاوازی چوو و سەرئەنجام بە دوای کۆنگرەی ساڵانەی کۆمەڵە لە ساڵی ١٩٩١دا، کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد KSSEش بەرە بەرە بێدەنگ بوو.)

لە کۆنفرانسی لقی ٦ی پارتی دیموکرات کە ساڵی ١٩٩٣ بەرلە کۆنگرەی ١١ی پارتی لە هولەندا پێکهات، هوشیار زێباری بە بەرپرس، ڕەمزی شەعبان بە ئەندامی کارگێڕ و بەرپرسی ڕێکخستن و فەوزی ئازاد بە ئەندامی کارگێڕی لقی ٦ی پارتی لە ئەوروپا هەڵدەبژێردراون. لە هەڵبژاردنی ٢٠٠٧/١١/٢٧دا، ناوبراو سەرلەنوێ بۆ ئەندامی کارگێڕی لقی شەش هەڵبژێردراوەتەوە و ئێستا هاوکاریی دڵشاد بارزانی بەرپرسی شەشەمی پارتی دیموکرات لە ئەوروپا دەکات کە ناوەندەکەی لە برلینە.

فەوزی حوسێن ئەسعەد ئەندامی بنەماڵەیەکی خەباتکار و لایەنگری شۆڕشی ئەیلول بووە. برایەکی بەناوی کازم حوسێن چەند جار لەلایەن ڕژێمی سوریاوە بە تاوانی یارمەتیدانی شۆڕشی ئەیلول دەستبەسەر و زیندانی کراوە و سەرئەنجام ناچارکراوە ڕۆژئاوای کوردستان بەجێهێڵێت و بچێ لە تورکیا نیشتەجێ بێت. فەوزی ئازاد بەهۆی خزمەتەکانی بە کورد و کوردستان و ڕێبازی سەرۆک مستەفا بارزانی ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٥ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا، میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (ئەو میدالیایە بۆ من بەرزترین خەڵاتە و ڕۆژی وەرگرتنی میدالیاکە خۆشەویست ترین ڕۆژی ژیانم بوو. من باوەڕم نەدەکرد کە ڕۆژێک لە ڕۆژان شانازیی وەرگرتنی میدالیام پێبدرێت، بەڵام وەرگرتنی میدالیای بارزانی ئاواتی سەرەکی ژیانم بوو کە هەموو دەرد و ئازاری سەردەمی لاوییەتی و ئاوارەیی هێنایەوە بەرچاوم.)


## جەعفەر سلێمان عەلی چێی



جەعفەر سلێمان عەلی چێی ساڵی ١٩٤٥ لە گوندی چێ لە ناوچەی ئامێدی لە دایک بووە. ساڵی ١٩٦١ بە دوای ڕاگەیاندنی شۆڕشی ئەیلول لەلایەن بارزانییەوە، چووەتە لای سەلیم چێی و ساڵی ١٩٦٢ بە سەرۆکایەتی محەمەد ئەمین میرخان بەشداریی شەڕی جاشەکانی مرێبای کردوە و دەڵێت لەو شەڕەدا میرخان بریندار بووە. ساڵی ١٩٦٣ گواستراوەتەوە بۆ بارەگای بارزانی لە ناوچەی باڵەکایەتی و لە ناوچەکانی ڕانیە، قەڵادزێ و گوندەکانی دێرێ و دیلمان بووە. هەرلەو ساڵەدا بەشدار بووە لە شەڕەکانی گەلی عەلی بەگ و سەری سپیلکدا. ساڵی ١٩٦٩ بە فەرماندەیی عومەرئاغای دۆڵەمەری بەشداریی شەڕی ماخووبزنان لەنێوان ڕانیەو سەنگەسەدا کردوە و وەک خۆی دەڵێت: **(لەو شەڕەدا سوپای عێراق شکا و مەلا مستەفا بەهۆی ئازایەتیم دەمانچەیەکی خەڵات کردم.)** ساڵی ١٩٧٥ بە فەرماندەیی عەریف یاسین بەشداریی شەڕی دیلمانی کردوە و ساڵی ١٩٧٠ کراوە بە سەرلقی لقێک لەو پێشمەرگانەی کە لەسەر دۆشکەی دژە فڕۆکە لە پردی حافز، گەروی قەسرێ و مەمی خەلان، پارێزگاریان لە ئیزگەی دەنگی کوردستان و چاپخانەی شۆڕش کردوە. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، لەگەڵ بارزانی چووەتە نەغەدە و دواتر گواستراوەتەوە بۆ مەشهەد و تا ساڵی ١٩٧٩ لە مەشهەد بووە. ساڵی ١٩٧٩ چووەتە کەرەج و چاوی بە ئیدریس بارزانی کەوتووە و ساڵی ١٩٨١، گەڕاوەتەوە بۆ دهۆک. ساڵی ٢٠٠٤ لە دەزگای ئەیلولدا خزمەتی کردوە و لەو ساڵەدا خانەنشین کراوە. ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦ بەهۆی خەبات و چالاکییەکانییەوە، جەعفەر سلێمان عەلی چێی میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەم بارەیەوە هەستی خۆی بەم جۆرە دەردەبڕێت:

**- (بە ڕادەیەک خۆشحاڵ بووم کە لەوە دەچوو هەموو دنیا هی منە.)**

## ئیبراهیم محەمەد عەزیز



ئیبراهیم محەمەد عەزیز ناسراو بە ئیبراهیم ڕەشاوەیی ساڵی ١٩٢٨ لە گوندی ڕەشاو لە ناوچەی نەهێلی لە قەزای ئامێدی لەدایک بووە. ساڵی ١٩٥٩ چووەتە ڕیزی پارتی دیموکرات و ساڵی ١٩٦١ کە شۆڕشی ئەیلول هەڵگیرسا، بە تفەنگی خۆی چووەتە ڕێزی پێشمەرگەکانی ناوچەی بەرواری باڵا و لەگەڵ پێشمەرگەکانی مەلا شینی بەشداریی کردوە لە شەڕەکانی ناوچەی ئامێدی دا. لەو ساڵەدا مەلا شینی لە شەڕی پیرس شەهید بووە و ناوبراو لەگەڵ حارس خانۆ بێدارونی کەوتووە. بەشداریی شەڕەکانی خیزالا، گۆڕا باهیقی، سەری بێدارون، پردی جام"ی کردوە لە ناوچەی بادینان، ساڵی ١٩٦٣ لەگەڵ بارزانی پەڕیوەتەوە بۆ ناوچەی سۆران. سەرەتا لە دۆڵەڕەقە و دواتر لە سەنگەسەر لەگەڵ حەسۆ میرخان ژاژۆکی و لە ساڵی ١٩٦٣وە لەگەڵ عارز بێدارون بووە و لەگەڵ بارزانی چووەتە دۆڵەڕەقە و ساڵی ١٩٦٤ گواستراوەتەوە بۆ ناوچەی گەلاڵە و ساڵی ١٩٦٥ لە قەسرێ بووە و بەهۆی هەڵگرتنی سندوقی فیشەک و گوللەی تۆپ توشی ئازاری پشت بووە و گواستوویانەتەوە بۆ ورمێ و نەشتەرگەریان بۆ کردوە. ساڵی ١٩٦٩ مەقەڕەکەیان گواستۆتەوە بۆ ملی خەلانێ.

ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، ناوبراو لە پشوداندا بووە و چەکەکەی داوەتەوە بە ڕژێمی عێراق و خۆی بە قاچاخ چووە بۆ ناوچەی دۆسکیان و لەوێوە بە باکوری کوردستاندا خۆی گەیاندوەتە زێوە و نەغەدە و لەوێ کراوە بە پاسەوانی بارەگای بارزانی. دوای گواستنەوەی بارزانی بۆ کەرەج، ئەویشیان گواستۆتەوە بۆ جهرم و لەوێوە ڕەوانەی ئابادانیان کردوە و خۆی دەڵێت لە ئابادانەوە بە قاچاخ خۆی گەیاندوەتە کەرەج و چاوی بە

ئیدریس بارزانی کەوتووە و ڕۆژی ١٩٧٦/٩/١٦ لەلایەن کاک ئیدریسەوە ڕەوانەی باشوری کوردستان کراوەتەوە. ناوبراو لەم بارەیەوە دەڵێت: **(بە کوردستانی ئێراندا چووم بۆ کوردستانی تورکیا و بە شارەکانی گەوەڕ و جۆڵەمێرگدا هاتم بۆ "دۆڵی بێرمان" لە سەردەمی سەرکردایەتی کاتیدا.)**

ساڵی ١٩٧٧ ڕژێمی عێراق بە مەبەستی گرتنی خێزان و منداڵی پێشمەرگەکان، پەلاماری ناوچەکەیانی داوە، بەڵام بەرلە گەیشتنی حکومەت خێزانەکانیان گواستووەتەوە بۆ ناو سنوری باکوری کوردستان. دواتر خۆی بە مەفرەزە گەڕاوەتەوە بۆ بەشەکانی بەرواری، نەهێلی و نێروە لە ناوچەی ئامێدی.

ساڵی ١٩٨٠ لەگەڵ هێزەکانی سەربە مستەفا نێروەیی بووە کە شێوی ئۆسمانکاوە بەهۆی هەڵگیرسانی شەڕ لەنێوان عێراق و ئێراندا بەرە بەرە ئازا بووە و ئیبراهیم ڕەشاوەیی چووەتە گوندی "ئەلە" لە ناوچەی نێروە و لەوێ گوندێکی نزیک بە چل ماڵە لە لە بنەماڵەی پێشمەرگەکان پێکدێنن، بە جۆرێک وەک خۆی دەڵێت مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکرات ساڵی ١٩٨٧ میوانی ئەو گوندە بووە. ساڵی ١٩٨٨ کە ناوچەی بادینان ئەنفال و کیمیاباران کرا، لەگەڵ ئەو بنەماڵانە خۆی گەیاندوەتە باکوری کوردستان و ڕۆژی ١٩٨٨/١٠/١٠ گەڕاوەتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ساڵی ١٩٩٢ کە باشوری کوردستان ئازادکرا، دووبارە چووەتەوە بۆ باشور.

ئیبراهیم محەمەد عەزیز بەشداریی ٣٩ شەڕی کردوە و سێ جار لە شەڕەکانی سەری ئامێدی ١٩٦١، ناوچەی چۆمان ١٩٧٤ و گەلی ڕەشاوە لە ناوچەی ئامێدی ١٩٧٨/١٢/١٧ برینداربووە. ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦ بەهۆی خزمەتەکانییەوە، میدالیای بارزانی پێدراوە. ناوبراو دەربارەی وەرگرتنی ئەو میدالیایە دەڵێت:

**(وەرگرتنی میدالیای بارزانی بە هێمای خەبات و تێکۆشینی پێشمەرگایەتی** دەزانم. زۆر بە وەرگرتنی خۆشحاڵم و زیاتر لە هەموو دنیا بۆمن بایەخی **هەیە.)**

## خەلیل ئەمین جەلیل حەجی



خەلیل ئەمین جەلیل حەجی ساڵی ١٩٥٥ لە گوندی هێتوت لە قەزای ئامێدی لەدایک بووە. ئەمین جەلیلی باوکی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول و لەگەڵ حەسۆ میرخان دۆڵەمەری بووە و خەلیل ئەمینیش لە تەمەنی ١٢ ساڵییەوە تێکەڵاوی لەگەڵ پێشمەرگەکانی بارەگای بارزانی لە ڕێزان پێدا کردوە و لەگەڵ لوقمان بارزانی کوڕی سەرۆک مستەفا بارزانی بووە. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا سەرەتا لە نەغەدە بوو و دواتر گواستراوەتەوە بۆ تاران. ساڵی ١٩٧٦ بە ڕاسپاردەی ئیدریس بارزانی هاوسەری لوقمان بارزانی گەیاندوەتە بەغدا و ساڵی ١٩٧٧ گەڕاوەتەوە ناوچەی لیژنەی ئامێدی و لە لقی یەکدا کراوە بە جێگری ڕێکخراوی شەهید ئەحمەد ئادەم. ساڵی ١٩٧٩ کە بارزانی کۆچی دوایی کرد، خەلیل ئەمین وەک خۆی دەڵێت لە لیژنەی ئامێدی نێروەدا بووە و سوێند دەخوات تا ڕۆژی شەهیدبوونی یان ئازادبوونی کوردستان لە تاشینی سەر و ڕدێنی خۆی خۆ بپارێزێت کە سوێندەکەی دەباتەسەر و تا ساڵی ١٩٩١، سەر و ڕیشی خۆی ناتاشێت.

ساڵی ١٩٨٨ کە ناوچەی بادینان ئەنفال و کیمیاباران کرا، خەلیل ئەمین لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر پێشمەرگە و خەڵکی ناوچەکە خۆی گەیاندوەتە باکوری کوردستان و ڕژێمی تورکیا بردویەتە کەمپی پەنابەرانی موش. ساڵی ١٩٩٢ گەڕاوەتەوە کوردستان و هەتا ئێستا لە فەرماندەی فەرماندەیی بارزاندا کە شێخ بەهزاد بارزانی فەرماندەیەتی، ئەرکی ڕێکخستنی هێزی سێیەم بەڕێوە دەبات.




خەلیل ئەمین بەشداریی چەندان شەڕی قارەمانانەی کردوە، لەوانە داستانی کانی ماسی، داستانی فەوجی ستک و بامەڕنی و...تد. پێنج جار لە شەڕەکانی، کانی ماسی، بامەڕنی، بێباد، گەلی باڵندە، و عەمەلیاتی دێرەلۆکدا لە ١٩٨٨/٨/١١ برینداربووە. ناوبراو بەهۆی چالاکییەکانییەوە ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦ میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (بەرلەوەی میدالیام بدەنێ، دەمگوت شۆڕشی کورد و مەسعود بارزانی قەرزداری منە، بەڵام بە دوای وەرگرتنی میدالیای سەرۆک بارزانی نەمر، گوتم من قەرزی خۆم وەرگرتەوە و ئێستا من و منداڵەکانم قەرزداری گەلی کوردین و دەبێ تا ڕۆژی مردن بۆ کورد و کوردستان و سەرخستنی ڕێبازی بارزانی تێبکوشین.)

## ئیسماعیل سادق بێتکاری



ئیسماعیل سادق بێتکاری ناوسراو بە ئیسماعیل بێتکاری، ساڵی ١٩٥١ لە گوندی بێتکار سەربە قەزای ئامێدی لەدایک بووە. ساڵی ١٩٦٩ چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی بەتالیۆنی هێزی دهۆک کە سەلیم ئەسعەد خۆشەوی فەرماندەی بووە. تا ساڵی ١٩٧٥ لەو هێزەدا خەباتی کردوە و بەشداریی چەندان شەڕی وەک: شەڕی سەرتیز، گەروی عومەرئاغای لە ناوچەی ڕەواندز و کەلی شەدا لە ناوچەی دهۆک کردوە. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، ئیسماعیل سادق گەڕاوەتەوە گوندەکەی خۆی و ساڵی ١٩٧٦ سەرلەنوێ پێوەندی بە ڕێکخستنی نهێنی پارتی سەربە ڕێکخراوی ڕزگاری لە سنوری لقی یەکی دهۆک کردوە و چووەتەوە ڕیزی ئەندامە نهێنییەکانی ئەو لقە. ساڵی ١٩٨٠ گەڕاوەتەوە ڕیزی پێشمەرگەکان، لە ڕێکخراوی شەهید خدر مەحمود لە لیژنەی ناوچەی ئامێدی و ڕێکخراوی سەلاحەدین ئەیوبی دابووە کە کراوە بە جێگری سەربازیی ئەو ڕێکخراوە. ناوبراو بەشداریی نزیکەی ٢٥ شەڕی کردوە و حەوت جار بریندار بووە.

ساڵی ١٩٨٨ کە خەڵکی ناوچەی بادینان ئەنفال و کیمیاباران کران، ئیسماعیل سادق لەگەڵ پێشمەرگەکان و خەڵکی ناوچەکە خۆی گەیاندوەتە باکوری کوردستان و لەلایەن حکومەتی تورکیاوە گواستراوەتەوە بۆ کەمپی پەنابەران لە شاری موش و تا ساڵی ١٩٩٢ لەو کەمپە بووە. لەو ساڵەدا گەڕاوەتەوە باشوری کوردستان و کراوە بە فەرماندەی پەلێکی پێشمەرگە لە ناوچەی بەرواری باڵا کە سەربە ئامێدی بووە و دواتر ئەرکی بەرپرسایەتی فەوجی سێیان لە کەسنەزانی هەولێر پێسپاردوە.




ساڵی ١٩٩٧ کراوە بە فەرماندەی لیوای ١٨ لە سوپای ١٤ و ساڵی ١٩٨٨ فەرماندەی سەربازیی لەشکری زێرەڤانی لە بەرواری باڵا و ساڵی ٢٠٠٠ فەرماندەی هێزی ٧ لە سوپای ١٨ و ساڵی ٢٠٠٢ فەرماندەی هێزی ٦ بووە لە سوپای ١٤. ڕۆژی ١٩٩٨/٨/١٤ لەکاتی هەڵگرتنەوەی مین لە گۆڕەپانی فوتباڵی گوندی بێتکار و تەقینەوەی مینەکە چاوی چەپەی لە بینین و گوێیەکانی لە بیستن لە دەستداوە و دیدی چاوی ڕاستەشی کەم بووەتەوە.

مانگی نۆیەمی ساڵی ١٩٨٦، دوو برا و دوو برازا و کوڕێکی ئیسماعیل سادق لە بومبارانی فڕۆکە جەنگییەکانی عێراقدا شەهید بوون. برایەکی تری بەناوی عیزەت لە مانگی ١٢ی هەمان ساڵدا شەهید بووە. سادق بێتکاری باوکی کە یەکێک بووە لە پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلول، ساڵی ١٩٩٣ لە کەمپی پەنابەرانی موش دەرمانداو کرا.

ئیسماعیل سادق ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦ لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە شەرەفی وەرگرتنی میدالیای بارزانی پێبەخشراوە و دواتر بەهۆی کەمئەندامبوونی بە پلەی لیوا خانەنشین کراوە و ئێستا لە دهۆک دەژی. ناوبراو سەبارەت بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی دەڵێت:

**- (زۆر خوشحاڵ بووم بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی و ئەوە بۆ من لە هەموو شتێکی ژیانم بەنرخترە و شانازیی پێوە دەکەم. لەگەڵ ئەوەشدا بە بەرهەمی خەبات و زەحمەتەکانی خۆمی دەزانم و وەرگرتنی ئەو میدالیایە لە دەستی سەرۆک مەسعود بارزانی بەمن دەسەلمێنێ کە بەردەوام بین لە خزمەتکردن بە گەلی کورد و ڕێبازی بارزانی نەمر.)**

## محەمەد موسا مستەفا



محەمەد موسا مستەفا سندی ساڵی ١٩٥٨ لە گوندی "دەرکار نیری" لە ناوچەی سندی سەربە قەزای زاخۆ لەدایک بووە. ساڵی ١٩٧٦ پێوەندی بە شۆڕشی گوڵانەوە کردوە و لەم بارەیەوە دەڵێت: (لە زاخۆ بەپێچەوانەی شار و گوندەکانی تری کوردستان دوای ڕاوەستانی شۆڕش، کادیر و پێشمەرگەکانی پارتی لە شاخەکان مانەوە. لە میانەی ساڵی ١٩٧٥ و ١٩٧٦دا شەهید عەبدولڕەحمان ساڵح، ئەحمەد ڕەمۆ بێتاس، شەهید عومەر یوسف "عومەر عەلی"، هاشم ڕەمەزان ناوسراو بە "ئەبو عەنتەر"، حەمید شەریف، شەهید محەمەد گەو، جاسم جاسم و ژمارەیەکی تر لە چیاکانی سنوری نێوان زاخۆ لەگەڵ تورکیا و سوریا بوون و کوردستانیان بەجێنەهێشت.)

ئەوکاتە محەمەد موسا خوێندکار بووە لە خوێندنگەی بەدرخان لە زاخۆ و لەگەڵ ڕێبەر مەلا حوسێن ئاقدل، سەبری ڕەمەزان، حوسێن عومەر حاجی، بەهرام مەجید عەبدوڵا گەردی خەڵکی هەولێر و ژمارەیەکی تر، پێوەندییان بە هاشم ڕەمەزانەوە هەبووە و بڵاوکراوەکانی حیزبیان لە زاخۆ بڵاوکردوەتەوە. ڕۆژی ١٩- ١٩٧٦/٤/٢٠ لەگەڵ ڕێبەر و شێرکۆی برای و ژمارەیەکی تر لە ماڵی ڕێبەر میوان بوون کە پیاوانی ئیستخبارات ڕژاونەتە سەریان و بە کۆمەڵێک بڵاوکراوەی پارتی دیموکراتەوە دەستگیریان کردون. لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (ڕێبەر گوتبووی ئەو بەیاننامانە هی منن و پێوەندی بەو میوانانەوە نییە، لەبەر ئەوە ڕۆژی دوایی ئێمەیان ئازاد کرد، بەڵام ڕێبەر لەژێر ئەشکەنجەدا شەهید بوو.)



مـــحـەمەد موســـا لـە ترســـی گیرانـــی دووبــارەی، ڕۆژی ١٩٧٦/٤/٢٤ لـەگـەڵ یوسـف موسا مستەفا، حەجی موسا مستەفا، عیسا مستەفا، سلۆ عەزۆ عومەر، فەتاح خەلەف میـرا و موحسـین خەلەف میـرا ڕادەکـات و حوســـێن عـــومەر حـــاجی ســـتەقولان دەیـانگەیەنێتە گوندی "ئـالوش" لە سنوری بـاکور لەگەڵ زاخـۆ و لەوێـوە دەچـن بـۆ گونـــدی "هەدریـــش" و هاشـــم ڕەمەزان "ئەبـــوعەنتەر" دێـــتە لایـــان و چەک هەڵـدەگرن و لە مەفرەزەی ئەبـوعەنتەردا دەبن بە پێشمەرگەو لە یەکەم هەنگاودا دەچن بۆ ماڵی محەمەد میرزا میـرزا لە گونـدی شـیوامێزی. کاتێـک شۆڕشـی گـوڵان لە ١٩٧٦/٥/٢٦ ڕاگەینـرا، ئەو مەفـرەزەیە دەگـاتە گونـدی بێرمـان لە نـاوچەی عەشـیرەتی قەشـور، لەوێ جەوهەر نامیق و کەریم سنجاری دێنە لایان و هەڵگیرسانی شۆڕشی گوڵانیـان پێـڕادەگەیەنن و بـۆ ڕووبەڕوو بـوونەوە لەگەڵ هێزەکـانی دوژمـن، مەفـرەزە پێکدێنن.

محەمەد موسا دەبێتە کادیری مەفرەزەی شەهید عومەر یوسف "عومەر لەعلـێ" و دەگەڕێتەوە بۆ ناوچەی زاخـۆ. لەم بارەیەوە دەڵێت: **(یەکەم تەقەمان لە ساڵی ١٩٧٦ لە شاری زاخۆ کرد و لە سەیتەرەی پردی جەلالـی هـوزا دا و لەو عەمەلیاتەدا عومەر یوسف بەرپرسمان بوو.)** ساڵی ١٩٧٧، محەمەد موسا دەکرێ بە کادیری ناوچەی زاخۆ و دهۆک کە زۆراب خەڵکی خـانەقین کە دواتـر شـەهید بـوو، بەرپرسـی بـووە. سـاڵی ١٩٧٨ کـادیری مەفـرەزەی حەمید شـەریف و حـاجی غـازی بـووە و سـاڵی ١٩٧٩ لەگەڵ پێکهاتنی هێزێکی گەورە کە غازی زێباری فەرماندەی بووە، چەند مەفرەزەی گەڕۆک و دەستوەشێنیان پێکهێناوە.

دوای کـۆنگرەی نـۆیەمی پارتی لە ساڵی ١٩٧٩دا، محەمەد موسا ڕەوانەی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان دەکـرێ و لە گونـدی ڕاژان بەشـداریی خـولێکی کـادیر دەکـات و دواتـر دەگەڕێتەوە بۆ بارەگـای لقـی یەکـی پـارتی لە "کۆمـاتە" و دەکـرێ بە کـادیری لـق و سـاڵی ١٩٨٢ ئەرکـی کـارگێڕی نـاوچەی دهـۆکی

دەدەنێ. ساڵی ١٩٨٥ لە شەڕی سوارە تووکەدا لاقی ڕاستەی بریندار بووە و بە کەمئەندامی ماوەتەوە، بەو حاڵەش تا ساڵی ١٩٨٧ لە لیژنەی ناوچەی دهۆک بووە، بەڵام چونکە توانای ڕێگا ڕۆیشتنی نەبووە، بۆ چارەسەریی برینەکەی ڕەوانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کراوەتەوە و تا ساڵی ١٩٩١، کادیری مەکتەبی سیاسی پارتی بووە لە ڕاژان.

دوای سەرهەڵدانی ١٩٩١ کراوە بە ئەندامی لیژنەی ناوچەی زاخۆ و ساڵی ١٩٩٣ بەرپرسایەتی لیژنەی ناوچەی شێخانیان پێسپاردوە و دواتر گەڕاوەتەوە بۆ زاخۆ و ئەرکی بەرپرسی ناوچەی زاخۆی لە ئەستۆ گرتووە و تا ساڵی ١٩٩٩ لەو ئەرکەیدا بەردەوام بووە. دوای دامەزرانی لق لە زاخۆ، لە ساڵی ١٩٩٩دا محەمەد موسا کراوە بە کارگێڕی لق و بەرپرسی ڕێکخستن و ساڵی ٢٠٠٦ کراوە بە ڕاوێژکاری وەزارەتی پێشمەرگە. لە ڕەوتی ساڵانی ٢٠١٢ و ٢٠١٣دا بۆ ماوەی ساڵێک و حەوت مانگ ئەندامی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان بووە و لە مانگی ١١ی ساڵی ٢٠١٣دا خانەنشین کراوە. ڕۆژی ٢٠١٣/١٢/١٦ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا شەرەفی وەرگرتنی میدالیای بارزانی پێبەخشراوە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

**- (وەرگرتنی میدالیای بارزانی بۆمن شەرەفێکی زۆر مەزنە. بە هێمای دڵسۆزی سەرۆک بارزانی دەزانم بۆ نیشتمان و ئەندامانی خەباتکار بۆ کورد و کوردستان و ڕێبازی سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی نەمر، بە بڕوای من وەرگرتنی میدالیای بارزانی گەورەترین شانازییە بۆ پێشمەرگە و هیچ پلە و پایەیەک لەوە بە گەورەتر نازانم.)**

## حەسەن شێخ مستەفا بۆسەلی



حەسەن شێخ مستەفا بۆسەلی ساڵی ١٩٤٨ لە گوندی بۆسەل لە قەزای زاخۆ لەدایک بووە. دوای تەواوکردنی خوێندنی سەرەتایی لە بۆسەل ساڵی ١٩٦٧ چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی هێزی زاخۆ کە فەرماندەکەی عیسا سوار بووە. ساڵی ١٩٧٠ بە دوای واژۆ کردنی ڕێککەوتنی ١١ی ئازار، لەگەڵ ڕەشید سندی فەرماندەی هێزی پیرەمەگرون چووەتە حاجی ئۆمەران. ساڵی ١٩٧٤ کە ڕژێمی عێراق بە دژی گەلی کورد شەڕی هەلگیرساندەوە، بەشداریی شەڕەکانی قشلاخی لە ناوچەی شارباژێر کردوە و ساڵی ١٩٧٥ گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەی زاخۆ. دوای ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی ١٩٧٥دا، ناوبراو لە مانگی هەشتەمدا چووەتە نەغەدە و لەگەڵ ١٨٢ کەس کە هەموویان ئەندامی بنەماڵەی پێشمەرگەکان بوون، گواستراونەتەوە بۆ جهرم و تا ساڵی ١٩٧٧ لەو شارە بووە و دواتر گواستراوەتەوە بۆ ئەراک.



ساڵی ١٩٧٩ کە تەرمی سەرۆک بارزانییان لە ئەمریکاوە هێنایەوە بۆ شنۆ، لەگەڵ سەعید بۆسەلی گەڕاوەتەوە بۆ نەغەدە و ئیتر لە چوونەوە بۆ ئەراک خۆی پاراستوە. تا ساڵی ١٩٨٦ وەک پێشمەرگە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە و لەو ماوەیەدا بەشێوەی مەفرەزە بەشداریی شەڕەکانی حاجی ئۆمەران و دۆڵی شەهیدان لە قەڵادزێ و سەری بەردی لە ناوچەی مێرگەسوری کردوە. هەرلەو ساڵەدا وەک خۆی دەڵێت کراوە بە بەرپرسی ڕێکخراوی لەیلان لە زاخۆ و تا ساڵی ١٩٨٧ بەشداریی شەڕی دووبانی کردوە و لەنێوان ساڵی ١٩٨٦- ١٩٨٧دا دوو جار لە بنکەی فەجی سوپای عێراق لە شراشیان داوە و لە ساڵی ١٩٨٨ بەشدار بووە لە شەڕی دێرەلۆک دا. ساڵی ١٩٨٨ بەدوای ئەنفال و کیمیابارانی ناوچەی بادینان چووەتە باکوری کوردستان و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ کەمپی ئاوارەکانی ئامەد، بەڵام لەوێ ڕایکردوە و خۆی گەیاندوەتە نەغەدە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

**- (ساڵی ١٩٨٩ بە سنوری سێ سوچی تورکیا، عێراق و ئێراندا خۆم گەیاندە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە قاچاخ چووم بۆ نەغەدە.)** ڕۆژی ١٩٩١/٣/١٣ لەگەڵ مەفرەزەیەک گەڕاوەتەوە بۆ حاجی ئۆمەران کە بەشداریی بکات لە ڕاپەڕینی خەڵکی باشوری کوردستاندا و دەڵێت:

**- (لە هەولێر و زاخۆ بەشداری ڕاپەڕینم کرد و لە شەڕی گەلی زاخۆدا بەشدار بووم.)**

ساڵی ١٩٩٢ کراوە بە فەرماندەی هێزی سورداش لە زاخۆ و ساڵی ١٩٩٣ لە ڕێکخستنی نوێی پارتی دیموکراتدا ئەرکی فەرماندەی بەتالیۆنی پێسپێردراوە و ساڵی ٢٠٠٣ کراوە بە فەرماندەی عەمەلیاتی سوپای چوار.

شێخ مستەفا بۆسەلی باوکی ساڵی ١٩٧٩ لە نەغەدە کۆچی دوایی کردوە. دوو برای ساڵی ١٩٨١ لە شەڕی حاجی ئۆمەران برینداربوون. هەروەها چوار ئامۆزای بە ناوەکانی محەمەد ساڵح، ڕەشید، حەسەن عەلی محێ، محیەدین

لە سـاڵانی ١٩٦٢، ١٩٦٧، ١٩٧٧ و ١٩٩٥ شـەهید بـوون. نـاوبراو بەهـۆی خزمەتەکـانیەوە ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦ لە کـۆنگرەی ١٣ی پـارتی دیموکراتـدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (بەرای من بەرزترین خەڵاتە و من بە وەرگرتنی زۆر خۆشحاڵم.)

## محەمەد سەلیم فەرحان سادق



محەمەد سەلیم فەرحان سادق ناسراو بە محەمەد سەلیم بەرواری قومری ساڵی ١٩٣٣ لە گوندی قومری لە بەرواری باڵا لەدایک بووە. لە مانگی دووەمی ساڵی ١٩٥٢دا بە سەرباز گیراوە و پلەی نایب زابیتی هەبووە لە موسڵ. لە مانگی نۆیەمی ساڵی ١٩٥٢دا لەلایەن مەلا ئەنوەر مایی بە ئەندامی پارتی دیموکرات وەرگیراوە. وەک خۆی دەڵێت لەگەڵ دوازدە سەربازان پێکەوە لە ڕێکخستنی محەمەد حەسەن ئامێدی دا بوون. لەم بارەیەوە دەڵێت: **(دوای ساڵێک تێکۆشان، ژمارەکەمان گەیشتە ٧٠ کەس و لەگەڵ سەعید مزوری دوکاندار لە موسڵ کارمان دەکرد و ئەو بەرپرسی پێوەندی ئێمە بوو.)**

ساڵی ١٩٦٢، محەمەد سەلیم بەرواری قومری گواستراوەتەوە بۆ کەرکوک و لەوێ لە ڕیزەکانی سوپای عێراقدا لە لیژنەی گونددا خەباتی کردوە و دواتر لقی سێی سەنگاو کە بەرپرسەکەی عومەر دەبابە بووە، بەرپرسایەتی لیژنەی گوندیان پێسپاردوە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

**- (ساڵی ١٩٦٣ بۆم دەرکەوت ئەوانە لەگەڵ بارزانی نین و دژایەتی بارزانی دەکەن. نەجمەدین کەریمش لەگەڵمان بوو. لیژنەی سەربازی دەشتمان هەبوو کە ئێمە نزیکەی ٣٠٠ کەس ڕیزی ئەو لیژنەیەمان بەجێهێشت و چووین بۆلای عەریف حەمید بەرواری و لیژنەی سەربازی بروسکمان پێکهێنا و تا ساڵی ١٩٦٥ لەگەڵ لقی سێی کەرکوک بووین. لەو ساڵەدا رامان کرد.)**



دوای پەیوەست بوونی بە ڕیزی پێشمەرگەکان، محەمەد سەلیم بەرواری قومری ساڵی ١٩٦٦ لە شەڕی دەربەند بریندار بووە و ئیتر نەیتوانیوە پێشمەرگایەتی بکات و گواستراوەتەوە بۆ حاجی ئۆمەران و لە کۆگای چەک و تەقەمەنیدا کراوە بە پێشمەرگە کە بەرپرسەکانی حەمید بەرواری و مولازم تارق بوون.

ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، محەمەد سەلیم بەرواری قومری سەرەتا چووەتە مهاباد و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ سمنان. لەوێ لەگەڵ حەمید بەرواری و دوکتۆر شەوکەت بامەڕنی لە لقی هەشتی پارتی دیموکراتدا لە ئێران کاری ڕێکخستنی بەڕێوەبردوە. تا ساڵی ١٩٩٣ لە سمنان و شارود بووە و لەو ساڵەدا گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەی بەرواری و لە گوندی قومری نیشتەجێ بووە و بەهۆی کەمئەندام بوونی کە خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان بووە، خانەنشین کراوە.

محەمەد سەلیم بەرواری قومری دوو جار لە دەربەندی بازیان ١٩٦٦ و قەرەداغ ١٩٦٦دا برینداربووە. ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦ بەهۆی خزمەت و چالاکیەکانییەوە میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

**-(خۆشحاڵ بووم سەرۆک مەسعود بارزانی و سەرکردایەتی پارتی دیموکرات بۆیان دەرکەوت من خەباتکاری ئەو میللەتەم و هەوڵی سەرخستنی کورد و کوردستان و ڕێبازی بارزانی نەمر دەدەم، میدالیای بارزانی نەمریان پێدام کە هیچ شتێک لە دنیادا لەوە مەزنتر نییە.)**

## محەمەد زەکی حەسەن




محەمەد زەکی حەسەن جادر ساڵی ١٩٥٣ لە گوندی "بێ"یە لە ناوچەی "بەریگار" سەربە قەزای ئامێدی لەدایک بووە. ساڵی ١٩٧٤ چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی هێزی هەڵگورد و لەگەڵ دلۆڤان ساڵح عەبدولعەزیز بووە. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، وەک پێشمەرگەکان و بەشێک لە خەڵکی باشوری کوردستان چووەتە نەغەدە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دواتر لە جهرم نیشتەجێ کراوە و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ زاهیدان و لەسەر سنوری بلوچستان و پاکستان بووە. ساڵی ١٩٧٨ لەسەر ڕاسپاردەی ئیدریس بارزانی بە نهێنی خۆی گەیاندوەتە کەرەج و شەو میوانی کاک ئیدریس بووە و ڕۆژی دوایی ڕەوانەی ورمێ کراوە و لەوێوە بە سنوری نێوان ڕۆژهەڵات و باکوری کوردستاندا خۆی گەیاندوەتە بارەگای لقی یەک لە ناوچەی "کۆماتە" و دوای بینینی جەوهەر نامیق سالم، لەگەڵ مەفرەزەی مولازم عەلی کەوتووە و چووەتە ناوچەی نهێلی. تا ساڵی ١٩٧٩ لەگەڵ ئەو مەفرەزەیە بووە و لەو ساڵەدا بۆ بەشدارییکردن لە کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکراتدا کە ڕۆژی ٤-١٩٧٩/١٢/٢٦ لە گوندی دەربەند لە ناوچەی مەرگەوەڕ لە پارێزگای ورمێ پێکهات، گەڕاوەتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و چووەتە زێوە. دوای کۆتاییهاتنی کۆنگرەی نۆیەم، محەمەد زەکی گواستراوەتەوە بۆ مەکتەبی سەرۆکی پارتی و ڕەوانەی ناوچەی ئامێدی و ئاکرێ کراوە کە محەمەد حوسێن عەبدولعەزیز ئەحمەد بەرپرسی بووە.

لە ئەنفال و کیمیابارانی ناوچەی بادیناندا لە ساڵی ١٩٨٨، محەمەد زەکی دوو برای بە ناوەکانی عەلی حەسەن جادر و ڕەشید حەسەن جادر و برازایەکی بەناوی عەبدولڕەحمان عەلی حەسەن ئەنفال کران و خۆی لەگەڵ

محەمەد موحسین پەنای بۆ چیاکان بردوە و لەوێوە خۆی گەیاندوەتە بەحرکە لە ناوچەی هەولێر و لەوێ بە قاچاخ ژیاوە. لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ پێنج گوللەی وێکەوتووە و دوای دەرمان کردنی برینەکانی گەڕاوەتەوە ڕیزی پێشمەرگەکان. ساڵی ١٩٩٣ گواستراوەتەوە بۆ لەشکری دووی تایبەت و بەهۆی برینەکانییەوە، بە پلەی مقەدەم، خانەنشین کراوە.

محەمەد زەکی حەسەن جادر بەشداریی دەیان شەڕی قورسی وەک داستانی دێرەلۆک، خواکورک و کانی ماسی کردوە و سێ جار لە ساڵەکانی ١٩٨٠، ١٩٨٧ و ١٩٩١ بریندار بووە. ناوبراو ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦ شەرەفی وەرگرتنی میدالیای بارزانی پێبەخشراوە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (زۆر زۆر خۆشحاڵم کە شەرەفی وەرگرتنی میدالیایان پێبەخشیم و سەرۆک مەسعود میدالیاکەی بە سنگمەوە کرد. وەک ئەوە بوو کە دنیام بداتێ و ماندوو بوونی ڕۆژانی پێشمەرگایەتی و ئاوارەییم لەبیر کرد.)

## عومەر عەلی هالۆ



عومەر عەلی هالۆ سندی ساڵی ١٩٤٩ لە گوندی بۆسەل لە ناحیەی دەرکار سەربە قەزای زاخۆ لە دایک بووە. ساڵی ١٩٦٢ عەلی هالۆی باوکی فەرماندەی بەتالیۆنی یەکی پێشمەرگەکانی ناوچەی زاخۆ بووە و ئەو لەو بەتالیۆنەدا کارەکانی نوسینی باوکی بەڕێوە بردوە. ڕۆژی ١٩٦٨/٩/٢٣ عەلی هالۆی باوکی عومەر لە شەڕی باتوفادا شەهید بووە و عومەر جیی باوکی لەو بەتالیۆنەدا گرتۆتەوە و بەشداریی شەڕەکانی کەمەکا و چیای زاخۆی کردوە.

ساڵی ١٩٧٠ کراوە بە سەرپەلی پاسەوانی سنوری زاخۆ و ساڵی ١٩٧٤ ئەرکی فەرماندەی بەتالیۆنی یەکی زاخۆی پێسپێردراوە. لەو ساڵەدا بەشداریی شەڕەکانی چیای سپی، کۆخی نێریا، گەروی عومەرئاغای کردوە. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، عومەر عەلی هالۆ چووەتە باکوری کوردستان و بە قاچاخ لە گوندەکانی فەڕەشین، مەلێسێ، بەیت ئەلشباب و ئۆلودەرە و دواتر وان و باتمان ماوەتەوە.

لە مانگی ١٢ی ساڵی ١٩٧٩دا بە بنەماڵەوە پەڕیوەتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سەرەتا لە زێوە و دواتر لە مانگی سێی ساڵی ١٩٨٠دا چووەتە نەغەدە و هاوکاریی هێزەکانی عەبدولڕەحمان جەسیم و عەلی خەلیل خۆشەوی کردوە. ساڵی ١٩٨٢ لەگەڵ ئیدریس بارزانی، شێخ محەمەد خالید، مولازم یونس ڕۆژبەیانی گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەی مێرگەسور و بۆ ماوەی شەش مانگ لە کەتینە بووە. ساڵی ١٩٩١ بەهێزێکەوە کە سەر بە کەرتی زاخۆ بووە، گەڕاوەتەوە بۆ حاجی ئۆمەران و لەم بارەیەوە دەڵێت:



- (لە کەڵەکی یاسین ئاغای هەولێر و موسڵ شەڕ بوو. ئێمە تا ئێوارە لە ڕووباری خازر شەڕمان کرد. فەتاح گولی بەرپرسی ئێمە بوو. لەو شەڕەدا سێ لە پێشمەرگەکانمان شەهیدو چەند پێشمەرگەش بریندواربوون، لەبەر ئەوە ئێمە کشاینەوە بۆ کەڵەک.)

هەرلەوساڵەدا عومەر عەلی هالۆ دەکرێت بە فەرماندەی هێزی حەمرین لە زاخۆ و ساڵی ١٩٩٧ ئەرکی هاوئاهەنگی پێوەندییەکانی "تنسیق" نێوان پارتی دیموکرات و سلوپیای لە تورکیا پێدەسپێرن.

جگەلە باوکی عومەر هالۆ کە ڕۆژی ١٩٦٨/٩/٢٣ لە شەڕی باتوفادا شەهید بووە، دایکی و برایەکیشی بەناوی لزگین ساڵی ١٩٦٤ بە نارنجۆک لە ماڵەکەیاندا شەهیدکراون، هەروەها هەشت ئامۆزای لە ساڵانی ١٩٦٤ و ١٩٦٥ شەهیدبوون. ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتی کوردستاندا بەهۆی خزمەتەکانیەوە میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (وەرگرتنی میدالیای بارزانی بۆمن شەرەفێکی مەزنە و هەست دەکەم کە خزمەتەکانم بەفیرۆ نەچوون و زۆر خۆشحاڵم.)

## عادل عومەر عەبدوڵا



عادل عومەر عەبدوڵا ساڵی ١٩٤٩ لە گوندی هێردن لە ناحیەی سیدەکان لە دایک بووە. ساڵی ١٩٦٦ چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی لقی باڵەک کە عەلی شکاک فەرماندەی بووە. لە نێوان ساڵی ١٩٦٦ تا ١٩٧٠ بەشداریی شەڕەکانی دارەئیشک لە گۆڕەز، گەروی عومەرئاغا، سەرتیز و بناری زۆزکێی کردوە و ساڵی ١٩٧٠ کراوە بە پاسەوانی سنوری ناوچەی دیانا لە لقی عەریف یاسین و حاجی بێرۆخی دا. ساڵی ١٩٧٤ بە دەستپێکردنەوەی شەڕ لەنێوان ڕژێم و شۆڕشی کوردستاندا، لە هێزی باڵەک کراوە بە سەردەستە کە فەرماندەکەی سەعید وەلی بەگ و حاجی کانەبی بووە. لەو ساڵەدا سەرلەنوێ بەشداریی شەڕی گەروی عومەر ئاغا و بناری حەسەن بەگی کردوە.

ساڵی ١٩٧٥ بە دوای ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلولدا سەرەتا چووەتە زێوە، بەڵام لەوێوە گەڕاوەتەوە بۆ گوندی "هێردن" لە پشت سیدەکان. ساڵی ١٩٧٨ بەشداریی شۆڕشی گوڵانی کردوە و لە مەفرەزەکانی عەریف یاسین و مەلا ئەمین حاجی محەمەد هۆستانیدا بووە و بە مەفرەزە لە ناوچەکانی سیدەکان، بۆڵێ، زینێ، ڕۆستێ بووە. دوای ڕوخانی ڕژێمی پاشایەتی لە ئێران کراوە بە فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی سەربە مەکتەبی سیاسی لە لۆلان و ساڵی ١٩٨٨ بەشداریی شەڕی گەورەی خواکورکی کردوەو بەهۆی ئازایەتی لەو شەڕەدا، لەلایەن مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتەوە کات ژمێرێکی بە خەڵات وەرگرتووە. هەرلەو ساڵەدا، بە دوای کیمیابارانی ناوچەی بادینان گەڕاوەتەوە بۆ شنۆ.



ساڵی ۱۹۹۱ بەرلە ڕاپەڕینی شارەکانی باشوری کوردستان، لە هێزی حەمرینی سەربە ڕێکخراوی سەفین، بە فەرماندەیی غەزالی میرخاندا بووە و دوای بریندار بوونی حەسەن سەمەد بەرپرسی ئەو ڕێکخراوە، ناوبراو کراوە بە بەرپرسی ڕێکخراوی سەفین و لەگەڵ عەبدولموهەیمن سلێمان شێخ عەبدولسەلام بارزانی ڕەوانەی ئاکرێ کراوە. لەم بارەیەوە دەڵێت: **(لە بەجێیلەوە توشی شەڕ بووین و تا گەیشتینە ناو شاری ئاکرێ تانکێک و پیکابێکمان سوتاند. ۱۵ سەرباز، ۲٤ جاشی هەرکی، ۱۵ جاشی سورچی و ۱۰ جاشی زێباریمان بەدیل گرت و لەگەڵ تانکەرێکی بەنزین.)**

دوای پاککردنەوەی ئاکرێ لە دوژمن، عادل عومەر عەبدوڵا گەڕاوەتەوە بۆ سپیلک و بەدوای وتوویژی نێوان بەرەی کوردستانی و ڕژێمی عێراق کە مەسعود بارزانی لە مەسیف سەلاحەدین نیشتەجێ بووە، چووەتە مەسیف و لەوێوە ڕەوانەی سۆران کراوە و ئەرکی فەرماندەی فەوجی سۆرانیان پێسپاردوە. دواتر کراوە بە فەماندەی هێزی ٦۰ سۆران و بە دوای ئەوەشدا پۆستی فەرماندەی سوپای ٦ی دیانایان پێسپاردوە و ئێستا فەرماندەی هێزی سۆرانە لە یەکەی ٤۳ی هەڵگورددا.

عادل عومەر عەبدوڵا چوار جار لە شەڕەکانی سیدەکان ۱۹۸۳، دەشتی بەرازگر ۱۹۸۸، قەسرێ ۱۹۹٥ و جوندی ئیسلام کە لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێران ڕەوانە کرابوون، ڕۆژی ۲۰۰۰/۸/۳۰ لەگەڵ کوڕێکی بە ناوی فاخر بریندار بووە. عادل عومەر عەبدوڵا بەهۆی خزمەت و چالاکییەکانیەوە، ڕۆژی ۲۰۱۰/۱۲/۱٦ لە کۆنگرەی ۱۳ی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

**- (کاتێک سەرۆک بارزانی میدالیای بارزانی نەمری بە سنگی منەوە کرد وەک ئەوە بوو کە هەموو دنیای دامێ و دەتگوت تازە لە دایک بووم.)**

## کەرەم ڕەسوڵ مەم




کەرەم ڕەسوڵ مەم نێروەیی ساڵی ١٩٣٦ لە گوندی بێتفەی نێروە لە ناوچەی ئامێدی لەدایک بووە. ساڵی ١٩٦١ کە بارزانی شۆڕشی ئەیلولی ڕاگەیاند، لەگەڵ پێشمەرگەکانی ژێر فەرمانی حەجی ساڵح ئاغای نێروەیی باوکی مستەفا نێروەیی کەوتووە. لەنێوان ساڵی ١٩٦١ و ١٩٦٢دا بەشداریی شەڕەکانی لۆمانا، گەلی زاویتە، دەشتی سێمێل، چیای بانکی و شەڕی گوندی کوپێی کردوە و ساڵی ١٩٦٢ کە بارزانی ناوچەی بادینانی لە لەشکرێک و سێ هێزدا ڕێکخست، لەگەڵ بارزانی پەڕیوەتەوە بۆ ناوچەی سۆران و لە شەڕی قشڵەی ڕایاتدا بەشدار بووە. لەم بارەیەوە دەڵێت: **(لەگەڵ بارزانی چووین بۆ قشڵەی ڕایات. لەوێ قشڵەکەمان گەمارۆ دابوو کە بارزانی گوتی بچن بۆ مێرگە چەکۆ لە پشت حاجی ئۆمەران و پێش بە سۆفییەکانی شێخ ڕەشید بگرن. مەلا مستەفا ئێمەی بردە چیای چێخەدەر و لەوێ لە سۆفییەکانماندا و نەمانهێشت بەهاواری گەمارۆدراوانی قشڵەی ڕایاتەوە بێن. ئەوان ڕایانکرد و چوار کەلا کیان بەجێهێشت. کوژراوەکانیان لەسەر چیای ڕەش کەوتبوون و هەموویان ڕدێنیان هەبوو. بەدوای ئەو شەڕەدا گەڕاینەوە و قشڵەکەمان گرت، دیارە ئەوان خۆیان تەسلیم بوون و لەوە دەترسان دیواری قشڵەکە بتەقێنینەوە و ئەوان بکوژرێن. دوای گرتنی قشڵەی ڕایات، ئەڵغاممان لەژێر قشڵەی گۆمەئەسپانیش دانا و ئەویشمان گرت.)**

ساڵی ١٩٦٣ کە ڕژێمی عێراق بە سوپا و جاشێکی زۆرەوە هەوڵی دەستبەسەرداگرتنی ناوچەی بارزانیدا و لە سپیلک، مێرگەسور و ئاکرێوە بەرەوە بارزای بەڕێکەوت، کەرەم ڕەسوڵ مەم بەشداری شەڕی سپیلک و خەلیفانی کردوە و کاتێک گەمارۆکانی ناوچەی بارزان تەسک بۆوە، ناوبراو لەگەڵ هێزە یارمەتیدەرەکان گەڕاوەتەوە بۆ بارزان و بە فەرماندەیی

مستەفا نێروەیی و ئەدهەم نێروەیی بەشداریی شەڕەکانی ناوچەی بارزانی کردوە و بە دوای شکانی دوژمن لەو ناوچەیە و ڕاوەستانی شەڕ و دەستپێکردنی وتوویژ لەنێوان حکومەت و بارزانیدا گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەی پشدەر و کراوە بە سەرقۆڵی ٧٠- ٨٠ پێشمەرگە و لە ناوچەکانی چوارتا، ماوەت، پێنجوێن، بەمۆ و قەرەداغ بووە.

ساڵی ١٩٦٧، سەرلەنوێ بەهێزەکەیەوە گەڕاوەتەوە لای مستەفا نێروەیی و لە چیای زۆزک بووە. ساڵی ١٩٦٨ کە پارتی دیموکرات لە ڕێکخستنی نوێیدا بەتالیۆنی دانا، مستەفا نێروەیی کراوە بە فەرماندەی بەتالیۆن و کەرەم ڕەسوڵ مەمیش ئەرکی سەرلقی دراوەتێ و لە نێوان ساڵەکانی ١٩٦٨-١٩٧٤دا بەشداریی شەڕەکانی ماوەت، پێنجوێن، بەمۆ، قەرەداغ، دەشتی هەولێر، سەفین، گۆڕەز و کۆڕەک و گەروی عومەرئاغای کردوە.

سالی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، کەرەم ڕەسوڵ مەم چووەتە زێوە و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ تەورێز و لەم بارەیەوە دەڵێت: **(لە ١٩٧٧/٩/١٣ لەگەڵ مستەفا نێروەیی گەڕامەوە بۆ نێروە و ڕێکان و بە مەفرەزە شەڕی گەلی باڵندە و گەلی پیرانمان کرد و ساڵی ١٩٨٨ بە دوای شەڕی خواکورک و کیمیابارانی ناوچەی بادینان گەڕاینەوە بۆ ئێران.)**

ساڵی ١٩٩١ کە مەسعود بارزانی لەگەڵ هێزێک بە قاسمەڕەشدا پەڕییەوە بۆ ڕانیەوە و لەوێوە بۆ دیانا، کەرەم ڕەسوڵ مەم بەرلە گەیشتنی سەرۆک بارزانی بۆ دیانا لەگەڵ هێزێک کە ئەو جێگری بووە و مستەفا نێروەیی فەرماندەی، گەیشتۆتە دیانا و بەشداریی ڕاپەڕینی کردوە. ساڵی ١٩٩٢ کراوە بە فەرماندەی هێزی نێروە و ساڵی ١٩٩٣ خانەنشین کراوە. دوو لە براکانی کەرەم ڕەسوڵ مەم بە ناوەکانی عەلی ڕەسوڵ ساڵی ١٩٦٣ لە خەلیفان و شاکر ڕەسوڵ لە ١٩٨٨ لە شەڕی خواکورک شەهید بوون. ناوبراو بەهۆی خەبات و چالاکییەکانی ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

**- (وەرگرتنی میدالیای بارزانی بۆمن شانازییەکی هەرە گەورە بوو لە ژیانمدا و زۆری پێ خۆشحاڵ بووم.)**

## حەیدەر حوسێن حەیدەر



حەیدەر حوسێن حەیدر ناسراو بە حەیدەر شێخ مەمی ساڵی ١٩٤٧ لە گوندی شێخ مەم لە ناوچەی بامەڕنی سەربە قەزای ئامێدی لەدایک بووە. ڕۆژی ١٩٩١/١٠/٢٠ لە هێزی عەلی خەلیل لە دهۆک بووەتە پێشمەرگە و تا ساڵی ١٩٧٥ لە ناوچەکانی دهۆک و بەرواری لەگەڵ فارس کۆرە مارکی بووە. ساڵی ١٩٧٥ بە دوای ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول چووەتە زێوە و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ بەندەر بوشهر. ناوبراو وەک خۆی دەڵێت دوای شەش مانگ شوێنەکەی بەجێهێشتوە و گەڕاوەتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە سنوری نێوان ڕۆژهەڵات و باشور و باکوردادا خۆی گەیاندوەتە ناوچەی دۆسکی ژووری و دەڵێت:

- (یەکەم بنکەی پێشمەرگەمان لەوێ داناوە و بە ناوی پارتی و بارزانی خواردن و پێداویستیمان لە بەری دۆسکی ژووروو کۆکردەوە. سەرەتا سەربەست پێداوی لە لقی ٢ی بادینان و دواتریش عەریف یاسین هاتن و ساڵی ١٩٧٧ منیان کرد بە بەرپرسی ڕێکخراو لە مەفرەزەیەکی گەڕۆکدا.)




ڕۆژی ١٩٧٩/١١/٤ بەشداریی کۆنگرەی نۆیەمی پارتی لە زێوە کردوە و ساڵی ١٩٨٠ گەڕاوەتەوە بۆ لقی یەک لە ناوچەی ئامێدی و کراوە بە بەرپرسی سەربازیی لیژنەی ئامێدی. ساڵی ١٩٨٨ بە دوای ئەنفالی بادینان‌دا چووەتە باکوری کوردستان و لە کەمپی پەنابەرانی ماردین بووە و ساڵی ١٩٩١ بە دوای ڕاپەڕیندا گەڕاوەتەوە بۆ دهۆک و بنکەیەکی لە باگێرا لە باکوری دهۆک داناوە. هەرلەو ساڵەدا کراوە بە بەرپرسی پێشمەرگەکانی بارەگای لقی یەک لە دهۆک و تا ساڵی ١٩٩٣ لەو لقەدا درێژەی بە چالاکییەکانی داوە و دواتر بەهۆی نەخۆشی و ناتەندروستی لەشی نەیتوانیوە درێژە بە خەبات بدات و خانەنشین کراوە.

حەیدەر شێخ مەمی دوو جار لە شەڕی کەلی دهۆک لە ساڵی ١٩٧٤ و شەڕی بامەڕنی بە سەختی بریندار بووە و تاقەتی پێشمەرگایەتی لێبڕاوە. کوڕێکی بەناوی ئەیاد حەیدەر حوسێن ساڵی ١٩٨٢ لە بەرەگەر لە نزیک ئامێدی شەهید بووە و ئامۆزایەک و خوارزایەکی بەناوەکانی شێخ عەبدولعەزیز حەسەن عەلی و حەسەن گەنجۆ ساڵی ١٩٦١ لە سکرین شەهید بوون. ناوبراو خاوەنی ١٣ شەهیدە و ساڵی ١٩٧٩ ڕژێمی عێراق باوک و ئەندامانی بنەماڵەکەی زیندانی کردوە. حەیدەر شێخ مەمی ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا بەهۆی خزمەتەکانی بە کورد و کوردستان و ڕێبازی بارزانی نەمر، میدالیای بارزانی وەرگرتووە. لەم بارەیەوە دەڵێت:

**- (زۆر خۆشحاڵ بووم و پاداشی ڕەنج و سەردەمی پێشمەرگایەتی خۆم وەرگرت.)**

## سلێمان ئیسماعیل جەهانگیر



سلێمان ئیسماعیل جەهانگیر ساڵی ١٩٢٧ لە گوندی "بۆتیا" لە پارێزگای دهۆک لەدایک بووە. ساڵی ١٩٥٩ چووەتە ڕیزی پارتی دیموکراتی کوردستان و ساڵی ١٩٦١ کراوە بە کادیری لیژنەی پارتی لە دهۆک. ساڵی ١٩٦٧ سەرقۆڵیی پێشمەرگەکانی ناوچەی دهۆکی پێسپێردراوە. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، ناوبراو گەڕاوەتەوە بۆ گوندەکەی و لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بۆ دیوانیە لە باشوری عێراق دوورخراوەتەوە. ساڵی ١٩٧٧ گەڕاوەتەوە بۆ ڕیزی شۆڕش و بۆ ماوەی ساڵێک کادیری ناوچەی دهۆک و دواتر بەرپرسی لیژنەی ناوچەی ئامێدی بووە. ساڵی ١٩٨٣ کوڕێکی بە ناوی مەجید سلێمان کە بەرپرسی ڕێکخراوی نهێنی جودی بووە شەهید کراوە. ڕۆژی ١٣- ١٩٨٧/٩/١٤ کوڕێکی تری بە ناوی محەمەد ساڵح سلێمان بەرپرسی لیژنەی ناوچەی ئامێدی لە شەڕی کانی ماسی شەهید و سێهەمین کوڕی بەناوی فەخری سلێمان کە پێشمەرگەی لیژنەی ناوچەی دهۆک بووە، دوای ئەنفال و کیمیابارانی ناوچەی بادینان لە ساڵی ١٩٨٨دا لەلایەن حکومەتی عێراق گیراوە و لەگەڵ حەیدەر گەرماقی و کۆمەڵێکی تر شەهیدیان کردون. لە هەمان ساڵدا سلێمان ئیسماعیل بە بنەماڵەوە دوورخراوەتەوە بۆ کۆمەڵگای "جەژنیکان" لە نزیک بەحرکە لە پارێزگای هەولێر. ساڵی ١٩٩٠ گەڕاوەتەوە بۆ دهۆک و ساڵی ١٩٩١ کەسێکی چالاک بووە لە سەرهەڵدانی گوندی ماڵتا لە نزیک دهۆک و سەرلەنوێ ئەرکی کادیری ناوچەی دهۆکیان پێسپاردوە. ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦، لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی دراوەتێ و ڕۆژی ٢٠١١/٣/١٤ کۆچی دوایی کردوە.

## عەبدولغەفور عەبدولمەجید عەبدولغەفور



عەبدولغەفور عەبدولمەجید عەبدولغەفور ناسراو بە مەلا غەفور غەلبشی ساڵی ١٩٤٧ لە گوندی غەلبش لەدایک بووە، بەڵام لە پێناسەکەیدا نوسراوە ١٩٥٢. کوڕی مامۆستا مەلا مەجید یەکێک لە پیاوە ئایینییە ناسراوەکانی ناوچەی بادینان و دۆستی بنەماڵەی شێخانی بارزان بووە. ساڵی ١٩٦٢ لە مەقەڕی بانکا لە چیای مەتینا کە ڕەشید ڕەسوڵ بەرپرسی بووە، چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی پارتی دیموکرات و کراوە بە بەرپرسی ئیداریی و کۆگای چەک و تەقەمەنییەکانی لەشکری بادینان کە ئەسعەد خۆشەوی فەرماندی بووە. ساڵی ١٩٧٠ کە ڕێککەوتنی ١١ی ئازار واژۆ کرا، عەبدولغەفور عەبدولمەجید عەبدولغەفور کراوە بە پاسەوانی سنوری فەوجی بامەڕنی کە سەلیم ئەسعەد خۆشەوی فەرماندەی بووە و ساڵی ١٩٧٤ گەڕاوەتەوە سەر ئەرکی پێشووی لە کۆگای چەک و تەمەنی و خواردەمەنی لە زاویتە کە دیسانیش ئەسعەد خۆشەوی فەرماندەی بووە.

ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، سەرەتا لەگەڵ باوکی لە زێوە بووە و دواتر لەسەر ئیزنی بارزانی و بەهۆی بڵاوبوونەوەی بنەماڵەکەیان لە مانگی هەشتەمی ساڵی ١٩٧٥ بە قەسری شیریندا گەڕاوەتەوە بۆ عێراق و لەوێوە ڕژێمی عێراق ئەو و باوکی گواستوەتەوە بۆ سەماوە لەوێ جێگیری کردون. ڕۆژی ١٩٨٥/٢/١٥ گەڕاوەتەوە بۆ گوندی غەلبش و ساڵی ١٩٨٥ سەرلەنوێ پێوەندیی بە ڕێکخراوی ئامێدی لە گوندی ئەرس لە سەر چیای مەتین کردوەتەوە. بەو هۆیەوە، سەرلەنوێ حکومەتی عیراق پەلاماری ماڵی باوکی داوە و دوای چەند ڕۆژ دەستبەسەر کردنی، بەهۆی پیریی ئازادی کردوە، بەڵام هەموو ماڵ و سامانەکەیان لێ ستاندون.

ساڵی ١٩٨٧ لەگەڵ مەلا مەحمود دێرشەوی یەکێتی زانایانی کوردستانیان لە لیژنەی ئامێدی دامەزراندوە و سالی ١٩٨٨ بە دوای کیمیابارانی ناوچەی بادینان پەنایان بۆ باکوری کوردستان بردوە و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ کەمپی ماردین. ساڵی ١٩٨٩ یەکێک بووە لەو کەسانەی کە لەو کەمپەدا بە حەبی ژاراوی دەرمانداو کراوە، بەڵام لە مردن ڕزگاریان کردوە. دوای چاکبوونەوەی، کەمپی ماردینی بەجێهێشتوە و چووەتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ساڵی ١٩٩١ لەگەڵ مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەرلە ڕاپەڕین گەڕاوەتەوە بۆ باشور و مەقەڕی یەکێتی مامۆستایانی ئایینی ئیسلامی لە گوندی مەزێ لە ناوچەی دیانا کردۆتەوە. هەرلە ساڵی ١٩٩١دا لەگەڵ هاوسەر و منداڵەکانی چووەتە دهۆک و لەگەڵ ژمارەیەک مەلای تر لەوێ لقی یەکێتی مامۆستایانی ئایینی ئیسلامی داناوە و لەو یەکێتییەدا بە ئەندامی هەیئەتی ئیداری هەڵبژێردراوە و دواتر کراوە بە ئیمامی جەماعەتی ناوچەی بەڕۆشکی دهۆک.

ساڵی ١٩٩٩ ڕێکخراوی ئایینی سەربە لقی یەکی دهۆکی پێکهێناوە و تا سالی ٢٠٠٣ بەرپرسی ئەو ڕێکخراوەیە بووە. لەو ساڵەدا کراوە بە کادیری ناوچەی دهۆک و ئیمامی جەماعەت و هەتا ئێستاش لە یەکێتی زانایانی ئیسلامدا ماوەتەوە. ڕاوێژکاری یەکێتی مامۆستایانی ئایینی ئیسلامە لە دهۆک و لە هەولێر ئەندامە لە لقی یەکێتی مامۆستایانی ئایینی ئیسلام. عەبدولمەجید عەبدولغەفوری باوکی شەهیدی پارتییە و بۆخۆشی ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتیدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (بەرزترین خەڵاتی ڕێزلێنانم وەرگرتووە و ئەوە جێگەی شانازی منە و لە هەموو شتی دنیا بۆم بە نرخترە.)

## جەعفەر مستەفا مەعروف



جەعفەر مستەفا مەعروف ناسراو بە شێخ جەعفەری جامانەسورە ساڵی ١٩٥٧ لە گوندی سرۆچک لە پارێزگای سلێمانی لەدایک بووە. ساڵی ١٩٧٠ لە ڕیزی یەکێتی قوتابیانی کوردستاندا بووە و دوای خوێندنی ئامادەیی لە ساڵی خوێندنی ١٩٧٩- ١٩٨٠ لە زانکۆی ئەهلیی کۆیە و سلێمانی وەرگیراوە بڕوانامەی زانستی سیاسی وەرگرتووە. ساڵی ١٩٨٦ کراوە بە کارگێڕی لقی یەکێتی قوتابیانی کوردستان و یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان لە سلێمانی. ساڵی ١٩٨٠ لە ناوچەی چوارتا چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکان و ساڵی ١٩٨١ کراوە بە فەرماندەی کەرت و ساڵی ١٩٨٣ بووەتە ئەندامی کارگێری ناوچە و ساڵی ١٩٨٨ جێگری بەرپرسی ناوچە و کارگێڕی لقی چوار بووە. ساڵی ١٩٩١ بەشداریی کردوە لە ڕاپەڕیندا و بەرلە ڕاپەڕینەکە نامەی سەرۆکی پارتی بە کەسایەتییەکان و سەرۆک جاشەکان گەیاندوە کە بەشداریی بکەن لە ڕاپەڕیندا و لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (لە ڕاژان نزیکەی ٦٠٠ نامەی جەنابی سەرۆکمان وەرگرت و لەگەڵ پێشمەرگەکانی لقی چوار گەیاندمانە ناوچەی سلێمانی و لەنێوان پیاو ماقوڵان، کەسایەتییەکان و مستەشارەکاندا بڵاومان کردەوە کە بەشداریی بکەن لە ڕاپەڕینی چاوەڕوانکراودا. ئەو مستەشارانەی لە سنوری نەسر، عەرەبەت، زەڕاین و بەرزنجەدا ئێمە نامەمان پێگەیاندن بریتی بوون لە: خدری ڕەشەی بەحری، یونس گوڵانی، حەمەخانی حاجی دارا، شێخ محەمەد باکسی، سەید ئەحمەد بەرزنجی، شێخ عەلی سیرینی، حەمەی حەمە ساڵەی بەرزنجە.)



ساڵی ١٩٩٢، بە دوای پێکهاتنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە مانگی ١٢ی ١٩٩٢دا پۆستی قایمقامی پێنجوێن بە شێخ جەعفەری جامانەسورە دراوە و ساڵی ١٩٩٥ گواستراوەتەوە بۆ پۆستی قایمقامیەتی هەڵەبجەی شەهید و دواتریش لە ساڵی ٢٠٠٢-٢٠٠٥ قایمقامی ئاکرێ بووە. لە خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستاندا بە نوێنەرایەتی خەڵکی هەڵەبجەی شەهید بووەتە ئەندام پەرلەمان لە لیستی زەرددا و لە ٢٠١٢/١٠/١٨وە هەتا ئێستا بەرپرسی لقی ١٥ی خانەقینە.

پارتی دیموکراتی کوردستان بە نامەی ڕۆژی ١٩٨٤/٧/٢٩ کە مەسعود بارزانی لە پلەی سەرۆکی پارتیدا واژۆی کردوە، ئەم سوپاسنامەیەی خوارەوەی ئاراستەی جەعفەر مستەفا مەعروف کردوە:

پارتی دیموکراتی کوردستان – عێراق

مەکتەبی سیاسی ژمارە ٦٩٥٤ ڕۆژی ١٩٨٤/٧/٢٩

لەسەر پێشنیاری لیژنەی پشکنینی ناوەندی، بە ناوی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی و بە ناوی خۆمەوە سوپاسی چالاکی و نەبەزیتان دەکەم ئەی هەڤاڵی خۆشەویست بەتایبەتی بۆ دەوری دیار و پڕلە مانای قارەمانیەتی کە بۆ پشتگیری جەماوەری شاری سلێمانی لە ڕاپەڕینەکەیدا نوانتان لێرەدا ئێوە و هەڤاڵە بەشدارەکانی هەموو ئەو مەفرەزە پاڵەوانانەی لە ناوەڕاست و کۆتایی مانگی ئایاری ١٩٨٤ چوونە ناو شاری سلێمانیەوە و لە موڵگاکانی دوژمنتان دا و گیانتان خستە سەر لەپی دەستتان و ئامادە بوون بۆ بەختکردنی لە پێناوی نەتەوە چەوساوەکەمان جێگای تقدیر و شانازی ئێمەن. هیوادارین هەمیشە سەرکەوتوو بن و جێگای دەستتان دیار بێت.

ئیتر بۆ پێشەوە مەسعود بارزانی

سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان - عێراق

جەعـفـەر مسـتـەفا مەعـروف چـوار جـار لـە شــەڕەکاندا بریـنـدار بـووە. لـەم بارەیەوە دەڵێت: (ساڵی ١٩٨٣ لە چنارەی شارباژێر، ساڵی ١٩٨٧ لە چنارەی باساک، ساڵی ١٩٨٧ لە قەرەداغ لە بازیان و ساڵی ١٩٩١ لە بارەگای ناوچە لە چوارتا بریندار بووم و دوو براشم بە ناوەکانی سلێمان لە مانگی ١٢ی ساڵی ١٩٨٣ و ئارام لە ساڵی ١٩٩٠دا لە سلێمانی شەهید بوون. هەروەها باوکم بەناوی مستەفا مەعروف ساڵی ١٩٩١ لە کۆڕەوەکەدا لە شاری مەریوان شەهید بوو. جگە لەوانە پێنج جاریش ماڵم تالآن کراوە.)

جەعـفـەر مسـتـەفا مەعـروف بەشـداریی کۆنگرەکـانـی ١٠، ١١ و ١٢ی پـارتـی دیمـوکراتـی کـردوە و بـەهـۆی خـەبـات و چالاکییەکـانـی، ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتوە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (زۆری پێخۆشـحاڵ بـووم و چـونکە لە سـاڵی ١٩٨٠- ١٩٩١دا وەک خەباتکارێکی ڕاستەقینە خۆم ناسی و وەرگرتنی میدالیای بارزانی بە مافی خۆم دەزانم و سوپاسی سەرۆک مەسعود بارزانی و سەرکردایەتی پارتی دەکەم.)

## هەمزە عومەر هەمزە



هەمزە عومەر هەمزە ناسراو بە حاجی هەمزەی قامیشی ساڵی ١٩١٧ لە گوندی قامیش لە ناوچەی شینکایەتی سەربە قەزای ماوەت لە دایک بووە. ساڵی ١٩٥٩ چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی هێزی بەرگری نەتەوەیی قامیش و ساڵی ١٩٦١ لە لقی چواری بەتالیۆنی هەشتەم لە هێزی خەباتدا بووەتە پێشمەرگە. ساڵی ١٩٦٢ کە بارزانی پەڕیوەتەوە بۆ ناوچەی سۆران، بەشداریی کردوە لە چەککردنی پێگەکانی ماوەت و باسنێ دا و هەرلەو ساڵەدا ئەرکی سەرپەلی نۆیەمی پێشمەرگەکانی ئەو ناوچەیەی دراوەتێ.

ساڵی ١٩٦٣ بە فەرماندەیی عەبدولوەهاب ئەتروشی بەشداریی کردوە لە شەڕەکانی چیای ئەزمەر و قەیوان. ساڵی ١٩٦٦ کراوە بە سەرلق لە هێزی خەباتدا و لە شەڕەکانی سەرتک، بەمۆ، پەرویزخان و عەربەتدا بەشدار بووە. ساڵی ١٩٧٠ بە دوای ڕێککەوتنی ١١ی ئازاردا، هەمزە عەبدوڵا کراوە بە پاسەوانی سنوری سفرە و گەڵاڵە لە ناوچەی شینکایەتی لە قامیش. ساڵی ١٩٧٤ کە ڕژێمی عێراق بە دژی گەلی کورد شەڕی هەڵایساندەوە، لەگەڵ لقەکەی بەشداریی شەڕەکانی گەروی عومەرئاغا و سەرتیزی کردوە.

ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، حاجی هەمزەی قامیشی لە چوون بۆ ئێران خۆی پاراستوە و لە سنوری نێوان باشور و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ماوەتەوە و ساڵی ١٩٧٦ کە شۆڕشی گوڵان ڕاگەینرا، محەمەد قادر عەبدوڵا "دوکتۆر کەمال کەرکوکی" بە ڕاسپاردەی مەلا مستەفا بارزانی پێوەندیی پێوە کردوە و ناوبراو گەڕاوەتەوە بۆ قامیش و لەوێوە بە مەفرەزە لە ناوچەی شاربازێڕ و دۆڵی جافەتی جەولەی کردوە. لەو ساڵەدا ڕژێمی عێراق

هاوسەرەکەی و کوڕێکی بەناوی محەمەد گرتوە و بردونی بۆ زیندانی سەماوە و ئەبوغەریب و دوای هەشت مانگ بە لێبوردنی گشتی ئازادی کردون.



لەنێوان سالانی ١٩٧٨- ١٩٩٠دا حاجی هەمزەی قامیشی بەردەوام بووە لە خەباتی ڕێکخستن و کۆکردنەوەی خەڵک لە دەوری پارتی دیموکرات و ساڵی ١٩٩١ بەشداریی کردوە لە ڕاپەڕینی خەڵکی سلێمانی و بە دوای سەرکەوتنی ڕاپەڕینەکەدا کراوە بە فەرماندەی بەتالیۆنی ٤٦ی لقی ٤ی پارتی دیموکرات لە سلێمانی و ساڵی ١٩٩٤ کادیری لیژنەی ناوچەی ماوەت بووە. ساڵی ١٩٩٦ لە شەڕی ناوخۆدا گوندەکەی بەجێهێشتووە و لە هەولێر گیرساوەتەوە و لەوێ کراوە بە ئەندامی مەکتەبی کۆمەڵایەتی لقی چوار. ساڵی ٢٠٠٢ بەدوای ئاشتی گشتی لە کوردستاندا گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی.

حاجی هەمزە بەشداریی کۆنگرەکانی ١٢ و ١٣ی پارتی دیموکراتی کردوە و ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦، لە کۆنگرەی ١٣دا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و ڕۆژی ٢٠١٣/٢/١٧ بە نەخۆشی شێرپەنجە کۆچی دوایی کردوە. بە وتەی دڵشاد هەمزەی کوڕی، باوکی ڕۆژی وەرگرتنی میدالیای بارزانی زۆر خۆشحاڵ بووە و گوتویەتی:

**- (کوڕم وەک ئەوە دەچێت کە تازە لەدایک بووبم و زۆر شانازی بە بارزانی و میدالیای بارزانی دەکەم.)**

## ئیبراهیم محەمەدئەمین ئەمین



ئیبراهیم محەمەدئەمین ئەمین ساڵی ١٩٤٣ لە گوندی "کەورت" لە ناوچەی ناوپردان لەدایک بووە. یەکێک بووە لەو پێشمەرگانەی کە ساڵی ١٩٦١ قشڵەی گەڵاڵەیان چەککردوە. ساڵی ١٩٦٢ کە بارزانی لە بادینانەوە پەڕییەوە بۆ سۆران و ساڵی ١٩٦٤ ماڵی لە گوندی دێرێ دانا و دواتر لە ساڵی ١٩٦٥دا گواستییەوە بۆ دیلمان، خۆی چووە لای ئیبراهیم محەمەد و داوای لێکردوە ئیزنی پێبدات ماڵەکەی لە دێرێوە بگوازێتەوە بۆ دیلمان. بارزانی ناوی کوێخا لەسەر ئیبراهیم محەمەد ئەمین دادەنێ و لێی دەپرسێ: (ئێمە دەمانەوێ بێین بۆ لای تۆ ئایا من ڕادەگری؟) لەم بارەیەوە کوێخا برایم دەڵێت:

- (سەرۆک بارزانی هات بۆ دیلمان و گوتی: "ئێمە دەمانەوێ بێین بۆ لای تۆ ئایا من ڕادەگری؟" منیش گوتم پێیەکانتان لەسەر چاومان، تا تۆ هەبی کەی من خاوەن ماڵم. بەم جۆرە بارزانی بە بنەماڵەوە تەشریفی هێنا بۆ دیلمان و تەنانەت شایی گواستنەوەی هاوسەری سابیر و شێخ نیهاد لەوێ کرا. بارزانی هاوینان لە حاجی ئۆمەران دەمایەوە و بە زستانیش دەگەڕایەوە بۆ دیلمان و نزیکەی دە ساڵ لەوێ پێکەوە بووین.)



سـالّی ١٩٧٥ کە شۆڕشـی ئەیلـول ڕاوەسـتا، کوێخـا بـرایم لە گوندەکەیـدا دەمێنێـتەوە، کەچـی دوو فەوج لە سـوپای عێراق دەرژێنە گوندەکەی و کوێخا برایم و هاوسـەر و سـێ کـوڕی دەگـرن و لەگەڵ خۆیـان دەیـبەن بـۆ هەولێـر و لەوێـوە سـەرەتا ڕەوانەی عیمادیەیـان دەکەن و دواتر دەیانگوازنەوە بۆ حللە و بۆ ماوەی سالێک ئەو و سەعیدی کوڕی لە زینـدان دەکەن. دوای ئـازادبوونی لە زینـدان دەیەوێـت بگەڕێـتەوە بـۆ دیلمـان، بەڵام شۆفیری ئە ئوتۆمبیلەی لەگەڵیـان بـووە، کۆێخا برایم دەناسێتەوە و پێـی دەڵـێ کە دیلمان چۆلکراوە و هاوسەر و منداڵەکانت لە کۆمەڵگـای "پیـرزین" لە نزیـک هەولێـرن. کوێخـا ئیبـراهیم دەچێـتە ئەو کۆمەڵگایە.

لەگەڵ هەڵگیرسانی شەڕی هەشت ساڵە لەنێوان عێراق و ئێران لە ساڵی ١٩٨٠دا، کوێخـا بـرایم لە کۆمەڵگـای پیـرزین ڕادەکـات و دەگەڕێـتەوە بـۆ دیلمان، بەڵام ساڵی ١٩٨٣ سەرلەنوێ گوندەکەی چۆل دەکەن و کوێخا برایم ڕادەکات بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بۆ ماوەی پێنج ساڵ لە گوندی لاوێن لە نـاوچەی پیرانشـار دەمێنێـتەوە و سـاڵی ١٩٩١، بە دوای ڕاپەڕینـی خەڵکـی شارەکانی باشوری کوردستاندا، دەگەڕێتەوە سەر شوێنی خۆی و هەتا ئێستا لە دیلمانە. گویخا برایم بەهۆی خزمەتەکانی بە شۆڕشی کوردستان ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦ لە کـۆنگرەی ١٣ی پـارتی دیموکراتـدا میـدالیای بـارزانی وەرگرتووە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

**- (من زۆر سوپاسی سەرۆک مەسعود بارزانی دەکەم کە گەورەترین خەڵاتی دنیای بەمندا. من خۆم بە قەرزداری سەرۆک مستەفا بارزانی و بنەماڵە بەرێزەکەی دەزانم و قەت ئەو ڕۆژانەم لەبیر ناچێت کە لە خزمەت سەرۆک مستەفا بارزانی و بنەماڵەکەیدا بووم.)**

## عەبدولکەریم فەرحان عەبدوڵا



عەبدولکەریم فەرحان عەبدوڵا کەشانی ساڵی ١٩٥٢ لە گوندی کەشان لە ناوچەی ئامێدی لە دایک بووە، ساڵی ١٩٧٣ چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی هێزی ئامێدی سەربە لەشکری یەکی بادینان کە سەلیم ئەسعەد خۆشەوی فەرماندەی بووە. تا ساڵی ١٩٧٥ لەو هێزە بووە و دوای ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول گەڕاوەتەوە گوندی کەشان. ڕۆژی ١٩٧٦/٦/٦ بە تۆمەتی کوژرانی سەربازێک گیراوە، بەڵام کاتی گواستنەوەی بۆ "باتوفا" لە دەست پاسەوانەکان ڕایکردوە و هەرچەندە بە تەقەی ئەو پاسەوانانە لاقی ڕاستەی بە سووکی بریندار بووە، بەڵام خۆی گەیاندوەتە باکوری کوردستان و چووەتە گوندی "بێجۆ". دوای دەرمان کردنی برینەکەی لەوێوە چووەتە لای پێشمەرگەکان لە گوندی بیرمان و چیای کۆماتە و بۆ ماوەی پێنج ساڵ فەرماندەی مەفرەزەی سەرکردایەتی کاتی پارتی دیموکرات بووە. دوای کۆنگرەی نۆیەمی پارتی لە ١٩٧٩دا، ساڵی ١٩٨٠ ڕەوانەی گوندی مەرگە کراوە. ساڵی ١٩٨٨ کە شەڕی نێوان عێراق و ئێران ڕاوەستا، سوپای عێراق پەلاماری ناوچەکەیان دەدات و لەم بارەیەوە دەڵێت:




- (ئێمە و ٣٠٠ کەسی تر بە ماڵ و منداڵەوە ڕوومان لە ئێران کرد و دوای شەش مانگ لەوێ و ڕێکخستنەوەی نوێی پارتی گەڕاینەوە بۆ قەندیل و لەوێوە چووینەوە بۆ ناوچەی زاخۆ و لە ناوچەکانی زاخۆ، دهۆک و ئامێدی فەرماندەی مەفرەزە و بەرپرسی ڕێکخراوی لەشکر بووم، بەڵام لە ئەنفال و کیمیابارانی بادینان‌دا، لەگەڵ پێشمەرگەکان و بەشێک لە خەڵکی ناوچەکە کە خۆی لە هەزار کەس دەدا، خۆمان گەیاندە باکوری کوردستان و لەلایەن حکومەتی تورکیاوە ڕەوانەی کەمپی پەنابەرانی ئامەد کراین.)

ساڵی ١٩٩١ کە سەرهەڵدان کرا، عەبدولکەریم فەرحان دەگەڕێتەوە بۆ باشوری کوردستان و لە ڕێکخراوی نوێی پارتیدا دەکرێت بە فەرماندەی فەوج و ساڵی ١٩٩٣ دەبێت بە جێگری بەتالیۆن و لە لەشکری یەکگرتووی پارتی دیموکرات و یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا دەکرێ بە جێگری فەرماندەی بەتالیۆن و دواتر ئەرکی فەرماندەی بەتالیۆن و بەرپرسی عەمەلیاتی سوپای ١٨ی پێدەسپێرن.

عەبدولکەریم فەرحان بەشداریی چەندان شەڕی پێشمەرگایەتی کردوە. لەناو ئەو شەڕانەدا دەکرێ ئاماژە بۆ چەند دانەیان بکەین وەک: شەڕی زەمبیل فرۆش کە لەودا زیانێکی زۆریان بە دوژمن گەیاندوە لە ساڵی ١٩٨٠ و چەککردنی پێگەی گوندی "زرێزە" و شەڕی شەڕانش کە لەودا ٨٧ چەکداریان بەدیل گرتووە و لە شەڕی "بێبادی"دا فەرماندەی عەمەلیات بووە. شەڕی لێفێ لە ساڵی ١٩٨٤دا کە بۆ ماوەی حەوت ڕۆژ بەردەوام بووە و چەککردنی پێگەی ناحیەی دێرەلۆک و بەدیل گرتنی ٧٠٠ کەس لە ساڵی ١٩٨٨ و هەروەها چەککردنی فەوجی "دێمکا" و بەدیل گرتنی ١١٤ چەکدار کە لەو شەڕەدا فەرماندەی عەمەلیات بووە. سێ جار لەو شەڕانەدا بە سووکی بریندار بووە. عەبدولکەریم فەرحان بەهۆی خزمەتەکانیەوە ڕۆژی

٢٠١٠/١٢/١٦ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی پێبەخشراو و لەوبارەیەوە دەڵێت:

- (گەلێک خۆشحاڵ بووم بەوەرگرتنی میدالیای بارزانی لە دەست سەرۆک مەسعود بارزانی و بەڵێنی خۆم دووپات کردوە کە خزمەتکاری کورد و کوردستان و ڕێبازی بارزانی نەمر بم.)

## زکری حەبیب تەمەر سەعدوڵا



زکری حەبیب تەمەر سەعدوڵا ناسراو بە زکری نێروەیی ساڵی ١٩٤٢ لە گوندی دووتازا لە ناوچەی ئامێدی لەدایک بووە. خوێندنی دواناوەندیی لە ئامێدی تەواو کردوە و ساڵی ١٩٥٩ لەلایەن مەلا ئەحمەد سەلام کە پێشتر ئەندامی کۆمەڵەی هیوا بوو، لە ڕێکخراوی پارتی دیموکراتدا وەرگیراوە و دەڵێت: (ڕۆژی ١٩٦١/٦/١١ بارزانی نەمر هاتە ناوچەی نێروە و لە گوندی "کارە" لەگەڵ مەلا ئەحمەد و خەڵکی گوندەکە بە خزمەتی گەیشتم و لەوێوە لەگەڵ مەلا ئەحمەد و بارزانی بەرەو ناوچەی بەرواری ژووروو پەڕینەوە، لە کانی ماسی شەڕێک هەڵگیرسا و سێ کەس لە ئێمە بە ناوەکانی عەلی عەباس، هادی بەگ و شەریف شەهیدبوون و ڕەمەزان حەسەن بە بریندارى کەوتە دەست دوژمن، بەڵام بە یارمەتی موحسین بەگ گیانی پارێزرا و نەیانکوشت و ساڵی ١٩٦٣ لەسەردەمی عەبدولسەلام عارف و وتووێژی نێوان حکومەت و شۆڕشدا ئازادیان کرد.)

زکری نێروەیی ساڵی ١٩٦٢ لە چەککردنی قشڵەی ڕایاتدا بەشدار بووە و بەشداریی شەڕەکانی گۆمەئەسپان و سپیندارێی لە ناوچەی خۆشناوەتی کردوە. هەروەها وەک خۆی دەڵێت لەگەڵ مەلا ئەحمەد، حەجی بێروخی، ئەحمەد مستێ و مشیر ئاغا ڕوقی بە فەرمانداندەیی مەلا شینی بێدارونی بەشداریی شەڕی لۆمانای کردوە و لەو شەڕەدا چەند بارهەڵگری سەربازی و کۆمەڵێک کەلوپەل و فیشەکیان دەستکەوت بووە.




ساڵی ١٩٦٣، گواستراوەتەوە بۆ لەشکری بادینان و تا ساڵی ١٩٦٨ لەلای ئەسعەد خۆشەوی ماوەتەوە، بەشداریی شەڕەکانی ناوچەی بادینانی کردوە و لەو ساڵەدا بۆ ماوەی چل ڕۆژ لەلای مامۆستایەکی خەڵکی کەرکوک بەناوی هوشیار لە گەڵاڵە خولی بێتەلی بینیوە و فێری کارکردن بە مۆرس و نهێنییەکانی بێتەل بووە. هەرلەو ساڵەدا گەڕاوەتەوە لای ئەسعەد خۆشەوی و لە بارەگای هێز لە گوندی شەهێ لە ناوچەی بەرواری ژووروو بووە.

ساڵی ١٩٧٠ کە ڕێککەوتنی ١١ی ئازار واژۆ کرا، زکری حەبیب تەمەر سەعدوڵ کراوە بە پاسەوانی سنور و ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، چووەتە شنۆ و لەوێوە گواستویانەتەوە بۆ سەراو و نیلوفەری کرماشان. لە کۆتایی ئەو ساڵەدا کە هێشتا بارزانی لە نەغەدە بووە، لەگەڵ حەفیزولا عادل، ڕەمەزان حەسەن، خورشید سدیق، ڕەمەزان ڕەشید، موحسین حەبیب و ژمارەیەکی تر کە بە گشتی ١٧ پەنابەر بوون بە قاچاخی گەڕاوەتەوە بۆ نەغەدە و لەوێوە بە سنوری باکوری کوردستاندا خۆیان گەیاندوەتەوە گوندی دووتازا و وەک خۆی دەڵێت ١١٢ کەسیان لە بنەماڵەی خۆیان و پێشمەرگەکان گەیاندوەتە زێوە و لەوێوە گواستراونەتەوە بۆ تەورێز.

ساڵی ١٩٧٩ بەشداریی کردوە لە چالاکییەکانی شۆڕشی گوڵان و کوردە پەنابەرەکانی نیشتەجێی تەورێزی لە ڕێکخراوێکدا کۆکردۆتەوە و لەو ساڵەدا بە نوێنەرایەتی ڕێکخراوەکەیان بەشداریی کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکراتی کردوە. ساڵی ١٩٨٠ لەلایەن سەرکردایەتی نوێی پارتی کراوە بە بەرپرسی مخابرەی هێزی بارزان و مێرگەسور کە دوکتۆر سەعید ئەحمەد بەرپرسی بووە. ساڵی ١٩٨٣ سەرلەنوێ خولێکی بێتەل و مۆرسی بۆ ماوەی شەش مانگ لە ڕاژان بینیوە و تا ساڵی ١٩٨٨ و دوای شەڕی خواکورک و کیمیابارانی ناوچەی بادینان لە قواتی بارزان بەرپرسی بێتەل بووە و لەو

ساڵەدا گەڕاوەتەوە بۆ ڕاژان و لەوێ لەسەر بێتەڵی بارەگای مەکتەبی سیاسی کاری کردوە.

ساڵی ١٩٩١، لەگەڵ ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی گەڕاوەتەوە بۆ ڕەواندز و دواتر تا ساڵی ١٩٩٣ لە مەسیف سەلاحەدین بووە. لەو ساڵەدا بەهۆی نەخۆشی ڕەوانەی ورمێ کراوە و بۆ ماوەی پازدە ڕۆژ لە نەخۆشخانەی تاڵەقانی لەژێر چاودێریی دوکتۆراندا بووە. ساڵی ١٩٩٧ هاوسەر و منداڵەکانی گەڕاندوەتەوە بۆ کوردستان و لەو ساڵەدا کراوە بە بەرپرسی مخابرەی لقی ٩ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئاکرێ و هەتا ئێستا لە ئەرکەکەیدا بەردەوامە.

سێ لە ئامۆزاکانی زکری نێروەیی لە شۆڕشەکانی ئەیلول و گوڵاندا شەهیدبوون کە ناوەکانیان بریتییە لە: عەلی عادل تەمەر لە ١٩٦٥ لە ئامێدی، عەبدولستار مستەفا تەمەر لە ١٩٨٣ لە قەدش و فەرحان مستەفا تەمەر لە ١٩٩٢ لە چیای گارا. ناوبراو بەهۆی خزمەتەکانیەوە ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (بە ڕادەی دنیا پێی گەورە بووم. هەموو خەباتی ڕابردووم هاتەوە بەرچاو و هەموو ئازارەکانم لەبیر کرد.)

## دەشی زیا یوحنا



دەشی زیا یوحنا کوڕی قەشە زیا ساڵی ۱۹۵۲ لە گوندی "درگنی" لە ناوچەی نهێل سەربە قەزای ئامێدی لەدایک بووە. باوک و باپیری بەشداریی بزوتنەوەکانی ۱۹۳۲ و ۱۹٤٥یان کردوە. قەشە زیای باوکی لە پەیڕەوانی بارزانی و دامەزرێنەری ڕێکخراوی پارتی دیموکرات بوو لە ناوچەی نهێل لەناو کریستیانەکاندا و ساڵی ۱۹٦۱ کە شۆڕشی ئەیلول هەڵگیرسا، ناوبراو ماڵەکەی خۆی کرد بە بارەگای پێشمەرگەکان و کادیرێکی لێهاتووی پارتی دیموکرات بووە.

دەشی ساڵی ۱۹٦۹ چووەتە ڕیزی یەکێتی قوتابیانی کوردستانەوە و ساڵی ۱۹۷۱ بەشدار بووە لە کۆنگرەی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە سلێمانی. ساڵی ۱۹۷٤ لەگەڵ محەمەد حەسەن ڕێکانی بەڕێوەبەری خوێندنگەی قوباد، خەڵکیان هانداوە کە بە گەڕانەوەی سوپا و جاشەکان بۆ ناوچەکەیان، خۆیان ئامادە بکەن. ساڵی ۱۹۷٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا لەگەڵ باوکی لە گوندەکەیان ماوەتەوە و چاوەڕوانی فەرمانی حیزب بوون کە چۆن هەڵوێستێک بگرن، بەڵام وەک خۆی دەڵێت نامەی ئەسعەد خۆشەوییان درەنگ پێگەیشتوە.

ساڵی ۱۹۷٦، دەشی پێوەندیی بە شۆڕشی گوڵانەوە کردوە و ساڵی ۱۹۸۲ کراوە بە بەرپرسی نهێنی ڕێکخراوی شەهید ئەحمەد حوسێن کە دواتر ناوی کراوە بە ڕێکخراوی "گەوەڕ" لە ناوچەی ئامێدی، لەگەڵ ئەوەشدا بەرپرسی هێزی بەرگری میللی ناوچەی نهێل بووە. لە مانگی گوڵانی ساڵی ۱۹۸۳، بە فڕێدانی نارنجۆکێک لەلایەن پیاوانی سەربە ڕێکخراوی هەواڵگریی "ئەمن"ی عێراق، باوکی و هاوسەرەکەی شەهید و کچ و کوڕێکیشی بریندار بوون.



ساڵی ١٩٨٤ لە بارەگای لقی یەکی دهۆک کە ڕەمزی شەعبان بەرپرسی بووە، ئەرکی نوسینی نامە نهێنییەکانی لقی پێسپێردراوە و ساڵی ١٩٨٨ کە ناوچەی بادینان ئەنفال و کیمیاباران کرا، دەشی پەڕیوەتەوە بۆ دیوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ساڵی ١٩٩١ سەرلەنوێ گەڕاوەتەوە بۆ باشور و بەشداریی کردوە لە ڕاپەڕیندا. ساڵی ١٩٩٢ ئەندامی لیژنەی ئامێدی بووە و ساڵی ١٩٩٤ کراوە بە سەرۆکی شارەوانی سەرسەنگ لە قەزای ئامێدی.

لە ساڵی ٢٠٠١، ئەندامی لیژنەی ناوچەی مانگێشک، سەربە لقی یەکی دهۆک و ساڵی ٢٠٠٤ ئەندامی بەشی ڕێکخستنی لقی یەک بووە. ساڵی ٢٠٠٥ لەگەڵ دامەزراندنی لقی ١٨ی پارتی دیموکرات لە ئامێدی، کراوە بە کارگێڕی لقی ١٨ و ساڵی ٢٠١٣ گواستراوەتەوە بۆ لقی یەک و پۆستی ڕاوێژکاری لقی یەکیان پێسپاردوە. دەشی بەشداریی کۆنگرەکانی ٩، ١٠ و ١١ی پارتی دیموکراتی کردوە و ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦ لە کۆنگرەی سێزدەی پارتی دیموکراتدا بەهۆی خزمەتەکانیەوە میدالیای بارزانی وەرگرتوە. سەبارەت بە وەرگرتنی ئەو میدالیایە دەڵێت:

- (لە خۆشیان خەریکبوو جەڵتە بکەم. زۆر خۆشحاڵ بووم کە پاداشی خزمەتی خۆم و بنەماڵەکەم بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی نەمر وەرگرت. کاتی وەرگرتنی میدالیا لە دەست سەرۆک مەسعود بارزانی گوتم من میدالیای بارزانیم لە دەستی بەڕێزتان وەرگرت و لەلایەن ئێوەوە پێشکەش بە شەهیدانی بنەماڵەکەمی دەکەم و زۆر سوپاس. خۆشحاڵم کە لە پارتی دیموکراتی کوردستاندا جیاوازی لەنێوان ئایینەکاندا نییە و بە حەقیقەت دەڵێم ئەوکاتە لە کوردستان کە مەلا مستەفا هاتە ناوچەکەمان، مەسیحییەکان لە دەست دز و جەردە و تالان ڕزگاریان بوو.)

## سەبریە ئەسعەد ڕسقۆ ئیسماعیل




سەبریە ئەسعەد ڕسقۆ ئیسماعیل ناسراو بە "سەبریە هەکاری" ساڵی ١٩٤٨ لە دهۆک لەدایک بووە. ساڵی ١٩٦١ بە هاندانی شەعبان بەرواری هاوسەری کە لە بەنداوی دەربەندیخان کاری کردوە و ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە، چووەتە ڕیزی پارتی دیموکراتەوە. هەرلەو ساڵەدا کە شۆڕشی ئەیلول هەڵگیرسا، سەبریە گەڕاوەتەوە بۆ دهۆک و لە ڕێکخراوی نهێنی سەربە لقی یەکی پارتیدا هاوکاریی پارتی دیموکراتی کردوەو ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ مێردەکەی چووەتە سولاف و ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، گەڕاونەتەوە بۆ دهۆک و لە ڕێکخراوی "شەفەق"دا کە مستەفا مزوری بەرپرسی بووە، درێژەی بە خەباتی نهێنی داوە و لە ساڵی ١٩٧٦دا بەهۆی مستەفا مزورییەوە، پێوەندیی بە شۆڕشی گوڵان و جەوهەر نامیق سالمەوە گرتووە.

لە مانگی ٦ی ساڵی ١٩٧٧دا هاوسەرەکەی لەگەڵ بەشێکی زۆری ڕێکخراوە نهێنیەکانی پارتی دەستبەسەر کراوە و ڕۆژی ١٩٧٧/٩/٢١ لەگەڵ سێ لە ئەندامانی نهێنی لقی یەکی دهۆک بە ناوەکانی مەحمود غلبشی، مولازم عەبدولقادر و عابد عەبدولا لە زیندانی موسڵ گوللەبارانیان کردوە. لەم بارەیەوە سەبریە هەکاری دەڵێت:

**- (ئەوکاتە ٩ منداڵم هەبوو کە یەکێک لەوان تەنیا چوار مانگی تەمەن بوو. لەبەرئەوە چووم لە بەلەدێی ئامێدی دامەزرام و لە هەمانکاتیشدا درێژەم بە پێوەندییەکانم لەگەڵ پارتیدا. شیعرم دەنوسی و لە ڕۆژنامەی خەباتدا بۆیان بڵاودەکردمەوە، دەرمانم کۆدەکردەوە و بۆ پێشمەرگەکانم دەنارد و بەیاننامە و بڵاوکراوەکانی پارتیم لە دهۆک بڵاودەکردەوە.)**

لیـژنەی نـاوچەی ئامێـدی پـارتی دیمـوکرات، بەم بـۆنەیەوە بە نـامەیەکی ڕەسمی، سوپاسی چالاکییەکانی سەبریە هەکاری دەکات. ناوبراو ساڵی ١٩٩١ کـراوە بە ئەنـدامی ڕێکخـراوی جەمـاوەری شـاری دهـۆک و لە هەمانکاتیشـدا ئەنـدامی بەرپرسـی یەکێتـی ئافرەتـانی کوردسـتان لقـی دهـۆک بـووە. سـاڵی ١٩٩٥ بەهۆی ناتەندروستی و نەخۆشیی بەردەوام کوردستانی بەجێهێشتوە و لە وڵاتـی سـوید جێگیـر بـووە و لە هەمانکاتـدا لە کـۆمەڵەی کەلتـوری شـاری یۆنشـۆپینگدا بـووەتە ئەنـدام. ڕۆژی ٢٠٠٢/٥/٤ بەشـداریی کـۆنگرەی بیستـەمی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکانی کـردوە و لەو کـۆنگرەیەدا بە ئەنـدامی کـۆمیتەی گشـتی فیدراسـیۆن هەڵبـژێـردراوە و بـۆ مـاوەی دوو سـاڵ ئەنـدامی کـۆمیتەی گشـتی بـوو. لە هەمانکاتـدا سـەبرییە هەکـاری ئەنـدامی دەسـتەی نوسەرانی گۆڤاری پەیـام بـوو لە کـۆمەڵەی یۆنشـۆپینگدا و هاوکـاریی یەکێتـی ئافرەتـانی کوردستان، سەربە فیدراسیۆنیشی دەکرد.

سـەبرییە هەکاری سـاڵی ٢٠٠٦ گەڕاوەتەوە بـۆ کوردسـتان و ئێسـتا ئەنـدامی کارگێری لقی یەکی پارتی دیموکراتە لە دهۆک. کتێبێکی شیعری بۆ منداڵان و کتێبێکیشـی بەنـاوی "ناسینی ئافرەتـانی کـورد" بڵاوکـردوەتەوە. نـاوبرا ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦ لە کۆنگرەی سێزدەی پارتی دیموکراتـدا بەهـۆی خزمەتەکـانیەوە میدالیای بارزانی وەرگرتوە و دەربارەی وەرگرتنی ئەو میدالیایە دەڵێت:

- (زۆر فەخر و شانازی پێوە دەکەم و لەسەر سەری خۆمی دادەنێم. من و هەموو ئەندامانی بنەماڵەکەم و هەموو کوردێک مافی خۆمانە بۆ کورد و کردستان خەبات بکەین و وەرگرتنی ئەو میدالیایە بۆمن جێگەی منەت نییە و من ئەرکی نەتەوەیی و نیشتمانی خۆم بەڕێوەبردوە.)

## عەزیز عەزیز میرزا



عەزیز عەزیز میرزا سندی ناسراو بە عەزۆ عەزۆ میرزا سندی ساڵی ١٩٤٥ لە گوندی قەسرۆک لە ناحیەی دەرکار لە قەزای زاخۆ لەدایک بووە. ساڵی ١٩٦٢ لە پەلی یوسف موسای خاڵیدا لە هێزی زاخۆ بە فەرماندەیی عیسا سوار بووەتە پێشمەرگە. یەکێک بووە لە پێشمەرگەکانی شەڕی چیای مەتینا لە ساڵی ١٩٦٣دا. ساڵی ١٩٦٥ بەشداریی شەڕی چیای سپی لەنێوان زاخۆ و دهۆکدا کردوە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (لەو شەڕەدا ئێمە شکاین و چوار پێشمەرگەمان بەم ناوانە شەهید بوون: تەحلۆ قاسم، نعمان محێ، حاجی جەجۆ و قاسم مەلا سمایل. مانگی چوارەمی ساڵی ١٩٦٦ عیسا سوار بەرنامەیەکی داڕشت کە بەتۆڵەی ئەو شەهیدانە بچین لە گوندی "دێرەبوون" لە سنوری نێوان باشور و ڕۆژئاوای کوردستان لە نزیک ڕووباری خابور لە پێگەی "بانی نێرگز" بدەین. لەو پێگەیەدا جگەلە هێزێکی سوپا، جاشی عەرەبی لە عەشیرەتی "بەدوو" لێبوو کە پێیان دەگوتن "فورسانی وەلید". ئێمە چووین لەو پێگەیەماندا و جگەلە کوژراوەکان، ١٨ جاش و ٩ سەربازمان بەدیل گرت، ئوتۆمبیلەکانمان سوتاند و چەک و کەلوپەلەکانمان لەگەڵ خۆمان هێنا.)

جگەلەو دوو شەڕانە، عەزۆ عەزۆ ساڵی ١٩٦٩ بەشداریی شەڕی گوندی کەمەکای لە ناوچەی دهۆک کردوە و هەتا ساڵی ١٩٧٠ و واژۆ کردنی ڕێککەوتنی ١١ی ئازار، لە پەلی یوسف موسادا بووە، بە دوای ڕێککەوتنی ١١ی ئازار گواستراوەتەوە بۆ فەوجی چوارەمی زاخۆ کە عەریف موسا شەریف فەرماندەی بووە و لەو فەوجەدا کراوە بە پاسەوانی سنوری زاخۆ.

ساڵی ١٩٧٤ خولێکی سێ مانگەی چەکی بازوکای لە زاخۆ بینیوە و دوای تەواوکردنی خولەکەی، گواستراوەتەوە بۆ پەلی عەلی محێ و بە بازوکا بەشداریی شەڕی گەلی زاخۆی کردوە و لەو شەڕەدا ڕانی ڕاستەی بریندار

بووە. دوای سارێژبوونی برینەکەی گواستراوەتەوە بۆ پەلی موسا شەریف کە ئامۆزای بووە. وەک خۆی دەڵێت پەلەکەیان ٣٠ پێشمەرگەی هەبووە و خراوەتە سەر بەتالیۆنی یەکی زاخۆ کە عەریف دەرویش فەرمانەدەی بووە. لەو پەل و بەتالیۆنەدا بەشداریی شەڕەکانی زۆزک و گەرووی عومەرئاغای کردوە و لەم بارەیەوە دڵێت:

**- (لە شەڕی گەرووی عومەرئاغادا من سەرلەنوێ لاقی ڕاستەم بریندار بۆوە. ١٦ پێشمەرگەمان لەو شەڕەدا شەهیدبوون کە برازایەکم بەناوی خەلیل سلێمان و دوو خوارزام بە ناوەکانی محەمەد ئیسماعیل و مەحمود ئیسماعیل لەگەڵ شەهیدەکان بوون. هەروەها ژمارەیەکی زۆریشمان برینداربوون کە میرزا عەزیز عەزیزی برام یەکێک لە بریندارەکان بوو.)**

لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٥دا، بەتالیۆنی یەکەم گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەی زاخۆ و بە دوای ڕاوەستانی شەڕ لە مانگی مارسدا، عەزۆ چووەتەوە گوندەکەیان. لەم بارەیەوە دەڵێت:



**- (دوای گەڕانەوەم بۆ گوندەکەمان، لە کۆتایی مانگی چواردا هێزێکی سوپا بۆ دەستگیرکردنم، هاتە سەر گوندەکەمان کە من پێمزانی و ڕامکرد، بەڵام ئەوان حەمید شەریفیان گرت. دوای دەرچوونی ئەو هێزەی سوپا لە گوندەکەمان، گەڕامەوە بۆ گوند و هاوسەر و سێ منداڵەکانم لەگەڵ خۆم بردە گوندی نێروە لە باکوری کوردستان و بە ناوچەی عەشیرەتی ژێرکی و گوندی گۆهیژۆک "گێوژ" و سنوری نێوان باشور و باکوری کوردستاندا چوومە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و شاری نەغەدە کە ئەسعەد خۆشەوی لەوێ بوو. لە نەغەدەوە گواستیانمەوە بۆ ناحیەی "بەخشداری" بردەسیر لە پارێزگای کرمان.)**

لە مانگی مارسی ١٩٧٩دا، عەزۆ لەگەڵ کۆمەڵێک پێشمەرگەی تر کە لە شارەکانی ئێرانەوە لە شنۆ کۆببوونەوە، بەشداریی ڕێوڕەسمی بەخاک سپاردنی تەرمی سەرۆک مستەفا بارزانی کردوە. بە دوای کۆتایی ڕێوڕەسمەکەدا بە ڕاسپاردەی ئیدریس بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ زێوە و لەگەڵ

کۆمەڵێک پێشمەرگەی تر کە زۆربەیان خزمی یەکتر بوون بە فەرماندەیی عەریف دەرویش بەشداریی شۆڕشی گوڵانیان کردوە و بە دوای کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکراتدا، لەگەڵ نزیکەی ١٠٠ پێشمەرگە کە ڕەشید عارف، مولازم یونس ڕۆژبەیانی، ئەکبەر حەیدەر و ژمارەیەکی تر لە بەرپرسانیان لەگەڵ بووە، چوونەتە ناوچەی قەسری شیرین و دوای شەش مانگ گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەی شنۆ. لەوێ پەلێکیان بە فەرماندەیی حەمید شەریف پێکهێناوە و خستویانەتە سەر کەرتی شنۆ کە عەلی خەلیل فەرماندەی بووە.

ڕۆژی ١٩٨٦/٨/٣ لەگەڵ مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکرات، هوشیار زێباری، عەلی خەلیل، سیداد و نیهاد بارزانی، عومەرئاغای دۆڵەمەری و...تد گەڕاوەتەوە بۆ باشوری کوردستان و لە لقی یەکی بادینان لە ناوچەی نێروە بووە. ڕۆژی ١٩٨٧/١/٣١ کە ئیدریس بارزانی کۆچی دوایی کرد، عەزۆ عەزۆ لە ناوچەی نێروە بووە و لەم بارەیەوە دەڵێت: **(بە کۆچی دوایی کاک ئیدریس بارودۆخمان تێکچوو. سەرۆک بارزانی زۆری بۆ بەپەرۆش بوو، دەیگوت: "ئیدریس بەتەنیا برای من نەبووە، بەڵکوو ڕێبەر و ڕێپێشاندەریشم بووە، بەڵام داخوا گریان و بە پەرۆشبوون بۆ ئیدریس چارەی کارەساتەکە دەکات؟" بەم جۆرە کاک مەسعود توانی بەسەر وەزعەکەدا زاڵ بێت و سوکنایی بە دڵی ئێمەشدا بێنێت.)**

ساڵی ١٩٨٨، عەزۆ گواستراوەتەوە بۆ لیژنەی ١١ی ئەیلول و کراوە بە بەرپرسی سەربازی ئەو لیژنەیە، بەڵام کاتێک لەو ساڵەدا ناوچەی بادینان ئەنفال و کیمیاباران کرا، گەڕاوەتەوە بۆ زێوە و شنۆ. ساڵی ١٩٩١، لەگەڵ عومەر عوسمان ئیبراهیم "زەعیم عەلی" بە حاجی ئۆمەران و دیانا و کەڵەکی یاسین ئاغادا ویستویانە بچن بۆ دهۆک کە لەنزیک ڕووباری خازر لەکن کەڵەک توشی شەڕ بوون و سێ پێشمەرگەیان شەهید بووە. لە دهۆکەوە چووەتە زاخۆ و لە کەرتی مەلا ڕەمەزاندا بووە و دواتر لە بەرەی کوردستانیدا کە محەمەد خالید بۆسەلی بەرپرسی سەربازیی بووە، کراوە بە ئەندامی لیژنەی سەربازیی بەرەی کوردستانی.

ساڵی ١٩٩٢، پارتی دیموکرات لە ناوچەی زاخۆ لەشکری پێکهێناوە. فەتاح گولی کراوە بە فەرماندەی لەشکری یەکی زاخۆ و عەزۆش بە جێگری. ڕۆژی ١٩٩٢/١٠/٤ لە شەڕێکدا کە پ.ک.ک بەسەر پەرلەمان و حکومەتی کوردستانیدا سەپاند، لە گوندی "پەرەخ" لە نزیک قەسرۆک لە ناوچەی زاخۆ،

گوللەیەک وەنێوان پشتسەر و ملی کەوتووە، بەڵام دەماری سەر و ملی نەبڕیوە. ساڵی ١٩٩٣ کراوە بە فەرماندەی فەوجی سێی زاخۆ و ساڵی ١٩٩٥ لە شەڕەکانی ناوخۆدا، ئەرکی فەرماندەیی فەوجی چوارەمی هەبووە و لە شەڕی کەسنەزاندا پێی چەپەی بریندار بووە. وەک خۆی دەڵێت لە مانگی پێنجەمی ئەو ساڵەدا گەڕاوەتەوە بۆ زاخۆ و کاتێک لە مانگی دەی ساڵی ١٩٩٥دا پ.ک.ک بۆ جاری دووەم شەڕی هەڵایساندەوە، عەزۆ لە شەڕی باتیڤادا بریندار بووەتەوە. بە دوای ئەو شەڕەدا باری تەندروستی تێکچووە و ساڵی ١٩٩٦ بۆ چارەسەریی برینەکانی ڕووی لە وڵاتی سوید کردوە و ئیتر نەگەڕاوەتەوە بۆ کوردستان، بەڵام بە گوێرەی توانا بەردەوام بووە لە هاوکاریی کردنی ڕێکخراوی پارتی دیموکراتی کوردستان لە شاری ئێسکیلستونا و لیژنەی پارتی دیموکرات لە ستۆکهۆڵم.

ساڵی ٢٠٠٨، عەزۆ عەزۆ بە پلەی لیوا خانەنشین کراوە و ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦، لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی دراوەتێ و لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی زۆر خۆشحاڵ بووم و تێگەیشتم کە بەرپرسانی ئێمە، لە فیکری ئێمەدان و ئێمەیان لەبیر نەکردوە. وەرگرتنی میدالیای بارزانی شەهیدەکانی بەبیرخستمەوە و دڵتەنگ بووم لەوەی کە ئەوان لەو خۆشییەدا بەشدار نەبوون.)

## سەعید قادر ئەحمەد



سەعید قادر ئەحمەد ناسراو بە سەعید کادێ ساڵی ١٩٤١ لە گوندی "کۆلەکا"ی سەربە ناوچەی بارزان لە قەزای مێرگەسور لە دایک بووە. ساڵی ١٩٦٣ لە گوندی کۆلەکا لە ناوچەی مێرگەسور چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی عومەرئاغای مێرگەسوری و ساڵی ١٩٦٤ لەگەڵ عومەرئاغا پەڕیوەتەوە بۆ ناوچەی باڵەک و پشدەر و تا ساڵی ١٩٧٠ لەو ناوچانە بووە و لە ڕەوتی ساڵانی ١٩٦٤- ١٩٧٠دا بەشداریی شەڕی "ماخووبزنان"ی لە ناوچەی سەنگەسەر کردوە.

ساڵی ١٩٧٠ کە ڕێککەوتنی ١١ی ئازار واژۆ کرا، سەعید قادر سەربە پێشمەرگەکانی بارەگای بارزانی بووە و ساڵی ١٩٧٤ بەدەستپێکردنەوەی شەڕی ڕژێمی عێراق بە دژی گەلی کورد، ناوبراو لە یەکەی تۆپخانەدا خزمەتی کردوە کە عومەر ئاغا فەرماندەی بووە و بەشداریی شەڕەکانی ناوچەی ڕەواندز و دیانای کردوە.

ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، سەعید قادر چووەتە زێوە و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ شاری بابل لە پارێزگای مازندران و دواتر بردوویانەتە کۆمەڵگای جهرم لە پارێزگای شیراز و سەرئەنجام لە ڕەفسنجان نیشتەجێیان کردوە. بەر لە کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکرات لە ساڵی ١٩٧٩، ناوبرا بەشداریی شۆڕشی گوڵانی کردوە و گەڕاوەتەوە بۆ زێوە و لە سلیڤانا کراوە بە پاسەوانی ماڵی ڕێزدار مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی. تا ساڵی ١٩٩١ و ڕاپەڕینی باشوری کوردستان سەعید قادر لەو ئەرکەیدا بەردەوام بووە و دواتر لە سەری بڵند کراوە بە پاسەوانی ماڵی سەرۆک بارزانی و هەتا ئێستاش لە سەری بڵند ماوەتەوە و درێژە بە ئەرکەکەی دەدا.




قادر ئەحمەدی باوکی سەعید و عەیوەز ئەحمەدی مامی ڕۆژی ١٩٨٥/٦/٩ لە بۆمبارانی کۆمەڵگای زێوەدا کە لەلایەن فڕۆکە بۆمبهاوێژەکانی عێراق لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆمباران کرا، شەهید بوون و ئامۆزایەکیشی بەناوی مەقسودی لە ساڵی ٢٠٠٤ لە سیدەکان شەهید بووە. سەعید کادێ بە هۆی خزمەتەکانیەوە ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتوە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (بە ڕادەیەک خۆشحاڵ بووم بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی وەک ئەوە دەچوو کە دنیایان داومێ.)

## سلێمان عەبدوڵا شەریف کورکی



سلێمان عەبدوڵا شەریف کورکی ساڵی ١٩٤٨ لە گوندی کورکی لە قەزای زاخۆ لە دایک بووە. ساڵی ١٩٦٧، لە پەلی ڕەمەزان گولی لە بەتالیۆنی عەلی عەلی لە هێزی زاخۆدا بووەتە پێشمەرگە. ساڵی ١٩٦٨ ئەرکی دۆشکەی دژەفڕینی فڕۆکەی لە هێزی زاخۆدا پێسپاردراوە و تا ساڵی ١٩٧٩ لەو ئەرکەیدا بەردەوام بووە. ساڵی ١٩٧٤ لە شەڕەکانی ناوچەی زاخۆدا لەسەر دۆشکە بووە و ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، چووەتە زێوە و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ جهرم و دواتر لە قەزوێن نیشتەجێ کراوە.

ساڵی ١٩٨٥ گەڕاوەتەوە بۆ زێوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە هێزی ئاوارەی سەربە پارتی دیموکراتدا بووەتەوە بە پێشمەرگە و بە مەفرەزە گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەکانی خرێنە و شێخان. ساڵی ١٩٨٨ لە ڕێکخراوی ١٦ی ئابدا بووە و لە شەڕی خواکورکدا بەسەختی بریندار بووە و لە ورمێ چارەسەریی بۆ کراوە. تا کۆتایی ساڵی ١٩٨٨دا پاسەوانی ئیزگەی دەنگی کوردستانی عێراق بووە.

ڕۆژی ١٩٩١/٣/١٣، لە کەڵەک بەشداریی سەرهەڵدانی باشوری کوردستانی کردوە و هەرلەو ساڵەدا بە ماڵەوە گەڕاوەتەوە بۆ زاخۆ. ساڵی ١٩٩٢ کراوە بە سەرپەل و ساڵی ١٩٩٦ لە گردی تەیران لە ناوچەی باتوفا بەمین لاقی چەپەی پەڕیوە و بۆ دەرمانکردنی ڕەوانەی ئێران کراوە، بەڵام نەیانتوانیەوە چارەی بکەن و لە ئاکامدا دوای گەڕانەوەی نەیتوانیوە درێژە بە ئەرکی پێشمەرگایەتی بدات. ساڵی ٢٠١٠، لە لەشکری کوردستاندا پلەی مقەدەمی دراوەتێ و لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦ میدالیای بارزانی وەرگرتووە.

سلێمان عەبدوڵا شەریف کورکی ئامۆزایەکی بە ناوی سوبحی عیسا شەریف لە ساڵی ١٩٨٤، لە گەلی هارونە شەهید بووە و دوو ئامۆزاشی بە ناوەکانی

سـدیق مـحـەمەد و زوبیـر خـدر لـەگەڵ دوازدە کـەسـی تـر سـاڵی ١٩٨٨ لـە گوندەکەیانـدا وەبەر کیمیابـاران کەوتـوون. بـە دوای کـۆنگرەی ١٣ی پـارتی دیموکراتدا، سلێمان عەبدوڵا بۆ چارەسەر کردنـی نەخۆشییەکەی سـەردانی ئێرانـی کـردوە و ڕۆژی ٢٠١١/١٢/٣١ لـە قـەزوێن بـە ڕووداوی ئۆتۆمبیل گیـانی لەدەست داوە.

## سلۆ خدر حەجی



سلۆ خدر حەجی ناسراو بە ئەبوو داود ساڵی ١٩٤٢ لە قەزای شێخان لە دایک بووە و یەکێکە لە پەیڕەوانی ئایینی ئێزدەی. ساڵی ١٩٥٨ لە پۆلی سییەمی ناوەندیدا لە شێخان چووەتە ڕیزی یەکێتی قوتابیانی کوردستان و ساڵی ١٩٥٩ لە ڕیزی پارتی دیموکراتی کوردستاندا وەرگیراوە. ڕۆژی ١٩٦١/١١/٤ بە تاوانی هاوکاریی کردنی لەگەڵ پارتی دیموکرات لەلایەن حکومەتی عێراقەوە گیراوە و مانگی ١٠ی ساڵی ١٩٦٣ بە زەمانەت لە زیندانی موسڵ ئازاد کراوە. بە دوای ئازادبوونیدا لە زیندان، سلۆ خدر ڕایکردوە و چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی هێزی شێخان لە "بیروباسقرێ" کە حەسۆ میرخان دۆڵەمەری فەرماندەی بووە. ساڵی ١٩٨٤ کراوە بە کارگێڕی لیژنەی ناوچەی شێخان و ساڵی ١٩٦٥ هاوکات لەگەڵ بەڕێوەبردنی ئەرکی خۆی ئەرکی لیژنەی ئابووریی هێزیشیان پێسپاردوە و ساڵی ١٩٧٤ کراوە بە کارگێڕی لیژنەی ناوچەی شێخان.

ساڵی ١٩٧٥ بە دوای ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلولدا لە شێخان ماوەتەوە و لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە گواستراوەتەوە بۆ سەماوە و وەک خۆی دەڵێت لە سەماوە بووە کە مەحمود ئێزەدی نامەیەکی بۆ ناردوە کە بگەڕێتەوە ڕیزی شۆڕشی گوڵان و ئەویش بە بنەماڵەوە لە سەماوە ڕایکردوە و گەڕاوەتەوە بۆ بەری گارێ لە ناوچەی شێخان و هاوسەر و منداڵەکانی لەوێ داناوە و بۆخۆی گەڕاوەتەوە لای پێشمەرگەکان. مەحمود بەرپرسی مەفرەزەیەکی ٢٠-٢٥ کەسیی بووە و سلۆ خدری کردوەتە جێگری خۆی لە ناوچەی شێخان و چیاکانی دەوروبەری.




ساڵی ١٩٧٩ مەحمود ئیزەدی لە بەری گارێ لە گوندی ڕدێنیا شەهید و سلۆ خدریش لای ڕاستەی سنگی بە سەختی بریندار بووە. لەم بارەیەوە دەڵێت: (**بریندار بوونەکەم هاوکات بوو لەگەڵ پێکهاتنی کۆنگرەی نۆیەمی پارتی و کەریم سنجاری کە دەچوو بەشداریی کۆنگرە بکات، منی لەگەل خۆی برد و دوای چاکبوونەوەم بەشداریی کۆنگرەی نۆی پارتی دیموکراتم کرد.**)

بە دوای کۆنگرەدا سلۆ گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەی شێخان و کراوە بە بەرپرسی لیژنەی شێخان. ساڵی ١٩٨٣ گواستراوەتەوە بۆ لقی یەک و کراوە بە کارگێڕی لقی یەک و ساڵی ١٩٨٥ لەگەڵ بەڕێوەبردنی ئەرکی خۆی، بۆ ماوەی هەشت مانگیش بەرپرسی لیژنەی ناوچەی دهۆک بووە.

ساڵی ١٩٨٧ کە مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکرات چووەتە لقی یەک لە گوندی زێوە لە ناوچەی شنگاڵ، سلۆ خدر کراوە بە بەرپرسی لقی یەک بە وەکالەت و لە هەمان ساڵدا لیژنەی ناوچەی زاخۆیان پێسپاردە. ساڵی ١٩٨٨ بە دوای ئەنفال و کیمیابارانی ناوچەی بادینان، هاوسەر و چوار کوڕ و دوو کچی لەلایەن حکومەتی عێراقەوە گیراون. ناوبراو بە ئیزنی کاک مەسعود بارزانی بە کەڵکوەرگرتن لە بەخشینی گشتی گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەی شێخان و توانیویەتی هاوسەر و منداڵەکانی ئازاد بکات.

ساڵی ١٩٩١ نێچیرڤان بارزانی دەچێت بۆ لیژنەی ناوچەی شێخان، لە گوندی بێتارینگ بە جەوهەر نەمر خدری برازای سلۆ ڕادەگەیەنێ کە بە سلۆ بڵێ، بێتەلای. لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (**ڕۆژی دوایی من چووم و چاوم بە کاک نێچیرڤان کەوت. گوتی کاک مەسعود داوای کردوی و پێویستە بچی بۆلای فازل میرانی لە زاویتە تا پێت بڵێ چی بکەیت. من چووم، کاک فازل بەرپرسی لقی یەک بوو، گوتی بچۆ بۆ گوندی شێتنە لە بەری ناوچەی مێرگەسور. من چووم و لەوێ چاوم بە سەرۆک کەوت و فەرمووی بچۆ منداڵەکانت بێنە بۆ دهۆک و لەوێ کار بکە. من منداڵەکانم هێنا و کرام بە ئەندامی لقی یەک لە دهۆک.**)

سلۆ خدر لە ساڵی ٢٠١٠وە هەتا ئێستا ڕاوێژکاری لقی یەکە. ناوبراو بەشداریی گەلێک شەڕی دژواری وەک: شەڕی گەلی لالەش لە ساڵی ١٩٦٤، شەڕی قەیسەری لە ١٩٦٥، چەککردنی فەوجی جاشان لە شەڕانش لە ١٩٨٧، چەککردنی بنکەی پۆلیسی ئەتروش، چەککردنی سەربازگەی سەری سەکرێ و ئاکرێ و چەککردنی فەوجی جاشان لە دێمکان لە ناوچەی زاخۆ و... تدی کردوە. پێنج جار لە شەڕ و تێکهەڵچوونەکاندا بریندار بووە و دەربارەی شوێن و مێژووی بریندار بوونەکانی دەڵێت:

**- (ساڵی ١٩٧٩ لە مەفرەزەدا بووم کە لە گوندی ڕدێنیا لە ناوچەی ئامێدی بریندار بووم. ساڵی ١٩٨٥ لە شەڕی دۆستەکا لە ناوچەی دهۆک و لە هەمان ساڵدا بۆ جاری دووەم لە شەڕی قەشەفرێ لە ناوچەی دهۆک، ساڵی ١٩٨٧ لە گوندی شەڕانش لە ناوچەی زاخۆ و دیسانیش لە هەمان ساڵدا لە شەڕی ئەشکەفتێ لە ناوچەی ئامێدی برینداربووم.)**

یەکێک لە برازاکانی سلۆ خدر بە ناوی شاکر شەریف خدر ساڵی ١٩٨٥ لە ناوچەی دهۆک شەهید بووە. ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا بەهۆی چالاکییەکانیەوە میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

**- (بۆ من لە هەموو شتی دنیا و لە داهاتی ئەمریکا زیاترە و من بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی زۆر خۆشحاڵ بووم.)**

## فەقێ محەمەد مستەفا باپیر کادانی



فەقێ محەمەد مستەفا باپیر کادانی ساڵی ١٩٣٣ لە گوندی کادان سەربە ناحیەی بیرەکەپران لە ناوچەی ئاکرێ لە دایکبووە. ساڵی ١٩٦١ چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی پارتی دیموکرات کە بەرپرسەکەی مەلا تاهیر ڕەشاوەیی بووە. ساڵی ١٩٦٢ لەگەڵ هێزە تایبەتەکەی سەرۆک مستەفا بارزانی پەڕیوەتەوە بۆ ناوچەی سۆران و دوای هەشت حەفتە لەگەڵ ٦٠ کەس لە پێشمەرگەکان گواستراوەتەوە بۆ هێزی ئاکرێ و شێخان کە حەسۆ میرخان دۆڵەمەری فەرماندەی بووە. ساڵ ١٩٦٣ بووەتە سەرپەل و ساڵی ١٩٦٤ لە گوندی "شەهێ" لە ناوچەی نەهلێ لە قەزای ئاکرێ ڕانی ڕاستەی بریندار بووە. ساڵی ١٩٦٧ کراوە بە فەرماندەی بەتالیۆن و ساڵی ١٩٧١ کراوە بە جێگری هێزی حەمرین لە ناوچەی سورچیان سەر بە ئاکرێ.

ساڵی ١٩٧٥ بە دوای ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلولدا، بۆ ماوەی سێ مانگ لە کۆمەڵگای ڕەبەت بووە و دواتر گوستراوەتەوە بۆ شاری گورگان سەربە پارێزگای ساری. ساڵی ١٩٨٠ گەڕاوەتەوە بۆ ڕاژان و بەشداریی شۆڕشی گوڵانی کردوە. هەرلەو ساڵەدا لەگەڵ بابەکر زێباری چووەتە دەشتی بەرازگر و لە گوندی "بێشین" بنکەی پێشمەرگەیان داناوە و دواتر بووەتە جێگری بابەکر زێباری. کاتێک بابەکر زێباری ئەرکێکی تری لە ئەستۆ گرتووە، فەقێ محەمەد چووەتە "خرێنە" و کراوە بە جێگری خەزاڵی ژاژۆکی کە فەرماندەی هێزی ناوچەکە بوو. بۆ ماوەی هەشت ساڵ لەو ناوچانە ماوەتەوە و دوای ڕاوەستانی شەڕی عێراق و ئێران، لە ساڵی ١٩٨٨دا گەڕاوەتەوە لای منداڵەکانی لە گورگان و لەم بارەیەوە دەڵێت:




- (تا ساڵی ٢٠٠٥ لە ئێران بووم. لەو ساڵەدا سەرۆک مەسعود بارزانی ناردی بەشوێنمدا و گوتی بگەڕێوە بۆ کوردستان. من گەڕامەوە و چووم لە مەسیف سەلاحەدین چاوم بە سەرۆک کەوت. گوتی: "چیت پێویستە بۆت بکەین." گوتم تۆ خۆت دەزانی من ١٤ ساڵ لە خزمەت سەرۆک مەلا مستەفا و کاک ئیدریس و ئێوەدا بووم و هەتا ئێستا داوای هیچ شتێکم بۆخۆم لە ئێوە نەکردوە. داوای من ئەوەیە بزانن میللەت پێویستی بەچییە بۆیان بکەن. سەرۆک ئوتۆمبیلێکی دامێ و هەژدە خانووشی بۆمن و کوڕ، نەوە، برا و برازاکانم دروستکرد و پێنج هەزار دۆلاریشی بۆ وەرگرتنی ژمارەی ئوتۆمبیلەکەم دامێ.)

فەقێ محەمەد مستەفا باپیر کادانی بە دوای گەڕانەوەیدا لە ساڵی ١٩٨٦ خانەنشین دەکرێ. ناوبرا ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا بەهۆی چالاکییەکانیەوە میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (وەرگرتنی ئەو میدالیایە بۆمن نرخی بە ئەندازەی هەموو دنیایە و زۆری پێخۆشحاڵم.)

## محەمەد سەلیم ئەحمەد



محەمەد سەلیم ئەحمەد ناسراو بە مەمەد سەلیم چێی ساڵی ١٩٤٥ لە گوندی چێ لە قەزای ئامێدی لەدایک بووە. ساڵی ١٩٦٣ چەکی هەڵگرتووە و چووەتە لای سەلیم ئەحمەد کە مەقەڕەکەی لە سپیلک و گوندی "جوونەڕێ" بووە و لەوێ بووەتە پێشمەرگە. تا ساڵی ١٩٧٠ و ڕێککەوتنی ئازار لەوێ پێشمەرگە بووە و دواتر لە نێوان ساڵانی ١٩٧٠- ١٩٧٤ کراوە بە پاسەوانی سنور لە فەوجی هەشتی مەمان کە عەلی خەلیل فەرماندەی بووە. ساڵی ١٩٧٤ گەڕاوەتەوە ڕیزی پێشمەرگەکان و بەشداریی شەڕەکانی کێوەڕەش و دۆڵەڕەقەی کردوە لە ڕانیە و دواتر گواستراوەتەوە بۆ ناوچەی حاجی ئۆمەران.

ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، بۆ ماوەیەک لە زێوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ماوەتەوە و دوای کۆکردنەوەی کۆمەڵگای زێوە لەلایەن ڕژێمی ئێرانەوە، محەمەد سەلیم گواستراوەتەوە بۆ شاری سمنان. ناوبراو لەکاتی ئاڵۆزبوونی ئێران و خۆپێشاندانەکانی دژ بە ڕژێمی پاشایەتی، ساڵی ١٩٧٨ بۆ بەشداریی کردن لە شۆڕشی گولان خۆی گەیاندوەتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تا ساڵی ١٩٩١ لە ناوچەکانی شنۆ و جەڵدیان و کێلەشین بووە و ساڵی ١٩٩١ ئەرکی سەرپەرستیی کردنی پاسەوانەکانی ئێزگەی ڕادیۆ دەنگی



کوردستانی پێسپێردراوە و گەڕاوەتەوە بۆ باشوری کوردستان و لە گوندی "باپشتیان" لە ناوچەی دیانا بووە. هەرلەو ساڵەدا ئێزگەیان گواستوەتەوە بۆ دارولسەلام لە ناوچەی چۆمان و لەوێوە بردویانەتە شیرۆک لە ناوچەی دۆڵەمەریی مێرگەسور و دواتریش بۆ بێخمە و سەرئەنجام بۆ مەسیف سەلاحەدین. لە ڕێکخستنی نوێی پارتیدا، محەمەد سەلیم گواستراوەتەوە بۆ لەشکری تایبەت کە ئەحمەد ڕۆژبەیانی و دواتریش وەجیهە بارزانی فەرماندەی بووە و دواتر کراوە بە فەرماندەی فەوجی دووەم لە لەشکری تایبەت و هەتا ئێستا لەو ئەرکەیدا بە پلەی عەمید بەردەوامە. لە سەردەمی پێشمەرگایەتیدا بەشداریی گەلێک شەڕی کردوە و بە هۆی خزمەتەکانییەوە ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا بەهۆی چالاکییەکانیەوە میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

**- (زۆر خۆشحاڵ بووم کە میدالیای بارزانیم پێبەخشرا. من هەرگیز بۆ میدالیا خزمەتم نەکردوە و سەربلندم بە خزمەت کردنم بە کورد و کوردستان و ڕێبازی پیرۆزی بارزانی نەمر.)**

## یاسین تەها مەولود



یاسین تەها مەولود "مام یاسین" ساڵی ١٩٣٧ لە گوندی زەنگەنە سەربە قەزای بەردەڕەش لەدایک بووە. ساڵی ١٩٥٦ پێوەندی بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردوە و هەرلە هەمان ساڵیشدا بە سەرباز گیراوە و چووەتە ڕیزی سوپای عێراقەوە. ڕۆژی ١٩٦٨/٦/٥ بە تۆمەتی هاوکاریی کردن لەگەڵ ڕێکخراوە نهێنییەکانی پارتی دیموکرات گیراوە و ڕۆژی ١٩٧٠/٢/١ بەرلە ڕێککەوتنی ١١ی ئادار لە زیندان ئازاد کراوە. دوای ئازادبوونی لە زیندان، ساڵی ١٩٧٣ چووەتە بەتالیۆنی زۆزک لە ناوچەی باڵەک کە فەماندەکەی مولازم یونس ڕۆژبەیانی بووە. ساڵی ١٩٧٤ لە شەڕی زۆزک دەستی بریندار بووە.

هاوکات لەگەڵ ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی ١٩٧٥دا، یاسین تەها مەولود بەهۆی برینداربوونی لە نەخۆشخانەی تایبەتی مهاباد بۆ کوردەکانی باشووری کوردستان لە "خانەی جەوانانی مهاباد" لەژێر چاودێریی پزیشکەکانی ئەو نەخۆشخانەیەدا بووە. بە ڕاوەستانی شۆڕش حکومەتی شا ئەو نەخۆشخانە تایبەتییەی داخست و یاسین و بریندارەکانی تری بە برینداری لە نەخۆشخانە دەرکرد. ناوبراو لەوێوە گەڕاوەتەوە بۆ زێوەو لەگەڵ کۆکردنەوەی کۆمەڵگای زێوە، گواستراوەتەوە شاری جهرم.




لە هاوینی ١٩٧٧دا لەگەڵ مولازم یونس و ژمارەیەک پێشمەرگەی تر پێوەندی بە شۆڕشی گولانەوە کردوە و لە بەرەکانی برادۆست و مێرگەسور جێگری مولازم یونس بووە. بەشداریی شەڕەکانی دەشتی هێرتێ، خواکورک، لۆلان، هەدن، گەلی گوست، دەریا سوور، دەشتی بەرازگر و بازێی کردوە کە یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە نزیک ١٠٠٠ پێشمەرگە بۆ پاککردنەوەیان لە ناوچەکە پەلاماری دان و شەڕی بازێ لە ناوچەی هەکاری و بادینانی لێکەوتەوە. دوای ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی گەڕاوەتەوە بۆ ڕۆژهەلاتی کوردستان و ڕۆژی ١٩٧٩/١١/٤ بەشداریی کۆنگرەی نۆیەمی پارتی کردوە. ئەم جارە لەگەڵ مولازم یونس و ڕەشید عارف و ژمارەیەک لە بەرپرسانی پارتی و نزیکەی ١٠٠ پێشمەرگە چووەتە ناوچەی قەسری شیرین و خانەقین و بۆ جاری دووەم لە گوندی "مەلا زۆراب" بەدەست جاشەکانی ئەو ناوچەیە بریندار بووەتەوە. دوای گەڕانەوەی، کراوە بە بەرپرسی ناوچەی دەشتی هەولێر کە سەربە لقی دووەم بووە و بە دوای ئەوەدا ئەرکی کارگێڕی لقی دووی لە ڕەواندز لە ئەستۆ گرتووە.

بەرلە ئازادبوونی باشوری کوردستان لە ساڵی ١٩٩١دا یاسین تەها گەڕاوەتەوە بۆ لقی یەکی دهۆک و کراوە بە بەرپرسی ناوچەی بەردەڕەش. دوای پێکهاتنی لقی ٩ی ئاکرێ، بۆ کارگێڕی لقی نوێی پارتی دیموکرات لە ئاکرێ هەڵبژێردراوە و هەتا ئێستا لە بەڕێوەبردنی ئەو ئەرکەیدا بەردەوامە. چوار جار لە شەڕەکاندا برینداربووە و ئاسەواری برینە قوڵەکانی لە دەست و مل و ڕوویدا ماوە. یاسین تەها ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتی کوردستاندا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەم بارەیەوە هەستی خۆی سەبارەت بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی بەم جۆرە دەردەبڕێت:

- (هەتا میدالیای بارزانیم پێنەبەخشرابوو، لە دڵی خۆمدا زۆر ناڕازی بووم و دەمگوت بوچی لە بەرامبەر خەباتی بێوچان و نەبڕاوەم بۆ کورد و کوردستان هیچم بۆ ناکەن، بەڵام کە میدالیام وەرگرت، تێگەیشتم لەبیر نەکراوم و هەموو خەمی ژیانم لێ ڕەوییەوە و دەستکەوتی هەموو ساڵانی خزمەتم وەرگرت. خۆشحاڵم کە خزمەتکاری کورد و کوردستان و ڕێبازی پیرۆزی بارزانیم)

## ئەحمەد سادق بەکر بادلی



ئەحمەد سادق بەکر بادلی ناسراو بە ئەحمەد بەگ ساڵی ١٩٤٦ لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا لە گوندی میراوێی ناوچەی سەردەشت لەدایک بووە. کوڕی سادق بەکر بادلی یەکێک لە پێشمەرگەکانی کۆماری کوردستانە. ساڵی ١٩٦٣ چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی پارتی دیموکرات و حەمە ئاغای خەلان سەرقۆڵی بووە. هەرلەو ساڵەدا بەشداریی شەڕی هەودیان تا شێروانی مەزنی کردوە و لە شەڕەکانی سەری قەلەندەر، چیای پیران و شەڕی "بن بیا" لە ناوچەی مێرگەسوردا بەشدار بووە. ناوبراو دواتر گواستراوەتەوە بۆ هێزی حەمید ئەفەندی و تا ساڵی ١٩٦٨ لە لقی ناوبراودا بووە و لەو ساڵەدا گواستراوەتەوە بۆ لقی میرخان محەمەد ئەمین مێرگەسوری و ساڵی ١٩٧٠ بە دوای ڕێککەوتنی ١١ی ئازاردا، کراوە بە پاسەوانی سنوری فەوجی ١٠ی هێزی باڵەک.

ساڵی ١٩٧٤ کە ڕژێمی عێراق بە دژی گەلی کوردستان دەستی بەشەڕ کردەوە، ئەحمەد بەگ لەگەڵ هێزەکەی بەشداریی شەڕی سەرچیای لە نزیک سپیلک کردوە و لەوێوە ڕەوانەی شەڕی گۆڕەز کراوە. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، لەگەڵ باوکی چووەتە مهاباد کە لە مهاباد باوکی کۆچی دوایی کردوە و ئەویش چووەتە نەغەدە و بۆ ماوەی دوو ساڵ لەوێ بووە کە لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ سیرجان و دواتر لە ئیسفەهان نیشتەجێ کراوە. وەک بۆخۆی دەڵێت لە کارخانەی پۆلاری ئیسفەهان دامەزراوە و تا ساڵی ١٩٨١ لەو کارخانەیەدا کاری کردوە. لەو سالەدا گەڕاوەتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سەرەتا لە شنۆ و دواتر لە نەغەدە نیشتەجێ بووەو بەشداریی شۆڕشی گولانی کردوەو لەگەڵ پێشمەرگەکانی عومەر عوسمان مێرگەسوری




کەوتووە و کراوە بە بەرپرسی کۆگای پارتی لە سلیڤانا. دوای ساڵێک سەرکردایەتی پارتی کۆگاکەی لە سلیڤاناوە گواستۆتەوە و ئەحمەد سادقی کردوە بە فەرماندەی تۆپخانەی بروسک. ساڵی ١٩٨٨ ئەحمەد سادق بەشداریی شەڕی گەورەی خواکورکی کردوە و بە دوای ئەنفال و کیمیابارانی ناوچەی بادینانـدا لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگە گەڕاوەتەوە بۆ نەغەدە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ساڵی ١٩٩١ بەرلە ڕاپەڕینی خەڵکی شارەکانی باشور لەگەڵ ڕێکخراوی بروسک کە سەربە لقی دووی هەولێر و عومەر عوسمان بەرپرسی بووە، چووەتە قاسمەڕەش و لەم بارەیەوە دەڵێت:

**- (لەوێ سەرۆک مەسعود بارزانی کۆی کردینەوە و گوتی دەبێ تا شەوی ١١ی ئازار لە پارێزگای هەولێر بن. ئێمە لە کاتی دیاریکراودا گەیشتن، بەڵام بەرلە ئێمە جەمال مورتکە و شەهید خدر سوارە لەگەڵ پێشمەرگەکانیان، دەوری هەولێریان پاک کردبۆوە. لەوێ بووین کە کاک کۆسرەت لە یەکێتی نیشتمانی هات و کامێرایەکی پێبوو و فیلمی هەڵگرت. بە دوای پاککردنەوەی هەولێردا چووین بۆ کەرکوک. لە کەرکوک بووین کە ڕژێمی عێراق دژە هێرشی بۆسەر هێزەکانی پێشمەرگە کرد و هەولێر تا سلێمانی و شەقڵاوەی گرتەوە، بەڵام سەرلەنوێ لەلایەن پێشمەرگەکانەوە لە کۆڕێ شکان و پاشەکشەیان کرد و ئێمە گەڕاینەوە بۆ هەولێر.)**

ئەحمەد سادق بەکر سەرەتا لە هەولێر نیشتەجێ دەبێت و دواتر دەکرێت بە ژمێریاری سوپای ٢ی دەشتی هەولێر، ئێستا لە یەکەی ٤٣ی فەرماندەی فەرماندەیی هەڵگورد لە سۆران بەرپرسی ژمێریارە. دوو جار لە شەڕی بنی بیا و دۆڵی خانەقا برینداربووە و مامی بەناوی حەمە شەریف بەکر دوای گەڕانەوەی لە ڕوسیا لەگەڵ هەڤاڵانی بارزانی ساڵی ١٩٦٤ لە ناوچەی دیانا شەهید بووە. ئەحمەد سادق بەکر بادلی ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٥ لە کۆنگرەی سێزدەی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (شانازی پێوە دەکەم، میدالیای بارزانی باری خەبات و تێکۆشانم قورستر کردو پێویستە زیاتر بۆ سەرخستنی ڕێبازی بارزانی و خزمەتکردن بە کورد و کوردستان هەوڵبدەم.)

# ڕەشید حەسەن ئیسماعیل




ڕەشید حەسەن ئیسماعیل ناسراو بە ڕەشید غەلبیشی ساڵی ١٩٤٨ لە گوندی غەلبیش لە ناوچەی ئامیدی لەدایک بووە. ساڵی ١٩٦٧ لە بەتالیۆنی دووی هێزی هەڵگورددا بووەتە پێشمەرگە کە عەریف سلێمان فەرماندەی بووە و ساڵی ١٩٦٩ کراوە بە سەرپەل. تا ساڵی ١٩٧٥ لەو پەل و بەتالیۆنە دەستوەشێنەدا بووە. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، چووەتە زێوە و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ بەندەری بوشهر. ساڵی ١٩٧٧ بە ڕاسپاردەی ئیدریس بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەوێوە لەگەڵ مەفرەزەیەک و عەبدولڕەحمان پێداوی و دوکتۆر کەمال کەرکوکی و سیامەند بەننا ڕەوانەی ناوچەی هەرک و بێداو سەربە ناوچەی مێرگەسور کراوە.

ڕۆژی ١٩٧٩/٤/١٤ بە دوای چلەی ماتەمینی سەرۆک مستەفا بارزانیدا گەڕاوەتەوە بۆ زێوە و لەوێوە بۆ بەشداریکردن لە کۆڕی ماتەمینی بارزانی کە لە کەرەج بەڕێوەچووە، سەردانی کەرەجی کردوە، بە دوای ئەوەدا گەڕاوەتەوە زێوە و بۆ ماوەی دوو مانگ لە زێوە و ناوچەکانی شنۆ و پیرانشار لەگەڵ مەسعود بارزانی بووە و ڕۆژی ١٩٧٩/١١/٤ بەشداریی کۆنگرەی نۆیەمی پارتی کردوە.

بە دوای کۆنگرەی نۆیەمدا سەرکردایەتی نوێی پارتی دیموکرات بە سەرۆکایەتی مەسعود بارزانی لیژنەی ئازادی پێکهێناوە و وەک ڕەشید حەسەن ئیسماعیل دەڵێت لە هەڵبژاردنی ئەندامانی لیژنەی ناوچەی ئازادیدا، دەنگی یەکەمی بەدەست هێناوە و بووەتە کارگێڕی لیژنەی ناوچەی ئازادی. ساڵی ١٩٨٢ کراوە بە فەرماندەی هێزی ٢٥ی ئازادی و ساڵی ١٩٨٨ بەرپرسی سەربازیی هێزی ئاوارە بووە لە خواکورک. لە ڕۆژانی ١٩٨٨/٨/١٧ تا ١٩٨٨/٩/٥ بەشداریی شەڕی گەورەی خواکورکی کردوە و بە دوای ئەو شەڕەدا کە ڕژێمی بەعس خەڵکی ناوچەی بادینانی ئەنفال و کیمیاباران


کرد، ڕەشید حەسەن گەڕاوەتەوە بۆ زێوە و سەرلەنوێ لە لیژنەی ئازادیدا بووە.
لە مانگی دەی ساڵی ١٩٩١، بە دوای سەرهەڵدانی دانیشتوانی باشوری کوردستاندا گەڕاوەتەوە بۆ باشور و ساڵی ١٩٩٢ بووەتە کارگێڕی لیژنەی ناوچەی ئامێدی و هەرلەو ساڵەدا دوو هێزی تێکەڵاو لە پارتی و یەکێتی بە ناوەکانی لیوای ٤٠ و ٤١ لە دهۆک و ئاکرێ پێکهاتووە و ڕەشید حەسەن ئیسماعیل کراوە بە کارگێڕی لیوای ٤٠ی دهۆک. ساڵی ١٩٩٥ گواستراوەتەوە بۆ مەکتەبی شەوکەت شێخ یەزدین لە دهۆک و ساڵی ١٩٩٨ ئەندامی لیژنەی وەرگرتنی پێشمەرگەی نوێ بووە بۆ لقی یەکی سوپای یەکەمی پارتی دیموکرات.
ساڵی ١٩٩٨ پارتی دیموکرات دەزگای ئەیلولی لە دهۆک دامەزراندوە کە خزمەتی پێشمەرگەکانی ئەیلول بکات و کێشەکانیان بۆ چارەسەر بکات. لەو ساڵەدا ڕەشید حەسەن ئیسماعیل کراوە بە ئەندامی لیژنەی دەزگای ئەیلول لە دهۆک کە مستەفا نێروەیی بەرپرسی بووە. ساڵی ٢٠٠٣ کراوە بە جێگری بەرپرسی دەزگای ئەیلول لە دهۆک و ساڵی ٢٠٠٨ بووەتە ئەندامی دەزگای باڵای ئەیلول لە شەقڵاوە و هەتا ئێستا لەو ئەرکەیدا بەردەوامە.
عیسا ئیسماعیلی مامی ساڵی ١٩٨٨ ئەنفال کراوە و خورشید چۆلی حەسەنی برازای لە ١٩٩١ شەهید بووە و عەبدولستار عیسا ئیسماعیلی ئامۆزای ساڵی ١٩٩٧ لە بەرواری باڵا شەهید بووە. ناوبراو ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەم بارەیەوە دەڵێت:
**- (من لە نەخۆشخانەی ئەنکارا بوم کە سەرۆک بارزانی میدالیای دەدا بە ئەندامانی پارتی و هەرکە من ئەو دیمەنەم بینی چاوەکانم پڕبوون لە ئاوا و بە خوێندنەوەی ناوی من چی نەمابوو شاگەشکە بم.)**

# عەزیز تاهیر ئیبراهیم گولی



عەزیز تاهیر ئیبراهیم گولی ساڵی ١٩٥٣ لە گوندی "بێگۆڤا"ی ناوچەی گولی سەربە ناحیەی باتیفا لە قەزای زاخۆ لەدایک بووە. ساڵی ١٩٦٧ چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی بەتالیۆنی یەکی هێزی هەڵگورد کە فەرماندەکەی سلێمان حاجی بەدریە بووە. لەو بەتالیۆنەدا کراوە بە فەرماندەی مەفرەزە. بە دوای ڕێککەوتنی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠، لە گەڵاڵە، قەڵادزێ و قەسرێ بووە. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، پەڕیوەتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ کۆمەڵگای ئەهواز و ساڵی ١٩٧٩ چووەتە قەزوێن.

ساڵی ١٩٨٦، بەشداریی شۆڕشی گوڵانی کردوە و تا ساڵی ١٩٨٨ لە ڕێکخراوی ١٦ی ئابی سەر بە هێزی ئاوارە بووە لە لۆلان. لە ئەنفال و کیمیابارانی ناوچەی لۆلاندا لە ساڵی ١٩٨٨ گەڕاوەتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە هەلەج کراوە بە پاسەوانی ئیستگەی ڕادیۆ دەنگی کوردستان. ساڵی ١٩٩٣ گواستراوەتەوە بۆ بەتالیۆنی دووی لەشکری یەکی زاخۆ و ساڵی ١٩٩٤ کراوە بە سەرلق لە لەشکری یەکەمدا کە فەرماندەکەی محەمەد میرزا بووە و دواتر کراوە بە جێگری فەرماندەی بەتالیۆن. ساڵی




٢٠٠٥ فەرماندەی بەتالیۆن بووە و پلەی مقەدەم خانەنشین کراوە. ناوبراو لە سەردەمی پێشمەرگایەتیدا، بەشداریی چەندان شەڕی گەورە و گرنگی کردوە کە دەکرێ ئاماژە بۆ شەڕی قەڵادزێ، کێوەڕەش، زاخۆ و داستانی خواکورک بکەین و جارێک دەستی چەپەی لە شەڕی گوندی "قەرەولا" سەربە قەزای زاخۆ بریندار بووە. ناوبراو ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتوە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

**- (شەرەفێکی زۆر گەورەیە بۆمن، شانازی بەخۆم دەکەم کە گەیشتم بەو شەرەفە و سوپاسی سەرۆک مەسعود بارزانی دەکەم کە شەرەفی وەرگرتنی میدالیای سەرۆک مستەفا بارزانی بەمن بەخشیوە.)**

# سەعید مەحمود ساڵح



سەعید مەحمود ساڵح دۆڵەمەری ناسراوە بە سەیدخان و مەحمود ئیسقەیلی ساڵی ١٩٥١ لە گوندی ئیسقەیل سەربە قەزای مێرگەسور لەدایک بووە. ساڵی ١٩٦٣ چەکی پێشمەرگایەتی هەڵگرتووە و لە دیلمان چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی لەشکری تایبەتی بارزانی کە فەرماندەکەی عوزێر محەمەد دۆڵەمەری و عومەر ئاغای دۆڵەمەری بووە. تا ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، لە دیلمان، حاجی ئۆمەران، قەسرێ و ناوپردان بووە و جگەلە پاسەوانیی ماڵی بارزانی، لە گەشتەکانیشدا لەگەڵ بارزانی بووە. دوای ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی ١٩٧٥دا سەرەتا چووەتە زێوە و دوای کۆکردنەوەی ئەو کۆمەڵگایە لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە، گواستراوەتەوە بۆ شاری جهرم لە پارێزگای شیراز و دواتر لە تاران نیشتەجێ کراوە. تا ساڵی ١٩٨١ لە تاران بووە و دواتر بە ڕاسپاردەی ئیدریس بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ مەرگەوەڕ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەگەڵ شۆڕشی گوڵان کەوتووە و وەک خۆی دەڵێت لەگەڵ ڕێکخراوی ڕێباز لە هێزەی ئاوارەدا بە مەفرەزە سەردانی باشوری کوردستانی کردوە و لە ناوچەکانی مێرگەسور، چیای برادۆست، چیای قەلەندەر و دەشتی بەرازگر و گەلی ڕەش ماوەتەوە و دەستیان لە یەکەکانی دوژمن وەشاندوە.

ساڵی ١٩٨٨ کە ناوچەی بادینان ئەنفال و کیمیاباران کرا، سەعید خان لەگەڵ پێشمەرگەکان گەڕاوەتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە ناوچەی مەرگەوەڕ بووە. ڕۆژی ١٩٨٩/١/٢ لە نامەیەکدا کە بۆ نێچیرڤان بارزانی نوسیوە و کۆپیی نامەلای لای منە، داوای کردوە لە گەڕاندنەوەی بۆ تاران بۆ لای منداڵەکانی چاوبپۆشێ و سەرلەنوێ بینێرنەوە بۆ باشور کە درێژە بە

شەڕ بدات کە ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی لەژێر نامەکەیدا نوسیویەتی **(ئەگەر بێکارە منع نییە.)** بەڵام بەهۆی منداڵەکانییەوە پێیگوتراوە بۆ ماوەیەک سەردانی منداڵەکانی بکات.




ساڵی ١٩٩١ کە ڕاپەڕینی باشوری کوردستان سەریهەڵدا، سەعید خان لەگەڵ هێزی بارزانی بە سەرۆکایەتی دوکتۆر سەعید ئەحمەد نادر گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەی سۆران و ساڵی ١٩٩٢ لەگەڵ لەشکری تایبەتی سەربە سەرۆکی پارتی دیموکرات بووەو دواتر کە فەرماندەی فەرماندەیی سوپای بارزان پێکهات، ناوبراو گواستراوەتەوە بۆ فەرماندەیی بارزان و هەتا ئێستا لەو سوپایەدا بەردەوامە.

سەعید خان بەشداریی چەند شەڕی وەک: شەڕی گۆڕەز و شەڕی گەرووی دری لە ناوچەی ڕەواندز لە ساڵی ١٩٧٤، شەڕی خێرۆزک لە ١٩٨٧ و شەڕی گەورەی خواکورک لە ساڵی ١٩٨٨ی کردوە و دوو جار لە شەڕەکاندا بریندار بووە. هەروەها لە ساڵی ١٩٧٤دا لەسەر دۆشکەی ٣٠ ملم بووە. مەحمود ساڵحی باوکی ساڵی ١٩٧٥ لەژێر شکەنجەی ئیستخباراتی عێراقدا شەهید بووە. زرار مەحمود ساڵحی برای لە ڕێکخراوی نهێنی پارتیدا بووە و جاشەکانی سەربە ڕژێمی عێراق تیرۆریان کردوە و کوڕێکی بەناوی ڕیاز کە لە ئاکادیمیای سەربازیی زاخۆ خوێندویەتی و بە پلەی نەقیب سەربە هێزی عێراق بووە، لەلایەن تیرۆریستەکانەوە لە موسڵ شەهید کراوە.

سەعیدخان ئێستا پلەی لیوای لە سوپای کوردستاندا هەیە و ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦ لە کۆنگرەی سێزدەی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتوە. لەم بارەیەوە هەستی خۆی سەبارەت بە وەرگرتنی میدالیای بەم جۆرە دەردەبڕێت:

**- (زۆر خۆشحاڵ بووم بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی و ئومێدم هەیە کە کورد بە مافی خۆی بگات و ئێمە ڕێڕەوانی ڕێبازی بارزانی بۆ پلە و پۆست و پایە خزمەتمان نەکردوە.)**

# شوكری ساڵح كەمەر



شوكری ساڵح كەمەر ناسراو بە شوكری نێروەیی ساڵی ١٩٤٥ لە گوندی "بێبو" لە ناحیەی نێروە لەدایک بووە. چووەتە خوێندنگە و تا پۆلی سێی ناوەندیی خوێندوە. لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕش ئەیلول لە ١٩٦١/٩/١١ بووەتە پێشمەرگە و ساڵی ١٩٦٤، لەكاتی وتووێژی نێوان شۆڕشی و حكومەتدا، خوێندنی دواناوەندیی تەواو كردوە. هەرلەو ساڵەدا جێگری سەربازیی سەرلقی پارتی بووە و لەوێوە گواستراوەتەوە و بۆ سكرتاریەتی سەرۆک مستەفا بارزانی كە بەرپرسەكەی شێخ ڕەزا گولانی بووە و لەوێ كاری نوسینی پێسپێردراوە. ساڵی ١٩٦٩ گواستراوەتەوە بۆ بارەگای مەكتەبی سیاسی لە ناوپردان و ئەركی ئیداریی مەكتەبی سیاسی لە ئەستۆ گرتووە و دواتر گواستراوەتەوە بۆ بەشی تەندروستی و بەڕێوەبەرایەتی و ساڵی ١٩٧٤ لە بەشی تەجهیز و تەموین لە مەكتەبی سەرۆكدا خزمەتی كردوە.

ساڵی ١٩٧٥ كە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، شوكری ساڵح چووەتە ئێران و لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٦ وەک پەنابەر چووەتە وڵاتی هولەند و لەوێ بە هەڵبژاردن ئەركی لیژنەی ناوچەی پارتی دیموكراتی پێسپێردراوە و لەگەڵ ئەوەشدا ئەندامی یەكێتی خوێندكارانی كورد بووە لە هولەندا. لەم بارەیەوە دەڵێت:

**- (تا ساڵی ١٩٧٧ ئەو ئەركانەم بەڕێوە برد و لەو ساڵەدا بە ئەمری سەرۆک مەسعود بارزانی هاتمە دیمەشق كە سەرۆک بۆخۆی لەوێ بوو. ماوەیەک لە دیمەشق مایەوە و بووم بە نوێنەری پارتی لە لیژنەی قامیشلو**



که له "ئەبو فەزین نوێنەرایەتی بەعسی سوریا، عەباس شەبەک نوێنەرایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و من نوێنەرایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانم دەکرد.)

شوکری ساڵح هەرلەو ساڵەدا، گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان و پێوەندی بە جەوهەر نامیق سالمەوە کردوە کە بەرپرسی لقی یەکی پارتی بوو لە شۆڕشی گوڵاندا و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ ناوچەی نێروە و ڕێکان و دۆسکی ژووروو و تا ساڵی ١٩٧٩ لەوێ ماوەتەوە. ساڵی ١٩٧٩ گەڕاوەتەوە بۆ ئێران و ڕۆژی ١٩٧٩/١١/٤ بەشداریی کۆنگرەی نۆیەمی پارتی کردوە. بە دوای کۆنگرەدا، کراوە بە سکرتێری ئیداریی سەرۆک بارزانی و لە بارەگای سەرکردایەتی پارتی لە ڕاژان ماوەتەوە و دواتر ئەرکی بەڕێوەبەری ئیداری مەکتەبی سیاسی دراوەتێ و تا ساڵی ١٩٨٩ لە مەکتەبی سیاسی بووە و لەو ساڵەدا ئەرکی کارگێڕی لقی چواری پارتیان لە سلێمانی پێسپاردوە و وەک خۆی دەڵێت دواتر کراوە بە کارگێڕ و بەرپرسی سەربازی لقی یەک لە دهۆک. شوکری نێروەیی بەشداریی چەند شەڕی مەزنی وەک: شەڕی سوتکێ، فڕۆکەخانەی بامەڕنی، بێبادێ و کانی ماسی کردوە و لەگەڵ ئەوەشدا فەرماندەی عەمەلیاتی شەڕی مەزنی دێرەلۆک و "کۆخێت بەرچی" لە ناوچەی ئامێدی بووە و وەک خۆی دەڵێت ئەو شەڕانە لەو سەردەمدا یەکێک بوون لە شەڕی گەورەکانی باشوری کوردستان.

ساڵی ١٩٨٨ کە ناوچەی بادینان ئەنفال و کیمیاباران کرا، شوکری ساڵح پەڕیوەتەوە دیوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە دوای شەڕی عێراق و کوەیت گەڕاوەتەوە بۆ باشوری کوردستان. سەرەتا کراوە بە بەرپرسی ناوچەی ئامێدی و دواتر ئەرکی لیژنەی ناوچەی ئامێدی و دواتریش ئەرکی ڕێکخستنی لقی یەکی دهۆک و مەکتەبی ڕێکخستنی پێشمەرگەی لە فەرماندەیی لەشکری کوردستان لە مەسیف سەلاحەدین دراوەتێ و سەرئەنجام لە خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستاندا بووەتە نوێنەری خەڵکی دهۆک و ئێستا

خانەنشین بووە. شوکری ساڵح بەشداریی کۆنگرەکانی ٦ تا ١٣ی پارتی دیموکراتی کوردستانی کردوە و بەهۆی خزمەتەکانیەوە، ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦ لە کۆنگرەی سێزدەی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەک بەرزترین خەڵاتی ڕێزلێنان وەرگرتووە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (من کە میدالیای بارزانیم وەرگرت وەکوو هەموو دڵسۆزێک کە هەڵگری ڕێبازی بارزانی نەمرن لە خەبات و تێکۆشاندا زۆر خۆشحاڵ بووم. زۆر شتێکی خۆش و گرنگە کە مرۆڤ بتوانێت لەژێر سەرکردایەتی مرۆڤێکی ئەوەندە گەورە و پیرۆزدا و لە حیزبێکدا کە ئەو سەرۆکە خۆی دایمەزراندوە، ئەوەندە خەبات بکات کە شایانی ڕێزلێنانی وەرگرتنی میدالیای بارزانی بێت. جێگەی شانازیشە کە من ئەم میدالیایەم وەرگرت و لە هەموو شتێک خۆشتریش ئەوەیە کە لە لایەن جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانییەوە میدالیاکەم وەرگرت.)

## حوسێن عەبوو ئاڤدەل



حوسێن عەبوو ئاڤدەل ساڵی ١٩٤٩ لە گوندی هەسنەکا لە ناوچەی شێخان لەدایک بووە. ساڵی ١٩٦٦ لە هێزی ئاکرێ و شێخاندا کە عەلی عەبوو برای سەرقۆڵی بووە، چەکی پێشمەرگایەتی هەڵگرتووە. تا ساڵی ١٩٧٥ لەو قۆڵەدا بووە و دواتر عەلی برای کراوە بە سەرپەل لە بەتالیۆنی یەکی ساڵح نەروە ئێزەدی. ساڵی ١٩٧٤ براکەی شەهید بووە و ئەو جێی براکەی پڕکردوەتەوە. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، حوسێن عەبوو ناوچەکەی بەجێنەهێشتووە و لە گوندی هەسنە ماوەتەوە. ساڵی ١٩٧٧ مەحمود ئێزەدی خەباتکاری شۆڕشی گوڵان هاتووەتە ناوچەکەیان و حوسێن لەگەڵی کەوتووە و سەرلەنوێ چەکی هەڵگرتۆتەوە و لەگەڵ مەفرەزەی مەحمود بووە. دوای شەهیدبوونی مەحمود ئێزەدی لە بەری گارێ، حوسێن لەگەڵ دوکتۆر جرگیس کەوتووە و چووەتە کۆماتە لە نێوان سنوری باشور و باکوری کوردستان.

ساڵی ١٩٨٣، چووەتە زێوەشکان لە ناوچەی ئامێدی و دواتر لە ساڵی ١٩٨٤دا گواستراوەتەوە بۆ ڕێکخراوی تازە دامەزراوی شەهید عەبوو کە سدیق سەعدی بەرپرس و ئەویش کراوە بە جێگری سدیق. ساڵی ١٩٨٧ ناوی شەهیدیان لەسەر ڕێکخراوەکەیان هەڵگرتووە و ناوی ڕێکخراوی هەڵگوردیان لەسەر داناوە. ساڵی ١٩٨٨ لەگەڵ ئەنفال و کیمیابارانی ناوچەی بادینان، بە بنەماڵەوە پەنایان بۆ چیای گارە بردوە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

**- (نزیکەی ٨- ٩ هەزار کەس بووین. جگەلە گۆشتی حەیوان هیچ شتێکی ترمان بۆ خواردن نەبوو. هاوسەر و کوڕێکم لە ئەسپ کەوتن و توانای ڕێگاڕۆیشتنیان لێبڕا. بەرپرسەکانمان بروسکەیان بۆ سەرۆک بارزانی نارد و پرسیان چی بکەین؟ وەڵامی دایەوە: "خۆتان بە گوێرەی هەلومەرج بڕیار**



بدەن و هەرچی لە بەرژەوەندی خۆتاندایە، بیکەن تەنانەت ئەگەر بگەڕێنەوە لای حکومەتیش بە خیانەت حیساب ناکرێت." ئەوە بوو من بەناچار گەڕامەوە بۆ عێراق کە منداڵەکانم ڕزگار بکەم. ئەوان ئێمەیان گواستەوە بۆ بەحرکە.)

حوسێن عەبوو ئاڤدەل تا ساڵی ١٩٩١ لە بەحرکە بووە و لەو ساڵەدا کە ڕاپەڕین کرا، دەچێتەوە بۆ شێخان و لەوێ بەشداریی دەکات لە ڕاپەڕیندا، بەڵام لە دژە هێرشی سوپای عێراقدا بۆ سەر کوردستان، سەرلەنوێ پەنا بۆ چیاکان دەباتەوە و بە ڕاوەستانی شەڕ و دەستپێکردنی وتوویژ لەنێوان بەرەی کوردستانی و حکومەتی بەعس دەگەڕێتەوە بۆ شێخان و لەوێ دەکرێ بە فەرماندەی فەوجی شێخان. ساڵی ١٩٩٧ کراوە بە فەرماندەی عەمەلیاتی سوپای شێخان و ساڵی ٢٠٠٣ ئەرکی جێگری فەرماندەی سوپای سێی زێرەڤانیان داوەتێ.

حوسێن عەبوو ئاڤدەل وەک خۆی دەڵێت بەشداریی گەلێک شەڕی قورس و گرانی وەک شەڕی دێرکێ، شەڕی باعەولێ، شەڕی سەری ئەوش کردوە. سێ جار لە شەڕەکانی سەری سەرسەنگ "ئاشەوا" ١٩٨٤، شەڕی سەری گارە ١٩٨٧ و شەڕی پشت گەڵاڵە لە ١٩٩٤دا برینداربووە. لە ئەنفالی ١٩٩٨دا دایکی لە ڕێی گارەدا کۆچی دوایی کردوە ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦ لە کۆنگرەی سێزدەی پارتی بەهۆی چالاکییەکانیەوە میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (زۆر خۆشحاڵ بووم و بە شانازی ژیانی خۆمی دەزانم.)

## ئەمین حوسێن ئەحمەد



ئەمین حوسێن ئەحمەد ناسراو بە ئەمین گەڤەرکی ساڵی ١٩٥٧ لە گوندی گەڤەرک لە بەرواری ژێری لەدایک بووە. ساڵی ١٩٨١ پێوەندی بە لیژنەی ناوچەی شێخان لە بەرواری کردوە و لە ڕێکخراوی فازل عەبدوڵا شلی چەکی هەڵگرتووە و چووەتە ڕیزی پێشمەرگە گەڕۆک و دەستوەشێنەکان. لە مانگی یەکەمی ساڵی ١٩٨٢دا لەگەڵ ڕێکخراوەکەی چووەتە لقی یەک لە کۆماتە کە دوکتۆر جرگیس حەسەن عەبدوڵا بەرپرسی بووە. لەو ساڵەدا لەگەڵ خالید شلی چووەتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەگەڵ ئیدریس، مەسعود و شێخ محەمەد خالید بارزانی گەڕاونەتەوە بۆ بێرکمە و لەوێوە چوونەتە کۆماتە کە مەقەڕی لقی یەکی لێبووە و لە کۆماتە ڕێکخراوێکیان بە ناوی ڕێکخراوی شەهید دەکان دامەزراندوە. لەم بارەیەوە دەڵێت:

**- (ئەمین نسری کرا بە بەرپرسی ڕێکخراو و تەمەر ڕەمەزان کادیری ڕێکخراو و منیشیان کرد بە بەرپرسی شانەی سەرەکی ئەو ڕێکخراوە کە ئەرکی پاسەوانی کردن بوو لە بارەگای لق.)**

ساڵی ١٩٨٣، ڕێکخراوەکەیان چووە بۆ زێوەشکان لە ناوچەی ئامێدی و لەوێوە لەگەڵ لیژنەی ناوچەی شێخان خراوە. ساڵی ١٩٨٤ ئەمین نسری بەرپرسی ڕێکخراو شەهید بووە و شێخ عەلی گەلی ڕومانی کراوە بە بەرپرسی ڕێکخراو و سەرلقی ئەو ڕێکخراوەیە. ئەمین گەڤەرکی تا ساڵی ١٩٨٧ لەو ڕێکخراوەدا بووە و لەو ساڵەدا گواستراوەتەوە بۆ ڕێکخراوی پیرەمەگرون و ئەرکی بەرپرسی سەربازیی ڕێکخراویان داوەتێ. ساڵی ١٩٨٨ کە ناوچەی بادینان ئەنفال و کیمیاباران کرا، ناوبراو بە بنەماڵەوە پەنای بۆ چیای گارە بردوەو لەم بارەیەوە دەڵێت:



- (نزیکەی ٨- ٩ هەزار کەس لەوێ بووین. دوای ١٥ ڕۆژ بەرپرسەکانمان بروسکەیەکیان بۆ سەرۆک بارزانی نارد و پرسیان چی بکەین؟ وەڵامی دایەوە: "خۆتان بە گوێرەی هەلومەرج بڕیار بدەن و هەرچی لە بەرژەوەندیی خۆتاندایە بیکەن تەنانەت ئەگەر بگەڕێنەوە لای حکومەتیش بە خیانەت حیساب ناکرێت." ئەوە بوو کە بەشێک لە ماڵ و منداڵەکان خۆیان بەدەستەوەدا و من و خالید بانی، عەبو عەلۆ بانی، عەزیز وەیسی، حوسێن عەبو هەسنەکی لەگەڵ ٦٠- ٧٠ پێشمەرگە چووین بۆ گوندی مارونس لە باکوری کوردستان و لەوێوە بەرەو گەوەڕ دەچووین کە ١٥- ١٦ کەسمان لە کەمینی تورکان کەوتین و ئێمەیان بردە گەوەڕ و لە زیندانیان کردین و دوای چەند ڕۆژ، ئێمەیان دا بە ئێران و چووین بۆ ڕاژان. ساڵی ١٩٩١ لە ڕاژان سێ کەرتیان دامەزراند. تەمەر ڕەمەزان کرا بە بەرپرسی کەرتی شێخان و منیش بووم بە ئەندامی ئەو کەرتە. بە دوای ڕاپەڕیندا هاوسەر و منداڵەکانم لە دیانا دیتەوە.)

لە ڕاپەڕینی گەلی کورد لە باشوری کوردستان، ئەمین حوسێن ئەحمەد ١٥ پێشمەرگەی لەگەڵ دەبێت و بە فەرمانی مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی ٢٠ تفەنگ وەردەگرێ و دەچێت بۆ بارەگای لقی یەک لە گەلی باڵندە کە فازل میرانی لەوێ بەرپرسی لق بووە. دوای ئازادبوونی دهۆک دەکرێت بە فەرمانەدەی هێزی ئەمین گەڤەرکی لە لەشکری پێنجی شێخان کە لە پارتی دیموکراتی و یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە ناوی لیوای ٤١ پێکهاتبووە. ساڵی ١٩٩٣ دەکرێت بە فەرمانەدەی عەمەلیاتی ئەو بەرەیە.

ساڵی ١٩٩٤ فەوجێک بەناوی فەوجی ٢٠ لە سپیلک پێکهاتووە، ئەمین حوسێن کراوە بە فەرمانەدەی ئەو فەوجە و ساڵی ١٩٩٦ ئەرکی فەرمانەدەی لیوای ١١ی لە ناوچەی شێخان پێسپێردراوە و ساڵی ١٩٩٧ کراوە بە جێگری فەرمانەدەی سوپای ١٢ی شێخان. ساڵی ١٩٩٩ کراوە بە فەرمانەدەی زێرەڤانی دووەم و دواتر کە زێرەڤانی کرا بە سوپا، ناوبراویش کراوە بە فەرمانەدەی

سوپای ١٦ی شێخان. ساڵی ٢٠٠٠ گواستراوەتەوە بۆ بارەگای فەرماندەی فەرماندەیی دهۆک. ساڵی ٢٠٠١ بووەتە جێگری سوپای ١٥ی دهۆک و هەرلەو ساڵەدا ئەرکی جێگری فەرماندەی سوپای ١٤ی زاخۆیان پێسپاردوە. ساڵی ٢٠٠٣ گواستراوەتەوە بۆ شێخان و کراوە بە جێگری فەرماندەی سوپای سێ و ساڵی ٢٠٠٧ ئەرکی فەرماندەی سوپای دووی زێرەڤانیان لە دهۆک داوەتێ و هەتا ئێستا بە پلەی لیوا، لەو ئەرکەیدا بەردەوامە.

ئەمین حوسێن ئەحمەد بەشداریی دەیان شەڕی گەورەی وەک: شەڕی دێرەلۆک، کانیکا، کانی ماسی و بامەڕنی کردوە و پێنج جار لە شەرەکانی گوندی شلیا شێخان لە ١٩٨٦، سەری گارێ لە ١٩٨٧، قەڵای کانیکا لە ١٩٨٧، سەری بابلۆی دهۆک لە ١٩٨٨ و تاسلوجە ١٩٩٥ برینداربووە. ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦ بەهۆی خەبات و چالاکییەکانیەوە، لە کۆنگرەی سێزدەی پارتی دیموکراتدا، میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

- **(ئەو ڕۆژەی میدالیای بارزانیم وەرگرت، خۆشترین ڕۆژی ژیانم بوو.)**

## خانەمیر مستەفا عومەر



خانەمیر مستەفا عومەر باوەیی ساڵی ١٩٣٢ لە گوندی خۆشكان لە قەزای مێرگەسور لەدایك بووە. مستەفا عومەری باوكی ساڵی ١٩٤٥ لە شەڕی مەزنە سەربە قەزای مێرگەسوردا شەهید بووە. هەرلەو ساڵەدا ناوبراو لەگەڵ براكەی بەناوی ئاودەل مستەفا و بارزانییەكان پەڕیوەتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی كوردستان. ئاودەلی برای لەگەڵ بارزانی و هەڤاڵانی چووەتە ڕوسیا و خانەمیر لەگەڵ دایكی و دوو خوشك و دوو برای بچووكتر لە خۆی گەڕاوەتەوە بۆ عێراق. بۆ ماوەی چوار مانگ لەگەڵ گەڕاوەكانی تر، لە كێڵگەیەكی تێلدڕككراودا لە نزیك دیانا ڕایانگرتووە. دوای ئازادبوونی گەڕاوەتەوە بۆ گوندی شێخ سیدا لە ناوچەی مێرگەسور و بۆ بژێوی دایك و خوشكو و براكانی بووەتە گاوان و بۆ ماوەیەكی لە گوندی باوە سەپانی كردوە و هەرلەوێ گیرساوەتەوە.

ساڵی ١٩٦١ چەكی هەڵگرتووە و لەلای حەمەدەمین میرخان بووەتە پێشمەرگە و بەشداریی شەڕی زاویتەی لە ناوچەی دهۆك كردوە و لەم بارەیەوە دەڵێت: **(لەو شەڕەدا مەحمود خولە و سێ لە هەڤاڵانی ئێمە شەهید بوون.)**

كاتێك حەمەدەمین میرخان لە نەخۆشخانەی موسڵ لەلایەن پیاوانی سەربە ڕژێمی عێراق بە بریندارى شەهید كرا، ناوبراو لەگەڵ لقی كەكۆ مەلاعەلی كەوتووە. ساڵی ١٩٦٣ كە ڕژێمی عێراق بە هێزێكی زۆرەوە لە بەرەی سپیلكەوە هێرشی بردوەتە سەر ناوچەی بارزان، ناوبراو لە بەرەی شەڕی سپیلك لە هاودیان بووە، لەم بارەیەوە دەڵێت:



- (لە هەموو جێیەکەوە دوژمن هاتە پێش، هێزەکانی مقەدەم عەزیز ئاکرەیی لە سەری سپیلک و هێزەکانی مولازم یونس لە کەلەکین لە نزیک سپیلک شکان و ئێمە تا سنوری باکور پاشەکشەمان کرد. دواتر ژمارەیەک فیدایی لەگەڵ بارزانی لە بلە و بارزان دوژمنیان شکاند و هێزەکانی پاشەکشەیان کرد و حکومەت ناچار بوو وتووێژ لەگەڵ بارزانی بکات و ئێمە گەڕاینەوە بۆ ناوچەکەمان.)

دوای پەڕینەوەی بارزانی بۆ ناوچەی سۆران لە ساڵی ١٩٦٣دا، خانەمیر لەگەڵ هێزی تایبەت دەکەوێت و دەچێت بۆ ناوچەی باڵەکایەتی و لە چۆمان، قەسرێ و دەرگەڵە دەبێت کە شەڕ دەست پێدەکاتەوە و وەک خۆی دەڵێت، دوژمن خۆی دەگەیەنێتە گوندی بەرزێوە و ناوچەی نێوان دیانا و چۆمان دەگرێت و خانەمیر و پێشمەرگەکان بەرەکەیان دەگوازنەوە بۆ دەرگەڵە. دوای کۆچی دوایی شێخ ئەحمەدی بارزان لە ١٩٦٩دا، خانەمیر دەکرێت بە پاسەوانی ئیدریس بارزانی و تا ساڵی ١٩٧٥ لەگەڵ کاک ئیدریس دەبێ. کاتی پەڕینەوەی کاک ئیدریس بۆ نەغەدە و دواتریش بۆ کەرەج و هاتنی بۆ ڕاژان خانەمیر مستەفا عومەر باوەیی لەلای بووە و لەگەڵی پەڕیوەتەوە بۆ کەتینە و بۆ ماوەی شەش مانگ لە کەتینە بووە.

خانەمیر مستەفا عومەر خێزان و بنەماڵەکەی لە گوندی خۆشکان هێشتبۆوە و لە بردنیان بۆ ئێران خۆی پاراستبوو. ساڵی ١٩٨١ بەهۆی کەمینێکەوە کە پێشمەرگە گەڕۆکە دەستوەشێنەکانی هێزی بارزان لە نزیک ماڵی ئەوان لە خۆشکانیان دانابوو، حکومەت خێزان و منداڵەکانی دەگرێت، بەڵام سەرۆک جاشەکان ڕزگاریان دەکەن و ئەو بە ئیزنی کاک ئیدریس دەگەڕێتەوە بۆ خۆشکان و بەنهێنی هاوسەر و منداڵەکانی دەگەیەنێتە دەشتی بەرازگر و خۆی دەگەڕێتەوە لای ئیدریس بارزانی. خانەمیر تا ڕۆژی ١٩٨٧/١/٣١ کە کاک ئیدریس کۆچی دوایی کرد لای ئەو بووە و دواتر لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی کەوتووە.

لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ی باشوری کوردستاندا لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی و لەوێوە چوەتە هەورامان و بە شوشمێ و نەوسود و پاوەدا گەڕاونەتەوە بۆ زێوە. بەکورتی لەگەڵ محەمەد عیسا، ئەحمەد سەعید، سلێمان حادی، سەلیم مەلۆ و مەحمود موسا پاسەوانی نێچیرڤان بارزانی بووە.

خانەمیر ساڵی ١٩٩٨ لە ناوچەی بالیسان لە نزیک خەلیفان بریندار بووە دەستی ڕاستی خۆی لە دەست داوە. جگەلەوە، دوو جاری تریش لە شەڕی سەری ئاکرێ و شەڕی چیای گۆڕەز لە ساڵی ١٩٦٢ بریندار بووە. ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦ بەهۆی خەبات و چالاکییەکانیەوە، لە کۆنگرەی سێزدەی پارتی دیموکراتدا، میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (من بۆ میدالیا و خەڵات نەبووم بە پێشمەرگە، بەڵکوو بۆ ئازاد کردنی کورد و ڕزگاریی کوردستان و خزمەت کردن بە ڕێبازی پڕلە شانازیی بووم بە پێشمەرگە و بە وەرگرتنی میدالیاش زۆر خۆشحاڵ بووم.)

## حەسەن عیسا عەلی



حەسەن عیسا عەلی ناسراوە بە حەسەن بابکەیی لە ساڵی ١٩٤٧ لە گوندی "بابکە"ی سەربە ناوچەی بارزان لە دایک بووە. ساڵی ١٩٦٤ پێوەندی بە شۆڕشی ئەیلولەوە کردوە و لەگەڵ چوار برای بە ناوەکانی مەلا عومەر، مەلا عەلی و حەمۆ بابکەیی تا ساڵی ١٩٧٥ لە هێزی کاوە لە ناوچەی پشدەر و باڵەکایەتی پێشمەرگە بوون. دوای ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی ١٩٧٥دا، بە بنەماڵەوە پەڕیوەتەوە بۆ سەردەشت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ کۆمەڵگای ڕەبەت و دواتر گواستویانەتەوە بۆ گنبد کاوس ناوەندی پارێزی گنبد. ناوبراو دوای ماوەیەک لەوێوە براوە بۆ جهروم و سەرئەنجام لە تەورێز نیشتەجێ بووە. دوای ڕوخانی ڕژێمی پاشایەتی حەسەن عیسا و براکانی گەڕاونەتەوە بۆ زێوە. مەلا عومەر بابکەیی برای ساڵی ١٩٨١ لە شۆڕشی گوڵاندا شەهید بووە. حەسەن عیسا بابکەیی بەرپرسی سەربازیی ڕێکخراوی زۆزک بووە لە هێزی بارزاندا کە دوکتۆر سەعید ئەحمەد نادر بەرپرسی بووە.

ناوبراو بەشداریی شەڕەکانی بێرسیاف، لیلکان، پردی چامە، ئەشکەوت، مەزنێ، بیاوی ١٩٨٢، سیدەکان، بێرکم و کیلانی بنی بیا ١٩٨٣ کردوە و ساڵی ١٩٨٤ لە شنۆ بریندار بووە. هەروها ساڵی ١٩٨٦ بەشداریی شەڕەکانی ناوکفر، پردی چامە، شێروان، کولانا، سورەکی ١٩٨٧، لێرسماق مێرگەسوری کردوە و لە کاتی هێرش بردنی بۆ سەر پێگەی دوژمن لەناو مێرگەسوردا بریندار بووە، بەڵام پاش سارێژبوونی برینەکەی گەڕاوەتەوە بۆ ڕیزی پێشمەرگەکان و لە ساڵی ١٩٨٨ بەشداریی کردوە لە شەڕەکانی کەلکە،

خەروانا، سیرو، کوراوا و کەرژولیا و ربیعا تالاقێ و شەڕی گەورەی خواکورک. کەسێکی خاوەن متمانە و باوپێکراوەی ڕەوانشاد ئیدریس بارزانی و مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکرات بووە.

ساڵی ۱۹۹۱ بەشداریی ڕاپەرینی خەڵکی کوردستانی کردوە و بەرپرسی پێشمەرگەکانی ناوچەی شێروان سەربە هێزی بارزان بووە و لە بیاوی ڕۆڵی لە ڕاپەڕاندنی خەڵکدا هەبووە و دواتر بەشداریی شەڕی کۆڕێی کردوە کە سوپای عێراق تێیدا شکا و ڕێگەی وتوویژی لەگەڵ بەرەی کوردستانی هەڵبژارد.

حەسەن عیسا عەلی دوای چەندین پلە و بەرپرسایەتی، بەهۆی خەبات و خزمەتەکانی بە کورد و کوردستان و ڕێبازی بارزانی نەمر، ڕۆژی ۲۰۱۰/۱۲/۱٦ لە کۆنگرەی ۱۳ی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە. لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (زۆر خۆشحاڵ بووم و بە گەورەترین ڕووداوی ژیانی خۆمی دەزانم.)

## ئەحمەد حەدۆ قورتاس



ئەحمەد حەدۆ قورتاس ساڵی ١٩٢٤ لە گوندی لێڕەبیر لە ناوچەی بارزان، قەزای مێرگەسور لەدایک بووە. ساڵی ١٩٤٣ کە بارزانی لە سلێمانییەوە گەڕایەوە بۆ ناوچەی بارزان، چەکی هەڵگرتووە و بەشداریی شۆڕشی ١٩٤٣- ١٩٤٥ی کردوە و لە چەککردنی بنکەی پۆلیسی شانەدەر، شێروانی مەزن و شەڕی "خێرۆزۆک" لە ١٩٤٣/١٠/١٢ بەشدار بووە. یەکێک بووە لە هەڤاڵانی بارزانی لە کۆماری کوردستان و لە گوندی قشڵاخ لە بەرەی شەڕی سەقز بووە و بەشداریی شەڕەکانی قاراوا و میرەدێی کردوە. دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان لە شەڕەکانی ناوچەی قەڵاتان و تەرگەوەڕدا بووە و دواتریش بەشداریی شەڕی گەلی قتور و پردی ماکۆی لە ڕەوی بارزانییەکاندا بۆ ڕوسیا کردوە.

لە ئازەربایجانی سۆڤیەت بۆ ماوەی نزیک بە ساڵێک مەشقی سەربازیی پێکراوە و دواتر کە لەگەڵ بارزانییەکان لە ئازەربایجانەوە دوورخراوەتەوە بۆ پارێزگای ئۆزبەکستان، بۆ ماوەی نزیک بە چوار ساڵ لە گێڵگەی پەمۆی تاشکەند کاری کردوە. دوای مردنی ستالین و لە سێدارەدانی باقرۆڤ کە خرۆشۆڤ لەسەر داوای بارزانی، ئیزنی خوێندن و کارکردنی بە بارزانییەکان دا، ئەحمەد حەدۆ قورتاس لە شاری تەمبۆڤ لە پارێزگای مۆسکۆ لە زانکۆ وەرگیراوە و بەشی کشتوکاڵی خوێندوە و ڕۆژی ١٩٥٩/٤/١٦ لەگەڵ هەڤاڵانی بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ عێراق.

ساڵی ١٩٦١ کە بارزانی شۆڕشی ئەیلولی ڕاگەیاند، ئەحمەد حەدۆ چوەتەوە ڕیزی پێشمەرگەکان و بەشداریی شەڕەکانی زاویتە و سوار سپینداران و مەرێبای لە ناوچەی دهۆک کردوە. ساڵی ١٩٦٢ کە بارزانی پەڕییەوە ناوچەی سۆران، ناوبراو لەگەڵ حەسۆ میرخان دۆڵەمەری لە ناوچەی بادینان

ماوەتەوە و تا ساڵی ١٩٧٠ لەگەڵ حەسۆ میرخان لە ناوچەکەدا پێشمەرگە بووە. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، تا ساڵی ١٩٨٠ لە لێڕەبیر بووە. وەک خۆی دەڵێت لە ساڵی ١٩٨١دا بۆ



جاری حەوتەم لە مێژووی شۆڕشەکانی بارزاندا، ڕژێمی عێراق گوندەکەی سوتاندون و خەڵکەکەی بۆ دیانا گواستۆتەوە و ئەحمەد حەدۆ ڕایکردوەتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و سەرلەنوێ چەکی هەڵگرتووە و لەگەڵ شۆڕشی گوڵان و هێزی بارزان کەوتووە کە دوکتۆر سەعید ئەحمەد نادر بەرپرسی بووە. دواتر لەگەڵ هێزێکی تایبەت گەڕاوەتەوە ناوچەی بارزان و لە گوندەکانی بەری نزار، ئالکا، ئیروان، ساکا و هەروەها ناوچەی مێرگەسور بووە و بەشداریی شەڕی مێرگەسوری کردوە کە دوو پێشمەرگەیان شەهید بووە. ساڵی ١٩٨٨ بەشداریی شەڕی خواکورکی کردوە و کاتێک ناوچەی بادینان لەلایەن حکومەتی عێراقەوە ئەنفال و کیمیاباران کرا، ئەحمەد حەدۆ سەرلەنوێ گەڕاوەتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تا ساڵی ١٩٩١ لەوێ بووە. ناوبراو بەشداریی کۆمەڵێک شەڕی کردوە و برازایەکی بە ناوی شێخ ئۆمەر سەیفەدین حەدۆ لە شۆڕشی گوڵاندا شەهید بووە. ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦، لە کۆنگرەی سێزدەی پارتی دیموکراتدا کە لە هەولێر پێکهات، بەهۆی خزمەتەکانی بە کورد و کوردستان و ڕێبازی بارزانی میدالیای بارزانی وەک گەورەترین خەڵات وەرگرتووە. لەم بارەیەوە دەڵێت:

**- (لەگەڵ خۆشحاڵ بوونم هەمیشە دوعا دەکەم حوکمی کوردان وەربگیردرێت و بنەماڵەی بارزانی لە حوکمدا بمێنێتەوە و زۆر شوکر کە زەحمەتی ئێمە بەفیڕۆ نەچوو.)**

## ئەسعەد ڕەشۆ مەلا هەمزە



ئەسعەد ڕەشۆ مەلا هەمزە ساڵی ١٩٣٢ لە مێرگەسور لەدایکبووە. لە ساڵی ١٩٤٥ لەگەڵ میرزاغای برای کە یەکێک بووە لە فەرماندەکانی پێشمەرگەی شۆڕشی بارزان، چووەتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەوێ چەکی هەڵگرتووە و لەگەڵ میرزاغا ڕەشوی برای کە سەرقۆڵ بووە لە بەرەی شەڕی سەقز لە قاراوادا بووە. دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان، لەگەڵ براکەی لە دەشتی شنۆ بەشداریی شەڕەکانی دەشتی شنۆی کردوە. یەکێک بووە لە هەڤاڵانی بارزانی لە سۆڤیەت و لە ڕەوی بارزانییەکاندا بەشداریی شەڕەکانی گەلی قتور و پردی ماکۆی کردوە.

بۆ ماوەی نزیک بە ساڵێک لەگەڵ پێشمەرگەکانی تر لە باکۆ مەشقی سەربازی بە ئەسعەد ڕەشۆ کراوە و دوای بڵاوکردنەوەی بارزانییەکان لە ئازەربایجان و دوورخستنەوەی بارزانی لە هەڤاڵانی ڕەوانەی تاشکەند کراوە. لەم بارەیەوە دەڵێت: **(مەلا مستەفایان لە ئێمە دوورکردەوە و ئێمەشیان بەسەر گوندەکاندا بەشکرد و گوتیان دەبێ کار بکەن کە نان بخۆن و من لە کێڵگەی پەمۆ کارم دەکرد و شەوانەی زمانی ڕوسی و کوردیم دەخوێند.)**



دوای مردنـــی ســتالین و گەڕانــدنەوەی بارزانی بۆ لای هەڤاڵانی لە ساڵی ١٩٥٤، ئەسـعەد ڕەشـۆ مەلا هەمـزە لە زانکـۆی کشتوکاڵی تاشکەند وەرگیـراوە و یەکێک بـووە لە خوێنـدکارە سـەرکەوتووەکان و خوێنـــدنی تەواو کـــردوە. ســـاڵی ١٩٥٩ لەگەڵ هەڤاڵانی بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ عێـراق و لە ئیدارەی کشتوکاڵی ڕەواندز دامەزراوە. بەهـۆی نەخۆشـی نەیتوانیـوە بەشـداریی شۆڕشـــی ئەیلـولی بکـات و ساڵی ١٩٧٥کە شۆڕشـی ئەیلـول ڕاوەسـتا لە مـاڵی خـۆی لە ڕەوانـدز مـاوەتەوە و درێـژەی بە کـارەکەی داوە. سـاڵی ١٩٧٨ ڕژێمــی عێـراق، نـاوبراوی بە تـاوانی هەبـوونی پێوەنـدی بە بـارزانییەوە، گواسـتۆتەوە بـۆ کۆمەڵگـای زۆرەملیـی سـارداو لە نـاحیەی مەزنـێ. دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١، ئەسعەد ڕەشۆ گەڕاوەتەوە بۆ گوندەکەی خۆشکان لە ناوچەی مێرگەسور.

میرزاغـای بـرای سـاڵی ١٩٦٢ لە شـەڕی سـەری ئـاکرێ شـەهید بـووە و برازاکەشی لەگەڵ وەجیهە مەلا مستەفا بارزانی لە لەشکری تایبەتدا بووە کە لە شەڕی نێوان عێراق و ئەمریکادا بە بۆمبارانی فڕۆکەکانی ئەمریکایی شەهید کراوە. ناوبراو ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦ وەک یەکێک لە هەڤاڵانی بارزانی لە کۆماری کوردستان و یەکێتی سۆڤیەت، میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

**- (زۆر خۆشحاڵ بووم بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی و هەست بە شانازی دەکەم.)**

## بابەکر شێخ حوسێن لاچین




بابەکر شێخ حوسێن لاچین ناسراوە بە بابەکر شێخ حەسین ساڵی ١٩٣١ لە گوندی "کڕکەمۆ" لە ناوچەی شێروانی مەزن لە دایکبووە. کاتێک بارزانی ساڵی ١٩٤٣ لە سلێمانییەوە گەڕایەوە بۆ ناوچەی بارزان، ناوبراو لە پۆلی سێیەمی سەرەتاییدا بووە لە شێروان. مامۆستاکەیان بەناوی ئەحمەد خەڵکی ئاکرێ سەربە بارزانی بووە و ڕایکردوەتە لای مەلا مستەفا و وەک بابەکر شێخ حەسین دەڵێت بەداخەوە لە شەڕی گوندی "خێرەزوک" شەهید بوو. بابەکر لەگەڵ بنەماڵەکەی چووەتە مهاباد و ساڵی ١٩٤٦ چەکی پێشمەرگایەتی هەڵگرتووە لە سەرا لەگەڵ هێزی مامەند مەسیح کەوتووە کە "مەل محەمەدئەمین عەمەر شێروانی" جێگری بووە. دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان بەشداریی شەڕەکانی دەشتی شنۆی کردوە و لە ڕەوی بارزانی بۆ ڕوسیا، بابەکر شێخ حوسێن و خزمەکانی لەگەڵ بارزانی کەوتوون و دوای دوو شەڕی گەلی قتور و پردی ماکۆ چوون بۆ ڕوسیا. ناوبراو لە وەڵامی ئەم پرسیارەمدا کە تۆ بەو تەمەنە کەمەتەوە چۆن بووی بە پێشمەرگە و لەگەڵ بارزانی چووی بۆ ڕوسیا گوتی: **(کە چوومە سەرا، میر حاج گوتی تۆ منالی و دەبێ بگەڕێیتەوە ماڵەوە و دواتریش ئەوانەی لەگەڵ بارزانی چوون بۆ ڕوسیا، جگەلە ژمارەیەکی کەم کە تەمەنیان ٤٠- ٥٠ ساڵ بوو، ئەوانی تر هەموو لاوی تازە پێگەیشتوو بوون. ئێمە ٥١٨ کەس بووین و ژمارەیەکیش لە کوردستانی ئێرانەوە لەگەڵ ئێمە کەوتن، بەڵام چەند کەسێکمان لە ڕێگەدا شەهیدبوون وەک: مەل محەمەد ئەمین جێگری مامەند مەسیح و دوو یان سێ کەس خەڵکی مزوری و برای حەسەن محەمەد مێرگەسوریش شەهید بوو.)**

بابەکر شێخ حوسێن لاچین وەک هەموو پێشمەرگەکانی تر بۆ ماوەی نزیک بە ساڵێک لە باکۆ مەشقی سەربازیی پێکراوە و بۆ ماوەی چوار ساڵیش لە

کێڵگەی پەمۆدا کاری کردوە. جگەلەوە ناوبراو بەشی تێکنیکی ئوتۆمبیلی لە کۆماری ڕوسیا لە سۆڤیەت تەواو کردوە. ساڵی ١٩٥٩ لەگەڵ هەڤاڵانی بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ عێراق و لەگەڵ مستەفا عەبدوڵا فەقێ نەبی و سەعید ئەحمەد پاسەوانی سەرۆک مستەفا بارزانی بووە لە بەغدا. کاتی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول، سەرەتا لە گوندی بێدارون لەگەل ئیدریس بارزانی بووە و دواتر لە بەرواری باڵا چووەتە لای مەلا مستەفا و شەریف عەبدوڵا فەقێ نەبی بەرپرسی بووە. ساڵی ١٩٦٢ لەگەڵ هێزی تایبەتی بارزانی پەڕیوەتەوە بۆ ناوچەی سۆران و قەڵادزێ، بێتوێن و دوکان و بەشداریی شەڕەکانی ئەو ناوچانەی کردوە. شەریف عەبدوڵا لە نزیک گوندی بۆڵێ لە ناوچەی سیدەکان شەهید بووە و مستەفا عەبدوڵا فەقێ نەبی جێی ئەوی گرتۆتەوە و بابەکر شێخ حوسێن لەگەڵ ئەو ماوەتەوە. ساڵی ١٩٧٠ تا ١٩٧٤ پاسەوانی سنور بووە و گەڕاوەتەوە بۆ گوندی کرکەمۆ و ساڵی ١٩٧٤ گەڕاوەتەوە لای مەلا مستەفا لە حاجی ئۆمەران و ساڵی ١٩٧٥، بەدوای ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلولدا پەڕیوەتەوە بۆ زێوە لە ڕۆژهەلاتی کوردستان و تا کۆکردنەوەی کۆمەڵگای زێوە لەوێ بووە و لە هەمان ساڵدا گواستراوەتەوە بۆ جهرم و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ ساوە. بەشداریی شۆڕشی گوڵانی کردوە و لەگەڵ مستەفا عەبدوڵا لەلای مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی بووە، بەشداریی ڕاپەڕینەکانی باشوری کوردستانی کردوە و ساڵی ١٩٩١ لە شەقڵاوە بووە. ساڵی ١٩٩٨ دوای گەڕانەوەی منداڵەکانی بۆ باشوری کوردستان، لە مەسیف سەلاحەدین نیشتەجێ کراون. بابەکر شێخ حەسین جگەلە شەڕەکانی سەردەمی کۆماری کوردستان، بەشداریی چەندان شەڕی تری لە ناوچەکانی زاخۆ، دهۆک، قەڵادزێ، ڕەواندز، پیرس کردوە. ڕۆژی ٢٠١٣/١٢/١٦ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و دەڵێت: (بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی زۆر خۆشحاڵ بووم. میدالیای بارزانی ڕۆژانی سەردەمی خەباتی پێشمەرگایەتی و ئاوارەیی بەبیر هێنامەوە و پێمخۆش بوو بتوانم وەک جاران درێژە بە خەبات و خزمەتی پێشمەرگایەتی بدەم.)

## بەدرۆ لەشکری حوسێن



بەدرۆ لەشکری حوسێن ساڵی ١٩٣٠ لە گوندی "بێستری" لە قەزای مێرگەسور لەدایک بووە و ئێستا لە گوندی "گۆڕەتوو" لە ناوچەی مێرگەسور دەژی. ساڵی ١٩٤٣ کە بارزانی لە سلێمانییەوە گەڕایەوە بۆ ناوچەی بارزان، بەدرۆ چەکی هەڵگرتووە و بەشداریی شەڕەکانی گۆڕەتوو و مەیدان مۆریکی کردوەو ڕۆژی ١٩٤٥/١٠/١١ بە بنەماڵەوە لەگەڵ بارزانی چوونەتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ساڵی ١٩٤٦ بەشداریی کۆماری کوردستانی کردوە و ساڵح مستەفا لە بەرەی شەڕی سەقز لە قاراوا فەرماندەی بووە. دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان بە شداریی دوو شەڕی دەشتی شنۆی کردوە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (لەو دوو شەڕانەدا جارێک ٥٠ سەرباز و جارەکەی تر ٣٠ سەربازمان بەدیل گرت.)

بەدرۆ لەشکری حوسێن لەگەڵ دوو برای تری بە ناوەکانی مەلا ئەحمەد و شەریف لەگەڵ بارزانی چووەتە یەکێتی سۆڤیەت لە ڕێگەدا بەشداریی دوو شەڕی گەلی قتور و پردی ماکۆی کردوە و لە ئازەربایجان وەک هەموو هەڤاڵانی تری بۆ ماوەی نزیک بە ساڵێک لە باکۆ مەشقی سەربازیی پێکراوە و بۆ ماوەی چوار ساڵیش لە تاشکەند لە کێڵگەی چاندن و کۆکردنەوەی پەمۆدا کاری کردوە. لە زانکۆدا بەشی کشتوکاڵی خوێندوە و ساڵی ١٩٥٩ لەگەڵ هەڤاڵانی بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ عێراق. بە هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول چەکی لە شان کردوەتەوە و لە ناوچەی نزاری و سەری ئاکرێ بووە و لەوێ بەشداریی شەڕەکانی پیرس و سەری ئاکرێی کردوە.




ساڵی ١٩٦٢ لەگەڵ بارزانی پەڕیوەتەوە بۆ ناوچەی سۆران و تا ساڵی ١٩٧٥ لە لقی شەریف لەشکریی برایدا پێشمەرگە بووە. لەو ساڵەدا کە شۆڕشی گوڵان ڕاوەستا، سەرەتا چووەتە زێوە و دوای کۆکردنەوەی کۆمەڵگای زێوە لەلایەن ڕژێمی ئێرانەوە، گواستراوەتەوە بۆ ئیسفەهان و دواتریش بۆ تەورێز. بەشداریی شۆڕشی گوڵانی کردوە و دوای ڕوخانی ڕژێمی پەهلەوی لە ئێران لە ساڵی ١٩٧٩دا گەڕاوەتەوە ڕیزی شۆڕش و لە مەکتەبی مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتدا پێشمەرگە بووە. ساڵی ١٩٩٥ گەڕاوەتەوە بۆ باشوری کوردستان و ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتیدا بەهۆی خەباتی درێژخایەن و خزمەتەکانی بە کورد و کوردستان و ڕێبازی بارزانی، میدالیای بارزانی وەرگرتووە. لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (زۆر خۆشحاڵ بووم و بە گەورەترین شانازییەکانی ژیانی خۆم و بنەماڵەکەمی دەزانم و فەخری پێوە دەکەم.)

## دوکتۆر تەیمور جەعفەر موسا



تەیمور جەعفەر موسا ناسراو بە تەیمور شکاک ساڵی ١٩٣٠ لە گوندی "هەستەکوک- هەستەجۆک" لە ناوچەی قتور لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایک بووە. تەیمور لەگەڵ جەعفەر موسای باوکی و سوارەکانی عومەرخانی شکاک بەشداری کۆماری کوردستانی کردوە و وەک خۆی دەڵێت باوکی لە ناوچەی سەردەشت شەهیدبووە دەڵێت: (دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان، نەگەڕامەوە گوندەکەمان و چووم بۆ گوندی "هۆدەر" لە نزیک شاری "سەلماس" و لەوێ بەنهێنی دەژیام. کاتێک بیستم بارزانی گەڕاوەتەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەگەڵ ئیبراهیم جەلال کە دواتر لەگەڵ بارزانییەکان ئەنفالیان کرد، بێجان عەلی جوندی، کامل زلمات و عومەر حوسێن شکاک بڕیارماندا لەگەڵ بارزانی بکەوین. بارزانی خەریکبوو بە گوندی سمایل ئاغادا دەڕۆیشت کە ئێمە چووین و گوتمان دەمانەوێ لەگەڵت بین. چەک و ئەسپی باشمان هەبوو. بارزانی قبوڵی کرد و ئێمەش ڕەگەڵی کەوتین. بۆ ماوەی نۆ ڕۆژان لە ڕێگەدا بووین بەبێ نان و خواردن. ئەسعەد خۆشەوی لە گوندەکان نانی کۆدەکردەوە و هەریەک لە ئێمە نانێکمان وەردەگرت. مەلا مستەفا وەک ئێمە، بەبێ ئەوەی کە زیاتر لە ئێمە وەرگرێت. مانگی شەش بوو، گیا بڵند ببوو و ئێمە بە ڕۆژ خۆمان دەشاردەوە و بە شەو دەڕۆیشتین. تەیارەی تورکان دەهاتن، تەیارەی ئێران دەهاتن، بەڵام ئێمەیان نەدەبینی و ئێمەش تەقەمان لێنەدەکردن. جارێک تورکەکان لە نزیک گوندی "ڕاویان" لەسەر حدود پێشیان پێگرتین و ئێمەش لێماندان و دوو سەربازی تورکمان

کوشت. کوژراوەکانیان بەجێهێشت و ڕایان کرد. گوندی ڕاویان هاوسنوری ماکۆیە لەگەڵ تورکیا.)

تەیمور جەعفەر موسا ئاماژە بە شەڕی پردی ماکۆ دەکات و دەڵێت: (کە گەیشتینە سەر ڕوباری ماکۆ. چەند سەربازی ئێرانیمان بینی کە بە تۆپ و تانک لەسەر پردی ماکۆ ڕاوەستابوون. لە بەرامبەریاندا ئێمە تەنیا تفەنگمان پێبوو. فڕۆکە بە شەست تیر لە ئێمەی دەدا، بەڵام ئێمە تەقەمان نەدەکرد. مەلا مستەفا زۆر زیرەک بوو، دەیزانی چۆن تاکتیکی شەڕ دابڕێژێ و چۆن شەڕ بکات، ئەوە بوو کە ئێمە لە شەڕێکی دەستەویەخەدا توانیمان ئەو سەربازانە و سوپای ئێران تێکبشکێنین و نزیکە ٣٠٠ عەسکەر بەدیل بگرین و خۆمان بگەیەنینە گوندی هاسون و لە ناوچەی شەڕ دور بکەوینەوە.)

دوای پەڕینەوەیان لە ئاراس و ڕەوانە کردنیان بۆ نەخجەوان و دواتر گەڕاندنەوەیان بۆ باکۆ، لەسەر داوای بارزانی بۆ ماوەی نزیک بە ساڵێک لە ڕۆخی دەریای خەزەر مەشقی سەربازی بە هەڤاڵانی بارزانی دەکەن. بە دوای ئەو ساڵەدا چونکە باقرۆڤ ناتوانێ ویستەکانی خۆی بەسەر بارزانیدا بسەپێنێ، بارزانی لە پێشمەرگەکان جیا دەکەنەوە و هەڤاڵانی سواری قەتار دەکەن و لە ئازەربایجانەوە دەیانبەن بۆ تاشکەند و هەر ٢٥ کەسەی لە گوندێکی ئۆزبەکستان بڵاویان دەکەن و لە کێڵگەکانی پەمۆدا ئیشیان پێدەکەن. تەیمور لەگەڵ ٢٥ لە هەڤاڵانی لە گەلبەجار بووە. لەم بارەیەوە دەڵێت: (بردیانین بۆ کەڵخوزی ژمارە ١٦ لە ناوچەی "یەنگی یۆڵ" لە پارێزگای تاشکەند و هەموومان لە کێڵگەی پەمۆدا کاریان پێسپاردین. کابرایەکی چیچێن بە ناوی "بیرگادر" سەرپەرشتی کارەکانی ئێمەی دەکرد. تورکمان، قازاخ، چیچێن و نەتەوەی تریش لەوێ هەبوون. پارەکەمان کەمبوو، لەبەر ئەوە ئێمە کوردەکان پێکەوە کارمان دەکرد و پێکەوەش دەمانخوار. ساڵی ١٩٥٤ کە بارزانی گەڕایەوە، ئێمەیان بردە فرێڤسیکی کە شارێکی مەزن بوو. مەلا مستەفا لە "ڤێرخنی چرچک" لە خانووبەرەیەکی حکومەتدا بوو و دوو سێ کەس لە هەڤالانی لەگەڵ بوو. لەگەڵ حکومەت پێکهات کە ئێمە بخوێنین. ئەوە بوو ئێمە ٢٥ کەسیان بردین بۆ ناوچەی سەنعەتی "پاڤلۆڤ" بەشی تێکنیکمان خوێند. چوار ساڵ لەوێ بووین کە ساڵی ١٩٥٩ بەرلەوەی کە خوێندنەکەمان تەواو بێت، گەڕاینەوە بۆ بەغدا.)

تەیمور شکاک ڕۆژی ١٩٥٩/٤/١٦ لەگەڵ هەڤاڵانی بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ عێراق و مەلا مستەفا بارزانی خۆی لە بەندەری بەسرە پێشوازیی لە هەڤاڵانی و هاوسەر و منداڵەکانیان کردوە. دوای گەڕانەوەی تەیمور لە شەریکەیەکی گواستنەوەدا لە بەغدا کار وەردەگرێت و بە ڕاسپاردەی بارزانی ناسنامەی عێراقی پێدەدەن. ڕۆژی ١٩٦٠/١١/٥، بارزانی لەسەر بانگهێشتی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمونیستی یەکێتی سۆڤیەت، بۆ بەشداریی کردنی لە ساڵیادی شۆڕشی ئۆکتۆبەر دەگەڕێتەوە بۆ مۆسکۆ. لەم بارەیەوە تەیمور شکاک دەڵێت:

-(بەرلە چوونی بارزانی بۆ سۆڤیەت، لەگەڵ دوکتۆر سەعید ئەحمەد و حەسۆ بابەکەیی بە خزمەتی گەیشتین و گوتمان ساڵێکمان ماوە خوێندنمان تەواو بێت و داوا دەکەین ئێمەش لەگەڵ خۆت بەرەوە کە خوێندنەکەمان تەواو بکەین. بارزانی هەرسێمانی لەگەڵ خۆی گەڕاندەوە بۆ مۆسکۆ. و لەوێوە چووینەوە بۆ شوێنی خۆمان. من لە ماوەی سێ چوار مانگدا دیپلۆمم وەرگرت. بە دوای وەرگرتنی دیپلۆمی فەنی، چونکە سودم لە بەشی تێکنیک وەرنەگرتبوو، بۆ ماوەی سی ساڵی تر بەشی کشتوکاڵم خوێند و دوکتۆرام لەو بەشەدا وەرگرت. ساڵی ١٩٦٨ گەڕامەوە زانکۆی کوبان لە کراسنە لە ناوچەی ڕوسیا و ساڵێک دوای کولیە بۆ ماوەی ساڵێک لە زانکۆی "یەنگی یۆڵ"ی ئۆزبەکستاندا مامۆستایەتیم کرد.)

دوکتۆر تەیمور ساڵی ١٩٧٠ گەڕاوەتەوە بۆ بەغدا و لەوێوە چووەتە دیلمان و بە خزمەت بارزانی گەیشتوە. لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (دوای ڕێککەوتنی ١١ی ئازار، دارا تۆفیق بەرپرسی ڕۆژنامەی خەبات بوو لە بەغدا. مەلا مستەفا ٣٠٠ دیناری عێراقی دامێ و چونکە زمانی عەرەبیم نەدەزانی لەگەڵ فەلەکەدین کاکەیی منی ناردەوە بۆ بەغدا و لەوێ شەهادەی منیان کە لایەکی ڕوسی بوو و لایەکەی تری ئینگلیزی، وەرگێڕایەوە سەر زمانی عەرەبی و لە ڕۆژنامەی حوریەتدا بڵاویان کردەوە کە ئەگەر پێویستیان بەمن هەبێت، دامەزرێنن کە لە بەڕێوەبەرایەتی وەزارەتی کشتوکاڵدا دامەزرام. سامی عەبدولڕەحمان لە وەزارەتی کاروباری کوردستان لەگەڵ من بوو.)



ڕۆژی ١٩٧١/٩/٢٩ کە ویستیان بارزانی تیرۆر بکەن تەیمور شکاک و وەزیرە کوردەکان دەگەڕێنەوە بۆ کوردستان، بەڵام دوای پێکهاتنی سەرکردایەتی شۆڕش و حکومەت، سەرلەنوێ دەگەڕێنەوە بۆ سەر کارەکانیان لە بەغدا. ساڵی ١٩٧٤ کە شەڕی حکومەت بەدژی گەلی کورد دەستی پێکردەوە، تەیمور شکاک گەڕاوەتەوە بۆ حاجی ئۆمەران و ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، چووەتە نەغەدە و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ یەزد کە حەسۆ میرخانیش لەوێ بووە. لە یەزدەوە بە ئیزنی کاربەدەستانی ئێران، گەڕاوەتەوە بۆ قتور و لەلای خزمەکانی ماوەتەوە، بەڵام چونکە بە ڕەگەز ئێرانی بووە لە ترسی ساواک، لەوێ نەماوەتەوە و وەک خۆی دەڵێت ساڵی ١٩٧٨ بە ئیزنی ئیدریس بارزانی و بە کەڵکوەرگرتن لە بەخشینی گشتی سەدام حوسێن، بە سنوری قەسری شیریندا گەڕاوەتەوە بۆ عێراق و لە سەماوە نیشتەجێیان کردوە. وەک خۆی دەڵێت لەوێ لەگەڵ دوکتۆرێکی میسری کاری چاندنی پەمۆی کردوە و ساڵ ١٩٨٠ بە ڕاسپاردەی شێخ ئەحمەد نەقشبەندی ڕەوانەی هەولێری دەکەن و لە ئیدارەی کشتوکاڵی هەولێر دادەمەزێ. ساڵی ١٩٩١، بە دوای ڕاپەڕیندا چووەتە ساردا و لەنیوان دیانا و مێرگەسور و لەوێ دوکتۆر سەعید ئەحمەدنادری دۆزیوەتەوە و لەگەڵ ئەو بە خزمەت کاک مەسعود گەیشتوە و ڕووداوەکانی بۆ گێڕاوەتەوە. دوای پێکهاتنی حکومەتی هەریم لە ساڵی ١٩٩٢دا، تەیمور لە هەولێر بووە و ساڵی ١٩٩٣ لەگەڵ ژمارەیەکی تر لە هەڤاڵانی بارزانی خانەنشین کراوە. ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەردەگرێ و لەم بارەیەوە دەڵێت:

**- (زۆر خۆشحاڵ بووم و لە مێشکی خۆمدا گوتم ئەوە هونەری مەلا مستەفایە و هەستم بە ئازادی کوردستان کرد، وامزانی مەلا مستەفا لە ژیاندایە و وەک ئەوە بوو کە باوکم لە لامە.)**

## حەسەن عەلی حەسەن



حەسەن عەلی حەسەن سپیندارێ ساڵی ١٩٢٦ لە گوندی سپیندارێ لە ناوچەی مێرگەسور لەدایک بووە. بەشداریی شۆڕشی ١٩٤٣-١٩٤٥ی بارزانی کردوە و لە شەڕەکانی شانەدەر و "خێرۆزۆک"دا لە ١٩٤٣/١٠/١٢ بەشدار بووە. یەکێک بووە لە هەڤالانی بارزانی لە کۆماری کوردستان و لە بەرەی شەڕی سەقز، لە مەلقەرەنی بووە و لەم بارەیەوە دەڵێت: **(کاتی شەڕی مەلقەرەنی من سەرپەل بووم و لەوێ بووم کە خۆشەوی خەلیل بریندار و دواتر شەهید بوو.)**

بەرلە هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان لەگەڵ بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ مهاباد و لە ماڵی پێشەوا بووە، کە بارزانی داوای لە پێشەوا کردوە لەگەڵیان بچێت بۆ دەرەوە و دەڵێت: **(پێشەوا گوتی لە خۆشیدا لەگەڵ ئەو خەڵکە بووم و نامەوێ لە ناخۆشیدا بەجێیان بهێڵم.)** ناوبراو لە درێژەی وتەکەیدا دەڵێت: **(پێشەوا لەگەڵ بارزانی نە ڕۆیشت و مهابادی بەجێنەهێشت، بەڵام ئالای سەر مێزی کارەکەی دایە و داوای لێکرد وەک ڕەمزێک بۆ میللەتی کوردی ڕابگرێت.)**



دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان، حەسەن عەلی لە دەشتی شنۆ بووە و بەشداریی شەڕەکانی ناوچەی شنۆ و دواتریش لە ڕەوی بارزانییەکاندا بۆ یەکێتی سۆڤیەت، شەڕی گەلی قتور و پردی ماکۆی کردوە. دوای پەڕینەوەی بۆ سۆڤیەت سەرەتا لە نەخجەوان و دواتر لە باکۆ بووە و لەوێ بۆ ماوەی نزیک بە ساڵێک مەشقی سەربازیی پێکراوە. دوای دوورخستنەوەی بارزانی لە هەڤالانی، ناوبراو لەگەڵ هەڤالانی گواستراوەتەوە بۆ تاشکەند لە ئۆزبەکستان و لە سەلخۆزەکانی شاری چرچوکدا بۆ ماوەی نزیک بە چوار ساڵ لە کێڵگەی پەمۆدا کاری کردوە. هاوکات لەگەڵ کارکردنەکەی لەگەڵ خانمێکی بە ڕەگەز تورک هاوسەرگیری کردوە و ساڵی ١٩٥٩ لەگەڵ هەڤالانی بارزانی، هاوسەر و چوار منداڵی گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان.

ساڵی ١٩٦١ کە بارزانی شۆڕشی ئەیلولی ڕاگەیاند، حەسەن عەلی حەسەن سپینداریێ سەرلەنوێ چەکی هەڵگرتووە و ساڵی ١٩٦٢ لەگەڵ بارزانی پەڕیوەتەوە بۆ ناوچەی سۆران و بۆ ماوەی ساڵێک لە ناوچەی دەرگەڵە لەگەڵ هێزی حەمەدەمین میرخان مێرگەسوری بووە. ساڵی ١٩٦٣ کە ڕژێمی عێراق پەلاماری ناوچەی بارزانیدا، ناوبراو لەگەڵ کەکۆ مەلا عەلی مێرگەسوری لە مانگی ٦ی ئەو ساڵە لە هاودیان و باڵەک تا گەلی عومەرئاغا بەرە دەکەنەوە تا مانگی ١٠ی هەمان ساڵ، لەوێ شەڕ دەکەن، بەڵام بەهۆی توندیی شەڕەکان تا شێروانی مەزن پاشەکشە دەکەن و کاتێک سوپای عێراق لە ملی بلە لە نزیک ناوچەی بارزان شکا، حکومەت ناچار بوو داوای وتووێژ لە بارزانی بکات، حەسەن عەلی لەگەڵ کەکۆ و هێزەکەی دەگەڕێنەوە بۆ ناوچەی باڵەک و تا ساڵی ١٩٦٤ لەو ناوچەیە ماوەتەوە.

ساڵی ١٩٧٥، دوای هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلول چووە بۆ نەغەدە، بەڵام زۆر لەوێ نەماوەتەوە و گەڕاوەتەوە بۆ عێراق و حکومەت ڕەوانەی ڕۆمادی کردوە. لەوێوە ڕایکردوە و گەڕاوەتەوە بۆ گوندی سپینداریێ، بەڵام حکومەت ڕۆژی ١٩٩٠/٦/١ سەرلەنوێ خەڵکی گوندی سپینداریێ و گوندەکانی

دەوروبەری گۆڕەتووی لە شوێنی خۆیان دوورخستوەتەوە و حەسەن عەلی حەسەن سپینداریێ لە شاخۆڵان نیشتەجێ کراوە. ساڵی ١٩٩١ گەڕاوەتەوە بۆ گوندەکەی و ساڵی ١٩٩٣ خانەنشین کراوە. ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و ڕۆژی ٢٠١٣/٤/٢٩ کۆچی دوایی کردوە.

## خانۆ جوج خان



خانۆ جوج خان شێروانی ساڵی ١٩٢٧ لە گوندی ژاژۆک لە قەزای مێرگەسور لەدایکبووە. لە ساڵی ١٩٤٥وە لەگەڵ براکەی بەناوی حوسێن چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی لەشکری بارزان و یەکێک بووە لە هەڤاڵانی بارزانی لە کۆماری کوردستان. خۆشەوی برای لە شەڕی مەلقەرەنی لە بەرەی شەڕی سەقز شەهید بووە. دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان لە شەڕەکانی ناوچەی شنۆ لە بەرەی نەڵۆس و دەشتی شنۆدا بووە و دوو لە خاڵەکانی بەناوی سلێمان و عەبدولڕەحمان بە نەخۆشی تایفۆئید لە مهاباد کۆچی دواییان کردوە. لە ڕەوی بارزانییەکاندا بۆ ڕوسیا بەشداریی شەڕەکانی گەلی قتور و پردی ماکۆی کردوە و دەڵێت: **(لقی ئێمە لەسەر پردی ماکۆ ٣٠ سەربازمان بەدیل گرت.)**

لە یەکێتی سۆڤیەت جگەلە مەشقی سەربازیی لە ئازەربایجان، بەشی کشتوکاڵی لە زانکۆی تاشکەند خوێندوە. لەوێ هاوسەرگیری کردوە و ساڵی ١٩٥٩ لەگەڵ هەڤاڵانی بارزانی و هاوسەرەکەی و کوڕێکی گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان و لە ئیدارەی کشتوکاڵی هەولێر کاری کردوە. ساڵی ١٩٦١ کە بارزانی شۆڕشی ئەیلولی ڕاگەیاند، خانۆ جوج خان چەکی هەڵگرتووە و گەڕاوەتەوە ڕیزی پێشمەرگەکان و تا ساڵی ١٩٦٣ لەگەڵ حوسێنی حەمەد ئاغای مێرگەسوری بووە. لەو ساڵەدا کە حوسێن ئاغا لە شەڕی نێوان بلە و بارزاندا شەهید بوو، خانۆ دەچێتە ڕیزی پێشمەرگەکانی حەسۆ میرخان ژاژۆکی و لە ناوچەی مزورییەکان بووە.



سـاڵی ١٩٧٠ کە ڕێککەوتنـی ١١ی ئـازار واژۆ کـرا، خـانۆ کـرا بـە پاسـەوانی سنوری نـاوچەی مێرگەسـور و سـاڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشـی ئەیلـول ڕاوەسـتا، نـاوبراو لە ناوچەی مێرگەسور ماوەتەوە.

ساڵی ١٩٨٨ کە ناوچەی بادینان ئەنفال و کیمیابـاران کـرا، خـانۆ لەگەڵ نەبـی ئاغای مێرگەسوری و خەڵکی ناوچەکە لە گوندی ژاژۆک ڕا دەکەن و پەنا بۆ چیاکانی برادۆسـت دەبەن. دوای تێپەڕبـوونی مانگێـک کە حکـومەت بەخشـینی گشـتی ڕاگەیانـد، دەگەڕێـتەوە بـۆ ژاژۆک. سـاڵی ١٩٩١ ڕژێمی عێراق بەرلە ڕاپەڕینی خانۆ و بنەماڵەکەی و هەموو دانیشتوانی گوندی ژاژۆک دەگـوازێتەوە بـۆ کۆمـەڵگـای شـاخۆلان، بەڵام ئەوان بە دوای ڕاپەڕینـدا سەرلەنوێ دێنەوە بۆ گوندەکەیان.

خانۆ جوج خان جارێک لە شەڕی مەزنـێ برینـدار بـووە و کـوڕێکی لە بەرەی شەڕی کەرکوکدا بە جەڵتە کۆچی دوایـی کـردوە و برایـەکی و ژمـارەیەکی زۆر لە خزمانی لە کۆمەڵگای دیانا ئەنفال کراون. ناوبراو ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦، لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتی کوردستاندا میدالیای بـارزانی وەرگرتـووە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (زۆر بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی خۆشحاڵ بووم و خۆم بە شایانی وەرگرتنی ئەو میدالیایە نەدەزانی. بە ڕاستی تۆڵەی هەموو زەحمەتەکانم بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی کرایەوە.)

## سەلیم عوزێر سەلیم



سەلیم عوزێر سەلیم ناسراو بە سەلیم کۆرکەی ساڵی ١٩٢٥ لە گوندی کۆرکە لە عەشیرەتی شێروان لە ناوچەی مێرگەسور لەدایک بووە. ساڵی ١٩٤٣ کە بارزانی لە سلێمانیەوە گەڕایەوە بۆ بارزان، چەکی هەڵگرتووە و لەگەڵ بارزانی کەوتوە. لە شەڕەکانی بلە، ڕێزان، بارزان و شەڕی گۆڕەتوو و مەیدان مۆریکدا بەشداریی کردوە و ڕۆژی ١٩٤٥/١٠/١١ بە بنەماڵەوە لەگەڵ بارزانی چووەتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە گوندی شیناوێ لە ناوچەی پیرانشار بووە. لە کۆماری کوردستاندا، بەشداریی شەڕەکانی قاراوا و مەلقەرەنی کردوە. ساڵی ١٩٤٦ برایەکی بەناوی میرزاغا عوزێر لە مزگەوتی سوری مهاباد بە نەخۆشی تایفۆئید کۆچی دوایی کردوە.

دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان، ڕۆژی ١٩٤٧/٢/٢ بەشداریی شەڕی نەڵۆس و ڕۆژی ١٩٤٧/٣/١٤ بەشداریی شەڕی گۆجاری کردوە. هەروەها لە ڕەوی بارزانییەکان بۆ یەکێتی سۆڤیەت، بەشدار بووە لە شەڕی گەلی قتور و پردی ماکۆدا. دوای جێگیربوونی بارزانییەکان لە باکۆ بۆ ماوەی نزیک بە ساڵێک مەشقی سەربازیی پێکراوە و دواتر لە گوندی "نامانگا" لە تاشکەند بۆ ماوەی چوار ساڵ ڕۆژانە لە کێڵگەی پەمۆدا کاری کردوە و شەوانەش زمانەکانەکانی کوردی و ڕوسی خوێندوە.

دوای مردنی ستالین و گەڕانەوەی بارزانی بۆلای هەڤاڵانی لە ١٩٥٤دا، سەلیم عوزێر سەلیم بۆ درێژەدان بە خوێندن، ڕەوانەی زانکۆی دیڤینکۆ لە کۆماری ڕوسیا لە سۆڤیەت کراوە و یەکێک بووە لە خوێندکارە زیرەکەکانی ئەو زانکۆیە. ساڵی ١٩٥٩ لەگەڵ هەڤاڵانی بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ عێراق و لەوێوە چووەتەوە بۆ گوندی کۆرکێ و تا ساڵی ١٩٦١ لەوێ ماوەتەوە. ڕۆژی

١٩٦١/٩/١١، کە بارزانی شۆڕشی ئەیلولی ڕاگەیاند، نابراو چەکی هەڵگرتووە و لە هێزی مەلا شینی دا بووە.
لە ساڵی ١٩٦٣، لەو هێزەدا بەشداریی شەڕەکانی سەری ئاکرێ، شەڕەکانی نێوان بلە و بارزانی کردوە. هەروەها لە شەڕی چیای پیرەفات دا بەشدار بووە. ساڵی ١٩٦٤ برایەکی بەناوی فەتاح عوزێر سەلیم لە شاخی بستی لە ناوچەی مێرگەسور کەوتۆتە سەر مین و شەهید بووە. ساڵی ١٩٦٧ لە تەمەنی ٤٢ ساڵیدا ژیانی هاوبەشی پێکهێناوە و لەگەڵ هێزەکانی سەربە مەلا شینی پەڕیوەتەوە بۆ ناوچەی ڕەواندز و لەوێ بەشداریی شەڕی گۆڕەسی کردوە.
ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، گەڕاوەتەوە بۆ گوندەکەی. ساڵی ١٩٧٩ ڕژێمی عێراق گوندی کۆرکێی سوتاندوە و سەلیم عوزێر سەلیمی لەگەڵ خەڵکی گوندەکە گواستوەتەوە بۆ کۆمەڵگای دیانا. لە ئەنفالی بارزانییەکاندا لە ساڵی ١٩٨٣ ڕزگاری بووە و گەڕاوەتەوە ڕیزی پێشمەرگەکانی هێزی بارزان لە گوندی حەیات و دەشتی بەرازگر و لەگەڵ ئەحمەد مەلا سوار لە ڕێکخراوی کاروخدا بووەتە پێشمەرگە و بە مەفرەزە گەڕاوەتەوە ناوچەی مێرگەسور و ساڵی ١٩٨٧ بەشداریی شەڕی مێرگەسور و دواتریش شەڕی گەورەی خواکورکی کردوە کە لە مێژوودا بە داستانی خواکورک دەناسرێت.
ساڵی ١٩٨٨، لە ئەنفال و کیمیابارانی ناوچەی بادینان‌دا چووەتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە کۆمەڵگای زێوەدا نیشتەجێ بووە و ڕۆژی ١٩٩٦/١١/٢٧ گەڕاوەتەوە بۆ باشوری کوردستان و ساڵی ١٩٩٨ لە تەمەنی ٧٨ ساڵیدا خانەنشین کراوە. ساڵی ٢٠٠٥ بە ڕووداوی ئوتۆمبیل بۆ ماوەی شەش مانگ لە جێدا کەوتووە. ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦، لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتی کوردستاندا بەهۆی خزمەت و چالاکییەکانی بە کورد و کوردستان و ڕێبازی بارزانی نەمر، میدالیای بارزانی پێدراوە و ڕۆژی ٢٠١١/٣/٢٤ کۆچی دوایی کردوە. مەلا سەلیم عوزێری کوڕی دەربارەی هەستی باوکی بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی دەڵێت:

**- (باوکم بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی گەشایەوە و زۆر هەستی بە خۆشی دەکرد.)**

# سلێمان حەدۆ شینۆ



سلێمان حەدۆ شینۆ ساڵی ١٩٣٠ لە گوندی "زرار" لە دایک بووە. لە شۆڕشی بارزاندا لەگەڵ بنەماڵەکەی چووەتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا بووەتە پێشمەرگە و بەشداریی شەڕی قاراوای کردوە. دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان لە ناوچەی شنۆ بووە و بەشداریی شەڕەکانی دەشتی شنۆی کردوە و دواتر لەگەڵ بارزانی و هەڤاڵانی چووەتە ڕوسیا. لە ڕێگەدا بەشدار بووە لە شەڕی گەلی قتور و پردی ماکۆدا. لە باکۆ بۆ ماوەی نزیک بە ساڵێک مەشقی سەربازیی پێکراوە و دوای بڵاوکردنەوەی بارزانییەکان و دوور خستنەوەی بارزانی لە هەڤاڵانی لە ناوچەی تاشکەند لە کێڵگەی پەمۆ کرێکار بووە. ساڵی ١٩٥٤ کە ستالین مرد و باقرۆڤ لە سێدارە درا و بارزانی گەڕایەوە لای هەڤاڵانی و ڕێگەی کاری ئازاد و خوێندن بە بارزانییەکان درا، سلێمان حەدۆ شین لە زانکۆی تاشکەند بڕوانامەی لە بەشی کشتوکاڵی وەرگرتووە.

ساڵی ١٩٥٩ لەگەڵ هەڤاڵانی بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ عێراق و ساڵی ١٩٦١ کە بارزانی شۆڕشی ئەیلولی ڕاگەیاند، ناوبراو سەرلەنوێ چەکی هەڵگرتووەتەوە و لەگەڵ عوزێر ئاغای زراری لە ناوچەی ئاکرێ بووە و بەشداریی کردوە لە شەڕەکانی چیای پیرس و سەری ئاکرێدا. ساڵی ١٩٦٢ چووەتە لای غەزالی ژاژۆکی و لەوێ بەشداریی شەڕەکانی "شووش و شەرمن"ی کردوەو ساڵی ١٩٦٣، سەرلەنوێ لە شەڕی سەری ئاکرێ بووە. لەو سالەدا لەگەڵ بارزانی پەڕیوەتەوە بۆ ناوچەی سۆران تا ساڵی ١٩٦٤ لەگەڵ تاهیر عوزێر ئاغای زراری بووە.



ساڵی ١٩٧٤ لە یەکەی تۆپخانەی شۆڕشدا بووە و ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول راوەستا، سلێمان حەدۆ شینۆ گەڕاوەتەوە گوندی زرار، بەڵام ڕژێمی عێراق لە هێرشێدا بۆسەر گوندەکەیان، دانیشتوانی گواستۆتەوە بۆ دیانا و گوندەکەشی سوتاندوە. سلێمان حەدۆ ساڵی ١٩٨١ سەرلەنوێ گەڕاوەتەوە لای پێشمەرگەکان و چووەتە زێوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەگەڵ ئەحمەد مستەفا کانی لەنجی پێشمەرگە بووە. بە شێوەی مەفرەزە گەڕاوەتەوە بۆ باشور و بەهۆی سەرما و سۆڵە پێستی سەروڕووی سەرمابردویەتی.

ساڵی ١٩٩١ خەڵکی گوندی زرار، گوندەکەیان ئاوەدان کردۆتەوە و سلێمان حەدۆ شینۆ سەرلەنوێ گەڕاوەتەوە بۆ گوندەکەیان و ساڵی ١٩٩٣ بەهۆی پیری خانەنشین کراوە. ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتی کوردستاندا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و ڕۆژی ٢٠١٣/١٢/٤ کۆچی دوایی کردوە. بە وتەی عادل سلێمان حەدۆی کوڕی بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی زۆر خۆشحاڵ بووە و گوتوویەتی:

**- (نەمردم و کوردستانم بە ئازادی دی و زەحمەتەکانم بە فیڕۆ نەچوون.)**

## شەریف قورتاس مەلا عوزیەر زراری




شەریف قورتاس مەلا عوزیەر زراری ناسراو بە شەریف قورتاس مەلا ساڵی ١٩٣٢ لە گوندی زرار سەربە قەزای مێرگەسور لە دەڤەری بارزان لەدایک بووە. ساڵی ١٩٤٥ بە بنەماڵەوە لەگەڵ شۆڕشی بارزان کەوتوون. باوکی و براکەی پێشمەرگەی کۆماری کوردستان بوون. "میرال"ی برای لە شەڕی میرەدێ برینداربووە و گواستویانەتەوە بۆ شنۆ، بەڵام لەوێ شەهید بووە و "قورتاس"ی باوکیشی بە نەخۆشی تایفۆئید لە گوندی قەڵاتانی نێوان نەغەدە و پیرانشار کۆچی دوایی کردوە. دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان، شەریف قورتاس لە تەمەنی پازدە ساڵیدا چەکی هەڵگرتووە و لەگەڵ بارزانی و هەڤالانی چووەتە سۆڤیەت. لە ڕەوی بارزانییەکان بۆ ڕوسیا، بەشداریی شەڕەکانی گەلی قتور و پردی ماکۆی کردوە.

لە باکۆ پایتەختی ئازەربایجان بۆ ماوەی ساڵێک مەشقی سەربازیی پێکراوە و دواتر کە بارزانییەکان بۆ پارێزگای ئۆزبەکستان دوورخرانەوە، بۆ ماوەی نزیک بە چوار ساڵ لە گێڵگەی پەمۆی تاشکەند کاری کردوە. دوای مردنی ستالین و لە سێدارەدانی باقرۆڤ کە خرۆشۆڤ لەسەر داوای بارزانی، ئیزنی خوێندن و کارکردنی بە بارزانییەکان دا، شەریف قورتاس مەلا، لە ساڵی ١٩٥٤وە تا ١٩٥٩ لەگەڵ ٢٥ هەڤاڵی تری لە "پارتی سکۆلان"ی تاشکەند پایتەختی ئۆزبەکستان بە پلەیەکی باش، خوێندنی حیزبی تەواو کردوە. ڕۆژی ١٩٥٩/٤/١٦ لەگەڵ هەڤالانی بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ عێراق و لە شێروانی مەزن کە ناحیەیەکی سەربە مێرگەسور بووە، بووەتە مامۆستا و وانەی بە خوێندکاران گوتۆتەوە. لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلودا ئەرکی مامۆستای شۆڕشی بەڕێوە بردوە. شەریف قورتاس مەلا ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتی کوردستاندا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و دەربارەی وەرگرتنی میدالیای بارزانی دەڵێت:

- (بە وەرگرتنــی میـدالیای بــارزانی کە بە دوای پێشــەوا قــازی مـحـەمـەددا، هەڵگری ئاڵای کوردستان بوو، هەستم کرد وەک پێشمەرگەیەکی نەتەوەکەم لەبیــر نەکــراوم و یەکــێکم لە بەشــدارانی خەبــاتی نەتەوەکەم و ئەوە بە شەرەفێکی گەورە بۆخۆم دەزانم و هەتا هەم شانازیی پێوە دەکەم و لە ڕێبازی بـارزانی بۆ خزمەتکردن بە کورد و کوردستان دەرنـاچم. دڵگەشم بەوەی کە کـورد زۆری نەمـاوە بە مـافی خۆی بگـات و پشتبەستن بە ڕێبـازی پێشــەوا و بارزانی دەوڵەتی خۆی دامەزرێنێت.)

# سالْح محەمەد قورتاس

سالْح محەمەد قورتاس ساڵی ١٩٢٧ لە گوندی لێڕەبیر لە ناوچەی بارزانی قەزای مێرگەسور لەدایک بووە. ساڵی ١٩٤٣ کە بارزانی لە سلێمانییەوە گەڕایەوە بۆ ناوچەی بارزان، چەکی هەڵگرتووە و بەشداریی شۆڕشی ١٩٤٣- ١٩٤٥ی کردوە و لە چەککردنی بنکەی پۆلیسی شانەدەر، شێروانی مەزن و شەڕی "خێرۆزۆک" لە ١٩٤٣/١٠/١٢ بەشدار بووە. یەکێک بووە لە هەڤاڵانی بارزانی لە کۆماری کوردستان و لە گوندی قشڵاخ لە بەرەی شەڕی سەقز بووە و بەشداریی شەڕی قاراوا و میرەدێی کردوە. دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان لە شەڕەکانی ناوچەی قەڵاتان و تەرگەوەڕ و دواتریش شەڕی قتور و پردی ماکۆ بەشدار بووە. وەک هەموو هەڤاڵانی بارزانی بۆ ماوەی ساڵێک لە باکۆ مەشقی سەربازیی پێکراوە و دواتر کە بارزانییەکانیان بۆ پارێزگای ئۆزبەکستان دوورخستەوە، بۆ ماوەی نزیک بە چوار ساڵ لە گێڵگەی پەمۆی تاشکەند کاری کردوە. دوای مردنی ستالین و لە سێدارەدانی باقرۆڤ کە خرۆشۆڤ لەسەر داوای بارزانی، ئیزنی خوێندن و کارکردنی بە بارزانییەکان دا، سالْح محەمەد لە زانکۆی شاری تەمبۆڤ لە پارێزگای مۆسکۆ وەرگیراوە و بەشی کشتوکاڵی خوێندوە. ساڵی ١٩٥٩ لەگەڵ هەڤاڵانی بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ عێراق و ساڵی ١٩٦١ کە بارزانی شۆڕشی ئەیلولی ڕاگەیاند، چەکی لە شان کردوەتەوە و بەشداریی شەڕەکانی گەلی زاویتە، سوار سپینداران و مەرێبای لە ناوچەی دهۆک کردوە. ساڵی ١٩٦٢ کە بارزانی پەڕییەوە بۆ ناوچەی سۆران، ناوبراو لەگەڵ حەسۆ میرخان دۆڵەمەری لە ناوچەی بادینان ماوەتەوە و تا




ساڵی ١٩٧٠ لەگەڵ حەسۆ میرخان بوو. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا گەڕاوەتەوە بۆ لێرەبیر تا ساڵی ١٩٨٠ لەو گوندە بووە. ساڵی ١٩٨١، ڕژێمی عێراق بۆ جاری حەوتەم لە مێژووی شۆڕشەکانی بارزاندا، گوندەکەی سوتاندون و خەڵکەکەی گواستوەتەوە بۆ دیانا و ساڵح محەمەد قورتاس ڕایکردوەتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەوێ لەگەڵ شۆڕشی گوڵان و هێزی بارزان کەوتووە کە دوکتۆر سەعید ئەحمەد نادر بەرپرسی بووە. دواتر لەگەڵ هێزێکی تایبەتدا گەڕاوەتەوە ناوچەی بارزان و لە گوندەکانی نزار، ئالکا، ئیروان، ساکا و هەروەها ناوچەی مێرگەسور بووە و بەشداریی شەڕی مێرگەسوری کردوە کە لەو شەڕەدا دوو پێشمەرگەیان شەهید بووە.



ساڵی ١٩٨٨، ساڵح محەمەد قورتاس بەشداریی شەڕی خواکورکی کردوە و کاتێک ناوچەی بادینان لەلایەن حکومەتی عێراقەوە ئەنفال و کیمیاباران کرا، ناوبراو سەرلەنوێ گەڕاوەتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تا ساڵی ١٩٩١ لەوێ بووە. ساڵح محەمەد بەشداریی کۆمەڵێک شەڕی کردوە و کوڕێکی بە ناوی عەزیز ساڵح محەمەد حەدۆ و برازایەکی بە ناوی قۆرتاس میرالی و کوڕە خاڵێکی بە ناوی خواجە سێڤدین مەلۆ لە ١٩٨٢/٨/١٩ لە شێروانی مەزن شەهید بوون. ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦ بەهۆی خزمەتەکانی بە کورد و کوردستان و ڕێبازی بارزانی میدالیای بارزانی وەک گەورەترین خەڵات وەرگرتووە. ڕۆژی ٢٠١٢/١/٢٧ کۆچی دوایی کردوە. بە وتەی ئەنوەر ساڵح محەمەد قۆرتاسی کوڕی، باوکی بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی زۆر خۆشحاڵ بووە و میدالیاکەی بە یەکێک لە شانازییەکانی ژیانی پێشمەرگایەتی و سەردەمی ئاوارەیی زانیوە.

## سديق خەليل يەحيا



سديق خەليل يەحيا ساڵی ١٩٢٧ لە گوندی "كانياتا" لە ناوچەی شێروان لەدايك بووە. ساڵی ١٩٣٢ لە تەمەنی پێنج ساڵيدا لەگەڵ باوكی ئاوارەی توركيا بووە. خەليل يەحيای باوكی لە شۆڕشی ١٩٤٣- ١٩٤٥ پێشمەرگە بووە و دواتر بە بنەماڵەوە چووەتە ڕۆژهەڵاتی كوردستان و بەشداريی كردوە لە پاراستنی كۆماری كوردستاندا. سديق يەحيا لە كۆماری كوردستاندا چەكی هەڵگرتووە و لەگەڵ باوكی لە فەوجی ميرحاج ئەحمەد ئاكرەييدا بووە. بەشداريی شەڕەكانی قاراوا و كانی نازێی لە ميرەدێ كردوە. دەڵێت:

**- (كاتی هەرەسهێنانی كۆماری كوردستان من لەگەڵ باوكم لە خزمەت پێشەوا قازی محەمەد و مەلا مستەفادا بووم كە بارزانی داوای لە پێشەوا كرد كە مهاباد بەجێهێڵێت و لەگەڵيان بچێ، بەڵام پێشەوا قبووڵی نەكرد خەڵكی مهاباد بەجێهێڵێت و گوتی ئەوان دێنو ئێمە ئازار دەدەن و من بەجێيان ناهێڵم.)**

دوای هەرەسهێنانی كۆماری كوردستان سديق خەليل يەحيا بەشداريی شەڕەكانی دەشتی شنۆی كردوە و دواتر لە شەڕەكانی گەلی قتور و پردی ماكۆ بەشدار بووە. وەك هەموو هەڤاڵانی بۆ ماوەی ساڵێك لە باكۆ مەشقی سەربازيی پێكراوە و دواتر كە بارزانييەكانيان بۆ پارێزگای ئۆزبەكستان دوورخستەوە، بۆ ماوەی نزيك بە چوار ساڵ لە گێڵگەی پەمۆی تاشكەند كاری كردوە. دوای مردنی ستالين و لە سێدارەدانی باقرۆف كە خرۆشۆف لەسەر داوای بارزانی، ئيزنی خوێندن و كاركردنی بە بارزانييەكان دا، سەديق خەليل لە زانكۆی ئوتۆبەرسكی بەشی نەوت وەرگيراوە و بە سەركەوتوويی بڕوانامەی وەرگرتووە.

ناوبراو ساڵی ١٩٥٩ لەگەڵ هەڤاڵانی گەڕاوەتەوە بۆ عێراق و لە شەریکەی شەکری موسڵ دامەزراوە. بە ڕاگەیاندنی شۆڕشی ئەیلول لە لایەن بارزانی و هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول، گەڕاوەتەوە ڕیزی پێشمەرگایەتی. دوای پاکبوونەوەی ناوچەی بادینان لە سوپا و جاش، لەگەڵ بارزانی پەڕیوەتەوە بۆ ناوچەی سۆرانو لەوێ لە شەڕی سۆفییەکانی شێخ ڕەشیدی لۆلان کە سەربە حکومەتی عێراق بوون، بریندار بووە. ساڵی ١٩٧١ وەرگێڕی زمانی ڕوسی بووە لە هەولێر و بە ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی ١٩٤٥دا چووەتە زێوە و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ کاشان.

سدیق خەلیل ساڵی ١٩٨٠ گەڕاوەتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەتا ساڵی ١٩٩١ لە هێزی بارزاندا بووە. دوای پێکهاتنی پەرلەمان و حکومەتی کوردستان لە مەسیف سەلاحەدین نیشتەجێ بووە. ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦، لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە. جگەلە میدالیای بارزانی، ناوبراو دوو میدالیای تریشی بەبۆنەی یادی سەرهەڵدانی دهۆک و یادی سەرۆک مستەفا بارزانی لە ڕۆژی ٢٠١٣/٣/١٤دا وەرگرتووە. دەربارەی وەرگرتنی میدالیای بارزانی لە دەست ڕێزدار مەسعود بارزانی دەڵێت:

**- (هەستم کرد ئەوە هێمای کوردستان بەمن دەدرێت و کوردستان سەرکەوتووە، لەبەر ئەوە دوو حەیوانم کرد بەخێری کوردستان و مەلا مستەفا. لە ڕاستیدا بارزانی بە هەوڵ و کۆشش و ئامۆژگارییەکانی خۆی بەهەشتێکی لەسەر ئەم دنیایە بۆ ئێمە دروست کرد کە هەرگیز یاد و نیشانەکانی لەبیر ناکرێت. ئەگەر وەفادار بین بەم بەهەشتە، خودا لەو دنیاش دەرگای بەهەشتمان بۆ دەکاتەوە.)**

# عەبدوڵا حوسێن جەرگیس



عەبدوڵا حوسێن جەرگیس ساڵی ١٩٢٣ لە گوندی پێدرو لە ناحیەی شێروانی مەزن سەربە قەزای مێرگەسور لە ناوچەی بارزان لە مزوریی باڵا لەدایک بووە. کوڕی حوسێن جەرگیس یەکێک لە هەڤاڵی نزیکی بارزانی بووە. ساڵی ١٩٤٣ کە بارزانی لە سلێمانییەوە گەڕایەوە بۆ ناوچەی بارزان، لەگەڵ حوسێن جەرگیسی باوکی و لەشکری حوسێنی برای چەکیان هەڵگرتووە و پێگەی پۆلیسی عێراقیان لە شێروانی مەزن، چەمێ، کانی ڕەش و خێرۆزۆک کۆکردەوە و بە وتەی عەبدوڵا حوسێن جەرگیس لە چەککردنی قشڵەی کانی ڕەشدا، شۆڕشگێڕێک بەناوی خەلیل ئەمەر مێروزی شەهید بووە. ناوبراو یەکێک بووە لە بەشدارانی شەڕی قورس و جەرگبڕی "مەیدان مۆریک" لە ١٩٤٥/٩/٥دا و لە ڕەوتی شەڕەکەدا، ڕۆژی ١٩٤٥/١٠/١١ لەگەڵ باوک و برا و خەڵکی گوندی پێدرو، لەگەڵ شێخ ئەحمەد و بارزانی کەوتوون و لەژێر بۆمبارانی فڕۆکە بۆمبهاوێژەکانی سوپای بریتانیا، ئاوارەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون. ڕۆژی ١٩٤٦/٣/٢، حوسێن چووەتە ڕیزی پارێزەرانی کۆماری کوردستان بە سەرۆکایەتی پیشەوا قازی محەمەد و بەشداریی شەڕی بەرەی سەقزی لە قاراوا کردوە.

دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان لە بەرەی دەشتی شنۆ بووە و دواتر لەگەڵ بارزانی چووەتە یەکێتی سۆڤیەت. لە ڕەوی بارزانییەکاندا بەشدار بووە لە شەڕەکانی گەلی قتور و پردی ماکۆ. لە ئازەربایجانی سۆڤیەت لە باکۆ بۆ ماوەی نزیک بە ساڵێک مەشقی سەربازیی پێکراوە و دواتر لەگەڵ بارزانییەکان لە ئازەربایجانەوە دوورخراوەتەوە بۆ پارێزگای ئۆزبەکستان، بۆ ماوەی نزیک بە چوار ساڵ لە گێڵگەی چاندن و هەڵگرتنەوەی پەمۆی تاشکەند کاری کردوە.



دوای مردنی ستالین و لە سێدارەدانی باقرۆف کە خرۆشۆف لەسەر داوای بارزانی، ئیزنی خوێندن و کارکردنی بە بارزانییەکان دا، عەبدوڵا حوسێن جەرگیس بەشی کشتوکاڵی لە زانکۆی تاشکەند خوێند.

ڕۆژی ١٩٥٩/٤/١٦ لەگەڵ هەڤالانی بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ عێراق و لە موسڵ و لە هەولێر کاری کردوە. ساڵی ١٩٦١ کە بارزانی شۆڕشی ئەیلولی ڕاگەیاند، سەرلەنوێ لەگەڵ باوک و براکەی چەکیان هەڵگرتووەتەوە. لەم بارەیەوە عەبدوڵا حوسین جەرگیس دەڵێت:

- (من و برایەکیترم بەناوی لەشکری لەگەڵ باوکمان بووین. شۆڕشی ئەیلول کە بەرپا بوو، گوشارێکی زۆری فڕۆکە و عەسکەر و جاش هاتە سەرمان. گوندی بارزان و ناوچەکە لە ئاگردا دەسوتان. گوندەکان نان و خواردنیان نەبوو، هەوا بەرەو ساردی و زستان دەچوو. ناوچەی بارزان و دەوروبەری زستانان زۆر سارد دەبن و بەفری زۆریشیان لێ دەکەوێت، لەگەڵ ئەوەشدا هەموو کەس دەیویست لەگەڵ بارزانی بێت، باوەڕیان پێی هەبوو. بارزانی هەرچەندە بۆخۆشی گەنج نەبوو، بەڵام داوای دەکرد پیرەکان دانیشن کە باوکم قبوڵی نەکرد. بارزانی گوتی هەلومەرجی ئەمڕۆ وەک ساڵی ١٩٤٥ نییە، ئێستا شێخ ئەحمەد لە بارزانە و حوسێن تۆ دەتوانی بگەڕێیتەوە و لەوێ بی کە باوکم قبوڵی نەکردو پێیگوت تۆ خۆت بچۆ دانیشە.)

جگەلەوە، عەبدوڵا حوسێن جەرگیس یەکێک بووە لە بەشدارانی شەڕی چەککردنی قشڵەی مەزنە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (دوای چەککردنی قشڵەی مەزنە، حکومەت هێرشی کرد و ژمارەیەکی زۆری لێکوژرا. بە دوای ئەوەدا فڕۆکە هات، بەڵام نەیتوانی زیان بە ئێمە بگەیەنێ. کەلاکێکی زۆری دوژمن لە مەیدانی شەڕەکە مابوو کە مەلا مستەفا ئیزنیدا کەلاکەکان بەرنەوە و ئەوانیش کەلاکەکانیان بە خەڵکی ناوچەکە بردەوە.)

هەروەها ناوبراو یەکێک لەو پێشمەرگانە بوو کە لە ساڵانی ١٩٧٣- ١٩٧٥، لە گوندی سێلکێ وە تا ڕووباری شین لە ناوچەی مزوریی باڵا، جادەی بۆ

گوندەکانی ناوچە کێشاوە. ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦، لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتی کوردستاندا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

**- (ئەوە شەرەفێکی گەورە و لەبیر نەکراو بوو بۆ من. هەستێکی پڕلە شانازیم بەو میدالیایە هەیە کە وەڵامی خزمەتەکانی منی وەک پێشمەرگەیەکی کورد و کوردستان دایەوە، بەتایبەتی کە بینیم وێنەی بارزانی لەسەرە.)**

عەبدولا حوسێن جرگیس بە دوای وەرگرتنی میدالیای بارزانی ڕۆژی ٢٠١٣/٣/١٤ میدالیایەکیشی لە دەزگای ڕۆشنبیری دهۆک وەرگرت و ڕۆژی ٢٠١٣/٩/٢ لە شارۆچکەی مەسیف سەلاحەدین لە باشوری کوردستان کۆچی دوایی کرد.

## عەزیز حوسێن میرخان عەزیز



عەزیز حوسێن میرخان عەزیز ساڵی ١٩٢٥ لە گوندی بێدارون لە قەزای مێرگەسوور لە دایک بووە. دوای گەڕانەوەی بارزانی لە سلێمانی چووەتە ڕیزی جەنگاوەرانی بارزان و بەشداریی کردوە لە چەککردنی قشڵەکانی شانەدەر، بلە، ڕێزان و بارزان و یەکێک بووە لە بەشدارانی شەڕی "خێرۆزۆک" لە ١٩٤٣/١٠/١٢ و شەڕی مەیدان مۆریک" لە ١٩٤٥/٩/٥دا. ڕۆژی ١٩٤٥/١٠/١١ بە بنەماڵەوە لەگەڵ بارزانی چووەتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە گوندی ئیندرقاش لە ناوچەی مهاباد نیشتەجێ بوون. بۆ ماوەی سێ مانگ لە سەربازگەی مهاباد مەشقی سەربازیی پێکراوە. لەگەڵ مەلا شینی و پێشمەرگەکانی ڕەوانەی بەرەی شەڕی سەقز کراوە و لە گوندی سەروچاوە بووە. یەکێک بووە لە پێشمەرگەکانی بەشدار لە شەڕی قاراوا لە ڕۆژی ١٩٤٦/٤/١٩دا. دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان، لەگەڵ پێشمەرگەکانی ناوچەی قەلاتان و دەشتی شنۆ بووە و ڕۆژی ١٩٤٧/٢/٢ بەشداریی شەڕی نەلۆسی کردوە. یەکێک بووە لە هەڤاڵانی بارزانی لە چوون بۆ ڕوسیادا و باس لە تێکهەڵچوونەکانی گەلی قتور و پردی ماکۆ دەکات کە تێیاندا بەشدار بووە. لە ئازەربایجان بۆ ماوەی نزیک بە ساڵێک لە باکۆ مەشقی سەربازیی پێکراوە و دواتر گواستراوەتەوە بۆ شارۆچکەی ئاغدەم لە تاشکەند و وەک خۆی دەڵێت لەوێ ڕۆژانە لە کێڵگەی پەمۆ کاری کردوە و شەوانەش زمانەکانی کوردی و ڕوسی خوێندوە و دواتر لە بەشی کشتوکال درێژەی بە خوێندن داوە. لەم بارەیەوە دەڵێت:

**- (من و عەمەر فەقێ، لەگەڵ ٢٣ کەسی تر بووین، کاتێک بارزانییان لە ئێمە جیا کردوە، ئێمە لە کێڵگەی پەمۆ ئیشمان دەکرد. خۆپێشاندانمان کرد کە بارزانیمان بۆ بگێڕنەوە. سەرئەنجام بە پێداگری ئێمە و مردنی ستالین،**




ساڵی ١٩٥٤ بارزانی گەڕایەوە لای ئێمە و ئیتر ئێمە ئازاد بووین لە کارکردن و خوێندندا. من لە زانکۆی شارۆچکەی ئاغدەم لە تاشکەند وەرگیرام و بەشی کشتوکاڵم خوێند.)

عەزیز حوسێن میرخان ساڵی ١٩٥٩ لەگەڵ هەڤاڵانی بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ عێراق. لە بەغداوە چووە بۆ هەولێر و لەوێوە گەڕاوەتەوە بۆ گوندەکەیان. ساڵی ١٩٦١ کە بارزانی شۆڕشی ئەیلولی ڕاگەیاند، ناوبراو لەگەڵ بارزانی پەڕیوەتەوە بۆ ناوچەی بادینان و بەشداریی شەڕەکانی ئەو ناوچەی کردوە.

ساڵی ١٩٦٢ لەگەڵ هێزی تایبەتی سەربە بارزانی چووە بۆ ناوچەی سۆران و لە حاجی ئۆمەران بووە. لەوێش بەشداریی شەڕەکانی قشڵەی ڕایات لە ١٩٦٢/٧/١١، گەلی شەهیدان، دیلمان و دواتر شەڕی سەری پیرسی لە ساڵی ١٩٦٣ کردوە.

دوای ڕاوەستانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥دا، عەزیز حوسێن میرخان خۆی گەیاندوەتە زێوە، بۆ ماوەی نزیک بە سێ مانگ لە کۆمەڵگای زێوە بووە و دواتر کە ڕژێمی ئێران ئەو کۆمەڵگایەی کۆکردەوە، ناوبراویان گواستوەتەوە بۆ کەرەج. تا ساڵی ١٩٨٠ لە کەرەج ماوەتەوە و لەو ساڵەدا گەڕاوەتەوە بۆ زێوە و لەگەڵ مەفرەزەیەک گەڕاوەتەوە بۆ کەتینە لە باشوری کوردستان. لەوێ لەگەڵ مەفرەزەکانی هێزی بارزانی چووەتە کانی ڕەش لە نزیک دەشتی بەرزاگر و لەوێوە بەشێوەی مەفرەزەی گەڕۆک چووەتە ناوچەی بارزان، مێرگەسور و چیای برادۆست. میرخان قۆرتاس بێدارونی فەرماندەی بووە. جارێک لەگەڵ ئیدریس بارزانی لە زێوەوە گەڕاوەتەوە بۆ باشوری کوردستان و بۆ ماوەی شەش مانگ لە کەتینە و ناوچەکانی دەوروبەری بووە.

ساڵی ١٩٨٨ کە ناوچەی بارزان ئەنفال و کیمیاباران کرا، عەزیز حوسێن میرخان گەڕاوەتەوە بۆ گوندی بێدارون و لەوێ گیرساوەتەوە. ناوبراو جارێک لە لقی یەکی دهۆک بەهۆی پەڕینەوەی لە ئاراس، میدالیای بارزانی وەرگرتوە. هەروەها بەهۆی خزمەتەکانی بە کورد و کوردستان و ڕێبازی

بارزانی، ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتی کوردستاندا میدالیای بارزانی پێدراوە. لەم بارەیەوە دەڵێت:
- (زۆر بە وەرگرتنی میدالیای سەرۆک بارزانی خۆشحاڵم و بە خەڵاتی سەرۆکی دەزانم و زۆریان سوپاس دەکەم.)

## عومەر فەقێ عومەر



عومەر فەقێ عومەر ناسراو بە عەمەر فەقێ ساڵی ١٩٢٧ لە گوندی بێدارون لە قەزای مێرگەسور لە دایک بووە. ساڵی ١٩٤٣ کە بارزانی لە سلێمانییەوە گەڕایەوە بۆ ناوچەی بارزان، چەکی هەڵگرتووە و لەگەڵ پێشمەرگەکانی سەربە مەلا شینی قۆرتاس، بەشداریی شۆڕشی ١٩٤٣- ١٩٤٥ی کردوە و لە چەککردنی بنکەی پۆلیسی شانەدەر، شەڕی "خێرۆزۆک" لە ١٩٤٣/١٠/١٢ و مەیدان مۆریک" لە ١٩٤٥/٩/٥دا بەشدار بووە و لە ڕەوتی شەڕەکەدا، ڕۆژی ١٩٤٥/١٠/١١ لەگەڵ بنەماڵەکەی پەڕیوەتەوە بۆ ڕۆژهەلاتی کوردستان و لە گوندی ئیندرقاش لە ناوچەی مهاباد نیشتەجێ بوون. وەک خۆی دەڵێت لە سەرەتای شۆڕشی بارزانەوە تا دوایی لەگەڵ عەزیز حوسێن میرخان عەزیزی خزمی بووە. بۆ ماوەی سێ مانگ لە سەربازگەی مهاباد مەشقی سەربازیی پێکراوە. لەگەڵ مەلا شینی و پێشمەرگەکانی ڕەوانەی بەرەی شەڕی سەقز کراوە و لە گوندی سەروچاوە بووە. یەکێک بووە لە پێشمەرگەکانی بەشدار لە شەڕی قاراوا لە ڕۆژی ١٩٤٦/٤/١٩دا.

دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان، لەگەڵ پێشمەرگەکانی ناوچەی قەلاتان و دەشتی شنۆ بووە و ڕۆژی ١٩٤٧/٢/٢ بەشداریی شەڕی نەڵۆس و قەلاتانی کردوە. یەکێک بووە لە هەڤالانی بارزانی لە ڕوسیا و باس لە تێکهەڵچوونەکانی گەلی قتور و پردی ماکۆ دەکات کە بەشدار بووە تێیاندا. دوای دابەزینی لە ئازەربایجان، لەگەڵ پێشمەرگەکانی تر بۆ ماوەی نزیک بە ساڵێک لە باکۆ مەشقی سەربازیی پێکراوە و دواتر ڕەوانەی شارۆچکەی ئاغدەم لە تاشکەند کراوە و لەوێ ڕۆژانە لە کێڵگەی پەمۆ کاری کردوە و شەوانەش زمانەکانی کوردی و ڕوسی خوێندوە. دەڵێت: (ساڵی ١٩٤٨




بارزانییان لە ئێمە جودا کردەوە و ئیتر سەرەڕای ڕەخنە و خۆپێشاندانی ئێمە تا ساڵی ١٩٥٤ نەیانهێشت بێتەوە لای ئێمە. لەو ساڵەدا کە بارزانی گەڕایەوە لای ئێمە، ئیزنیان بە ئێمەدا کە بچین درێژە بە خوێندن بدەین. بەم بۆنەیەوە لە شاری تەمبۆڤ لە پارێزگای مۆسکۆ لە زانکۆ وەرگیرام و بەشی کشتوکاڵم خوێند.)

عەمەر فەقێ ساڵی ١٩٥٩ لەگەڵ هەڤاڵانی بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ عێراق و تا ساڵی ١٩٦١ لە گوندی بێداو چەکی پێشمەرگایەتی پێبووە و ڕۆژی ١٩٦١/٩/١١ کە بارزانی شۆڕشی ئەیلولی ڕاگەیاند، ناوبراو وەک پێشوو لە ماڵی خۆی ماوەتەوە و سەربە پێشمەرگەکانی حەسۆ میرخان دۆڵەمەری بووە. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، عەمەر فەقێ دەچێت بۆ زێوە و لەوێوە ڕەوانەی کەرەج دەکرێت و لە گوندی وەلیان لە نزیک کەرەج نیشتەجێ کراوە. دوای ڕوخانی ڕژێمی پەهلەوی، لە ساڵی ١٩٨٠ گەڕاوەتەوە سلیڤانا و زێوە و لە مەفرەزەی گەڕۆکدا بەشداریی شۆڕشی گوڵانی کردوە و لە یەکێک لە شەڕەکانی ناوچەی بارزان بریندار بووە. برایەکی بەناوی محەمەد فەقێ عەمەر ساڵی ١٩٨٣ لەلایەن ڕژێمی بەعسی عێراقەوە لە گوندی قوشتەپە ئەنفال کراوە. دوای ئازادبوونی باشوری کوردستان لە ١٩٩١دا، ناوبراو گەڕاوەتەوە بۆ ماڵی خۆی و خانە نشین کراوە. خاوەنی میدالیای پەرینەوەیە لە ئاراس لە ساڵی ١٩٤٧ و ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتی کوردستاندا میدالیای بارزانی پێدراوە. لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (زۆر بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی خۆشحاڵ بووم. من پێشمەرگەی سەرۆک بارزانی بووم و ئێستاش لە خزمەت سەرۆک مەسعود بارزانی دام.)

## کازم مستەفا ئومەر



کازم مستەفا ئومەر شانەدەری ناسراو بە کازم شانەدەری ساڵی ١٩٣٠ لە گوندی ناوشیڤا لە هەشت کیلۆمەتری شانەدەر لە ناوچەی بارزان لە قەزای مێرگەسور لەدایک بووە، بەڵام بەهۆی تەمەنی کەمی لە شۆڕشی ساڵی ١٩٤٥دا بەشداریی نەکردوە و لەم بارەیەوە دەڵێت: (من بەهۆی کەمیی تەمەنم لە شۆڕشی دووەمی بارزاندا، چەکم پێنەبوو و لە مهاباد چەکم هەڵگرت. بەڵام ئاگادارم کە سوپای عێراق و خۆفرۆشەکان هێرشێکی مەزن و هەمەلایەنەیان لە چوار بەرەی ڕەواندزەوە بۆ مێرگەسور، دۆڵی خەلان بۆ شانەدەر، ئاکرێ بۆ چیای پێرس و بارزان و لە ئامێدییەوە بۆ ڕۆخی بارزان هێنا. ئەوان لە هەموو لایەکەوە پێکەوە هاتنە پێش. شەڕێکی مەزن و خوێناوی و کوشت و کوشتارێکی زۆر بەبێ هیچ دەرەتان و یارمەتییەک و بەبێ ئەوەی کە کەسێک یارمەتی شۆڕشی بارزان بدات. چەک و تەقەمەنی ئێمە ئەوە بوو کە لە دوژمن بەدەست دەهات. دەبوو کەسێکیان بکوژین یان بەدیل بگرین کە لە چەک و تەقەمەنییەکەی کەڵکوەرگرین. عەشیرەتەکانی بەشدار لەو شۆڕشەدا بریتی بوون لە: شێروانی، مزوری، بەرۆژکێ، نزاری، دۆڵەمەری و گەردی. پاش شەڕ و پێکدادانێکی زۆر ناچاربووین بەرەو ئێران پاشەکشە بکەین. لە شانەدەرەوە بۆ گەلی ئەشکەوتێ، بۆ گوندی گۆڕەتو، بۆ گوندی ژاژۆکێ، بۆ گوندی بێتوتێ تا گەیشتینە گوندی کلکەی کوور. لەوێ عەشیرەتەکانی شێروانی، بەرۆژکی و گۆڕەمەری گەیشتنێ و پێکەوە چووین بۆ دەشتی بەرازگر. هەر قومبەلەیەک کە دوژمن دەیهاویشت بە خەسار نەدەچوو، یان حەیوان بەردەکەوت یان مرۆڤ. نزیکەی ٣٥ هەزار ژن و پیاو و منداڵ و ئاژەڵی بارکراو و بزن و کەلوپەلی ناوماڵ بووین، بە شەڕ و لەژێر بۆمبارانی ئینگلیزدا پاشەکشەمان کرد. سەرئەنجام بە ٢٠ ڕۆژان گەیشتینە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. هێشتا حکومەتی

کوردستان دانەمەزرابوو. ژمارەیەک جوانمێری کورد هاتن و پێشوازییان کردین. ئێمە لەگەڵ ژمارەیەک چووین بۆ مەرگەوەڕ و تەرگەوەڕ. ئەوانی تر لە: دەشتی شنۆ، دەشتی سندوس، دەشتی لاجان و دەشتی باراندوز جێگیرکران و ژمارەیەکیش لەگەڵ شێخ ئەحمەد چوون بۆ مهاباد. سەقز لە دەست ئێراندا بوو. لە ورمێ ڕوسەکان حوکمیان دەکرد، بەڵام ئێرانیشی تێدابوو.)

کازم شانەدەری یەکێک لەو پێشمەرگە لاوانە بووە کە لە کۆماری کوردستاندا بەشداریی شەڕی سەقزی کردوە و لەم بارەیەوە دەڵێت: (هەروەکوو گوتم من لە مهاباد چەکم هەڵگرت و ئێمەیان کردە دوو بەش. ئەو بەشەی کە پێشتر لە سوپادا سەربازییان کردبوو، پلەی سەربازییان پێدان تا مەشقی سەربازیی بە ئێمە لاوەکان بکەن و لاوەکانیشیان کردە پێشمەرگە هەر ٤٠ کەس لە ئێمەیان لە لێزگەیەکدا ڕێکخست و سەرلێزگەیەکیان بۆ دانایین. سەرلێزگەکان لەژێر فەرمانی سەرقۆڵەکاندا بوون و ئەفسەرەکانیشیان کرد بە سەرچڵ و فەرماندەی بەتالیۆن. بۆ ماوەی دوو هەفتە مەشقی سەربازییان پێکردین و دوای تەواوکردنی مەشق، سوێندیان داین کە خیانەت بە پێشەوای کورد و کۆماری کوردستان نەکەین. دوای سوێندخواردن، ئێمەیان لە چوارچرای شاری مهاباد کۆکردەوە. لەو کۆبوونەوەیەدا کە پێشەوا قازی بەشداریی تێدا کردبوو، مەلا مستەفا وتارێکی سەبارەت بە هوشیاربوونی ئێمە لە بەرەکانی شەڕدا خوێندەوە و بۆ ڕۆژی دوایی ئێمەیان ڕەوانەی بەرەی شەڕی سەقز کرد.) کازم شانەدەری دەربارەی ورەی پێشمەرگەکان بە دوای شەڕەکانی بەرەی سەقز و هەرەسهێنانی کۆماری ئازەربایجان دەڵێت: (دوای سەرکەوتنمان لە شەڕی قاراوا و مەلقەرەنی، ورەی پێشمەرگەکان زۆر بەرز بوو. ژمارەیەکی زۆر عەسکەر بە چوار دەبابە لە تەورێزەوە هاتن کە سەقز بگرن. خەریکی داڕشتنی ئەو پلانە بوون کە خەبەر هات کۆماری ئازەربایجان تێکچوو. بە ئێمەیان گوت بکشێنەوە و ژن و منداڵەکانیش لەگەڵ خۆتان بکشێننەوە.)

دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان، کازم مستەفا شانەدەری لە بەرەی شەڕی مەرگەوەڕ بەشداریی شەڕەکانی کردوە. لە ژێر فەرماندەیی محەمەد میرخان مێرگەسوریدا بووە و لەگەڵ بارزانی و هەڤاڵانی چووەتە یەکێتی سۆڤیەت. ناوبراو دەبارەی چۆنیەتی ئامادەبوونیان بۆ ئەو ڕەوە و وتەکانی بارزانی و ڕێکخستنی نوێ بەرلە ڕەوەکە و مانەوەیان لە ناوچەی مزوریان دەڵێت: (بە ڕاستی ئەو ڕێگایەی کە ئیمە پێیداچووین هەربەم جۆرە بوو کە

پێشتر مەلا مستەفا بۆ ئێمەی ڕوونکردبۆوە. لەو ڕێیەدا ئێمە تووشی زۆر کارەسات و برسیەتی و تونیەتی و کەمینی دوژمن بووین. کە گەیشتینە ناوچەی مزوری مەلا مستەفا شارەزاییەکی باشی هەبوو و هێزەکانی بەم جۆرە دابەشکرد: مەلا مستەفا و دەستەی سەرۆکایەتی کە سەعید وەلی بەگ سەرۆکایەتی دەکرد، بنکەکەی لە گوندی ئەرگوش دانا. ئەرگوش گوندیکی ئاوەدان بوو و دەیتوانی زیاتر لە ١٠٠- ١٥٠ کەس جێ بکاتەوە و خواردنیشیان بۆ دابین بکات. دوو دەستەش کە محەمەدئەمین میرخان و ساڵح کانیەلینجی سەرۆکایەتیان دەکرد، لەژێر چاودیری ڕاستەوخۆی مەلا مستەفادا بوون. ئەسعەد خۆشەوی بە سەرۆکایەتی دەستەیەک لە گوندەکانی میرۆز و دێزۆ دامەزران کە چەند کەسی تری وەک "مەلۆ لێری" هاوکاریان دەکرد. حارس بێدارونی و میرزاغا ڕەشۆ مێرگەسۆری سەرۆکایەتی بەرەی زید بوون و هێزەکانیان لەچیای خنگێل دامەزراند.)

کازم شانەدەری بەشداریی شەڕەکانی گەلی قتور و پردی ماکۆی کردوە و لە شەڕی پردی ماکۆ لای ڕاستەی شەویلکەی بە سووکی بریندار بووە و بە برینداریی لە ئاراس پەڕیوەتەوە. دوای گەیشتنیان بۆ ئازەربایجان و مانەوەیان لە قەرەنتینەدا و دواتریش تەواوبوونی کارە ئیدارییەکانیان. ڕۆژی ١٩٤٧/١٢/١٠ هەموو بارزانییەکانیان گواستۆتەوە بۆ باکۆ و لەوێ لە ئۆردوگایەکی سەربازییان داناون، هەموو جلوبەرگی سەربازییان داونێ و بۆ مەشقی سەربازیی ئامادەیان کردون. ڕۆژی ١٩٤٧/١٢/٢٢ ژەنەڕاڵ بارزانی لەگەڵ ژەنەڕاڵ "ئاتاکیشیۆڤ" کارگێڕی ئیداریی و ئەمنیەتی ئازەربایجان کە پێشتر لە سەردەمی کۆماری کوردستان و ئازەربایجاندا لە مهاباد و تەورێز بووە، چوو سەردانی بارزانییەکانی کردو دوای چەند ڕۆژ گوردانێکی سەربازییان بە فەرماندەیی ئەسعەد خۆشەوی لێ پێکهێناون و هەریەک لە سەعید وەلی بەگ، محەمەدئەمین میرخان، مامەند مەسیح و مستۆ میرۆزییان کردوە بەفەرماندەی گورهان و حکومەتی ئازەربایجانیش سەرهەنگ "کازمۆڤ"ی بۆ دانان کە سەرپەرشتی ئەو گوردانە بکات لە مەشقی سەربازیی پێکردنیان. کازمۆڤ وەک ئەسەدۆڤ و ئاتاکیشیۆڤ بەشداربوو لە کۆماری کوردستان و ئازەربایجاندا و لە مهاباد پێیاندەگوت "کاکاغا".

وەزارەتی سوپای یەکێتی سۆڤیەت ٢٠ ئەفسەری بۆ پەروەردە کردن و مەشقی سەربازیی بۆ بارزانییەکان تەرخان کرد کە "عەبدوڵا قولیۆڤ، کەریمۆڤ،

مەرمانۆڤ، زەینەڵۆڤ، محەمەدۆڤ و شرینۆڤ" بەشێک بوون لەو ئەفسەرانە کە هەموویان تورکی ئازەریی و کورد بوون. لەم بارەیەوە کازم شانەدەری و ژمارەیەک لە پێشمەرگەکانی بەشدار لەو مەشقە سەربازییانەدا دەڵێن:

- (ڕۆژانە لە بەیانییەوە تا ئێوارە لە ڕۆخی دەریای خەزەر ڕووبەڕووی خاکی ئێران مەشقی سەبازییان بە ئێمە دەکرد. هاوکات لەگەڵ کاری بە کردەوە فێری زمانی ڕوسیشیان دەکردین. بەشێک لە ئێمە تورکیمان دەزانی و باشتر دەمانتوانی پێوەندی لەگەڵ ئەفسەرە تورکەکان دامەزرێنین و بەشێکمان یان باشترە بڵێین جگە لە ١٢ کەسمان، ئەوانی تر خوێندن و نوسینی کوردیشمان نەدەزانی. ئەوە بوو بە دوای مەشقی ڕۆژانەمان، بۆخۆمان لەسەر ڕاسپاردەی مەلا مستەفا دەستمان کرد بە خوێندنی زمانی کوردی و کوردی زانەکانمان تا درەنگایەکی شەو وانەی کوردییان پێدەگوتین و لە ماوەیەکی کەمدا بەتایبەتی گەنجەکان توانیان فێری خوێندن و نوسینی زمانی کوردی بن. هەروەها جگەلە مەشقی کلاسیکی سەربازیی، لەگەڵ دیسیپلینی سەربازیی و شەڕی شاخی و کۆماندۆیی ڕاهاتین.)

هێشتا مەشقی سەربازیی پێشمەرگەکان بە کۆتا نەهاتبوو کە ستالین لەسەر داوای میر جەعفەر باقرۆڤ، بارزانی لە پێشمەرگەکان جیاکردوە و پێشمەرگەکانیشیان بەسەر پارێزگاکانی ئۆزبەکستاندا بڵاوکردوە و ناچاریان کردن بۆ بژیوی خۆیان، بۆ ماوەی نزیک بە چوار ساڵ لە گێڵگەکانی چاندن و هەڵگرتنەوەی پەمۆی تاشکەند کار بکەن، بەڵام دوای مردنی ستالین و لە سێدارەدانی باقرۆڤ کە خرۆشۆڤ لەسەر داوای بارزانی، ئیزنی خوێندن و کارکردنی بە بارزانییەکان دا، کازم شانەدەری بەشی کشتوکاڵی لە زانکۆی تاشکەند خوێند.

ڕۆژی ١٩٥٩/٤/١٦ لەگەڵ هەڤاڵانی بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ عێراق، تا ساڵی ١٩٦١ لە شەریکەی زەراعی بەکرەجۆ کاری کردوە و بە هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی ئەیلول، گەڕاوەتەوە ڕیزی پێشمەرگەکانی ناوچەی شانەدەر و لە دۆڵی نەهلە لە ناوچەی ئاکرێ لەگەڵ مەلا شینی بووە. ساڵی ١٩٦٣ لەگەڵ بارزانی پەریوەتەوە بۆ ناوچەی باڵەکایەتی و تا ساڵی ١٩٧٠ لە ناوچەکانی پێنجوێن، ڕانیە، قەڵادزێ، ناوپردان و حاجی ئۆمەران لەگەڵ بارزانی بووە.

دوای واژۆکردنی ڕێککەوتنی ١١ی ئازاری ١٩٧٠، کازم شانەدەریی سەرلەنوێ چووەتەوە سەر کاری پێشووی لە شەریکەی زەراعی بەکرەجۆ. ساڵی ١٩٧١

لەسەر داوای خۆی لە سلێمانیەوە گواستراوەتەوە بۆ هەریر و لەوێوە دراوە بە شەریکەی زەراعی مێرگەسور. ساڵی ١٩٧٤ کە حکومەتی عێراق بە دژی گەلی کورد دەستی بەشەڕ کردەوە، ناوبراو لە ڕێزی پێشمەرگەکانی هاودیاندا بووە.

دوای ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول سەرەتا لە شنۆ و دواتر لە نەغەدە بووە و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ کەرەج. لەوێ هاوکاریی لقی ٨ی پارتی کردوە و لەگەڵ کاری ڕۆژانەشی، وەک خۆی دەڵێت پاسەوانی ماڵی ڕەوانشاد ئیدریس بارزانی بووە. بەهۆی تەمەنی زۆری، تا ساڵی ١٩٩٧ نەگەڕاوەتەوە بۆ باشوری کوردستان. کازم شانەدەری ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦، لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و دەربارەی وەرگرتنی میدالیای بارزانی دەڵێت:

**- (هەستم کرد وەڵامی هەموو دەرد ئازارەکانی شەڕ و غەریبی و زەحمەتەکانم درایەوە، بەتایبەتی کە میداڵیاکە نیشانەی بارزانی پێوە بوو، برینەکانم چارەسەر کرا.)**

## لاوکۆ مامەند مەسیح



لاوکۆ مامەند مەسیح ساڵی ١٩٣٢ لە گوندی سەروکانی سەر بە قەزای مێرگەسور لەدایک بووە. کوڕی شەهید مامەند مەسیح یەکێک لە فەرماندە تێکۆشەرەکانی شۆڕشەکانی ١٩٣٢ و ١٩٤٣- ١٩٤٥ی بارزانە. ساڵی ١٩٤٥ لە تەمەنی ١٣ ساڵیدا کاتی پەڕینەوەی بارزانییەکان بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان چەکی هەڵگرتووە. لە کۆماری کوردستاندا لەگەڵ باوکی بووە و دوای هەرەسهێنانی کۆمار، لە شەڕی "کانی سپی" دەشتی شنۆدا کە مەلا شینی شەهید بوو، گوللەیەک لە سنگی لاوکۆ کەوتووە و لە پشتی هاتۆتەدەر، بەڵام لە مەرگ ڕزگاری بووە. لە ڕەوی بارزانییەکاندا بۆ ڕوسیا، لاوکۆ بەشداریی شەڕی گەلی قتوری کردوە و لە شەڕی پردی ماکۆ کە مەلا لێری و حەسەن مێرگەسوریی شەهید بوون، لاوکۆ بۆ جاری دووەم بریندار بووە و بە برینداریی لەگەڵ پێشمەرگەکان لە ئاراس پەڕیوەتەوە و خۆی گەیاندوەتە ڕوسیا.

دوای تەواوکردنی خولی سەربازیی لە باکۆ، گواستراوەتەوە بۆ شاری برێڤیسکی سەربە پارێزگای تاشکەند و وەک هەڤاڵانی بۆ ماوەی نزیک بە چوار ساڵ لە کێڵگەی پەمۆدا کاری کردوە. لەوێ هاوسەرگیریی کردوە و ساڵی ١٩٥٤ کە ئیزنی خوێندن و کاری ئازاد بە بارزانییەکان دراوە، ناوبراو لە جیاتی خوێندن ڕووی لە کار کردوە. ساڵی ١٩٥٩ لەگەڵ هەڤاڵانی بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان، بەڵام هاوسەرەکەی ئامادە نەبووە لەگەڵی بێت و لێی جودا بووەتەوە. دوای گەڕانەوەی لە خزمەت شێخ ئەحمەددا بووە و کاتی سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی ١٩٦١دا، گەڕاوەتەوە ڕیزی پێشمەرگەکان.




لاوکۆ ساڵی ١٩٦٣ لەگەڵ حەمەدەمین میرخان و چەند پێشمەرگەی تر لە مێرگەسور گیراوە و بۆ ماوەی سێ ساڵ لە زیندانی موسڵدا زیندانی بووە. دوای ئازاد بوونی لە زیندان سەرلەنوێ گەڕاوەتەوە لای بارزانی و لە ڕێزان و چەکی پێشمەرگایەتی لە شان کردوەتەوە. هەرلەو ساڵەدا بۆ جاری سێیەم لە شەڕی سپیلک برینداربووە. دوای ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول، لاوکۆ مەسیح چووەتە زێوە و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ جهرم و بۆ تاران و لەوێوە خۆی گەیاندوەتە کەرەج و بۆ ماوەی شەش مانگ لەلای ئیدریس بارزانی ماوەتەوە. بەشداریی شۆڕشی گوڵانی کردوە و لە ساڵی ١٩٩٩دا هاوسەر و منداڵەکانی گەڕاونەتەوە بۆ کوردستان و ئێستا خانەنشینە و لە شاری سۆران دەژی. ناوبراو ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتی کوردستاندا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و دەربارەی وەرگرتنی میدالیاکە دەڵێت:

- (بە ڕادەیەک هەستم بە خۆشحاڵی کرد کە کاتی وەرگرتنی میدالیای بارزانی لە دەستی سەرۆک مەسعود بارزانی خۆم ون کرد و تەنانەت فەرمانی بەخشینی میدالیایەکەشم لەبیر کرد کە سەرۆک بارزانی بانگی کردمەوە و فەرمانەکەی دامێ.)

## مەلۆ حەسەن مەلۆ



مەلۆ حەسەن مەلۆ ساڵی ١٩٢٠ لە گوندی باوە لە قەزای مێرگەسور لەدایک بووە. ساڵی ١٩٤٣ کە بارزانی لە سلێمانی گەڕایەوە بۆ ناوچەی بارزان، بەشداریی شۆڕشی ١٩٤٣- ١٩٤٥ی کردوە و لە چەککردنی بنکەی پۆلیسی شانەدەر و "خێرۆزۆک" لە ١٩٤٣/١٠/١٢ و شەڕی گەورەی مەیدان مۆریک لە ١٩٤٥/٩/٥دا بەشداریی کردوە. ڕۆژی ١٩٤٥/٩/١١ لەگەڵ بارزانییەکان پەڕیوەتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە کۆماری کوردستاندا لە بەرەی شەڕی قاراوا بوو. دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان لە شەڕەکانی ناوچەی شنۆ و گۆجاردا بەشدار بووە و دواتر لەگەڵ بارزانی و هەڤاڵانی چووەتە ڕوسیا. لە ڕەوی بارزانییەکاندا بۆ ڕوسیا بەشداریی شەڕی گەلی قتور و پردی ماکۆی کردوە.

دوای پەڕینەوەی بارزانییەکان لە ئاراس و جێگیر بوونیان لە ئازەربایجان، بۆ ماوەی نزیک بە ساڵێک لە نزیک دەریای خەزەر لە باکۆ، مەشقی سەربازییان پێکراوە و دواتر لە کێشەی نێوان باقرۆڤ و بارزانییەکاندا مەلۆ حەسەن و هەڤاڵانی بۆ تاشکەند گواستراونەتەوە و بۆ ماوەی نزیک بە چوار ساڵ لە کێڵگەی پەمۆدا کاریان پێکراوە.

مەلۆ حەسەن وەک بەشێک لە هەڤاڵانی لەوێ هاوسەرگیری کردوە و ساڵی ١٩٥٤ لە بەشی کشتوکاڵی زانکۆی تاشکەند قبووڵ کراوە و لەو بەشەدا بڕوانامەی وەرگرتووە. ساڵی ١٩٥٩ لەگەڵ هەڤاڵانی بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ عێراق و ساڵی ١٩٦١ کە بارزانی شۆڕشی ئەیلولی ڕاگەیاند، چەکی



هەڵگرتـــــۆتەوە و چـــــووەتەوە ڕیـــــزی پێشـــمەرگەکان و لەگەڵ لوقمـــان بـــارزانی کوڕی سەرۆک مستەفا بارزانی بووە.
ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا لە گونـدی بـاوە مـاوەتەوە. سـاڵی ١٩٨٥ ڕژێمی عێراق گوندەکەی سوتاندوە و ناوبراو ڕایکـــردۆتەوە نـــاوچە ئازادکراوەکـــانی پێشـــمەرگە و ســـاڵی ١٩٩٠ ســـەرلەنوێ گەڕاوەتەوە و لە هەمـــــــان ســـــــاڵدا گواستراوەتەوە بۆ کۆمەڵگای سارداو. ساڵی ١٩٩٢ گەڕاوەتەوە بـۆ گونـدەکەیان و هەتـا ئێســـتاش لە گونـــدی بـــاوەیە و لەبەر ناسەقامگیریی تەندروستیی لەجێدا کەوتووە و توانـای هـاتوچۆی لێبـڕاوە و هاوســەر و کــچ و کوڕەکــانی خزمەتــی دەکەن. مەلــۆ حەســەن مەلــۆ لە دوو هاوسەران ١١ کوڕ و ٨ کچی هەیە.
ساڵی ١٩٦٢ لە شەڕی کوران لە ناوچەی مێرگەسور بە پریشکی تۆپی دوژمن بریندار بووە و برایەکی بەناوی مستەفا مەلۆ حەسەن ساڵی ١٩٤٥ لە شەڕی سەری پیرس و ئـامۆزایەکی بە نـاوی عەزیـز حوسێن، سـاڵی ١٩٨٢ لە گونـدی بێشوون شـەهید بـوون. مەلـۆ لە پلەی یەکێک لە هەڤالانی بـارزانی و بەهـۆی خزمەتەکـانی لە شۆڕشـەکانی ١٩٤٣- ١٩٤٥، کۆمـاری کوردسـتان و چـوونی بـۆ ڕوسیا لەگەڵ بارزانی، ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦ لە کۆنگرەی ١٣ی پـارتی دیموکراتـدا، میـدالیای بـارزانی وەرگرتـووە. هەروەکـوو گـوتم نـاوبراو ئێسـتا بەهـۆی پیـری تاقەتی لێبڕاوە و لەجێدا کەوتووە. عەبدولڕەحمان مەلۆی کوڕی دەڵێت:
**- (بـاوکم بە وەرگرتنـی میـدالیای بـارزانی زۆر خۆشـحاڵ بـوو، تـا چەنـد ڕۆژ میدالیاکەی لە سنگی خۆی نەدەکردەوە و نەیدەهێشت هیچکام لە منداڵەکانی دەستی لێبدەن.)**

## ناوخۆش حەدۆ قورتاس



ناوخۆش حەدۆ قورتاس ساڵی ١٩٢٢ لە گوندی "لێڕەبیر" لە ناوچەی بارزان سەربە قەزای مێرگەسور لەدایک بووە، دوای گەڕانەوەی بارزانی لە سلێمانییەوە بۆ ناوچەی بارزان لە ساڵی ١٩٤٣دا، ناوبراو چەکی هەڵگرتووە و چووەتە ڕیزی جەنگاوەرانی لەشکری بارزانەوە و لەم بارەیەوە دەڵێت: (بارزانیی نەمر سەردانی گوندی ئێمەی کرد. من و کۆمەڵێکی تر لە خەڵکی گوندەکەمان پەیوەندیمان پێوە کرد و بووینە پێشمەرگەی شۆڕشی دووەمی بارزان. دیارە لە هەموو گوندەکانی تریشەوە هاتنە ڕیزی شۆڕش کە لە ساڵی ١٩٤٣وە تا ١٩٤٥ و پەڕینەوەمان بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەردەوام بوو.)
لە درێژەی وتەکانیدا ناوخۆش حەدۆ قورتاس دەڵێت: (دوای کۆبوونەوەی ئەو خەڵکە لە دەوری بارزانی بە دەرەتانێکی زۆر کەم پۆلیسخانەکانی شانەدەر، بێرسیاڤ، خێرەزوك، گۆڕەتوو، زێتی، ڕێزان، سەری بلند و چەندین پۆلیسخانەی ترمان چەککردو چەک و کەرەستەیەکی باشمان بەدەستخست.)

ناوخۆش حەدۆ قورتاس بە دوای شەڕی مەیدان مۆریک کە ڕۆژی ١٩٤٥/٩/٥ دەستی پێکرد و تا پەڕینەوەی بارزانییەکان بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ١٩٤٥/١٠/١١ درێژەی هەبوو، چووەتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بنەماڵەکەی لە گوندی شیناوێ لە ناوچەی شنۆ بووە و بۆخۆشی لە قاراوا و مهاباد بووە. دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان بەشداریی شەڕەکانی دەشتی شنۆی کردوە و لە ڕەوی بارزانییەکاندا بۆ ڕوسیا بەشداریی شەڕەکانی گەلی قتور و پردی ماکۆی کردوە.

بۆ ماوەی نزیک بە ساڵێک لە باکۆ مەشقی سەربازیی پێکراوە و دواتر لە دوورخستنەوەی بارزانییەکاندا، گواستراواتەوە بۆ گوندی سەمەرقەند لە هەرێمی تاشکەند. لەوێ بۆ ماوەی نزیک بە



چوار ساڵ لە کێڵگەی چاندن و کۆکردنەوەی پەمۆ کاری پێکراوە و دواتر کە لە ساڵی ١٩٥٤دا ئیزنی کاری ئازاد و خوێندن بە بارزانییەکان درا، ناوبراو لەگەڵ عەلی شەعبان و خەزاڵی و مەلا شەمی و ٢٢ هەڤاڵی تری لە زانکۆی تەنبۆڤ سەربە مۆسکۆ، بەشی کشتوکاڵی خوێندوە. لەوێ هاوسەرگیری کردوە، بەڵام چونکە هاوسەرەکەی ئامادە نەبووە، لەگەڵی بێت بۆ کوردستان، لێی جودا بووەتەوە. دوای گەڕانەوەی بۆ کوردستان لە ساڵی ١٩٥٩دا، لە ئیدارەی کشتوکاڵی هەولێر و ڕەواندز کاری کردوە. لەگەڵ ڕاگەیاندنی شۆڕشی ئەیلول لەلایەن بارزانییەوە، گەڕاوەتەوە ڕیزی پێشمەرگەکان.

ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، ناوخۆش حەدۆ چووەتە زێوە و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ شاری شوشتەر لە پارێزگای ئەهواز. ساڵی ١٩٨٠ بە ڕاسپاردەی ئیدریس بارزانی بە بنەماڵەوە گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەی مهاباد و لە گوندی گوێکتەپە نیشتەجێ بووە و لەو ساڵەوە بەشداریی شۆڕشی گوڵانی کردوە. سەرەتا لە لقی دووی پارتی دیموکراتدا خورشید شێرە بەرپرسی بووە و دواتر گواستراوەتەوە بۆ هێزی بارزان لە گوندی حەیات و هاوکاریی دوکتۆر سەعید ئەحمەد نادری کردوە.

ناوخۆش حەدۆ قورتاس ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە. ڕۆژی ٢٠١٤/١/٧دا کۆچی دوایی کردوە.

## ئەحمەد عەلی مەحمود



ئەحمەد عەلی مەحمود ناسراو بە ئەحمەد عەلی ئەرگوشی ساڵی ١٩٢٧ لە گوندی ئەرگوش لە قەزای مێرگەسور لەدایک بووە. ساڵی ١٩٤٦ لە کۆماری کوردستاندا چەکی هەڵگرتووە و لە بەرەی شەڕی سەردەشت بووە. دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان بەشداریی شەڕەکانی دەشتی شنۆی کردوە و دواتر لەگەڵ بارزانی و هەڤاڵانی چووەتە یەکێتی سۆڤیەت. لە ڕێگای چوونیاندا بەشداریی شەڕی گەلی قتور و پردی ماکۆی کردوە. دوای پەڕینەوەی بۆ سۆڤیەت، بۆ ماوەی نزیک بە ساڵێک لە باکۆ مەشقی سەربازیی پێکراوە. دوای جیاکردنەوەی بارزانی لە هەڤاڵانی لە ساڵی ١٩٤٨ و بڵاوەپێکردنی هەڤاڵانی بارزانی لە ناوچەی تاشکەند، ناوبراو بۆ ماوەی نزیک بە چوار ساڵ لە کێڵگەکانی گوندی ژمارە دوو "ئیفتاروی ئادالینیا"دا کاری کۆکردنەوەی پەمۆی کردوە و ئێوارانیش لەگەڵ وانەی کوردی، زمانی ڕوسیشی خوێندوە.

ساڵی ١٩٥٩، ئەحمەد عەلی ئەرگوشی لەگەڵ خاتونێکی تورک زمان بە ناوی "خانم زەر" کە ئەویش یەکێک بووە لە دوورخراوەکانی جۆرجیا بۆ تاشکەند هاوسەرگیری کردوە. بەدوای مردنی ستالین و لە سێدارەدانی باقرۆڤ و دیداری بارزانی لەگەڵ خرۆشۆڤ لە ساڵی ١٩٥٤دا کە خرۆشۆڤ لەسەر داوای بارزانی ئیزنی کار و خوێندنی بە هەڤالانی بارزانی دا، ناوبراو لە زانکۆی تاشکەند وەرگیراوە و بەشی کشتوکاڵی خوێندوە. ساڵی ١٩٥٩ لەگەڵ هەڤاڵانی بارزانی و هاوسەر و دوو کچی گەڕاوەتەوە بۆ عێراق و لە ئیدارەی کشتوکاڵی هەولێر دامەزراوە.

ساڵی ١٩٦١ کە بارزانی شۆڕشی ئەیلولی ڕاگەیاند، ئەحمەد عەلی ئەرگوشی، کار و هاوسەر و منداڵەکانی بەجێهێشتوە و چووەتەوە ڕیزی پێشمەرگەکان و لە بنکەی سەرکردایەتی شۆڕش لە گەلاڵە، بەرپرسی



دابەشکردنی ئازوقە و خواردەمەنی بووە بەسەر بەرەکانی شەڕدا. ساڵی ١٩٦٢ هاوسەر و منداڵەکانی هاتوون بۆ ناوچەی ئازاد کراو و بۆ ماوەی حەوت ساڵ لە ناوچەی گەلاڵە بوون. ساڵی ١٩٧٠، بە دوای واژۆ کردنی ڕێککەوتنی ١١ی ئازار سەرلەنوێ گەڕاوەتەوە بۆ سەر کاری پێشووی لە ئیدارەی کشتوکاڵی هەولێر. ساڵی ١٩٧٤ کە ڕژێمی عێراق شەڕی بە دژی نەتەوەی کورد هەڵایساندەوە، ناوبراو دیسانیش گەڕاوەتەوە ڕیزی پێشمەرگەکان. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا چووەتە زێوە و لەوێوە دوو کادیری پارتی بە ئەمری مەسعود بارزانی چوون هاوسەر و منداڵەکانی بێنن، بەڵام ڕژێمی عێراق هاوسەرەکەی بە منداڵێکەوە کە لە زگیدابووە، گرتووە. لەبەر ئەوە ئەحمەد عەلی ئەرگوشی بە ئیزنی ڕێزدار مەسعود بارزانی و کەڵکوەرگرتن لە بەخشینی گشتی ڕژێمی عێراق گەڕاوەتەوە هەولێر، تا بەڵکوو بتوانێ هاوسەرەکەی ئازاد بکات کە ڕژێم هاوسەرەکەی ئازاد کردوە. بە دوای ئازادکردنی هاوسەرەکەیدا ئەحمەد عەلی گەڕاوەتەوە سەر کاری پێشووی لە ئیدارەی کشتوکاڵی هەولێر و لەگەڵ ئەوەشدا پێوەندی خۆی لەگەڵ شۆڕش هێشتۆتەوە. دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ و گەڕانەوەی پێشمەرگە بۆ شارەکان و پێکهاتنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەحمەد عەلی ساڵی ١٩٩٣ لەگەڵ بەشێک لە هەڤاڵانی بارزانی خانەنشین کراوە. برایەکی ئەحمەد عەلی ئەرگوشی بە ناوی محەمەد عەلی مەحمود ساڵی ١٩٤٦ لە کۆماری کوردستاندا بە نەخۆشی تایفۆئید کۆچی دوایی کردوە. ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٦ لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتی کوردستاندا میدالیای بارزانی پێدراوەو ڕۆژی ٢٠١٢/٥/٢٤ بە دوای نەخۆشییەکی درێژخایەنی یەک ساڵ و نیوەدا کۆچی دوایی کردوە.

## یونس محەمەد سەلیم ڕۆژبەیانی



یونس محەمەد سەلیم ڕۆژبەیانی ناسراو بە مولازم یونس ڕۆژبەیانی ساڵی ١٩٤٤ لە گوندی "زیلکان" سەربە قەزای شێخان لە پارێزگای دهۆک لەدایک بووە. خوێندنی دواناوەندیی لە موسڵ تەواو کردوە و ساڵی ١٩٦١ چووەتە کولیەی سەربازیی و ساڵی ١٩٦٣ بە پلەی مولازمی گەیشتوە. ناوبراو بەرلە چوونی بۆ کولیەی سەربازی ئەندامی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بووە و لە ڕەوتی خوێندنیدا لە کولیە بە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان وەرگیراوە. ساڵی ١٩٧١ پێوەندی بە شۆڕشی ئەیلولەوە کردوە و لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٢دا کراوە بە جێگری فەرماندەی هێزی باڵەک کە فەرماندەکەی عەبدوڵا ئاغای پشدەری بووە.

ساڵی ١٩٧٣ ئەرکی فەرماندەیی بەتالیۆنی زۆزکی وەرگرتووە و لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٤دا کراوە بە فەرماندەی هێزەکانی سەرچیا. کاتی هێرشی هێزەکانی سوپای عێراق بۆسەر ناوچەی دیانا "حەوزی دیانا" ئەرکی فەرماندەیی دوو بەرەی شەڕی زۆزک و گەروی عومەر ئاغای لە ئەستۆ بووە. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا بۆ ماوەی ساڵێک لە شاری مهاباد بووە و دواتر بە ئەمری سەرۆک مستەفا بارزانی لە عەزیمیەی کەرەج نیشتەجێ بووە.

لە هاوینی ١٩٧٧دا پێوەندیی بە شۆڕشی گوڵانەوە کردوە و لە بەرەکانی برادۆست و مێرگەسور بەرپرسایەتی سیاسی و سەربازیی ناوچەکەی لە ئەستۆ گرتووە. لە چلەی ماتەمینی سەرۆک مستەفا بارزانیدا لە مانگی چواری ساڵی ١٩٧٩ گەڕاوەتەوە شنۆ و ئەرکی سەرۆکایەتی ئەو پێشمەرگانەی لە ئەستۆ گرتووە کە پاسەوانی پاراستنی هێمنی و ئاسایشی ڕێوڕەسمەکە بوون.

لە کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکراتی کوردستاندا کە ڕۆژی ٤- ١٩٧٩/١٢/٢٦ لە گوندی دەربەند لە ناوچەی مەرگەوەڕ لە پارێزگای ورمێ پێکهات، مولازم

یونس بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی هەڵبژێردراوە و کراوە بە بەرپرسی لقی ٣ی پارتی لە کەرکوک. ساڵی ١٩٨٠ گەڕاوەتەوە بۆ بارەگای مەکتەبی سیاسی و هەرئەو ساڵە لەگەڵ کاک ئیدریس و شێخ محەمەد خالید چووەتە ناوچەی مێرگەسور و دوای حەوت مانگ گەڕاوەتەوە بۆ زێوە. ساڵی ١٩٨٨ بووەتە بەرپرسی مەکتەبی عەسکەریی پارتی دیموکرات و فەرماندەی شەڕی ٤٦ ڕۆژەی داستانی خواکورک بووە.



بەرلە ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١ لەگەڵ مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکرات گەڕاوەتەوە بۆ باشوری کوردستان لە مەکتەبی سەرۆکدا هاوکاریی ڕێزدار مەسعود بارزانی کردوە. لە هەڵبژاردنی یەکەمی یەکەم پەرلەمانی کوردستاندا لە ١٩٩٢/٥/١٩ بە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێردراوە و لە ڕۆژی ١٩٩٣/٣/٣ پۆستی وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستانی وەرگرتووە و لە کابینەی دووەمیشدا هەتا ساڵی ١٩٩٦ ئەو پۆستەی هەبووە. ساڵی ١٩٩٧ کراوە بە فەرماندەی فەرماندەیی هەڵگورد و ساڵی ٢٠٠٠ بووەتە بەرپرسی لقی ١١ی پشدەر و بتوێن. ساڵی ٢٠٠٤ بەرپرسی لقی ١٤ی موسڵ بووە و ساڵی ٢٠٠٥ گەڕاوەتەوە بۆ سەرکردایەتی حیزب. لە لاپەڕەکانی ئەم کتێبەدا، لە زاری پێشمەرگەکانەوە چاوتان بە بەشێکی تر لە خەبات و چالاکییەکانی مولازم یونس دەکەوێت.

ناوبراو ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٨، لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتدا لە هەولێر، بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی هەڵبژێردرا و هاوکات شەرەفی وەرگرتنی میدالیای بارزانی وەرگرت. مولازم یونس لەم بارەیەوە دەڵێت:

**- (بەخشینی میدالیا بە ناوی بارزانی بۆ ئێمەی پێشمەرگە و خەباتکار زۆر زۆر گرنگ بوو. پاداشێکی گەورە بوو بۆ خەباتی ٤٠ ساڵەی پێشمەرگایەتی من و خزمەت کردنم بە کورد و کوردستان و ڕێبازی پیرۆزی بارزانی و زۆر بە وەرگرتنی ئەو میدالیایە خۆشحاڵم.)**

## عەبدولموهەیمن سلێمان شێخ عەبدولسەلام بارزانی



عەبدولموهەیمن سلێمان شێخ عەبدولسەلام بارزانی ساڵی ١٩٤٥ لە گوندی بارزان لە قەزای مێرگەور لەدایک بووە. کوڕی سلێمان شێخ عەبدولسەلام بارزانی و ناسراوە بە شێخ سلێمان. یەکێک لە هەڤاڵانی بارزانی لە کۆماری کوردستان و جێگری بارزانی بووە لە یەکێتی سۆڤیەت. ناوبراو دەربارەی پەڕینەوەی بنەماڵەکەی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕووداوەکانی دوای گەڕاندنەوە بۆ عێراق و بەسەرهاتیان لە عێراقدا دەڵێت:

- (کاتێک بارزانییەکان لە ١٩٤٥/٩/١١ پەڕینەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، من تەمەنم چوار مانگ بوو. لە مهاباد توشی نەخۆشی تایفۆئید بووم. جەنابی مەلا مستەفا منی لەسەر دەستی خۆی داناوە و گوتویەتی: "چاک دەبێتەوە و زەلامێکی باشی لێ دەردەچێت." ساڵی ١٩٤٧ کە باوکم لەگەل جەنابی مەلا مستەفا چوو بۆ ڕوسیا، منیان لەگەڵ شێخ ئەحمەد و دایکم گەڕاندۆتەوە بۆ عێراق. ئێمە سەرەتا لە کەربەلا و دواتر لەسەر داوای بنەماڵەکەم ڕەوانەی بەسرە کراوین کە شێخ ئەحمەد و بنەماڵەی جەنابی مەلا مستەفا لەوێ بوون. لەبیرمە کە لەوێ لە کاروانسەرایەکیان دانایین کە شکڵی ئەو کاروانسەرایە بوو کە ئەمڕۆ لە ئامەد هەیە. لەوێ دەستم بە خوێندن کرد و دواتر هەندێک گۆڕانکارییان لەناوماندا پێکهێنا. ئێمەیان برد بۆ بەغدا وماڵی بارزانییان برد بۆ موسڵ و شێخ ئەحمەدیان لە زیندانندا ڕاگرت. ساڵی ١٩٥٨ کە کودەتای ١٤ی تەموز کرا، وەزعی ئێمەش گۆڕا. بارزانی لە ڕوسیاوە گەڕایەوە و ئێمە هەمووومان هاتین لە بەغدا نیشتەجێ بووین و لەوێ چووینەوە بۆ خوێندنگە. دوای گەڕانەوەی




بارزانییەکان لە ڕوسیا لە ١٩٥٩/٤/١٦ و هاتنیان بۆ بەغدا بە شەمەنەفەر، بارزانی لە باوکمی پرسی: "کێ دەناسی؟" وەڵامی دایەوە و گوتی عەبدولموهەیمن، بەڵام باوکم منی نەناسییەوە.)

ساڵی ١٩٦١ کە بارزانی گەڕایەوە بۆ بارزان و شۆڕشی ئەیلولی ڕاگەیاند، عەبدولموهەیمن بەتەنیا لە هەولێر دەبێت و لەوێ درێژە بە خوێندن دەدات. وەک بۆخۆی دەڵێت لەوێ بە ئەندامی پارتی دیموکرات وەرگیراوە، بەڵام لە ساڵی ١٩٦٨دا بە شێوەی ڕەسمی پێوەندی بە شۆڕشەوە کردوە. بۆ ماوەیەکی زۆر لە بارەگای بارزانی، لەژێر دەستی کاک ئیدریس و کاک مەسعوددا بووە و ڕاپۆرتەکانی حیزبی نوسیوە. ناوبراو ڕۆژی ١٩٧١/٩/٢٩ کە مەلاکان ویستیان بارزانی تیرۆر بکەن لەو جێیە بووە و دەڵێت:

- (لە حاجی ئۆمەران بووم کە میوانەکان هاتن. بارزانی گوتی نوێژی ئێوارە دەکەم و دەگەڕێمەوە. من میوانەکانم بردە هۆدەکە و چوومەوە ماڵێ کە هەگبەکەم دابنێم. توشی کاک مەسعود بووم، گوتی: "پەلە بکە و زوو بگەڕێوە." من گەڕامەوە و سەلیم زوبەیر یەکێک لە هەڤاڵە کۆنەکانی بارزانی کە لە کاروباری دەرماندا لە هەولێر نوێنەریی بارزانی دەکرد، لە هەولێرەوە هاتبوو. بارزانی پێی گوت: "بەبێ بینینی من نەگەڕێیەوە." بارزانی کە چوو بۆ هۆدەکەی، دوای ماوەیەکی کورت تەقینەوەکە کرا کە لە تەقەکردنەکانی دواییدا سەلیم زوبەیر شەهید بوو.)

ناوبراو لە درێژەی وتەکانیدا دەڵێت: (مەلەفی ئیبراهیم گاباریش لای من بوو. من هەگبەکەم وەرگرت و بردم بۆلای کاک مەسعود. کاک ئیدریس لەوێ نەبوو. چووم بۆلای بارزانی و گوتی: "بچۆ لەسەر تیرەی بەرزێوە بیهێنە و ئاگاداری لێ بکە، نەکات شتێکیان بۆ دانابێ کە ئەویش بکوژرێ. لە دەرگاوە هەگبەکە مەکەنەوە و بە چەقۆ بیکەنەوە، ئەگەرنا لەبن پردی زەرد بەرلە پردی گەلاڵەی داینێن بەڵکوو تا سبەینێ خۆی بتەقێتەوە".)

ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، عەبدولموهەیمن سلێمان دەچێت بۆ نەغەدە و لەوێوە لەگەڵ ماڵی بارزانی لە کەرەج جێگیر دەبێت و لەم بارەیەوە دەڵێت: (من بۆ یەک کاتژمێریش لە شۆڕش دانەبڕام. نازانم کەنگێ شۆڕشی ئەیلول بوو یان شۆڕشی گوڵان. لە نەغەدە کاری حیزبم دەکرد و لە کەرەج لەگەڵ کاک مەسعود و کاک ئیدریس کارم دەکرد. چەندان جار لە لایەن ساواکەوە هەڕەشەم لێکرا، دەیانویست فۆڕمیان بۆ پڕ بکەمەوە. جارێک نوێنەرێکی ساواک هات و سێ فۆڕمی پێبوو کە سیاسەت نەکەین. کاک ئیدریس و کاک مەسعود لەوێ بوون. کاک مەسعود پڕی نەکردەوە، بەڵام کاک ئیدریس و من پڕمان کردەوە. ئەوکاتە من نەمدەزانی کە کاک مەسعود خەریکە بڕوات. من و ئازاد بەرواری لە یەک خێوەتدا بووین و لە پەنای کارکردن بۆ پەنابەران، کاری سەرکردایەتی کاتی پارتیمان بەڕێوە دەبرد. کاک ئیدریس چەند جار بانگ کرا و هەر جارەی بە سەعات لە لێکۆڵینەوەدا دەمایەوە. من دوو جار بانگ کرام و ڕۆژێک لە بەیانییەوە تا ئێوارە منیان ڕاگرت. بەهۆی توند بوونی دۆخەکە چەند جارمان داوا لە کاک ئیدریس کرد بە ناوی سەردانی جەنابی بارزانی بڕوات. مەسعود تاجەدینی نوێنەری ساواک لە کەرەج بوو. سابیر بارزانی هات و گوتی تاجەدینی بانگت دەکات و دەڵێ سبەینێ ئێوارە بێتەلام. پرسم بە شێخ محەمەد خالید کرد، گوتی بچۆ، بەڵام سابیر چۆن دەزانێ کە تاجەدینی تۆی دەوێ، ئایا بۆخۆی چووە، یان بردویانە؟ چووم لە دەرگای ماڵەکەیمدا. خێزانی دەرگای کردەوە و گوتی: "مەسعود تۆیان دەوێ." تاجەدینی گوتی: "دەزانی بۆچی بەدوای تۆمدا ناردوە؟" ئەو بە هەموو شتێکی ئێمەی دەزانی و ئاگاداری وەزعی ئێمە بوو. گوتی: "تۆ نوێنەرایەتی ئەوانە دەکەی و دەمانەوێ پێت بڵێین ڕەنگە ئەم زروفە بۆ ئێوە نەمێنێ، بچن بۆ سەفارەتەکان و لە ئێران بڕۆن." خۆپێشاندانەکان دەستی پێکردبوو. گوتم خودا کەریمە و ئاگای لە حاڵی ئێمە و حاڵی ئەو میللەتە هەیە. گوتی: "مەبەستت چییە؟" گوتم ئێمە لەلایەن وڵاتانی ئیسلامییەوە بەهۆی دۆستایەتیان لەگەڵ ڕژێمی بەعس وەرناگیرێین. گوتی: "ئەوە شەپۆلێکی سیاسییە و ڕەنگە وەزعەکە بگۆڕێ." گوتی: "بۆچی ئیدریس ناگەڕێتەوە؟" گوتم نازانم و ئاگام لێی نییە. سندوقێکی پۆست لە دەرمانخانەی شەو و ڕۆژانەی جەمشید هەبوو لە "تخت طاوس"، ئێمە نامەکانمان لەوێوە دەنارد. من دڵم گەرم بوو، لە ژیانی خۆمدا ڕەشبین نەبووم و توانای ئەوەم لەخۆمدا دەبینی کە بەسەر ئەو تەنگ و

**چەڵەمانەدا زاڵ بم کە دەهاتنە سەر ڕێم و باوەڕم بە سەرکردەکانی خۆم هەبوو کە دەمانگەیەننەوە بۆ ڕۆژێکی خۆشی وەک ئەمڕۆ.)**

ساڵی ١٩٧٩ کە ڕژێمی پەهلەوی ڕوخا و ئایەتوڵا خومەینی کۆماری ئیسلامی دامەزراند، کێشەکان بۆ پارتی دیموکرات و بنەماڵەی بارزانی لە ئێران دژوارتر بووە. بەو حاڵەش سەرکردایەتی کاتی پارتی دیموکرات گەڕاوەتەوە بۆ ورمێ و عەبدولموهەیمن سلێمانیان کردوە بە نوێنەری پارتی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران. لەم بارەیەوە دەڵێت: **(وەزعمان پتر نالەبار بوو، کێشەکان زۆر بوون. ژمارەیەک لە مەلاکان و کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی دایاننابوو کە ئێمە سەربە ئەمریکا و ئیسرائیل و ڕژێمی پێشووین. لەو بارەیەوە تا پێچەوانەی ئەو ڕایەمان سەلماند، زۆرمان ئازار بینی. لە ڕاستیدا بە دوای وەفاتی بارزانیدا، ئەوە کاک ئیدریس بوو کە بناخەی پێوەندیی ئێمەی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دارشت. ئەو سیاسیکارێکی دووربین و زۆر لێزان بوو و بە هونەری خۆی ئێمەی لەو کێشەیە ڕزگار کرد. بارمان زۆر قورس بوو، بینینی بەرپرسێکی کۆماری ئیسلامی بۆ ئێمە ئاسان نەبوو، جا چ بەوە بگات کە بڵێین ئێمە سەربە ڕژێمی شا و ئەمریکا و ئیسرائیل نین و دوژمنی کۆماری ئیسلامیش نین. کاک ئیدریس زۆری زەحمەت کێشا کە قەناعەتیان پێ بێنێت و ئیزنمان بدەن بەرەبەرە بنەماڵەکانمان بگەڕێنینەوە بۆ زێوە و دەوروبەری. بەگشتی قۆناخێکی هەستیار و مەترسیدار بوو. بەڵام کە شەڕی عێراق و ئێران هەڵگیرسا، هەندێک لە بەرژەوەندییەکان، ئەوانی بە ئێمە بەستەوە.)**

ڕۆژی ١٩٨٧/١/٣١ کە ئیدریس بارزانی کۆچی دوایی کرد، عەبدولموهەیمن سلێمان بارزانی وەک خۆی دەڵێت تەنیا کەسێک بووە لە پیاوە گەورەکانی بنەماڵەی بارزانی کە لە سلیڤانا بووە. کاک مەسعود لە ناوچەی لقی یەکی بادینان بووە و ناوبراو لەگەڵ ئازاد بەرواری کارەکانی حیزبی بەڕێوە بردوە.

ساڵی ١٩٩١، بەرلە ڕاپەڕین لەگەڵ کاک مەسعود چووەتە قاسمەڕەش. لەوێ بەرەی کوردستانی کۆ بووەتەوە و لە چەندان ئەگەر دواوە کە کاتی ڕاپەڕین بەڕێوەیان بەرێت. لەو کۆبوونەوەیەدا عەبدولموهەیمن سلێمان و فەریدون عەبدولقادر لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەرپرس کراون کە سەبارەت بە ڕاپەڕین لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران و مەجلیسی ئەعلای ئیسلامی دانیشن. لەو بارەیەوە دەڵێت: **(لە ماوەی یەک مانگدا، ١٩ سەفەرم لەنێوان سلیڤانا و کرماشان و تاراندا کرد. ئێرانییەکان دەیانپرسی: "ئایا ئەوەی باسی لێدەکەن،**

حەقیقەتە یان دەنگۆیە." ئەوان بەو فیکرەوە کە نەکات کورد سەرکەوێ، یارمەتی ئێمەیان نەدەکرد. دەرەتانی زۆریان لە باشوری ئێران بۆ مەجلسی ئەعلای ئیسلامی پێکهێنا و دەرەتانیان بۆ ئێمە نەدەڕەخساند. کاک مەسعود فەرمووی من بە حاجی ئۆمەراندا بچم، کەچی ئێرانییەکان ڕێیان لە ئێمە گرت. شەوێک ئێمەیان لەوێ ڕاگرت و حیزبولڵایان ٢٤ کاتژمێر وەپێش ئێمە خست، تا بچن کۆنترۆڵی ناوچەکان بکەن و ئەوان هاتبوون لە سۆران دامەزرابوون. کاک مەسعود بروسکەیەکی بۆمن کرد کە من لە سۆران بم و ئەو بۆخۆشی هات بۆ سۆران و دواتر لەگەڵی چووم بۆ هەولێرو پردێ. لە دژە هێرش و شالاوی ڕۆژی ١٩٩١/٣/٢٧ی سوپای عێراقدا ژمارەیەکی زۆر شەهید و بریندار بوون و بەو هێرشە پێشمەرگە خۆی بۆ ڕانەگیرا و ڕەووکە دەستی پێکرد. ئێران ڕێی لە کوردەکان گرت و من چووم بۆ حاجی ئۆمەران و لەگەڵ قایمقامی پیرانشار کۆبوومەوە و بە دوای ئەوەدا ڕێگەیان کردەوە. لە بەرگریی کردندا خەڵک لە بەرامبەر دژە هێرشی سوپای عێراقدا چەکیان دانا و لە ڕاستیدا ئەگەر کاک مەسعود خۆی نەبووایە، پێشمەرگە لە کۆڕێش دەکشایەوە و حکومەت تا حاجی ئۆمەران دەهات، بەڵام ئازایەتی کاک مەسعود و ئومێد و کۆڵنەدانی هۆی شکانی ڕژێمی دەستەبەر کرد.)

دوای شکانی سوپای عێراق لە کۆڕێ و پاشەکشە کردنی، قۆناخی وتووێژ لەگەڵ ڕژێمی بەعس پێکهات. لەو کاتەدا عەبدولموهەیمن سلێمان لەسەر ڕاسپاردەی مەسعود بارزانی کە لە بەغداوە تەلەفۆنی بۆ کردوە، لە هەولێر کراوە بە نوێنەی پارتی دیموکرات لە لیژنەی تەنسیق لە بەرەی کوردستانیدا. دوای هەڵبژاردنی ١٩٩٢/٥/١٩، پۆستی یەکەم پارێزگاری هەولێری پێدراوە و دواتر کراوە بە بەرپرسی ئیداری فەرماندەیی لەشکری کوردستان و تا ساڵی ١٩٩٧ لەو ئەرکەیدا بووە.

ساڵی ٢٠٠٢ پۆستی وەزیری هەرێمی حکومەتی کوردستانی دراوەتێ و لە هەمانکاتدا سەرپەرشتی دەزگای شەهید و دەزگای سکاڵای پارتی دیموکرات بووە و دواتر پۆستی وەزیری شارەوانی وەرگرتووە. بەشداریی کۆنگرەکانی ١١، ١٢ و ١٣ی پارتی دیموکراتی کردوە. ساڵی ١٩٨٨ لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلولدا بەشداریی شەڕی مێرگەسوری کردوە. دوو برای بە ناوەکانی عەبدولبادی و مسباح، لەگەڵ ٣٦ خاڵ و برازا و خزمی نزیکی ساڵی ١٩٨٣ لە ئەنفالی بارزانییەکان لە قوشتەپە ئەنفال کراون. ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٨ لە کۆنگرەی ١٣ی

پــارتی دیموکراتــدا کە لە هەولێــر پێکهــات، لەگەڵ ئەوەدا کە بە ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیموکرات هەڵبژێردرا، میدالیای بارزانیشی پێدرا. لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (من شانازیی پێوە دەکەم. مرۆڤ کە کارێک دەکات و بەرهەمی ڕەنجی کارەکەی دەبینێ خۆشحاڵ دەبێ. هەڤاڵانی سەرکردایەتی من مونسیف بوون لەو بارەیەوە شانازییان پێوە دەکەم. من لە تەمەنی گەنجایەتی خۆمدا باوەڕم بە ڕێبازی بارزانی و حیزب هەبووە و هەر کارێکم لە لایەن جەنابی کاک ئیدریس و کاک مەسعودو سەرکردایەتی پارتییەوە پێسپێردرابێ، بەبێ سڵکردن ئەنجامم داوە و قەت لە کارەکانم پەشیمان نیم و تەحەمولی بەرپرسایەتی دەکەم لە بەرامبەر کارەکانمدا.)

## دوکتۆر ناسح غەفور ڕەمەزان




ناسح غەفور ڕەمەزان ساڵی ١٩٤٨ لە کەرکوک لەدایک بوو. ساڵی ١٩٦٤ چووەتە ڕیزی پارتی دیموکراتی کوردستان و ساڵی ١٩٦٦ شەرەفی ئەندامەتی لە پارتیدا وەرگرتووە. ساڵی ١٩٦٩ چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی پارتی و بەشداریی کردوە لە خولی یەکەمی پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایانی شۆڕشی ئەیلول لە ناوپردان و بووەتە مامۆستا. هەروەها لە بەشی زانیارییدا کراوە بە "چاودێری پەروەردە"ی ناوچەی هەورامان. بە دوای ڕاگەیاندنی ڕێککەوتنی ئازاری ١٩٧٠، لەگەڵ ١٣ خوێندکاری تر لەلایەن پارتی دیموکراتەوە ڕەوانەی یەکێتیی سۆڤیەت کراوە و لە کۆلیجی یاسای نێودەوڵەتی، ماجستەری لەسەر کێشەی کورد وەرگرتو دواتر لە بواری "پەیوەندییەکانی نێودەوڵەتی و سیاسەتی دەرەوە" دوکتۆرای بەدەستهێناوە.

دوکتۆر ناسح ساڵی ١٩٨٠ یەکیەتی سۆڤیەتی بەجێهێشتوە و بۆ ماوەی ساڵێک لە وڵاتی ئۆتریش ئەرکی حیزبیی بەڕێوە بردوە و دواتر گەڕاوەتەوە کوردستان و بەشداریی کردوە لە شۆڕشی گوڵاندا. لە بەشی ڕاگەیاندنی مەکتەبی سیاسی هاوکاریی فەلەکەدین کاکەیی کردوە. ساڵی ١٩٨٤ لە بەشی ڕێکخستنی پارتیدا بووە و هاوکات لە کاری ڕێکخستنی نهێنی شارەکانی عێراقدا هاوکاریی ئیدریس بارزانیشی کردوە. ساڵی ١٩٨٦ کراوە بە کارگێڕی لقی چواری پارتی دیموکرات لە سلێمانی و سەرپەرشتیاری ناوچەی سلێمانی بووە و لە کۆتایی ئەو ساڵەدا گەڕاوەتەوە بۆ مەکتەبی سیاسی پارتی لە ڕاژان.

ڕۆژی ١٩٨٧/١/٢٧ بە ڕەزامەندیی سەرکردایەتی پارتی دیموکرات چووەتە سوریا و یازدە مانگ لەلای ئازاد بەرواری و غازی زێباری بەرپرسانی پارتی لە سوریا ماوەتەوە و لە کۆتایی ئەو ساڵەدا گەڕاوەتەوە بۆ مۆسکۆ و لەوێ نوێنەرایەتی مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کردوە و لەگەڵ ئەوەشدا درێژەی بە خوێندن داوە و لە پێوەندییەکانی نێودەوڵەتیدا دوکتۆرای

زانستیی بەدەستهێناوە. لە كۆنگرەی دەیەمی پارتی دیموكراتدا كە ڕۆژی ٢-١٩٨٩/١٢/١٢ پێكهاتووە، بە ئەندامی جێگری كۆمیتەی ناوەندیی پارتی دیموكرات هەڵبژێردراوە.

ساڵی ١٩٩٠، چووەتە وڵاتی سوید و بۆ ماوەی ساڵێك لەوێ ماوەتەوە و ئیقامەی ئەو وڵاتەی وەرگرتووە و بەرلە ڕاپەڕینی ١٩٩١ لەسەر فەرمانی سەرۆكی پارتی كە ڕایگەیاندبوو كادیرانی سەركردایەتی و جێگران بگەڕێنەوە بۆ كوردستان، دوكتۆر ناسح گەڕاوەتەوە بۆ كوردستان. دوای ئازادبوونی كوردستان، لە یەكەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستاندا بە نوێنەرایەتی خەڵكی كەركوك بە ئەندامی پەرلەمان هەڵبژێردراوە و لە هەڵبژاردنی دووەمیشدا هەمان پۆستی وەرگرتۆتەوە. بەگشتی ئەندامی هەڵبژێردراوی خولی یەكەم و دووەمی بووە و بۆ ماوەی ١٧ ساڵ، بەرلە شەڕی ناخۆ و دوای ڕاوەستانی شەڕ، لەو ئەركەدا ماوەتەوە.

دوای تیرۆری فەڕەنسۆ هەریری سەرۆكی لیستی زەردی پارتی لە پەرلەمانی كوردستاندا كە لەلایەن ئیسلامیە توندڕەوەكانەوە لە ساڵی ٢٠٠٠ تیرۆر كرا، دوكتۆر ناسح جێی ڕەوانشاد فەڕەنسۆ هەریری گرتەوە و تا ساڵی ٢٠٠٦ سەرۆكی لیستی زەردی پارتی بوو لە پەرلەماندا. ناوبرا هەروەها یەكەم وەزیری پەروەردە حكومەتی هەرێمی كوردستان بوو و ئێستا ئەندامی "كۆمیتەی نێودەوڵەتی یارییەكانی ئاشتی جیهان"ە كە بارەگاكەی لە وڵاتی سویسە. دوكتۆر ناسح غەفور ڕەمەزان سەرەڕای خەباتی پێشمەرگایەتی خاوەنی سەدان وتاری سیاسی و كۆمەڵایەتییە. پسپۆڕە لە كاری ڕێكخستن و حیزبایەتیدا و یاسای دەستوریی و یاسای گشتی نێودەوڵەتیی بە زمانی كوردی ئامادە كردوە كە لە كۆلیجی ماف و یاسا لە زانكۆی سەلاحەدین لە هەولێر بە وانە دەگوترێتەوە. ناوبراو بەهۆی خزمەتەكانی بە كورد و كوردستان و ڕێبازی سەرۆك مەلا مستەفا بارزانی ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٨ لە كۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموكراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (من كە چووم و بووم بە پێشمەرگە بۆ وەرگرتنی خەڵات و میدالیا نەچووم. هەموو بنەماڵەی ئێمە خولیای بارزانی و ڕێبازە پیرۆزەكەی بوون و منیش لەو چوارچێوەیەدا بووم بە پێشمەرگەی پارتی دیموكرات كە هەڵگری ئەو ڕێبازە بم و خزمەتی نەتەوەكەم بكەم. بەو هەموو هەڵبەز و دابەزەی كە لە شۆڕشی كوردستان و لە ناو پارتی دیموكراتدا هەبوو، من ڕۆژێك لە ڕۆژان بیرم لەوە

نەکردەوە کە واز لە پارتی و خزمەتکردن بە کورد و کوردستان و ڕێبازی پیرۆزی بارزانی بێنم. بوونم بە پێشمەرگە و وازنەهێنانم لە ڕێبازی بارزانی خۆی لە خۆیدا خەڵاتە، بەڵام بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی بە ڕاستی شاگەشکە بووم و وادەزانم خاوەنی هەموو دنیام. وەک یەکێک لە پەیڕەوانی ڕێبازە پیرۆزەکەی بارزانی نەمر، تا لە ژیاندا بمێنم درێژە بە خزمەتکردن بە کورد و کوردستان و ڕێبازی بارزانی دەدەم.)

## عومەر عوسمان عومەر




عومەر عوسمان عومەر مێرگەسوری ساڵی ١٩٤٨ لە مێرگەسور لەدایکبووە. خوێندنی ناوەندیی لە مێرگەسور تەواو کردوە و ساڵی ١٩٦٤ چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی لقی ١٠ی هێزی باڵەک و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ بارەگای بارزانی لە ناوچەی قەسرێ و حاجی ئۆمەران. ساڵی ١٩٦٥- ١٩٦٦ بەشداریی شەڕەکانی زۆزک و هەندرێنی کردوە. لەنێوان ساڵانی ١٩٦٨- ١٩٧٠دا، چەند خولی سەربازیی و چەکی قورس و خولی فەرماندەیی سەربازی لە کوردستان و دەرەوەی کوردستاندا بینیوە. لە ساڵانی ١٩٧٠- ١٩٧٤دا، لە فەوجی دەیەمدا بە پلەی ئەفسەری پاسەوانی سنور گەیشتوە و لە هەمانکاتدا دوو خولی شەش مانگەی تری سەبارەت بە چەکی قورس لە دەرەوەی کوردستان بینیوە و لەو ماوەیەدا لە بارەگای بارزانی، ئەرکی تۆپخانە و چەکە قورسەکانی شۆڕشی ئەیلولی لە ئەستۆ بووە.

ساڵی ١٩٧٤، کە شەڕی سوپای عێراق بە دژی شۆڕشی ئەیلول دەستی پێکردوە، عومەر عوسمان فەرماندەی تۆپخانەی شۆڕش بووە و بەشداریی شەڕەکانی ناوچەی ڕەواندز و دیانای کردوە و وەک خۆی دەڵێت ڕۆڵی کاریگەری هەبووە لە بەرەکانی شەڕی ساڵی ١٩٧٤ی ناوچەی ڕەواندزدا. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، ناوبراو چووەتە مهاباد و دواتر لە نەغەدە بووە و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ سیرجان لە باشوری ئێران. لەوێ دوای بینینی خولێکی چەند مانگەی مامۆستابوون، وەک مامۆستای زمانی فارسی لە خوێندنگەی سەرەتایی دامەزراوە و وانەی بە خوێندکارانی پۆلی دووەم تا پێنجەمی سەرەتایی گوتوەتەوە.

ساڵی ١٩٧٨ بەرلە ئاڵۆزبوونی ئێران و دەستپێکردنی خۆپێشاندانەکان بە دژی ڕژێمی پاشایەتی، عومەر عوسمان لەسەر داوای خۆی گواستراوەتەوە بۆ شاری قەزوێن و لەوێ خەریکی کاری ئازادبووە و لە پەنای کارکردنیدا، ئەرک و

ڕاسپاردەکانی ڕێبەرایەتی کاتی پارتی دیموکراتی بەڕێوەبردوە. مانگی دووی ساڵی ١٩٧٩ بە ڕاسپاردەی ئیدریس و مەسعود بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سەرەتا لە خوێندنگەی حافز لە شنۆ دامەزراوە و وانەی بە خوێندکارانی پۆلی سێیەمی سەرەتایی گوتووە و ساڵی ١٩٨٠ گواستراوەتەوە بۆ نەغەدە و لەوێ درێژەی بە کارەکەی داوە.

لە دەستپێکی شەڕ، لە نیوان عێراق و ئێراندا، عومەر عوسمان لە ساڵانی ١٩٨٠- ١٩٨٨دا چەند جارێک بە ئەمری سەرکردایەتی کاتیی پارتی دیموکرات بە مەفرەزە گەڕاوەتەوە بۆ بەرەکانی شەڕی گەڕۆک لە ناوچەکانی سیدەکان و مێرگەسور. لەو ماوەیەدا ئەم بەرپرسایەتییانەی لە ئەستۆ بووە: بەرپرسی ڕێکخراوی بروسک سەربە مەکتەبی سیاسی، فەرماندەی کەرتی سێی شیناوێ لە ناوچەی پیرانشار، جێگری کەرتی دوو لە ناوچەی شنۆ. بەرپرسی لیژنەی ناوچەی مێرگەسور، جێگری فەرماندەی هێزی بارزان کە دوکتۆر سەعید ئەحمەد بەرپرسی ڕێکخراوەکەی بووە.

ساڵی ١٩٨٧- ١٩٨٨ بەشداریی شەڕەکانی شاخی کلکە، دەشتی بەرازگر، کانی ڕەش، سیرۆ و چیای کتک و شەڕی گەورەی خواکورکی کردوە و ساڵی ١٩٨٨ لە شەڕی خواکورکدا بە سوکی بریندار بووە. دوای ئەنفال و کیمیابارانی ناوچەی بادینان، لەگەڵ دوکتۆر سەعید ئەحمەد، عەشقی مستەفا و سۆرکان مەلا گەڕاوەتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەوێ درێژەی بە ئەرکی حیزبی داوە. ساڵی ١٩٨٩ گواستراوەتەوە بۆ کەرتی شنۆ و دوای ماوەیەک گەڕاوەتەوە سەر کاری مامۆستایەتی. ڕۆژی ٢-١٩٨٩/١٢/١٢ بە نوێنەرایەتی هێزی بارزان و مێرگەسور بەشداریی کۆنگرەی دەیەمی پارتی کردوە و بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوە و سەرەڕای کاری مامۆستایی ئەرکی حیزبیشی بەڕێوە بردوە. لە نیوەی یەکەمی ساڵی ١٩٩٠دا، بە بڕیاری سەرکردایەتی پارتی دیموکرات کراوە بە بەرپرسی لقی دووی هەولێر و بارەگای لقی لە بادیناوێ لە ناوچەی پیرانشار داناوە.

ساڵی ١٩٩١، بەشداریی ڕاپەڕینی کردوە و بەرپرسی مێحوەری هەولێر و جێگری بەرپرسی مێحوەری بەرەی کوردستانی بووە کە کۆسرەت ڕەسوڵ لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان سەرۆکایەتی کردوە. وەک خۆی دەڵێت بەشداریی کارای هەبووە لە ئازادکردنی هەولێر و کەرکوکدا و لەم بارەیەوە دەڵێت:

**- (لە دژە هێرشی سوپای عێراقدا لەگەڵ حەمید ئەفەندی، دوکتۆر سەعید ئەحمەد، حالی دۆڵەمەری و خالید ئاژگەیی لە بەرەی شەڕی کۆڕێ بووم و بەشداریی شەڕەکانی ڕۆژی ٤/٧ و ١٩٩١/٤/١١ی کۆڕێم کرد.)**

دوای شکانی ڕژێمی عێراق و پاشەکشە کردنی، عومەر عوسمان گەڕاوەتەوە بۆ هەولێر و وەک بەرپرسی لقی دوو، بارەگای لقی لە هەولێر داناوە. ساڵی ١٩٩٢ سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستانی کردوە و ساڵی ١٩٩٣ کراوە بە فەرماندەی سوپای دووەمی پارتی و وەک خۆی دەڵێت ئەم سوپایەی لە ناوچەی هەولێر پێکهێناوە و ٢٧ هەزار پێشمەرگەی هەبووە.

لە کۆنگرەی ١١ی پارتی دیموکراتدا لە ١٩٩٣/٨/١٦ سەرلەنوێ بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوەتەوە و بە دوای ئەو کۆنگرەیەدا گواستراوەتەوە بۆ سۆران و لقی دەی پارتی دیموکراتی لەوێ دامەزراندوە. لە کۆنگرەی ١٢ی پارتیدا لە ٦-١٩٩٩/١٠/١٤ بۆ جاری سێیەم بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوەتەوە و بە دوای کۆنگرەدا گواستراوەتەوە بۆ ئاکرێ و کراوە بە بەرپرسی لقی ٩ی ئاکرێ و ساڵی ٢٠٠٤ گواستراوەتەوە بۆ دەزگای ئەیلول و وەک خۆی دەڵێت بۆ ماوەیەکی کەم لەو دەزگایەدا خزمەتی کردوە و لە هەمان ساڵدا گواستراوەتەوە بۆ لقی دەی پارتی بۆ ماوەی ساڵێکیش لەو لقەدا بووە. ساڵی ٢٠٠٥، گواستراوەتەوە بۆ مەکتەبی گشتی ڕێکخستنی پێشمەرگە و ئەندامی فەرماندەیی گشتی لەشکری کوردستان و ساڵی ٢٠٠٧ سەرەڕای بەڕێوەبردنی ئەو ئەرکەی، لەگەڵ محەمەدی مەلا قادر، دیاری حوسێن، جەعفەر ئیمیتکی و قادر قادر کراوە بە ئەندامی دەستەی باڵای چاودێری و پشکنینی پارتی دیموکرات.

عومەر عوسمان لە کۆنگرەی سێزدەی پارتی دیموکراتی کوردستاندا ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١١ بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکرات هەڵبژێردراوە و ئێستا بەرپرسی ڕێکخستنی پێشمەرگە و فەرماندەی پێشمەرگەی کوردستانە. خاوەنی چەندان وتاری سیاسی و کۆمەڵایەتییە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی کوردستان و بۆ ماوەی چوار ساڵ خاوەن ئیمتیازی گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە بووە. کتێبێکی بەناوی "ژیانی کوردێک" نوسیوە کە سێ جار لە ساڵانی ٢٠٠٥، ٢٠٠٨ و ٢٠١٣دا لە چاپ دراوتەوە.

عومەر حەمۆی باپیری ساڵی ١٩٤٦ لە کۆماری کوردستاندا بە نەخۆشی تایفۆئید کۆچی دوایی کردوە. عوسمان عومەری باوکی ساڵی ١٩٨٧ لە شنۆ

کـۆچی دوایـی کـردوە و دوو لـە خاڵـەکـانی بە ناوەکـانی عەبـدوڵا میرخـان و حەمەدەمـین میرخـان لـە سـاڵی ١٩٣٢ و ١٩٦٢ شـەهیدبوون. بۆخۆشـی جـگەلـە شـەڕی خواکـورک، جـارێکی تـریش ١٩٧٥ لـە شـەڕی سـەرتیز برینـدار بـووە و ژمارەیەکی زۆر لـە خزمانی ساڵی ١٩٨٣ لـە کۆمەڵگای قوشتەپە ئەنفال کراون. ناوبراو بەهۆی خزمەت و چالاکییەکانی بە کورد و کوردستان و ڕێبازی بارزانی، ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٨ میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (زۆر بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی خۆشحاڵ و سەربەرزم.)

## شەشەمین گروپی خەڵاتکراوانی میدالیای بارزانی

شەشەمین گروپ لە خەڵاتکراوانی میدالیای بارزانی، خەڵاتکراوانی ڕۆژانی ٢٠١١/٣/٢٧ تا ٢٠١٣/٥/٢٨ دەگرێتەوە و ژمارەیان ١٩ کەسایەتی و خەباتکار و خزمەتکاری کورد و کوردستان و ڕێبازی مەلا مستەفا بارزانی نەمرە کە لەم بەشەدا ژیاننامەی ١٣ کەسایەتییان بە شێوەی خوارەوە بڵاودەکەمەوە:

## عیزەت سلێمان بەگ دەرگەڵەیی



عیـزەت سـلێمان بەگ دەرگەڵەڵەیـی سـاڵی ١٩٣٢ لـە گوندی دەرگەڵە سەربە قەزای ڕەوانـدز لەدایک بووە. ساڵی ١٩٤٥ کە بارزانییەکـان لـە شـەڕی مەیدان مۆریکدا شکان و ناچاربوون ڕوو لە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان بـکەن، ڕۆژی ١٩٤٥/٩/١١ لەگەڵ بارزانییەکـان و بنەماڵەکەی چـووەتە مهابـاد. دوای ڕاگەیانـدنی کۆمـاری کوردستان و بەشداریی کردنـی بارزانییەکـان لـە کۆمـاردا، نـاوبرا بە بڕیـاری سـەرۆک بـارزانی و پێشـەوا قـازی مـحەمەد وەک خوێنـدکار ڕەوانەی تەورێـز کـراوە کە لە دانیشسـەرای تەورێـز بخوێنێـت. نـاوبراو لەگەڵ ئەحـمەد بلوریـان، ئەحـمەد سـاڵحی، بابـانزادە، ڕەحمـانی بـرای هەژار موکریـانی و موحسـین سـاڵح عەبـدولعەزیز کەتـانی لـە دانیشسەرای تەورێز بووە کە کۆمـاری ئازەربایجـان هەرەسیهێناوە و بە ناچـار لەگەڵ خوێنـدکارە کوردەکـانی تـر گـراوەتەوە بـۆ مهابـاد. دوای هەرەسـهێنانی کۆماری کوردستان باوکی و برایەکی لەگەڵ بارزانی چوون بۆ سۆڤیەت و ئەویش کە ١٥ ساڵی تەمەن هەبووە، لەگەڵ شێخ ئەحمەد و گەڕاوەکانی تر، چووەتەوە بۆ عێراق. ناوبراو وەک خۆی دەڵێت بۆ ماوەی سێ مانگ لەگەڵ بارزانییەکـان لە دیانا دەستبەسەر بوو.

عیـزەت سـلێمان بەگ دوای ئـازادبوونی گەڕاوەتەوە بـۆ گونـدی دەرگەڵە و دواتـر بەهـۆی سـەعید قەزاز پارێزگـاری موسڵ کە کـورد و ناسـیاویی لەگەڵ بـاوکی هەبـووە، کـراوەتە بەرپرسـی کرێکارەکـانی جـادەی هـامیلتۆن لەنێـوان دیانـا و حـاجی ئۆمەرانـدا. لەوێـوە بەهـۆی نزیکـایەتی لەگەڵ شیوعییەکان کە لە ناوچەکەیاندا چالاک بوون، چووەتە ڕیزی حیزبـی "تەحـەرور وەتەنی" کە سەربە حیزبی شیوعی عێراق بووە. لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (چونکە باوکم لە ڕوسیا بوو، شیوعییەکان زۆریـان خۆشدەویستم و ڕێزیـان دەگرتم و منیش لەگەڵیان کەوتم.)

دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول لە ١٩٦١/٩/١١دا، عیزەت سلێمان بەگ بە دژی شۆڕشی ئەیلول چەکی لە حکومەت وەرگرتووە و بووە بە پیاوی حکومەتی کەریم قاسم، ناوبراو لەم بارەیەوە دەڵێت:

**- (دوای گەڕانەوەی باوکم و براکەم لە ڕوسیا و هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول وامان هەست کرد کە شۆڕشەکە عەشایرییە و من و زراری برام بووین بە پیاوی حکومەتی کەریم قاسم و ٧٠- ٨٠ چەکمان لە حکومەت وەرگرت. ساڵی ١٩٦٣ کە حیزبی بەعس حوکمی بەدەستەوە گرت، بە ڕێگای مقەدەم عەزیز ئاکرەییەوە کە فەرماندەی پێشمەرگەکانی بەرەی سپیلک بوو، بە جەماعەتەوە گەڕاینەوە لای بارزانی. بارزانی زۆر خۆشحاڵ بوو و گوتی: "لەمێژ بوو چاوەڕوانی گەڕانەوەتم دەکرد.")**

دوای گەڕانەوەی بۆ ڕیزی پێشمەرگەکان، عیزەت سلێمان بەگ کراوە بە فەرماندەی ئەو کۆمەڵە چەکدارانەی کە لەگەڵی بوون و بەشداریی شەڕەکانی سپیلک، چیای کۆڕەک و هەندرێنی کردوە. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، بە بنەماڵەوە پەنای بۆ ڕۆژهەلاتی کوردستان بردوە، سەرەتا لە مهاباد بووە و دواتر چووەتە کەرەج. کاتێک مەلا مستەفا بۆ جاری دووەم ڕۆژی ١٩٧٦/٦/١٩ بۆ چارەسەریی نەخۆشییەکەی لە ئێرانەوە ڕەوانەی ئەمریکا کرا، عیزەت سلێمان بەگ گەڕاوەتەوە بۆ عێراق. لەم بارەیەوە دەڵێت:

**- (کە بارزانی بۆ جاری دووەم چوو بۆ ئەمریکا، داوام لە کاک ئیدریس کرد بگەڕێمەوە بۆ عێراق و گوتم ئامادەم سەدام ئیعدامم بکات، بەلام لەژێر ئالای شادا نەبم کە قازی محەمەدی کوشت. تەلەفۆنیان بۆ بارزانی کرد و بارزانیش هاودەنگی لەگەڵم کرد و لەسەر ئەمری سەرۆک بارزانی لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٦دا گەڕامەوە بۆ عێراق. کە گەڕامەوە حکومەت زۆر ڕێزی گرتم. محەمەد کوڕی ئەحمەد حەسەن بەکر لە بەغداوە هاتەلام و داوای لێکردم بچم بۆ ئەمریکا و بارزانی ببینم. گوتی: "ئەگەر ئیمکان هەبێ نامەیەکمان بۆ بنوسێ کە ئامادەیە وتووێژمان لەگەڵ بکات." بە گوێرەی ئەو داواکردنە، ساڵی ١٩٧٨ چووم بۆ ئەمریکا و لە واشنتۆن بە خزمەت بارزانی گەیشتم. کاک مەسعود، کەریم سنجاری، مولازم هەجەر سندی لەلا بوون. بارزانی بە بینینی من زۆر خۆشحاڵ بوو، داواکەی حکومەتم پێگەیاند و ئەو گوتی: "کێشەی ئێمە وەک مستەفا نییە، بەڵکوو کێشەی میللەتی کوردە، من لەو بارودۆخەدا نیم کە نامەیان بۆ بنوسم کە بەمبوورن، ئەگەر ئەوان ڕاست دەکەن، با خاڵەکانی**

ڕێککەوتنی ١١ی ئادار جێبەجێ بکەن، ئەوکاتە من دەگەڕێمەوە و عێراقم خۆشدەوێت.)

محەمەدی کوڕی ئەحمەد حەسەن بەکر بە ڕووداوی ئۆتومبیل دەمرێ و ئەم جارەیان عیزەت سلێمان بەگ لەلایەن بارزان تکریتی برای سەدام حوسێنەوە ڕەوانەی لای کاک مەسعود بارزانی دەکرێت. ناوبراو لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (واتێدەگەم کوڕی ئەحمەد حەسەن بەکریان بە ڕووداوی ئوتۆمبیل کوشت. دوای مردنی، بارزان تکریتی برای سەدام حوسێن ساڵی ١٩٧٨ داوای منی کرد، چووم، گوتی: "تۆ مرۆڤێکی ڕاستی و بچۆ لای کاک مەسعود بارزانی و بڵێ ئێمە بە ڕێگای دوکتۆر قاسملووەوە گفتوگۆمان لەگەڵ جەلال تاڵەبانی هەیە و تا ڕادەیەکیش لە یەکتر نزیک بووینەتەوە، بەڵام لەو باوەڕەداین کە ئێوە خاوەن قەزیەکەن و بەبێ ئێوە کۆتایی بە حەرەکەی کورد و ئاشتی نایەت." من چووم و چاوم بە کاک مەسعود کەوت، بەڕیزیان لە وەڵامی بارزان تکریتیدا گوتی: "با کوردە ئەنفالکراوەکان و دوورخراوەکان بگەڕێننەوە شوێنی خۆیان و حوکمی دیموکراتی ڕابگەیەنن، ئێمە دەگەڕێینەوە و دژی ئەوەش نین کە لەگەڵ حیزبەکانیتر ڕێک بکەون." بە دوای کیمیاباران کردنی هەڵەبجە هەوڵەکانی ڕژێم بە کۆتاهات و مام جەلالیش وازی لە گفتوگۆکان هێنا.)

عیزەت سلێمان بەگ ڕۆژی ٢٠١١/٣/٢٧ میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەو بارەیەوە دەڵێت: (من کەسێکی سەربەخۆ و دیموکراتم. سەربە ڕێکخراوەکانی پارتی دیموکرات نیم، بەڵام ژیان و چارەنوسی خۆم بە چارەنوسی مەلا مستەفا و ڕێبازەکەی و بزوتنەوەکانی کورد بەستۆتەوە. کە میدالیای بارزانیم وەرگرت، هەستم حاڵەتی ڕاستەوخۆ و ڕاستەقینەی بەخۆوە گرت و باشتر بۆم دەرکەوت کە پارتی دیموکرات و کوڕانی بارزانی خاوەنی قەزیەی کوردن و زۆر هەستم بەو خۆشییە کرد کە خزمەتکاری کورد و هەڵگری ڕێبازی بارزانیم.)

# دوكتۆر بێرنارد كۆشنێر



دوكتۆر بێرنارد كۆشنێر Bernard Kouchner سیاسەتمەدار، دیپلۆمات و پزیشكی پسپۆڕی فەڕەنسی، ساڵی ١٩٣٩ لە كۆموونی "ئاوینیون"Avignon لە باشوری رۆژهەلاتی فەڕەنسا لەدایك بووە. باوكی بێرنارد بە ڕەگەز یەهودی و دایكی كریستیانی "پرۆتستان"ە. لە سەرەتای لاوییەتیدا چووەتە ڕیزی حیزبی كۆمونیستی فەڕانسا. ساڵی ١٩٦٤، لە تەمەنی ٢٥ ساڵیدا چووەتە كوبا و لە نزیكەوە چاوی بە فیدل كاسترۆ سەرۆكی ئەو وڵاتە كەوتووە. ساڵی ١٩٦٦، بەتاوانی هەوڵدان بۆ بەلاوەنانی سكرتێری حیزبی كۆمونیستی فەڕەنسا، لەو حیزبە دەركراوە. ساڵی ١٩٦٨ بووەتە ئەندامی ڕێكخراوی خاچی سووری نێودەوڵەتی و كاتی شەڕە ناوخۆییەكان لە نیجریەدا، لەلایەن خاچی سوورەوە، چووەتە بیافڕا Biafra. ساڵی ١٩٧١، بە ئەزموون وەرگرتن لە خەباتی خاچی سوور، ڕێكخراوی پزیشكانی بێسنوری دامەزراندوە كە لە شەڕە ناوخۆیەكاندا یارمەتی بە بریندارەكانی شەڕ و ئەو كۆمەڵە نەخۆشانە بكات كە ناوچەكانیان لە گەمارۆی حكومەتەكاندا بووە. دواتر بەهۆی بیركردنەوەی جیاواز لەگەڵ سەرۆكی ڕێكخراوی پزیشكانی بێسنور، ڕێكخراوەكەی بەجێهێشتووە و ساڵی ١٩٨٠ ڕێكخراوێكی تری بۆ هەمان مەبەست بە ناوی ڕێكخراوی پزیشكانی جیهان Medecins du Monde دامەزراندوە.

دوكتۆر بێرنارد كۆشنێر ساڵی ١٩٦٨ كە شەڕ و تێكهەڵچوون لە باشوری كوردستان، لە بیافڕا، لە ئیتیۆپی، لە سودان، لە یوگۆسلاڤی پێشوو هەبوو، لە نزیكەوە بە فریای خەڵكی لێقەوماوی ئەو هەرێمانەوە چوو. لە سۆمالی گۆنی "تەلیس" برنجی دەگەیاندە خەڵكی برسی تا بەڵكوو لە مەرگ ڕزگاریان بكات. كردەوەكانی، كۆشنێر لەو ساڵەدا، ئەوی گەیاندە پلەی كەسایەتییەكی هەرە خۆشەویستی جیهان. ساڵی ١٩٨٠، لە شەڕی ناوخۆی لوبناندا كە كەمپی

پەنابەران لە ڕۆژهەڵاتی بەیروت لە گەمارۆدا بوو، لە نزیکەوە هاوکاریی شیعەکان و ئیمام موسا سەدری کرد. لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٣ بە گروپێکەوە گەیشتنە ناوچەی ئالان لە سنوری نێوان باشور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بۆ ماوەیەک لە نەخۆشخانەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا، بریندار و نەخۆشەکانی ناوچەکەی دەرمان کرد.

ساڵی ١٩٨٨ لە سەردەمی سەرۆکایەتی فرانسوا میتراندا لە فەرەنسا، چووە ڕیزی حیزبی سۆسیالیستی فەرەنساوە و ساڵی ١٩٩٢- ١٩٩٣ وەزیری تەندروستی حکومەتی سۆسیالیستیی فەرەنسا بوو. ساڵی ١٩٩٤ بە ئەندامی پەرلەمانی ئەوروپا هەڵبژێردرا و تا ساڵی ١٩٩٧ بە نوێنەرایەتی وڵاتی فەرەنسا ئەندامی پەرلەمانی ئەوروپا بوو. هەرلەو ساڵەدا بەدوای کۆتاییهاتنی ماوەی بەرپرسایەتییەکەی لە پەرلەمانی ئەوروپادا، کرایەوە بە وەزیری تەندروستی و تا ساڵی ١٩٩٩ لەو پۆستەدا بوو. ساڵی ١٩٩٩ تا ساڵی ٢٠٠١ نوێنەری تایبەتی سەرۆکی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بوو لە کۆسۆڤۆ Kosovo. لە ساڵی ٢٠٠١وە تا ساڵی ٢٠٠٢، سەرلەنوێ پۆستی وەزیری تەندروستی وەرگرتەوە. ناوبراو لەگەڵ دوکتۆر برێدرێک تیسۆ ڕۆڵی هەبوو لە دارشتنی بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان بو دیاریکردنی ناوچەی ئازاد لە هەریمی کوردستاندا.

لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٧ی فەرەنسادا، بێرنارد کۆشنێر لە بەرامبەر نیکۆلا سارکۆزی دا، لایەنگریی لە ماریا سێگۆلێن ڕۆیال Marie Segolene Royal کرد. ماریا و سارکۆزی بۆ دەوری دووەمی هەڵبژاردن مانەوە و دواتر ماریا بە ڕێژەی ٤٦% بە ٥٣% بە سارکۆزی دۆڕاند. بەو حاڵەش دوای پێکهاتنی حکومەتی نوێ لەلایەن سارکۆزییەوە، پۆستی وەزیری دەرەوەی فەرەنسای درایە و لە ساڵی ٢٠٠٧وە تا ٢٠١٠ وەزیری کاروباری دەرەوەی وڵاتی فەرەنسا بوو.

دوکتۆر بێرنارد کۆشنێر دۆستێکی نزیکی نەتەوە بێدەوڵەتەکانو نەتەوەی کوردە، بەرلەوەی کە دوکتۆر قاسملوو سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ڕۆژی ١٩٨٩/٧/١٣ لەلایەن تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە تیرۆر بکرێت، کۆشنێر پێی گوتبوو قایمکاری بکات و کاتی پێوەندیی لەگەڵ کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی، پاسەوانی چەکداری خۆی لەگەڵ بێت.

بێرنارد کۆشنێر وەزیری دەرەوەی فەرەنسا ڕۆژی ٢٠٠٨/٦/١ نوسینگەی نوێنەرایەتی فەرەنسای بە ڕەسمی لە هەولێر کردوە. لەو سەردانەیدا بۆ

هەولێر، لەلایەن نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان و مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازیی کرا. لەگەڵ سەرۆک مەسعود بارزانی هەلومەرجی دواڕۆژی کوردستانیان تاوتوێ کرد.

لەسەر بانگهێشتی بێرنارد کۆشنێر لە سەرەتای مانگی مای ۲۰۱۰دا، بە ئامادە بوونی ۵۰۰ بەرپرسی فەرهەنگی، سیاسی، دەزگاکانی ڕاگەیاندنی فەرەنسا و راوێژکارەکانی و هەروەها بە بەشداریی بەهمەن قوبادی دەرهێنەری فیلمی "پشیلە ئێرانییەکان"، ئەو فیلمە لە هۆڵی سینەمای وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسا لە پاریس نمایشکرا. لە سەرەتای ئەم دانیشتنە تایبەتەدا بێرنارد کۆشنێر خۆشحاڵی خۆی لە قەبووڵکردنی بانگهێشتی بەهمەن قوبادی دەرهێنەری ناوداری سینەماکاری کورد لە بانگهێشتی فەرمی وەزیری دەرەوەی فەرەنسا ڕاگەیاندو ئەو سینەماکارەی بەفیلمسازێکی بەتواناو نوێخوازو ماندوونەناس بەبینەران ناساند. دوای نمایشی فیلمی سینەمایی "پشیلە ئێرانییەکان"، میوانانی بەشدار بۆ چەندین خولەک بە چەپڵە پێشوازییان لە بەهمەن قوبادی کرد بۆ سازکردنی ئەم فیلمە درەوشاوەیە. "بێرنارد کۆشنێر" وەزیری دەرەوەی فەرەنسا لە کاتێکدا کە بەهمەن قوبادی لە ئامێز گرتبوو، بەم شێوەیە فیلمەکەی وەسف کرد:

**- (بەرێز قوبادی ئەم فیلمسازە بەرجەستەیەی کورد، بەبێ ئەوەی کە ڕاستەوخۆ ئاماژە بەتەوەری سیاسی بکات ئێمەی بردە ناو دڵی تارانی گەورەوەو خەڵکانی تێکۆشەرو هونەرمەندو فەرهەنگی ئەو وڵاتەی بە ئێمە ناساند، تاکوو ئێمە لەوەی کە لەم رۆژانەدا لە ئێران تێدەپەرێت، ئاگادار بکات.)**

دوکتۆر بێرنارد کۆشنێر لە پلەی دیپلۆماتکار و سیاسەتمەدارێکی ناوداری فەرەنسا و جیهان بەهۆی خزمەتەکانی بە نەتەوەی کورد و هەوڵدانی بۆ ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان، ڕۆژی ۲۰۱۳/۳/۱۵، لەلایەن مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە میدالیای بارزانی پێدرا. ڕۆژی ۲۰۱۳/۳/۱٦ بەئامادەبوونی کەسوکاری قوربانیانی هەڵەبجە و کۆمەڵێک میوانی بیانی، ڕێوڕەسمی بیست و پێنجەمین ساڵی کیمیابارانی هەڵەبجە لەو شارە بەڕێوەچوو. لەو یادکردنەوەیەدا بێرنارد کۆشنێر وەزیری پێشوی دەرەوەی فەرەنسا، وتارێکی کورتی پێشکەش کرد و لە بەشێکیدا گوتی:

- (میوانان، هەڵەبجەییەکان، ئێستا کە ٢٥ ساڵ بەسەر کارەساتەکەی ئێوەدا تێدەپەڕێت هیچ وتارێکم ئامادە نەکردوە، چونکە ئێوە ئایندەی کوردستانن، مافی خۆتانە لەسەر بنەمای سەربەخۆیی و دیموکراسی وڵاتی خۆتان دابمەزرێنن، بەڵێنتان پێدەدەم وەک چۆن پەرلەمانی بریتانیا و سوید دەنگیان بۆ بە ژینۆساید ناساندنی کارەساتەکانی هەڵەبجە و ئەنفالی گەل دژی کورد دا، منیش داوا لە پەرلەمانی فەڕەنسا دەکەم ئەو کارەساتە بەژینۆساید بناسێنێت.... ئەوکاتەی کارەساتی هەڵەبجە ڕوویدا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بێ هەڵوێست بوو. ئەوانەی لە هەڵەبجە شەهیدبوون تەنیا لەبەر کورد بوونیان شەهید بوون.... هەرچەندە ئێوە بەجێماوی خەم و پەژارەی ئەو کارەساتەن، بەڵام هەڵەبجە هێمای خەباتە بۆ دیموکراسی و سەربەخۆیی، ئێوە باشترین چین و کەسایەتی جیهانن.... من داوا لە پەرلەمانی وڵاتەکەم دەکەم ئەو کارەساتە بەژینۆساید بناسێنێت.)

دوکتۆر بێرنارد کۆشنێر وەزیری پێشووی دەرەوەی فەڕەنسا، سەردانەکەی ڕۆژی ٢٠١٣/١١/١٦ی ڕێزدار مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانی بە دوای ٢١ ساڵدا بۆ ئامەد و کۆبوونەوەی لەگەڵ ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆکوەزیرانی ئەو وڵاتە بە وەرچەرخانێکی مێژوویی لە سیاسەتی تورکیادا وەسف کرد و لە کۆنفرانسێکی تایبەت بە کورددا کە لەلایەن ئەنیستیتۆی فەڕەنسی بۆ پێوەندییە نێوەنەتەوەییەکان و ئەنیستیتۆی جیهانی عەرەبی بەڕێوەچوو، ڕۆژی ٢٠١٣/١٢/٧ گوتی:

- (ئەو سەردانەی ڕێزدار مەسعود بارزانی وەچەرخانێکی مێژووییە لە سیاسەتی تورکیادا، چونکە تا چەند ساڵ لەمەوبەر هیچ کەس پێشبینی نەدەکرد کە بارزانی و سەرۆک وەزیرانی تورکیا لە پایتەختی "باکوری کوردستان چاویان بە یەکتر بکەوێت.)

# ئیسماعیل بێشکچی



ئیسماعیل بێشکچی ساڵی ١٩٣٩ لە ناوچەی ئیسکسلیپ سەربە چۆرووم لە خێزانێکی تورکی حەنەفی لەدایکبووە. ساڵی ١٩٦٢ لە زانکۆی ئانکارا بڕوانامەی زانستە سیاسییەکانی وەرگرتووە و دواتر لە زانکۆی هونەر و ئەدەبی سەربە زانکۆی ئەتاتورک لە ئەرزەڕوم بە یاریدەدەری پرۆفیسۆر لە کۆمەڵناسی کاری کردوە. یەکێک بووە لەو خەباتکارە تورکانەی کە بە بەردەوامی لایەنگری چارەسەرکردنی کێشەی کورد و بەدەستهێنانی مافەکانی نەتەوەی کورد بووە. لە تورکیا و هەموو جیهاندا بە دۆستێکی نزیکی نەتەوەی کورد دەناسرێت. بە سەدان وتاری لەسەر کورد و مافەکانی بڵاوکردۆتەوە. هەربەم بۆنەیەوە نازناوی "ساری هۆجا" واتا "مامۆستا قژ زەرد"ی دراوەتێ.

یەکەم تێزی لەسەر عەشیرەتی "عەلیکان" کە عەشیرەتێکی کۆچەری کورد بووە ئاراستەی زانکۆی ئانکارا کردوە کە بەم بۆنەیەوە دادگا حوکمی ١٣ ساڵ زیندانی کردنیداوە. دوای ئازاد بوونی لە زیندان، ساڵی ٢٠١٣ لە زانکۆی بۆغازئیچی ئەستەنبوڵ بە بۆنەی نوسینی ئەو وتارەوە، دوکتۆرای فەخری وەرگرت. سەرەتای ناسینی دۆزی کورد لەلایەن بێشکچیەوە، وەک خۆی لە سیمینایێکدا لە هەولێر ئاماژەی بۆ دەکات، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەرەمە کە ساڵی ١٩٦٣ سەرباز بووە و دەڵێت:

- (ساڵی ١٩٦١ لەکۆلێژی زانستە سیاسییەکان دەمخوێند. ئەوکات لەناو پرۆسەی خوێندندا رێکخراوێك هەبوو بۆ چالاکی پراکتیکی. بەواتایەك دەورەی فێربوونی قائیمقامیەت بوو. ئەوکات دەتتوانی هەر ویلایەتێك کە دەتەوێت هەڵبیژێری. من داوای ئەلازغم کرد. لەگەڵ هاوڕێیەکم چووین بۆ ئەوێ. لە ١٩٦١/٥/٢٧ بەولاوە بابەتی جۆراوجۆر موناقەشەی لەسەر دەکرا، لەوانەش ناهاوسەنگی نێوان ناوچەکان، شێخایەتی لەرۆژهەڵات، ئاغاو دەرەبەگایەتی. یەکێك لەم بابەتانەش کوردەکان بوو. واتە سەبارەت بەوەی کە نەتەوەیەك

بەناوی کورد نییە، زمانێك بەناوی زمانی کوردی نییەو هەموو کەس تورکە، گفتوگۆیەکی چڕ لەئارادا بوو. لەمیانەی دەورەکەمدا، لەهەندێك شوێنی وەك کەبان، ئەلازغ، کاراکۆچانو پالۆ هەستم بەوە کرد کە بۆ قسەکردن لەنێوان قائیمقامەکانو خەڵکی لادێکان وەرگێڕیان داناوە. لادێییەکان بەکوردی قسەیان دەکرد، قائیمقامیش بەتورکی. لەدوای گەڕانەوەمان بۆ ئەنقەرە، لەگەڵ مامۆستاکانماندا لەزانکۆ باسی ئەم بابەتانەمان دەکرد. بەڵام ئەم بابەتانە مەترسیدار بوون. بەئێمەیان دەوت کە ئێوە بڕۆن بەبابەتی ترەوە خەریك بن. هەروەها ساڵی ١٩٦٣ بووم بەسەرباز. ٤-٥ مانگی خزمەتی سەربازییەکەم لەشەمزینان بەسەر برد. لەوێ لادێیەك هەیە. لەراگەیاندنەکان بە «دەرەجیك» ناوی دەبرێت. لادێیەکی زۆر بچووك بوو. ئەو کاتیش لەنێوان حکومەتی عیراقو مەلا مستەفای بارزانیدا شەڕ هەبوو. کاتێك کوردەکانی عیراق بۆردومان کران، هەندێك بۆمبیش بەر ئەو لادێیە کەوت. منیش زوو زوو دەچووم بۆ کەشف. ڕۆژێکیان نەمانزانی کە سنوورمان بەزاندووە پێشمەرگەکان ئێمەیان ئاگادار کردەوە، وتیان ئێرە عیراقە. هەڵبەتە من لەقسەکانی ئەو پێشمەرگانە تێنەگەیشتم. ئێمە ١١ کەس بووین. فەرماندەیان بووم. یەکێك لەمانە خەڵکی ئاڵپاچای قەرس بوو. واتە لەلایەك سەربازێکی خەڵکی ئاڵپاچای، لەلاکەی تریشەوە پێشمەرگەیەکی ناوچەی بارزان. وتی: گەورەم، دەتوانم قسە بکەمو، بەکوردی دەستیکرد بەقسەکردن لەگەڵ پێشمەرگەکە. لەنێوان ناوچەی بارزانو ئاڵپاچایدا نزیکەی چەندان کیلۆمەتر مەودا هەیە. کەچی تاکو ئەو ڕۆژە وایان فێری ئێمە کردبوو. کوردی زمانێکی سەرەتاییە. دەیانووت کەس لەکەس تێناگات. پڕوپاگەندەی وا دەکرا. من ئەو ڕۆژە هەستم بەوە کرد. ئاڵپاچایو بارزاندا هەردوولا بەزمانی زکماکی خۆیان، واتە بەکوردی لێك تێدەگەن. ئەمە بۆ من زۆر گرنگ بوو.)

هەر لە سەردەمی سەربازیدا کە لە بیتلیس و هەکاری بووە لەگەڵ عەشرەتی عەلیکان ئاشنا بووە و یەکەم تێزی گرنگی خۆی لەسەر ئەوان نوسیوە. بێشکچی بە تاوانی بەرگری کردنی لە مافی نەتەوەی کورد، لەلایەن دادگاکانی تورکیاوە، بەگشتی ١٠٠ ساڵی زیندانی بەسەردا سەپێنراوە و لە کۆی ئەو ١٠٠ ساڵە ١٧ ساڵی ژیانی لە زیندانەکانی تورکیادا تێپەڕاندوە. ناوبراو دوای بڵاوکردنەوەی بابەتێک لەسەر خۆپیشاندانێک لە ساڵی ١٩٦٧دا بابەتێک لەژێرناوی "شیکاری خۆپیشاندانەکەی ڕۆژهەڵات- کوردستانی تورکیا" دەنوسێت

و دواتــریش لـه ســاڵی ١٩٦٩دا یـەکەم بـەرهـەمــی کۆمـەڵناســی خــۆی بـه نــاوی "ڕۆژهـەڵاتــی ئـەنــادۆڵ- بنـەمــای کۆمـەڵناســی و ئــابووریه ڕەگـەزیـەکــانی" بـڵاو ئـەکاتـەوه. بـه دوای کودەتای ساڵی ١٩٧١دا لـه تورکیا یـەکەمجار لـەلایـەن ئۆرهان تــورک دۆغــان ســەرۆکی بـەشــەکەی لـه زانکــۆ دەدرێــتە دادگــا و بـه تــۆمـەتی "جیـاخوازی لـه نـەتـەوەی تورکـدا" ١٣ سـاڵ زینـدانـی بـەســەردا دەسـەپێنن، بـەڵام دوای سێ ساڵ واتـه لـه ساڵی ١٩٧٤دا لێبوردنـی گشتی دەیگرێتـەوه.

دوای ئازادبوونـی لـه زیندان لـه زانکۆی ئـەنکاره کـه بـەرلـه گیرانـی ئامـادەبوون بێشـکچی وەک مامۆسـتا وەربگــرن بـەڵام کــاری پێنــادەن و دواتــریش لـه هــیچ کــارێکی ئـەکــادیمی نــادەنێ و بـەناچــار لـه دۆخێکــی ســەختی ئابووریـدا وەک توێژەرێکـی سەربـەخۆ، لـه توێژینـەوەکانیدا بـەردەوام دەبێت لـه پشتیوانـی کردنـی لـه دۆزی کــورد. لـەبـەر ئـەوه، لـه کــۆی ٣٦ بـەرهـەم، ٣٢ بـەرهـەمــی لـه تورکیــادا یاســاغ دەکەن، بـەڵام هـەتــا ئێســتا دوو لـه کتێبـەکــانی بـه نــاوی "کوردســتان کۆلۆنیـەکی نێودەوڵـەتی" لـەلایـەن حـەمـه ڕەشید و تێزی "تـورک بـۆ مێـژوو، تیـۆری زمانـی خۆر و کێشەی کورد" لـەلایـەن ئاسۆس هـەردییـەوه کراون بـه کوردی.

ئیسـماعیل بێشکچی خـاوەنی چـەنـدان خـەڵات و میـدالیای وڵات و دەزگاکـانی ســەربـەخۆی جیهــانـه و ڕۆژی ٢٠١٣/٤/٢٧ش لـەلایـەن ســەرکردایـەتی پــارتی دیمـوکراتی کوردسـتانـەوه بـەهـۆی خـزمـەتـه مرۆڤدۆسـتانـەکەی و هـەوڵـدانی بـۆ چارەسـەریی ئاشتیانـەی کێشەی کورد و کوردستان میدالیای بارزانی دراوەتێ.

## محەمەدئەمین محەمەد خدر



محەمەد ئەمین محەمەد خدر ناسراوە بە مینە حەمەد خدر و مینە سووری حاجی ئۆمەرانی ساڵی ١٩٤٨ لە حاجی ئۆمەران لەدایک بووە، ساڵی ١٩٦٧ لە لقی عەلی کانەبی لە هێزی باڵەک بووەتە پێشمەرگە و لە هەمان ساڵدا کراوە بە بەرپرسی ڕێکخراوی حاجی ئۆمەران و تا ساڵی ١٩٧٥ لە ئەرکەکەیدا بەردەوام بووە. دوای ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی ١٩٧٥دا، چونکە هاوسەرەکەی کوردی خەڵکی پیرانشار بووە، ئەوی ناردوەتەوە ماڵی باوکی لە پیرانشار و خۆی لە حاجی ئۆمەران تێکەڵاوی کاری وەرزێڕی بووە و بەنهێنی ژیاوە. وەک خۆی دەڵێت: **(ساڵی ١٩٧٦ بە ئەمری ڕەوانشاد ئیدریس بارزانی گەڕامەوە ڕیزی پێشمەرگەکانی سەرکردایەتی کاتیی پارتی دیموکرات کە ٢٤ کەس بووین و سەید عەبدوڵا حاجی ئۆمەرانی فەرماندەی مەفرەزەکەمان بوو. شەوی دووەمی جەولەکەمان واتە شەوی ٢٥- ١٩٧٦/٥/٢٦، دەچووین لە پێگەی "گردی سەڵاواتان" لە ناوچەی حاجی ئۆمەران بدەین کە خۆمان لە بۆسەی دوژمن کەوتین و لە ئاکامدا سەید عەبدوڵا فەرماندەی مەفرەزەکەمان شەهید و نەبی محەمەد موراد و عەلی عەبدوڵا برایم بریندار بوون. لەوێوە چووین بۆ دۆڵی "شێخ ئایش" لە قەندیل کە ناوچەیەکی گەرمتر لە جێیەکانی ترە.)**

بۆ زانیاری خوێنەرانی بەڕێز ناوی پێشمەرگەکانی ئەو مەفرەزەیەی کە یەکەم چەخماخەی شۆڕشی گوڵانیان لێدا بریتی بوون لە: سەید عەبدوڵا حاجی ئۆمەرانی فەرماندەی مەفرەزە، ئەحمەد نەبی نەبی برای سەید عەبدوڵا، عەلی کۆ برای سەید عەبدوڵا، نەبی نەبی برای سەید عەبدوڵا، عەلی کوردە، مەلا شێخ محەمەد موراد حاجی ئۆمەرانی، حاجی سلێمان نەبی، کەریم ئەحمەد

نەبی، عەبدوڵا ڕەسوڵ مستەفا، مستەفا ڕەسوڵ مستەفا، قادر ئەحمەد نەبی، برایم برایم، حەمە برایم مەحمود، عەبدوڵا شێخە بن زێری، محەمەد شێخە، مینە محەمەد سۆفی، ڕەسوڵ محەمەد سۆفی، بارزان عەلی کۆ، عەبدولڕەحمان عەلی کوردە، عەزیز مەیسی خەڵکی کۆنە لاجان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، حاجی عەبدوڵا محەمەد موراد، نەبی محەمەد موراد و عەلی ئیبراهیم عەلی.

مینە سوور لە درێژەی وتەکانیدا دەڵێت: **(چووین بۆ ناوچەی باڵەییان و ژمارەیەکمان کردە پێشمەرگە و لە مەفرەزەیەکەوە بووین بە شەش مەفرەزە کە سوپای عێراق بە سەرۆکایەتی نەقیب عەدنان هێرشی بۆ کردین. دوای شەڕێکی خوێناوی ژمارەیەکی زۆرمان لە هێزەکانی دوژمن کوشت و زیاتر لە ١٠٠ چەکمان دەسکەوت. دەیان کوژراوی دوژمن لەوێ مایەوە، بەڵام دواتر هێزی یاریدەدەریان هێنا و ئێمە دوو پێشمەرگەمان بە ناوەکانی عەبدوڵا عەریف و خدر سۆفی خەڵکی باڵەییان، شەهید بوون و پاشەکشەمان کرد.)**

بەهاری ساڵی ١٩٧٧، مینە سوور و پێشمەرگەکان بنکەکەیان دەگوازنەوە بۆ قرناقە و پشتئاشان و بۆ ماوەی ساڵێک لە بناری قەندیل دەمێننەوە. لەم بارەیەوە مینەسوور دەڵێت: **(لەوێوە چووم بۆ وەرتێ و لەگەڵ عەبدولڕەحمان مەلا ڕەسوڵ گورونی بووم. ساڵی ١٩٨٨ بۆ ئیشی حیزب چووم بۆ چوارقورنە بۆلای فەقێ لاجانی کە لە گەڕانەوەدا بەسەر کەمینی بەعسییەکاندا کەوتم و گیرام. بردیانم بۆ هەولێر و دواتر لە بەغدا مەحکەمەیان کردم و حوکمی ئیعدامیان بەسەردا سەپاندم. شەش مانگ لە زینداندا مامەوە کە کوردستان ئەنفال و کیمیاباران کرا. دوای کیمیاباران سەدام بەخشینی گشتی ڕاگەیاند و منیان لە زیندان ئازاد کرد.)**

دوای ئازادبوونی لە زیندان، مینەسوور دەگەڕێتەوە بۆ چوارقوڕنە و سەرلەنوێ پێوەندی بە عەبدولڕەحمان مەلا ڕەسوڵ و نەجمەدین گورونیەوە دەگرێ کە بە وتەی ئەو بەرپرسی ناوچەی باڵەک بوون. لەم بارەیەوە دەڵێت:

**- (پێوەندیم بە عەبدولڕەحمان مەلا ڕەسوڵ و نەجمەدین گورونییەوە گرت کە هەردوویان بەرپرسی ناوچەی باڵەک بوون. گوتیان لەوێ بمێنەوە و کاری حیزبی بکە.)**



ســــاڵی ١٩٩١ لە چوارقـــــورنە لەگەڵ ڕاپەڕینــی خەڵکــی ئەو جێیە دەکەوێت و لە سنوری لقی ١١ی پارتی دیموکراتدا دەکرێ بە فەرمانـدەی بەتـالیۆن و دواتـر بەهـۆی کـۆچی دوایی قادری مام عەلی کە فەرمانـدەی هێزی ناوچەی بیتوێن بـووە، دەکرێ بە فەرمانـدەی هێـز. سـاڵی ١٩٩٢، لەگەڵ خالیـدی جەوهەر ئاغای ڕەوانەی کەرکوک کراوە و لەوێ لاقـی ڕاستەی برینـداربووە و گەڕانـدویانەتەوە بـۆ چوارقـوڕنە و هەتـا سـاڵی ٢٠٠٩ پێشـمەرگەی هێـــزی بـــاڵەک بـــووە و لەو ســـاڵەدا خانەنشینیان کردوە.

مینە حەمەد خدر سێ جار لە شەڕەکانی گەرەوان لە پشت ڕەواندز لە ساڵی ١٩٧٣، پردی گەلی بەگ لە ساڵی ١٩٧٤ و زۆزک بە پرپشکی بۆمبی فڕۆکە برینـدار بــووە و یەکێـک لە براکانیشــی بەنــاوی ڕەســوڵ حەمەد خــدر ڕۆژی ١٩٧٨/١٠/١٦ شـەهید بـووە لەم بـارەیەوە دەڵێـت: **(کـاک نەوشـیروان مسـتەفا بۆخۆی چوار گوللەی لە براکەم دا و تەنانەت سەریشی لە جەستەی کردەوە.)**

نـــاوبراو بەهـــۆی خزمەتەکـــانیەوە ڕۆژی ٢٠١٣/٥/٢٨ میـــدالیای بـــارزانی وەرگرتووە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

- **(لە ژیانمـــدا ئەو ڕۆژەم زۆر لا خۆشـــبوو کە ئەو میـــدالیایەم وەرگـــرت. خۆشـترین ڕۆژی ژیـانم بـوو. بەڵێـنم لەگەڵ بـارزانی دووپـات کـردەوە کە بـۆ سەرخستنی ڕێبـازەکەی بەهەمـوو ئەنـدامانی بنەمـاڵەکەمەوە تێبکۆشم. مـن هەڵگری ڕێبازی پاک و مرۆڤدۆستانەی بارزانیم، چونکە بە چاوی خۆم بینیومە هەرچی هەیبوو بۆ خەڵک بووە. دیومە کە سەعاتی دەستی خۆی لێکردۆتەوە و لە حاجی ئۆمەران داویە بە دایکی شەهیدێک.)**

# عەلی عەبدوڵا برایم شێخە



عەلی عەبدوڵا برایم شێخە ناسراوە بە عەلی مەلا ساڵی ١٩٤٧ لە گوندی شیوەڕەشی سەربە حاجی ئۆمەران لەدایک بووە. ساڵی ١٩٦٣ کە بارزانی لە ناوچەکەیاندا بووە، چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی هێزی باڵەک لە حاجی ئۆمەران و ساڵی ١٩٧٠ کراوە بە بەرپرسی هێزی بەرگری میللی. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا لە حاجی ئۆمەران ماوەتەوە. بە سەرهەڵدانی شۆڕشی گوڵان، لە شەوی ٢٥- ١٩٧٦/٥/٢٦، لەگەڵ مەفرەزەیەکی ٢٤ کەسە، لە پێگەی "گردی سەڵاواتان" لە ناوچەی حاجی ئۆمەران بەشوێن دوژمنەوە بوون کە خۆیان لە کەمینی دوژمن کەوتوون و لە ئاکامدا سەید عەبدوڵا فەرماندەی مەفرەزەکە، نەبی محەمەد موراد و عەلی عەبدوڵا برایم بریندار بوون کە دواتر سەید عەبدوڵا بەهۆی سەخت بوونی برینەکەی شەهید بووە. عەلی عەبدوڵا برایم بە برینداری لە سنوری حاجی ئۆمەرانەوە خۆی گەیاندوەتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵام لەوێ کەوتۆتە دەست پیاوانی حکومەتی شا و ڕادەستی ڕژێمی عێراق کراوەتەوە. لەو بارەیەوە ناوبراو دەڵێت:

- (ئێمە ٢٤ پێشمەرگە بووین و شەهید سەید عەبدوڵا حاجی ئۆمەرانی فەرماندەمان بوو کە شۆڕشی گوڵانمان هەڵگیرساند. شەوی ٢٥- ١٨٧٦/٥/٢٦ لە سنوری "بەردوناز" ماینەوە. ئەو شەوە فڕۆکە جەنگییەکان بەسەر ئاسمانی حاجی ئۆمەران و ناچەکەدا دەسوڕانەوە و بۆمبارانیان دەکرد. ئێمە تا کاتژمێر ٩ ی شەو لەو شوێنە بووین. شوانکارە لە چیاکە هەبوون و ئێمە لەلای شوانکارەکان توانیمان پاروێک نان پەیدا بکەین. دواتر هاتینە بەرامبەر پێگەی "گردی سەڵاواتان" کە لێی بدەین، بەڵام لەوێ خۆمان لە کەمینی دوژمن کەوتین. سەید عەبدوڵا و نەبی محەمەد لە پێشەوە دەڕۆیشتن و یەکڕاست کەوتنە سەر سەریان و دەستڕێژیان لێکردن. ئێمەش لێمان ڕشاندن و شەش کەسمان لە دوژمن کوشت. لەو شەڕەدا سەید عەبدوڵا دوو گوللەی لەسەری



کەوت و منیش دوو گوللەم لە ڕان و نەبی محەمەدیش گوللەیەکی لە چۆکی کەوت. سەربازەکان هێرشیان هێنا کە تەرمەکانیان بەرنەوە، یەکیان هاتە سەر سەرم و منیش خۆم لە مردندا. ئەنگوستیلە و پارەو دەمانچە و شتیان لێکردمەوە و خستیانمە سەر تەرمی سەید عەبدوڵا و وایانزانی مردووم. دواتر کە تەرمەکانی خۆیان بردەوە، دۆخەکە کەمێک هێور بۆوە. من بە گاگۆڵکە بەرەو دۆڵی سێبەرە خشام، چونکە گوللەکان ئێسکی ڕانمی نەگرتبوو، کاک نەبیش بەرەو سنوری ئێران ڕۆیشتبوو. بەیانی ڕۆژی دوایی توانیم لەوێ دوور بکەومەوە. بۆ ماوەی حەوت ڕۆژ بەبێ نان لە چیا مامەوە. تا سەرئەنجام کەسێک بەناوی مام حەسەن کە گاوانی حاجی ئۆمەران بوو ڕۆژێک هاتە ئەو شوێنەی من، خواردنی دامێ و کەسێکیش بەناوی مام خدر دەروێشی ماوەتان زۆری یارمەتی کردم، بەڵام شەوێک لەبرسان پونگم خوارد و تا بەیانی بەفر و باران بەسەرمدا باری. کە بەیانی مام خدر هاتەوە لام و منی لەو حاڵەدا بینی، چاوەکانی پڕبوون لە فرمێسک. گوتم مەگری هێشتا ماوم. هەندێک خورمای پێدام و گیای وێنجەی بۆ کوتام بۆ سەر برینەکانم و پەستەکێکیشی دەبەر کردم. گۆچانەکەیم هەڵگرت و بە لاکە لاکە بەرەو ئێران ڕۆیشتم و بە برینداری خۆم گەیاندە ئێران، بەڵام لەلایەن سەربازەکانی ئێرانەوە گیرام و ڕادەستی ڕژێمی عێراقیان کردمەوە و ئەوانیش لە زیندانیان کردم و بڕیاریاندا لە سێدارەم بدەن.)

بەڕێز مەسعود بارزانی لە وتارێکیدا کە بە بۆنەی هەڵگیرسانی شۆڕشی گوڵان لە ڕۆژنامەی خەباتدا بڵاوکراوەتەوە، دەنوسێت: **(هونەر لەوەدایە کە لەو ڕۆژە ڕەشەدا تێکۆشەرانێک هەبوون ئامادەبوون بە ڕووی هەموو کۆسپ و تەگەرەیەکدا ڕابوستن و گیانی خۆیان بخەنە سەردەست و پێشانی دۆست و دوژمنی بدەن کە ئەگەر گەلی کورد تووشی نسکۆش بێ دووبارە هەڵدەستێتەوە و نامرێت. ئەوە بوو لە ڕۆژی ٢٦ی گوڵانی ١٩٧٦ یەکەم فیشەکی شۆڕشی تازە تەقی و لەو شەڕەدا پێشمەرگە و سەرکردەی قارەمان سەید عەبدوڵا نەبی**

شــەهید بــوو، ئەم ڕۆژەش بــوو بە ڕۆژی دەســت پێکردنــی شۆڕشــی گــوڵان. لەو ڕۆژانــەدا ڕژێم ئەوەندە بەهێز بوو و پێوەندیشی لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکانیدا ئەوەندە بەهێز بوو، زۆر کەسی وا هەبوون کە باسی شۆڕش و بەرخۆدان دەکرا، گاڵتەیان پێی دەهات.)

عەلــی مەلا بــۆ مــاوەی دوو ســاڵ لــە زینــدانی کەرکــوک ڕادەگیــرێ و دواتــر بــە بەخشــینی گشــتی لــە زینــدان ئــازادی دەکەن و دەگەڕێنــەوە بــۆ حــاجی ئۆمەران. ساڵــی ١٩٧٩ بەهۆی گوشاری ڕژێمی عێراق ڕوو لە ڕۆژهەڵاتــی کوردستان دەکات و لــەوێ دەگەڕێــتەوە بــۆ ڕیــزی شۆڕشــی گــوڵان و لــەگەڵ زەعــیم عەلــی، مــولازم مـــحەمەد و مـــولازم یـــونس ڕۆژبەیـــانی دەکەوێ، بەڵام زۆر نـــامێنێتەوە و دەگەڕێتەوە بۆ حاجی ئۆمەران و لەم بارەیەوە دەڵێت :

- (هەرلەو ساڵەدا بە ئیزنــی کــاک ئیــدریس و بە بەخشــینی گشــتی ســەدام حوسێن گەڕامەوە بۆ حاجی ئۆمەران و ساڵی ١٩٨٠ کە شەڕ لەنێوان عێراق و ئێرانــدا هەڵگیرسا، حــاجی ئۆمەرانیــان چۆل کــرد و بە بنەمــاڵەوە پەڕەوازەی هەولێر بووین.)

ســاڵی ١٩٨٢ لەلایەن حکــومەتی عێــراقەوە دەگیــرێ و دوای پێــنج مانــگ، ســەرلەنوێ بەخشــینی گشــتی دەیگــرێتەوە و لە زینــدان ئــازادی دەکەن و دەگەڕێــتەوە لای منــداڵەکانی. ســاڵی ١٩٩١ بەشــداریی ڕاپەڕینــی کــردوە و گەڕاوەتەوە ڕیزی پێشمەرگەکانی پارتی دیموکرات. ناوبراو جگەلە شەڕی گردی سەڵاواتان، جارێکی تریش لە شەڕی گەلــی عەلــی بەگدا برینــدار بــووە و دوو براشی بە ناوەکــانی برایم و عەبدوڵا ســاڵی ١٩٩٦ لە گــرد سەلیم لە دەرگەڵە شەهیدبوون. عەلــی عەبــدوڵا بــرایم شێخە ڕۆژی ٢٠١٣/٥/٢٨ میدالیای بــارزانی پێدراوە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (زۆرم پێخــۆش بــوو کە میــداڵیای بــارزانیم وەرگــرت و سوپاســی ســەرۆک مەسعود بارزانی و سەرکردایەتی پارتی دەکەم.)

## نەبی محەمەد موراد



نەبی محەمەد موراد ناسراو بە نەبی شێخ محەمەد حاجی ئۆمەرانی ساڵی ١٩٤١ لە گوندی حاجی ئۆمەران سەربە قەزای چۆمان لەدایک بووە. ساڵی ١٩٥٩ لە حیزبی دیموکراتی کوردستاندا لەگەڵ ڕەوانشاد عەبدوڵا ئیسحاقی "ئەحمەد تۆفیق" بووە و بە شێوەی گەڕۆک لە ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان بووە و بەشداریی چەند شەڕی کردوە. یەکێک لەو پێشمەرگانە بووە کە ساڵی ١٩٦١ قشڵەی حاجی ئۆمەرانیان چەک کردوە. ساڵی ١٩٦٢ کە بارزانی لە بادینانەوە هات بۆ ناوچەی سۆران، نەبی محەمەد چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی هێزی باڵەک و تا ساڵی ١٩٧٥ لەو هێزەدا بەردەوام بووە. دوای ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی ١٩٧٥دا، پەڕیوەتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە قاچاخ لە ماڵی خزمانی لە پیرانشار ماوەتەوە و دواتر گەڕاوەتەوە بۆ حاجی ئۆمەران و شەوی ٢٥- ١٩٧٦/٥/٢٦، لەگەڵ مەفرەزەیەکی ٢٤ کەسە یەکەم چەخماخەی شۆڕشی گوڵانی لێداوە.

نەبی شێخ محەمەد حاجی ئۆمەرانی و هەڤالانی لەو مەفرەزە بوون کە لە نزیک پێگەی "گردی سەڵاواتان" لە ناوچەی حاجی ئۆمەران لە کەمینی دوژمن کەوتن و لە ئاکامدا سەید عەبدوڵا فەرماندەی مەفرەزەکەیان، نەبی شێخ محەمەد و عەلی عەبدوڵا برایم برینداربوون کە دواتر سەید عەبدوڵا بەهۆی سەختی برینەکەی شەهید بوو. بە دوای ئەو شەڕەدا نەبی شێخ محەمەد بە قاچاخ گەڕاوەتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەوێ بە یارمەتی خزمانی لە پیرانشار ماوەتەوە، بەڵام عەلی عەبدوڵا لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە دەستبەسەر کراوەو دراوەتەوە بە عێراق. لەو بارەیەوە دەڵێت:




**- ( دوای سەرهەڵدانی شۆڕشی گوڵان لە ساڵی ١٩٧٦دا، ڕژێمی عێراق دەستی بەسەر ماڵ و سامانمدا گرت و تەنانەت شوکریە مەحمـــــودی هاوســـــەرم و دوو کـــــوڕمی بەناوەکـــانی فـــایق و ڕەســـوڵ گـــرت و لە زیندانەکانی عیمارە و کەحلە لە باشوری عێراق ڕایگرتن.)**

نەبـی شـێخ مـحەمەد حـاجی ئـۆمەرانی ساڵی ١٩٧٧ لەگەڵ عەلی کۆ، عەلـی کوردە و مەلا شێخ ئەحمەدی برای گەڕاوەتەوە بۆ زنجیـرە چیاکـانی قەنـدیل. سـاڵی ١٩٧٨ حکـومەتی عێـراق مەرجـی بـۆ دانـاوە کە ئەگەر نەگەڕێتەوە هاوسەر و منداڵەکانی دەکوژێت و ئەویش بە ناچـار گەڕاوەتەوە لای حکـومەت و تـا سـاڵی ١٩٩١ لە مـاڵی خـۆی لە حـاجی ئـۆمەران بـووە و وەک خـۆی دەڵێت دوای دانیشتنیشـی بەنهێنـی هاوکـاریی ڕێکخراوەکـانی پـارتی دیمـوکراتی لە نـاوچەکەدا کـردوە و ساڵی ١٩٩١ یەکێک بووە لە بەشدارانی ڕاپەڕینە جەماوەرییەکەی کوردستان.

نەبی محەمەد موراد لە پلەی یەکێک لە پێشمەرگەکانی پارتی دیموکرات کە یەکەم چەخماخەی شۆڕشی گوڵانی لێداوە، ڕۆژی ٢٠١٣/٥/٢٨ میدالیای بـارزانی وەرگرتووە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

**- (خۆشترین ڕۆژی ژیانی من ئەو ڕۆژە بوو کە میدالیای بـارزانیم وەرگـرت و هەموو دەرد و ئازار و لە ئەشکەوتدا مانەوەی سەردەمی پێشمەرگایەتیم لەبیر کرد.)**

## ئەحمەد ئیبراهیم مستەفا



ئەحمەد ئیبراهیم مستەفا ناسراو بە ئەحمەد خەلانی ساڵی ١٩٥٠ لە گوندی خەلان لە ناوچەی باڵەکایەتی لەدایک بووە. ساڵی ١٩٦٧ چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی پارتی دیموکرات و کراوە بە پاسەوانی ئیزگەی ڕادیۆ دەنگی کوردستان کە ساڵح یوسفی بەرپرسی بووە. ساڵی ١٩٧٠ لەگەڵ ساڵح یوسفی چووەتە لقی پێنجی بەغدا و کاتێک ناوبراو بەدوای ڕاگەیاندنی ڕێککەوتنی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ پۆستی وەزیری دەوڵەتی وەرگرت و هاشم ئاکرەیی بەرپرسی لقی پێنجی پارتی بوو لە بەغدا، ئەحمەد ئیبراهیم لەگەڵ یەدوڵا فەیلی و محەمەدئەمین بەگو نەریمان حەبیب و پێشمەرگەکان گەڕاوتەوە بۆ ناوپردان و لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ بەشی پاسەوانەکانی بەندیخانەی "خەلان" کە خالید ئاژگەیی بەرپرسی بووە.

ساڵی ١٩٧٢ لە خەلانەوە گواستراوەتەوە بۆ بەشی پاسەوانانی مەکتەبی سیاسی کە محەمەدئەمین ڕەشکە بەرپرسی بووە. لەم بارەیەوە دەڵێت: (**لەو ساڵەدا لیژنەیەکی توێژێنەر لە کەریم سنجاری و ئازاد بەرواری پێکهات و من کرام بە پاسەوانی ئەو لیژنەیە و تا ساڵی ١٩٧٥ لەو ئەرکەمدا مامەوە.**) ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، لەگەڵ کەریم سنجاری، شەکیب ئاکرەیی و ئازاد بەرواری چووەتە نەغەدە، بەڵام بۆ ماوەیەکی زۆر لەوێ نەماوەتەوە و گەڕاوەتەوە بۆ خەلان، کەچی لە مانگی دووی ساڵی ١٩٧٦ دەستبەسەریان کردوە و وەک خۆی دەڵێت بۆ ماوەی سێ مانگ لە زیندانەکانی ڕەواندز، هەولێر و بەغدادا ڕایانگرتوە و دواتر ئازاد کراوە و گەڕاوەتەوە بۆ گوندی خەلان.




بە سەرهەڵدانی شۆڕشی گوڵان، ئەحمەد ئیبراهیم بەهۆی عەبدوڵا ساڵح نامەیەکی کەریم سنجاری پێدەگات و بەو نامەیە خۆی دەگەیەنێتە "کوترەڕوو" لە ناوچەی قەڵادزێ و لەلای عەلی حەسەن ئاغای شێروەتێ بووەتەوە بە پێشمەرگە و دواتر گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەی باڵەکایەتی و کراوە بە ئەندامی لیژنەی ناوچەی باڵەک. ساڵی ١٩٧٩ بەشداریی کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکراتی کردوە و بەدوای کۆنگرەدا ئەرکی کارگێڕی ناوچەی باڵەکیان پێسپاردوە و تا ساڵی ١٩٩١ لەو ئەرکەیدا بووە.

ساڵی ١٩٩١ بەشداریی ڕاپەڕینی باشوری کوردستانی کردوە و لەم بارەیەوە دەڵێت: (**ڕۆژی ١٩٩١/٣/١ لە ئێرانەوە هاتین بۆ ڕاپەڕین و لە دیانا بەشداریی ڕاپەڕینمان کرد.**) دوای ڕاپەڕین سەرلەنوێ بە ئەندامی کارگێڕی ناوچەی باڵەک هەڵبژێردراوەتەوە و ئێستا ئەندامی فەرماندەی فەرماندەیی یەکەی ٤٣ی هەڵگوردە کە لەلایەن یازدە ئەندامەوە سەرۆکایەتی دەکرێت.

ئەحمەد خەلانی بەشداریی چەندان شەڕی وەک شەڕی وەرتێ و چیای دڕەبی کردوە و ساڵی ١٩٨٠ لە شەڕی حاجی ئۆمەران ڕانی ڕاستەی بریندار بووە. کوڕێک و سێ برای بەناوەکانی عوسمان ئیبراهیم لە ١٩٨٤/٣/١٣، ڕەحیم ئیبراهیم لە ١٩٨٨/٥/٢٤ و مەولود ئیبراهیم لە مانگی حەوتی ساڵی ١٩٩٤ و تاهیر ئەحمەد لە ١٩٩٥/١/١ شەهید بوون. هەروەها برازایەکی بە ناوی قادر محەمەد مستەفا ڕۆژی ١٩٨٨/١٢/٢٨ لە بەغدا گوللەباران کراوە و برازایەکی تری بەناوی محەمەد عەلی ئیبراهیم لە ئازادکردنی هەولێر لە ساڵی ١٩٩١دا شەهید بووە. ناوبراو ڕۆژی ٢٠١٣/٥/٢٨ میدالیای بارزانی وەک بەرزترین خەڵاتی ڕێزلێنان وەرگرتووە. لەم بارەیەوە دەڵێت:

**- (شانازیی پێوە دەکەم، بوو بەهۆی کەمکردنەوەی خەم و پەژارەی خۆم و بنەماڵەکەم.)**

## مستەفا عەبدوڵا حەمەد ئەحمەد




مستەفا عەبدوڵا حەمەد ئەحمەد ناسراو بە مستەفا گورونی ساڵی ١٩٥٢ لە گوندی "گورون"ی سەربە قەزای چۆمان لە ناوچەی باڵەک لەدایک بووە و ساڵی ١٩٦٥ لە ناوپردان کە مەکتەبی سیاسی پارتی لێبووە، چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتەوە. عەبدوڵا ئەحمەدی باوکی مستەفا، ساڵی ١٩٥٨ کە بارزانی لە سۆڤیەت گەڕایەوە بۆ عێراق، وەک کەسایەتییەکی ناوچە، لەگەڵ کۆمەڵێک خەڵکی ناوچەی چۆمان چووەتە بەغدا و پێشوازیی لە بارزانی کردوە و ساڵی ١٩٦١ یەکێک لەو پێشمەرگانە بووە کە لەگەڵ مینەی عەلی ئاغای ڕایات، حاجی ئاغای کۆسرەتان، مامەندی دێڵزێ و ژمارەیەکی تریش بە سەرۆکایەتی مەلا تەهای شێخ وەتمان چوون و قەڵای گەڵاڵەیان چەککردوە و دوای چەککردنی ئەو قەڵایە، بەرەی پێشمەرگەکانیان گواستوەتەوە بۆ پردی حافز و ناوکێڵەکان کە حکومەت پەلاماری داون و عەبدوڵا حەمەدی باوکی بریندار و دوای بیست ڕۆژ شەهید بووە.




مستەفا عەبدوڵا تا ساڵی ١٩٧٥ پاسەوانی بارەگای سەرکردایەتی شۆڕش و بارزانی بووە لە دیلمان و حاجی ئۆمەران. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، سەرەتا چووەتە نەغەدە و لەوێوە چووەتە پیرانشار و تا ساڵی ١٩٧٦ لەلای خزمانی ماوەتەوە. لەو ساڵەدا وەک خۆی دەڵێت بە ئیزنی ئیدریس بارزانی لەگەڵ نەجمەدین حەمەدی برای و ژمارەیەک لە خزمانی گەڕاوەتەوە باشوری کوردستان و لە شێخان و گوندی گورون ماوەتەوە و لە مانگی حەوتی ساڵی ١٩٧٦ گەڕاوەتەوە ڕیزی پێشمەرگەکان و لە ناوچەی دۆڵەنی و چۆمان مەفرەزەیەکی گەڕۆکی پێکهێناوە. ساڵی ١٩٧٩ بۆ بەشداریی کردن لە کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکرات چووەتە ناوچەی مەرگەوەڕ و دوای کۆنگرەی نۆ کە پارتی لقی دووەمی پێکهێناوە، نەجمەدینی برای کردوەتە بەرپرس و مستەفا ئەحمەدیش جێگری بووە و بەشێوەی گەڕۆک دەستیان لە دوژمن وەشاندوە.

ساڵی ١٩٩١، مستەفا گورونی بەشداریی ڕاپەڕینی خەڵکی باشوری کوردستانی کردوە و دوای ڕاپەڕین و پێکهاتنی فەرماندەیی هەڵگورد کراوە بە جێگری فەرماندەی فەرماندەیی هەڵگورد و هەتا ئێستا لە یەکەی ٤٣ی ئەو فەرماندەییەدا بەردەوامە. ناوبراو بەشداریی کردوە لە کۆمەڵێک شەڕی ناوچەی باڵەکایەتیدا و دوو جار لە شەڕەکانی ڕەواندز و دۆڵی باڵەییان لە قەندیل بریندار بووە. جگەلە باوکی، دوو براشی بەناوەکانی عوسمان و نەجمەدین لە ساڵانی ١٩٧٤ و ١٩٩٤ شەهیدبوون و هەروەها برازایەکی ساڵی ١٩٩٦ و ئامۆزایەکی ساڵی ١٩٧٧ شەهید بوون. مستەفا گورونی ڕۆژی ٢٠١٣/٥/٢٨ میدالیای بارزانی وەرگرتوە. ناوبراو لەم بارەیەوە دەڵێت:

**- (هەرچەندە من بۆ خەڵات و میدالیا پێشمەرگایەتیم نەکردوە، بەڵام بەخشینی میدالیای بارزانی بەمن وەفایەک بوو بۆ خەبات و تێکۆشانی سەردەمی پێشمەرگایەتیم و شانازیی پێوە دەکەم.)**

## ڕەسوڵ کاک ئەحمەد نەبی



ڕەسوڵ کاک ئەحمەد نەبی ساڵی ١٩٤٩ لە گوندی "ناوەند" لە قەزای چۆمان لەدایک بووە. ساڵی ١٩٦٥ لە پەلی بێجان زیندوو، سەربە بەتالیۆنی حاجی بێڕوخی دا بووەتە پێشمەرگە و ساڵی ١٩٧٠ کراوە بە پاسەوانی سنوری کانی سماق لە ناوچەی سۆران. ساڵی ١٩٧٤ کە حکومەتی عێراق بە دژی گەلی کورد دەستی بەشەڕ کردەوە، ناوبراو گەڕاوەتەوە ڕیزی پێشمەرگەکانی پەلی بێجان و بەشداریی شەڕەکانی گۆڕەڕەز و زۆزکی کردوە لەوێ کراوە بە سەردەستەی بنکەی پێشمەرگەکانی گەروی بێشێ و بە مەفرەزە چوونەتە گوندی هەسنان. دوای ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی ١٩٧٥دا، ڕەسوڵ کاک ئەحمەد لە گوندی ناوەند ماوەتەوە و بە دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی گوڵاندا گەڕاوەتەوە ڕیزی پێشمەرگەکان. ساڵی ١٩٧٨ تا ساڵی ١٩٨٣ لە ڕێکخراوی ناوچەی باڵەک سەربە لقی دووەم سەرپەل بووە. لەو ساڵەدا کراوە بە ئەندامی لیژنەی ناوچەی باڵەک و ساڵی ١٩٩١ گەڕاوەتەوە بۆ چۆمان و کراوە بە ئەندامی بەشی سەربازیی لیژنەی ناوچەی باڵەک و ساڵی ١٩٩٣ ئەرکی فەرماندەی هێزی ناوچەی چۆمان و بەرپرسی عەمەلیاتی سوپای باڵەکیان پێسپاردوە و هەتا ئێستاش لەو ئەرکەیدا بەردەوامە.

ڕەسوڵ کاک ئەحمەد نەبی بەشداریی کۆمەڵێک شەڕی کردوە و لە شۆڕشی ئەیلولدا جارێک لە گۆڕەڕەز و دوو جاریش لە زۆزک برینـدار بـووە و لە شۆڕشـی گوڵانیشـدا جارێک لە مامەڕوتە بریندار بووە و جارێکیش گونـدی "مەلەکـان" لە نـاوچەی خۆشـناوەتی وەبەر چەکی کیمیایی کەوتوە. هەروەها دایک و خوشـکێک و پێـنج لە ئامۆزاکـانی لە شۆڕشـی ئەیلول و گوڵانـدا شـەهید بـوون. نـاوبراو ڕۆژی ٢٠١٣/٥/٢٨ بەهـۆی خزمەتەکـانی بە کـورد و شۆڕشـەکانی کوردسـتان، میـدالیای بـارزانی وەرگرتوە و لەم بارەیەوە دەڵێت:



- (زۆر خۆشـحاڵ بـووم و وەک ئەوە بـوو کە هەمـوو دنیـام وەرگرتـووە. هەمـوو ئـازار و ئاڵۆزییەکـانی سـەردەمی پێشمەرگایەتیم لەبیر کرد و بەڵێنمدا پتر خزمەتی کورد و کوردستان و ڕێبازی پیرۆزی بارزانی بکەم.)

## ئەحمەد ڕەسوڵ عەلی حوسین



ئەحمەد ڕەسوڵ عەلی حوسین ناسراو بە ئەحمەد برنو ساڵی ١٩٤٩ لە گوندی "گرتک" سەربە ناحیەی سمیلان لە ناوچەی باڵەک لە دایک بووە. ساڵی ١٩٦٢ چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی لقی باڵەک کە خدر ئاوێی بێشێ سەرلقی بووە. تا ساڵی ١٩٧٠ لەگەڵ محەمەد ئەمین ڕەشکە لە ناوچەی باڵەک بووە. دوای ڕێککەوتنی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ کراوە بە پاسەوانی سنوری ناوچەی ڕەواندز و ساڵی ١٩٧٤ کە شەڕ لەنێوان حکومەت و شۆڕشدا دەستی پێکردەوە، ئەحمەد ڕەسوڵ گەڕایەوە ڕیزی پێشمەرگەکانی هێزی کاروخ کە سید سەلیم فەرماندەی بووە. دواتر گواستراوەتەوە بۆ قەسرێ و بەردە زەرد لە نزیک گوندی ڕایات و کراوە بە پاسەوانی بارەگای بارزانی.

ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، چووەتە کۆمەڵگای پیرانشار و لەوێوە ڕەوانەی کۆمەڵگای سەراو نیلوفەری کرماشان کراوە و دواتر لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ بەندەر بوشهر. دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی گوڵان چووەتە کەرەج و چاوی بە ئیدریس بارزانی کەوتووە و لەلایەن کاک ئیدریسەوە لەگەڵ عریف ئەحمەد، محەمەد ڕەواندزی و مستەفا ئەلیاس ڕەوانەی ماڵی موراد ئاغای گردەسوور لە جەڵدیان کراوە و بەهۆی ناوبراوەوە، بە مولازم یونس ڕۆژبەیانی و حەمید حوسێن مەلا "حەمید ئەفەندی" لە ناوچەی سیدەکان ناسێنراوە و لەلای حەمید ئەفەندی لە بنکەی "گەلی گوستا" لە پشت دەشتی بەرازگر بووە و لەوێوە بنەکەیان گواستۆتەوە بۆ "بێرکەمە" لە ناوچەی برادۆست.

لە ڕاپەڕینی ١٩٩١دا ئەحمەد ڕەسوڵ لە ناوچەی برادۆست بووە و دواتر لەگەڵ حەمید ئەفەندی و نیهاد بارزانی بنکەیان گواستوتەوە بۆ ناوچەی پەیمان لە مەسیف سەلاحەدین. سەرئەنجام گواستراوەتەوە بۆ یەکەی ٤٣ی




فەرماندەی فەرماندەیی هەڵگورد کە بە وتەی ناوبراو یازدە کەس فەرماندەیی دەکەن و هەتا ئێستاش لەو ئەرکەیدا بەردەوامە.

ئەحمەد برنو بەشداریی کۆمەڵێک شەڕی کردوە کە دەکرێ ئاماژە بە ژمارەیەکیان بکەم وەک: شەڕی کۆڕەک، شەڕی سەرچییان، شەڕی چیای پیران، شەڕی سیدەکان و داستانی خواکورک. جارێک لە شەڕی سیدەکاندا شانی بریندار بووە. ناوبراو ڕۆژی ٢٠١٣/٥/٢٨ میدالیای بارزانی وەرگرتووە. لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (زۆر بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی خۆشحاڵم کە ئێمە لەبیر نەکراین و وەفادارییەک بوو بۆ خزمەتی ئێمە و بەڵێن دەدەم هەتا هەم بەردەوام بم لە خزمەتکردنم بە کورد و کوردستان و ڕێبازی پیرۆزی بارزانی.)

## فارس محەمەدئەمین حوسێن قادر



فارس محەمەدئەمین حوسێن قادر ساڵی ١٩٥٢ لە گوندی ڕۆست لەدایک بووە. ساڵی ١٩٧٤ چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی لقی یەکی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کە بەرپرسەکەی محەمەد مەعروف بووە. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، ناوبراو لە دۆڵی ڕۆستێ ماوەتەوە و چاوەڕوان بووە کە پێشمەرگەکان بگەڕێنەوە بۆ چیاکانی کوردستان و وەک خۆی دەڵێت بە سەرهەڵدانی شۆڕشی گوڵان گەڕاوەتەوە ڕیزی پێشمەرگەکان. لەگەڵ نەجمەدین عەبدوڵا گورونی و حەمید حوسێن مەلا "حەمید ئەفەندی" لە مەفرەزەیەکی گەڕۆک و دەستوەشێندا بووە. ساڵی ١٩٨٨ کە شێخ وەسان لەلایەن حکومەتی بەعسی عێراقەوە کیمیاباران کرا، ناوبراو یەکێک لە وەبەر کیمیاباران کەوتووە و بە برینداریی گەڕاوەتەوە ناوچەی باڵەک و دۆڵی ڕۆستێ، بەڵام بەرەبەرە برینەکەی سارێژ بووە، هەرچەندە هەتا ئێستاش شوێنەواری برینەکەی لەسەر هەردوو پێی ماوەتەوە.

ساڵی ١٩٩١ لە ناوچەی چۆمان بووە و دواتر لە فەوجی یەکی باڵەک بووەتە پێشمەرگە کە براکەی فەرماندەی بووە. ساڵی ١٩٩٧ براکەی بە ناوی قادر ناسراو بە "قادرە سوور" لە شەڕی گوندی "گوێزان" شەهید بووە و فارس لە جێی ئەو دانراوە و کراوە بە فەرماندەی لیوا و دواتر گواستراوەتەوە بۆ سوپای باڵەک. ناوبراو لەم بارەیەوە دەڵێت:

**- (لە سوپای باڵەک بووم کە ئەو سوپایە کرا بە هێز و پلەی عەقیدم وەرگرت و کرام بە ئەندامی یاریدەدەری هێزی باڵەک.)**




فارس محەمەدئەمین حوسێن قادر بەشداریی چەندان شەڕی وەک: شەڕی عەقوبان لە ناوچەی شەقڵاوە، کۆسپی سپی و گەلی بەرسرینی کردوە و جارێک لاقی ڕاستەی بریندار بووە. جگەلە براکەی، برازایەکیشی شەهید بووە. ناوبراو ڕۆژی ٢٠١٣/٥/٢٨ میدالیای بارزانی پێدراوە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (شانازیی پێوە دەکەم، جێی فەخرە بۆمن کە جەنابی سەرۆک میدالیای بارزانی بە سنگی منەوە کرد.)

## ڕەسوڵ حاجی ڕەسوڵ حوسێن




ڕەسوڵ حاجی ڕەسوڵ حوسێن ناسراوە بە ڕەسوڵ حاجی ئاغای کۆسرەتان ساڵی ١٩٤٩ لە گوندی کۆسرەتان لە ناوچەی چۆمان سەربە باڵەکایەتی لە قەزای ڕەواندز لەدایک بووە. کوڕی حاجی ڕەسوڵ حوسێن یەکێک لە خەباتکارانی دێرینی پارتی دیموکرات و خاوەن میدالیای بارزانییە. ڕەسوڵ حاجی ساڵی ١٩٧٩ لەگەڵ باوک و سێ لە براکانی چەکی پێشمەرگایەتی هەڵگرتووە. ساڵی ١٩٦٣ لە هێزی باڵەک پێشمەرگە بووە. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، بۆ ماوەیەک لە شارەکانی پیرانشار، مهاباد و شنۆ لە ماڵی خزمانی ماوەتەوە و ساڵی ١٩٧٦ کە سەرکردایەتی کاتیی پارتی دیموکراتی کوردستان پێکهات، گەڕاوەتەوە ڕیزی پێشمەرگەکانی ناوچەی باڵەک و بەشێوەی گەڕۆک لە شاخەکانی قەندیل، مێرگەسور و ناوچەی باڵەکایەتی بووە. دواتر کراوە بە فەرماندەی بەتالیۆن و لەگەڵ ئیدریس بارزانی بووە. دوای کۆچی دوایی کاک ئیدریس لە ١٩٨٧/١/٣١دا، ناوبراو گواستراوەتەوە بۆ ناوچەی هەڵگورد و کراوە بە فەرماندەی بەتالیۆن.


ساڵی ١٩٩١ کە خەڵکی باشوری کوردستان بە دژی ڕژێمی سەدام ڕاپەڕین، ڕەسوڵ حاجی لەگەڵ پێشمەرگەکانی ناوچەی باڵەکایەتی و فەرماندەیی هەڵگورد چوونە هەولێر و بەشداریی ڕاپەڕینیان کردوە و بە دوای ڕاپەڕیندا گەڕاوەتەوە ناوچەی چۆمان و لە ڕێکخراوی نوێی سەربازیی پارتی دیموکراتی کوردستاندا کراوە بە عەمید و یەکێکە لە فەرماندەکانی فەرماندەیی هەڵگورد.




ڕەسوڵ حاجی بەشداریی زۆربەی شەڕەکانی ناوچەی ڕەواندز، باڵەکایەتی، خۆشناوەتی و بالیسانی کردوە و لە کیمیابارانی بالیساندا زیان بە پێشمەرگە هاوڕێیەکانی نەگەیشتوە، بەڵام پێشمەرگەکانی لقی وەبەر چەکی کیمیایی کەوتوون و ڕەوانەی ئێرانیان کردون. جارێک لەگەڵ ئیدریس بارزانی بووە کە فڕۆکەکانی عێراق لە حاجی ئۆمەران بە شەست تیر تەقەیان لێکردون و بریندار بووە و جارێکی تریش لە کورتەک بریندار بووە. برایمی برای ساڵی ١٩٧٦ لە ناوچەی چۆمان شەهید بووە و دوو زاواشی بەناوەکانی عەلی کاکە نوور ساڵی ١٩٨٨ لە بەردووناس لە دۆڵی سێبەرە و ئەنوەر ڕەسوڵ ساڵی ١٩٩٥ لە گوندی گورون لە ناوچەی چۆمان شەهید بوون. ڕەسوڵ حاجی ڕەسوڵ حوسێن ئێستا لە یەکەی ٤٣ی فەرماندەیی هەڵگوردە. ناوبراو بەهۆی خزمەتەکانی بە کورد و کوردستان و ڕێبازی سەرۆک مستەفا بارزانی، ڕۆژی ٢٠١٣/٥/٢٨ میدالیای بارزانی وەرگرتووە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

**- (هەموو ناخۆشییەکانم بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی لەبیر کرد و هاندرام پترلە پێشوو خزمەتی کورد و کوردستان بکەم بۆ سەرخستنی ڕێبازی سەرۆکی نەمر مەلا مستەفا بارزانی.)**

# فرانسوا خافێر لۆڤات




فرانسوا خافێر لۆڤات ساڵی ١٩٤٠ لە بنەماڵەیەکی بە ڕەگەز فەڕانسی لە وڵاتی مەراکش Morocco لە کازابلانکا Casablanca لەدایک بووە. خوێندنی سەرەتایی لە کازابلانکا و دواناوەندیی لە ستراسبوورگ Strasbourg خوێندوە و ساڵی ١٩٥٩ لە بەشی ئەندازیاریی زانکۆ وەرگیراوە. ساڵی ١٩٦٠ بەهۆی بێ پارەیی بەپێ بەرەو وڵاتی هیندستان چووە. بۆ ئەو مەبەستەی بە یارمەتی وەرگرتن لە خەڵکی گەشتیار لە ڕێگاکەدا هەندێک جار بە ئوتۆمبیل و پاسکیل و هەندێک جاریش بەپێیان خۆی گەیاندوەتە هیندستان. لە گەڕانەوەیدا، ناوبراو ڕێگەی ئێرانی هەڵبژاردوە و بە ئێراندا گەڕاوەتەوە. لە ئێران چاوی بە ژمارەیەک کورد کەوتووە و بەهۆی ئەوانەوە ئاشنایەتی لەگەڵ ژیانی سەخت و دژواری نەتەوەی کورد و دابەشبوونی کورد و خاکەکەی بەسەر چوار دەوڵەتی داگیرکەردا پەیداکردوە، وەک خۆی دەڵێت لەو سەردەمەدا هیچ کەس بە ژیانی دژواری کوردەکانی نەدەزانی.

ساڵی ١٩٦٢، فرانسوا خافێر لۆڤات لە پەیمانگای نێودەوڵەتیی وێنەگریی و سینەما لە پاریس وەرگیراوە و لە هەمان ساڵدا دیپلۆمی وێنەگریی و سینەمای وەرگرتووە. لە پاریس لەگەڵ میر کامەران عەلی بەدرخان و ژمارەیەک کوردی باشوری کوردستان کە لایەنگری شۆڕشی ئەیلول بوون، ئاشنا بووە. ساڵی ١٩٦٣ بە هاوکاریی میر کامەران عەلی بەدرخان، بە وڵاتی سوریادا چووەتە باشوری کوردستان و وەک خۆی دەڵێت زیاتر لە پێنج مانگ لەلای پێشمەرگەکان و سەرکردەکانی شۆڕشی ئەیلول ماوەتەوە. لەو ماوەیەدا هەزاران وێنەی لە

پێشمەرگە و سەرکردەکان، لە دیمەنەکانی کوردستان و گوندە ئازاد و وێرانکراوەکانی کوردستان گرتووە و فیلمێکی ٢٣ خولەکی بۆ تەلەفزیۆن دروستکردوە کە دوای گەڕانەوەی بۆ فەڕانسا لە تەلەفزیۆنی NBC Newsی ئەمریکی پێشاندراوە و وەک خۆی دەڵێت دواتر وەک بەڕێوەبەری ئەو تەلەفزیۆنە خەبەرییە دامەزراوە. لە ساڵانی ١٩٦٥- ١٩٦٩ لە پاریس بووە و لەو ماوەیەدا سەدان هەواڵ و کورتە فیلمی دیکۆمێنتی لەسەر ئەورووپای رۆژهەڵات، ئەفریقا، رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەرێمی دەریای سپی ناوەڕاست "مدیترانە"، باسکەکانی ئیسپانیا، شەڕی ڤێتنام، شەڕی شەش رۆژەی عەرەب و ئیسرائیل، داگیرکردنی چیکۆسلاڤی لە لایەن رووسیا، شەڕی بیافرا لە نیجریە، شەڕەکانی کوردستان و...تد لەو تەلەفزیۆنەدا پێشانداوە. دوو جار خەڵاتی ئێمی Emy Award وەرگرتووە کە خەڵاتێکی تایبەتە بە وڵاتی ئەمریکا و بە پەیامنێران دەدرێت.

ساڵی ١٩٧٠، فرانسوا خافێر لۆڤات کۆمپانیای سازکردنی فیلمی تەلەفزیۆنی داناوە و لەو کۆمپانیایەوە هاوکاریی ژمارەیەک لە تەلەفزیۆنەکانی جیهانی کردوە. ناوبراو لە هەرجێیەک رووداوی مەزنی وەک شەڕ، بوومەلەرزە، برسییەتی بەهۆی وشکانییەوە روویدابێت، سەردانی کردوە. بۆ ماوەیەک لە شەڕی لائۆس لە ڤێتنام بووە. بە فیلم و ڕاپۆرت رووماڵی هەواڵی شەڕەکانی نیکاراگوا، باسکەکانی ئیسپانیا، مەراکش، گریلاکانی پۆلیساریۆ و داگیرکردنی قوبرسی کردوە. لە ساڵی ١٩٦٣وە هەتا ساڵی ١٩٩٦، ٢٥٠٠ ڕاپۆرت و ٥٠ دیکۆمێنتی سەبارەت بە کۆمەڵگای فەڕەنسا بڵاوکردوەتەوە لەگەڵ دە ڕاپۆرت لەسەر مارکۆپۆلۆ. هەروەها چەندان فیلمی سەبارەت بە ئەفغانستان پێشانداوە. یەکەم پەیامنێری بیانی بووە کە خەڵاتی گەورەی گرێت پریس Great Prise لە تەلەفزیۆنی ژاپۆن وەرگرتووە. چەندان شەڕی وەک شەڕی لوبنان، ئۆگاندا و...تد کردوەتە ڕاپۆرت. لە هەردوو دیوی عێراق و ئێراندا، شەڕی نێوان ئەو دوو وڵاتەی بۆ تەلەفزیۆنەکانی جیهان گواستۆتەوە.

لە پێوەندی لەگەڵ سەفەرکردنی بۆ کوردستان و مانەوەی لە باشووری کوردستاندا لە ساڵی ١٩٦٣دا کتێبێکی مێژوویی بە وێنە لەژێر ناوی "کوردستانی عێراق- شۆڕشی ئەیلوول"دا بڵاوکردوەتەوە و سەدان وێنەی تێدا ئەرشیڤ کردوە. ناوبراو لەو بارەیەوە دەڵێت:

- (نەتەوە لە خەڵکێک پێکهاتووە کە یەک مێژوویان هەیە، بیرەوەری و هیوایەکی هاوبەشیان بۆ داهاتوویەکی باشتر هەیە. بە ڕاستی نەتەوەی کورد هەیە، هەرچەندە مێژوو ئەمەی ڕەتکردوەتەوە، ئەمەش ناعەدالەتییەکی گەورەیە. لە ژانویە "کانونی دووەم"ی ساڵی ١٩٦٣ بە بەلەمێک لە ڕووباری دیجلە پەڕیمەوە. من یەکەم پەیامنێری تەلەفزیۆنیی بووم کە هاتم بەدەم بانگەوازەکەی مەلا مستەفا بارزانییەوە، بۆ ڕوماڵکردنی چالاکییەکانی شۆڕشی نەتەوەیی کورد کە ساڵی ١٩٦١ دەستی پێکردبوو. من دەمویست یارمەتی چارەسەرکردنی ئەم ناعەدالەتییە بدەم. من بۆ ماوەی پێنج مانگ لەگەڵ پێشمەرگەکان و سەرکردە ئەفسانەییەکان ژیانم بردەسەر. لەو ماوەیەدا ڕاپۆرتێکی تەلەفزیۆنی ٢٣ خولەکیم دروستکرد کە لە ژوئین "حوزەیرانی" ١٩٦٣ لە سەرتاسەری جیهان پێشاندرا. لە هەمان ساڵدا لەلایەن میر کامەران عەلی بەدرخان لە نەتەوەیەکگرتووەکان پێشاندرا. لە کاتی دروستکردنی فیلمەکەدا زیاتر لە ١٠٠٠ وێنەی فۆتۆگرافی ڕەنگاوڕەنگ و ڕەش و سپیم گرت کە زۆربەیان لەناوچوونە یان کەسانێک بە ئەمانەت بردوویانە و نەیانگەڕاندوەتەوە. لەم کتێبەدا هەوڵی ئەوەم داوە زیاترین وێنە دابنێم کە بۆ ماوەی زیاتر لە ٤٦ ساڵە پارێزراون. ئەم کتێبە شایەتحاڵێکە بۆ بیرەوەریە هاوبەشەکانی کوردستان و ڕێزلێنانێکە لە ئازایەتی شاراوەی پێشمەرگەکان. کۆتایی وشەکانم بۆ وتەیەکی مەلا مستەفا دادەنێم کە شەوێک لە کۆبوونەوەیەک لە گوندێکی دووردەست بووین، گوتی: "حکومەتی عێراقی هەموو شتێکیان بۆ دابین کردم لە یەک ملیۆن دۆلار- سەروەت و سامان- ئۆتۆمبیل کە بەبێ دەنگی لە بەغدا دابنیشم، من لێرە لە شاخ لەگەڵ پێشمەرگەکان لە ژیانێکی زەحمەت و کۆڵەمەرگیدا دەژین، بەڵام میللەتی کورد منیان لێرە دەوێت....")

جگەلەوە مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پێشەکییەکدا کە بۆ کتێبەکەی فرانسوا خافێر لۆڤاتی نوسیوە، دەڵێت: (لەنێوان شوبات و ئایاری ١٩٦٣دا من مستەر فرانسوا خافێر لۆڤاتم بینی کە ڕۆژنامەنووسێکی لاوی فەرەنسی بوو، خەباتی ئێمەی دۆکیومێنت دەکرد. ئەم کتێبە لە وێنەکانی ئەوەوە هاتووە و ئەنجامی تێکۆشانێکی درێژ و ئازای مستەر لۆڤاتە بۆ پێشکەش کردنی وێنەی مێژوویی شۆڕشی ئەیلول، خەباتی کورد و ڕێگەی ژیانمان و بڕیارمان بۆ مقاوەمە کردنی زاڵم و چەوساندنەوە و خۆشەویستیمان بۆ ئازادی، ئومێدەوارم لە ڕێگەی سەیر کردنی ئەم کتێبەوە،

**نەوەی نوێمان تێگەیشتنێکی باشتر وەربگرن کە باپیرانیان چیان کردوە و چۆن بە مەینەتییەکان و خەباتی درێژیان ئاشتی و ئازادیان بۆ نەتەوەکەمان هێناوە.)**

فرانسوا خافێر لۆڤات ساڵی ١٩٩٦ چووەتە باشوری کوردستان و بڕیاریداوە چەند کتێب لەسەر مێژوو و ڕووداوەکانی کوردستان بنوسێت. ناوبراو بەهۆی خزمەتەکانی بە نەتەوەی کورد و ڕوومالْکردنی هەواڵەکانی کوردستان بۆ وڵاتانی جیهان و ئەرشیڤ کردنی فیلم و وێنەی شەڕەکانی شۆڕشی ئەیلول، ڕۆژی ٢٠١٣/٥/٢٨ لەلایەن سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، میدالیای بارزانی پێدراوە.

# وێنە


ڕیزی یەکەم لە ڕاستەوە: بارزانی و شێخ سلێمان
ڕیزی دووەم لە ڕاستەوە: ئەسعەد خۆشەوی و ساکۆ کانیەلەنجی
مۆسکۆ ساڵی ١٩٥٥




ئیدریس بارزانی لەگەڵ پۆلێک لە پێشمەرگەکانی شۆڕشی گوڵان لە کەتینە
لەسەر سنوری نێوان باشور و باکوری کوردستان
ساڵی ١٩٨١



عەلی عەبدوڵا، ئیدریس بارزانی و دوکتۆر شەوکەت بامەڕنی لە کۆنگرەی پشتگیریی کردن
بە خەڵکی عێراق لە هۆتێل لالەی تاران لە
١٩٨٦/١٢/٢٤ ــ ١٩٨٦/١٢/٢٨



لە ڕاستەوە بۆ چەپ: کەریم سنجاری، مەسعود بارزانی، عیزەت سلێمان بەگ و مولازم هەجەر سندی. واشنتۆن ١٩٧٨/٣/٨




دوای شکانی سوپای عێراق لە شەڕی کۆڕێ لە ١٩٩١/٤/٧دا، مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکرات و سەرۆکی بەرەی کوردستانی بۆ ئامادەکارییەکانی وتووێژی بەرەی کوردستانی و حکومەتی عێراق لە پێشمەرگەکان جیا دەبێتەوە.



کۆمەڵێک کەسایەتی وەرگرانی میدالیای بارزانی



کۆمەڵێک کەسایەتی وەرگرانی میدالیای بارزانی



شەوکەت شێخ یەزدین و حەمید بەرواری ١٩٩٢



ئیسماعیل بێشکچی و شوان پەروەر دوو خەڵات وەرگری میدالیای بارزانی

# بەرهەمە چاپکراوەکانی نوسەر

١- بادانەوە یان پێچەقاندن.
٢- راپۆرت دەربارەی هەڵبژاردن و پەرلەمانی کوردستان.
٣- کوردایەتی و حیزبایەتی.
٤- کورتە مێژووی ئاواز و گۆرانیی کوردی.
٥- لێکۆڵینەوەیەکی گشتی و پێداچوونەوە بە بیرەوەرییەکانی کەریم حیسامیی دا.
٦- کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان.
٧- کۆماری دیموکراتی: ئایدیۆلۆژی، ستروکتور، ستراتیژی، تاکتیک و کردەوەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان PKK. ٦ جار چاپکراوەتەوە. جارێک بە زارەوەی کرمانجی سەروو
٨- کۆکردنەوە و ئامادە کردنی ئاڵەکۆک بۆ غەنی بلوریان.
٩- راستییەکان بۆخۆیان دەدوێن.
١٠- کۆمەڵە و چۆنیەتی دامەزران و بەڕێوەبردنی، بە هاوبەشیی لەگەڵ عاسی ڕەباتی، نەوزاد وەلی، مستەفا ئایدۆغان و ڤیلدان تانریکلو.
١١- چاوخشاندنێک بەسەر وتارەکانمدا.
١٢- باشوری کوردستان لەنێوان دوو هەڵبژاردندا.
١٣- چەککردنی سەربازگەی مهاباد ١٩٧٩.
١٤- کۆماری کوردستان ١٩٤٦/١/٢٢- ١٩٤٦/١٢/١٧. وەرگێڕان بەزمانی فارسی: حەسەن ماوەڕانی.
١٥- ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەساڵ دا- ١٩٧٨- ١٩٨٨، بەرگی یەکەم.
١٦- ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دە ساڵ دا- ١٩٧٨- ١٩٨٨، بەرگی دووەم.
١٧- کورد لە سوید.
١٨- تراویکەی پیلانەکان دژ بە نەتەوەی کورد. وەرگێڕان بە زمانی فارسی: حەسەن ماوەڕانی.
١٩- چەواشەکەرانی مێژووی کوردستان.
٢٠- ئیدریس بارزانی و بارزانییەکان باشتر بناسێن.
٢١- میدالیای بارزانی بەرزترین خەڵاتی ڕێزلێنان، بەرگی یەکەم
٢٢- میدالیای بارزانی بەرزترین خەڵاتی ڕێزلێنان، بەرگی دووەم

## ئەو بەرهەمانەی کە نوسەر کردوویەتە کوردی

١- مەکسیکی: نوسینی جەک لەندەن.
٢- مەگەر لە وڵاتی ئێوەدا کەر نییە: نوسینی عەزیز نەسین.
٣- کوردەکان: نوسینی حەسەن ئەرفەع.
٤- کورد تورک عەرەب: نوسینی سیسیل جۆن ئیدمۆندس. چاپی سێیەم
٥- مێژووی شارستانییەت: نوسینی ئیزاک ئاسیمۆف و فرانک وایت.
٦- ئافرەت لە کاروانی مێژوودا: نوسینی سیامەک ستودە.
٧ بەرزبوونەوە و کەوتنی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان: جەمیل حەسەنلی.